ئارام ڕەشید

# جەهالەتی ئیسلام و دنیای هاوچەرخ

چاپی سێیەم

**جەهالەتی ئیسلام و دنیای هاوچەرخ**
(لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەگرانەی هەمەلایەنەیە دەربارەی ئیسلام)
نووسینی: ئارام ڕەشید
چاپی سێیەم، ساڵی 2008
تیراژ: 2000 دانە
ژمارەی سپاردن: ژمارە (22)ی ساڵی 2006ی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە

**بۆ پەیوەندیکردن بە نووسەرەوە:**
E_ Mail: aramrashid@yahoo.com

پێشکەشە بە هاوڕێ و هاوسەرم،

کە زەحمەتی زۆری لەگەڵ ئەم کتێبەدا کێشا

# پێشەکیی چاپی سێیەم

ئایین شتێکی سەیرە! مرۆڤیش هەروا! چونکە ئایین خۆی بە پیرۆزییەکانەوە گرێ داوە و وەک دید و یاسا و ڕێسای بوونەوەرێک خۆی دەناسێنێ یانی یەزدان، کە هەمان سیفەت و سرووشتی خودی مرۆڤی هەیە، وەلی بە بێ کەمایەسی. ئیدی بۆ مرۆ هەروا سانا نییە، کە دەستبەرداری بێت، بە تایبەتی لەم هەلومەرجە مادییەی کە لەمرۆدا فەراهەمە. مرۆڤیش هەروا! کاتێک مرۆ لە خێزانێک لە شوێنێک لەدایک دەبێ، چاوی دەکاتەوە و باوانی دەبینێ، بە نێوی خودا و پەیامبەرەوە قسان دەکەن و ڕوو لە ئاسمان دەکەن و دەستی پاڕانەوە و نزا بەرز دەکەنەوە، هەر لەو دەمەوە کە فرچک دەگرێ بەچۆکهاتنیان چاو لێ دەکات. ئیدی ئەمانە گشت دەبنە هێز و بڕوایەک و لە هەناویا ڕەگ دادەنێ. ئیدی ئەو خودایە هەر خودایەک بێت. خودای خۆر و مانگ و ئەستێرە، یان خودای جوو و دیان و ئیسلام. کاتێکیش هەر لە کۆرپەییەوە ئەم هێزە لە هەناویا خۆی چەسپ کرد، بۆ زۆرێک لە مرۆڤەکان، هەتا ئەو دەمەی دەشمرن، بۆ جارێکیش بێت، بە خەیاڵیاندا نایات کە ئاخۆ ئەو خودا و ئایین و بڕوایە تۆ بڵێیت واقیعی بن؟! نەک هەر ئەوەندە، بەڵکە بە جۆرێکیش داکۆکییان لێ دەکات و خەوش لەوانی دی دەبینێتەوە، کە درزێکیش لە کەللەی خۆیدا نەهێڵێتەوە و هەر یەکەیان پێی وایە کە خودا و ئایین و بڕوای خۆی، لە هەموان چاتر و دروسترە. سەیر لەوەدایە ئەوانە بۆ جارێکیش بیر لەوە ناکەنەوە، ئەگەر هاتوو ئەوان لە خێزان و لە شوێنێکی دیکە هاتنە دنیاوە، ئەوا ئەو خودا و ئەو ئایینەی کە هەنووکە بڕوایان پێیان هەیە نابێت! ئەگەر گریمان ئەو ئیسلامەی کە پێی وایە ئایینەکەی خۆی ڕاسترین و باشترین ئایینە، لە هیندستان لەدایک بوایە، ئایا ئەو دەمە بڕوای بە ئایینی بوزی نەدەبوو؟! ئەو دەمە پێی وا نەدەبوو، کە ئایینی بوزی ڕاسترین و باشترین ئایینە، نەک ئیسلام؟! وەیان بە پێچەوانەوە؟! ئەگەر گریمان ئەو ئیسلامە سوننی



مەزهەبەی کە پێی وایە مەزهەبەکەی ئەو ڕاستر و دروسترە وەک لە ئیسلامێکی شیعە_ مەزهەب، لە خێزانێکی شیعە_ مەزهەب لەدایک ببوایە، ئایا ئەو دەمە پێی وا نەدەبوو کە مەزهەبی شیعە لە مەزهەبی سوننە ڕاسترە و ئیسلامی واقیعی هەر ئەوەی ئەوە و ئیمامی عەلی نەک عومەر و ئەبوبەکر شوێنپێی محەمەدی هەڵگرتووە و خەلیفایەتی هەر بۆ ئەو ڕەوا بوو؟!

کەواتە، مرۆڤەکان هەر لە کۆرپەییەوە، لە ساتەوەختێکدا کە هێشتا ڕەش و سپی لێک جودا ناکەنەوە و توانستی هەڵبژاردنیان نییە، لەژێر کاریگەریی خێزان و دەوروبەردا، دەبنە باوەڕداری ئەم یان ئەو خودا و ئایین، نەک لە ئەنجامی بیرکرنەوە و تاووتوێکردن و هەڵبژاردنی هوشیارانە و سەربەخۆی خۆیانەوە. خۆ دەبێ لێرەشدا، ئەوە وە بیر بهێنینەوە، کە چۆن هەلومەرجی بابەتی و بەرژەوەندی، وەیان هێز و نووکی شمشێر نەوەیەکی لە تافی خۆیدا ڕام و کەوی کرد! کاتی خۆی کە ئەستەمبوڵ بە سەرۆکایەتی محەمەد فاتیح داگیر کرا، ئەو لەشکرە هەتا سێ ڕۆژ بۆیان هەبوو هەرچییەکیان دەسکەوت بۆ خۆیان ببەن و هەر مێیینەکیشیان بینی لاقەی بکەن. سەرەنجام لەوانە، نەوەیەکی زۆری بێ باوک کەوتەوە. ئەمانە کۆکرانەوە و لە شوێنێکی تایبەتی گەورە کران و مەشقی سەربازییان پێ کرا. سەرەنجام هێزێکی بێبەزەیی و وەحشییان لێ وەبەر هات. جا لەسەر دەستی ئەمانە ئیسلامەتی لە ناوچەکانی باڵکان بڵاوبووەوە.

لێرەدا پێویستە قامک بخەمە سەر ئەوە، کە من مەبەستم چوارچێوە گشتییەکەی ئەم مەسەلەیەیە. چونکە ئەوە شاراوە نییە، کە ئەوانەی خودا و ئایینی خۆیان گۆڕیوە، وەیاخود بڕوایان بە هیچ خودا و ئایینێک نەماوە، وەیان ئەگەر بڕواشیان پێیان مابێ، ئەوا لە سووچێکی مێشکدا بە بێ وەزیفە هێشتوویانەتەوە، کەم نین.

کەواتە، ئەرکی سەر شانی هەر کەسێکە، ئەگەر بۆ جارێکیش بووە، لە خۆی ڕابمێنێ و بە بێ ترس و بێلایەنانە، خودا و ئایینەکەی خۆی، کە وەک

بۆماوه، له باوک و باپیرانییه‌وه خۆبه‌خۆ بۆی ماوه‌ته‌وه، بخاته ژێر پرسیاره‌وه و به هوشیاری و ژیرییه‌وه، جڵه‌وی ئاوه‌زی بۆ شل بکات و له هیچ پرسیارێک نه‌سڵه‌مێته‌وه، هیچ چتێک به ڕه‌ها و پیرۆز چاو لێ نه‌کات و وه‌ک مرۆڤێکی کامڵ و خودان ئیراده، بۆخۆی هه‌ڵبژاردنێکی دیکه بکاته‌وه.

هیوادارم خوێندنه‌وه‌ی ئه‌م په‌ڕاوه بۆ که‌سانێکی له‌و بابه‌ته، که ئه‌و تین و تاوه به خۆیان ئه‌ده‌ن، کۆمه‌کێک بکات.

**ئارام ڕه‌شید**

31. 12. 2007

# پێشەکیی چاپی دووەم

نووسین و توێژینەوەی ڕەخنەگرانە دەربارەی بیری ئیسلامی، کە سەرچاوە و بەرگی بزووتنەوەگەلی ئیسلامی سیاسین، لە هەر کات و سەردەمێکی دیکە، لە زێدی ئێمە و لە ناوچەکەش بە گشتی، پتر بایەخی خۆی پەیدا کردووە. چ ئەم هۆکارە و چ داخوازی ژمارەیەکی بەرچاو لە خوێنەرانی بەڕێز، ئێمەی خستە سەر ئەو بیرەی، کە ئەم پەڕاوە بۆ چاپێکی دیکە ئامادە بکەین. ئەم چاپە هەمان بەشەکانی چاپی یەکەمە جگە لە پاشکۆکەی، بە بێ دەسکاری، مەگەر لە باری داڕشتنەوە هێندێک ئاڵوگۆڕی بەسەردا هێنرابێت.

پێم خۆشە هەر لەم پێشەکییەدا، سوپاسی سەرجەم ئەو خوێنەرانە بکەم، چ ئەوانەی دەستخۆشانە و چ ئەوانەی هەڕەشەیان بۆ ناردووم، کە هەر یەکەیان بە شێوەیەک دیتنی خۆیان لەسەر پەراوەکە بۆ من خستۆتە ڕوو، بێگومان هەر یەکەیان ئەنجامگیری خۆی لێ ئەکرێ و هەردووک لایان بۆ من مایەی دڵگەرمی بووە.

**ئارام ڕەشید**

2006 .05 .23

# پێشەکیی چاپی یەکەم

مرۆڤ دەستکردی خودا نییە، بەڵکوو خوداکان بەو خودایەشەوە، کە دەڵێن تاک و تەنیا و بێ جێگا و مەکان و خاوەن گەورەترین هێز و توانا و زەبروزەنگە و لە سەرووی جیهانی واقیعییەوە حوکم بەسەر ئەم دنیایەدا دەکات، دەستکردی ئینسانن. لە سەردەمێکدا، کە تازە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی خەریکی شکڵگرتن بوو، خوداکان و بیروباوەڕی ئایینی لە ئاکامی بیرکردنەوە و خەیاڵاتی خاو و نەزانانەی مرۆڤەکانی ئەو دەمە، سەبارەت بە سروشتی خۆیان و دەوروبەریان و ڕووداو و دیاردەکان سەریان هەڵدا. مرۆڤی ئەو دەمە هێندە زەلیلی دەستی سروشت و ڕووداوە سروشتییەکان بوو، لە کاتێکدا، کە نەیدەزانی هیچ شیکردنەوەیەکی زانستییانەیان بۆ بکات و نەیدەتوانی خۆی لە کارەساتی دیاردەکانی بپارێزێت، لەبەرئەوەی پێی وابوو لافاو، باران و هەورەبروسکە و... هتد، خودایان هەیە، ئەم خودایانەیان دەپەرست و لێیان دەپاڕانەوە تا بەم جۆرە هەستی بەزەیی و ڕەحمیان بجووڵێنن، بۆئەوەی لە موسیبەتەکانیان بەدووریان بگرن و لە کێشەکانی ژیانیان ڕزگاریان بکەن. ئەم جۆرە بۆچوونانە لە ئاڵوگۆڕ و پەرەسەندنی خۆیاندا گەیشتنە ئاستی سەرهەڵدانی بۆچوونی بڕواهێنان بە خودایەکی تاک و تەنیا, کە دەسەڵاتی بەسەر هەموو ئەم دنیایە و ڕووداوەکانیدا هەیە. ئیدی ئەمە بووە خودای تەعالای دینە ئاسمانییەکان.

بەڵام ئەمڕۆ، لە کاتێکدا، کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی گەورەترین گەشە و پێشڕەوی لە بواری زانست و تەکنەلۆژیادا بەدەستهێناوە و توانیویەتی وەڵامی زانستی بۆ سروشتی خۆی، دەوروبەری، دیاردە و ڕووداوەکانی پەیدا بکات، تا ڕادەیەکی زۆریش دەسەڵاتی خۆی بەسەر سروشتدا زاڵ بکات و بیخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، کەچی هێشتا هەر خورافاتی ئایینی لە ئاستێکی فراواندا باڵی بەسەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا کێشاوە. تا ئەمڕۆش نەک هەر عیبادەت و ئیتاعەتی خودایەکی تاک و تەنیای بێ جێگا و مەکان و



خاوەن دەسەڵات و هێزێکی ئەفساناوی، بەڵکوو تەنانەت عیبادەتی ئاو و ئاگر و گا و جۆرەها خورافاتی دیکەش، وەکوو پاشماوەی خاوترین و سەرەتاییترین بیروباوەڕی ئایینی سەردەمی چاخی بەردین، لە زۆر جێگای ئەم جیهانەدا ماونەوە و ڕۆژانەش دەمەزەرد دەکرێنەوە.

ئایینی ئیسلام یەکێکە لەو ئایینانەی، کە تا ئێستاش کارایی خۆی بە توندی درێژە پێ دەدات و ڕۆڵێکی زۆری لە کارکردی نێو زۆرێک لە کۆمەڵگاکانی ئەمڕۆدا هەیە و لە کێشمەکێشی چینەکان و لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەخاڵەتی دەدرێ. هەڵبەت مەیدانارییەک، کە تا ئێستا بزووتنەوە ئیسلامییەکان لێی بەهرەمەندن، دەگەڕێتەوە بۆئەوەی، کە لە ساڵانی شەستەکان و حەفتاکاندا، لە گەرمەی جەنگی ساردی نێوان هەردوو بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، ئەم بزووتنەوە ئیسلامییانە وەکوو دەسکەلایەکی بلۆکی ڕۆژئاوا، لە بەرامبەر بلۆکی ڕۆژهەڵاتدا، لە لایەن بلۆکی ڕۆژئاواوە قوت کرانەوە و بە گشت جۆرێک دەست لە پشتیان درا و ئیمکاناتی جۆراوجۆریان بۆ هەڵڕژێنرا. تا لەو شەڕەدا بە قازانجی بلۆکی ڕۆژئاوا و باڵی ڕاستی بۆرژوازی ڕۆڵ بگێڕن. ئەم ڕۆڵەیان بە تایبەت، لە جێگاکانی وەکوو، ئەفغانستان، پاکستان، جەزائیر و بە گشتی دنیای عەرەب و باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و وڵاتانی ئافریقادا زۆر بەرجەستە و مەلموس بوو. کە بە شێوەیەکی بەربەری کوێرانە دژایەتی هەموو جۆرە پێشکەوتن و ئازادیخوازییەکیان کردووە. شمشێری ژەنگاوی و پوڵی پەخشانەوەی فتوایان دراوەتە دەست و بۆ کوشتن، سەربڕین، تیرۆر و تۆقاندن بەرەڵای گیانی مرۆڤ کراون و لە دژی بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی و بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و بیروباوەڕی مودێرن و سکۆلار و هەر سیمایەکی پێشکەوتووانەدا ڕاگیراوون. هاوشان لەگەڵ لە پشتدان و کۆمەکێکی هەمەلایەنە، کە بلۆکی ڕۆژئاوا و باڵی ڕاستی بۆرژوازی بۆ قوتکردنەوەی بزووتنەوە ئیسلامییەکان تەرخانیان کردبوو، لە دەیان ساڵی ڕابوردوو، لە دنیای عەرەبدا بە هۆی بنبەستی ناسیۆنالیزمی عەرەب و

بێتوانایی لە وەڵامدانەوە بە کێشە و پرسەکانی ئەم کۆمەڵگایە، هەروەها لە وڵاتانی لە ڕووی ئابوورییەوە دواکەوتوو بە هۆی پەرەگرتنی قەیرانی هەمەلایەنە و بۆشایی سیاسی لەسەر گۆڕەپانی سیاسی ئەم وڵاتانە، ئایینی ئیسلام، وەک ئاڵتەرناتیڤێکی سیاسی، بوارێکی بۆ مەیدانداری و سەربەرزکردنەوە پەیدا کردووە، نەک هەر بە شێوەی بیروباوەڕ و جیهانبینی و نەریت و یاسای کۆمەڵایەتی، بەڵکوو لە شێوەی چەندین پارتگەلی سیاسی و تەنانەت ئەلگۆی فەرمانڕەوایی و دەسەڵاتی سیاسی بۆرژوازیدا، پێی ناوەتە مەیدان و خۆی کردووەتە شەریکی ڕەوەندی ڕووداوەکان و کاریگەری لەسەریان داناوە. بەڵام ڕەوت و پارت و بزووتنەوە ئیسلامییەکان لەم دەورەیەدا، نەک بە وێنەی ڕەوت و بزووتنەوەگەلێکی ڕیشەدار، بەڵکوو زیاتر بە وێنەی بزووتنەوەگەلێکی دەسکەلا و کرێگرتە لە دەرەوەی سنووری ئەو کۆمەڵگایانەی تیایدا هەڵدەسووڕێن و لە لایەن نێوەند و دەوڵەتە بۆرژوازییە ملهوڕ و زلهێزەکانی جیهانەوە پاڵپشتی و تەغزیە کراوون. هەر ئەم تەباییەشیان لەگەڵ باڵی ڕاستی بۆرژوازی و بەربەریەتی سەرمایەداری و ڕۆڵی ئیسلام بۆ پارێزگاری لە نیزامی کاری بەکرێ و خاوەندارێتی تایبەتی و کۆمەڵگای چینایەتی، بووەتە هۆی ئەوەی، بزووتنەوە ئیسلامییەکان لە بەرامبەر بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی و هەموو بزووتنەوەگەلێکی پێشکەوتووانە و یەکسانیخوازانەدا، ڕابگیرێن و دەست بە پشتیاندا بهێنرێ و بە لێشا و بە قورگیاندا بکرێ.

تا ئێستاش ئیسلام و هەموو ئایین و خورافاتە جۆراوجۆرەکان، نەک هەر لە دنیای عەرەب و لە وڵاتانی لە ڕووی پیشەسازییەوە دواکەوتوو، بەڵکوو تەنانەت لە جەرگەی وڵاتانی ئەوروپایی و شارستانییەتی ڕۆژئاواشدا باوەشێن دەکرێن و لە هەناوی دنیای پێشکەوتن و زانست و تەکنەلۆژیادا درێژە بە تەمەنی خۆیان دەدەن و مێشکی ملیونەها ئینسانیان پێ دەکووترێتەوە. بەڵام مانەوەی تا ئەمڕۆی بیروباوەڕی ئایینی بە گشتی و



ئیسلام بە تایبەتی، بەو جێگاوڕێگایەوە، کە باسمان کرد، پشتی بە هەمان ئەو هۆکار و فاکتەرانە نەبەستووە، کە لە سەرەتای سەرهەڵدانی بیروباوەڕی دینییەوە پشتی پێ دەبەست. ئەگەر بیروباوەڕی دینی، سەردەمانێک لەسەر زەمینەی ئەسارەت و زەلیلی ئینسان لە بەرامبەر سروشتدا سەریان هەڵدا، ئەوە مانەوەیان تا ئەمڕۆ پێش هەر شتێک دەگەڕێتەوە بۆئەوەی، کە هێشتا بەشی گەورەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ئەم سەردەمەش، وەکوو ئینسانەکانی ئەو سەردەمە ئەسیر و کۆیلەی دەستی قودرەتێکن، کە وەکوو قودرەتی ئیلاهی دێتە بەرچاویان، وەکوو قودرەتێکی ئیلاهی، کە لە سەرووی ئیرادەی خۆیانەوە چارەنووسیان دیاری دەکات و هەموو هەوڵ و تەقەلایەکیشیان بۆ یاخیبوون لە حوکمی چارەنووسێک، کە بەسەریاندا دای دەبڕێ، لە ژێر پێ دەنێ و مەحکوم بە شکستی دەکات.

تا ئێستا هێشتا مەشغەڵەی دەستڕاگەیشتنی زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی دنیای ئەمڕۆ بە سەرەتاییترین ئاوات و ئارەزووەکانیان، هەروەکوو ئارەزووی بە زیندوویەتیمانەوەی ئینسانە وەحشییەکانی چاخی بەردین، ئەوەندە دوورەدەست و بەدەر لە ئیرادەی خۆیانە، کە وەکوو حوکمی قەزا و قەدەر خۆی نیشان دەدات. بێبەریبوون لە سەرەتاییترین ئارەزووەکان کابووسێکە، هەتا ئەمڕۆ چۆک بە زۆربەی ئینسانەکان دادەدات. ئەو ئەسارەتەی، کە ئەمڕۆ بە دەست حوکمی قەزا و قەدەرئاساوە دەبینرێ، ئەو مەحرومییەتەی، کە کرێکاری ئەمڕۆ لەچاو دەستڕەنج و خەلاقییەتی داهێنەرانەی کاری خۆیدا لەگەڵی بەرەوڕووە، زۆر لەو مەحرومییەتە گەورەترە، کە کۆیلەکانی سەردەمی کۆیلەداری لەچاو دەستڕەنجی خۆیان پێی گیرۆدە دەبوون. ئارەزووە پێشێلکراوەکانی کرێکاری کۆمەڵگای مۆدێرنی ئەمڕۆ، کە لەگەڵ گەورەترین هەوڵ و تێکۆشان و سامان خوڵقاندندا هاوشانە، زۆر لەو ئارەزووانە گەورەترە، کە بە هەستی باو و باپیرانی کۆیلەیاندا گوزەری کردووە.

ئەم ناکۆکییە قوڵ و ئاشکرایەی نێو کۆمەڵگای ئەمڕۆ و دەوری دین لە پاساودان و پاراستنیدا، دەتوانێ زەمینەی مانەوەی دین تا ئەمڕۆ، ئاشکرا بکات و ببێتە بەڵگەی ئەوەی، کە ملیونەها ئینسان لە هەناوی شارستانییەتی کۆتایی سەدەی بیستەمدا بە خورافاتی گاڵتەجاڕانەی دین مێشکیان لە قاڵب بدرێ. ئینسانی کرێکاری ئەمڕۆ کاتێک مەحرومییەتی خۆی لە هاوشانی توانای داهێنەرانەی خۆیەوە دەبینێ، وەکوو ئینسانی چاخی بەردین بۆ ڕزگاربوون لەم ناکۆکییە، تەنها ڕێگای پەنابردن بۆ خورافات و پاڕانەوە لە خودای خۆراک و پۆشاک و ئاپارتمانە بەرز و ڕازاوەکانی دەستکردی خۆی، لە بەردەم خۆیدا نابینێ، بەڵکوو پێشڕەوی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ئەمڕۆ ڕێگای واقیعی بۆ ڕزگاربوون لەم زوڵم و زۆرداریيەشی داوەتە دەستیان و بە سادەیی دەتوانن دەستی خۆیان بەو ڕاستییە بگەیەنن، کە نەگبەتییەکانی ئەمڕۆی ئەوان لە حوکم و قانوونمەندی سەرمایەوە سەرچاوەی گرتووە، نەک لە حوکمی قەزا و قەدەر و چارەنووسی نەگۆڕی ئیلاهییەوە. ئایین لە ئەمڕۆدا لەمپەرێکە، لە بەردەم دەستڕاگەییشتنی ئینسانی کرێکار و مرۆڤایەتی مەحروم بەم حەقیقەتە. لە کایەدابوونی ئەمڕۆی ئایین و جێگاوڕێگای تایبەتیی ئایینی ئیسلام، وەکوو جۆرێک لە جیهانبینی و ئایدۆلۆژیا، وەکوو نەریت، وەکوو بزووتنەوەگەلی سیاسی بەربەری و ئینسانکوژ، وەکوو ئەلگۆیەک بۆ فەرمانڕەوایەتی، دەبێ لە هەناوی ناکۆکی و بەرامبەرکێی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی ئەمڕۆدا دەستنیشان بکرێ.

ئایین لە دنیای ئەمڕۆدا، وەڵامێکی خورافی بەو دیاردە و ڕووداوە سروشتییانەی، کە هزری مرۆڤی ئەم سەردەمە، وەکوو هزری مرۆڤی چاخی بەردین لە ئاستی وەڵامپێدانەوەیاندا زەلیل و داماو بێت نییە، بەڵکوو ئەفیونێکە بۆ گێژکردنی بەشەریەتی چەوساوە، لەمپەرێکە لە بەردەم بیرکردنەوەی هوشیارانەی ئینسانی کرێکار و زەحمەتکێش بۆ پەیبردن بە حەقیقەت و ڕێگای ڕزگاری، ئامرازێکە بۆ دوورخستنەوەی ئەم جەماوەرە



گیرۆدەبووە لەو ڕێگاچارەیەی، کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە ڕۆشنترین شێوە لە بەردەستی داناوە. ئایین گۆپاڵێکە بۆ سەرکوتی ناڕەزایەتی و "ناشوکری" و ڕەزایەتنەدانی چەوساوەکانی ئەمڕۆ بە چەوسانەوە. تلیاکێکە بۆ شوکرانەبژێرکردنی بێبەشان بە بێبەشی و ئەسارەت. دین بە هەموو مانایەکییەوە لە ئەمڕۆدا، بەشێکە لە هەوڵ و تەقەلا و کارکردی بۆرژوازی بۆ پارێزگاری لە کۆمەڵگای چینایەتی و موڵکایەتی تایبەتی و قانوونمەندی سەرمایە.

بۆرژوازی وەکوو چینی سەردەست و چەوسێنەری ئەم سەردەمە و خاوەنی نەزمی کۆنبووی سەرمایەداری، نرخی ئەم لەمپەردیفاعەی نیزامەکەی و ئەم ئەفیونە فریودەرانەیە دەزانێ. بۆیە لە هەموو جێگایەکی ئەم جیهانەدا نەوە لە دوای نەوە مەلا و ئاخوند و کەشیش و پاپا و خاخا بەرهەم دەهێنێ و پەروەردەیان دەکات. بە لێشا و پوڵ و پارە دەڕژێنێتە خەزێنەیانەوە و داهاتی بێسنوور بۆ بەرزکردنەوە و ڕازاندنەوەی پەرستگا دینییەکان و لە چاپدانەوەی پەڕاو و تەفسیر و حیکایەتەکانیان تەرخان دەکات. بودجەی زۆروزەبەند بۆ پەرەدان بە دەرسی ئایینی لە خوێندنگاکاندا خەرج دەکات و پەخشانەوەی چارۆکە، لەچک، چارشێو، جبە و عەمامە بە ئەرکی پیرۆزی خۆی دەزانێ. ئەمانە زۆر بە ڕۆشنی ئەو ڕاستییە نیشان دەدەن، کە پەیامە دینییەکان، پەیامی خودا واقعییەکانی سەر زەوین، نەک خودای دروستکراوی ئاسمان. ئەمڕۆش ئەوە هەر خوداکانی سەر زەوین بە چنگ و ددان پارێزگارییان لێ دەکەن نەک قودرەتی ئیلاهی. بۆیە وەستانەوەش لە دژی دین و هەوڵدان بۆ هەڵتەکاندنی خورافاتی دینی، شەڕێک نییە لەگەڵ خودای دروستکراوی ئاسماندا، بەڵکوو شەڕە لەگەڵ خودایانی واقیعی لەسەر زەوی، شەڕێکە لە دژی خودای واقیعی سەرمایە لەسەر ئەم زەوییە.

هەڵچوون و هاربوونی ڕەوت و بزووتنەوە ئیسلامییەکان لە دەورەی کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکاندا، هاوشان و هاوکات لەگەڵ

سەرهەڵدانی نەزمی نوێ و باڵادەستی باڵی ڕاستی بۆرژوازی و هێرشە هەمەلایەنەکانی بۆ سەر چینی کرێکار و بیری یەکسانیخوازی مرۆڤ، هەروەها نیشتنەوە و ڕەوتی سقوتی لەگەڵ ئەودا و ئەو هاوسەنگییەی، کە لە نێوانیاندا خۆی نیشان دا، هەم بە ڕۆشنترین شێوە ماهییەتی ئیسلامی وەکوو لەمپەردیفاعی کۆمەڵگای چینایەتی و نیزامی کاری بەکرێی بۆرژوازی نیشان دەدا، هەم بنەما و زەمینەی گشت کارکردی ئیرهابی و پەخشانەوەی فتوای قەتڵ و دڕندەیی بزووتنەوە ئیسلامییەکان دەخاتە ڕوو. ئەم کارنامەیە دروست پێداویستی نەزمی نوێی سەرمایەداری ئەم سەردەمە بوو، کە لە هێندێک جێگا بە ئیسلام و لە هێندێک جێگای دیکە بە موسایی و ناسیۆنالیزم و دیموکراسی و ... بەڕێوەی برد.

ئایینی ئیسلام، وەکوو جۆرێک لە جیهانبینی، هەمیشە و لە هەموو قۆناغێکدا پارێزگاری لە بەرژەوەندی چینی چەوسێنەر و سەردەست دەکات و لە دژی چینی چەوساوە هەڵدەسووڕێ، لەمڕۆدا بۆرژوازی بۆ گێژکردنی چینی کرێکار و مرۆڤایەتی مەحروم بەکاری دەبات، ڕیزی خەباتی ئەوانی پێ پارچەپارچە دەکات، نارەزایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کرێکاران و بێبەشانی پێ سەرکوت دەکات، ئایینی ئیسلام پاساو بۆ کۆمەڵگای چینایەتی و چەوسانەوەی چینایەتی دەهێنێتەوە و دەڵێ، خودا هەر وەکوو پەنجەکانی دەست، پلە و پایەی جیاوازی بە ئینسانەکان بەخشیوە و دەبێت هەر کەس بە پلە و پایەی خۆی شوکر بێت، کەس حەسودی بە بەشی کەسی دیکە نەبات، ئەو سەروەت و سامان و سەرمایەیەی، کە سەرمایەداران بە مژینی خوێن و بەتاڵانبردنی دەستڕەنجی کرێکاران بەدەستیان هێناوە، ئیسلام وەکوو بەشی خواپێداوی ئەوان ناوی دەبات و خەباتی چینایەتی کرێکارانیش لە دژی چەوسانەوەی سەرمایە بە ئاژاوەگێڕی و دووبەرەکایەتی نێوان موسڵمانان و حەسادەت و چاو لە موڵکی دەوڵەمەندانی خواپێدا و تاوانبار دەکات.



ئیسلام، کرێکار و سەرمایەداری موسڵمان بە براو، کرێکاری موسڵمان و کرێکاری مەسیحی و بێدینیش بە دوژمنی غەیرە دین و هەرکامیان بە گوێرەی ئەوی تریان بە کافر ناو دەبات و لە قەڵەم دەدات و خوێنیان حەڵاڵ و کوشتنیان بە غەزا و خێر و واجبی دینی ناو دەبات. لە نێو کرێکارانی موسڵمانیشدا، پیاو دەکاتە ڕەگەزی باڵادەست و ژن دەکاتە ڕەگەزی ژێردەست و کۆیلەی پیاو. بەم جۆرە ڕیزی چینایەتی کرێکاران پارچەپارچە دەکات و لە لایەکەوە جۆرەها کەلێن و قڵشت و دووبەرەکایەتی لە ڕیزی چینایەتی کرێکاراندا پێکدەهێنێ، لە لایەکی دیکەوە، دەستی چەوساوەی کرێکاران دەنێتە نێو دەستی چەوسێنەری سەرمایەداران.

ئیسلام ناسنامەی "بەند"ایەتی لە نێوچاوانی ئینسان دەدات. تەنانەت لە جیاتی ئینسانی ئازاد، "بەندە" بۆ وەسفی مرۆ بەکار دەهێنێ، تا بەم پێیە، ئاڵای بێمافی ڕەها بەسەر سەری مرۆڤەوە ڕاگرێ و لە خەبات بۆ مافی ئینسانییان دەستکۆتایان بکات. ئیسلام وای نیشان دەدات، کە چەوساوە و چەوسێنەر هەموو بەندەی خودان، بۆئەوەی کۆیلایەتی واقیعی کرێکاران بشارێتەوە و خەباتیش لە دژی کۆیلایەتی بە کفر و تاوان و دژایەتیکردنی کاری خودا دەمکوت بکات. بێبەشی و سەختییەکانی کۆمەڵگای چینایەتی، وەکوو چارەنووسێکی نەگۆڕ و ئیلاهی نیشان دەدات، کە "بەندەی بێدەسەڵات" توانای هیچ جۆرە ئاڵوگۆڕێکی ئەو دۆخەی نییە، تەنانەت هەوڵی بەم جۆرە، بە یاخیبوون لە فەرمان و ویستی خودا و چارەنووسی ئیلاهی تاوانبار دەکات و حوکمی سەرکوتی بەسەردا دەدات. دەڵێ، مرۆڤ دەبێ ملکەچی بڕیار و چارەنوس و هەلومەرجێک بێت، کە لەسەرووی ئەم دنیایەوە لە لایەن خوداوە، بەسەریدا بڕاوە و کەس بۆی نییە و ناتوانێ باسی گۆڕینی چارەنوس بکات، یان دەستی تێ وەربدات.

ئیسلام هەروەکوو چۆن لە دنیای ئەمڕۆدا بەم جیهانبینی و ئەحکام و ئایدۆلۆژیایەوە پارێزگاری لە کۆمەڵگای سەرمایەداری و دابەشبوونی ئینسان بەسەر چینی چەوساوە و چینی چەوسێنەر و پلە و پایەی جیاوازی

ئینساندا دەکات و وەکوو ئامرازێکی سەرکوت و فریودان بۆ ملکەچکردنی کرێکاران هەڵدەسوڕێ، لە هەموو مێژووی ڕابوردووی کۆمەڵگا چینایەتییەکانی پێشووشدا، هەر ئەم دەورەی گێڕاوە و هەمیشە لایەنگر و پارێزەری بەرژەوەندی و دەسەڵاتی چینی سەردەست و چەوسێنەر و کۆنەپەرستی و بێمافی ئینسان بووە. لە سەردەمی کۆمەڵگای کۆیلەداریدا، ڕابەران و نوێنەران و دەسەڵاتدارانی ئیسلام، خۆیان لە گەورەترین خاوەنکۆیلەکانی ئەو سەردەمە بوون و هەزاران کۆیلەیان هەبووە. لە سەردەمی فیۆدالّیشدا دین، لەوانە دینی ئیسلام لەمپەردیفاعی بەرژەوەندیی دەسەڵاتی چینی دەرەبەگ بوو، تا ئەو ڕادەیەی بۆرژوازی ئێستا، کە ئەو کاتە چینێکی شۆڕشگێر بوو، ناچار بوو بەوەی، خەبات لە دژی دین، بکاتە مەیدانێکی خەباتی خۆی، بۆ ڕووخاندنی نیزامی فیۆدالّی. کەچی پاش ڕووخانی نیزامی فیۆدالّی، بۆرژوازی هەستی بەو ڕاستییە کرد، کە خۆیشی پێویستی بەو ئامرازە هەیە، بۆ پارێزگاریکردن لە نیزامە چینایەتییەکەی خۆی، بۆیە دووبارە دەستی بۆ بردەوە و لە خاوەنکۆیلەکان و فیۆدالّەکان زیاتر، کەوتە باوەشێن و خزمەتکردنی دینەکان. چینە چەوسێنەرەکان قۆناغ بە قۆناغ وەکوو هەر دینێکی تر، لەو جێگایانەی، کە دینی ئیسلام ڕەواجی بووبێ، ئەم دینەیان دەستاودەست پێ کردووە و لە باو و باپیرانیانەوە بە میرات وەریان گرتووە.

هەروەها ئیسلام ئەلگۆیەکە بۆ فەرمانڕەوایەتی چینی چەوسێنەر و سەردەست، لە هەموو قۆناغەکانی کۆمەڵگای چینایەتیدا ئەم ئەلگۆیەی خۆی خستووەتە ڕوو، لە کۆمەڵگای هاوچەرخی سەرمایەداریشدا، دیسان ئەم ئەلگۆیەی خۆی بۆ دەسەڵاتی سیاسی چینی بۆرژوازی دەخاتەوە ڕوو. حکومەتی مەلا و ئاخوندەکان و شەریعەتی ئیسلام بە وێنەی شێوازێک لە حکومەتی بۆرژوازی هەر ئێستا لە چەندین وڵاتی وەکوو ئێران و ئەفغانستان و سعودیە بەڕێوە دەچێت. ئەم ئەلگۆیە لە حاکمییەت، یەکێکە لە بێزراوترین و درندانەترین شێوازەکانی حاکمیەتی بۆرژوازی و بە مانای



ڕاگرتنی شمشێری سەلەفییەتی دووفاقەی ئیمامی عەلییە، بەسەر سەری هەر مرۆڤێکەوە، کە مل بۆ شەریعەت و ئەحکام و قانون و جیهانبینی ئیسلام کەچ ناکات و کۆتی ناعەدالەتی و بێمافی ڕەها ناخاتە گەردنی. حکومەتی ئیسلامی بەپێی بۆچوونی قورئان، ناسنامەی "بەند"ایەتی بەسەر ئینسانەکاندا دادەبڕێ و لەسەر ئەم بنەمایەش ڕەزایەتدان بە ژیانی بەندایەتی، دەکات بە یاسای وڵات و دەبێ هەموو کەس پەیڕەوی لێ بکات. لە سایەی حکومەتی ئیسلامیدا، جەماوەری خەڵک نەک هەر هیچ جۆرە دەخاڵەتێکیان لە چارەنووسی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی خۆیان و کۆمەڵگادا نییە، بەڵکوو تەنانەت مافی بیرکردنەوەشیان نییە و لە ویژدان و ژیانی شەخسی خۆشیاندا ئازاد نین. قانوون و چوارچێوەی بیری ئینسان و ئەحکامەکان، نەک هەر لە سەرووی خودی خەڵکەوە، بەڵکوو "لە سەرووی ئەم دنیا واقعییەوە و لای خودای ئاسمانەوە بە ئامادەکراوی و داڕێژراوی بۆ سەر ئینسان نازڵ دەبێت!" و هیچ کەسێک مافی ئەوەی نییە، بە چاوی ڕەخنەوە سەرنجیان بدات، بەڵکوو مەحکومە بەوەی، کە بێ ئەملاوئەولا پەیڕەوییان لێ بکات. لەم حکومەتەدا سەروەری بۆ شمشێر و خەنجەر و تیغ و شەلاقە. لە ژێر زەبری ئەمانەدا دەبێ هەموو کەس ئیسلام بێت و خوداپەرستی بکات. هەموان دەبێ بەندە بن و ژنانیش بەندەی بەندەکان بن. سەنگەسار و شەللاقکاری و بڕینەوەی دەست و قاچ و لاقەکردنی ژنان و سووتاندن و ڕەشکردنی ڕوومەتی ئەو ژنانەی، کە حەشار نەدراون، لە یاساکانی حکومەتی ئیسلامین و هەر ئێستا لەو وڵاتانەی، کە حکومەتی ئیسلامی لەسەرکارە، وەکوو یاسای ڕەسمی وڵات بەڕێوە دەبرێن.

ئیسلام دینێکی پیاوسالارانە و دژی ژنە و بە توندی پارێزگاری لە کۆیلایەتی ژنان دەکات. لە ئیسلامدا ژن لەچاو پیاو پلە و پایەی خوارتر و دەرەجە دووی هەیە، پیاوان بە ئاشکرا بەسەر ژناندا زاڵ دەکرێن. ژنان وەکوو کۆیلەی پیاوان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. لە خێزاندا، کە پیاو حوکم دەکات، ئیسلام هەم ڕێنمایی دەکات و هەم مافی ئەوەی پێ داوە، کە ژنان

کوتەککاری بکات، بۆئەوەی بیانهێنێتە ژێر باری فەرمانی خۆیەوە، ژن وەکوو موڵکی پیاو چاو لێ دەکات، کە بە پوڵ و پارەی مارەیی و شیربایی دەکڕرێن و دەفرۆشرێن. بۆیە ژنان وەکوو ژنی فڵان و کچی فڵان نێو دەبرێن، لە ڕاستیدا ژن نەک وەک مرۆ، بەڵکوو وەکوو ئامرازی بەرهەمهێنانی منداڵ و دایکی پەروەردەکەری منداڵی پیاو چاوی لێ دەکرێ، لە بەرامبەر ئەم کارەشدا، پیاو دەبێ نەفەقەی ژن بکێشێ و خۆراک و پۆشاکی بدات و بکات، چونکە لە ڕوانگەی ئیسلامەوە ژن ئەم کارە بۆ پیاو دەکات، نەک بۆ منداڵی خۆی، هەربۆیە منداڵ بە موڵکی پیاو دادەنرێ. ژن مافی تەڵاقی نییە و ئەگەر بیەوێ جیابێتەوە، دەبێ شکات لە مێردەکەی بکات، تا دادوەر تەڵاقی بۆ بەدەست بهێنێ، لە کاتێکدا پیاو دەتوانێ هەموو کات و بە بێ هیچ هۆیەک، تەنانەت لە حاڵێکدا ژنەش لەوێ نەبێت، ژنی خۆی تەڵاق بدات. لە ئیسلامدا هەموو پلە و پایەیەک بۆ پیاوە، دادوەر و قازی و ئاخوند و فەقێ و سەرۆکی خێزان و خودا هەموویان پیاون. ژن لە میراتدا نیوەی پیاو بەشی هەیە، لە شایەتیدا دوو ژن لە بەرامبەر یەک پیاو دادەنرێن، ئیسلام وەکوو ناتەواو و بێئەقڵ و نەزان چاو لە ژن دەکات. بۆیە بۆ هەمیشە شوان و پاسەوانی پیاو و بۆ هەموو کارێکیش سەرپەرشتیار و وەلی ئەمر و وەکیلی پیاوی بۆ دیاری دەکات. پیاوان ئازادن لەوەی، کە لە یەککاتدا لەگەڵ چەند ژن پەیوەندییان هەبێت و دینی ئیسلام جۆرەها ڕێگەی وەکوو چەند ژنە، کەنیزە و سیغەی بۆ ئەم مەسەلەیە داناوە و محەمەدی پەیامبەری ئیسلامیش خۆی نموونە و هێمای ئەم جۆرە ڕەفتارە بوو لەگەڵ ژناندا. بەڵام ژنان مافی ئەوەیان نییە، کە ئازادانە تاقە هاوسەری خۆشیان هەڵبژێرن. ئیسلام، کە پەیوەندی جنسی ئازادانە، بە کفر و زینا تاوانبار دەکات، بە ئاشکراترین شێوە خاوەندارێتی پیاو بۆ ژن نیشان دەدات. ئەو، کە ژن بە موڵک و حەیا و شەرەف و ناموسی پیاو نێو دەبات، ئیدی هەموو کفر و تاوانی زینا لەوەدا بەرجەستە دەکاتەوە، کە دەستدرێژی کراوەتە سەر موڵکی کەسێکی دیکە، ژنی فڵان، کچی فڵان. ئیسلام تەنانەت لە سزای



وەحشیانەی زیناشدا، جیاوازییەکی ئاشکرا لە نێوان ژن و پیاودا دەکات. ژن سەنگەسار دەکات، هەتا دەمرێ، بەڵام پیاو بە شێوەیەکی ئاسایی دەکوژێت. تەنانەت ئیسلام پەیمانی ئەوە بە پیاو دەدات، کە لە بەهەشت حۆری دەداتێ، بەڵام پەیمانی ئەوە بە ژن دەدات، کە دەیکات بەو حۆرییانەی بەسەر پیاوانی دەروێش و شێخ و مەلا و ئاخونددا تەخشان و پەخشان دەکرێنەوە. لەوێش دووبارە هەر ژنان ئامرازێکن بۆ خۆشی و لەزەتی پیاوان. هەر لێرەوە لوتفی یاسای زیندانیکردنی ژنان لە کونجی ماڵ و چارشێو و خۆداپۆشینی ژنان بە چادر و چارۆکە خۆی ئاشکرا دەکات. بنەمای ئەم حوکمەی ئیسلام لەوەوە هاتووە، کە مادام ژن موڵکی پیاو بێت، دەبێ هەر لە ماڵی خاوەنەکەی خۆیدا زیندانی بێت، هەر لە خزمەتی ئەودا بێت و لەزەت بەو بگەیەنێ، هیچ پیاوێکی تر دەنگی نەبیستێ و ڕوخساری نەبینێ و لەگەڵ کەسی دیکە تێکەڵاو نەبێ و قسە نەکات ... ئەمانە تەنها بۆ پیاو هاتوون و پەیوەندییان بە ژنەوە نییە.

هەروەها ئیسلام دژی زانست و ڕەوتی پێشکەوتنی کۆمەڵگایە. ئیسلام هەر لە بنەڕەتەوە خاوەنی میتۆدۆلۆژییەکی دژی زانستە و هەموو پرسیارێک لە بابەت ئەوەی، کە فڵان شت چۆنە؟ بە، "خودا دەزانێ" و ئەوە بۆچی وایە؟ بە، "خوا وای کردووە و خوا وای ویستووە" وەڵام دەداتەوە. هەمیشە بە پێچەوانەی زانستەوە ئەو دیاردەیەی، کە ئاشکرا و مەعلوم و مەلموسە و دەرکی ئینسان پەی بە ڕاستییەکەی دەبات، ئیسلام شیکردنەوەکە بۆ لای شتێکی نامعلوم دەبات، بۆ لای هێزێکی سەروسروشت و سەروئینسان، کە گوایە خۆی قادر و عالمە و دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتدا هەیە و لە هەموو جێگایەک حازر و نازرە. ئەمە بنەمای ئەسڵی و دژی عیلمبوونی میتۆدۆلۆژی ئیسلامییە، کە نەک هەر لە چوارچێوەی دەرکی زانستی و تاقیگەرایانەی ئینساندا جێگای نابێتەوە، بەڵکوو دەرک و هەستی ئینسان بە تەواوی ناڕاستبوونی ئاشکرا کردووە. هەمیشە ئەو پرسیارانەی، کە ئیسلام وتوویەتی، خودا دەیزانێ "العلم عند الله"، لای خودی ئینسان خۆیەوە وەڵام

دراوەتەوە و دەرکەوتووە، کە "العلم عند الانسان"ە نەک "عند الله". هەروەها ئەوەی، کە ئیسلام پێی گوتووە، ئەوە خوا وای کردووە و وای ویستووە، کەس ناتوانێ بیگۆڕێ، ئینسان توانیویەتی بیگۆڕێ و بەو جۆرەی لێ بکات، کە خۆی گەرەکی بووە. گۆڕینی جینات و کۆپیکردنی ئینسان، تەنها دوو نموونەی زانستی تازەن لەم بارەیەوە، کە هیچ بایەخێک بۆ دەور و دەسەڵاتی خودا ناهێڵێتەوە. ڕۆڵی دین لەوانە دینی ئیسلامیش لەسەر زانست، تەنها ئەوە بووە، لە بەردەم هەوڵ و کۆشش و بیرکردنەوەی زانستی ئینسان ئاستەنگ دروست بکات، کە هەمیشە بۆ دۆزینەوەی وەڵامی پرسیارەکان و گۆڕینی واقیعیەتی مەوجود لە ئارادا بووە. ئایینەکان لەوانە ئایینی ئیسلام، هەوڵ و کۆششی بەم جۆرەی ئینسان بە دەستێوەردان لە کاری خودا و کفری شەیتانی تاوانبار دەکەن و دەیدەنە بەر هەڕەشەی شمشێر، بۆیە بەدەر لەوەی، کە ئیسلام خۆی بیروباوەڕی دواکەوتووانەی ئەو سەردەم و جیگایەیە، کە سەری تیا هەڵداوە و هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە خەسڵەتێکی دژی زانستی بووە، تەنانەت لە دنیای ئەمڕۆشدا هەر کەس بە دینی ئیسلامەوە پابەند بێت، بۆ یاسا و نەریت و بۆچوونەکانی خۆیشی وەفادار بمێنێتەوە، کە تەنانەت لە چاو دەستەکەوتە فەرهەنگی و زانستی و شارستانییەکانی سەردەمی سەرهەڵدانیشی زۆر دواکەوتوو بووە، ئەوە ناتوانێ لە بەرامبەر هەوڵی مرۆڤەکانی دنیای هاوچەرخ بۆ گۆڕێنی هەلومەرجی ژیانی کۆمەڵایەتی ڕانەوەستێتەوە و داکۆکی لە نەزمی کۆن نەکات، ناتوانێ دژی هەر هەنگاوێکی بەرەو پێشەوە و هەموو بیروباوەڕێکی پێشکەوتووانە و شارستانی و زانستی نەبێت. پەخشانەوەی فتوای ئیسلامی بۆ قەتڵ و تیرۆری نووسەران و هەڕەشەکردن لەو ناوەندە زانستییانەی، کە خەریکی دۆزینەوەی تازەن لە بوارەکانی زانستدا، بەڵگەی ئاشکرای ئەم ڕاستییەن. تەنانەت ئەوەی، کە ئیسلام دواکەوتووترین و کەللەوشکترین مەلا و ئاخوند ناودەنێ "عالم" ئاشکراترین شێوازی دژایەتی



عیلم و ڕوانگەی پێچەوانە و پێناسەی کۆنەپەرستانەی ئیسلام بۆ زانست نیشان دەدات.

*

ئەم پەڕاوە لێکدانەوەیەکی زانستییە سەبارەت بە دین و چۆنیەتی سەرهەڵدانی بە گشتی، لە هەمان کاتدا، لێکۆڵینەوەیەکی پوخت و بەڵگەدارە، لە مەڕ سەرهەڵدان و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و مێژوویی ئایینی ئیسلام و ناوەرۆکی شەریعەت و یاسا و بڕیارەکانی، بە شێوەی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و بە نیشاندانی بەڵگەی ڕۆشن و مەلموس لە مێژووی کارنامەی ئیسلام و لە خودی قورئان و شەریعەتی ئیسلامی و تەفسیرە ئیسلامییەکان و گشت ئەو ڕاستییانە لە بارەی ئیسلامەوە، کە لەم پێشەکییەدا باسمان لێوە کردووە، دەسەلمێنێ.

هەر لێرەدا پێویستە باسی ئەوە بکەم، نووسەر کاتێک، کە داوای لێ کردم، بەم پەڕاوەدا بچمەوە و پێشەکی بۆ بنووسم، ئەو دەمە دەستنووسی پەڕاوەکەم خوێندەوە و لێکدانەوەم لە سەری ئەوە بوو، کە لێکۆڵینەوەیەکی زۆر پوخت و زانستییە و لە ڕوانگەیەکی ماتریالیستییەوە ڕەوتی سەرهەڵدانی ئیسلام و کارکرد و بیروباوەڕ و ئەحکام و ئایەت و فەرموودەکانی لێکداوەتەوە و بە وردی زەمینە ماددی و کۆمەڵایەتییەکانی دەستنیشان کردووە. لە هەمانکاتدا چەند تێبینی و سەرنجم لا گەڵاڵە بوو، پێم وابوو، ڕەچاوکردنی، کۆمەک بە پوختەتربوونی پەڕاوەکە دەکات. هیوادارم ئەو سەرنج و تێبینییانە، یارمەتی پوختەتربوونی پەڕاوەکەیان لە دوا دەقی چاپکراودا دابێت.

خوێندنەوەی ئەم پەرتووکە، زۆر هاوکاری دەکات بۆ تێگەیشتنی واقیعی لە دین بە گشتی و دینی ئیسلام بە تایبەتی لە هەموو ڕوویەکەوە.

**ڕێبوار ئەحمەد**

حوزەیرانی 1997

## وتەیەک

ئایین دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و وەک بەشێک لە تێڕوانین و بیروباوەڕ و ئایدۆلۆژیای کۆمەڵ، لایەنێکی سەرخانی گشت کۆمەڵگاکانی هەتا ئێستای مێژووی پەرەسەندنی کۆمەڵی پێکهێناوە. هەر لەو ڕۆژگارەوە، کە مرۆڤ هۆشی لەلا پەیدا بووە و بیری کردووەتەوە، بە هۆی لاسەنگی هێزی نێوان خۆی و سروشت و دواکەوتوویی و نەزانیی بێئەندازە، کە هاوتای ئەو ڕادەیە بووە لە هۆشمەندی، لە ترس و خۆفی هەمیشەییدا ژیانی گوزەراندووە و بەردەوام ژیان و چارەنووسی لەژێر هەڕەشەدا بووە، کە لە ئەنجامدا لێکدانەوەی خورافی و ئەفساناوی و ناواقیعی و ناکۆک و ناتەبا لەگەڵ یەکدی، بۆ دیاردەکانی سروشت و کۆمەڵ و مرۆڤ کردووە، بە جۆرێک، ئەو لێکدانەوانەی بەو هێزانەوە پەیوەست کردووە، کە بۆ ئەو خارق و لە ڕادەبەدەر بوونە و کردوونی بە خودا و بە خالقی خۆیی و گەردوونیش. هەربۆیە سەری ترس و تەسلیمی بۆیان داخستووە و گشت ڕێگە و ڕێچکەیەکی، بۆ دڵنەواییکردن و ڕازیکردن و ئاسوودەکردن و بەرگرتن بە ڕق و تووڕەیی و غەزەبیان گرتووەتە بەر.

لە ئەنجامی پەرەسەندن و دابەشبوونی کۆمەڵ بۆ چینە ناکۆک و دژبەیەکەکان، ئیدی هەموو دیاردە و گشت چتێک لە کۆمەڵدا، کەوتە بەر کاریگەری ئەو دابەشبوونە و مۆر و شەقڵی چینایەتی و چینەکانی پێوە نرا.

ئەگەر ئایین لە کۆمەڵی بێ چین و چەوسانەوەی کۆمەڵی سەرەتاییدا، ڕۆڵی خراپ و نێگەتیفی لە بەرامبەر ڕوانگە و بۆچوونی واقیعی ئەو سەردەمە، ئیتر بە هەر ئاست و لە هەر ڕادەیەکدا بووبێت بینیبێ، ئەوا لە سەردەمی پەیدابوونی چینەکاندا، هەمان کار و کردەوەی خۆی درێژە پێداوە، وەلێ ئەم جارەیان لە چوارچێوەی بەرگریکردن و پاکانەکردن بۆ دارایی و دەسەڵاتی چینە دارا و دەسەڵاتدارەکان و بەخشینی ئارامی نێگەتیف و



تەحەمولی زیاتر بە چینە ژێردەست و چەوساوەکانی کۆمەڵ، لە ڕێگەی تەفرەدان و بڵاوکردنەوەی خۆشخەیاڵییەوە.

ئیدی لەو دەمەوە تا هەنووکە، تا ئەو دەمەی ئایین وەک مۆتەکە بەسەر مرۆڤەوە دەمێنێتەوە، یانی تا کاتێک، کە چینەکان لە ئارادا بن، بە تێکڕای ڕەوت و ڕێبازەکانییەوە، جگە لەم وەزیفەیە هیچ شتێکی تر لە ئەستۆ ناگرێ.

دنیای ئەمڕۆ دنیای سەرمایەداری و ناکۆکی و ململانێی نێوان کار و سەرمایەیە. لەم دنیا و نەزمەشدا، ئایین بێ وەزیفە نەماوەتەوە، بەڵکوو پێناسەی خۆی ئەکاتەوە و ئارایشت بە خۆی ئەداتەوە. سەرمایەداران بۆ بەردەوامیدان بە تەمەنی پڕ لە چەوسانەوەیان، گشت ڕێگا و ڕێچکەیەک، کە یەکێک لەوانە ئایینە، ئەگرنە بەر.

هەر ئایین و ڕێبازێکی ئایینی بە گوێرەی کۆمەڵێک هۆکار، کاریگەری کەم و زۆری خۆی لە شوێنێک داناوە و ناوچەیەک لە ناوچەکانی دنیا بووەتە ناوەند و مەڵبەندی. ئایینی ئیسلام بە ڕەوت و مەزهەبە جۆراوجۆر و دژبەیەکەکانییەوە، ئایینی فەرمی و بە نفوزی ناوچەکەی ئێمەیە. ئەم ئایینە لە ناوەڕۆکدا هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ سەرجەم ئایینەکانی تری کۆن و نوێی هەر گۆشەیەکی تری ئەم سەرزەمینەدا نییە، هەر لە ئایینی سەرەتایی ئاژەڵپەرستییەوە بگرە هەتا دەگاتە ئایینی مانگ و ڕۆژ و بت و سەنەمپەرستی، زەردەشتی، جوولەکە و مەسیحی. ئەمانە تێکڕا زنجیرەیەک لە خورافە و خوداپەرستی خودای جیاوازیان پێکهێناوە، کە ئایینی ئیسلامیش ئەڵقەیەکی ئەو زنجیرەیەیە.

سەرمایەداران بۆ شاردنەوەی دابەشبوونی واقیعی و بابەتی کۆمەڵ بۆ چینەکان و ناکۆکی نێوانیان، هەموو شێوەیەکی دابەشکردن و ناکۆکیخستنەوە ئەگرنەبەر و هەموو شێوەکانی دابەشبوون زەق و زل ئەکەنەوە، بۆ کاڵکردنەوەی تەنها یەکێکیان، کە ئەویش دابەشبوونی کۆمەڵە بۆ چینە دژ بەیەکەکان.

ئەگەر ئایین بە شێوەیەکی گشتی یەکێکە لەو هۆیانەی، کە بۆرژوازی بۆ ئەم ئامانجە دەستی پێوە ئەگرێت، ئەوا ئایینی ئیسلام لە ناوچەی وڵاتانی عەرەبی و هێندێک وڵاتی دیکەی دەوروپشت، ئەم وەزیفە جیهانییە بە هاوشانی ئایینی ناوچەکانی دیکەی دنیا بە ڕێوە ئەبات.

هەربۆیە بۆ لابردنی کۆسپ و ئاستەنگەکانی بەردەم بزووتنەوەی ڕوو لە پێشی کۆمەڵ، کە بەند و بەستراوی بزووتنەوەی چینێکی فراوانی کۆمەڵایەتی شۆڕشگێڕی تا سەر واتە، چینی کرێکارە، ئەو ئەرکەمان پێ ئەبڕێ، کە ڕووبەڕووی ئایینی ئیسلام، وەکوو یەکێک لە مەیدانەکانی تێکۆشان ببینەوە، تاوەکوو بە پێچەوانەی کارکردی سەرمایەداران، گشت ئەو دابەشبوونانە سارێژ بکەین، بۆ هەڵماڵینی ڕووی ڕاستەقینەی ناکۆکی چینایەتی و ئاراستەکردنی بە ئاقاری دنیایەکی ئازاد و بەرابەری بێ چین و چەوسانەوە.

لێکۆڵینەوە و ڕەخنەگرتن لە ئیسلام لە لایەن ڕەوتی کۆمۆنیستی و هەر کەس و لایەنێکی ئازادیخواز و عەلمانی، لەم هەلومەرجە دیاریکراوەدا، کە ڕەوتی کۆنەپەرستی تیایدا برەوی پەیدا کردووە و بزووتنەوە ئیسلامییەکانیش لەو زەمینە و لەو دۆخەدا هەلی گەشە و هەڵدانیان پەیداکردووەتەوە، ئەم ئەرکەی ئەوەندەی تر گرنگ و جیدی کردووەتەوە.

لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی ئێمە لە ئیسلام، ڕەخنەی خورافی ئایینێک لە ئایینێکی تر، یان ڕەخنەی شل و شێواوی بزووتنەوە ناسیۆنالیستییەکانی ناکۆک لەگەڵ ناسیۆنالیزمی عەرەب، یان ڕەخنەی ناواقیعی ناسیۆنالیزمی عەرەب لە بزووتنەوە ئیسلامییەکان بۆ لە چوارچێوەدانانی ئایین، وەکوو پرسێکی تایبەتی نێوان تاک تاکی مرۆڤەکان و خوداکانیان و دوور لە دەسەڵات و ئامانجی سیاسییان نییە. ڕەخنەی ئێمە ڕەخنەی قوڵ و ڕیشەیی و ڕاستەوخۆ و ئاشکرای بێ پێچ و پەنا و هەمەلایەنە، لە سەرتاپای ئەم ئایینە، لە دید و بۆچوونی چینی کرێکار و لە بەرژەوەندی ئەم چینە و گشت



ڕەوت و هێزێکی لایەنگری ئازادی و عەلمانییە و لەسەر بنەمای سەرەتاکانی ماتریالیزمی مێژووییەوە سەرچاوەی گرتووە.

ئێمە بۆ لێکۆڵینەوە و ڕەخنەگرتن لە ئیسلام بە تەنها قورئان و کار و کردەوە و هەڵوێست و مامەڵەی محەمەد و سەردەمەکەیمان کردووەتە سەرچاوە و مەرجەع، تاوەکوو هیچ ڕەوت و ڕێبازێکی نێو ئەم ئایینە بەهۆی لە ئارادابوونی ڕێبازی زۆر و ناکۆکەوە، ئەم یان ئەو سەرچاوە و سەردەم، کە لەگەڵ ڕێبازی خۆیدا نایەتەوە بێبایەخ نەکات، هەر لێرەوە ڕەخنەی ئێمە لە سەرچاوەیەک دەبێت، کە کۆبەند و شوێنی یەکانگیری گشت ئەو ڕەوت و ڕێبازانەیە، ئەمەش یانی، ڕەخنەگرتن لە تەواوی ئەو ئایینە، نەک ڕەخنەگرتن لە ڕوانگەی ڕەوتێکەوە، لە دژی ڕەوتێکی تری هەمان ئایین. ئیدی بەو کارەمان، ئەو پرتە و بۆڵەیەش بنەبڕ ئەکەین، کە پیاوانی ئایینی و داکۆکیکارانی ئیسلام هەمیشە بۆ بەرگری لە ئایینەکەیان ئەیگرنە بەر، کە گوایە ڕەخنەگرانی ئیسلام پشت بە حەدیسی لاواز و هەڵبەستراو، یان بە قسەی دەماودەم و قسەی پڕوپیرێژن ئەبەستن، تاوەکوو لێرەوە، سەبارەت بەو کارەی کە کردوویەتی، لە خۆشەکردن و پەرەپێدانی خورافە، خەو و خەیاڵ و کردنی بە تێگەییشتنی گشتی خەڵک، پاکانە بۆ ئایینەکەیان بکەن.

هەروەها بۆئەوەی ئەو قسە بێبناغانەی، کە کردوویانە بە تێگەییشتنی گشتی خەڵک، کە گوایە پەڕاوی قورئان لەگەڵ هەر پەڕاوێکی دیکەی ئایینی جیاوازە و هیچ کەموکورتی و هەڵە و ناکۆکی و نادروستییەکی تێدا بەدی ناکرێت و هەتا هەنوکەش لەگەڵ زانیاری و زانستدا جووت دێتەوە و هەر بەو شێوەیەش دەمێنێتەوە، گوایە قورئان فەرموودەی خوداکەیانە و ناکرێ خوداکەیان، کە زانیاری ڕەها و بێسنووری هەیە، هەڵە و خەوشی هەبێت، هەڵبوەشێننەوە.

بێگومان ئایینی ئیسلام، وەک ڕوانگە و ئایدۆلۆژیایەک وەڵامی تەواوی ئەو پرسانەی سەردەمی خۆی، کە بۆ مرۆڤی ئەو دەمە جێگەی سەرنج و

پرسیار بووە، داوەتەوە، هەربۆیە ئیسلام وەک هەر ئایین و ئایدیۆلۆژیایەکی تر، فراوان و فرەمەیدانە، ناکرێت و کاری ئێمەش نییە، کە لەم باسەدا تێکڕای ئەو مەیدانانە بدەینە بەر ڕەخنە و بەر باس و لێکۆڵینەوە، بەڵکوو ئەوەی ئێمە لە باسەکەماندا کردوومانە، بریتییە لە، لێکۆڵینەوە و ڕەخنەگرتن لە جەوهەر و ناوەڕۆک و ڕوانگە و دیدگا و مەسەلە بنچینەیی و تەوەرەییەکانی ئەم ئایین و بزووتنەوەیە، کە لە دووتوێی خۆیدا میتۆد و چوارچێوەیەکی گشتی بۆ لێکۆڵینەوە و ڕەخنەگرتن لە هەر لایەنێکی تری ئەم بزووتنەوەیە داوەتە دەست.

ئەوەی پێویستە هەر لەم سەرەتایەدا بە خوێنەری ڕابگەیەنین ئەوەیە، کە ئایینی ئیسلام بۆ سەردەمی خۆیشی بزووتنەوەیەک نەبووە لە خۆیدا، بەڵکوو لە ڕاستیدا شێوە و بەرگی بزووتنەوەیەکی دیکە واتە، بزووتنەوەی تەوحیدی خێڵەکان و شەڕی دەسەڵاتی توێژەکانی ئەریستۆکراتییەتی ئەو سەردەمەی پێکهێناوە، کە بێگومان ئەو ناوەڕۆکە بە ئەنجام گەییشت و بەسەر چوو، بەڵام هەرچی ئەو بەرگەیە، یانی ئیسلام وەک ئاییینێک هەتا ئێستاش ماوەتەوە، دیارە بەو ئاڵوگۆڕەی، کە بە ناچار و لە ئەنجامی پەرەسەندنی کۆمەڵ و گوشاری ڕەوتی پێشرەوتی کۆمەڵەوە بەسەریدا هاتووە. لەم ڕۆژگارەدا ئایین بەرگی بزووتنەوەیەکی جیاواز لە بزووتنەوەی سەردەمی پەیدابوونی لەبەرە، ئەویش بزووتنەوەی سەرمایەیە، کە بەرگی هەمان چینە دارا و دەسەڵاتدارەکانە لە دژی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵ.

ئیتر هیوادارم ئەم باسە بگاتە دەستی زۆرترین کەس لە هاوچینەکانم و جێگەی خۆی لە کۆڕ و کۆمەڵەکانیاندا بکاتەوە.

**ئارام ڕەشید**

30. 08. 1996

## بەشی یەکەم

## بنچینەی سەرهەڵدانی بیروباوەڕی ئایینی لە کۆنەوە

1_ هەلومەرجی ئابووری لە کۆمەڵە سەرەتاییەکاندا
2_ مرۆڤی کۆن و دیاردەکانی سروشت و کۆمەڵ
3_ پەیدابوونی خوداکان و شێوەکانی پەرستن

## 1_ هەلومەرجی ئابووری لە کۆمەڵە سەرەتاییەکاندا:

میژووی پەیدابوونی مرۆڤ و کۆمەڵی مرۆڤایەتی زۆر کۆنە. تا هەنووکە گەلێک میژوو لە لایەن زانایانەوە دەستنیشان کراوە، وەلێ هیچ یەکێک لەو میژووانە بە جێگیری نەماونەتەوە، چونکە ئەو میژووە لەگەڵ دۆزینەوەی هەر شوێنەوارێکدا هەزاران ساڵ ئەچێتە دواوە. بۆ نموونە، لە ساڵی 1959دا ل. لیکی کەللەسەرێک و چەند ئامرازێکی بەردینی دۆزییەوە، کە بە جارێک 60000 ساڵ تەمەنی پەیدابوونی مرۆڤی درێژ کردەوە و بە 2000000 ساڵ لەمەوپێشی گەیاند. لە هەمان ساڵی 1959دا، تیپێکی زانایانی ئارکیۆلۆژی بەلژیکی و فەرەنسی و ئەمەریکی لە خوارووی ئینیۆپیادا چەند شوێنەوارێکی نوێیان دۆزییەوە، کە کاتی پەیدابوونی مرۆڤیان لەمەش دوورتر خستەوە و گەیاندییە 4000000 ساڵ لەمەوپێش(1). خۆ ئەگەر میژوویەکیش بە جێگیری بمێنێتەوە، ئەوا دیسانەوە دیاریکردنی میژووی پەیدابوونی مرۆڤ بە وردی، لە ڕووی زانستییەوە نادروستە، چونکە پەیدابوونی مرۆڤ و کۆمەڵی مرۆڤایەتی، خۆی بۆ خۆی بە پرۆسەیەکدا تێپەڕیوە.
لەو ڕۆژگارەوە، کە کۆمەڵی مرۆڤایەتی بە هۆی پرۆسەی کارەوە(2)، پلە بە پلە لە کۆمەڵی ئاژەڵی جیابووەوە، کۆمەڵگا سەرەتاییەکانی مرۆڤایەتی پەیدابوونە. کۆمەڵگای مرۆڤایەتیش بە پلە و قۆناغی جۆراوجۆردا تێپەڕیوە، هەتا بە کۆمەڵی مرۆڤایەتی هاوچەرخ گەییشتووە.
مۆرگان کۆمەڵی سەرەتایی، پێبەپێی پێشکەوتنی لە بواری بەرهەم و هۆیەکانی ژیاندا بەشبەش ئەکات، چونکە شارەزایی لە بەرهەمهێنان ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی لە ڕادەی سەرکەوتنی مرۆڤ بەسەر سروشتدا هەیە. لە نێو گشت زیندەوەراندا، ئەوە تەنها مرۆڤە، کە توانیویەتی سەرکەوتنی بێسنوور بەسەر بەرهەمهێنانی مەوادی خۆراکیدا بەدەست بهێنێ و هەموو سەردەمە



گەورەکانی پەرەئەستاندنی مرۆڤایەتیش لەگەڵ ئەم ڕادەیە، یان ئەو ڕادەیە، لە فراوانی سەرچاوەکانی ژیان جوت دێتەوە(3).
لە کۆمەڵی سەرەتاییدا، ناکۆکی گەورە و سەرەکی، ناکۆکی نێوان مرۆڤ و سروشت بووە، ئەم ناکۆکییە هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی کۆمەڵی مرۆڤایەتییەوە پەیدابووە و هەمیشە دەستەویەخەی یەک بوونە، ئەو ناکۆکییە هەتا ئێستاش هەر بەردەوامە و درێژەی هەیە، بەڵام پێبەپێی پێشکەوتنی مرۆڤ، ئەو ناکۆکییەش شێوەی جۆراوجۆری بە خۆیەوە گرتووە. هەتا هاتووە مرۆڤ سەنگەر بە سەنگەر بەسەر سروشتدا زاڵ بووە و سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەست هێناوە.
ئەگەر هەورەتریشقە مرۆڤی کۆمەڵی کۆنی هێناوەتە لەرزە و سەری تەسلیم و تەعزیمی پێ دانەواندووە و ناچاری کردووە، بە خودای خۆی بناسێ، ئەوا پاش ئەوەی مرۆڤ هۆکاری هەورەتریشقەی لێکدایەوە، ئامرازی بەرگری لە مەترسی هەورە تریشقەی دۆزییەوە، ئیدی هیچ پێویستییەک بۆ ڕازیکردنی دڵی هەورەتریشقە نەمایەوە.
کۆمەڵی سەرەتایی هەروەکوو بە ناوەکەیدا دیارە، زۆر سەرەتایی بووە. مرۆڤ هەر لە جەنگەڵە ئیستیوائییەکاندا ژیانی بەسەربردووە و هێشتا سنووربەندی جێگەژیانی خۆی لەگەڵ ئاژەڵدا نەکردووە. زۆر جاریش بۆ خۆپاڕاستن لە ئاژەڵی دڕندە، ژیانی لەسەر دار و درەخت بەسەر بردووە. خۆراکی مرۆڤ لەو ڕۆژگارەدا بریتی بووە لە، گیاوگۆڵ و گەڵا و بەرهەمی ئەو دارانەی، کە لە دەوروپشتیدا هەبوونە. مرۆڤ بۆ ئەم کارە جگە لە دان و نینۆک، سەرەتاییترین هۆی بەکار هێناوە، ئەویش بریتییە، لە دار و بەردی چاکنەکراو. لەو هەلومەرجە سەرەتایی و سەختەدا، مرۆڤ پێویستی بە ژیانی بەکۆمەڵ هەبووە، چونکە پەرەدان بە چەک، هۆیەکانی بەرهەمهێنان، دەستگیرکردنی خۆراکی ژیان، خۆپاراستن لە ئاژەڵی دڕندە و بەربەرەکانیکردنی سروشت، بە ژیانی پەرتەوازەیی و لێکبڵاوی مرۆڤ مەیسەر نابێت. هەربۆیە لەو سەردەمەدا مرۆڤ بە  شێوەی هۆز و تیرە

پێکەوە ژیاوون. ئەنگڵس ئەڵێت: لە نێو هۆزی هایدای سەربە دوورگەکانی "شارلوت"شادا، ژیانی بە کۆمەڵی 700 کەسیی بەرچاو ئەکەوێت. هۆزی فۆڵگا هەر هەموو پێکەوە ژیان بەسەر ئەبەن(4). هەر وەکوو ئەنگڵس ئەڵێت، بەو ئەندازەیەی کار و بەرهەمەکانی لە نزمترین ئاستی پەرەسەندن و دواتریش سامانی کۆمەڵ لە تەسکترین سنووریدا بێت، بەو ئەندازەیەش پاشکۆیەتی سیستەمی کۆمەڵایەتی بۆ پەیوەندی هۆزایەتی بەهێزتر دەرئەکەوێت(5).

مرۆڤ وردەووردە هەنگاوی نا، فێری بەکارهێنانی ئاگر و خواردنی گۆشتی ماسی بوو. دیارە ئەم دوو چشتەش بەیەکەوە گرێدراوون، چونکە خواردنی گۆشتی ماسی بە بێ ئاگر بە کەڵک نایات. مرۆڤ بە هۆی ئەم خۆراکە تازەیەوە، لەو کەش و جێگایە بووەوە، کە پێشتر پێوەی بەسترابوو، لەگەڵ ڕێڕەوی ڕووبارەکاندا ڕۆیشت، لە پێدەشت و ڕۆخەکاندا بڵاوەی کرد، بە جۆرێک، کە هەر لە سەردەمی قۆناغی دڕندەییدا گەییشتە زۆربەی جێگاکانی سەر ڕووی زەوی(6).

مرۆڤ تیروکەوانی دۆزییەوە، بەم هۆیەوە هەنگاوێکی دیکە بەرەو پێش چوو، چونکە لەوە بەدوا، توانای دەسگیرکردنی نێچیری زیاتر و ئاسانتر بوو، کە ئەیتوانی دووربەدووریش بیپێکێ، هەروەها مرۆڤ فێری دروستکردنی قاپوقاچاخی گڵین و ڕاگیرکردن و بەخێوکردنی ئاژەڵ و کێڵانی زەوی بوو. ئەم دابەشبوونە نوێیە، بە یەکەمین دابەشبوونی گەورەی کاری کۆمەڵایەتی دێتە ژماردن، بەم هۆیەوە مرۆڤ توانی، تا ڕادەیەک بە شێوەیەکی بەردەوام، خواردنی گۆشت مسۆگەر بکات. ئەمەش کاریگەری زۆری بەسەر گەشەی مێشک و هۆش و بیری مرۆڤەوە هەبووە.

مرۆڤ بەهۆی ئەوەی فێری توانەوەی ئاسن بوو، توانی شیر و هەوجاڕی ئاسن دروست بکات، ئەمەش ئەبێتە هۆی سەرکەوتنی زیاتری مرۆڤ بەسەر ئاژەڵی دڕندەی دەوروپشتی و بەرینبوونەوەی زەوییە



کشتوکاڵییەکان و سەرئەنجام، زۆربوون و زیادبوونی خۆراکی ژیان و مسۆگەربوونی زێتری زیندەگی مرۆڤ و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ژیان.

لە کۆمەڵی سەرەتاییدا بەری کاری مرۆڤ هێندە نەبووە، تا بکارێت بە دڵنیایی و بە شێوەیەکی بەردەوام پێی بژێت. هەربۆیە زێدەبەرهەمیش نەبووە، کە زەمینەی چەوسانەوەی بەشێکی کۆمەڵ لە لایەن بەشەکەی تری دەڕەخسێنێ، لەو ڕۆژگارەدا خاوەندارێتی گشتی بۆ هۆیەکانی بەرهەمهێنان لە ئارادا بووە. کارکردن بە هاوکاری یەکتر و بە شێوەی هەرەوەزی بووە. داهاتی کاریش لە نێچیر و بەروبووم، بە یەکسانی لە نێوان مرۆڤەکاندا دابەشکراوە.

بەو شێوەیە مرۆڤ هەتا هاتووە پەرەی بە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان داوە و سامانی کۆمەڵیش زیادی کردووە. هەتا هاتووە ژیان و پێویستییەکانی مسۆگەرتر بووە، بەو پێیەش شێوازی بەرهەمهێنان یەک لە دوای یەک و پێبەپێی پەرەسەندنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، بۆ پێشەوە چووە و ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە.

مرۆڤ لەو ڕۆژگارەدا، لەو بار و دۆخەی نزمی ئاستی بەرهەمهێنان و لاسەنگی هێزی مرۆڤ لە بەرامبەر هێزی سروشت و دیاردەکانی و دواکەوتوویی لێکدانەوەی مرۆڤدا، کە لەگەڵ ئەو ڕادەیە لە پەرەسەندنی بەرهەم و هۆیەکانی بەرهەمهێناندا هاوئاهەنگ بووە، لێکدانەوەی سەیر و جۆراوجۆری بۆ ئەو دیاردانە کردووە و لە هزری خۆیدا خوداکانی ئافراندووە، کە ئەمە بۆخۆی دیسانەوە نیشانەی لاسەنگی تەرازووی هێزی نێوان مرۆڤ و سروشتە.

پاش ئەم وێنا گشتی و خێرایە لە بارەی کۆمەڵی سەرەتاییەوە، با بە وردی ئەو بابەتە ڕاڤە بکەین، بزانین چۆن و بە چ شێوەیەک بیروباوەڕی خورافی و ئایینی لەو زەمینەیەدا چەکەرەی کردوو پەرەی سەند.

## 2_ مرۆڤی کۆن و دیاردەکانی سروشت و کۆمەڵ

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ هەر لە کۆنەوە هەتا ئەمڕۆ، سەرنجدان، ڕامان، لێکدانەوەی دیاردەکانی دەوروپشتی بووە. مرۆڤ لە کۆمەڵە سەرەتاییەکاندا لە نزمترین ئاستی بەرهەمهێناندا بووە و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لە سادەترین شێوەی خۆیاندا بوونە. خواردنی مرۆڤ بەرهەمی سروشتیی دار و جەنگەڵەکان بووە. مێشکی مرۆڤیش لە خاوترین و نزمترین ڕادەی پەرەسەندنی خۆیدا بووە.
مرۆڤ هەر لە کۆمەڵی سەرەتاییەوە بە ناچار و وەک پێویستییەک، بۆ درێژەدان بە ژیان و بەربەرەکانیکردن لەپێناو مانەوەی خۆیدا، هەمیشە بیر و هۆشی بە لێکدانەوەی دیاردە سروشتی، فەلەکی، بایۆلۆژییەکان و وەڵامدانەوەی هەر چتێک، کە بۆی بووە بە پرسیار، ئاڵۆز بووە. بۆچوون و لێکدانەوەکانی مرۆڤ لەو بار و دۆخەدا، شێوەی جۆراوجۆری بە خۆ گرتووە، وەلێ خاڵی هاوبەشیان بە شێوەیەکی گشتی، سادەیی و پاشکەوتوویی و دووربوونیان لە واقیعەت بووە، بە جۆرێک، کە جووت بێتەوە لەگەڵ ئاستی کار و زیندەگی ئەو سەردەمەدا.
گەشە و پەرەسەندنی کۆمەڵی مرۆڤایەتی بە وێنەی کۆرپەیەکە و بە قۆناغی هەمەجۆری پەرەسەندندا تێئەپەڕێت، ئەڕوانێتە دەوروپشتی خۆی، پرسیاری بۆ دروست ئەبێت، زانیاری و ئەزموونی پێبەپێی پەرەسەندن زیاد ئەکات و بەرەو ژوور هەڵدەکشێت. کاتێک، کە مرۆڤ بەرسڤی پرسیارەکانی خۆی وەرگرتەوە، ئیدی ئەو وەڵامە بە هەر جۆرێک بێت، ئارامییەک بە لەشیدا دێت و ترس و خۆفێک، کە پێشتر هەی بوو، کەم دەبێت، یان دەڕەوێتەوە.
ئەفسانە و شیعر و چیرۆک بە شێوەی دەماودەم یان نووسراو، پەڕاوی ئایینی، پاشماوە و شوێنەواری کۆنی گەلان، کە لە لایەن زانایانەوە دۆزراو و لێکدراونەتەوە، چوارچێوەی فیکری و ڕادەی هۆشی مرۆڤی کۆنمان نیشان ئەدات.



مرۆڤی کۆن، بە هۆی نزمی ئاستی هوشیاری و زانیاری خۆیەوە، نەیتوانیوە سەرچاوەی دیاردەکانی دەوروبەری بزانێت و لە ترسی هەمیشەییدا ژیانی تەی کردووە. هەروەکوو لوکریشس دەڵێت: ترس، یەکەمین دایکی خوداکانە.
کاتێک مرۆڤ دیاردەی مردنی بینیوە، بەلایەوە سەیر بووە، زۆری لێ ترساوە و لێکدانەوەی هەمەجۆری بۆ کردووە. لە ئەفسانەی دانیشتوانی ڕەسەنی بەریتانیای نوێوە هاتووە، کە مردن لە ئەنجامی هەڵەی خوداکانەوە بووە. خودای چاکە (کامبینانا) بە برا نەزانەکەی (کورڤوڤا) دەڵێت: بچۆ خوارەوە بۆلای خەڵکی و پێیان بڵێ، بۆئەوەی لە مردن قوتاریان بێت، با پێستی خۆیان بگروون، هەروەها ماریش ئاگادار بکەرەوە، کە لەمڕۆوە ئیدی، مردنی کارێکی حەتمییە، بەڵام کورڤوڤا ئەم پەیامەی تێکەڵ کرد و بە پێچەوانەوە ڕایگەیاند یانی، پەیامی نەمری بۆ مار و مردن بۆ مرۆڤ. بەو شێوەیە زۆربەی هۆزەکان دیاردەی مردن بە هاتنەوەیەکی پێست ئەبەستنەوە و لەو باوەڕەشدان، کە ئەگەر مرۆڤ بتوانێت پێستی خۆی بگۆڕێت، نامرێت و دەمێنێتەوە(7).
خەڵکی عێراق لە دێرزەماندا، پێیان وابووە، کە مردن دیاردەیەکی حەتمییە و جگە لە خوداکان هیچ کەسێکی دی ناکارێت لێی قوتار بێت. ئەوەتا پاڵەوانی داستانی گەلگامش، کە دوولەسەرسێی جەستەی پێکهاتووی خودایی بووە، کەچی سەرەنجام مردن ئەچێژێ و تەنانەت ڕێگایەکیش بۆ نوێکردنەوەی گەنجی و درێژکردنەوەی تەمەنی نابینێتەوە.
خەڵکی عێراقیش لە کۆندا، پێیان وابووە، کە دیاردەی مردن، لە ئەنجامی جیابوونەوەی ڕۆح لە جەستە ڕوو ئەدات، ڕۆحیش بۆ دنیای خوارەوە ئەچێت، کە لەگەڵ خۆیدا کارنامەی خۆی لە چاکە و لە خراپە هەڵگرتووە، بۆیە دەبێت، پەیوەندی لە تەکدا نەپچڕێنی، هەمیشە دوعا و نزای بۆ بکەیت و قوربانی بۆ سەرببڕیت و پێداویستییەکانی درێژەدان بە ژیانی، لەگەڵدا بخەیتە گۆڕەوە و ڕەزامەندی خودای بۆ بەدەستبهێنی، ئەگەرنا ئەو ڕۆحە لە

شێوەی هێزێکی شەڕەنگێز بۆ سەروگوێلاکی دێتەوە. تا هەنووکەش کاریگەری ئەم چەشنە لێکدانەوانە، لە نێو خەڵکیدا هەر ماوە. ئەوەتا زۆر جار باسی هەستانەوەی مردوو لە گۆڕەکەیەوە لە کاتی شەودا دەکرێت.

هێندێک لە هۆز و تیرەکان نامەیان بۆ مردووەکانیان ناردووە، بۆ ئەم مەبەستەش کۆیلەیەکیان هێناوە، هەر پەیامێکیان هەبووبێت، پێیان ڕاگەیاندووە، پاشان سەریان بڕیوە، تاوەکوو بچێتە دنیای مردووەکە و پەیامەکەی پێ بگەیەنێ، ئەگەر هاتوو چشتێکیان لە یاد کردبێت، ئەوا بە هەمان دەستووری پێشوو، کۆیلەیەکی تری بۆ سەر دەبڕن، تاوەکوو ئەوشتەی لەبیرچووە، ئەمجارەیان بە مردووەکەی بگەیەنێت(8).

خەڵکی میسر لە کۆندا، لەو بڕوایەدا بوونە، کە دیاردەی مردن بە هێزێکی تایبەتەوە، کە ناوی "کا"یە، پەیوەستە، ئەم هێزە ماددە نییە، نابینرێ و شێوەی خاوەنەکەی دەنوێنێ، هەر کاتێک ئەم هێزە جەستەی مرۆڤی بەجێهێشت، دیاردەی مردن ڕوودەدات. ئەو خەڵکە پێیان وابووە، دنیای مردوو ئەکەوێتە لای بەشی خوارەوەی زەوی، لە جێگایەکدا، کە خۆر لێی ئاوا دەبێت. ئەو دنیایەش تاریک و نووتەکە و بە ناوی ڕۆژئاواوە ناو نراوە. هەروەها پێیان وابووە دنیایەکی دیکەش بۆ مردووان هەیە، کە تایبەت بووە بە پاشاکان، ئەویش کەوتووەتە لای ژووروو، لە جێگایەکدا، خوداکان تیایدا لەدایک ئەبن، کە دنیایەکی ڕووناکە(9). قەبری تەنگوتار و گۆڕی پڕ لە نووریش هەمان بنەمای خورافی هەیە.

مرۆڤی سەرەتایی هێندێک لە وڵاتان، مردووەکانیان لە کونێکی دیواری ماڵەوە، نەک لە دەرگاوە بردووەتە دەرەوە، پاشان سێ کەڕەت بە دەوری ماڵدا گێڕاویانە، بۆئەوەی سەری لێ تێکبچێ و ڕێگا نەباتەوە جێ، ئەگەرنا بە ئاسانی، بە وێنەی هێزێکی شەڕەنگێز بۆ ماڵ و بۆلای زیندووەکان دەگەڕێتەوە(10).

تا هەنووکەش، خەڵکی عێراق و ناوچەکە، دوعا و نزا بۆ مردووەکانیان ئەکەن و لە لای خوداوەند بۆیان دەپاڕێنەوە، بۆئەوەی خودا لێیان ڕازی



بێت و ئەشکەنجەیان نەکات. هەر دەمێکیش مردووەکەیان لە خەودا بینی، دەتوانن لەو ڕێگەیەوە هەواڵ و دەنگوباسی بزانن. هێندێک جاریش قوربانی بۆ سەرئەبڕن، چونکە پێیان وایە، ئەوە داخوازی مردووەکەیانە.

پەیڕەوانی ئایینی زەردەشت، ئەهریمەن بە خودای دنیای خوارەوە و دروستکەری مار و مێرووی زیانبەخشی وەک: کوللە، مێروولە، زستانی ساردوسڕ و هەرچی خراپە و گوناهە لە جۆری هاوڕەگەزبازی و حەیز ... دەزانن. لەبەرئەوەی مێروولە دانەوێڵەی جووتیار ئەخوات و زیانبەخشە، ئەرکی سەرشانی هەر زەردەشتییەکە، ئەو مێرووە بکوژێت. ئەمەش پێچەوانەیە لەگەڵ هەڵوێستی پەیڕەوانی ئیسلام، کە مێروولە بە سەربازی خودا دەژمێرن و کوشتنی گوناهە.

پەیڕەوانی ئایینی زەردەشتی لاشەی مردووەکانیان ئەبەنە سەر جێگایەکی بڵند، بۆئەوەی قەل و داڵ بیخوات، پاشان سڕوسوقانەکان کۆدەکەنەوە و دەیخەنە نێو گۆزەڵەیەکەوە و لەژێر خاکدا ئەیشارنەوە، چونکە لە ڕوانگەی ئەوانەوە نابێت یەکسەر، لاشەی مردوو بخرێتە ژێر خاکی پیرۆزەوە و پیسی بکات(11). هێندۆسەکانیش لاشەی مردووەکانیان ناخەنە ژێر خاکەوە، بەڵکوو ئەیان سوتێنن، چونکە بە لای ئەوانیشەوە زەوی پاک و پیرۆزە و نابێت لاشەی مردووی تیا بشاریتەوە.

بەو شێوەیە ئەبینین، کە چۆن دیاردە و هۆی مردن، زیندووبوونەوە، لێپرسینەوە، دنیای دوواتر .... کاریگەری زۆری بەسەر میللەتانی کۆنەوە هەبووە و بیر و ئەندێشەیانی داگیر و ئاڵۆز کردووە. یەکێک لەو هۆیانەی، کە مرۆڤی خستووەتە سەر ئەو ئەندێشانە، دیاردەی خەوبینینە، کە هەتا هەنووکەش لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆ ئەکرێت و مرۆڤی ئەمڕۆی خستووەتە ژێر کاریگەری خۆیەوە، بە تایبەتی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات.

مرۆڤی کۆن، زۆری بە لاوە سەیر بووە، کاتێک دەبینێت، هەمان ئەو کەسەی، کە مردووە و بە دەستی خۆی ناشتوویەتی، دێتە خەوی، وەک زیندوویەک پێکەوە دادەنیشن، دەئاخفن، ئەلێرەوە ئیدی مرۆڤ بیری بۆ

ئەوە چووە، کە ژیان بەو مردنە کۆتایی نایات، بەڵکوو هەر درێژەی هەیە، لێ بە جۆرێکی تر و لە دنیایەکی دیکەدا. جا لەبەرئەوەی مرۆڤ بە دەستی خۆی لاشەی مردووەکەی شاردۆتەوە، هیچ گومانێکی لە ڕاستیبوونی مردن و لە کارکەوتوویی ئەو لەشە نییە، هەربۆیە، ئەلێرەوە ئیدی، بیری بۆ ئەوە چووە، کە دەبێت هێزێکی نادیار و پەنهانی (ڕۆح) لە ئارادا بێت، کە بە مردن و لەکارکەوتنی لاشەی مرۆڤ، لە جوڵە و ژیان ناکەوێت. نادیاریی ئەو هێزە خەیاڵییە وای نەکردووە، کە بیرێک لە شێوە و شکڵی نەکاتەوە، نەیچوێنێ بە شتێکی ماددی دەوروپشتی و بە خەیاڵ وێنەیەکی بۆ نە نەخشێنێ.

مرۆڤی کۆن هەردەم، بیری لەو دوو لایەنە واتە، ژیان و مردن کردووەتەوە، لە بەرامبەریدا، کە وەکوو واقیعەتێک خۆی سەپاندووە، نەیتوانیوە کارێک بکات. مردن هەمیشە تینی بۆ مرۆڤ هێناوە و هەڕەشەی لێ کردووە، لە بەرامبەردا مرۆڤ بێتوانا و بێدەسەڵات بووە. هەربۆیە تاقە چارەسەر بە لای مرۆڤەوە، سوڵحی نێوان دوولای ئەم ناکۆکییەیە. ئەمەش بەوەی، کە لە پێش مردن، ژیانێکی دیکە گەرە هەبێت، هەروەها لە نێوان زیندوو و مردوودا پەیوەندییەک گەرە هەبێت، کە ئەمەش فەلسەفەی نەمری گیان و ناوەڕۆکی ئەو ئەفسانانەی، کە پەیوەندی نێوان زیندوو و مردوو باس ئەکەن پێکدەهێنێ(12).

زەردەشتییەکان بڕوایان بە ڕۆژی زیندووبوونەوە و سزا و پاداشت هەیە. لەو ڕۆژەدا گیانی مردووەکان بە سەر پردێکدا تێئەپەڕێت. ئەو پردە بۆ ئەو کەسانەی، کە چاکەکارن، ئەبێتە ڕێگایەکی فراوان و بە ئاسانی بە سەریدا تێئەپەڕن. لەوبەری پردەکەشەوە ژنێکی زۆر شۆخ پێشوازییان ئەکات و بەرەو لای ئاهورامزدا و بۆ بەهەشت ڕێنوێنییان ئەکات. بەهەشتیش ئەکەوێتە سەر چیایەکی سەرکەش، بەناوی چیای ئەلبورزەوە، کە هەمیشە دنیا تیایدا ڕۆژ و ڕوناکە و سەرما و نەخۆشی تێدا نییە. بەڵان ئەو پردە، لە ژێر پێی کەسانێک، کە لە ژیاندا خراپەکارن، لە تاڵە موویەک باریکتر



ئەبێتەوە و لە ئاکامدا دەکەونە نێو دۆزەخەوە و لە لایەن ژنێکی ناشیرینەوە بەرەو لای ئەهریمەن ڕێنوێنی ئەکرێن(13).

سابیئەکانیش پێیان وایە، جگە لەم دنیایە دنیایەکی دیکەش هەیە، ئەویش، ئالەمی دەنهورە (واتە: دنیای ڕوناک، کە بەهەشتە) و ئاور (واتە: ئاگر). ئەمانە پێیان وایە، کە زیندەوەرێکی گەورە، خراپەکاران هەڵئەلوشێت، بەهەشت شوێنی فریشتەی پاک و ئاگریش شوێنی شەیتانە. هەربۆیە، هەر کەسە دەچێتە لای هاوسنفی خۆی. لە نێوان دنیای ڕوناکی و ئاگریشدا شوێنێکی دیکە هەیە، پێی ئەڵێن، ئەلمەتراسی، واتە، شوێنی پاککردنەوە. ئەم شوێنە بۆ پاککردنەوەی ئەو کەسانەیە، کە بڕێک خراپەیان هەیە و پێویستە پێش ئەوەی ڕەوانەی بەهەشت بکرێن، بەو شوێنەدا تێبپەڕن و هێندێک سزا بدرێن(14).

بیروباوەڕی کۆنی زۆربەی گەلان سەبارەت بە هۆی ئازار و ئەشکەنجە و ناخۆشی، بریتی بووە، لە خراپی و گوناهکاری ئەو کەسە. ئەو ئەشکەنجەیەش بە فەرمانی خوداوەند بەسەریدا هاتووە، ئەویش بۆ پاکردنەوەی ئەو مرۆڤەیە، لە گوناە و خراپەکانی. ئەگەر یەکێک نەخۆش بکەوتایە، بە کاری خودایان لێکئەدایەوە و ئەیان گوت، ئەوە خوداکەی خۆشی گەرەکە، بۆئەوەی هەر لەم دنیایەدا، بەو سزایە، لە گوناە پاکی بکاتەوە و بۆ ڕۆژی هەستانەوە (قیامەت) هەڵنەگیرێ، هەروەکوو چۆن خودا ئەم کارەی لە تەک حەزرەتی ئەیوبدا کرد! چونکە خۆشەویستی خودا بوو و بۆئەوەبوو، لە بەرامبەر باری خۆیدا تاقی بکاتەوە. کاریگەری ئەم بیروباوەڕە هەتا هەنوکەش هەر درێژەی هەیە، هەربۆیە، کاتێک خەڵکی دەچێتە لای نەخۆش و زیندانی و ... پێیان دەڵێن: کەفارەتی گوناهت بێت!

ئەگەر دیاردەی مردن هەر لە سەرەتای کۆمەڵی مرۆڤایەتییەوە سەرنجی مرۆڤی بۆخۆی بەکێش کردووە، ئەوا دیاردەی نەخۆشیش، کە هەردەم دووچاری مرۆڤ بووە و توانا و هێزی کەم کردووەتەوە، پەکی خستووە و چوارپەلی شکاندووە، لە بەرامبەر سەختی ژیان و سروشتدا زەلیل و

بێدەسەڵات نیشانی داوە، دیسانەوە جێگای سەرنج و تێڕامان و بیرکردنەوەی مرۆ بووە.

مرۆڤی کۆن زۆر بە لایەوە سەیر بووە، کاتێک تەماشا دەکات، هەتا دوێنێ ئەو مرۆڤە بەهێز و بەتوانایەی، کە بەگژ ئاژەڵی دڕندە و بەهێزی دەوروبەریدا ئەچوو، شەڕی ئەم هۆز و ئەو تیرەی ئەکرد، سەنگی گەورە و بارستایی قورسی هەڵئەگرت، کەچی هەنوکە کەنەفتە و توانای ڕێکردنی نەماوە! مرۆڤ لەو ڕۆژگارەدا هۆ و سەرچاوەی زانستی و واقیعی ئەو دیاردەیەی نەزانیوە. هەربۆیە پێی وابووە، هێزێکی نەبینراو و شاراوە دەچێتە لەشی مرۆڤەوە و دووچاری نەخۆشی ئەکات. جا لەبەرئەوەی نەخۆشی دیاردەیەکی ناخۆش و خراپە، گوتوویانە سەرچاوە و هۆی نەخۆشی هێزی خراپە، یان گیانی شەڕەنگێزی وەکوو جنۆکە و شەیتانە. کاتێک مرۆڤ ڕووبەڕووی ئەم دیاردەیە بووەتەوە و هۆکارەکەی بەو چەشنە شرۆڤە کردووە، بیری لە چارەسەرێکیش کردووەتەوە، کە جووت بێتەوە لە تەک ئەو جۆرە تێڕوانینەدا.

بە شێوەیەکی گشتی مرۆڤ بەو نیازەوە هانای بۆ خوداوەندی چاکە بردووە، تاوەکوو لەو هێزە خراپانە بیان پارێزێ و ڕزگاریان بکات. هەروەکوو چۆن هەتا هەنوکەش خەڵکی شوێنە دوواکەوتووەکان دەبێژن: "أعوذ بالله من الشیطان الرجیم" یان، هەوڵی ڕازیکردنی ئەو هێزانە ئەدەن و مەراییان لە بەردەمدا ئەکەن. دوور نییە، پەستی پەیڕەوانی ئایینی یەزیدی لە کاتی جنێودان بە شەیتان، لە هەمان ڕوانگە و بنەماوە سەرچاوەی نەگرتبێت.

لە بیروباوەڕی ئایینی کۆنی عێراقەوە هاتووە، کە مروخ کوڕی ئانکی بووە و هاریکاریی باوکی لە دەرکردنی ئەو گیانە خراپانەی، کە مرۆڤ دووچاری نەخۆشی ئەکەن کردووە(15). بەو شێوەیە ئەبینین، کە چۆن مرۆڤی کۆن چارەسەری نەخۆشی، بە دەرکردنی ئەو هێزانە لە لەشی نەخۆشەکە زانیووە، کە بە بۆچوونی ئەو، چوونی ئەو هێزە بۆ لەشی، بووەتە مایەی



نەخۆشییەکەی. بۆ ئەم مەبەستەش پەنای بۆ خوداوەندی چاکە بردووە و بە نزا و پاڕانەوە و ڕێگای هەمە جۆر لە هەوڵی ڕازیکردنیدا بووە، تاوەکوو خوداش فریای نەخۆشەکەیان بکەوێت، یان جۆرەها جادو و کرداری ئایینی بەڕێخستووە، کە بە لێکدانەوەی خۆی، ڕێگایەکە بۆ ترساندن و دەرپەڕاندنی ئەو گیانە خراپە لە لەشی نەخۆشەکەیاندا، یان هەر پێشوەخت ئەو جۆرە ڕێوشوێنەی ئەگرتە بەر، تاوەکوو ببێتە قەڵغان و سوپەر بۆ خۆپاراستن و دورخستنەوەی ئەو هێزانە لە خۆیان. ئەم تەرزە بیروبۆچوون و کردارانە هەتا هەنوکەش لە هێندێک جێگادا، کاریگەری خۆیان هەر ماوەتەوە، ئەگەرچی لە چاو پێشایدا زۆر کەم بووەتەوە.

ئەوەی شایانی باسە بیروباوەڕی ئایینیی کۆن، بە ئایینەکانی یەهوودی، دیان و ئیسلامیشەوە، هەمان تێڕوانینیان سەبارەت بە دیاردەی نەخۆشی هەیە، بۆ چارەسەر و دەرپەڕاندنی ئەو گیانە خراپانە و ڕزگارکردن و چاکبوونەوەی نەخۆشەکەشیان دیسانەوە، پەنا بۆ جادو، نزا، قورئانخوێندن و بەڕێخستنی هەندێک کرداری ئایینی ئەبەن(16).

هەتا هەنوکەش بەشێک لە خەڵکی، ئەگەر یەکێکیان دوچاری نەخۆشییەکانی دەمار و دەروون و شێتی بێت، هانا بۆ شێخ و مەلا و سەید ئەبەن، تاوەکوو لە لای خودای چاکە شەفاعەتی بۆ بکەن، ئەمەش لەسەر ئەو بنەمایەی، کە ئەمانە کەسانێکی ئاسایی نین، لە لای خودا پلە و پایەیان هەیە، توانای پەیوەندیگرتنیان لەگەڵ خوداوەندا هەیە، یان بۆئەوەی هێندێک کرداری جادووگەرییانەیان بۆ ئەنجام بدات و ئەو هێزانە بە ترساندن لە لەشی نەخۆشەکە دەرپەڕێنن. بۆ نموونە، ئەو شێخ و سەیدانە ئەکەونە وێزەی نەخۆشەکە و دارکارییەکی باشی ئەکەن، بۆئەوەی شەیتان و جنۆکە و هێزی خراپ ناچار بەراکردن بکەن، یان بۆئەوەی نەخۆشەکە بخەنە ژێر گوشارەوە، تاوەکوو ناوی ئەو هێزانە بدرکێنێ، پاشان ئەمانیش ناوەکان لەسەر پارچە کاغەزێک ئەنووسنەوە و دەیسوتێنن، بەم کردارە ئەو هێزە لەشی نەخۆشەکە بەجێ دەهێڵێ و چاک دەبێتەوە.

هەتا هەنوکەش بەشێک لە خەڵکی، کاتێک منداڵێکیان لەدایک دەبێت، جۆرە کردار و کەشێک ساز دەکەن، لە بابەت ئەوەی، بۆ چەند ڕۆژێک قورئان، سوژن و دەرزی ... ئەخەنە ژێر سەری منداڵەکە و بۆ ماوەیەکیش ئەبێت ڕوناکی ئەو ژوورە نەکوژێتەوە و بەردەوام کەسێکیش بەدیار منداڵەکەوە بێت، تاوەکوو منداڵەکە لە جنۆکە بپارێزن و جنۆکە نەتوانێت بگاتە سەری، کە ناسک، بێهێز و پاکە و بە سانایی ئەتوانێت زەبری خۆی لێ بوەشێنێ، چونکە گوایە، جنۆکە لە قورئان دەترسێ و حەز بە شوێنی ڕوناک ناکات، هەروەکوو محەمەد لە قورئاندا باسی کردووە ئەڵێت: "ولقد زينا السماء الدنيا بمصابيح وجعلناها رجوما للشياطين"(17)، واتە: بێگومان ئاسمانی دنیامان بە ئەستێرە ڕازاندەوە و بۆ ڕەجمی شەیتانەکان. خۆ ئەگەر ئەم جۆرە کارانە بۆ ئەو منداڵە ساز نەکرێت، ئەوا بە پێی بیروبۆچوونی خۆیان، جنۆکە ئەو منداڵە نەخۆش ئەخات و شەوە دەیباتەوە. دیارە لە ڕۆژگاری کۆن و هەتا چەند دەیەیەک پێش ئێستاش، بەهۆی فەراهەمنەبوونی هیچ جۆرە خزمەتگوزارییەکی تەندروستی و لە ئارادانەبوونی فەرهەنگی تەندروستییەوە، زۆرجار مامانەکان ناوکی منداڵیان بە چەقۆ و مووسی ژەنگاوی ئەبڕی، کە دەبووە هۆی ژەهراویبوونی منداڵەکە و تووشبوونی بە نەخۆشی گزاز، کە خەڵکی ناویان لێ نابوو، شەوە و چەند ڕۆژ دوای ئەوە ئەبووە هۆی مردنی منداڵەکە.

یەکێکی تر لەو مەسەلانەی، کە هەر لە سەرەتای ژیانەوە مرۆڤی خستووەتە سەر ئەندێشە و بیرکردنەوە، دیاردەی دووگیانی و پەیدابوونی منداڵە. ئەم دیاردەیە بە لای مرۆڤی سەرەتاییەوە زۆر سەیر بووە و پرسیاری بۆ دروستکردووە، منداڵ چۆن پەیدا دەبێت؟ بۆچی بە تەنها ژن منداڵی ئەبێت...؟ لەو دەورانەدا خێزانی بەکۆمەڵ لە ئارادا بووە، پەیوەندی سێکسیی نێوان نێر و مێ هیچ سنوورێکی بۆ نەبووە(18)، کە ئەمەش بە نۆبەی خۆی ئەوەندەی دیکە چۆنیەتی پەیدابوونی منداڵ وەک بەرئەنجامی کردەی جنسی لە نێوان هەردووک ڕەگەزی نێر و مێ ئاڵۆزتر دەکات.



ئەمانە گشت ئەندێشەی مرۆڤیان خستووەتە سەر ئەو باوەڕەی، کە هێزێکی نادیار و خراپ ئەبێتە هۆی پەیدابوونی منداڵ، یان بە لێکدانەوەیەکی دیکە، بڕوایان وابووە، کە منداڵدان بۆشاییەکە، جنۆکە تیایدا نیشتەجێ دەبێت و گیانی خراپ دەچێتە نێوی. بەو پێیە پەیدابوونی منداڵ کاری شەیتانە، ژنی دووگیانیش گوناهبار و پیسە، ژانی منداڵبوونیش بەو ئازار و مەترسییەوە، کە هەیەتی، لە سۆنگەی ئەو گوناهەوەیە و دەبێتە هۆی پاکبوونەوەی ژن لەو گوناهە(19).

بەڵام هاوشانی پێشکەوتنی مرۆڤ و هاتنەکایەوەی خێزانی یەکانی (احادی)، ئیدی ئەو جۆرە لێکدانەوانە وردەوردە لە هزری مرۆڤدا سڕایەوە. مرۆڤ لەوەبەدوا درکی بەوە ئەکرد، کە منداڵ لە ئەنجامی پەیوەندی جنسیی نێوان نێر و مێوە پەیدا دەبێت و چاکترین بەڵگەیەکیش، ئەو ژنانە بوونە، کە تا ئەو دەمەی پەیوەندی جنسییان لە تەک پیاواندا نەکردووە، منداڵیان بۆ چێ نەبووە. بەڵان ئەمکەڕەتەیان هۆکاری پەیدابوونی منداڵیان بە تەنها بۆ پیاو ئەگەڕانەوە و هەستیان بە ڕۆڵ و پشکداری ژن نەکردووە. چونکە ئەوەی بۆ ئەوان هەستپێکراو بووە، گواستنەوەی تۆوی پیاوەکە لە کاتی کردەی سێکسیدا، بۆ نێو لەشی ژنەکە بووە. هەربۆیە منداڵدانیان وەک جێگای هەڵگرتن و پاراستنی تۆوی پیاو چاولێکردووە.

تیرە و خێڵە عەرەبەکانی دەورانی سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلامیش هەمان بۆچوونیان هەبووە، هەروەکوو چۆن ئەمە لە قورئانیشدا ڕەنگی داوەتەوە و ئەڵێت: "ثم جعلناه نطفة في قرار مكين"(20). واتە: پاشان کردمانە دڵۆپە ئاوێک، لە ئارامگەیەکی قاییمدا، واتە، مناڵدان. قورئان ئالێرەدا، بە هیچ چەشنێک، ئاماژە بە ڕۆڵی هێلکەی ژن لە دروستبوونی منداڵ ناکات، کە چۆن لەگەڵ تۆودا و بە هاوبەشی یەکدی، دەبنە هۆی پەیدابوونی کۆرپەلە، ئەمە سەرباری ئەوەی، کە ئەو دڵۆپە ئاوە، تۆوەکە نییە، بەڵکوو هۆیەکە بۆ گواستنەوەی تۆوەکە، کە لە نێویدایە.

بەو شێوەیە لێکدانەوەی مرۆڤ سەبارەت بە پەیدابوونی منداڵ گۆڕانی بەسەردا هات و ئیدی مرۆڤ، بە خودی مرۆڤ خۆیەوە، نەک بە جنۆکە و شەیتانەوە، پەیوەستیان دەکردەوە . بەڵام ئەمجارەیان شەیتان ڕۆڵێکی دیکە لەو کارەدا ئەگێڕێ، ئەویش بەو جۆرەی، کە وەک لە ئەفسانەی ئادەم و حەوادا باسی هاتووە. لەم ئەفسانەیەدا هاتووە و ئەڵێت: خوداوەند فەرمانی بە ئادەم و حەوا کرد (ئەو دەمە هێشتا لە بەهەشتدا بوون)، کە نابێت کردەی جووتبوون لە نێوانیاندا ڕووبدات، بەڵام شەیتان حەوا فریو ئەدات و لەگەڵیدا جووت ئەبێت، پاشان شەیتان، حەوا فێر ئەکات، کە هەمان کردەوە لەگەڵ ئادەمدا بکات، تا لە ئەنجامدا ئادەم و حەواش پێکەوە جووت ئەبن. هەربۆیە خودا لە بەرامبەر ئەم بێفەرمانیکردنەدا، هەردووکیان لە بەهەشت دەرئەکات، بەڵان بەهۆی ئەوەی، حەوا تاوانباری گەورە و بنەڕەتییە، کە بووە مایەی لەخشتەبردنی ئادەم، خودا سزایەکی تایبەتی بەسەر حەوادا ئەدات، ئەویش بریتییە، لە ژانی منداڵبوون، ئەمەش نەک تەنها هەر بۆ خۆی، بەڵکوو بۆ گشت نەوەکانی پاش خۆیشی. هەروەکوو لە تەوراتیشدا هاتووە ئەڵێت: "وقال للمرأة تكثيرا اكثر اتعاب حبلك بالوجع تلدين أولاد"(21). ئەوەی شایانی گوتنە، هەتا هەنووکەش پەیوەندی سروشتی نێوان نێر و مێ لە زۆر جێگای دنیادا هەر بە ئاڵۆزی خۆی ماوەتەوە و بە نەنگ و بە گوناه ئەژمێردرێ و دەیان کەند و کۆسپی لە بەردەمدا دانراوە.

هەر لە سەرەتای ژیانەوە، مرۆڤ بیری لە دیاردەی حەیزی ژن کردووەتەوە، بەڵام هۆی ئەم دیاردەیەی لە لا شاراوە بووە، بۆیە بیری لێ کردووەتەوە و خەیاڵی پێوە ئاڵۆز بووە، لێکدانەوەی جۆراوجۆر و بۆچوونی زۆریان بۆ هەبووە، کە لە دووتوێی ئەفسانەی گەلانی دنیادا خۆی نیشان ئەدات.

لە یەکێک لەو ئەفسانانەدا هاتووە ئەڵێت: ڕۆژێک لە ڕۆژان بازرگانێک ئەبێت، ئەم بازرگانە ژنێکی جوانی ئەبێت، کوڕەگەنجێکی قۆزیش هاوسێیان ئەبێت، بازرگانەکە بە هۆی کار و کاسبییەوە کەم ئەکەوێتە ماڵ و هەمیشە



لە سەفەر ئەبێت. ژنە بازرگانەکە سەرنجی هاوسێکەیان بۆ خۆی ڕائەکێشێ. شەوێکیان ژنەکە، لە کاتێکدا، کە مێردەکەی لە ماڵ نابێ، کوڕەی هاوسێیان ئەیهێنێتە ماڵەوە. وا ڕێکئەکەوێت، بازرگانەکە ئەو شەوە ئەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، کوڕەی هاوسێیان لەگەڵ ژنەکەی خۆیدا ئەبینێ، پەلاماری هاوسێکەیان ئەدات و بە چەقۆ ئەیکوژێت. بەڵام چونکە دراوسێکەیان هیچ تاوانێکی نەبووە، بەڵکوو لە لایەن ژنەکەوە فریو دراوە، خوێنی کوڕە دەچێتە ئاسمان و گۆمێکی خوێن پێکئەهێنێ، ئەو گۆمەش بریتییە لەو مانگەی، کە بە ئاسمانەوەیە. ئیدی ئاسمان نەفرەت لە ژنەکە و لە دوابەیەکی هاوڕەگەزەکانی ئەکات، لەوەبەدواش ئەبێ ئیتر گشت مانگێک، بە شێوەیەکی دەوری، ژنان خوێنیان لێ بڕوات، کە پێی ئەڵێن خوێنی حەیز، هەروەکوو ئەزانین خوێنی حەیز هاوکاتە لەگەڵ سێ ڕۆژی کۆتایی مانگدا(22).

بەو شێوەیە بیروباوەڕی مرۆڤی کۆن، حەیزی، بە شتێکی پیس و خراپ لێکداوەتەوە، هەروەکوو چۆن پەیدابوونی منداڵ و دووگیانی و پەیوەندی جنسی نێوان نێر و مێی بە گوناه و پیس و خراپ لێکداوەتەوە، کە تەنانەت لە لای هێندێک لە میللەتان و لە بیروباوەڕی هێندێک لە ئایینەکانی وەکوو، ئایینی جوولەکە، بە هیچ جۆرێک نابێت، لە ژنی حەیزدار نزیک ببیتەوە و دەستت بەر دەستی بکەوێت، یان چێشتی دەستی بخۆیت. هەروەکوو دەزانرێ، حەیزی ژن بە هۆی دووگیانییەوە ئەبڕێت و هەر مانگێکیش هێلکە نەپیتێ ئەوا حەیز بەردەوام ئەبێت. جا دوور نییە، ئەو تێڕوانینە خراپە بۆ دیاردەی حەیز لەوێوە سەرچاوەی نەگرتبێ، کە گوایە ئەو ژنە، بەهۆی ئەو تاوانەوە، کە دایکە حەوای کردوویەتی، هەر بە پیسی خۆی ئەمێنێتەوە و بە هۆی ژانی منداڵبوونەوە، باری خۆی تۆزێک سووک ناکات. بێگومان لە ڕوانگەی پیاوانەوە، ژنانێک، کە منداڵی زۆریان دەبێت، مایەی بە پیتییە و بەو کارە پلە و پایەیان بەرزبووەتەوە، کە دیارە بۆ دنیای کۆن گرنگ و پێویست بووە.

ئەگەر مرۆڤی سەرەتایی بیری لە پەیدابوونی خۆی کردووەتەوە و وەڵامێکی بۆی هەبووە، ئەوا لەم چوارچێوەیەدا خەیاڵی خۆی ڕانەگرتووە، بەڵکوو لەمەش بەولاوەتر چووە و بیری لەوە کردووەتەوە، کە باپیرەگەورە و داپیرەگەورەی، واتە، یەکەم مرۆڤ، چۆن و بە چ شێوەیەک پەیدابوونە و لە چی پێکهاتوون؟

بیرکردنەوە لەم مەسەلەیە و وەڵامدانەوەی هەروا کارێکی سووک و سانا نەبووە. ئەمە مەسەلەیەکە هەتا هەنوکەش بایەخێکی یەکجار فرەی هەیە. خۆ ئەگەر بەشێکی یەکجار زۆری بیروبۆچوون و لێکدانەوەی خورافی و ئەفسانەیی میللەتانی کۆن، لە ئەنجامی پێشڤەچوونی کۆمەڵ و دەسکەوتی زانستی مرۆڤەوە پووچ کراوەتەوە، بەشێکی زۆر لە خەڵکی سادە و ئاسایی ڕزگاریان بووە لێی، ئەوا ئەم مەسەلەیە هەتا ئێستاش نەک هەر زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵ لە سەر هەمان بیروبۆچوون و خورافە و ئەفسانەی کۆن و ئایینەکانن، بەڵکوو هێشتاش بەشێکی زۆر لەو کەسانەی، کە باسی زانیاری و زانست ئەکەن، گیرۆدەی ئەو خورافانەن و ئەو بۆچوونانە بە لایانەوە وەڵامی تەواو و دروستن!

بەپێی ئەفسانە و ئەو پاشماوە کۆنانەی دۆزراونەتەوە دەرئەکەوێت، سۆمەرییەکان بڕوایان وا بووە، کە مرۆڤ لە قوڕ دروستکراوە. هەروەها بەپێی ئەفسانەی بابلییەکانیش هەمدیسان، مرۆڤ لە خوێن و قوڕ دروستکراوە. مرۆڤیش بۆیە دروستکراوە، تاوەکوو ماندوویەتی و باری خوداکان هەڵبگرێ، بۆ ئاسوودەییان تێبکۆشێت و خۆراکیان بۆ ئامادە بکات(23). لە ئەفسانەیەکی تری بابلییەکانەوە هاتووە، کە خودا مەردۆخ لەگەڵ باوکی، واتە، خودا ئییا، مرۆڤیان لە خوێنی یەکێک لە خوداکان دروستکردووە، یان لە گێڕانەوەیەکی تردا ئەڵێت: مرۆڤ لە خوێنی خودا و خۆڵی زەوی دروست کراوە(24). بیروباوەڕی ئایینی سابیئە ئەڵێت: خودا ویستی کفرەقەدمایا واتە، ئادەم دروست بکات، بۆیە ئیبتاهیل کوڕی هیبل زیوا یانی، جوبرائیلی ناردە خوارەوە بۆ سەر زەوی، فەرمانی پێ کرد، کە



ئادەم لە خۆڵ و لەسەر شێوەی خودی خودا دروست بکات، پاشان لە پەراسووی چەپی ئادەمەوە حەوای دروستکرد، ئەوجا گیانی پیرۆزی ناردە خوارەوە و خستییە جەستەی هەردووکیانەوە(25). لە تەوراتیشدا هاتووە ئەڵێت: خودا ئادەمی لە خۆڵی زەوی دروستکرد، پاشان فووی بە لووتیدا کردو ژیانی کردەبەر، دووایی خودا یەکێک لە پەراسووەکانی ئادەمی دەرهێنا و ژنێکی لێ دروستکرد، کە ئەویش حەوا بوو، پاشان شوێنی پەراسووەکەی بە گۆشت پڕکردەوە(26).

بۆچوونێک لە ئایینی ئیسلامیشدا هاتووە، هەمان ئەو بۆچوونەیە، کە لە تەوراتدا هاتووە، وای پێدەچێت، کە ئەمانیش هەر سوودیان لە تەورات وەرگرتبێ، قورئان لە چەندین شوێندا ئاماژە بۆ ئەوە ئەکات و ئەڵێت: خودا ئادەمی لە قوڕ "بدأ خلق الأنسان من طين"(27)، یان لە قوڕی سورەوەکراو "خلق الأنسان من صلصال كالفخار"(28) دروستکردووە، پاشان حەوای لە ئادەمەوە دروستکرد، تاوەکوو هاودەمی بکات "هو الذي خلقكم من نفس واحدة وجعل منها زوجها ليسكن اليها"(29).

بەڵێ! مرۆڤ کاتێک بیری لە دروستبوون و پێکهاتی لەشی خۆی کردووەتەوە، هزری پێوە ئاڵۆز بووە، ساناترین وەڵامێکیش، کە لەگەڵ زەین و هۆشی ئەودا بێتەوە، هەر ئەوەیە، کە هێزێکی دیار، یاخود نادیار و پەنهانی مرۆڤی لە مادەیەک دروستکردووە، کە بینیویەتی و لە دەوروپشتی خۆیدا هەبووە، ئەویش دار، بەرد، ئاسن، گڵ، قوڕ و ئاوە، بەڵام چونکە شێوەی لەشی مرۆڤ لە گڵ و قوڕ نزیکترە، تا ئەگات بە دار و بەرد و ئاسن، بیری زیاتر بۆ گڵ و قوڕ چووە، کە لەشی مرۆڤی لێ پێکهاتبێ. هەروەکوو چۆن مرۆڤ بۆخۆی، لەو قوڕە جۆرەها چتی گڵێن دروست ئەکات. کاتێکیش مرۆ لە دروستکراوە گڵێنەکانی خۆی ورد بووەتەوە و ڕوانیویەتی، کە چۆن بەو سوورکردنەوەیە، دروستکراوەکانی جوانتر، تۆکمەتر و خاوێنتر ئەبێت، بە هەمان شێوەش بیری لە دروستبوونی مرۆڤ کردووەتەوە و خەیاڵی ئەوەی کردووە، کە مرۆڤ پاش ئەوەی، لە قوڕ

دروست کراوە، سوورکراوەتەوە. پاشان بە فەرمانی "کن فیکون"، یان بەوەی خوێنی خودا بە فەرمانی خودی خودا، خراوەتە لەشی پەیکەرە قوڕەکەوە، یان بە هاتنە خوارەوەی گیانی پیرۆز و فووبەلووتداکردن ... هتد، ئەو پەیکەرە قوڕە ئەبێتە یەکەم مرۆڤ واتە، ئادەم. ئەو بروایەی، کە پێیوایە خودا، ڕۆحی لە کونە لووتەوە خستووەتە بەر یەکەم مرۆڤ، هەتا ئێستاش لە قسەی ئاسایی خەڵکیدا ڕەنگ ئەداتەوە، کە ئەڵێت: ڕۆحی گەییشتە کونە لووتی! گوایە هەروەکوو چۆن لە کونە لووتەوە ڕۆح خراوەتە بەر مرۆڤ، لە هەمان جێگاشەوە ڕۆحی لێ ئەکێشرێ.

مرۆڤی کۆن جگە لە بیرکردنەوە لە مەڕ دیاردەکانی خودی مرۆڤ و کۆمەڵ، سەرنجی لە سروشت داوە و لە ئاسمان، زەوی، خۆر، مانگ، ئەستێرە و باوبۆران ... هتد. ورد بووەتەوە. لە لێکدانەوەی ئەم دیاردانەشەوە، گەلێک بۆچوون و ڕوانگەی جۆراوجۆری نزیک و ناکۆک لەگەڵ یەکدی هاتووەتەکایەوە، کە لە بەراووردکردنی چیرۆک و ئەفسانەی گەلاندا بە ڕۆشنی خۆی نیشان ئەدات.

لە ئەفسانەی سۆمەرییەکاندا بەدیاردەکەوێ، کە چۆن سۆمەرییەکان پێیان وابووە، هەموو چشتێک لە ئاوی دەریاوە پەیدا ئەبێ، ئاوی دەریاش ئەزەلی و ئەبەدییە، کە ئەویش دوو جۆری هەیە، یەکێکیان شیرین و ئەوی دیکەیان سوێرە، یەکێکیان نێر و ئەوی دیکەیان مێیە. لە ئاوی دەریاوە گەردوون پەیدابووە، گەردوونیش بریتییە، لە خودای ئاسمان ئان، کە ڕەگەزی نێرە و خودای زەوی کی، کە ڕەگەزی مێیە. لە ئاکامی یەکگرتنی ئاسمان و زەوی، هەوا لەدایک بووە، کە هەردووکیانی لێکجیاکردووەتەوە. پلە و پایەی هەوا بەرزکراوەتەوە و بە ناوی خودا ئنلیلەوە ناسراوە. پاشان هەوا مانگ و مانگ خۆری ئەبێت. پلە و پایەی مانگ و خۆریش بەرزکراونەتەوە و بە خودا ناسراوون. لە دوای جیابوونەوەی ئاسمان و زەوی جۆرەها ژیان لە سەر ڕووی زەوی پەیدابووە: ڕووەک، ئاژەڵ و مرۆڤ. سۆمەرییەکان پێیان وابووە، بە یەکگرتنی ئاو، هەوا و گڵ و بە کۆمەکی خۆر، ژیان و هەموو



شتێکی دیکە پەیدا بووە. لە ئەفسانەی بابلییەکانەوە دەرئەکەوێت، کە بابلییەکان چۆن، پلەی هەردوو جۆرە ئاوەکەیان بەرز کردووەتەوە و بە خودا ناویان بردوون. یەکێکیان بە ناوی ئالسو، کە ڕەگەزی نێرە، ئەوی دی تیامە، کە ڕەگەزی مێیە، هەرچی خوداکانی دیکەیە، لەم دوو خودایەوە پەیدا بوون. بەپێی ئەفسانەکان، لە ئەنجامی ململانێی توندی نێوان مەردۆخ و تیامە، مەردۆخ لەشی تیامە دووپارچە ئەکات، لە پارچەی سەرەوە ئاسمان و لە پارچەی خوارەوە زەوی پەیدا ئەبێت. پاشان ئەستێرە و پلانێتەکانی دروستکرد(30). لە ئەفسانەی میسریی کۆنەوە هاتووە، کە چۆن گەردوون لە ئاوی ئەزەلییەوە پەیدابووە، کە ناوی خودا نونە و سەر بە ڕەگەزی نێرە، ئەم خودایە خودای خۆر (ئاتوم)ی دروستکرد. خوداخۆر ناوی دیکەشی هەبووە وەکوو: ڕەع، حەمرع و حوریس. خۆریش خودای هەوا (شو) و خودای شێ (تەفنون)ی دروستکردووە. لە ئەنجامی جووتبوونی شو و تەفنون، خودای ئاسمان (نون) و زەوی (جیب) لەدایک بووە، لە ئەنجامی جووتبوونی نوون و جیب، ئوزیروس، ئیزیس، سیت و نەفنیس لەدایک بوونە ... هتد.(31).

هەروەها تەوراتیش بە درێژی باسی دروستبوونی گەردون ئەکات، کە ئەمەش بەشێکی ئەفسانەکەیە: "في البدء خلق الله السماوات والأرض، وكانت الأرض خربة وخالية وعلى وجه القمر ظلمة وروح الله يرف على وجه المياه، وقال الله ليكن نور فكان نور... وفصل الله بين النور والظلمة، ودعا الله النور نهاراً والظلمة ليلاً، وكان مساء وكان صباح يوما واحدا ... فعمل الله النورين العظيمين. النور الأكبر لحكم النهار والنور الأصغر لحكم الليل والنجوم ... وكان مساء وكان صباح يوما رابعا ... وخلق الله الأنسان على صورته ... ذكرا وأنثى خلقهم ... وقال لهم أثمروا وأكثروا وأملؤا الأرض ... وكان مساء وكان صباح يوما سادساً ... فأكملت السماوات والأرض وكل جندها فرغ الله في اليوم السابع من عمله الذي عمل. فاستراح في اليوم السابع من جميع عمله الذي عمل. وبارك الله اليوم السابع وقدسه. لأنه فيه

استراح من جميع عمله الذي عمل الله خالقا"(32). بەپێی ئەو لێکدانەوەیە، خودا زەوی و ئاسمانەکان و هەرچی زیندەوەر هەیە، لە ماوەی شەش ڕۆژدا ئافراندووە، هەر لە ڕۆژی یەکەمدا ڕوناکی دروستکردووە و ناوی ناوە، ڕۆژ، بە تاریکیشی گوتووە، شەو. ئەمە لە کاتێکدا، کە هێشتا خۆر و مانگی دروستنەکردووە، کە دواتر لە ڕۆژی چوارەم ئەمانە دروستئەکات، واتە، پەیدابوونی شەو و ڕۆژ پەیوەندی بە خۆرەوە نییە! هەروەها دەڵێت: لە ڕۆژی چوارەمدا دوو ڕوناکی دروستکرد، یەکێکیان گەورە و ئەوی دیکە بچووک، واتە، خۆر و مانگ، واتە ئەم دوو ڕوناکییە سەربەخۆن لە یەکتر و هەریەکەیان بۆ خۆی ڕوناکی خۆی هەیە، نەک ئەوەی، کە ڕوناکی مانگ لە خۆرەوە بێت! لە ڕۆژی شەشەمدا خودا مرۆڤی نێر و مێی لەسەر شێوەی خۆی دروستکرد، واتە شێوەی خودا بە مرۆڤ ئەکات. لە ڕۆژی حەوتەمدا خودا، کە کارەکانی خۆی تەواو کردووە، پشوو ئەدات، هەربۆیە ڕۆژی حەوتەم، ڕۆژێکی پیرۆزە و پێویستە لەو ڕۆژەدا مرۆڤ کار نەکات و پشوو بدات، بە پێچەوانەشەوە گوناهە. هەتا ئێستاش لە هەندێک جێگا ئەم نەریت و تێڕوانینە هەر درێژەی هەیە. بەڵام هەر ئایینێک ڕۆژێک لە هەفتە: یەکشەم، شەمە، هەینی (ئەم ڕۆژە بەلای ئیسلامەوە وەک یەکشەمەی جووەکان و شەمەی دیانەکان وایە، ئەگەرچی ئیسلام ڕۆژی حەوتەم بە ڕۆژی پشووی خودا نازانێت و ئەڵێ: ڕەنج و ماندووبوونێکمان پێ نەگەیی! بڕوانە: سورەتی ق، ئایەتی38) بەو ڕۆژە ئەزانێ.

ئەگەر بڕوانین، دەبینین، کە کاریگەری لێکدانەوەکانی تەورات لە قورئاندا هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی کورت. لە قورئاندا هاتووە ئەڵێت: "إن ربكم الله الذي خلق السماوات والأرض في ستة أيام"(33)، واتە: بەڕاستی پەروەردگارتان ئەو خودایەیە، کە ئاسمانەکان و زەوی لە شەش ڕۆژدا دروستکرد. یان لە شوێنێکی دیکەدا ئەڵێت: "ولقد خلقنا السماوات والأرض ومابينهما في ستة أيام"(34)، واتە: وە بەڕاستی ئێمە ئاسمانەکان و زەوی و هەرچییەک، کە لە نێوانیاندایە، لە ماوەی شەش ڕۆژدا دروستمان کردن.



بەپێی ئەم ئایەتانە بێت، ئایینی ئیسلامیش پێی وابووە، دروستکراوەکانی خودا لە شەش ڕۆژدا تەواو بووە.

مرۆڤی کۆن لەسەر ئاسمان، خۆر، مانگ، ئەستێرە، جوڵە و دیاردەکانی، وێنای جۆراوجۆریان هەبووە. بابلییەکان ئاسمانیان وەک گومەزێک هاتۆتە پێشچاو، پێیان وابووە، ئەو نیوە تۆپە لە سەر ئەو ئاوە ڕاگیراوە، کە دەورووپشتی زەوی داوە، ئەستێرەکان بە چەشنی گڵۆپ بە بنمیچی گومەزەکەوە هەڵواسراوون، دەریایەکی فراوان ئەکەوێتە ژووروی گومەزەکەوە، پاشان خانە (عەرش)ی خودا دێت. ڕۆژ و مانگ و ئەستێرەکانیش خودان، ڕۆژانە لە خانەی خۆیانەوە دەرئەچن و بە ئاسماندا تێئەپەڕن.

بابلییەکان پێیان وابووە، ئەم خودایانە کاروباری مرۆڤ لەسەر زەوی بەڕێوەئەبەن، بۆیە گرنگییان پێیان داوە و هەمیشە ڕوانیویانەتە جووڵەیان، تاوەکوو لە چارەنووس و ژیانی خۆیان حاڵی بن. بەو شێوەیە زانستی فەلەک بە کاری ئەستێرەناسییەوە پەیوەست بووە(35). ئەوەی شایانی باسە، ئەم بڕوایە هەتا هەنوکەش هەر درێژەی هەیە و زۆرێک لە گۆوارەکان چەند پەڕەیەکیان بۆ کەلووەکان تەرخان کردووە، ئەو کەسانەش، کە شوێن ئەم بڕوایە کەوتوون، بە گوێرەی کەلووی خۆیان کاروبار و جوڵە و سەفەری خۆیان ڕێکئەخەن!

لە ئەفسانەی کۆنی میسرییەکانەوە هاتووە دەڵێت: بە ژێر زەویدا تونێلێکی ئاوی تێئەپەڕێت. خۆر لە کاتی ئاوابووندا، بە هۆی بەلەمێکەوە بەو تونێلەدا دەڕوات و دەگاتەوە ڕۆژهەڵات. بێگومان مرۆڤ بە چاوی خۆی ئاوابوونی خۆر و پاشان هەڵاتنی خۆری بینیوە، بۆیە بیری لەوە کردووەتەوە، کە چۆن و بە چ شێوەیەک خۆر، دووبارە لە جێگای ئاوابوونییەوە، دەگەڕێتەوە جێگای هەڵاتنی؟!

مرۆڤی ئەو دەمە پێی وابووە، زەوی پەپکەیەکە بەسەر ئاوەوە. لە ژیانی ڕۆژانەشیدا ئەوە فێربووە، کە بەلەم بە هۆی ئاو و بە ناو ئاودا دێت و دەچێت. هەربۆیە دووبارە گەڕانەوەی خۆریان بەو شێوەیە لێکداوەتەوە.

شێوەڕوانینی کۆنی میللەتی عەرەب لە سەروبەندی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ئیسلامدا، نزیکە لە تێڕوانینی سومەری و بابلی و میسریی کۆن، هەروەکوو لە قورئانیشدا بە ڕۆشنی خۆی دەنوێنێ. لە قورئاندا هاتووە ئەڵێت: "وجعلنا السماء سقفا محفوظا"(36). واتە ئاسمانمان کردووە بە بنمیچێکی پارێزراو. مرۆڤی عەرەب ئەم شێوە تێڕوانینەی بۆ ئاسمان لە ڕوانینی بۆ ژوورەکەی خۆیەوە بەدەستهێناوە. کاتێک مرۆڤ لە شوێنی خۆیەوە سەرنجی ئاسمانی داوە، بە شێوەی گومەزێک، یان ڕەشماڵەکەی هاتۆتە بەرچاوی. بەڵام سەری لەوە سوڕماوە، کە چۆن و بۆچی ئەو گومەزە ناکەوێتە خوارەوە، لە کاتێکدا هیچ کۆڵەگەیەک ڕاگیری نەکردووە، هەروەکوو چۆن خانوو، یان دەوارەکەی بە کۆڵەگە نەبێت، ڕاگیر نابێت. هەربۆیە بیری لەوە کردووەتەوە، کە ئەبێ، یەکێک ئەو گومەزەی دروستکردبێت، لە خۆی جیاواز بێت و هێزێکی لە ڕادەبەدەر و خارقی هەبێت، کە ئەویش خودایە. ئەوەتا لە قورئاندا ئەم تێڕوانینە بە ئاشکرا دەرئەکەوێت: "ویمسک السماء أن تقع على الأرض إلا بإذنه"(37). واتە: خودا ئاسمانی گرتووە، تا نەکەوێتە سەر زەوی، مەگەر فەرمانی نەبێت.

لە ئەفسانەی کۆنی گەلانەوە هاتووە ئەڵێت: لە سەرەتادا زەوی مێ، شووی بە ئاسمانی نێر کرد، ئاسمان بەسەر زەوییەوە بوو و پێوەی نووسابوو، بەو هۆیەوە تاریکی دنیای داگرتبوو. لە ئەنجامی جووتبوونی ئاسمان لەگەڵ زەوی منداڵیان ئەبێت، کە بریتییە لە خۆر، مانگ و ئەستێرەکان. منداڵەکان لەوەدابوون، کە بخنکێن، بۆیە بیریان لە چارەسەرێکی خۆیان کردەوە، تاوەکوو بکارن هەناسە بدەن، منداڵەکان دەستیان بە تیروەشاندن کرد، ئاسمان ناچار بوو، کە لە زەوی جیابێتەوە و بەرزبێتەوە، منداڵەکان لەگەڵ باوکیان چوونە ئاسمان، بۆئەوەی لە بەرامبەر دایکیاندا بن و دایکیان



بتوانێت، بە بەردەوامی لێیان بڕوانێت. ئیدی لەوەبەدوا ڕوناکی باڵەکێشێ بە سەر دنیادا(38). بەو شێوەیە مرۆڤی کۆن، لێکدانەوەکانی لەگەڵ ئاستی پەرەسەندن و شێوەژیانی خۆیدا ڕێکدێتەوە. ئاسمان و زەوی وەک دوو زیندەوەر، وەک دوو هێز، کە توانای ژیان و هەستکردنیان هەیە، لێکداوەتەوە، پێیان وابووە، کە ئەوانە خودان و چاودێری مرۆڤ ئەکەن، وەکوو مرۆڤ نێر و مێیان هەیە و پەیوەندی لە نێوانیاندا ڕوودەدات، لە ئەنجامی جووتبوونیانەوە، بە چەشنی مرۆڤ منداڵیان ئەبێت.

میللەتی عەرەب لە سەردەمی سەرهەڵدانی ئیسلامدا، ئاسمانی بە نێر و زەوی بە مێ زانیوە، هەروەکوو لە زۆر شوێنی قورئانیشدا بەو شێوەیە باسی ئاسمان و زەوی هاتووە: "وإلى الأرض كيف سطحت"(39). هەتا ئێستاش کاریگەری ئەو شێوە ڕوانینە هەر ماوەتەوە، ئەگەرچی زۆر کەمیش بێت. ئەوەتا بەشێک لە پەیڕەوانی ئیسلام پێیان گوناهە، پیاو لە کاتی خەودا، لە سەردەم و ژن لە سەرپشت پاڵبکەوێت.

مرۆڤی کۆن سەرنجی خۆر و مانگ و ئەستێرەی داوە، پرسیاری لە خۆی کردووە، کە بۆچی مانگ و ئەستێرە پێکەوە دەرئەکەوون، کەچی خۆر هەر بە تەنها خۆیەتی و کەسی لەگەڵدا نییە؟! لە یەکێک لە ئەفسانەکاندا هاتووە ئەڵێت: لە سەرەتادا خۆر و مانگ پێکەوە، هەریەکەیان لەگەڵ منداڵەکانی خۆیدا، بە دیار ئەکەوتن. خۆر و مانگ لە منداڵەکانیان بێزار بوون، بۆیە هەردووکیان لە سەر ئەوە ڕێکئەکەوون، کە هەریەکەیان منداڵەکانی خۆی بکاتە تورەکەیەکەوە و فڕێی بداتە دەریاوە. خۆر لە کارەکەیدا پەلەی کرد و منداڵەکانی لەنێوبرد، بەڵام مانگ لە پەیمانەکەی خۆی پاشگەز بووەوە و ناپاکی لە خۆر کرد. کاتێک خۆر بەم کارەی زانی، پێی ناخۆش بوو. بۆیە کەوتە دوژمنایەتیکردنی مانگ و ئیدی لەوە بەدوا لەگەڵیدا دەرنەچوو. هەربۆیە ئێستا ئەبینین، خۆر و مانگ بەیەکەوە هەڵنایەن و کاتێک، کە خۆر هەڵدێ، منداڵەکانی لەگەڵدا نییە، بەڵام کاتێک، کە مانگ هەڵدێ، منداڵەکانی لەگەڵدایە(40).

بەو شێوەیە مرۆڤی کۆن، کە هیچ دەزگایەکی بۆ ڕوانینە مانگ و خۆر و ئەستێرەکان نەبووە، بەپێی بیر و لێکدانەوەی سادەی خۆی و بە ئیلهاموەرگرتن لە واقیعەتی ژیانی خۆیەوە، تەئەمولی کردووە و دیاردەکانی بۆ خۆی لێکداوەتەوە.

مرۆڤی کۆن سەرنجی بروسکە و هەورەتریشقەی داوە، لەبەردەم شالاوی ئاگرەکەیدا، لە ترسی ئەوەی، نەوەکوو لەشی ببێتە خەڵوز، لەرزی لێ هاتووە، بروسکەی بە هێزێکی نادیار و پەرجۆ زانیوە، بە خودای زانیوە و نزای لێ کردووە. لە ئینجیلدا هاتووە ئەڵێت: لە بەرەبەیانی ڕۆژی سێیەمدا، بروسکە و هەورێکی ڕەش لوتکەی شاخی سینای داپۆشی و ناڵەیەکی گەورە هات. شاخی سینا، بەهۆی ئەوەی، کە خودا لە سەر شێوەی ئاگر لەسەری دابەزی، سەرتاپای بوو بە دوکەڵ ... ناڵە و گرمە هەتا ئەهات زیاتر ئەبوو ... تەنها پاش ئەوەی خودا گەیشتە سەر شاخەکە و دوکەڵ و هەورەکە ڕەوییەوە، مووسا و هاوڕێکانی چوونە سەر شاخەکە. لە قورئانیشدا هاتووە ئەڵێت: "لو أنزلنا هذا القرآن على جبل لرأيته خاشعا متصدعا من خشية الله"(41). واتە: ئەگەر ئەم قورئانەمان دابگرتایەتە سەر کێوێک، لە ترسی خودا، بە سەرکزی و پارچەپارچەیی دەتبینی. هەروەکوو چۆن لە ئینجیلدا هاتنەخوارەوەی خودا بەو هەموو ئاگر و گرمە و دوکەڵەوە مرۆڤی ترساندووە، ئەلێرەشدا (سەرباری مانا مەجازییەکەی) چیا خۆی لەبەر هێز و گەورەیی وشەی خودا نە ئەگرت، هەروەکوو چۆن کۆیلەیەک لە بەرامبەر هاوار و نەڕەی خاوەنکۆیلەدا لەرزی لێ دێت.

بێگومان ئەگەر ئینجیل ئەو قسانەی لەم چەرخەدا بکردایە، ئەوا مرۆڤ لە جیاتی باوەڕکردن بەو قسانە و هەڵلەرزین لە بەردەمی، بە پێکەنینەوە دەزگایەکی بەرگری هەورەتریشقەیان ئەدانە دەست و پێیانیان ئەگووت: برۆ لە سەر بەرزترین خاڵ لە سەر شاخی سینا دایمەزرێنە! بزانە ئەوکاتە ئەو خودا مەزن و خاوەن هێز و پڕ لە زەبروزەنگە ئەوێرێ جارێکی دی دابەزێتە خوارەوە بۆ سەر شاخی سینا؟!



مێژووی مرۆڤایەتی پڕە لە ڕووداو و کارەساتی وەها، کە لێکدانەوەی بۆ مرۆڤی کۆن هەروا سانا نەبووە. لە دوورگەی سائاریمی ئەستۆنیا گۆمی کالیبۆخار (واتە گۆمە پیرۆزەکە) هەیە، زانایان ئەڵێن 2500 ساڵ لەمەوبەر میتۆرێکی گەورە کەوتووەتە خوارەوە، گەییشتووەتە ئەتمۆسفیری زەوی و پارچەپارچە بووە و لە شێوەی باراندا گەییشتووەتە سەر زەوی... دڵۆپێک لەم بارانە، کە سەنگی نزیکی 550 تۆن بووە، داوێتی بەو شوێنەدا و چاڵی ئەو گۆمەی دروستکردووە. ڕووداوێکی لەم چەشنەش لە ئەفسانەی هیندییە سوورەکانی تیرەی ناڤاخۆدا جێگیر بووە، کە ئەڵێ: خودا لەو دۆڵە، لە شێوەی تۆپەڵێکی ئاگریندا، دابەزی و هەموو دەورووپشتی خۆی کاول کرد، پاش لێکۆڵینەوە دەرکەوت، ئەو شوێنەی، کە ئەفسانەکە باسی ئەکات، چاڵێکی گەورەی سەدمەتری قووڵیی و کیلۆمەترونیوێک خڕی تێدایە، کە لە ئەنجامی کەوتنەخوارەوەی میتۆرێکی گەورەدا پەیدابووە. کەوتنەخوارەوەی لەشی ئاسمانی لەم سەدانەی دواییشدا ڕووی داوە، بۆ وێنە، لە ساڵی 1868دا بارانێکی میتۆری نزیکەی 100000 بەردی بەسەر شاری وارشۆدا دا، کە سەنگی هێندێکیان لە دە کیلۆ تێئەپەڕی. لە ساڵی 1847دا، بەردێکی ئاسمانیی لە بۆهیمیا بەسەر خانوویەکدا کەوت، سەربانەکەی کون کرد و ئەوەندەی نەمابوو سێ منداڵ بکوژێ، ئەوەی زانراوە، لە نێوان ساڵانی 1790-1954دا 270 بەردی میتۆری بەسەر ماڵاندا کەوتووە. لە 24ی گەلاوێژی 1938دا، لە پڕ ئاسمانی پەنسلڤانیا ڕەنگێکی سووری ئاگرینی پەیداکرد و تەقینەوەیەکی زۆر گەورە خەڵکی پیتسبۆرگی لە خەو ڕاپەڕاند، هەموو وایان زانی، کە باڕووتخانەی شار تەقیوەتەوە، لە دواییدا دەرکەوت ئەمە، لە ئەنجامی کەوتنەخوارەوەی میتۆرێکدا ڕوویداوە، کە داویە بە قەراخ شاردا(42).

یەکێک لەو تەنە ئاسمانییانەی، کە زۆر سەرنجی خەڵکی بۆخۆی ڕاکێشاوە مانگە، سۆمەرییەکان بە خودایان زانیوە، پەرستوویانە و پێیان ئەگووت نانا، یان ننار، خەڵکی جەزیرەش پێیان ئەگووت سین.

دیاردەی مانگگیران بە لای مرۆڤی کۆنەوە، دیاردەیەکی ناخۆش بووە و مایەی دڵتەنگی بووە بۆیان، بیریان لێکردووەتەوە و لێکدانەوەی هەمەجۆریان بۆ کردووە.

سۆمەرییەکان و زۆربەی گەلانی دیکە، مانگگیرانیان بە هێرشی شەیتان و جنۆکە لێکداوەتەوە. بۆ ڕزگارکردنی مانگ لە دنیای مردنەوە بۆ دنیای ڕوناکی، دەستیان کردووەتە نوێژکردن و قوربانی سەربڕین(43). بەو شێوە لێکدانەوەیە، ناکۆکییەک لە نێوان خودا مانگ و هێزی خراپە و تاریکی و بێدادی، یانی شەیتان و جنۆکەدا هەیە. هەموو شەوێک، کە مانگ هەڵدێ، نیشانەی دووبارە سەرکەوتنی مانگە لە ناکۆکییەکەیدا، بەڵام کاتێک مانگ ئەگیرێ یانی، سەرکەوتنی شەیتان و جنۆکەیە بەسەریدا، هەربۆیە لەم دۆخەدا، مانگ پێویستی بە فریاکەوتن هەیە.

لە نێو تیرە و هۆزە عەرەبەکانی سەردەمی پەیدابوونی ئیسلامیشدا، هەمان لێکدانەوە سەبارەت بە ناکۆکی نێوان ڕوناکی مانگ و ئەستێرە و شەیتان و جنۆکە هەبووە. کاتێک، کە ئیسلام پەیدابوو، مانگی نەک وەک خودا، بەڵکوو وەک نیشانەی توانای خودایەکی گەورەتر لێکدایەوە، بۆئەوەی دنیای لە شەودا پێ ڕوناک بکاتەوە و بۆئەوەی بوار بە شەیتان و جنۆکە نەدات، کە ئازادانە هاتووچۆ بکەن و خراپە بکەن، چونکە شەیتان و جنۆکە لە شوێنی تاریکدا ئارام ئەگرن، یان هاتووچۆ ئەکەن. لە قورئاندا هاتووە ئەڵێت: "ولقد زينا السماء الدنيا بمصابيح وجعلناها رجوماً للشياطين"(44)، واتە: وە بە ڕاستی ئاسمانی دنیامان بە چرا ڕازاندەوە، ئەو چرایەشمان کردە هۆی دوورخستنەوەی شەیتانەکان. یان دەڵێت: "ولقد جعلنا في السماء بروجا وزيناها للناظرين، وحفظناها من كل شيطان رجيم"(45)، واتە: وە بە ڕاستی ئێمە لە ئاسماندا، کۆمەڵە کەلوویەکمان داناوە و بۆ بینەرانمان ڕازاندووەتەوە و لە هەر شەیتانێکی نەفرەتلێکراومان پاراستووە.

پەیڕەوانی ئایینی ئیسلام لە کاتی مانگگیراندا، دەستیان ئەکردە نوێژ و نزا و پاڕانەوە و زیکر و دەفلێدان، بۆئەوەی خوداکەیان فریای مانگ بکەوێت و لە



شەیتان و جنۆکەی ڕزگار بکات. کاریگەری ئەم کارە خورافییانە هەتا ئەمساڵانەی دواییش لە عێراق و هەندێک شوێنی تری دنیادا هەر مابووەوە و خەڵکی جگە لە نزاکردن، دەستیان بە تەپڵ و تەنەکەلێدان و تەقەکردن ئەکرد، بۆئەوەی شەیتان و جنۆکە بترسن و یەخەی مانگ بەردەن.

لە کۆنەوە تا هەنوکەش زۆر دیاردەی سروشتی هەن، کە مرۆڤیان تووشی زیانی گەورەی ماڵی و گیانی کردووە و هەمیشە نەهامەتی و کوێرەوەرییان بە دیاری بۆ هێناوە. ئەگەرچی پێشکەوتنی مرۆڤ ئەو ناکۆکییەی نێوان خۆی و سروشتی بە قازانجی مرۆڤ کێش کردووە، بەڵام هێشتا لە هەندێک شوێن و لە هەندێک کاتدا، زیانی گەورە و کارەساتی ناخۆش بەسەر مرۆڤدا ئەهێنێ، ئەو دیاردانەش وەکوو، بوومەلەرزە، گڕکان، ڕەشەبا، زریان، لافاو...هتد. مرۆڤی کۆن هەر وەکوو لە ئەفسانەکاندا دەرئەکەوێت، هۆ و سەرچاوەی ئەم دیاردانەی بۆ خودای شەڕ و خراپە گەڕاندووەتەوە، یان پێیان وابووە، ئەمانە تووڕەیی و خەشم و قینی خوداکان (یان خودا)یانە، بەهۆی کاروکردەوەی خراپی خۆیان و بێدڵیکردن و بێفەرمانیکردنی خوداکانیانەوە، خوداکانیان غەزەبیان لێ ئەگرن و بە کردەوەی خۆیانیان لە گەڵدا ئەکەن. هەتا هەنوکەش ئەم جۆرە تێڕوانینە لە نێو توێژە دواکەوتووەکانی کۆمەڵدا هەرماوەتەوە و دەڵێن: ئەم هەموو ڕەزالەتە خەتای خۆمانە، خۆمان خراپین، یان لە کاتی نزا و پاڕانەوەدا دەڵێن: خودایە بە کردەوەی خۆمانمان لە گەڵدا نەکەیت! ئەو دیاردانە بۆ دنیای کۆن، کە هۆی زانستییان نەزانیوە و مرۆڤ لەهەمبەریدا گەلێک زەلیل و بێدەسەڵات بووە، هەروا بۆیان، کارێکی سووک و ئاسایی نەبووە.

لە ئەفسانەیەکی کۆندا هاتووە ئەڵێت: لە یادی بوومەلەرزەیەکی بەهێز، کە ئاسیای لە ئافریقا جیاکردەوە و دەریای سووری دروستکرد و ژمارەیەکی زۆری لە خەڵکی کوشت، ئەم ناوەی لێ نراوە، ئەمەش بە مانای دەرگای فرمێسک (باب المندب) دێت.

کارەساتی لەم جۆرە، لەم سەدانەی دواییشدا ڕوویان داوە، لە ساڵی 1815دا، لە شارێکی ئەندەنووسیا، لە پڕ گڕکانێک تەقییەوە و لە 12000 کەسی دانیشتوانەکەی، تەنها 26 کەس قوتاریان بوو. لە ئەنجامی بوومەلەرزە بەناوبانگەکەی لیشبۆنە، کە لە ساڵی 1775دا ڕوویدا، بە شەش دەقیقە 60000 کەس مردن، لە هەمان ڕۆژ و سەعاتدا، لەرینەوەی ژێر زەوی لە زۆر جێگای تری ئەوروپا و ئەمریکا ڕوویدا. لە مەکسیک لە پڕ زەوی قڵیشێکی گەورەی تێدا بوو، شارێکی دەهەزارکەسی قووتدا و پاش ئەمەش قڵیشەکە هاتەوەیەک! لەساڵی 1902دا دانیشتوانی پایتەختی دوورگەی مارێنیکا هاژەیەکی ترسناکیان گوێ لێ بوو، کە سەریان هەڵبڕی، هەورێکی تەنکیان بەسەر لوتکەی شاخە نزیکەکەیانەوە بینی، لەوەپێش بورکانێکی کوژاوەی لێ بوو، ئەمە دواشت بوو، کە بینییان، چونکە هەورێکی پڕ لە گازی ئاگرین جۆشی خوارد و دای بەسەر شارەکەدا و بە چاوتروکانێک هەموو 30000 دانیشتووانەکەی مردن(46).

هۆزی ساموا پێیان وابووە، کە بوومەلەرزە لە ئاکامی جووڵەی خوداوە ڕووئەدات. هەربۆیە لە کاتی ڕوودانی بوومەلەرزەدا، گاز لە زەوی ئەگرن و داوا لە خوداوەند دەکەن، کە ئارام بگرێ و نەبزوێ(47).

هەروەها مرۆڤی کۆن، کە لافاو هەمیشە زیانی گەورەی بە خۆیی و بە ماڵ و مەزرا و بە کشتوکاڵەکەی گەیاندووە، بە تووڕەیی و غەزەبی خودا لێکداوەتەوە. ئەو کارەساتەی کە لای ئێمە بە لافاوی نوح ناسراوە و لە ئەفسانەی زۆربەی گەلاندا باسی هاتووە، بەو جۆرە لێکئەدەنەوە، کە گوایە، لە ئەنجامی کار و کردەوەی خراپی مرۆڤ و بێگوێیکردنی پەیامبەر و بێفەرمانیکردنی خوداوە، ئەو سزایەیان بەسەردا دراوە. هەربۆیە ئەو کەسانەی بۆ ڕزگاربوون لە مەترسی لافاو و لە خنکان پێشڕەوی خەڵکیان کردووە، دواتر بە پیاوچاک و بە نێرراوی خودا و بگرە بە خوداش ناسراوون.



ئەمانە و هەزارەها دیاردەی دیکە، بە درێژایی دیرۆکی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بیر و هزری مرۆڤی ئاڵۆز کردووە و وایان لە مرۆڤ کردووە، کە لە هەوڵی لێکدانەوە و شرۆڤەکردنیدا بێت، چونکە پێویستی کار و بەرهەم، پێویستی درێژەدان بە ژیان و زۆرانبازی لەگەڵ سروشتدا، داکۆکی لە پێناو مانەوە و زانینی چارەنووسدا، سەرئەنجام بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە چینایەتییەکانی خۆی، بۆچوونی زۆر و هەمەچەشنی هێناوەتە گۆڕ و لەگەڵ خۆیدا کار و کردەوە و ڕێوڕەسم و کەشی تایبەتی هێناوە.

لە پاشماوەی کۆنی مرۆڤی سەرەتاییدا، کە جێگای زیندەگییان نێو ئەشکەوتەکان بووە، وێنە و پەیکەری ئەو ئاژەڵانە بەسەر دیواری ئەشکەوتەکانەوە بەرچاو دەکەوێت، کە لەو ڕۆژگارەدا هەبوونە و مرۆڤ ڕاوی کردوون. وێنەیەکی لەم چەشنە، ئاوێنەی سەردەمەکەی خۆیەتی، یانی سەردەمێک، کە ژیانی مرۆڤ بە ڕاو و شکارەوە گرێی خواردبوو، مرۆڤ سادەترین هۆیەکانی بەرهەمهێنانی لەبەردەستدا بووە، ئەو وێنەیەشی بۆ ئەوە نەکێشاوە، کە حەز و ئارەزووی لە وێنەکێشان بووە، بەڵکوو ئەوە ڕێگەیەک بووە، مرۆڤی کۆن گرتوویەتییەبەر، بۆئەوەی بەو کارە بتوانێت بەسەر ئاژەڵی دڕندەی دەوروپشتیدا زاڵ بێت، چونکە بیروباوەڕی کۆنی مرۆڤ بەو شێوەیە بووە، کە ئەگەر بێت و وێنەی ئەو نێچیرە بکێشێ، ئەتوانێت، بەسەریدا زاڵ بێت، ئەمەش شێوەیەکە لە جادوو، کە پێی ئەڵێن، جادوی نواندن. هەروەکوو چۆن لەنێو کوردەواریدا، لە ساڵانی قاتوقڕی و بێبارانیدا، بووکەپەڕۆیینەیەکیان دروستئەکرد و ماڵانیان پێ ئەگەڕاند، دەبوو هەر کەسێک هێندێک ئاو بەسەریدا بکات، بە مەبەستی بارینی باران و ڕزگاربوون لە قاتوقڕی. ئەم شێوە جادووە، پێویستییەکانی بەرهەمهێنان لەو شوێنانەی کە کشتوکاڵەکەیان پشت بە باراناو ئەبەستێت، هێناویەتییەکایەوە. هەروەکوو دەرئەکەوێت، دەسپێکی ئەم کارە بۆ چاخە سەرەتاییەکانی ژیانی مرۆڤ ئەگەڕێتەوە، بۆ ئەو ڕۆژگارەی، کە مرۆڤ تیایدا، فێری کاری کشتوکاڵی بووە.

بەو جۆرە ئەبینین، کە چۆن دیاردەکانی کۆمەڵ و سروشت، سادەترین مێشکی ئاڵۆز کردووە و ناچاری کردووە، وەڵامێکی پێ بداتەوە، کە لە ئاستی گەشەی بەرهەم و مێشکیدا بێت.
هەروەکوو ئاماژەیەکی کورتمان بۆ ئەوە کرد، کە چۆن مرۆڤی کۆن ئەم دیاردانەی بە خودا، یان بە کاری خودا زانیوە، هەربۆیە مرۆڤ هەر بەوەندەوە نەوەستا، کە بێت، تەنها دیاردەکان شیکار بکات، بەڵکوو هەوڵی داوە، لایەنە پۆزەتیڤەکانی ئەو دیاردانە بە سوودی خۆی بەکار بەرێت و لایەنە زیانبەخشەکانیش لە خۆی دوور کاتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش هاتووە، جۆرەها ڕێوشوێن و کەش و شێوەی پەرستنی داهێناوە، کە پێویستە قسەیەکی زیاتری لەسەر بکەین.

## 3_ پەیدابوونی خوداکان و شێوەکانی پەرستن

هەروەکوو لە باسەکانی پێشوو نیشانمان دا، کە چۆن مرۆڤی کۆن بۆ هەر دیاردەیەکی سروشتی، گەردوونی و بایۆلۆژی لێکدانەوە و ڕاڤەی جۆراوجۆری هەبووە و هۆ و سەرچاوەی ئەوانەشی بەو هێزانەوە، کە مرۆڤ پەی پێیان نەبردووە و پێیانی گوتووە خودا و وەک هێزێکی لە ڕادەبەدەر و خارق لێیان ڕاماوە، بەستووەتەوە. کەواتە، هەر دیاردە و هەر تەنێکی ئەم سروشتە، کە بۆ مرۆڤی سەرەتایی و کۆن مایەی سەرسووڕمان و تێرامان بووە، مایەی خێر و خۆشی و زیادبوونی بەرهەم و ڕوناکی، یان مایەی ناخۆشی و قاتوقڕی و سەرما و تاریکی بووە، ئارامی بە لەش و دڵنیایی بە دەروونی مرۆڤ بەخشیوە، یان ترس و لەرزی بۆ هێناوە، لە لای مرۆڤی کۆن پێی گوتراوە خودا. جا لەبەرئەوەی ژمارەی دیاردە و تەنە سروشتییەکان زۆر و جۆراوجۆرن، ژمارەی ئەو خودایانەش لە مێژووی کۆمەڵی بەشەری و لە کۆمەڵ و ناوچە جیاجیاکاندا زۆر و جۆراوجۆر بوونە. هەر تیرە و هۆز و هەر کۆمەڵە مرۆڤ و میللەتێک، بە گوێرەی دەڤەر و سەردەمەکەی و کاریگەری کەم و زۆری ئەو دیاردە و



تەنە سروشتییانە بەسەر کار و ژیانییەوە، کۆمەڵێک خودایان دروستکردووە و ناساندووە، یان بە گوێرەی کاریگەری زۆرتری یەکێکیانەوە، خودایەکیان بە خودای خوداکان و خودای سەرەکی و گەورەترین خودا زانیوە. گەلێک لە هۆزە سەرەتاییەکان، وشەی خودایان بە مانای ئاسمان بەکارهێناوە، لە لای ئەللوباری و ئەلدنکا بە مانای باران و لە لای مەگۆلییەکان خودای مەزنە، لە لای چینی و هیندییەکان وشەی خودا (فیدی)، ئاسمانی دایکە، خودا زیوس لە لای یۆنانییەکان بە واتای ئاسمان و خودا ئاهورا لە لای فارسەکان بە مانای ئاسمانی شین دێت(48).
خوداکان بە درێژایی مێژووی کۆمەڵی مرۆڤایەتی، لە ڕووی گرنگی و گەورەیی و سیفاتەوە، بە جێگیری نەماونەتەوە و گۆڕانیان بە سەردا هاتووە. هەروەکوو چۆن هۆیەکانی بەرهەمهێنان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، کۆمەڵ و تەرازووی هێزی نێوان مرۆڤ و سروشتیش گۆڕانی بەسەردا هاتووە، چینەکان و کۆمەڵی چینایەتی و دەوڵەت پەیدا بوونە، ناکۆکی چینایەتی و بەرژەوەندی چینایەتی پەیدا بوونە، ئاڵوگۆڕ لە جێگا و شوێنی ژیاندا هاتۆتە گۆڕێ، شێوەکانی خێزان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە ... هتد. هۆش و بیر و لێکدانەوەی مرۆڤیش گۆڕانی بەسەردا هاتووە و ئەو هەلومەرجە ئابووری_ کۆمەڵایەتییەی نەخشاندوە و گوزارشی لەو واقیعە ماددییە کردووە.
مانگ، یەکێکە لە کۆنترین پەرستراوەکان، کە مێژووەکەی بۆ سەردەمی ڕاو و شکار و کۆمەڵی سەرەتایی دەگەڕێتەوە، بەڵام لەگەڵ پێشکەوتنی مرۆڤ و فێربوونی کشتوکاڵ و دروستکردنی ئامرازەکان لە ماددەی کانزا، گرنگی و ڕۆڵی خۆر هاتە پێشەوە، چونکە ئەو کۆمەڵانە هەستیان بە کاریگەری تیشکی ڕۆژ بە سەر کشتوکاڵەکەیانەوە دەکرد. مرۆڤی سەرەتایی، کە ڕاو و شکار سەرچاوەی سەرەکی زیندەگییان بووە، ئامرازەکانی بەرهەمهێنانیش لەوپەڕی سادەیی و دواکەوتوویی خۆیدا بووە، هەمیشە لە دڵەڕاوکێی پەیداکردن و نەکردنی خواردنی ئەو ڕۆژەدا بووە،

یان لە لایەن ئاژەڵی دەوروپشتییەوە، لەژێر هەڕەشەی نەمان و لەناوچووندا بووە. لەو هەلومەرجەدا، کە مرۆڤ زۆر بێتوانا بووە، ئاژەڵی وەکوو  هێزێکی گەورەتر و بە تواناتر لەچاو خۆی بینیوە، پەرستوویەتی و بە خوداوەندی زانیوە، بەڵام پێبەپێی پێشکەوتنی مرۆڤ و دروستکردنی تیروکەوان و چەقۆی کانزا، کە توانای مرۆڤ لە هەمبەر ئاژەڵی دڕندەی دەوروبەریدا زۆر ئەباتە سەر (چونکە ئیدی دەتوانێ، بە ئاسانی ئاژەڵی دڕندە شەکەت و ماندو و بکات، یان هەر دووربەدووریش بیپێکێت و خۆراکی خۆی مسۆگەر بکات، بەسەر شوێنی ژیان و دارستانەکاندا زاڵ بێت و لە ئاژەڵی دڕندەی پاک بکاتەوە، کە ئەمانەش بۆخۆیان کاریگەری تەواویان بەسەر ڕەوینەوەی ترس و لەرزی پێشوویی و گۆڕینی بۆچوون و لێکدانەوەکانیشی هەیە، چونکە هەر کاتێک مرۆڤ ترس و لەرزی لە خوداکەی کەم بووەوە، یان نهێنییەکانی ئەو خودایەی ئاشکرا کرد، ئیدی لێی دوور ئەکەوێتەوە و ئامادە نییە سەری تەسلیمی بۆ نەوی کات، لە کاتێکدا، کە ئەبینێ هێزی خۆی لە خوداکەی زیاترە)، خودائاژەڵییەکان ئەو بایەخەیان نامێنێت.

ئەوەی شایانی باسە، هەتاوەکوو ئێستاش لە لای هیندۆسەکان، مانگا بە ئاژەڵێکی پیرۆز دائەنرێ، دیارە کاریگەری ئەو سەردەمەیان هەر بەسەرەوە ماوە، کە تیایدا ئاژەڵ ئەپەرسترا، ئەمەش ئیتر بە هۆی گرنگی ئەو ئاژەڵە لە ژیانیاندا بووبێت، یان وەک دروشمی دیاردەیەکی دیکە، وەکوو ئاسمان و باران چاویان لێکردبێ.

هەروەکوو باسمان کرد، گرنگی خودا ئاژەڵییەکان کەم بووەوە، شێوەی خوداکان گۆڕانی بەسەردا هات. مرۆڤی کۆن خەوی بە مردووەکانییەوە ئەبینی، بەو هۆیەوە ئەو بڕوایەی لا پەیدا بوو، کە ئەو مردووانە دەچنە دنیایەکی دیکەوە، ژیانیان بە مردن کۆتایی پێ نایات و لە دنیاکەی تر درێژە بە ژیانیان ئەدەن، هەربۆیە مرۆڤ بۆ پەیوەندیکردن، بە مردووەکانییەوە ڕێگای جۆراوجۆری گرتە بەر، لێیان ترساوە و کاری بۆ جێبەجێ کردوون،



پەیکەری بۆیان تاشیوە و بە خودای زانیوون. ئیتر وردەووردە، خودای مرۆیی جێگای خودای ئاژەڵی گرتووەتەوە.

ئەوەی شایانی باسە، هێندێک وێنە و پەیکەر لە پاشماوەی کۆنی گەلاندا دۆزراونەتەوە، کە ئاوێتەیەک بوونە لە شێوەی ئاژەڵ و مرۆڤ، ئەوەش نیشانەی ئەو سەردەمەیە، کە تیایدا پەرستنی خودای ئاژەڵی بۆ خودای مرۆیی گۆڕانی بەسەردا هاتووە. هەتا هەنوکەش کاریگەری ئەو خودا مرۆییانە بەسەر مرۆڤەوە هەر ماوەتەوە، کە لە چوونە سەر گۆڕ و مەزاری مردووان و سوێندخواردن پێیان و .... هتد. ڕەنگئەداتەوە.

مرۆڤ کاتێک سەرنجی داوەتە خۆی و بینیویەتی، کە چۆن نێر و مێی هەیە، هەر بەو شێوەیەش ڕوانیویەتە خوداکان و بە نێر و مێ دیاری کردوون. زەوی یەکێکە لەو خودایانەی، کە هەر لە کۆمەڵی سەرەتایی و لە سەردەمی پەیدابوونی کشتوکاڵەوە پەرستراوە. ئەم خودایە بە مێ ناسراوە، چونکە بە ژنیان چواندووە و وەک ئەو دەبێتە مایەی زاوزێ و زۆربوون و پیت و بەرەکەت. لە پاشماوەی شوێنەوارە کۆنەکاندا، وێنە و پەیکەری زۆر دۆزراونەتەوە، تیایاندا ژنگەلێکی رووت نیشان ئەدرێن، کە سینگ و مەمک و زێیان بە گەورەیی نەخشێنراوە. ئەمە سەردەمی کۆمەڵی سەرەتاییمان پێ نیشان ئەدات، کە تیایدا ژن لەگەڵ پیاودا یەکسان بووە و هێشتا کۆمەڵ بۆ چینەکان دابەش نەبووە و ژن ڕێز و خۆشەویستی و ئۆتۆریتەی هەبووە، منداڵ بە ڕەچەڵەکی دایک ناسراوەتەوە، ژن نیشانەی پیت و بەرەکەت و زاوزێ بووە. لەو سەردەمەدا زۆربەی خوداکان سەر بە ڕەگەزی مێ بوونە، ئەو ئەندامانەی لەشیشیان، کە بەو گەورەییە نەخشێنراوە، هێمای گرنگیدان بەو جێگایانە بووە. ئەو مەسەلەیەی، کە هاتوون ئەندامێک لە ئەندامەکانی لەشی خوداکانیان بە گەورەیی دروستکردووە، یان باسی گەورەییەکەی ئەکەن، لە بیروباوەڕی ئاییینی زۆربەی گەلاندا بەرچاو ئەکەوێت. بۆ نموونە: بۆئەوەی توانستی بینینی خوداکانیان بە زیاتر لە هی

مرۆڤ و به خارق نیشان بدەن، پەیکەرێک دروست ئەکەن (یان ئەفسانەیەک ڕێکئەخەن)، کە حەفتاوحەوت چاو و گوێی هەبێت(49).
له بیروباوەڕی ئایینیی ئیسلامیشدا، ئەم جۆرە خورافه و ئەفسانانه زۆرن. خودای ئیسلام ئاگای له خشەی مار و مێروو هەیه، ئەوەندە چاو و گوێی بەهێز و له ڕادەبەدەرە، له چاوتروکانێکدا به فەرمانی کون فەیەکون، دنیات بۆ تەخت ئەکات، ئەتوانێت وشتر، بەو زەبەلاحییەی خۆیەوە به کونە دەرزیدا تێپەڕ بکات ... یان فلانە فریشته و پەری ئەوەندە ئەوەندە باڵی هەیە، درێژی باڵەکانی ئەمپەڕ و ئەوپەڕی دنیا و له ئاسمانەوە بۆ زەوی ئەبێت، ئەمەش بۆ نیشاندانی توانستی فرینه ... هتد.
بەڵام ڕەگەزی خوداکان بە جێگیری نامێنێتەوە، چونکە ئاڵوگۆڕ بەسەر کۆمەڵدا هات و هاوشانی ئەوەش دەبێ ئاڵوگۆڕ بەسەر خوداکانیشیاندا بێت. لەگەڵ پەیدابوونی خێزانی بابمەزنی و دابەشبوونی کۆمەڵ بۆ چینەکان و ئاڵوگۆڕ له جێگا و شوێنی ئابووری_ کۆمەڵایەتی ژندا، ئیدی ژن ئەو جێگا بەرێزەی پێشای بۆ نەمایەوە و ڕەگەزی خوداکانیش گۆڕانی بەسەردا هات و هێدی هێدی خودای نێر جێگەی خودای مێی گرتەوە. ئەوەی شایانی گوتنە خودای ئایینەکانی جوولەکە و دیان و ئیسلام سەربە ڕەگەزی نێرن، چونکە ئەم ئایینانە له سەردەمێکدا سەریان هەڵداوە، کە ئەو گۆڕانکارییەی باسمان لێوە کرد، له جێگەوڕێگەی ژندا بە ئاکامی خۆی گەیبێشتبوو.
به هەمان شێوە، مرۆڤ له سیفات و هەڵسوکەوت و ژیانی خۆیەوە، ڕوانیویەتییە سیفات و هەڵسوکەوت و ژیانی خوداکانی. مرۆڤی کۆن له عێراقدا پێی وابووە، خوداکان هەمان سیفاتی ماددی و مەعنەوی مرۆڤیان هەیە، ئەخۆن و ئەخۆنەوە، ئەبینن و ئەبیستن، سۆز و بەزەیی و خۆشەویستی و ڕق و تووڕەییان هەیە، له کاروباری گرنگدا پرسوڕا و ڕاوێژ ئەکەن، وەک ئەو ڕاوێژەی له دوازدەهەمین ڕۆژی مانگی نیسان، کە دوا ڕۆژی جەژنی ساڵی نوێیە، بۆ دیاریکردنی چارەنووسی دەوڵەت و پاشا و خەڵک ئەکرێت. هەروەها خودا، وەکوو مرۆڤ ژن و منداڵ و کۆیلە و



دەستوپێوەند و جێگاوڕێگا و شوێنی ژیانی هەیە ... هتد.(50). بەڵام خوداکان سیفاتی جیاواز له مرۆڤیشیان هەبووە، سیفاتی بەتوانایی و پەرجۆییان هەبووە، ئەگەرچی وەک مرۆڤ ئەبینن و ئەبیستن، بەڵام توانای بینین و بیستنیان له ڕادەبەدەر و بێسنوور بووە، له بری دوو چاو چوار چاو و لەبری گوێی بچووک گوێی گەورەیان هەبووە(51).
لەو ڕۆژگارەدا ئەو خەڵکە، پێیان وابووە، کە خوداکان، مانەندی مرۆڤ نین و کۆتا نابن، کە کۆتابوون، هێمای لاوازی و بێتواناییە، بەڵکوو خوداکان نەمر و هەتاهەتایین، یان ئەگەر مردیشن، مردنەکەیان کاتییە و دووبارە زیندوو ئەبنەوە، بۆ نموونە: ئەگەرچی خودا تەموز دیاردەی مردنی بەسەردا دێت، بەڵان مردنەکەی کاتییە و بۆ ماوەیەکی دیاریکراوە له ساڵدا، دواتر دووبارە زیندووبوونەوەی کارێکی شیاوە، ئەویش بە هاتنی بەهار و ژیانەوەی ڕووەک و گژوگیا(52).
به پێی بیروباوەڕی ئایینی موسا، شێوەی خودا له شێوەی مرۆڤدایە، چونکی خودا مرۆڤی لەسەر شێوەی خۆی دروستکردووە(53). هەروەها بیروباوەڕی ئایینی مەسیحی پێی وایە، کە خودا وەکوو مرۆڤ زارۆکی هەیە، کە ئەویش عیسایە. هەرچی خودای ئیسلامە، لەو سیفاتانەشدا لەگەڵ مرۆڤ جوودایە و پێیان وایە، کە خودا منداڵی نابێت و کەسێکیش نییە، کە هاوتای ئەو بێت "لم یلد، ولم یولد، ولم یکن له کفوا أحد"(54)، واتە: کەسی لێ نەبووە و له کەسیش نەبووە، هیچ هاوتایەکیشی نییە. ئەم ئایینە ئەگەرچی ئەڵێت، خودا جێگا و مەکانێکی نییە، بەڵام هەر بۆخۆی له چەندین شوێن و له تەک خۆیدا، کەوتووەتە ناکۆکییەوە و پێی وایە، خوداش وەکوو مرۆڤ، یان ڕاستتر وەکوو پاشاکان عەرش (تەختی پاشایەتی)ی هەیە، کە لەسەر شانی چوار فریشته هەڵگیراوە و دەکەوێتە لای ژووروی زەوییەوە، له سەرووی ئاسمانی حەوتەمەوە(55). له قورئانیشدا هاتووە ئەڵێت: "ثم إستوی علی العرش یدبر الأمر"(56)، واتە: پاشان له سەر عەرش قەراری گرت و کەوتە تەگبیری کاروباری جیهان. هەروەها هەر له

قورئاندا هاتووە، کە عەرشی خودا کەوتووەتە سەر ئاو (وکان عرشە علی الماء)(57).

کەواتە، خوداکان سەرباری ئەوەی، زۆر شتیان بە مرۆڤ ئەکات، بەڵام کۆمەڵێک سیفات و ڕەفتاریان لەگەڵ مرۆڤدا جودایە، کە ئەویش سیفاتی پەرجۆییانە. لە ڕاستیدا هەر ئەم سیفەتەیە، ئەو زیندەوەرە خەیاڵییانەی کردووە بە خودا، کە دیارە لێبوونەوەی ئەو سیفەتە لە خوداکان یانی، لێبوونەوەیان لە کاری خودایی.

سیفاتی خوداکان لە ئایینەکانی ئیسلام، دیان و جوولەکە و گشت ئایینەکانی دیکە، سەرباری هەر جیاوازییەکیان، لە سیفاتی خارقییاندا، یەک ئەگرنەوە.

ئەوەی شایانی باسە، ژمارەی خوداکان هەتا هاتووە کەم بووەتەوە، لە ئایینی فرەخوداییەوە بۆ ئایینی دووخودایی، هەروەکوو لە ئایینی زەردەشتیدا، هەروەها بۆ ئایینی تاکخودایی، هەروەکوو لە ئایینی جوولەکە و دیان و ئیسلامدا، بەڵام لە ڕاستیدا، ئەم ئایینانەش هەر هەمان ئایینی فرەخودایین، یان کاریگەری و پاشماوەی فرەخوداییان پێوە ماوە. ئەگەر ئایینی ئیسلام بە نموونە بهێنینەوە ئەبینین، جگە لەو خودایەی کە پێی ئەڵێن، ئەڵا (اللە)، کە خودای چاکەیە و گەورەترین خودایە، چەندین خودا (فریشتە)ی تری وەک میکائیل، کە خودای ڕسق و ڕۆزییە، ئێزرائیل، کە خودای مردنە ... هتد. لە ئارادایە. ئەم خودایانە لە ئەڵا بچووکترن و لەژێر فەرمانی ئەودان. خودایەکی دیکە، کە ئەویش شەیتانە، خودای خراپەیە و سەرکار و گەورەی تەواوی خراپەکار و شەرەنگێزەکانە. ئەم دوو خودا گەورەیە یانی، ئەڵا و شەیتان، لەگەڵ یەکدی ناکۆکن، وەلی خودای چاکە لە خودای خراپە بەهێزتر و بەتواناترە. هەربۆیە مرۆڤ پێویست ناکات، بۆئەوەی لە خراپەی شەیتان بەدوور بێت، وەک لە هێندێک لە ئایینەکاندا هەیە، بێت و دڵنەوایی شەیتان بکات و مەرایی لەبەردا بکات، بەڵکوو مرۆڤ پێویستە، پەنا بۆ خودای گەورەی چاکە، واتە، ئەڵا بەرێت (أعوذ باللە: پەنا بە خودا) و لەو خودا بەهێزە داوا بکات، کە لە خراپە و شەڕی شەیتان



بیپارێزێ، ئەو خودایانەی، کە لە ئەڵا بچووکترن، لە بەڕێوەبردنی ئیشوکارەکاندا، کۆمەکی ئەڵا ئەکەن و هەر یەکەیان مەئمووری کارێکن.

کەواتە، ئەگەرچی ئەڵا خاوەن توانایەکی بێسنوور و پەرجۆیە، وەلێ لەگەڵ ئەوەشدا، بە وێنەی میر و پاشاکان، کۆمەڵێک وەزیر و گزیری بۆ ڕاپەراندنی ئیشوکارەکانی هەیە، کە ئەگەر بەگوێرەی تواناییەکەی بێت، ئەمانە گشت زیادەن و پێویستی بە هیچیان نییە، بەڵان مەسەلەکە لەوەدایە، کە مرۆڤ لە پاشاکانەوە، وێنای خوداکانی خۆی کردووە، هەربۆیە بەو شێوە خورافییە باوەڕەکانی خۆی نەخشاندووە.

لە ئەفسانەی سۆمەرییەکانەوە هاتووە دەڵێت، ئانۆ خودای ئاسمان و گەورەترین خودا بووە، ئەم خودایە لە یەککاتدا، سەرچاوەی چاکە و خراپە بووە، چونکە ئاسمان بە باش و بە خراپ، کاریگەری بەسەر ژیانی مرۆڤ و پێداویستییەکانی مانەوە و بەردەوامبوونی ژیانییەوە هەبووە.

ئێنلیل، خودای هەوا و کوڕی خودا ئانۆ بووە، پلەی شکۆیی لە دوای پلەی باوکییەوە بووە، ئەم خودایە ئاسمانی لە زەوی جیاکردەوە و تەوری، وەک ئامرازێک بۆ کارکردن دروستکرد، بارانی باراندووە، تۆفانی گەورە، کە لای ئێمە بە تۆفانی نوح ناسراوە و لە ئەفسانەی سۆمەرییەکاندا باسی هاتووە، بە هۆی خودا ئێنلیلەوە ڕووی داوە. ئانکی خودای زەوی و ئاوی ژێر زەوی بووە، پلەی شکۆیی نزمتربووە لە ئێنلیل، بەرامبەر بە مرۆڤ نیازی باش بووە، ئەم خودایە لە کاتی ڕوودانی تۆفانە گەورەکەدا، ڕێنوێنی مرۆڤی کردووە، تا کەشتییەک دروستبکەن و لە هەر جۆرە زیندەوەرێک نێر و مێیەک هەڵبگرن، تاوەکوو لە خنکان ڕزگاریان بێت(58).

لە ئایینی زەردەشتیدا، ئاهورامزدا، کە بە مانای ئاسمان دێت، خودای گەورە و سەرەکی نێو چەندین خودایە، ئەم خودایە بە لای زەردەشتییەکانەوە، لە شێوەی مرۆڤدایە، ڕوناکییەکەی بریتییە لە لەشی خۆر و مانگیش هەردوو چاوێتی، ئەم خودایە دنیای دروستکردووە و خودای ڕوناکی و ڕاستی و چاکەیە، واتە ئاهورامزدا سیفاتی زۆربەی

خوداکانی تێدا کۆبووەتەوە و کاری زۆربەشیانی لە ئەستۆ گرتووە، کە پێشتر پێی هەڵئەستان. لە بەرامبەر ئەم خودایەدا، خودایەکی دیکە هەیە، پێی ئەڵێن، ئەهریمەن، کە خودای خراپە و تاریکییە، خودای گەورە و سەرەکی نێو چەندین خودای زەردەشتییەکانە، واتە، ئەهریمەن مامۆستا و گەورەی ئەو حەوت شەیتان و هێزە خراپانەیە، کە سەرچاوەی خراپە و تاریکی و تاوان و حەیز و دروستکەری مار و مێرووی زیانبەخشن.

کەواتە، لای زەردەشتییەکان، لە نێو گشت خوداکاندا، دوو خودای سەرەکی و دژ بەیەک هەن، کە ئاهورامزدا و ئەهریمەنن، هەریەکەیان دروستکەری شتێکن، یەکەمیان، دروستکەری شتگەلی باش و دووەمیان، دروستکەری شتگەلی خراپە و هەریەکەشیان بەرێوەبەری جۆرێک لە کارن، یەکەمیان، هی باش و دووهەمیان، هی خراپ، کە لەگەڵ یەکدی، پێچەوانە و نەیارن.

بەو شێوەیە مرۆڤ هەر لە دەسپێکی ژیانەوە، دیاردەکانی دەوروبەری بە گوێرەی ئاستی تێگەییشتنی خۆی لێکداوەتەوە و بە خودا، یان بە کاری خوداکانی زانیوە، جا لەبەرئەوەی ئەم دیاردانە بە مان و نەمانی مرۆڤەوە پەیوەست بوونە، مرۆڤ ناچار بووە، کە بۆ خوداکان بگەڕێتەوە و لە پێناوی ڕازیکردنیاندا، گشت ڕێوشوێنێک بگرێتە بەر.

بە پێی بیروباوەڕی ئایینی بێت، خوداکان مرۆڤیان بۆیە ئافراندووە، بۆئەوەی لەسەر زەوی و لە جیاتی خودا ڕەنج بدات و ماندوو بێت، وەڵام بە هەرچی پێویستییەکی خودا هەیە، لە رووی ماددی و مەعنەوییەوە بداتەوە، هەروەکوو چۆن هەتا ئێستاش ئەو قسەیە لەسەر زاری هەندێ کەسەوە ئەبیسترێ، کە دەڵێن: خۆ خودا ئێمەی بۆ عیبادەت دروستکردووە، نەک بۆ خەو و خواردن.

کەواتە، مرۆڤ هەر لە دێرزەمانەوە هەتا ئەمرۆ، هەمیشە و هەردەم لە هەوڵی ڕازیکردنی خوداکاندا بووە، کە بەلایەوە سەرچاوەی خێر و خۆشی بوونە، بۆئەوەی دەرگای خێر و خۆشییان لێ نەگرێت، یان بۆئەوەی دەرگای خێر و خۆشی و ڕەحمەتیان لێ بکاتەوە، یان بۆ ڕازیکردنی ئەو



خودایانە بووە، کە بە سەرچاوەی ناخۆشی و قاتوقڕی و نەخۆشی و مردنی زانیوە، تاوەکوو دەرد و بەڵایان لێ بەدوور بێت، یان بۆئەوەی دەرد و بەڵایان لەسەر لابەرێت، یان هەوڵی ڕازیکردنی خودای چاکە ئەدەن بۆئەوەی لە شەڕی شەیتان بیانپارێزێ.

کەواتە، ئایین و ئایینپەروەری و خوداپەرستی و عیبادەت، خۆی لە خۆیدا مەسەلەیەک نییە، پەرستن و ڕازیکردنی خوداکان ئامانجی مرۆڤ نەبووە و نییە، بەڵکوو ئەمانە گشت هۆیەکن، مرۆڤ هەر لە سەرەتاوە هەتاوەکوو ئێستا گرتوویەتییەبەر، بۆ مەیسەرکردنی پێویستییەکانی خۆی و درێژەدان بە ژیان. بۆ بەدەستهێنانی ڕۆزی و دوورکەوتنەوە لە هەر مەترسییەک، کە هەڕەشە لە ژیانی ئەکات، هەربۆیە مرۆڤ کاتێک توانیبێتی یان بتوانێت هۆیەک بۆخۆی دابین بکات، کە پێویستی بەو هۆیەی پێشا نەبێت، دەستبەرداری خوداکان بووە یان ئەبێت، چونکە لەو بارەدا مرۆڤ پێویستی بە خودایەک نابێت، کە بێوەزیفە مابێتەوە.

مرۆڤ هەر لە دێرزەمانەوە ڕێوشوێن و نەریتی جۆراوجۆری گرتووەتەبەر و بەرێخستووە، کە بە پێی سەردەم و ناوچە و ئەم میللەت و ئەو میللەت جیاوازییان لە نێواندا هەیە، بەڵام تێکڕای ئەو ڕێوڕەسم و کەشە ئایینییانە لە ناوەڕۆکدا وەک یەک و بۆ یەک ئامانج بوونە. ئەو ڕێوڕەسم و عیبادەت و مەراسیمانەش وەکوو: سوژدەبردن، نزا و پاڕانەوە، دروستکردنی پەیکەر بۆ خوداکان، ئامادەکردنی خواردن و خواردنەوە و جلوبەرگ و موزیکلێدان و پێداویستییەکانی دیکەی خودا، قوربانی، نوێژ، ڕۆنانی پەرستگا، ڕۆژو، حەج و عەمرە، ڕێوڕەسمی مردووناشتن، جەژن ... هتد.

مرۆڤی کۆن بۆ نیشاندانی نیازپاکی و ڕێزگرتن و بەگەورەزانینی خوداکانیان، پەیکەریان بۆ تاشیوون، چونکە بە پێی بیروباوەڕی کۆنی مرۆڤ، ئەم پەیکەرانە لە لای خودا شەفاعەتکەرن و هۆیەکن بۆ نزیکبوونەوە لە خودا و گەیبشتن بە ویست و داخوازییەکانیان. بەشێکی دیکەی مرۆڤ لە کۆندا، ئەو پەیکەرانەیان بۆئەوە دروستکردووە، تاوەکوو

له کاتی پێویستیدا پەنایان بۆ بەرن، چونکە بە خودا، یان بە نوێنەری خودایان زانیوە، لەسەر زەوی، بە تایبەت ئەمە لە کاتێکدا، کە خودای ئاسمان لێیانەوە دیار نییە، بۆ نموونە، خودامانگ تەنها لە شەو و خوداخۆر تەنها لە ڕۆژدا دەرئەکەوێت، یان ئەستێرەکان هەموو دەمێک بە ئاسمانەوە نین، یان بەهۆی هەورەوە مانگ و ئەستێرەکان نابینرێن. ئەو پەیکەر و بت و سەنەمانەش، کە مرۆڤ لە ماددەی جۆراوجۆری وەک: بەرد، دار، ئێسک، قوڕ، ئاسن، مس، زێڕ، زیو ...هتد. دروستی کردوون، شێوازی جۆراوجۆریان بە خۆیانەوە گرتووە.

نوێژکردن یەکێکە لەو ئەرکە ئایینییانەی، کە مرۆڤ لە هەمبەر خوداکانی، بۆ نیشاندانی ملکەچی و دەربڕینی کۆیلایەتی و بێدەسەڵاتی و ناغافڵی خۆی ئەنجامی داوە. ئەگەر بێت و سەرنجێک لە شێوەی بە ئەنجامگەیاندنی ئەم شێوە پەرستنە، لە هەر ئایینێک لە ئایینە جیاوازەکاندا بدەین، ئەوەمان بە ڕۆشنی بۆ دەرئەکەوێت. هەروەها ئەگەر بێت و لە نوێژی زۆربەی ئایینەکان وردبینەوە، هەست بە پەیوەندی نێوان نوێژ و هێزە سروشتییەکان، بە تایبەت خۆر ئەکەین. ئەگەر نوێژی ئایینی سابیئە بە نموونە بهێنینەوە، ئەبینین، کاتی ئەنجامدانی نوێژەکانیان، بە جوڵەی خۆرەوە پەیوەستە. پەیڕەوانی ئەم ئایینە، ڕۆژانە سێ کەڕەت نوێژ ئەکەن، یەکەمیان، پێش ئەوەی خۆر هەڵبێت، دووهەمیان، کاتێک، کە خۆر لە ناوەڕاستی ئاسماندایە، سێهەمیان، پێش خۆرئاوابوونە. ئەوەی جێگەی سەرنجە، ئەوەیە، نوێژکردنی پەیڕەوانی ئیسلام لەگەڵ ئەم ئایینەدا نزیکایەتی هەیە، بە تایبەتی ئەوانەی، کە سەر بە ئایینزای شیعەن. پەیڕەوانی ئایینی مانوی ڕۆژانە چوار کەڕەت، زەردەشتییەکان پێنج کەڕەت و موسڵمانی سوننی پێنج کەڕەت، نوێژ بۆ خوداکانیان ئەکەن.

سەرباری هەر جیاوازییەک لە ڕووی شێوەی ئەنجامدان، جۆری نزا، جۆری خودا، ڕووگە، ژمارەی نوێژ و ڕکاتەکانی و... لە نێوان نوێژی ئایینە جۆراوجۆرەکاندا، کە هەیە، هەر هەموو لە یەک ناوەڕۆکدا یەکدەگرنەوە،



ئەویش نیشاندانی بێهێزی و ملکەچی و تەسلیمی پەیڕەوانی هەر ئایینێکە، لە هەمبەر خودای خۆیاندا.

پەیڕەوانی زۆربەی ئایینەکان پێش بەئەنجامگەیاندنی نوێژەکانیان، دەستنوێژ هەڵئەگرن، ئەمەش بە مەبەستی پاکردنەوەی دەروونە، بە هۆی ئاوەوە، لە گوناح، تاوەکوو بە پاقژی لە بەرامبەر خودای خۆیاندا ڕابوەستن. ئەوەی شایانی گوتنە، لە شوێنەواری کۆنی گەلاندا، شوێنی حەوز و ئاو و دەستنوێژ، بە فراوانی بەرچاو ئەکەوێت.

ڕۆژوگرتن یەکێکی دیکەیە لەو ئەرکە ئایینییانەی، کە مرۆڤ بۆ خوداکانی ئەنجامی داوە. ئەم جۆرە عیبادەتە لە لای زۆربەی ئایینەکان ناسراوە و دوورنییە سەرەتاکەی بۆ ڕۆژگاری زۆر کۆن و سەرەتایی نەگەڕێتەوە، بۆ ئەو دەمەی، کە مرۆڤ هێشتا نەیتوانیوە، خواردنی ڕۆژانەی خۆی دابین بکات، یان لە بار و دۆخی ساڵانی نەبوونی و قاتوقڕی و لەنێوچوونی کشتوکاڵەوە سەرچاوەی نەگرتبێ، کە هەردەم بە هۆی بێبارانی، یان لافاوەوە، لە ئەنجامی خراپی خۆیان و توڕەبوونی خوداکانەوە، هەڕەشەی لە مرۆڤ کردووە. هەربۆیە کاتێک مرۆڤ بە ڕۆژو ئەبێت، ئەیەوێ بەو کارە ئەوە نیشانی خوداکانی بدات، کە ڕۆژانی نەبوونی، قاتوقڕی، بێبارانی، توڕەیی و غەزەبی خودای خۆی لە بیر نەچووە و لە یادە و لێی یاخی نییە و هەرچییەکی، کە هەیە، لە سامان و ڕسق و ڕۆزی هەر لە خوداوەیە، نەک لە ڕەنج و ماندووبوونی خۆی، یان لە وەبەرهێنان و چەوسانەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە. ئەم شێوە عیبادەتەش لە ئایینێکەوە بۆ ئایینێکی دیکە، لە میللەتێکەوە بۆ یەکێکی دیکە، لە سەردەمێکەوە بۆیەکێکی دیکە، ئەگۆڕێت و شێوەی جۆراوجۆر لە چۆنیەتی ڕۆژوگرتن، خواردن و نەخواردن، ژمارەی ڕۆژەکانی ڕۆژو، کاتەکانی لە ساڵدا، دەستووری ڕۆژوگرتن و شکاندنی ... ئەگۆڕێت. ئەوەی شایانی باسە، ئایینی زەردەشتی، ڕۆژووگرتن بە حەرام دائەنێ، چونکە پێیان وایە، ئەبێتە هۆی بێهێزی و بێتوانایی مرۆڤ لە ڕاست بە ئەنجامگەیاندنی ئیش و کارە کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییەکانیدا(59).

قوربانی سەربڕین ئەرکێکی دیکەی ئایینییە، کە مرۆڤ هەر لە کۆمەڵە سەرەتاییەکانەوە ئەنجامی داوە. مرۆڤ لەو ڕۆژگارەدا و لە کاتی تۆوکردندا، مرۆڤی کردووەتە قوربانی، بۆئەوەی زەوییەکەی بەرەکەتی تێ بکەوێ، هەر کاتێکیش کشتوکاڵەکەی هاتە بەرهەم، ئەڵێت: ئەوا ئەو مرۆڤەی کردمە قوربانی زیندوو بووەوە(60). ئەمورییەکان بۆ قوربانیکردن، مرۆڤیان سەربڕیوە، پاشان لاشەکەیان خستووەتە ژێر تەمەڵی پەرستگاکانەوە(61).

لە دوورگەی کارولینا لە مەکسیک، پەیکەرێکی گەورەی کانزای ناوبۆش بۆ خودایەکی مەکسیکی کراوە، کە پاشماوەی مرۆڤی سووتێنراوی تێدا بینراوە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە، کە مرۆڤیان سووتاندووە و بۆ خوداکەیان کردوویانە بە قوربانی.

هێندێک لە لێکۆڵەرەوەکان لەو باوەڕەدان، قوربانی مرۆیی لەو کاتەوە پەیدا بووە، کە مرۆڤی سەرەتایی بەهۆی برسێتی و دەسگیرنەکردنی نێچیرەوە یەکترییان خواردووە، جا چونکە پێیان وابووە، خوداکانیش مانەندی مرۆڤ خواردن ئەخۆن، بۆیە بۆ ڕازیکردنیان، مرۆڤیان سەربڕیوە و کردوویانە بە قوربانی. بەڵان لە ئاکامی پتربوونی کاری مرۆڤ و پتربوونی خۆراکەوە، مرۆڤ وردەووردە لە قوربانی مرۆیی دوورکەوتەوە و قوربانی ئاژەڵی جێگەی گرتەوە. لە ئەفسانەی یۆنانییەکانەوە هاتووە، کە چۆن لە جیاتی قوربانیکردنی بافچینیا، ئاسکێک سەرئەبڕن، ئەمەش باسی ئەو ڕۆژگارەمان بۆ ئەگێڕێتەوە، کە تیایدا قوربانی ئاژەڵی، جێگەی قوربانی مرۆیی گرتووەتەوە. لە ئایینەکانی جوولەکە و ئیسلامیشدا، ئەو گۆڕانکارییە خۆی لە ئەفسانەی ئیبراهیمدا نیشان ئەدات یانی، وەختێک، کە ئیبراهیم گەرەکێتی کوڕەکەی (واتە: ئیسحاق، بەپێی ئایینی جوولەکە و مەسیحی و ئیسماعیل، بەپێی ئایینی ئیسلام) بۆ خودا بکاتە قوربانی، لە ئاسمانەوە بەرانێکی بۆ ئەنێرن، بۆئەوەی لە بری کوڕەکەی سەری ببڕێ.



مرۆڤی کۆن پێی وابووە، هێزی ئەو شتەی، کە ئەیخوات ئەچێتە لەشییەوە، بۆیە کارێکی ئاساییە، کاتێک مرۆڤ خوداکانی، کە بۆ ئەو دەمە خودای مرۆیی بوونە، بۆ قوربانی، گەورە و قەڵەویان بکات و پاش سەربڕین گۆشت و خوێنەکەیان بخوات، تاوەکوو هێزی خودا بخاتە لەشی خۆیەوە. بەڵام پاش ئەوەی خۆراک زۆر ئەبێت، ئیدی مرۆڤ بەرەبەرە واز لەم شێوە قوربانییە ئەهێنێ. لە مەکیسکی کۆندا، خوێنی زارۆکێک، کە بۆ قوربانی دانراوە، لەگەڵ دانەوێڵەدا تێکەڵ کراوە و پەیکەرێکیان لێ دروستکردووە، پاشان لەجیاتی خواردنی خودا، خواردوویانە(62). بەو شێوەیە لەنێو زۆربەی گەلاندا، قوربانی بۆ خوداکان کراوە و بە گوێرەی سەردەمەکە و شێوەی دەستگیرکردنی خواردن و ئاستی بەرهەم ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە. هەتا هەنوکەش ئەم شێوەپەرستنە لە گەلێک شوێنی دنیادا، هەر درێژەی هەیە و بۆ گەلێک مەبەست و لە زۆر بۆنەدا قوربانی بۆ خوداکانیان سەرئەبڕن.

مرۆڤ لە کۆندا، باوەڕی بە سەردانی خوداکان لە ئاسمانەوە بۆ سەرزەوی هەبووە، تاوەکوو خودا تەنگوچەڵەمە، گرفت و کێشە، داوا و پێداویستییەکانی مرۆڤ لە چاکە و خراپە، لە نزیکەوە ببینێ، لە کار و کردەوەیان بپرسێتەوە و بەگوێرەی کردەوەکانیان ڕەفتاریان لە تەکدا بکات، ئەگەر کردەوەکانیان چاکە و بە ویستی خودا بوون، ئەوا خودا پێی ئارام و دڵخۆش ئەبێ و خێر و خۆشییان بەسەردا ئەبارێنێ، ئەگەریش کردەوەکانیان خراپە بوون و بە گوێرەی ویستی خودا نەبوون، ئەوا خودا پێی دڵتەنگ و پەست ئەبێ و غەزەبیان بە نەخۆشی، لافاو، بوومەلەرزە، بێبارانی و ڕەشەبا و ... لێ ئەگرێت.

مرۆڤ لە سەرەتادا، سەرچیا و ئەشکەوت و سەرچاوەی ئاوی، بەو شوێنانە زانیوە، کە خوداکان لە کاتی هاتنەخوارەوەیاندا بۆ سەرزەوی پشووی تێدا ئەدەن و ئەو کارانەی هەیانە، ئەنجامی ئەدەن، چونکە چیا شوێنێکی بڵندە و بۆ چاودێری و دیدەوانی شوێنێکی باشە، ئەشکەوت و

سەرچاوەی ئاویش شوێنی پشوودان و حەسانەوەیە، هەروەکوو چۆن مرۆڤ لەو ڕۆژگارەدا، بۆ ئەو مەبەستە بەکاری هێناوە. بەڵام پاش ئەوەی مرۆڤ فێری کێڵانی زەوی و کشتوکاڵ بوو، ئیتر لە نزیک زەوییەکەی خۆیەوە خانووی دروستکرد و گوندەکانی بنیات نا. هەر لەو کاتەشەوە بیری لە دروستکردنی خانویەکیش بۆ خوداکان کردەوە، بۆئەوەی خودا بە چەشنی خۆی پشووی تێدا بدات و پەیکەری خوداکانی تێدا دابنێ، ئیدی ئەو شوێنەش بکاتە شوێنی کۆبوونەوەی گشتی، بۆ خوداپەرستی و بەڕێکردنی کەشی ئایینی ... بەو شوێنانەش ئەڵێن پەرستگا. لە شوێنەواری گەلانەوە دەرئەکەوێت، کە چۆن مرۆڤ بایەخێکی فرەی بەم پەرستگایانە داوە و بە نەخش و زەخرەفەی ڕەنگاوڕەنگ و هەمەجۆر ڕازاندویانییەوە.

پەرستگاکان بە گەلێک شێوە دروستکراوون، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دوو جۆریان هەیە: یەکێکیان بەرزە و لە شێوەی قوله (زەقورە)دایە، کە بەرزییەکەی ئاماژەیە بۆ پایەبڵندی خوداکان لە لای مرۆڤ. لە ڕاستیدا وشەی زەقورە لە زمانی بابلیدا هەر بەو مانایە هاتووە. بەرزی قوله، دەبێتە هۆی ئەوەی، کە مرۆڤ زیاتر لە خوداکان (کە لە ئاسماندان) نزیک بێتەوە و ئەرزوحاڵەکەی زووتر بگاتە جێ. ئەوی دیکەیان نزمە و لە تەنیشت قولەکەوە دروست ئەکرێت. ئەوەی شایانی باسە، ئەگەر سەرنج بدەین، ئەم شێوە پەرستگایانە بە کڵێسە و مزگەوتەکانی ئێستاشەوە دەرئەکەوێت.

پەرستگاکان بە گوێرەی پێویستی و جۆری ئیشوکارە ئایینییەکان شوێن و بەشی جۆراوجۆریان تێدا دروستکراوە. شوێنێکیان بۆ دانانی پەیکەرەکان دروستکردووە، پێی ئەڵێن، میحراب، مەیدانێک بۆ نوێژکردن واتە، بەردەنوێژ، بیر و حەوز بۆ دەستنوێژ، شوێنی تایبەتی بۆ سەربڕینی قوربانی، شوێنی تایبەتی بۆ کاهین (کەشیش، مەلا... هتد.) دروستکراوە.

لە سەرەتادا مرۆڤ بۆ خۆی و بە بێ هیچ نێوەندێک خوداپەرستی کردووە، بت و سەنەمەکانی لە سەر شاخ و لەنێو ئەشکەوت و پاشان لەنێو ماڵەکەی خۆیدا داناوە، هەر خۆشی خواردنی بۆ ئامادەکردوون و خزمەتی کردوون،



بەڵام دواتر شوێنی تایبەت و پەرستگای بۆیان دروستکرد، ئەمەش یانی، کۆبوونەوە لە دەوری یەکتر و بەڕێوەبردنی کاری ئایینی بە شێوەیەکی دەستەگەلی (جماعي).

باوەڕی ئایینی هەتا ئەهات فراوانتر ئەبووەوە، بەڕێوەبردن و بە ئەنجامگەیاندنی مەراسیم و خوداپەرستی، پێویستی بە کەسانێکی تایبەت بوو، کە شارەزاییان لەو کارانەدا هەبێت، ئەوانەش پێیان دەگووترا، کاهین (لە وشەی کوهن_ی عیبرییەوە هاتووە واتە: ڕاهیب)، هەربۆیە ئەمانە بە زۆری لە کەسانێکی بەتەمەن و دنیادیدە پێکهاتوون. کاهینەکان لە سەرەتادا، لەپاڵ بەئەنجامگەیاندنی کاری ڕۆژانەیاندا، کارە ئایینییەکانیشیان بەڕێوە ئەبرد، بەڵام لەگەڵ پەرەسەندنی کۆمەڵ و دابەشبوونی هەرچی زیاتری کاری کۆمەڵایەتی، پێویستی ئەوە هاتە کایەوە، کە ئەو کاهینانە کاتی خۆیان بۆ کاری ئایینی تەرخان بکەن، تا سەرئەنجام گەییشتە ئەوەی ڕیزێک کاهینی ورد و درشت پەیدابێت، کە هەریەکەیان تایبەت بە کارێکی ئایینی بێت. لە سەرچاوە بزمارییەکانەوە دەرئەکەوێت، لە ڕۆژگاری سۆمەرییەکاندا، نزیکەی 30ی جۆرە کاهین هەبووە(63). کاهینەکان جلوبەرگی تایبەت و جیا لە خەڵکییان هەبووە، وەکوو پۆشینی جلوبەرگی سپی و سەرومێزەر و کڵاوی تایبەتی(64)، هەروەکوو چۆن هەتا ئێستاش کەشیش و خاخا و مەلاکان، جلوبەرگی تایبەتی ئەپۆشن. کاری ئەم کاهینانە بریتی بووە، لە خزمەتکردنی پەرستگاکان، ئارایشکردنی خوداکان، ئامادەکردنی خواردن و خواردنەوە و جلوبەرگ، قوربانی سەربڕین، ڕێکخستن و بەڕێوەبردن و ڕێنوێنیکردنی خەڵکی لە کاروباری ئایینی و خوداپەرستی، نزیککردنەوەی مرۆڤ لە خوداکان و گەیاندنی گرفت، داوا، داخوازی و نزاکانیان، پاڕانەوە بۆیان و شەفاعەت بۆکردنیان لە لای خودا.

کاهینەکان بەپێی سەردەم و ناوچە و ئایین ناوی جیاوازیان هەبووە، هەروەکوو ئێستاش ئەوە ئەبینین. کاهینەکان بەناوی خوداوە قسەیان کردووە و بە خەڵکییان گوتووە، ئەم قسانەی، کە دەیکەن، فەرموودەی

خودایە و خودا خۆی بۆی ڕەوان کردوون، خۆیان لە لای خەڵکی بە هەڵبژاردەی خودا و بە نوێنەر و بە پەیامبەر ناساندووە.

ئەوەی شایانی باسە، بەڕێوەبردنی پەرستگاکان لە چاخە کۆنەکانەوە، مافی دیاریکراوی خێزانە گەورە و کۆنەکان بووە. ئەم کارە لە سەردەمی شاهەنشاهی ناوەڕاستدا، بۆ هەندێک خێزانی دیاریکراو بووە، کە ئەندامەکانی پشتاوپشت کاری کاهینییان وەک ئەرکێکی سانەوی بەڕێوە ئەبرد(65).

بەو شێوەیە کۆمەڵی مرۆیی هەر لە سەرەتای پەیدابوونییەوە لە دیاردەکانی دەوروپشتی ورد بووەتەوە، بە گوێرەی بار و دۆخی ماددی ژیان و ئاستی بیرکردنەوەی، بەرسڤی جۆراوجۆری پێداوەتەوە، بە کاری خودا، یان هەر بە خودای زانیوە. بۆ بەرژەوەندی خۆی لە هەوڵی ئەوەدا بووە، کە خوداکان لە خۆی ڕازی بکات و دیاردەکان بە قازانجی خۆی بگەڕێنێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش، ڕێگای جۆراوجۆری گرتووەتە بەر. خودا و شێوەکانی پەرستنیش لە سەردەمێکەوە بۆ یەکێکی دی، لە کۆمەڵ و ئایینێکەوە بۆ یەکێکی دی، بە گوێرەی ئەو هەلومەرجە، لەنێوچوون و لە جێگەیان هی دیکە پەیدا بوونە، یان ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتووە. ئەوەی شایانی باسە، سەرباری ئەم ڕوانگە و لێکدانەوە و بیروباوەڕانە، هێندێک گەل و تیرە و هۆز، بەو شێوەیە نەبوونە، کە لە باسەکەماندا هاتووە. هێندێک لە خێڵە کورتەڵە (قەزەم) ئافریقاییەکان دروشم و کەشێکی ئایینی بەرچاویان نییە، بت و سەنەم و خودایان نییە، مردووەکانیان بە بێ مەراسیم ئەنێژن، پاش شاردنەوەی مردووەکانیان ئەوەیان لێ دەرناکەوێت، کە دنیای دوای مردن بۆ ئەوان بایەخێکی هەبێت. هەرچی کورتەڵەکانی کامیرۆنە، تەنها خودای خراپە دەناسن و هیچ کاتێکیش هەوڵی ڕازیکردنی نادەن، چونکە پێیان وایە، ئەوە کارێکی بێهودەیە.

ئەگەر لە مرۆڤی ئاسکیمۆ پرسیار بکەیت، کە ئەوە کێیە، ئاسمان و زەوی دروستکردووە، لە وەڵامدا ئەڵێ: نازانم! ئەگەر پرسیار لە مرۆڤی زۆلۆ



بکەیت (کاتێک، خۆر ئەبینێ هەڵدێ و ئاوا ئەبێ، دار و درەخت نەشونما ئەکات)، ئایا ئەزانیت کێ دروستکەر و ڕامهێنەریانە؟ بە سادەییەوە وەڵام ئەداتەوە و ئەڵێت: نەخێر! ئێمە ئەوانە ئەبینین، بەڵام ناتوانین بزانین، ئەوانە لە کوێوە هاتوون، وای پێ دەچێت، کە هەر بۆخۆیان پەیدا بووبن! بەڵام دیارە ئەمانە چەند حاڵەتێکی کەموکورتن، ئەوەی بڵاو و گشتییە ئەوەیە، کە لە باسەکەماندا هاتووە(66).

پەیڤەکانی ئێمە لەم بەشەدا بۆ ئەوە بوو، ڕەگوڕیشەی ئایین و خودا و خوداپەرستیمان بۆ ڕوون بێتەوە، کە بۆ ئەم مەبەستەش هێندێک لایەنی بنەڕەتی و تەوەرەییمان دایە بەر باس و لێکۆڵینەوە و نموونەی هەمە جۆرمان لە سەردەمی جیاواز و لە لای گەلانی جۆربەجۆر هێنایەوە، بۆئەوەی بەراووردێک لە نێوان ئایین و بیروباوەڕە جیاوازەکاندا بکەین و کۆڵکەی هاوبەش و بنەڕەتییان بخەینە ڕوو، تاوەکوو لە بەشەکانی دواتری باسەکەماندا، کە بە ئایینی ئیسلام و زەمینەی سەرهەڵدانی تایبەتە، کۆمەکمان پێ بکات، تاوەکوو ئەو وێنا خۆبەخۆیەی، کە وەک مۆتەکە هزری مرۆڤی موسڵمانی داگیرکردوە، برەوێتەوە و ئەو قاوغە بشکێنێ و بە بۆچوونێکی فراوان و کراوەوە، بچێتە نێو باسەکان و وا نەزانێت ئاسمان بە ئەندازەی دەمی ئەو بیرەیە، کە تێی دایە.

## بەشی دووەم

### هەلومەرجی ماددی_ فکریی سەرهەڵدانی ئیسلام

1_ هەلومەرجی ئابووری_ سیاسی_ کۆمەڵایەتیی شاری مەککە و دەوروپشتی، پێش پەیدابوونی ئیسلام
2_ هەلومەرجی فکریی شاری مەککە و دەوروپشتی، پێش پەیدابوونی ئیسلام

## 1_ هەلومەرجی ئابووری_ سیاسی_ کۆمەڵایەتیی شاری مەککە و دەوروبەری، پێش پەیدابوونی ئیسلام

نیمچەدورگەی عەرەب بە مەزنترین دورگەی جیهان ئەژمێردرێ، کە گەورەترین درێژی 1400 میل و گەورەترین پانیشی 1250 میلە(1). ئەم نیمچەدورگەیە، نێوەندی دنیای کۆن بووە، بەم هۆیەوە جێگەیەکی گرنگی لە گرێدانی وڵاتەکانی ئەو سەردەمە بە یەکترەوە هەبووە. بەشی نێوەڕاستی ئەم دوورگەیە، هیچ ڕووبارێکی پێدا تێناپەڕێت، شوێنێکی وشکوبرینگ و کەم ئاوە، بەو هۆیەوە مرۆڤ هێندە خۆی تێدا نەگرتووە و ژمارەی دانیشتوانی کەم بووە، ئەو خەڵکە کەمەش، کە تێیدا بووە، شێوەژیانی خێڵایەتی و کۆچەری و پەرشوبڵاوییان گرتووەتەبەر، چونکە پێویستییەکانی کۆبوونەوە لە تەک یەکدی و نیشتەجێبوون، لە چەشنی زەوی بەپیت و ئاوی زۆر، لە ئارادا نەبووە، بۆیە هەردەم بە دووی مێرگ و ئاو و لەوەڕدا، گێژیان خواردووە و ئەم شوێن و ئەو شوێنیان کردووە، بۆ پاراستن و مانەوەی خۆشیان لە هەمبەر سروشتی سەخت و ژیانی پڕ لە ڕەنجی بیابان و شەڕی بەردەوام و بێپسانەوەی نێوان تیرە و خێڵەکان، ئەبوو لە یەکتر بێئاگا نەبن، پشتی یەکتر بگرن و بە گشتیانەوە بەرگری لە خۆیان بکەن. ئەم خێڵە کۆچەرییانە گەلێک جاریش ناوچەی خۆیانیان، بەهۆی ئەو وشکی و بێئاوییەوە، بە تایبەتی لە ساڵانی بێبارانی و قاتوقڕیدا، یان بەهۆی شەڕی نێوان خێڵەکانەوە، کە لە بار و دۆخی نەهاتیدا، زۆرتر ئەبێت، بەجێ هێشتووە و کۆچ و ڕەویان کردووە(2). هێندێک دەڤەری ئەم دوورگەیە، بۆ نیشتەجێبوون و خڕبوونەوە لە دەوری یەکتر، باش و گونجاو بووە، وەکوو هێندێک جێگا لە حیجاز و باکووری دەڤەری یەمەن، کە گوند و شاری تێدا بنیات نراوە و تا ئەندازەیەکیش ژیانی شارستانییان هەبووە.



ئاژەڵداری و بەخێوکردنی پاتاڵ، کۆڵەکەی سەرەکی ئابووری خێڵە کۆچەرییەکان بوو، ئاژەڵ هۆی بەرهەمهێنان بوو، وشتریش بەکەڵکترین و خۆشەویستترین ئاژەڵ بوو، کە توانا و تایبەتمەندییەکەی لەگەڵ ژیانی کۆچەری و بیابانیی ئەواندا جووت ئەهاتەوە. بەروبوومی ئاژەڵ، بۆ خواردن، دروستکردنی جلوبەرگ، ڕەشماڵ و خێوەت بەکارهێنراوە، ئەمە سەرباری ئەوەی، کە ئەو ئاژەڵانە وەک هۆیەکیش بۆ هاتووچۆ و گواستنەوە لە جێگایەکەوە بۆ یەکێکی تر بەکار هاتووە. ئەنگڵس کاتێک، کە دەچێتە سەرباسی کۆمەڵە سەرەتاییەکان و سەرهەڵدانی کاری ئاژەڵداری و بەراوردکردنی لەگەڵ سەردەمی پێش پەیدابوونیدا، ئەڵێت: "بەخێوکردنی ئاژەڵ دەبێتە هۆی پەیدابوونی سەرچاوەیەکی سامانی وا، کە لەچاو پێشای خۆیدا بێوێنە بووە، هەروەها ئەم سامانە، ئەبێتە هۆی سەرهەڵدانی پەیوەندی نوێی کۆمەڵایەتی. بەخێوکردنی ئاژەڵ پێویستی بە چاودێرییەکی کەم هەیە، لە ئەنجامدا ئاژەڵەکان ژمارەیان زۆر ئەبن و لەگەڵ خۆیدا، خواردنی ماست و گۆشتیش زۆر ئەکات". هەروەها ئەڵێت: "خاوەندارێتی ئەو ئاژەڵانە لە سەرەتادا، بۆ تیرەکان بووە، بەڵام پێویستە خاوەندێتی تایبەتی زوو پەرە بستێنێ"، دواتریش ئەڵێت: "ئەوەی گومانی تێدا نییە و بەڵگەمان لەسەری هەیە ئەوەیە، کە لە سەرەتای مێژوودا و لە گشت جێگایەک، ئاژەڵ موڵکی تایبەتیی سەرەکخێزانەکان بووە، هەروەکوو چۆن بەرهەمی هونەری سەردەمی بەربەرییەت، کەلوپەلی میتاڵیی نێوماڵ، ئەو دروستکراوانەی بۆ جوانی و ڕابواردن بوونە، هەروەها گەلە مرۆڤ یانی، کۆیلە، موڵکی ئەوان بوونە"(3). بێگومان ئەم خێڵە کۆچەرییانە نەیانتوانیوە، خۆیان بۆخۆیان و بە دابڕاوی، تێکڕای پێویستییەکانی ژیان بەرهەم بهێنن، هەربۆیە زێدەبەرهەمی خۆیان بە بەرهەمگەلێک، کە پێویستییان پێی هەبووە، ئاڵووێر کردووە، بۆ ئەم مەبەستەش لە هەر شوێنێک، کە بۆیان گونجابێت، ئاڵوویریان لەگەڵ خێڵەکانی دەوروبەری خۆیان، لە بازاڕە گچکە و کاتییەکان، یان لە بازاڕی هەمیشەیی و نیمچە هەمیشەیی گوند و

شارەکانی دەوروبەری خۆیان بە شێوەی گۆڕینەوە، یان بە دراو کردووە، چونکە بەرهەمی کار هەتاوەکوو بێت، بە بەردەوامی لە چوارچێوەی ئەم کۆمەڵانەی، کە لە سەر بنەمای خێڵەکی دامەزراوە، پەرە ئەستێنێ، کە هاوشانی ئەمەش خاوەندێتی تایبەتی، گۆڕینەوە، جیاوازی خاوەندێتی، توانای سوودوەرگرتن لە هێزی کاری کەسانی دیکە، هەروەها بنچینەی ناکۆکیی چینایەتیش پەرە ئەستێنێ(4).

شاری تاییف و یەسریب (مەدینە)، خاوەن ئاو و خاکی بەپیت بوونە، هەربۆیە لەم شارانەدا، کشتوکاڵ کراوە و ڕەز و باخی زۆری تێدابووە. لە شاری تاییف مێووژ و هەنگوینی زۆر بەرهەم هاتووە(5)، بە جۆرێک، کە تەنها بەرهەمی مێووژ ساڵانە سێسەد بارەوشتریان ناردووەتە بازاڕ(6). سەرباری ئەمانە، خەڵکی ئەم شارە خەریکی ئاژەڵداریش بوونە، هەربۆیە بەم هۆیە و بە هۆی پەیوەندی بازرگانی لە تەک خێڵە کۆچەرییەکانی دەوروپشتیانەوە، بووەتە شوێنی هەناردەی پێستە، بۆ وڵاتەکانی دەوروپشتی(7). هەروها لەم شارەدا پیشەی چێکردنی مێووژ و شەراب و پێستەخۆشکردن هەبووە. لەمانەوە دەرئەکەوێت، کە شاری تاییف نێوەندێکی گرنگی بازرگانی و بازاڕێکی مەزنی کڕین و فرۆتن بووە، نەک هەر بۆ گوند و خێڵە کۆچەرییەکانی دەوروپشتی، بەڵکە بۆ وڵاتەکانی دەوروپشتیشی. شاری مەدینەش خاوەن کشتوکاڵ و باخ و باخاتی زۆر بووە، بەناوبانگترین بەرهەمێکی ئەم شارە خورما بووە(8). ئەم شارەش دیسانەوە، بازاڕی ناوچەکانی دەوروپشت و وڵاتەکانی دەرودراوسێ بووە.

شاری مەککە، کە پێیان ئەگووت ئومولقورا، بەر لە سەدەی پێنجەمی زایینی شارێکی گچکە بووە، کاروانسەرای ئەو کاروانە بازرگانییانە بووە، کە شتومەک و کاڵای هیند و ناوچەکانی باشووریان بۆ سوریا و فەلەستین و میسر بردووە. کاری تیرە و خێڵە عەرەبەکانی ئەم شارە لە سەرەتادا، هێرشبردن و تاڵانکردنی ئەو کاروانە بازرگانییانە بووە، کە بەوێدا گوزەریان کردووە، پاشان لەوە گەییشتن، کە دەکرێ سوود لەم کاروانە



بازرگانییانە ببینن، نەک بە ئاستەنگدانان و چەتەیی، بەڵکوو بە ڕێکەوتن لە گەڵیاندا، بۆیە ئیدی بوونە یاریدەدەر و پارێزەری ئەو کاروانانە و لە بەرامبەر ئەو کارەدا، باج و گومرگی خۆیان وەرئەگرت، پاشانیش وردەووردە بۆخۆیان کەوتنە نێو کارەکە و تێکەڵاوییان لەگەڵدا کرد، بوونە بازرگان و خاوەن ئەزموون و تاقیکردنەوە لەو بوارەدا، بە جۆرێک لە کۆتایی سەدەی شەشەمی زاینیدا، ئەم شارە بووە گەورەترین نێوەندی بازرگانی لە ناوچەکەدا و لە ڕاستیدا بووە پایتەختی حیجاز و نێوەندی پەیوەندی بازرگانی نێوان یەمەن، حەبەشە، فارس و ڕۆم. هەر یەکە لەم وڵاتانە باڵوێز و نوێنەری خۆیان بۆ ڕێکخستنی کاروباری بازرگانی لەم شارەدا هەبووە(9).

فاکتەرێکی دیکە، کە ئەم شارەی بەو ئاستە گەیاند ئەوەیە، ئەم شارە وەک نێوەندێکی ئایینی و پیرۆز لە لای خەڵکی دەڤەرەکە ناسرابوو. لەو سەردەمەدا چەندین کابە لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی ناوچەی حیجازدا هەبوون، لێ هیچ کامێکیان هێندەی کابەی مەککە، لە لای خەڵکی ناوچەکە مەزن و پیرۆز نەبوو، کە 360 دانە بتی تێدابوو(10). ساڵانە خەڵکی بە هەزاران و هەزار هەزار لە هەموو سوچێکی جەزیرەوە بۆ خوداپەرستی و حەج یان، بۆ بازرگانی لە بازاڕەکانی حیجاز، بە تایبەتی لە بازاڕی عوکاز، کە نزیکی شاری مەککە بوو و هەموو ساڵێک بۆ ماوەی سێ مانگ ئەکرایەوە، ڕوویان بۆ دەهێنا و تیایدا ئامادە دەبوون. لەم بازاڕانەدا، نەک تەنها بازرگان و شاعیری عەرەب، بەڵکوو هێندێک بازرگانی فارس و سوریا و حەبەشەش ... بەشدارییان تێدا دەکرد(11). بەو شێوەیە کاروباری بازرگانی و ئایینی ببوونە دوو شتی لێکهەڵپێکراو، ئەگەرچی بەڕێوەبردنی کاروباری ئایینی، ڕووکەشی و بازرگانی و ئاڵوویر و دەستکەوتی سوود و قازانج، ئامانجی سەرەکی و ناوەڕۆکی هاتنەکەیان بووە.

ئەم دوو فاكتەرە یانی، ناوەندی بازرگانی و ئایینی، شاری مەككەی پێگەیاند و كردییە ئەو نێوەندە بۆ ناوچەكە. ئەگەرنا خەڵكی نەیئەتوانی تیایدا نیشتەجێ بێت، چونكە ئەم شارە خاكێكی بێپیت و ئاووهەوایەكی گەرم و ناخۆشی هەبووە و هیچ جۆگە ئاوێكی تێدا نەبووە، بۆیە بۆ كشتوكاڵ و نیشتەجێبوون كەڵكی نەبووە، هەروەكوو لە قورئانیشدا باسی هاتووە، ئەڵێت: "بواد غیر ذي زرع"(12)، واتە، شیوێكی بێ كشتوكاڵ بووە.
ڕووداوی خاوەنفیلەكان (هێرشی حەبەشییەكان بۆ سەر شاری مەككە)، ئەوەندەی تر ئەم شارەی وەك نێوەندێكی ئایینی بە ناوچەكە ناساند. حەبەشییەكان بە فەرماندەیی ئەبرەهە، هێرشیان بۆ سەر ئەم شارە كرد، بە نیازی ڕوخاندنی كابە و شكاندنی ئەو بتانەی كە تێیدا بوونە، بەڵام بە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی ئاوڵە لەنێو لەشكری ئەبرەهەدا، نەیانتوانی بگەنە مەبەست(13). هەروەكوو قورئانیش ئاماژەی بۆ ئەم ڕووداوە كردووە، وەلێ بە شێوەیەكی خورافی باسی ئەكات و ئەڵێت: "ألم تر كیف فعل ربك بأصحاب الفیل، ألم یجعل كیدهم في تضلیل، وأرسل علیهم طیرا أبابیل، ترمیهم بحجارة من سجیل، فجعلهم كعصف مأكول"(14)، واتە: ئایا تۆ ئەوەت نەبینی، كە خوداكەت چی بە خاوەنفیلەكان كرد، ئایا فڕوفێڵەكەیانی پووچەڵ نەكردەوە و تەیرەن ئەبابیلە (باڵندەیەكی ئەفسانەیییە)ی بۆ سەریان نەنارد، كە گزموڵە (بەردی گڵین)یان بۆ تێئەگرتن و وەك دەغڵێكی لێ كردن، كە دانەكەی خورابێت و لاسكەكەی مابێتەوە. بەپێی ئەم لێكدانەوەیە بێت، محەمەد و خەڵكی ناوچەكەش نەخۆشی ئاوڵەیان پێ نامۆ بووە، هەربۆیە نەیانتوانیوە لێكدانەوەیەكی دروستی بۆ بكەن و وەك هەر دیاردەیەكی دیكە، پەیوەستیان كردووە بە خودا و بە هێزی نادیار و ئەفسانەوە. ئەوەی شایانی باسە، مێژوونووسی ڕۆمانی پرۆكۆپیوس، كە لە ساڵی 500ی زایینی لەدایك بووە، ئەڵێ: یەكەم ئاوڵە لە ساڵی 554ی زایینی لە میسر پەیدا بووە و لە ساڵی 569ی زایینی ئەو میكرۆبە گەییشتە كۆستەنتینییە (قوستەنتینیە) و هەر هەمان ساڵ ئەم نەخۆشییە لەنێو



لەشكری ئەبرەهەدا بڵاوبووەوە(15)، مێژوونووسانی عەرەبیش ئەڵێن: ئەمە یەكەم ئاوڵەیە، لە ناوچەی جەزیرەدا. ئەم ڕووداوە بووە هۆی ئەوەی، كە خەڵكی ناوچەكە ئەوەندەی تر ئەم شوێنەیان لا پیرۆز بێت، چونكە پێیان وابوو، كە خوداكانیان پارێزگارییان لە كابە و بتەكانیان كردووە. هەروەها پایەی عەبدولموتەلیبیش ئەوەندەی تر لە لای قورەیش و خەڵكی مەككە و دەوروبەری بەرزبووەوە، چونكە ئەو ڕێنوێنی خەڵكی كرد، كە شار بەجێ بهێڵن و كۆچ بكەن، تاوەكوو لە زیانی سوپای ئەبرەهە بەدوور بن، بەڵام هەرچی خۆی بوو، بە تاقی تەنها، بە ئارامی و نەترسانە لەنێو شاردا مایەوە(16).
ئەو كاروانە بازرگانییانەی، كە بە شاری مەككەدا تێئەپەڕین، جۆرەها كاڵای بەنرخی تێدا بووە، كە لە ڕێگەی كاروانی عەرەبەوە ئەگوێزرایەوە و ژمارەیان دەگەییشتە دووهەزار وشتر و نرخی كاڵاكانیش دەگەییشتە سەدهەزار دینار(17). لە كتێبی ئیسلامناسیدا(18) هاتووە ئەڵێت: ئەو كاروانەی، كە لە ساڵی 624ی زایینی لە لایەن بازرگانەكانی مەككەوە ئامادەكرابوو، كە بۆ سوریا بچێ، بارتەقای پەنجاهەزار مسقاڵ زێڕ كاڵای پێ بووە. هەروەها جەواد عەلی ئەڵێ: ئەو پشكە سەرمایەیەی خێڵی قورەیش، كە لەو كاروانە بازرگانییەی بە سەرۆكایەتی ئەبوسوفیان بەڕێخرا و لە ئەنجامدا بووە هۆی بەرپابوونی شەڕی بەدر، بە 50000 دینار یەكسان بووە. ئەو كاروانە لە دووهەزاروپێنجسەد وشتر پێكهاتبوو و ژمارەی پاسەوان و چاودێرەكانیشی 100-300 كەس بوونە، جگە لە هێزی پشتیوان، بۆ كاتی پێویستیی(19).
ئەم كاروانە، بۆ بەڕێوەبردن و هەڵسوڕاندنی كارەكانی، كەسێكی لێهاتوو، شارەزا لە بازرگانی و خاوەن سەروەت و سامان و كەسێكی ناسراو و بە ئۆتۆریتەی گەرەكبوو، ئەو تایبەتمەندییانەش لە كەسایەتییەكی وەك هاشم كوڕی عەبدولمەنافدا كۆبوبوەوە. هاشم ڕابەرایەتی ئەو كاروانە بازرگانییەی ئەكرد، كە ساڵانە لە زستاندا سەفەرێكی بۆ یەمەن و لە هاویندا سەفەرێكی

بۆ شام ئەکرد. قورئانیش ئاماژەی بۆ ئەم مەسەلەیە کردووە و ئەڵێ، "لأيلاف قريش، إيلافهم رحلة الشتاء والصيف"(20)، واتە: لەبەر هۆگری قورەیش، هۆگرییان بە هاتووچۆی زستان و هاوینەوە. بنەماڵەی هاشم بە بازرگانی ناوی دەرکرد و بە خاوەن ئیلاف و بە بنەماڵەیەکی زەنگین، کە خەریکی ئیشوکاری بازرگانی و سەفەر بوونە، ناسران(21). لە بەرامبەر ئەم کارەدا هاشم، ئیلافی لە بازرگانەکان و سەرەکخێڵەکان وەرئەگرت، کە ئەمەش بۆ هەردوو لا مایەی سوود و قازانج بووە، چونکە بەم هۆیەوە بازرگان و سەرەکخێڵەکان کەلوپەل و کاڵاکانیان بە دڵنیاییەوە ئەگەیشتە بازاڕی وڵاتان و لەولاشەوە خاوەن ئیلاف، بەهۆی وەرگرتنی ئیلافەوە، سوود و قازانجی خۆی دەست ئەکەوت(22).

کاروانی بازرگانی لەو جۆرە، پێویستی بە چەندین کەسی شارەزا و پسپۆر لە بازرگانی و چەندین ژمێریار و نووسەر و وەرگێڕ هەیە، هەروەها پێویستی بە کەسانێکی دیکە هەیە، کە ڕێگا و ڕێڕەوی کاروانەکە تاقی بکاتەوە، پێویستی بە هێزێکی چەکداریش هەیە، بۆ پاراستنی کاروانەکە لە هێرش و ڕێگری خێڵەکان، چونکە شمەک و کاڵایەکی فرەی بارکردووە و ڕێگایەکی دوور و درێژی لەو جۆرە، بێ مەترسی نابێت، هەربۆیە ئەو کاروانە هەردەم، لە لایەن سەدان کەسی تەییار و باشترین جەنگاوەرەوە پارێزراوە، لە ڕاستیدا سوپایەکی مەزنیان لەگەڵدا بەرێخستووە، کە زۆربەیان لە کۆیلەکانی ئافریقا بوونە و هەتا دەهات ژمارەیان لە هەڵکشاندا بووە، ئەمەش بۆخۆی نیشانەی ئەوەیە، کە ئەو کاروانە بەهۆی زیادبوونی کاڵاو کەلوپەلەکانییەوە، پێویستی بە پارێزگاریکردنێکی زۆرتر بووە، هەروەها نیشانەی دەسکەوتی زۆروزەوەندی سوود و قازانج بووە، کە لە توانایاندا بووە، ئەرکی خەرجیی بەڕێوەبردنی سوپایەکی لەو چەشنە بگرنە ئەستۆ و لەولاشەوە سەروەت و سامانێکی زۆر پێکەوە بنێن، کە هی هەندێکیان گەیشتووەتە سەدانهەزار و بگرە ملیونەها و بانکەکانیان لە دینار و درهەم تژی کردووە(23). عەبدوڵای کوڕی جەدعان یەکێک بووە لە



هەرە دەوڵەمەندەکانی مەککە، خودان دوو کاسەی گەورەی چێشت بووە، سوار و پیادە لێیان خواردووە. ئەگێڕنەوە، جارێکیان منداڵێک ئەکەوێتە نێوی یەکێکیانەوە و ئەخنکێ، ئیدی ئەو دوو کاسەیە، پاش ئەو ڕوداوە، بۆ نموونەی گەورەیی، بووە بە جێگای باس(24). هەروەها ئەبوسوفیانی کوڕی حەرب، کە گەورەترین دەوڵەمەندی مەککە بووە، کاڵا و شمەکی بازرگانییەکەی گەییشتووەتە ڕادەی پەنجاهەزار دینار(25). بۆ ئەو سەردەمە، ئەگەر یەکێک خودان چەندسەد دینارێک بوایە، بە گەورە دەوڵەمەند ئەژمێردرا(26). بەو شێوەیە، هەروەکوو ئیبنهیشام ئەڵێ: بازرگانی سیمای بنەڕەتی ئابووری خێڵی قورەیش بووە(27) و هزر و بیری زۆربەی خەڵکی شارەکەی داگرتبوو بە جۆرێک، کە هەمیشە بە شوێن دەنگوباسی بەهای کاڵا و کاروانی بازرگانییەوە بوون، چونکە بازرگانی بۆ ئەریستۆکراتەکان مایەی سوود و قازانج و کەڵەکەی زێتری سەروەت و دارایی بووە، بۆ خەڵکی هەژار و دەستەنگیش مایەی ژیانێکی مەمرەومەژی بووە. ئەوەتا لە زۆر جێگەی قورئانیشدا، کە نزیکەی 70 ئایەت ئەبێت، باسی بازرگانی، ساتوسەودا، قەرز، سوود و قازانج، کێشانە و پێوانە ... هاتووە. بڕوانە ئەم ئایەتانە: "أولئك الذين اشتروا الضلالة بالهدى فما ربحت تجارتهم وماكانوا مهتدين"(28)، "أكتالوا على الناس ليستوفون، واذا كالوهم أو وزنوهم يخسرون"(29)، "ياأيها الذين آمنوا اذا تداينتم بدين الى أجل مسمى فاكتبوه"(30). هەروەها بڕوانە ئەم ئایەتانە: الصف:10، فاطر: 29، النساء: 29، الجمعة: 11، أنعام: 98، ... هتد.

بێگومان بەرهەمهێنانی شمەکێک، بە مەبەستی ناردنی بۆ بازاڕ و بۆ فرۆشتن، واتە، کاڵا. هەروەها دابەشبوونی زیاتری کار و گۆڕینەوە، ئەبێتە هۆی پەیدابوونی دیاردەی کڕین و فرۆشتن، واتە، بازرگانی، کە لەگەڵ خۆیدا بۆ کڕین و فرۆشتنی کاڵاکان، چینی بازرگان ئەهێنێتە کایەوە. هەروەکوو ئەنگڵس ئەڵێت(31)، ئەمە سێهەمین دابەشبوونی کارە و گرنگییەکی یەکلاکەرەوەی هەیە. هەروەکوو ئاشکرایە بەرهەمی کاڵایی و

کڕین و فرۆشتنیش لە ئاکامدا ئەبێتە هۆی پەیدابوونی دراو، ئەمەش بۆ خۆی بە مانای پەیدابوونی کاڵایەکی گشتییە، کە پێوەری گشت کاڵاکانی ترە و بەم هۆیەوە گشت کاڵایەک ئاڵوگۆڕی پێ ئەکرێ، هەروەکوو ئەنگڵس ئەڵێت(32): دراو کارێکی وا دەکات، کە هەرچی کاڵا هەیە و تەواوی کۆمەڵگاش، ناچار بن، سوژدەی بۆ ببەن. هەروەها دەڵێت(33)، پاش هاتنەکایەوەی کڕینی کاڵا بە دراو، پارەدان بە قەرز پەیدا ئەبێت، کە ئەمەش بۆ خۆی سوودی سەدی و ڕیبا ئەهێنێتەکایەوە.

لە شاری مەککە، ئەو چینە بازرگانە، بە کاملی لە ئارادا بوو. ئەو چینە ناوەندێک بوو بۆ بەرهەمهێنەران، نەک بەرهەمهێنەرانی ئەو شارە بە تەنها، بەڵکوو ناوەندێکیش بوو، بۆ بەرهەمهێنەرانی وڵاتەکانی ئەو سەردەمەی دنیای کۆنیش، بەم هۆیەشەوە سوود و قازانجێکی فرەیان چنگ ئەخست. هەروەها سەبارەت بە قەرزی دراو و سەرمایەی ڕیبائیش، لێرەدا بە ڕۆشنی هەبوونە، بە چەشنێک، کە توێژێکەلێکی فراوان لە خاوەن هۆیەکانی گۆڕینەوە، یانی خاوەنبانک و سوخۆر هەبووە، دراویان بە قازانجێکی یەکجار زۆر بە قەرز داوە، بۆئەوەی کاری پێوە بکرێ، کە ڕێژەکەی گەییشتووەتە لە سەدا چل و لە سەدا سەد(34)، ئەمەش ڕێژەیەکی یەکجار بەرزە و نیشانەی چەوسانەوەی لە ڕادەبەدەری وردەبەرهەمهێنەران و وردەبازرگان و پیشەوەران بووە و بۆ مڵکدارانیش مایەی دەسکەوتی سوود و قازانجێکی زۆروزەوەند بووە. عەباسی کوڕی عەبدولموتەلیبی مامی محەمەد، خالیدی کوڕی وەلید، عوسمانی کوڕی عەفان، ئەبوسوفیانی کوڕی حەرب و چەندینی دیکە، لە گەورەترینی ئەو کەسانە بوون، کە خەریکی کاری بانکی بوون(35).

ئەریستۆکراتەکانی مەککە جگە لەو بوارانەی بەگەڕخستنی سەرمایە، لە بواری کشتوکاڵ و باخاتیشدا سەرمایەیان خستبووەگەڕ(36). عەباسی کوڕی عەبدولموتەلیب، سەرباری بازرگانی و کاری بانکی، لە تاییف خودان زەوی و باخ و باخاتیش بووە(37). عەمروی کوڕی عاس بە هەمان شێوە،



لە تاییف خودان زەویوزار بووە(38). ئەمانە و زۆربەی دارا و دەوڵەمەندانی دیکە، سەرمایەکەیان لە شاری تاییف و لە بواری کشتوکاڵدا خستبووەگەڕ، چونکە ئەم شارە بۆ کشتوکاڵ، شوێنێکی باش بووە و نزیکی شاری مەککەش بووە. ئەمە سەرباری داهاتی ئەو بازاڕانەی، کە لە ناوچەکەدا هەبوون و لە لایەن ئەم سەرەکهۆز و ئەو ئەریستۆکراتەوە دەستیان بەسەردا گیرابوو و بەم هۆیەوە باجی دەیەکیان وەرئەگرت، بۆ نموونە، باجی دەیەک خرابووە ئەستۆی بازرگانەکانی شام، کە ئەهاتنە نێو شاری مەککەوە(39).

کۆبوونەوەی سەروەت و سامانێکی بێئەندازە، لە لای بەشێکی کەمی کۆمەڵ، کە هۆیەکانی بەرهەمهێنان و گۆڕینەوەیان لەدەست گرتووە، کە ئەویش بە نۆبەی خۆی بەرئەنجامی پەیدابوونی زێدەبەرهەم و بەرهەمی کاڵایی و گۆڕینەوە و پوڵە، پەیوەندی کۆمەڵایەتیی کۆنی تیرەیی و خێڵەکی ناوەکۆڵ کرد، بە تایبەتی لە شوێنێکی وەکوو مەککەدا، کە کاریگەرییەکەی لەچاو تیرە و خێڵە کۆچەرییەکانی دەوروپشت زۆرتر بووە. کۆمەڵی کۆن، کە لەسەر بنچینەی یەکگرتنی تیرەکان ڕاوەستاوە، بەهۆی لێکدانی چینە کۆمەڵایەتییە تازە پێکهاتووەکانەوە هەڵئەوەشێتەوە و کۆمەڵێکی نوێ جێگەی ئەگرێتەوە، کە لە دەوڵەتدا خۆی دەنوێنێ و بازنەکانی خوارەوەی یەکگرتنە تیرەییەکان تیایدا نامێنێتەوە و بە یەکگرتنی ناوچەیی ئەگۆڕێت، کۆمەڵێک، کە تیایدا نەزمی خانەوادەگی بە تەواوی ملکەچی پەیوەندییەکانی خاوەندێتی ئەبێت و لێرەبەدوا ناکۆکی چینایەتی و تێکۆشانی چینایەتی بە ئازادییەکی تەواوەوە پەرەئەستێنێ، ئەمەش ناوەڕۆکی گشت مێژووی نووسراو، هەتا ئەگاتە ئەمڕۆ، پێکئەهێنێ(40).

پەیوەندی بەرهەمهێنانی هاوبەشی خێڵایەتی نێوان کەسانی تیرە و خێڵە عەرەبەکان دەمێک بوو بەسەر چووبوو، پەیوەندی بەرهەمهێنانی کاڵایی و گۆڕینەوە و دراو جێگەی گرتبووەوە، ئەگەرچی پەیوەندییە خێڵەکییەکان لە هێندێک مەسەلە و لە هێندێک کاتدا خۆی نیشان ئەدا، وەکوو کاتی جەنگ و

هەڵگیرسانی شەڕوشۆڕ، شەڕە شیعر و پێداهەڵگوتن بە تیرە و خێڵەکان، یان لەوکاتەی ئەریستۆکراتەکانی هەر تیرە و خێڵێک بۆ داکۆکیکردن لە ئۆتۆریتە و جێگاوڕێگای سیاسی و ئایینیی خۆیان، کەڵکیان لە پەیوەندی خزمایەتی و تیرەیی و خێڵەکی وەرئەگرت و بەرەی خۆیان پێ هەڵدەخراند. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا تیرە و خێڵەکان، لە هەمبەر کەسانی خێڵەکەیاندا، لە پەیوەست بە دەسکەوتی ڕۆزی و پێویستییەکانی ژیان و بەرێوەچوون، خۆیان بە بەرپرس نەدەزانی، دارا و دەوڵەمەندانی هەرتیرە و هۆزێک، هیچ باکیان لەوە نەبوو، کە فلانە ئەندامی تیرە و خێڵەکەیان، ڕەشوڕووت، یان بێکار و برسییە.

محەمەد بەهۆی توانا و دەوڵەمەندییەوە، عەلی کوڕی مامی هەڵگرتەوە (تبني)، ئەگەرچی خزمایەتییان بەو ڕادەیەش نزیک بوو، چونکە ئەبوتالیب کەسێکی دەستکورت بوو، ئەمە سەرباری ئەوەی عەباسی برای ئەبوتالیب، کە لەویش گچکەتر بوو، زەنگینترین کەسی بەنی هاشم و یەکێک لە گەورەترین دەوڵەمەند و ئەریستۆکراتەکانی مەککە بوو.

ئەنگلس کاتێک، کە ئەچێتە سەر باسی تیرە و خێڵەکانی یۆنان ئەڵێت(41)، ژمارەی دانیشتوان لەگەڵ زیادبوونی گەلەئاژەڵدا زیاد ئەکات و جیاوازی خاوەندێتیش گەورە ئەبێتەوە و لەگەڵ خۆیدا توخمی ئەریستۆکراتی نێو دیموکراتییەتی کۆنی سەرەتایی گەورە ئەبێت، هۆزە بچووکە جۆراوجۆرەکان بۆ دەستگرتن بەسەر باشترین زەویوزار و بە تەبیعەتی حاڵ بۆ دەستخستنی دەسکەوتی جەنگ، جەنگی یەک لە دوای یەک بەرپا ئەکەن، ئەو کاتە بە کۆیلەکردنی دیلەکانی جەنگ، ئەبێتە نەریتێکی ئاسایی و دانپیانراو.

هەمان بار و دۆخ لە سەردەمی تیرە و خێڵە عەرەبەکانی جەزیرە لە ئارادا بوو. لە مەککە و ناوچەکەدا، توخمی دیموکراتی سەرەتایی دەمێک بوو کاتی بەسەر چووبوو، شەڕی بێپسانەوەی خێڵە عەرەبەکانیش لەپێناو دەستگرتن بەسەر مێرگ و ئاو و لەوەڕ و زەوی بەپیت و کاروباری



بازرگانی و ئایینی بەردەوام بوو، کە لە ئەنجامدا دیلەکانی جەنگ ئەبوونە کۆیلە و مانەندی هەر کاڵایەکی دی، کڕین و فرۆشتنیان لەسەر بوو. ئەگەر کۆمەڵی بەشەری لەو دەمەدا، کە هێزی کاری مرۆڤ لە ئاستێکدا نەبووە، زێدەبەرهەم پەیدا بکات، دیلەکانی جەنگی کوشتووە، یان لەنێو تیرەکەی خۆیدا کردوویەتی بە برای خۆی. بەڵام دواتر، کە هەلومەرج گۆڕانی بەسەردا هات و بەرهەمی کاری مرۆڤ پتر بوو، ئیدی بەکارهێنانی دیلەکانی جەنگ بۆ زیادکردنی بەرهەم (کە ئیتر لە توانادا بووە بەشێکی کۆمەڵ لەسەر کاری بەشەکەی دیکەی بژێت) بووە کارێکی ئاسایی و بڵاو. هەبوونی کۆیلە و کاری کۆیلە و پەیوەندی کۆیلایەتی، دیاردەیەکی ئاشکرای ئەو سەردەمەی کۆمەڵی مەککە و حیجاز بووە. کۆیلە، یانی ئەو مرۆڤەی، کە خۆی مڵک و خودانی خۆی نییە، بەڵکە مرۆڤێکی دیکە خاوەنێتی.

لە کۆمەڵی ئەو کاتەدا، کۆیلە بۆ پاراستن و بەرگریکردن لە کاروانی بازرگانی، وەکوو هێزی چەکدار و پاسەوان، یان بۆ بارکردن و داگرتنی کاڵا و کەلوپەلی بازرگانی و ئیشوکاری کشتوکاڵ و باخ و مەزرا(42) و چاککردن و ژیاندنەوەی زەوییە مردووەکان(43) و کاری پیشەیی، هەروەها بە ڕادەیەکی فراوان بۆ کاری نێوماڵ بەکارهێنراوە، ئەمە سەرباری بەکارهێنانی وەک هەر کاڵایەکی دیکە، واتە، بۆ کڕین و فرۆشتن و بەدەستهێنانی سوود و قازانج لێیانەوە.

پەیدابوون و بەدەستهێنانی کۆیلە لە نیمچەدورگەی عەرەبی و هەر شوێنێکی تر، لە سێ ڕێگەوە بووە، یەکەم: بەدیلگیرانی مرۆڤ لە ئەنجامی شەڕی نێوان تیرە و هۆز و میللەتە جۆراوجۆرەکانەوە، دووەم: کڕینی لە بازاڕی کۆیلە وەک هەر کاڵایەکی دیکە، سێیەم: بەکۆیلەبوونی کەسێکی ئازاد لەژێر باری قەرزاری و لەتوانادانەبوونی گێڕانەوە و پڕکردنەوەی قەرزەکانی، کە بەو هۆیەوە ئەبێتە کۆیلەی خاوەن قەرز.

دارا و دەوڵەمەندان و ئەریستۆکراتەکان هەردەم، پێویستی خۆیانیان بە کۆیلە لەم ڕێگایانەوە پڕکردووەتەوە، بە تایبەت لە دەورانی گەشە و

هەڵدانی ئابووری، کە پێویستی زیاتریان بە کاری کۆیلە بووە، بەڵام زۆر جار، ڕێگای یەکەمیان گرتووەتەبەر یانی، پەیداکردنی کۆیلە بەهۆی شەڕ و پێکدادانەوە، چونکە ئەم ڕێگەیە هیچ پوڵ و خەرجییەکی تێناچێت. ئەگەرنا، لە کاتی پێویستیدا، وەک هەر پێویستییەکی دیکە، لە بازاڕی کۆیلە ئەکڕران و مانەندی ئاژەڵ ڕەشمەیان لە مل دەکرا و بە دووی خۆیانیان ئەخستن. ئەوەی شایانی گوتنە، لە بازاڕەکانی شاری مەککە و مەدینە و تاییف، کۆیلەی وڵاتەکانی تریش، بە تایبەت کۆیلەی ئافریقی و حەبەشیش بەرچاو ئەکەوتن.

هەروەکوو باسمان کرد، توێژێک لە ئەریستۆکراتییەتی بانکی و ڕیبائی لە ئارادا بووە، کە بە ڕێژەیەکی بەرز و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو پارەیان بە قەرز داوە. کەسی قەرزاریش هێندێک جار، کچ و ژنی خۆی لە بەرامبەر قەرزەکەیدا کردووەتە بارمتە. هەربۆیە لە ئەنجامدا بەشێکی زۆری ئەو قەرزارانە، لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا توانای گێڕانەوەی قەرزەکانیان نەبووە و هەتا هاتووشە، قەرزەکانیان بەهۆی ئەو ڕێژەیە لە سوودەوە پتر بوونە، لە ئاکامدا کچ و ژنی کەسی قەرزار یان خۆی، ئەبێتە کۆیلە و ئەچێتە ڕیزی سوپای کۆیلەکانەوە، یان ناچار ئەبێت، هەڵبێت و سەرگەردان و پەرەوازەی شوێنان بێت، کە زۆرجاریش ئەچێتە ڕیزی چەتە و ڕێگرەکانەوە.

ژمارەی کۆیلە لە ناوچەی یەمەن لەچاو شوێنەکانی تری وەک مەککە و مەدینە و تاییف زۆرتربووە(44)، چونکە بەهۆی فراوانی زەویوزاری کشتوکاڵی و باخ و باخات و مەزرا و دروستکردنی جۆگە و بەنداو و سەرئەنجام هاتنەکایەوەی دەوڵەتێکی ناوەندی بۆ بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی ئەو کاروبارانە، پێویستییان بە ژمارەیەکی زۆر و هەمیشەیی لە کۆیلە هەبووە. ڕەوانەکردنی هەزار کۆیلە لە لایەن یەکێک لە پاشاکانی یەمەنەوە بە نێوی زولکیلاع، کە پاشای حەمیر بووە، لەگەڵ عەلی کوڕی بەکردا، ئەوەمان وەک ڕاستییەک بۆ دەردەخات(45).



سەبارەت بە ژمارە و ڕادەی ئەو کۆیلانەی، کە لە شاری مەککە و ناوچەی حیجازدا هەبوونە، زانیاری تەواومان لەبەردەستدا نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوەندە زانیارییەی، کە هەیە، ئەوەمان نیشان ئەدات، کە کاری کۆیلە لە گشت بەشەکانی کاردا هەبووە و ڕۆڵ و جێگای کاریگەریان لە بەرهەمهێنان و کاری بازرگانی و نێوماڵدا گێڕاوە و وەکوو چینێک بە ژمارە کەم نەبوونە. پێویستە لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین، کە کۆیلە و سیستەمی کۆیلایەتی یەکێک بووە، لە قۆناغەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵی مرۆڤایەتی و نەزمێکی جیهانداگر بووە، کە سەرباری هەر جیاوازی و تایبەتمەندییەک، خاوەن یەک ناوەرۆکی هاوبەش بوونە.

ڕۆژهەڵات لە چوارهەزار ساڵ بەر لە زایینەوە، بە یەکەم مەڵبەندی بڵاوبوونەوەی ئەم ڕژێمە ئەژمێردرێت. لەو وڵاتانەش: بابل، ئاشور، میسر، هیند و چین .... پاشان لە هەزارەی یەکەمی پێش زایینەوە، لە وڵاتانی قەفقاسیا_ ئۆراراتۆ_ بڵاوبووەوە. لە خوارزم دەوڵەتێکی بەهێز، کە لەسەر نەزمی کۆیلایەتی بنیات نرابوو، دروست بوو، کە لە سەدەی هەشتەم و حەوتەمی پێش زایینەوە دەستی پێ کرد، هەتا ئەگاتە سەدەی پێنجەم و شەشەمی زایینی. لەم کۆمەڵگایانەدا شێوازی بەرهەمهێنان لەسەر بنەمای کۆیلایەتی بوو. پاش ڕۆژهەڵات، ئەم نەزمە لە ئەورووپا بڵاوبووەوە و لە سەدەی شەشەم و پێنجەمی پێش زایینیش، لە وڵاتی یۆنان گەییشتە ئەوپەڕی، هەروەها لە ڕۆماش گەییشتە پلەیەکی گەلێک باڵا لە چەوسانەوەی بێشوماری کۆیلەکان، بە تایبەت لە سەدەی دووەمی پێش زایینەوە هەتا دەگاتە سەدەی دووەمی زایینی(46). ژمارەی دانیشتوانی خەڵکی ئازادی ئەسینا بە ژن و منداڵەوە، لەوپەڕی پەرەسەندنی خۆیدا، ئەگەییشتە نزیکەی 90000 کەس، لە کاتێکدا ژمارەی کۆیلە بە نێر و مێوە ئەگەییشتە 365000 کەس و ژمارەی موالی لە کۆچکردوانی بێگانە و کۆیلەی ئازادکراو ئەگەییشتە 45000 کەس. بەو شێوەیە بەلای کەمەوە، لە

بەرامبەر هەر دانیشتوانێکی پێگەییشتووی نێردا، 18 کۆیلە و زیاتر لە دوو موالی هەبووە.(47)

هەروەکوو باسمان کرد، سەروەت و داراییەکی زۆر لەژێر دەسەڵاتی ئەریستۆکراتەکانی مەککە و ناوچەکەدا کەڵەکە ببوو، کە ئەمە جەمسەرێکی ئەو کۆمەڵگا چینایەتییەی پێکهێنابوو و چینێکی بەرین لە کۆیلە و مسکێن و وردەبەرهەمهێنەری ئازاد لە جەمسەرەکەی دیکەدا ڕیزی بەستبوو، هەتا ئەهات سەروەت و سامانی ئەم دارا و دەوڵەمەندانە زیادی ئەکرد و لە بەرامبەریشدا چین و توێژەکانی جەمسەری بەرامبەر هەتا ئەهات دەسکۆتا و هەژار تر دەبوون، ئەو توێژە لە چینی ئازادی کۆمەڵ، کە وابەستەی دەوڵەمەندانی بانکی و ڕیبائی بوون، هەمیشە لەژێر گوشاری زۆر و هەڕەشەی توندی دارا و دەوڵەمەنداندابوون و لە دڵەڕاوکێی ئەوەدابوون، کە نەچنە ڕیزی کۆیلەکانەوە. مارکس کاتێک باسی ناکۆکی چینایەتی لە کۆمەڵی کۆن و باسی ڕۆما ئەکات ئەڵێت(48): ناکۆکی چینایەتی لە کۆمەڵی کۆندا، بە پلەی یەکەم بریتی بووە، لە ناکۆکی نێوان خاوەنقەرز و قەرزارەکان، کە لە ڕۆمادا، بە پوکانەوەی قەرزارەکان و گۆڕانیان لە چینی گشتییەوە بۆ کۆیلە، بە سەرئەنجام گەییشتووە. ئەم توێژە قەرزارەی کۆمەڵ بۆ بەرگریکردن لە خۆی و نەچوونە ڕیزی سوپای کۆیلانەوە، ڕەنج و زەحمەتییەکی تاقەتپڕوکێنی ئەدا، بە تایبەت لە پەنادەستی خۆیەوە، ڕووبەڕووی ململانێی کاری کۆیلە ئەبووەوە، کە لە زۆربەی کاتدا ئەنجامەکەی بە تێکشکاندنی ئەم پیشەوەر و وردەبەرهەمهێنەرانە ئەشکایەوە و بە ناچاری ئەکەوتنە نێو ڕیزی کۆیلەکانەوە، یان لە باشترین حاڵەتی خۆیدا ئەچوونە ڕیزی مسکێن و خەڵکی دەستەنگ و ڕەشوڕووتەوە. ئەگەر کۆیلە خاوەن خۆی نەبووە، لەژێر کاری قورس و تاقەتپڕوکێن و بێپسانەوە و بێماوە، لەژێر چاودێری و زەبری قامچی، بە برسێتی یان بە ژەمەنانێکی ئاژەڵی لە ڕۆژدا، کە بایی ئەوە بێت گیانی خۆی لەدەست نەدات و نەبێتە مایەی زیان بۆ خاوەنەکەی، کە هەندێک جار



ئەگەییشتە ئەو حاڵەتە، ئەوا ئەم چینە بەناو ئازادەی، کە باسمان کرد، ئەم چینە مسکێن و زەحمەتکێشە، جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئەم کۆیلانەدا نەبووە.

ئەم خەڵکە نەدار و هەژارە ژیانێکی زۆر سادە و پڕ لە مەرگەساتی بەسەربردووە، ژیانی لەنێو خانووی خراپ و بێکەڵک و بچووک، لە شوێنە دوورەکان و لە قەراخ شار بەسەربردووە، لە کاتێکدا چینە دارا و دەوڵەمەندەکان لە نێوەندی شار و نزیکی کابە، یانی نێوەندی دەسەڵاتی ئایینییان و نزیکی دارولنەدوە، یانی نێوەندی دەسەڵاتی سیاسییان، لەنێو کۆشک و تەلاری خۆش و گەورە، ژیانی خۆش و پڕ لە ڕابواردنیان بەسەربردووە(49). ئەم خەڵکە هەژار و دەستەنگە، ژیانی خۆیان و خێزانیان لە برسێتی ڕەهادا بەسەربردووە، بە تایبەت لە دەورەی قەیران و قاتوقڕی و نەهاتی و ئەزمەی بازرگانیدا، ئەمە سەرباری دڵەڕاوکێی ئەو بەشە قەرزارەیان، لە ترسی بەکۆیلەبوونی خۆیان و ژن و منداڵیان. باسی ئەم چینە و برسێتی و نەبوونییان، لە قورئانیشدا ڕەنگی داوەتەوە، کە ئەڵێت: "انه کان لایؤمن بالله العظیم، ولایحض علی طعام مسکین"، "کلا بل تکرمون الیتیم، ولاتحاضون علی طعام المسکین"، "أرأیت الذي یکذب بالدین، فذلک الذي یدع الیتیم ولایحض علی طعام المسکین"، "ویطعمون الطعام علی حبه مسکینا ویتیما وأسیرا"، "وماأدراک ماالعقبة، فک رقبة، أو اطعام في یوم ذي مسغبة، یتیما ذا مقربة، أو مسکینا ذا متربة"(50). لێرەشدا بە ڕۆشنی ڕادەی هەژاری و برسێتی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵمان بۆ ڕوون ئەبێتەوە، بە تایبەت بۆ کەسانێک، کە پیر و پەککەوتە بن، یان نانپەیداکەری ماڵ یانی، باوک و مێردیان لەدەستدابێت و هەتیو یان بێوەژن کەوتبن. لەو ئایەتانەوە ئەوەشمان بۆ دەردەکەوێت، کە چۆن سەروەت و سامان، پەیوەندی تیرەیی و خێڵەکییان پچڕاندووە، هەروەکوو مارکس ئەڵێت(51): جیاوازی خاوەنداریێتی لە نێوخۆی یەک تیرەدا، بەرژەوەندی هاوبەشی، بە دژایەتی ئەندامەکانی هەمان تیرە گۆڕیوە.

له کۆمەڵی ئەو ڕۆژگارەی مەککە و ناوچەکەدا، وێڕای ئەو هەموو بارە نالەبارەی زیندەگی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵ، دیاردەیەکی دزێوی کۆمەڵایەتی، کە تاکەکانی کۆمەڵی لەنێو یەکتردا دابەش کردووە، دیاردەی ئەپارتایت و هەڵاواردن، لەسەر بنچینەی ڕەگەز و ڕەنگی پێست لە ئارادا بووە، بە چەشنێک، کە بەشێک لە خەڵکی، بۆ دیاریکردنی ڕەسەنایەتی و چاک و خراپی ڕەگ و ڕەچەڵەکی مرۆڤ، پەنایان بۆ بڕێک نیشانەگەل بردووە(52). بەلای هێندێکیشیانەوە، ڕەشپێست، مرۆڤێکی لەخوار بووە و بە چاوی سوک تێیان ڕوانیوە(53). بەڵان ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی لەم مەسەلەیە بڕوانین، دەبینین، کە چۆن خێڵی قورەیش خۆیان بە بانتر و بە زیاتر لە خێڵەکانی دەوروپشت زانیوە و خێڵەکانی دیکەیان بە کەمتر لە خۆیان داوەتە قەڵەم یان خۆیان بە هەڵبژاردەی خودا زانیوە و پێیان وابووە، بەڕێوەبردنی ئیشوکارە ئایینییەکان و سەرپەرشتیکردنی مەراسیمی حەج و چاودێریکردنی کابە و هەروەها دەسەڵاتی سیاسی، تەنها ماف و شایستەی خێڵەکەی خۆیانە. بێگومان لەنێو خودی خێڵەکەشدا، هەر تیرەیەک خۆی بە شایستەتر وەک لە باقی تیرەکانی دیکەی قورەیش زانیوە و لەم بارەیەوە، بێنەوبەردەی زۆریان لە نێواندا هەبووە، کە دواتر ئەچینە سەری. ئەوەی شایانی گوتنە، کاریگەری هەر ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە یان ڕاستتر هەمان ئەو ململانێیەی ئەو دەمە، هەتا هەنوکەش هەر درێژەی هەیە، کە لەنێو چوار ئایینزای سونیدا بەرچاوئەکەوێت، هەروەکوو لە ئایینزای شیعەشدا بەرچاوە و کاتێک، کە دێنە سەر باسی دەسەڵات و خەلافەت، پێیان وایە ئەبێت، دەسەڵات هەر بەدەستی کەسانێکەوە بێت، کە بە ڕەچەڵەک بە ئالولبەیت دەگەنەوە.

جگە لەم شێوانەی هەڵاواردنی کۆمەڵایەتی ئینسانەکان، لە ئارادابوونی هەڵاواردنی مرۆڤ لەسەر بنەمای ڕەگەز لەو سەردەمەدا، شێوەیەکی دیکەی دیار و ئاشکرای کۆمەڵی چینایەتی و پڕ لە ناکۆکی و چەوسانەوەی چینایەتی کۆمەڵی عەرەب بووە. ژنان لەژێر باری قورسترین و



نارەحەتترین هەلومەرجدا ژیانیان بەسەربردووە. ژنان لەگەڵ پیاواندا نەک هەر یەکسان و بەرابەر نەبوونە، بەڵکوو بە نیوە مرۆڤیش نەژمێرراون و زۆر جاریش بە چارەکە مرۆڤ یان هەروەک مەڕ و ماڵات بە حیساب هاتوون. لە خێزاندا پیاو سالار و سەردار بووە، خاوەن گشت فەرمان و بڕیارێک بووە، هەروەکوو ئەنگڵس ئەڵێ(54): "لەدەستدانی مافی دایکیی، شکستێکی مێژوویی جیهانی ڕەگەزی ژنە، مێرد لە ماڵدا سەرکردایەتی ئەگرێتە دەست و ژن لەو پایە بەرز و بەڕێزە لائەبرێت و زەلیل ئەبێت، دواتر ئەبێتە کۆیلەی ئارەزووەکانی مێردەکەی و دەبێتە دەزگایەکی سادە بۆ بەرهەمهێنانی منداڵ. پیاو لە خێزاندا نەک هەر خاوەن ژنەکەیەتی، بەڵکوو خاوەن بەرهەمی ژنەکەشە واتە، منداڵ، هەروەکوو چۆن بووە بە خاوەن هۆیەکانی بەرهەم و گۆڕینەوە و کۆیلە".

هەروەکوو ئەزانین تیرە و خێڵە عەرەبەکان، وەک تیرە و خێڵەکانی هەر شوێنێکی تری دنیای کۆن، هەمیشە لە شەڕ و پێکدادانی بەردەوام و بێپسانەوەدا بوونە، لەو شەڕانەدا پیاوان نەک هەر ڕۆڵی سەرەکییان بینیوە، بەڵکوو لە ڕاستیدا هەر ئەوان بە ئەنجامیان گەیاندوون، ئیتر چ ئەوەی تیرە و خێڵەکەیان هێرشی کردبێتە سەر تیرە و خێڵێکی دیکە، یان بە پێچەوانەوە لە حاڵەتی بەرگریدا بووبن. لەو حاڵەتانەدا بەهۆی هەلومەرجی ئەو سەردەمەوە، جێگەوڕێگەی ژنان لە بەرهەمهێنان و لە ماڵ و لکاندنی پلەی شورەیی پیاو بە ژنەوە، ژنان نەک هەر ڕۆڵی یەکسان و کاریگەریان لەگەڵ پیاواندا نەبووە، کە لە باشترین حاڵەتی خۆیدا ڕۆڵی هاندەر و پشتی بەرەی بینیوە، بەڵکوو بۆ ئەو تیرە و خێڵانە، بار و قورساییەکیش بوونە، چونکە لە کاتی شکستی هەر خێڵێک لە بەرامبەر خێڵێکی تردا، هەرچی ملک و ماڵ و ژن و منداڵیان هەیە، دەستی بەسەردا ئەگیرا و بە ئارەزووی خێڵی سەرکەوتوو دابەش ئەکران و ئەبوونە کۆیلە و کەنیزەیان. هەروەکوو ئەنگڵس لە باسی سەردەمی پاڵەوانیدا ئەڵێت(55): "لە نووسراوەکانی هۆمیرۆسدا، ژنە گەنجە دیلەکان، ئەکەوتنە بەر ئارەزووی جنسی

سەرکەوتووانی جەنگەوە، سەرکردە سەربازییەکان بۆ خۆیان و بۆ شەرکەرەکانیان بە گوێرەی پلە و پایە، جوانترین دیلەکانی جەنگیان هەڵدەبژارد، هەروەکوو ئاشکرایە، تەواوی ڕووداوەکانی ئەلیادە، دەربارەی ململانێی نێوان ئاخیل و ئاگامەمنون، لە سەر یەکێک لەو ژنە دیلانە بووە.

شەڕوشۆڕی هەمیشەیی نێوان خێڵەکان، پلە و پایەی ژنی ئەوەندەی تر هێناوەتە خوارەوە، ئەمە بە تایبەت لە دەورانی قەیران و قاتوقڕیدا، کە باشترین زەمینەی هەڵگیرساندنی شەڕ و پێکدادانە. ئەوەی شایانی باسە، لە کاتی سەرکەوتنی ئەو خێڵانە لە شەڕەکانیاندا، پیاوان بە تەنها ئەبوونە خاوەنی دەسکەوت و تاڵانییەکان و ژنان بە هۆی پشکدارینەکردنیانەوە، هیچ پشکێکیان بەرنەئەکەوت(56). هەر لەم هەلومەرجە و بەهۆی شەڕوشۆڕەوە و بەهۆی پەیوەستکردنی پلەی شورەیی بە ژنەوە، ژنان هەردەم لە بارێکی دەروونی زۆر سەختدا ژیاوون و بەردەوام لەژێر هەڕەشە و گوشاری بەکەنیزەبووندا بوونە(57).

کەواتە، جێگەوڕێگەی پیاو لە ڕووی ئابوورییەوە، زۆر بەهێزتر بووە وەک لە ژن، بە هەمان ئەندازەش جێگەوڕێگەی لە خێزاندا، کە سالار و سەردار بووە. لەو کۆمەڵگایانەی، کە خێزان لەسەر بنەمای پاتریارکی بنجی داکوتابێت، هەموو قەرار و مەدارێک بە دەستی پیاوە، هەر لە مەسەلەی ژنوشویی و تەڵاق و خاوەندێتی بۆ منداڵ و چۆنیەتی پەروەردە و بارهێنانی، هەتا ئەگاتە مەسەلە زۆر تایبەتییەکانی مرۆ، لە شێوەی جلوبەرگ و هەڵسوکەوت و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و چوونەدەرەوە و... هتد. پیاو لە کۆمەڵدا بۆی هەبووە هاوسەری خۆی هەڵبژێرێ و خاوەن ئیختیار بووە، بەڵام ژن نەک هەر ئەو مافەی نەبووە، بەڵکە لە زۆر باردا هاوسەرەکەی خۆی هەتا ڕۆژی گواستنەوە نەبینیوە و نەناسیوە، ئەمە سەرباری ئەوەی پیاو بۆی هەبوو، لە ژنێک زێتر و بگرە چەندین ژنیش لەژێر ئارەزووی خۆیدا کۆبکاتەوە. بەڵان ئەمەش لە باری واقیعییەوە ئەو پیاوانەی گرتووەتەوە، کە جێگەوڕێگەی ئابووری و سیاسییان بەهێز بووە، بۆ



کەسانێکی هەژار و نەدار لە باری عەمەلییەوە، هیچ مانایەکی نەبووە. هەروەکوو ئەنگڵس ئەڵێت(58): "لە خێزانی پاتریارکی سامیدا، باب بە تەنها یان لە باشترین حاڵەتیدا هێندێک لە کوڕەکانی، خاوەن چەند ژنێک بوونە، بەڵام هەرچی ئەوانەی دیکەیە، دەبوو یەک ژنیان هەبێت، هەتاوەکوو ئێستاش لە گشت ڕۆژهەڵاتدا، ئەم هەلومەرجە هەر ماوەتەوە. چەندژنە ئیمتیازی دەوڵەمەند و دەستوپێوەندەکانی بووە، کە لە بنچینەدا بە کڕینی کەنیزەک چێ دەبێت، بەڵام هەرچی باقی خەڵکەکەی ترە، لە حاڵی یەکژنەدا ئەژین".

پیاو لە کۆمەڵدا، هەروەکوو چۆن خۆی لە هەڵبژاردنی هاوسەری خۆیدا خاوەن بڕیاربووە، هەر ئەویش لە جیابوونەوە و تەڵاقدا، خاوەن بڕیار و ماف بووە. بە مانایەکی دیکە، تەڵاق لە دەستی پیاودا بووە و مافی ئەو بووە بە تەنها، بەڵام ژن بە پێچەوانەوە، هەروەکوو چۆن هاوسەری خۆی، بە ویستی خۆی و بە شێوەیەکی ئازادانە هەڵنەبژاردووە، بە هەمان شێوەش لە جیابوونەوە و تەڵاقدا، خۆی خاوەن بڕیار و ماف نەبووە.

ژن و شورەیی و شەرەف بۆ ئەو سەردەمە، دوو مەسەلەی ئاوێتەی یەکتر بوونە، ئەم ئاوێتەبوونەش بەرەنجامی پەیدابوونی دەسەڵاتی پیاو و بەسەرچوونی چەندمێردە و هاتنەکایەوەی مێردایەتی دیاری کراوە، کە تیایدا ژن ژێردەستە و وابەستەی پیاوە و هەر پیاو بە لێپرسراو و خاوەن ژن و منداڵ ئەزانێ، هەروەکوو ئەنگڵس ئەڵێت(59): "دیارییبوونی باوک و ناسینەوەی منداڵ و دڵنیابوون لە منداڵی خۆت، پێویست بووە، چونکە منداڵ بەو پێیەی، میراتگری ڕاستەوخۆی باوکە، ڕۆژێک ئەبێت، ببێتە خاوەن ئەو میراتەی، کە باوکی لە پاش مردن بەجێی هێشتووە". کەواتە، هەر کار و نەریتێک، کە پێچەوانە بێت لەگەڵ ئەم سنووربەندییەدا و ببێتە هۆی شێواندنی ئەم دیارییبوونەی منداڵ، ئیتر لەوەودوا، بە کارێکی ناشیرین و نەویستراوی ناو کۆمەڵ لە قەڵەم ئەدرێت، هەروەها ئیتر لەوەودوا ئەم مەسەلەیە وەک بەشێکی گرنگ لە ڕەووشت و سەرخانی کۆمەڵ، جێگەی

خۆی ئەگرێت. بە مانایەکی تر، لە بار و دۆخێکی بەو شێوەیەدا، پێویستە یاسا و ڕەووشتێک بێتەکایەوە، کە وەڵام بە پێویستی و بەرژەوەندی جنسی دەسەڵاتدار یانی، پیاو بداتەوە، ئەمەش یانی، بە تاوان لە قەڵەمدانی پەیوەندی جنسی لە دەرەوەی خێزان و بە کارهێنانی سزای توندی لێدان و ئەشکەنجە و کوشتن لە کاتی ڕوودانی کارێکی لەم چەشنەدا. هەربۆیە هەردەم، کۆمەڵی کۆن ژنیان بە سەرچاوەی بەڵا زانیوە و پێیان وابووە، کە شەرەف لە دەستی ژندایە، ژنیش بە تەبیعەتی خۆی زەعیفەیە و زوو لەخشتە ئەبرێ، بۆیە پێویستی بە چاودێری توند و بەردەوام هەیە، پێویستە پیاو هەمیشە کوتەکی ئامادەبێت و سڵ و سامێکی لە لای ژن هەبێت. هەربۆیە فەرهەنگی کۆمەڵیش، هەر لە سەرەتای منداڵییەوە، بەو شێوەیە کچ و کوڕ بارئەهێنێ و بە پێویستی ئەزانێ برا، هەتا ئەگەر بچووکتریش بێت، بەسەر خوشکەکەیدا زاڵ بێت و لەژێر فەرمایشی ئەودا بێت. هەروەها بۆ بەرگریکردن لەو شەرەفەی ئەوان، ئەبوو جووڵە و هاتووچۆی ژن بەرتەسک بکەنەوە و نەهێڵن ئەوەندە لەنێو ڕەشماڵ و چواردیواری ماڵدا بچێتە دەرەوە، یان ئەگەر بەو حاڵەشەوە هەر لە دڵەڕاوکێی لەدەستدانی شەرەفیان بوون، ئەوا بە یەکجاری دڵی خۆیان بە زیندەبەچاڵکردنی ئارام ئەکەن.

پێویستە لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین، کە زیندەبەچاڵکردنی منداڵ بە تایبەتی کچان، هۆکاری تریشی هەبووە، وەکوو هەژاری و برسێتی، هەروەکوو لە قورئانیشدا ئاماژەی بۆ کراوە و ئەڵێت: "ولاتقتلوا أولادكم خشية إملاق نحن نرزقهم"(60)، واتە، لە ترسی هەژاری، منداڵەکانتان مەکوژن، ئێمە خۆراکیان ئەدەین. هەروەها ئەم دیاردەیە، هۆکاری ئایینیشی هەبووە، کە ئەویش پاشماوەی نەریتی قوربانیکردنە بۆ خودای خێڵ و فیداکردنی ژنە لە سەردەمی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری، بۆ زەوی دایک(61).

ئەوەی شایانی باسە، ئەم نەریتە ئەگەر لە ڕۆژگارە کۆنەکانی ناوچەی جەزیرەشدا بڵاو بووبێت، ئەوا لەو سەردەمەدا، لەنێو هێندێک لە خێڵە



کۆچەرییەکاندا هەبووە و هیچ زانیارییەک بە دەستەوە نییە، کە پێمان بڵێت، لە شوێنێکی وەکوو شاری مەککە و تاییف و یەسریبدا هەبووبێت(62). وەک دەرئەکەوێت، دیاردەی زیندەبەچاڵکردنی کچان پاشماوەی هەلومەرجێکی زووتر بووە و تەنها بە میللەتی عەربیشەوە مەحدود نەبووەتەوە. ئەنگڵس لەم بارەیەوە ئەڵێت(63): زیندەبەچاڵکردنی کچان هاوکات لەگەڵ لەدایکبوونیاندا، لەنێو هۆزە وەحشییەکاندا، نەریتێکی بەربڵاو بووە.

پێویستە لێرەدا ئەوەش بڵێین، ئەمەی باسمان کرد، بار و دۆخێکی گشتی ژنان، لەو سەردەمەی کۆمەڵی عەرەبدا بوو، کە هاوشانی ئەوانە, بەشێک لە ژنان، تا ئەندازەیەک ئەو قەید و بەندەیان شکاندووە و ئازادییەکی ڕێژەییان، لە جۆری کۆبوونەوە، بارهێنان، ڕۆشنبیری و سیاسەتدا هەبووە ...(64). ناوی ژنگەلێک، کە لە کاروباری بازرگانی، پزیشکی، ئایینی، شیعر و وێژەدا، ناویان دەرکردووە، ماوەتەوە(65)، کە ئەوانە بە هەر شێوەیەک، کە بۆیان لوابێت، دەنگی ناڕەزایەتییان لە بەرامبەر چەوسانەوە و بێمافیدا بەرز کردووەتەوە(66).

هەروەکوو باسمان کرد، لەئارادابوونی بەرهەمی کاڵایی، گۆڕینەوە، پەیدابوونی بازاڕ و پوڵ، بازرگانی ... بووە هۆی ناوەکۆڵکردن و تێکشکاندنی پەیوەندییە خێڵەکییەکان و نزیکبوونەوە و تێکەڵبوونی خێڵەکان، بە هەمان شێوەی بەرهەمەکانیان، هەروەکوو چۆن کاڵا و کەلوپەلەکانیان سنووری خێڵەکانی بڕی و چوونە بازاڕی هاوبەش و لە بەرامبەر دراودا سەری تەسلیمیان دانەواند. لەئارادابوونی بازاڕ، بە تایبەت ئەو هەموو بازاڕە زۆرەی، کە لە ناوچەکەدا هەبووە، کاریگەری یەکجار فرەی لە خڕکردنەوەی خێڵەکان لە دەوری یەکتریدا هەبووە، کە پێویستییان بە کاڵای یەکتر هەبووە. واتە ئەگەر لە دەورەی سەرەتایی ئەم خێڵانەدا، پێویستییەک بۆ نزیکبوونەوە و تێکەڵاوی لە ئارادا نەبووبێت، ئەوا ئیدی ئەو پێویستییە لە کایەدایە و بازاڕیش بۆخۆی هێما و گوزارشتی ڕۆشنە لەو بارەیەوە.

له ئه‌نجامی ئه‌مانه‌دا، توخمی كۆمه‌ڵایه‌تی نوێ هاته‌كایه‌وه‌، كه‌ په‌یوه‌ندی كۆمه‌ڵایه‌تی نوێشی به‌ دوای خۆیدا هێنا، كه‌ كاری كرده‌ سه‌ر نزیكبوونه‌وه‌ی زمان و ڕه‌ووشت و دابونه‌ریت و فه‌رهه‌نگیشیان و بووه‌ هۆی ئه‌وه‌ی، به‌ وێنه‌ی كاڵاكانیان، له‌م مه‌یدانانه‌شدا گۆڕینه‌وه‌ ڕوو‌بدات.

هه‌روه‌كوو ئه‌زانین كۆمه‌ڵی عه‌ره‌ب له‌و ڕۆژگاره‌دا، به‌ هۆی جێگه‌وڕێگه‌ی له‌ دنیای كۆندا و به‌ هۆی بازرگانی و كاروانی بازرگانییه‌وه‌، تێكه‌ڵییان له‌گه‌ڵ گه‌لانی ناوچه‌كانی ده‌وروپشتیاندا كردبوو، كه‌ ئه‌مه‌ش دیسانه‌وه‌ ئه‌بێته‌ هۆی كارله‌یه‌كتركردن و گۆڕینه‌وه‌ی ڕه‌ووشت و خوو، دابونه‌ریت و فه‌رهه‌نگ و زمان و زانیاری هه‌مه‌چه‌شن، بۆ نموونه‌، بازرگانه‌كانی عه‌ره‌ب پیتی ئه‌لفوبێی عه‌ره‌بییان له‌ وڵاتی میزۆپۆتامیاوه‌ بۆ مه‌ككه‌ بردووه‌، كه‌ شتێكی زۆر به‌ كه‌ڵك و پڕبایه‌خه‌ و نووسینی زمانی عه‌ره‌بی لێیه‌وه‌ وه‌رگیراوه‌، كه‌ پاشان قورئانی پێ نووسرایه‌وه‌(67).

كه‌واته‌ به‌ هۆی به‌رهه‌می كاڵایی و په‌یدابوونی بازاڕه‌كان و بازرگانی ناوخۆ و وڵاته‌كانی ناوچه‌كه‌وه‌، هه‌رچی زیاتر تێكه‌ڵی نێوان خێڵه‌ جیاجیاكانی ناوچه‌كه‌ په‌ره‌ی سه‌ند، هه‌رچی زیاتر تایبه‌تمه‌ندی خێڵه‌كییان به‌جێهێشت و زه‌مینه‌ی ماددی گونجاو و له‌بار بۆ یه‌كگرتنی خێڵه‌كان هاته‌كایه‌وه‌، كه‌ له‌ درێژه‌ی خۆیدا بزووتنه‌وه‌یه‌ك له‌ هه‌ناوی خۆیه‌وه‌، نه‌ك له‌ ئاسمانه‌وه‌ ده‌رئه‌هێنێ، كه‌ ئه‌ویش بزووتنه‌وه‌ی ته‌وحیدی خێڵه‌كانه‌، به‌ ڕابه‌رایه‌تی محه‌مه‌د، كه‌ به‌ ئیسلام ناسرا.

هه‌روه‌كوو باسمان كرد، له‌ ئه‌نجامی هه‌لومه‌رجێكی ئابووری له‌و چه‌شنه‌، كه‌ ئه‌نجامه‌كه‌ی له‌ئارادابوونی چینه‌ دژبه‌یه‌كه‌كانی كۆمه‌ڵ بووه‌، كه‌ به‌ دوای خۆیدا ناڕه‌زایه‌تی و تێكۆشانی چینایه‌تی چینه‌ ناڕازی و چه‌وساوه‌كان له‌ به‌رامبه‌ر چینی دارا و ئه‌ریستۆكرات ئه‌هێنێته‌كایه‌وه‌. ناڕه‌زایه‌تی و ڕق و بێزاری چینی كۆیله‌ و خه‌ڵكی مسكێن و هه‌ژار و ده‌سته‌نگ به‌ ڕاده‌یه‌كی یه‌كجار زۆر بووه‌، ئیدی ئه‌و ناڕه‌زایه‌تییه‌ چ شێوه‌ و شكڵێكی گرتووه‌ و به‌ چ ئاستێك له‌ هوشیارییه‌وه‌ بووه‌، ئه‌وه‌ مه‌سه‌له‌یه‌كی دیكه‌یه‌، به‌ڵام



ئه‌وه‌نده‌ی له‌ ده‌نگوباسی ئه‌و سه‌رده‌مه‌، له‌ شیعری شاعیره‌كاندا مابێته‌وه‌، زیاتر ناڕه‌زایه‌تی و گله‌ییكردنه‌ له‌ چه‌وسانه‌وه‌ی بێڕه‌حمانه‌ی چینه‌ دارا و ده‌وڵه‌مه‌نده‌كان و هیچ ئاماژه‌یه‌ك به‌ ناڕه‌زایه‌تی ده‌سته‌گه‌لی و هێرش و پێكدادانیان نه‌كراوه‌، بۆ ئه‌م مه‌به‌سته‌ بڕوانه‌ شیعره‌كانی: بشر بن المغيرة، الأعشى، عروة بن الورد، سليك ... كه‌ به‌ شیعره‌كانیان گله‌یی له‌ دارا و ده‌وڵه‌مه‌ندان ئه‌كه‌ن، كه‌ چۆن خۆیان ژیانێكی تێر و ته‌سه‌ل ئه‌به‌نه‌سه‌ر و خزم و دراوسێ و قه‌وموقیله‌ی ده‌وروپشتیشیان، برسێتی ته‌نگی پێ هه‌ڵچنیوون.

له‌ ئارادابوونی هه‌لومه‌رجێكی پڕ له‌ ناڕه‌زایه‌تی و ڕق و بێزاری كۆیله‌ و مسكێنی ئازاد و ده‌سته‌نگ، له‌ به‌رامبه‌ر بازرگان و ده‌وڵه‌مه‌نده‌ بانكی و ڕیبائی و ئه‌ریستۆكراته‌كانی مه‌ككه‌، هه‌روه‌ها له‌ ئارادابوونی بزووتنه‌وه‌ی ناڕه‌زایه‌تی دژی ئه‌پارتایت و جیاوازی ئینسانه‌كان له‌سه‌ر بنه‌مای ڕه‌گه‌ز و ڕه‌چه‌ڵه‌ك و پێست و خێڵ، باشترین زه‌مینه‌ی، بۆ هه‌ركه‌س و بزووتنه‌وه‌یه‌ك، كه‌ واقیعییانه‌ مامه‌ڵه‌ی له‌ ته‌كدا بكات، فه‌راهه‌م كردووه‌، بۆئه‌وه‌ی وه‌كوو هۆیه‌ك، وه‌كوو ماتریاڵی ئامانجی چینایه‌تی خۆی به‌كاری بهێنێ. ئه‌و بزووتنه‌وه‌یه‌ش، كه‌ توانی له‌و زه‌مان و زه‌مینه‌دا سوود له‌م بزووتنه‌وه‌ ناڕه‌زایه‌تییانه‌ی چینه‌كانی خواره‌وه‌ی كۆمه‌ڵ وه‌ربگرێت و بتوانێت بۆ مه‌رام و ئامانجی خۆی، نه‌ك ئامانجی چینه‌ چه‌وساوه‌كان به‌كاری بهێنێ، بزووتنه‌وه‌ی ته‌وحیدی ئیسلام بوو. ئه‌مانه‌ ئه‌نجامگیرییه‌كی كورت بوون له‌ مه‌ڕ باسه‌كانی ڕابوردوو، كه‌ باسه‌كانی دوواترمان، ڕۆشنایی زیاتریان ده‌خاته‌ سه‌ر.

ئێستا بابزانین كه‌شوهه‌وای سیاسی كۆمه‌ڵی مه‌ككه‌ چۆن بووه‌، كێشه‌ی ناوخۆیی چینی ئه‌ریستۆكرات له‌سه‌ر ده‌سه‌ڵاتی سیاسی و ڕۆڵ و نه‌خشی به‌سه‌ر بزووتنه‌وه‌ی محه‌مه‌دیدا چۆن بووه‌؟

هه‌روه‌كوو پێشتر باسمان كرد، دابه‌شبوونی كار و ئه‌وه‌ی به‌ دوای ئه‌و دابه‌شبوونه‌دا هاتووه‌، خێڵه‌ سه‌ره‌تاییه‌كانی به‌ چ شێوه‌یه‌ك ئاڵوگۆڕ پێداوه‌

و شیرازەی ئەو جۆرە پەیوەندییەی چۆن لێکترازاندووە، کە لە ئاکامدا چینەکان، بە جیاوازییان لە خاوەندێتی و موڵک و داراییدا، هێناوەتەکایەوە، کە ئەمەش بۆخۆی بە مانای هاتنەکایەوەی بەرژەوەندی لێکجودا، لە شوێن بەرژەوەندی هاوبەشی خێڵەکییە، کە ئاکامەکەی، لەبەرامبەریەکوەستانەوەی ئەم بەرژەوەندییانە و پێکدادانی چینە لێکجیاواز و بەرژەوەندە دژبەیەکەکانە. بێگومان هەلومەرجێکی لەم چەشنە بە ناچار، پێویستی بە بەرگریکردن و پێویستی بە هێزگرتنە، لە پێناوی پاراستنی ئەو بەرژەوەندییانەدا. بۆ بەرێوەبردنی وەزیفەیەکی لەم جۆرەش هۆ و دەزگایەک پێویستە، ئەویش پێی ئەڵێن: دەوڵەت.

هەروەکوو ئەنگلس ئەڵێت(68): "دەوڵەت وەک یاسایەکی گشتی، دەوڵەتی چینی بەهێز و دەسەڵاتدار لە رووی ئابوورییەوەیە، کە بە هۆی ئەو دەزگایەوە، لە رووی سیاسیشەوە ئەبێتە چینی دەسەڵاتدار، بەو شێوەیە بۆ سەرکوتی چینی چەوساوە و وەبەرهێنراو ئامرازی نوێ بەدەست ئەهێنێ.

دەڤەری حیجاز دەوڵەتێکی ناوەندی تێدا نەبوو، هەر شوێنێکی بە جیا، دەسەڵاتێکی سیاسی تێدا بووە. ئەریستۆکراتەکانی مەککە لە بازرگان و مورابی و خاوەن کۆیلە، لە رووی ئابوورییەوە چینی بەهێز و دەسەڵاتدار بوونە، بۆ پاراستنی بەرژەوەندی ئابوورییان، پێویستییان بە ئامرازێکی فەرمانڕەوایی هەبووە، کە بتوانێت پەیوەندییە چینایەتییە دژبەیەکەکان بە قازانجی خۆی رێکبخات، ئەوەش دەسەڵاتی سیاسی دەوڵەتی مەککە بوو، کە بە تەبیعەتی حاڵ لەگەڵ دەسەڵاتی ئایینیدا ئاوێتە بوو.

دەوڵەتی مەککە پێی دەگوترا "ئەلمەلەء" یان "شورا" و شوێنی کۆبوونەوە و راوێژیان ناونابوو، "دارولنەدوە". ئەم دەوڵەتە پێکهاتبوو لە ئەریستۆکرات و دەوڵەمەندەکانی مەککە، کە بە ژمارە 10 کەس دەبوون، گشت دەسەڵاتێکی یاسایی و جێبەجێکردن و دادوەرییان لە دەست گرتبوو، هەر یەکە لەم دە کەسە نوێنەری تیرەیەک لە تیرەکان بووە، بەڵام لە راستیدا و بە هیچ جۆر، نیشانەی دەسەڵاتی تیرەکە و دەسەڵاتی هاوبەشی دیموکراتیکی تیرەکان



نەبووە، بەڵکوو ئەمانە بریتی بوون، لە دەسەڵاتی بەهێزترین کەسانێکی نێو تیرەکە لە رووی ملک ومال و داراییەوە، لە راستیشدا نوێنەری توێژ و چینەکانی سەرەوەی کۆمەڵ بوونە بە گشتی، بۆ نموونە، عەباسی کوڕی عەبدولموتەلیب یەکێک بووە، لەو دە کەسەی، کە دەوڵەتیان پێکهێنابوو، ئەگەرچی کوڕەگەورەی عەبدولموتەلیبیش نەبووە، بەڵام زەنگینترین کەسی بنەماڵەکەیان بووە. ئەمە سەربارێ ئەوەی ئەم ئەریستۆکراتانە بەو هەموو دەسەڵاتە ئابووری و سیاسییەی، کە هەیان بووە، هیچ باکیان لەوە نەبووە، کە چەندین کەسی هاوتیرەیان لە برسا ئەمرن یان نا!

پێویستە لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین، کە ئەو دە کەسە نوێنەری گشت تیرەکانی نەگرتبووەوە، بەڵکوو چەندین تیرەی دیکە، جگە لەوان، لە شاری مەککە هەبوونە، کە هیچ نوێنەرێکیان لە دەوڵەتدا نەبووە و مافی بەشداریکردنیشیان نەبووە.

کەواتە پێکهاتنی دەوڵەتێکی لەو چەشنە، کە نوێنەری بەشێک (نەک گشت) لە تیرەکانی شاری مەککەی تێدابوو، لەژێر پەردەی تیرەییدا، بە هیچ کلۆجێک بە مانای دەسەڵاتی تیرەکان نەبووە و رەنگدانەوەی بەرژەوەندیی گشتی تیرەیی نەبووە، بەڵکە لە ناوەرۆکدا رەنگدانەوەی دەسەڵاتی ئەریستۆکراتەکانی ئەو تیرانە بووە. هێشتنەوەی پەیوەندی تیرەییش تەنها بە رواڵەت، بۆ بەرژەوەندی ئەریستۆکراتەکان و چەسپاندنی زیاتری دەسەڵاتیان بووە.

بەو شێوەیە وردەووردە هەیئەتەکانی سیستەمی عەشیرەتی لەو رەگ و ریشەیەی کە لە نێو گەل، لە نێو عەشیرەت، فرایتری و خێڵ هەیەتی، جیا ئەبێتەوە و گشت سیستەمی عەشیرەتی بۆ دژەکەی خۆی ئەگۆرێت: لە رێکخستنی خێڵەکان، لە پێناوی بەرێکردنی ئازادانەی ئیشوکارەکانیانەوە، بۆ رێکخستن لە پێناوی تاڵانوبرۆ و چەوسانەوەی هاوسێکانیان. ئەنجامی ئەمەش، گۆڕانی ئەو هەیئەتانەیە لە دەزگای ئیرادەی خەڵکەوە، بۆ

هەیئەتێکی سەربەخۆ لەو ئیرادەیە، بۆ دەستبەسەراگرتن و سەرکوت لە دژی خودی گەل(69).

پێویستە لێرەدا ئەوەش باس بکەین، پێکهاتنی ئەم دەوڵەتە لە دە ئەریستۆکراتی شاری مەککە بە شێوەی هەڵبژاردن و بە ئیرادەی تیرە و خێڵەکان و بە شێوەی ئارەزوومەندانە نەبووە، بەڵکوو بەرەنجامی ململانێ و کێشمەکێشێکی توندوتیژ و درێژی مێژوویی بووە و لە ئەنجامدا و بەپێی هاوسەنگی هێزی نێوانیان لەو شێوەیەدا قەراری گرتووە. جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین، ئەو شورا و ئەنجومەنەی، کە ئیسلامەکان لە کۆمەڵێک مەلا و ئاخوند و ڕیشسپی پێکی ئەهێنن و هەر کاتێک ئەگەر باس لە ئیرادەی خەڵک و دیموکراتییەت و هەڵبژاردن و شورا بکرێت، ئەوان شانازی پێوە ئەکەن و گوایە، کاروبارەکان بە ڕێگەی ڕاوێژ بەڕێوەئەبەن و دەڵێن، ئیسلام لە مێژەوە و لە سەردەمی پەیدابوونییەوە پەیڕەوی لەم سیستەمە کردووە، لە ڕاستیدا، ڕەگوڕیشەکەی لەم شێوە دەوڵەتەی ئەریستۆکراتەکانی خێڵی قورەیشدایە و سەرەتاکەی ئەگەڕێتەوە بۆ خودی قوسەی باپیرە گەورەیان، کە دارولنەدوە و شورای پێکهێنا، کە نوێنەری خێزان و بنەماڵە دارا و دەوڵەمەندەکان بوو واتە، گشت تاکێک مافی بەشداریکردنی نەبووە.

با ئێستا برێک زیاتر لە ململانێی تیرەکان لە پێناوی دەسەڵاتی سیاسی و ئایینی بکۆڵینەوە، چونکە ئەو ناکۆکییانە نەخشی خۆیان لە بزووتنەوەی محەمەدی داوە و کاریگەرییان بەسەرەوە هەبووە.

دەسەڵاتی سیاسی لە دەورەی پێشووتردا، دەسەڵاتی تاکەکەسی قوسەی عەبدولشەمس بووە، کە لە ئەنجامی ململانێ و بەرپاکردنی چەندین شەڕوشۆڕ، لەگەڵ خوزاعە و نەوەی بەکر و سەرکەوتن بە سەریاندا، توانی دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێ. لە پاش مردنی قوسەی، ناکۆکی ئەکەوێتە نێوان کوڕەکانیەوە، کە لە کەسایەتی عەبدولدار و عەبدولمەنافدا بەرجەستە ببووەوە، هەریەکە لە ئەمانەش لایەنگر و هاوپەیمانی خۆی لەنێو خێڵەکەی



خۆی واتە، قورەیشدا هەبووە. بەرەی عەبدولمەناف لە تیرەی عەبدولشەمس، ئەسەد، زەهرە، تیم، حارس پێکهاتبوو. بەرەی عەبدولداریش، لە تیرەی تامر، مەخزوم، سەهم، جەمح، عودەی پێکهاتبوو.

هەریەکە لەم دوو بەرەیە پەیمانی پشتیوانیکردنیان لەنێو خۆیاندا بەستبوو. بەرەی عەبدولمەناف پەیمانێک بە ناوی ئەلموتیبین (المطيبين) و بەرەی عەبدولدار پەیمانێک بە ناوی (ئەلئەحلاف)ەوە ئەبەستن. ناکۆکی نێوان ئەم دوو بەرەیە هەتا ئەهات توندوتیژتر ئەبوو، بەڵام پێش ئەوەی ئەم ناکۆکییە بگاتە ئاستی هەڵگیرسانی جەنگ، ئەم دوو بەرەیە لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان خۆیاندا ڕێکئەکەوون، ئەوەش بە دابەشکردنی ناوەندەکانی دەسەڵات و لێپرسراوێتی (کابینە)، بەم شێوەیەی خوارەوە:

تیرەی هاشم: عەباسی کوڕی عەبدولموتەلیب نوێنەری ئەم تیرەیە بوو، نوێنەری کۆمەڵی مەککە بوو، لە کارەسات و تەنگوچەڵەمەی گەورەدا. لە کاتی مەراسیمی حەجدا، ئاوبەخشانەوە (سیقایە)ی بەدەست بوو.

تیرەی ئومەییە: ئەبوسوفیانی کوڕی حەرب نوێنەری بوو، لێپرسراوی کاروباری جەنگ و فەرماندەی گشتی هێزی چەکدار بوو.

تیرەی نەوفەل: حارسی کوڕی عامر نوێنەری بوو، لە کاتی ڕێوڕەسمی حەجدا (ریفا)یە، یانی ئامادەکردنی خواردنی بەدەست بوو.

تیرەی عەبدولدار: عوسمانی کوڕی تەڵحە نوێنەری بوو، لێپرسراوی لیوا و سەدانە و حیجابە و نەدوە بووە.

تیرەی ئەسەد: یەزیدی کوڕی زەمعە کوڕی ئەسوەد نوێنەری بوو، بۆ کۆبوونەوە و بڕیاردان لەسەر مەسەلەیەک، دەبوو پرسی پێ بکرێت و بە ئیمزای ئەم ئەبەسترا.

تیرەی تیم: ئەبوبەکری سدیق نوێنەری بوو، نوێنەر و دەمسپی قورەیش بوو، بۆ سوڵحی نێوان دوو لا، کە شەڕ و قەتڵیان لە نێواندا بووبێت.

تیرەی مەخزوم: خالیدی کوڕی وەلید نوێنەری بوو، لێپرسراوی تەپڵی جەنگ بوو، لە کاتی هەڵگیرسانی جەنگ، تەپڵی لێ ئەدا و جەنگاوەران بە چەکوچۆڵ و پێداویستییەکانی ترەوە لە لای ئامادە ئەبوون.

تیرەی عودەی: عومەری کوڕی خەتاب نوێنەری بوو، ڕۆڵی سەفیر و وەزیری دەرەوەی گێڕاوە.

تیرەی جەمح: سەفوانی کوڕی ئومەییە نوێنەری بوو، پیاوی ئایینی بوو، بۆ کردن و نەکردنی کارێ یان بۆ تاقیکردنەوەی بەخت و دیاریکردنی چارەنووس بە هۆی هاویشتنی (تیر)ەوە، بڕیاری دەرئەکرد.

تیرەی سەهم: حارسی کوڕی قەیس نوێنەری بوو، لێپرسراوی دارایی لە کاری ئایینیدا بوو، لە چەشنی وەزارەتی ئەوقافی ئێستا(70).

لێرەوە بۆمان دەرئەکەوێت، کە چۆن ناوەندە گرنگەکانی دەسەڵات و زۆرترینیان بە دەستی بەرەی پەیمانی ئەحلافەوە بووە، کە لە ئەنجامی هاوسەنگی هێزی نێوانیانەوە گەیشتووەتە ئەو حاڵە. هەربۆیە ئەم ناکۆکییە هەر درێژەی هەبووە و هەر بەرەیەک بەردەوام بیریان لە دەسەڵات و لێپرسراوی زیاتر کردووەتەوە لە بەرامبەر ئەوی دیکەدا، هەربۆیە هەر کاتێک یەکێک لەو دوو بەرەیە هەستی بە ئاڵوگۆڕێک لە هێزی خۆیدا کردبێت، بە ڕادەی ئەو ئاڵوگۆڕە هەوڵی فراوانکردنەوەی دەسەڵاتی خۆی داوە، یان ئاڵوگۆڕ بەسەر هاوپەیمانێتی نێوان تیرەکاندا دێت. ئەوەتا لە ئەنجامی بەهێزبوونی زیاتری بەرەی ئەحلاف، بەرەی ئەلموتیبین پێویستییان بە پێکهێنانی پەیمانێکی سیاسی تر ئەبێت، هەربۆیە پەیمانی ئەلفزول (الفضول) لە نێوان تیرەی هاشم، ئەلموتەلیب، ئەسەد، زەهرە، تیم، ئەبەسترێت. ئەم پەیمانە لە ناوەڕۆکدا بۆ بەرگریکردن بووە لە بەرژەوەندیی ئەریستۆکراتەکانی تیرەی هاشم، وەلی بەهۆی لاسەنگی هێزی ئەم بەرەیە لە بەرامبەر بەرەکەی تردا، شێوەی بەرگری لە خەڵکی چەوساوەی گرتۆتەخۆ، بۆیە کاریگەری لەسەر چینەکانی خوارەوە داناوە.



ئەوەی شایانی باسە، محەمەد، کە تەمەنی 25 ساڵان بووە، بەشداری ئەم پەیمانەی کردووە و پاش پەیدابوونی ئیسلامیش ئەم پەیمانە هەر درێژەی هەبووە و لە لایەن خودی محەمەدەوە بڕیاری هەڵوەشانەوەی نەک هەر نەدراوە، بەڵکوو ستاییشی کردووە و پشتی پێ بەستووە.

ئەم ناکۆکییانە لە ئەنجامدا، لە ناکۆکی نێوان نەوەی هاشم و نەوەی ئومەییە، کە ئەبوسوفیان کوڕی حەرب نوێنەری بوو، کە دەوڵەمەندترین و زیرەکترین کەسایەتی سیاسی ئەو کۆمەڵە بوو و لە ڕاستیشدا سەرۆکی دەوڵەتی مەککە بوو، بەرجەستە بووەوە. ئەوەی شایانی باسە، بە سەرکەوتنی بزووتنەوەی محەمەدی، ئیدی تیرەی هاشم سەرکەوتن بەدەستدەهێنێ، لێ ئەم ناکۆکییە، کاری خۆی کردووە و درێژەی هەر هەبووە، کە لە سەردەمی جێنشینانی محەمەدەوە بە ڕۆشنی خۆی نیشان ئەدات، هەتا ئەگاتە دامەزراندنی ئیمپراتۆرییەتەکانیان واتە، دامەزراندنی ئیمپراتۆرییەتی ئومەوی لە لایەن بەرەی کوڕانی ئومەییە و دامەزراندنی ئیمپراتۆرییەتی عەباسی لە لایەن بەرەی کوڕانی هاشمەوە، کە بە قیمەتی شەڕی توند و خوێناوی و کوشتنی هەزارانهەزار کەس بە ئەنجام گەییشتووە.

محەمەد لە کۆمەڵی مەککەدا بووە، لە خێڵی قورەیش و سەربە نەوەی هاشم بووە، لەناو ئەم ناکۆکی و کێشە و ململانێیانەدا چاوی کردووەتەوە و گەورە بووە، دەرکی پێ کردووە و کاری کردووەتە سەر هۆش و بیری، بێدەخاڵەت و دوورەپەرێز نەبووە، بەشداری کێشە و ململانێی سیاسی تیرە و کۆمەڵەکەی بووە، وەک هەر کەسێکی دیکەی نێو تیرە و خێڵەکانی ئەو سەردەمە، چاوی لە دەسەڵات و نێوەندی سیاسی بڕیوە، کارێکی لەم چەشنەش پێویستی بە وریایی و زیرەکی هەیە، هەتاوەکوو سیاسەتێک بگرێتەبەر، کە بتوانێت ئەو هێزانەی کۆمەڵ هەڵخڕێنێ و لە پێناوی ئامانجی خۆیدا ساز و ئامادەیان بکات.

کەواتە، یەکێک لەو هۆیانەی، کە بووە هۆی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی محەمەدی، تێکۆشانی محەمەد بووە لەژێر پەردەی ئایینەوە، بۆ گەییشتن بە دەسەڵاتی سیاسی. هەروەکوو ئەبوسوفیان بە ڕۆشنی گوزارشتی لێ کردووە، ئەویش لەو کاتەیدا، کە لەشکری موسڵمانەکان هێرش ئەکەنە سەر شاری مەککە و ئەبوسوفیان لەگەڵ عەباسی مامی محەمەددا ئەبێ، کاتێک، کە ئەو لەشکرە ئەبینێ و ئەزانێت تازە ئیتر دەسەڵاتی دەوڵەتی مەککە دوایی پێ دێت، ڕوو لە عەباس ئەکات و ئەڵێت: ئەبولفەزل، بە خودا برازاکەت بوو بە پاشا و موڵک و دارایی زۆر و گەورە بوو! عەباسیش لە وەڵامدا ئەڵێت: نا! ئەوە پەیامبەرایەتییە(71).

پاش لێکدانەوەی هەلومەرجی سیاسی کۆمەڵی عەرەب لە شاری مەککە و ناوچەکە بە گشتی، ئەبێ ئێستا قامک بخەینە سەر جێگەوڕێگەی ئەم ناوچەیە لە سیاسەتی نێودەوڵەتی ئەو سەردەمەی دنیای کۆندا.

لە ئارادابوونی ناکۆکی و ململانێیەکی بەو شێوەیە، لە نێوان تیرە و خێڵە عەرەبەکان، لەنێو شاری مەککە و ناوچەکانی دەوروپشت و لەئارادانەبوونی دەوڵەتێکی ناوەندی و بەهێز لە ناوچەی حیجازدا، هەمیشە بۆتە مایەی سەرنج و چاوتێبڕینی دەوڵەتە بەهێزەکانی ئەو سەردەمە، کە سیاسەتی هەمیشەییان بریتی بووە، لە هەڵگیرساندنی جەنگ، شەڕی بەردەوام لەگەڵ یەکتر، داگیرکردن و کوشتاری بە کۆمەڵ، بە کۆیلەکردن و تاڵانوبڕۆی سەروەت و سامان، ژێردەستەکردن و جزیەلێسەندن. ئەمە لە کاتێکدا، هەروەکوو باسمان کرد، شاری مەککە و دەوروپشتی پێگەیەکی گرنگ و ستراتیژی بۆ بازرگانی و ترانزێتی کاروانی گەورەی بازرگانی وڵاتەکانی دەوروپشت پێکهێنابوو و چەندین بازاڕی گەورە و گرنگ و بەناوبانگی تێدا بوو، کە لەو نێوەدا کاریگەری ئایین لەم شارەدا، بە تایبەت مەراسیمی حەج و سەردانی کابە، ئەوەندەی دیکە ئەم کارانەی گردوکۆ کردبوو و برەوی پێدابوو.



لە سەدەی شەشەمی زایینیدا، دەوڵەتە عەرەبەکان دووچاری قەیرانێکی توند بوون، دوو دەوڵەتی گەورە، بێزەنتییەکان لە ڕۆژئاوا و ساسانییەکان لە ڕۆژهەڵات پەلاماریان دان، حەبەشییەکان، کە هاوپەیمانی بێزەنتییەکان بوون، دەستیان بەسەر یەمەندا گرت، ئەمەش بووە هۆی لەناوچوونی دەوڵەتی کیندە، هەروەها بێزەنتییەکان هێرشیان کردە سەر دەوڵەتی غەساسینە لە شام. هەروەکوو ساسانییەکانیش دەوڵەتی مەنازیرەیان لە عێراق لەنێوبرد و دەستیان بە سەر ئەوێ و چەند جێگایەکی دیکەی کەنداویشدا گرت. هەروەها یەمەن بووە مەیدانی ململانێی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە، تا ئەو دەمەی ساسانییەکان جێگەی خۆیان تێدا کردەوە. بەو شێوەیە ئەو دەوڵەتە بچووکانە لەنێوچوون و عەرەبیش ڕاستەوخۆ کەوتە بەر هەڕەشە و مەترسی بێگانە(72). کاتێک، کە حەبەشییەکان هێرشیان بۆ سەر یەمەن کرد و داگیریان کرد، ئیتر کەوتنە بەرامبەرکێکردن لەگەڵ شاری مەککەدا. حەبەشییەکان دەرکیان بە کاریگەری ئایین بەسەر خەڵکی مەککە و دەوروپشتییەوە کردبوو، دەیانزانی کابە چ جێگایەکی لە دڵی خەڵکیدا هەیە و ئەمانەش بۆخۆیان، چ ڕۆڵێکیان لە کاری بازرگانیدا هەیە. هەربۆیە هاتن لەو جێگەیەوە ڕکابەرایەتی شاری مەککە بکەن. بۆ ئەو مەبەستە، هاتن لە یەمەن بەردێکیان دروستکرد، بۆئەوەی جێگەی بەردە ڕەشەکەی مەککە بگرێتەوە، خەڵکی وای لێ بێت بۆ بەجێگەیاندنی کاری ئایینیان ڕووبکەنە یەمەن و بەم هۆیەوە بازرگانی لە شاری مەککە و ناوچەی حیجاز لاواز و بازرگانی خۆشیان پەرە پێ بدەن، بەڵام کارەکەیان بێئاکام مایەوە و ئامانجی خۆی نەپێکا(73). بۆیە ئەمجارەیان، سوپایەکی گەورەیان کۆکردەوە و هێرشیان بۆ سەر شاری مەککە کرد، لە ئەنجامدا نەخۆشی لەنێو سوپاکەیاندا بڵاوبووەوە و توانای پێشڕەوییان نەما، بۆیە بە ناچار و بە بێئاکام بۆ دواوە گەڕانەوە، هەروەکوو پێشتر لێی دواین.

بێزەنتییەکان بۆ ڕێکخستنی کاروباری بازرگانییان نوێنەر و باڵوێزی خۆیان لە شاری مەککە دانابوو، لەو ڕێگەیەوە هەواڵ و دەنگوباسی ئەم شارە و

ناوچەکەیان ئاگا لێ بوو و درکیان بە گرنگی ناوچەکە بۆ خۆیان کردبوو، بۆیە هەمیشە لە بیری ئەوەدا بوون، کە چۆن ئەم ناوچەیە بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە، بۆ ئەم مەبەستەش یەکێکیان بە ناوی عوسمانی کوڕی حوێرسەوە دەسنیشان کرد، بۆئەوەی بیکەنە پاشای ئەم ناوچەیە و بە قازانجی خۆیان بکەوێتە کار، بەڵام سەرئەنجام کوژرا و ئەوانیش ئەو هەوڵەیان بێسوود و بێئاکام مایەوە(74).

تەبەری و سەعالبی(75) لە نووسراوەکانیاندا باسی کەسێک، بەنێوی سابوری فارسی(310-379)یەوە ئەکەن، کە هێرشی کردووەتە سەر ئەو خێڵە عەرەبانەی، کە نزیکی عێراق بوونە. هەروەکوو هێرشیان کردووەتە سەر بەحرێن و یەمامە و بیر و کانیاوەکانیان پڕکردووەتەوە. هەروەها بۆ لێکدابڕاندنی خێڵەکان لە یەکتری، چاڵێکیان لە نێوان عێراق و جەزیرەدا هەڵکەندووە.

هەروەها عەلی کوڕی ئەبوتالیبیش لە کتێبی "نهج البلاغة"دا(76)، باسی ئەو ڕۆژگارە بۆ لایەنگرانی خۆی ئەکات، کە چۆن کاتی خۆی واتە، لە سەردەمی پێش سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ئیسلامیدا، میللەتی عەرەب بە هۆی پەرشوبڵاوی و پارچەپارچەییانەوە، لە لایەن کیسراییەکان و قەیسەرییەکانەوە ئازار ئەدران و لە جێگەوڕێگە و سەرزەوی و زێد و ئاوی خۆیان دەر ئەکران. هەربۆیە دەنگی ناڕەزایەتی و ڕاوەستانەوە لە دژی بێگانە و دوورخستنەوەی مەترسییان، چەندین جار لە لایەن ئەم و ئەوەوە پەیدا بووە، بانگەوازی یەکگرتن و دەرچوون لە حاڵی پارچە پارچەیی و پەراگەندەیی کراوە(77).

ئەمانە گشت ئەو ڕاستییە دەرئەخەن، کە دەوڵەتە بەهێزەکانی ئەو سەردەمەی کۆمەڵی عەرەب، چۆن هێرشیان بردووەتە سەر ئەم ناوچەیە و خەڵکی عەرەبیش هەمیشە لەژێر فشار و هەڕەشە و چەوسانەوەی ئەربابەکانیان بوونە. هەروەها ئەمانە گشت ئەوە دەرئەخەن، کە پارچە پارچەیی خێڵە عەرەبەکان، هۆ و سەرچاوەی ئەو بار و دۆخە بووە،



هەروەکوو لە قسەکانی عەلیدا بە ڕۆشنی دەرئەکەوێت. هەربۆیە ئەو بار و دۆخە کاری کردووەتە سەر خێڵە عەرەبەکان و سەرباری هەر ناکۆکی و ناخۆشییەکیان، بیریان لە یەکگرتن و بەرەنگاربوونەوەی ئەو مەترسی و هەڕەشانە کردووەتەوە. پەیدابوونی چەندین کەسایەتی لەژێر نێوی پەیامبەرایەتی یان بانگەشەی پاشایەتی "ئیمروئولقەیس"، هەوڵی جیاجیا بوونە، بۆ یەکخستنی خێڵەکان و ڕزگاربوون لەو هەڕەشە و چەوسانەوانە. وەلێ هیچ کامێک لەو هەوڵانە، نەیانتوانی ئەو ئەرک و ئامانجە بەجێ بگەیەنن، کە دواتر بزووتنەوەی ئیسلام پێی هەستا.

کەواتە، یەکێک لەو هۆیە کاریگەرانەی، کە زەمینەی ماددی سەرهەڵدان و پەیدابوونی بزووتنەوەی محەمەدی لە ڕووی سیاسییەوە پێکهێنا، بریتیبوو، لە هەوڵی ڕزگارکردنی کۆمەڵی عەرەب، لەژێر فشار و هەڕەشە و هێرشی دەوڵەتە گەورەکانی دراوسێی، بە تایبەت لەو هەلومەرجەدا، زەمینەی ئەو کارە لەچاو هەر کاتێکی دیکە لەبارتر بوو، چونکە دوو دەوڵەتی گەورەی ئەو دەمە یانی، ئیمپراتۆرییەتی ساسانی و بێزەنتی، بە هۆی شەڕی دوور و درێژ و خوێناوی نێوانیانەوە، یەکترییان ماندوو و شەکەت کردبوو، بۆیە لەو کاتەدا، باشترین هەلێک بۆ بزووتنەوەی تەوحیدی خێڵە عەرەبەکان هاتبووە کایەوە.

❊

کەواتە دابەشبوونی کار و لە ئارادابوونی بەرهەمی کاڵایی و گۆڕینەوە و بازاڕ و دراو و بازرگانی، پەیوەندی خێڵەکی سەرەتایی لە کۆمەڵی عەرەبدا لەنێوبردبوو، هەرچی زیاتر ئەم تیرە و خێڵانە بە وێنەی کاڵاکانیان نزیک و ئاوێتەی یەکتری ببوون، هەرچی زیاتر زمان و فەرهەنگ و دابونەریت و بیرکردنەوەیان کاریان لە یەکتر کردبوو. بە کورتییەکەی، هەلومەرجی لە بار و گونجاو بۆ یەکگرتن و دەرچوون لە پەراگەندەیی خێڵەکان فەراهەم ببوو. کەواتە، ئەم هەلومەرجە ئابوورییە، بناغە و بنچینەیەکی بەهێز بوو، بۆ سەرهەڵدان و پەیدابوونی بیروباوەڕی ئیسلام و بزووتنەوەکەی.

لەلایەکی دیکەوە، فشار و هەڕەشە و هێرشی دەوڵەتە گەورەکانی ئەو سەردەمە یانی، ساسانییەکان و بێزەنتییەکان، دیسانەوە هەلومەرجێکی ماددی بۆ سەرهەڵدانی بیروباوەڕی تەوحیدی محەمەدی خۆشکرد، کە پێشتر و چەندین جار ئەم هەوڵە لە لایەن کەسانی ترەوە درابوو و کارێکی وای کردبوو، کە کۆمەڵی عەرەب هەست بە پێویستی یەکگرتن و بەرپەرچدانەوەی هەر هەڕەشە و چەوسانەوەیەکی بێگانە بکات. ئەمە سەرباری ئەو ناکۆکییانەی، کە لە نێوان ئەریستۆکراتەکانی مەککە، لە پێناوی دەسەڵاتی سیاسیدا هەبوو، کە محەمەدیش بۆخۆی بەدەر نەبوو لەو هەلومەرجە، بە تایبەت محەمەد سەربە یەکێک لەو بەرەیە بوو، کە بە درێژایی مێژووی پەیدابوونیان، لەسەر دەسەڵاتی سیاسی و ئایینی، لە کێشە و ململانێدا بوون. کەواتە، یەکێکی تر لەو هۆیانەی، کە کاریگەری لە سەرهەڵدانی بیروباوەڕی محەمەدیدا هەبووە، تێکۆشانی محەمەد، بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسی بووە.

گەیشتن بەو ئامانجانە هێزی مرۆیی و ماتریاڵی خۆی پێویستە، بۆ کەسێکی وەکوو محەمەدیش، کە توانای ئابووری و سیاسی و ئایینی لاوازتری لەچاو ڕەقیبەکانی خۆیدا هەبوو، نەیدەتوانی تەنانەت بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسی لە سەرەوە، کارێکی بۆ بکات و پێی وابوو، بەو شێوازە، هیچ ئاسۆیەکی ڕوون لە بەردەمدا نییە، هەربۆیە سەرنجی چووە سەر هێزی گەورە و بەرینی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵ واتە، کۆیلە و هەژار و دەستەنگ، چونکە ئەم چینە کۆمەڵایەتییانەی ئەو کاتەی کۆمەڵی مەککە، لە ئەنجامی چەوسانەوەی بێسنووری دارا و دەوڵەمەندان و دەسەڵاتدارانی مەککەوە، ئیعتیراز و ناڕەزایەتییەکی زۆریان هەبووە، بە جۆرێک، کە ئامادە بوون پشتیوانی لە هەر دەنگێک، کە داوای لابردنی ئەو بارە قورسە ئەکات بکەن، ئەگەرچی کەمیش بێت یان ڕیشەییش نەبێت. هەربۆیە محەمەد لە دەرککردن بەم ڕاستییەوە، هەندێک دروشمی



کەموکورتی لە داواکەیدا بەرز کردەوە، کە کاریگەری بەسەر ئەم چینانەوە هەبوو، کە بۆ محەمەد و ئامانجەکەی کاریگەرییان هەبوو.
کەواتە، هاتنەکایەوەی هەلومەرجی گونجاوی ئابووری_ سیاسی_ کۆمەڵایەتی، زەمینە و سەرچاوەی پەیدابوونی بیروباوەڕ (ئایینی ئیسلام) و بزووتنەوە (بزووتنەوەی تەوحیدی خێڵەکان)ی محەمەدی بوون، کە ماتریاڵی گەیشتن بەو ئامانجە، بەکارهێنانی هێزی چینە ناڕازییەکانی کۆمەڵ بوو، نەک بۆ بەرژەوەندی و قازانجی چینایەتی خۆیان و گەیشتن بە ئامانجی بزووتنەوەی ناڕەزایەتییان، بەڵکوو بە قازانجی بەشێکی دیکە لە دارا و ئەریستۆکراتەکان.

❊

ئەگەر هەتا ئێرە هۆی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ئیسلاممان بۆ ڕوون بووبێتەوە، ئەوا پێویستە لەمەودوا بچینە سەر مەسەلەیەکی گرنگی تر، ئەویش وەڵامدانەوەیە بەو پرسیارەی، کە بۆچی ئەم بزووتنەوەیە لەژێر پەردەی ئایین و بیروباوەڕی ئایینی و لەو نێوەدا ئایینی ئیسلام بە تایبەت، سەری هەڵدا؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەش پێویستە ڕۆشناییەک بخەینە سەر هەلومەرجی فکریی ئەو سەردەمەی کۆمەڵی عەرەب، لە ڕووی بیروباوەڕی ئایینی و چۆنیەتی بیرکردنەوە و بۆچوونیان بۆ دیاردەکانی کۆمەڵ و سروشت و کاریگەری ئایین بەسەریانەوە.

## 2_ هەلومەرجی فکریی شاری مەککە و دەوروپشتی، پێش پەیدابوونی ئیسلام

کۆمەڵی عەرەب وەک هەر کۆمەڵێکی دیکە، لە سەردەمی بەر لە پەیدابوونی ئیسلامدا، بۆ مانەوە و داکۆکیکردن لە بوونی خۆی، لەگەڵ سروشت و دیاردە سروشتییەکاندا، لە ناکۆکی و ململانێی بەردەوام و هەمیشەییدا بووە. سروشتی سەختی جەزیرە، دۆخی بیابان و کەمئاوی،

هەڕەشەی لە مرۆڤی خێڵە عەرەبەکان ئەکرد، خێڵە عەرەبەکانیش بۆ درێژەدان بە ژیان و ململانێ و زۆرانبازی لەگەڵ ئەو سروشتەدا، لە هەر شوێنێک مێرگ و کانی وشکی بکردایە، مێرگ و کانییەکی دیکەیان ئەدۆزییەوە، کە مایەی درێژەدانی ژیانی خۆیان و ئاژەڵەکانیان بوو. بەو شێوەیە خێڵەکان دەست و پەنجەیان لەگەڵ ئەو سروشتەدا نەرم ئەکرد، بە جۆرێک، کە ئەم شوێن و ئەو شوێنکردن و کۆچەرێتی ببووە شێوەی باوی ژیانیان. هەتاوی گەرم و سووتێنەر ناچاری دەکردن، لە ڕۆژدا ئەوەندە نەجولێن و خۆیان لەنێو ڕەشماڵ و قەدپاڵی شاخ و نێو ئەشکەوتەکان و سێبەری دار و دەوەن پەنا بدەن، بە شەویش لەبەر ڕۆشنایی مانگ و جریوەی ئەستێرەکان ڕێگە ببڕن و ئاراستەی ڕۆیشتنەکەیان دەستنیشان بکەن و دۆستایەتی لەگەڵ ئەو تەنە ئاسمانییانەدا پەیدا بکەن.

کاری سروشت بەسەر کار و زیندەگی کۆمەڵی عەرەب، وەک کاری سروشت بەسەر گشت کۆمەڵی مرۆڤایەتیدا دوولایەنە یانی، باش و خراپ بووە. ئەگەر هەور و باران بۆ مرۆڤ مایەی ژیانەوەی گژوگیا و لەوەڕ و کشتوکاڵ بووە، ئەوا هەورەتریشقە مایەی سوتان و کوشتن، بێبارانیش مایەی وشکی و قاتوقڕی بووە. ئەگەر ئاوی ڕووبار سەرچاوەی خۆراکی ئاوی و ئاودانی کشتوکاڵ بووە، ئەوا لافاو مایەی  ژێرەوژوورکردنی کشتوکاڵ و خانوبەرە و خنکاندنی مرۆڤ بووە، ئەگەر زەوی دایکی ڕوەک و دەغڵودان و دار و دەوەن بووە، ئەوا شەقبوونی زەوی و بورکان و بوومەلەرزە مایەی لەناوبردنی مرۆڤ وماڵوێرانی بووە، ئەگەر ژیان خۆشەویست و لەشساغی بۆ مرۆڤ جێگەی دڵخۆشی بووە، ئەوا دیاردەی مردن و ماتەمی و نەخۆشی مایەی ئازار و ئەشکەنجە بووە.

مرۆڤی عەرەب، وەک مرۆڤی هەر شوێنێکی تری سەر زەوی، سەرنجی گشت ئەو دیاردانەی، کە بە دەوروپشتییەوە بوونە داوە، بیری کردۆتەوە، خەیاڵی کردووە، ئۆقرەی لێ بڕاوە و ژانی پێوە کردووە، دەبوو بزانێت،



سەرچاوەی خێر و خۆشی و باشە، بۆچی و چۆن هەن؟! چۆن کاری خۆیان ئەنجام ئەدەن؟! سەرچاوەی شەڕ و ناخۆشی و خراپەش، بۆچی و چۆن هەن؟ چۆن کاری خۆیان ئەنجام ئەدەن؟! لە بیرکردنەوە و خەیاڵەکانیدا بە ئەنجام گەییشتووە، وەڵامی پرسیارەکانی خۆی وەرگرتووەتەوە و ئارامی بە لەشیدا هاتووە. وەڵامەکانیشی ڕەنگدانەوەی هەلومەرجی ماددی، هەلومەرجی بەرهەمهێنان و ئاستی بەرهەم و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بووە. بێگومان وەڵام و لێکدانەوەکانیان بۆ دیاردەکانی سروشت و کۆمەڵ بە شێوەیەکی گشتی لە چوارچێوەی خورافی و ئەفسانەیی و تەئەمولی تێپەڕی نەکردووە. بۆ ئەو ڕۆژگارە لە مێژووی پەرەسەندنی کۆمەڵی مرۆڤایەتیدا بە ناچار، ئەفسانە و لێکدانەوەی خورافی، ئامرازی شیکردنەوەی دیاردەکان بووە، واتە مرۆڤ بەو شێوەیە ڕوانیویەتە دیاردەکان هەروەکوو چۆن لە ئەفسانەکاندا خۆی دەنوێنێ، هەربۆیە ئەفسانە ناوەڕۆکی فکریی فەلسەفی ئەو سەردەمەی پێکهێناوە. هەر لەم شێوە تێڕوانینەوە هەوڵی سازش یان سەرکەوتنی بەسەر ئەو دیاردانەدا داوە، کە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە ژیان و هۆیەکانی ژیانەوە. مرۆڤی عەرەب پێی وابووە هەر جوڵە و هەر دیاردەیەکی سروشتی سوودبەخش یان زیانبەخش، هێزێکی نادیار و غەیبی لە پشتەوەیە و ئەیبزوێنێ، بۆیە بۆ بەردەوامی ژیانی خۆی بە پێویستی زانیوە، پەیوەندی بەو هێزانەوە بکات، ئەمەش یانی ئایین. بۆیە هەر هۆیەک بەو هێزانەی ئەگەیەنێت، هەر کارێک دەبێتە هۆی ڕازیکردن و دڵنەوایی ئەو هێزانە، ئەو گرتوویەبەر.

کەواتە ئەفسانە و فەلسەفە و ئایین و جادو، پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ یەکدی هەبووە، ئاوێتەی یەکتربوونە و لێکجودا نەکراونەتەوە(78)، کە تێکڕا شێوەیەک لە بیرکردنەوەی پێکهێناوە، کە بە ئایین ناسراوە و خۆی نیشان داوە. هەربۆیە کاتێک باسی هەلومەرجی فکری ئەو سەردەمە

ئەکەین، مەبەستمان تێکڕای ئەو مەسەلانەیە، کە لە شێوەی ئاییندا خۆیان نیشانداوە، لە ڕاستیشدا ئایین هەر ئەوە بووە و هەر ئەوەشە.

ئەو زانیارییانەی لە مەڕ بیروباوەڕی ئایینی و چۆنیەتی بیروباوەڕی مرۆڤی عەرەب سەبارەت بە پەیدابوونی مرۆڤ و گەردوون و دیاردە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکان هەیە، کە بریتییە لە پەرتووکی قورئان و قسەکانی تری محەمەد و پەرتووکی مێژوویی و بەسەرهاتەکان، کە نووسەرانی ئیسلام نووسیویانەتەوە، یان شیعری شاعیرەکانی پێش ئیسلام و ئەو پاشماوە کۆنانەی، کە لە لایەن شارەزایانی ئەو بوارەوە لێی کۆڵراوەتەوە، ناتوانن زانیاری پێویست و یەکلاکەرەوەمان لەسەر گشت لایەنەکانی ئەو مەسەلەیە بە دەست بدەن.

ئەگەرچی، ئێستا قورئان وەک پەرتووکێکی ئیسلامی، یەکێکە لە سەرچاوە گرنگەکانی لێکۆڵینەوە دەربارەی بیروباوەڕی ئایینی سەردەمی پێش ئیسلام، بەڵام لەڕاستیدا بزووتنەوەی ئیسلام هەر بۆخۆی، هۆی نەمان و فەوتانی گەلێک پاشماوەی کۆنی بە کەڵکی ئەوکاتە بووە، کە لەگەڵ هەندێک لایەنی بزووتنەوەکەی خۆیدا نەدەهاتەوە. مانەوەی ئەو پاشماوە کۆنانە، زانیاری بە کەڵکی بە زانایانی ئەنترۆپۆلۆژی ئەبەخشی، بۆ ڕوونکردنەوەی زۆر لایەنی نادیاری کۆمەڵی کۆنی عەرەب، هەروەکوو لە زۆر شوێنی دنیادا کراوە. دیارە بزووتنەوەی ئیسلامی ئەم شێوە کارەی تەنها لە مەککە و ناوچەی جەزیرەدا ئەنجام نەداوە، بەڵکوو هێرشی توند و بێڕەحمانەی ئیسلام هەر ناوچەیەکی گرتبێتەوە، هەمان ڕەفتاری لە گەڵدا کردووە. لە سەردەمی داگیرکردنی میسر لە لایەن لەشکری ئیسلامەوە، کتێبخانەی گەورە و مەزنی ئەسکەندەرییە کەوتە ژێردەستیانەوە، پیاوێک هەبووە خەڵکی ئەو شارە، عەرەب پێیان وتووە حەننا ئەلئەحرومی، ئەم پیاوە داوای لە "عەمرو" کرد، کە هەرچی دەسنووسی نێو کتێبخانەکە هەیە، پێی بدات، عەمروش نامەیەک بۆ عومەر ئەنووسێ، تا بزانێت فەرمانی ئەو چییە؟ عومەریش لەوەڵامدا ئەنووسێت: "بەڵام ئەوەی دەربارەی ئەو پەرتووکانەیە،



کە باست کردووە، ئەگەر ئەوشتانەی، کە لەنێوی دان، لەگەڵ ئەوەی، کە لە پەرتووکی خودادا هاتووە جووت دێنەوە، ئەوا پێویستمان پێی نییە و ئەگەر لە گەڵیدا جووت نایەتەوە و پێچەوانەیەتی، وای نابینم شتێکی بۆ ئێمە تێدا بێت، بۆیە بیان سووتێنن"، عەمروش هەرچی پەرتووک هەبوو سووتاندی، چونکە تەنها پەرتووکێک، کە تیایدا بێت و دەبێت نەسوتێنرێ قورئانە، کە تێیدا نەبوو. هەروەها دەڵێن: پەرتووکەکانیان بەسەر گەرماوەکانی شاردا دابەش کرد، کە ژمارەیان چوارهەزار گەرماو دەبوو، بۆئەوەی ئاگری پێ بکەنەوە(79).

گەربۆفسکیش لەو بارەیەوە ئەڵێت: موسڵمانەکان، کە میسریان گرت، ئەم کارەیان (یانی، کتێبسووتاندن) بە تەواوی بە ئەنجام گەیاند و کۆتاییان بەو کتێبخانە مەزنەی ئەسکەندەرییە هێنا(80). شارەزایان و مێژوونووسانی ئیسلامیش، ئەو شتانەی، کە لەگەڵ ئیسلامدا نەهاتوونەتەوە، یان بە ئارەزووی ئەوان نەبوونە، باسیان لێوە نەکردووە، بۆئەوەی بە یەکجاری هیچ ئاسەوارێکی نەمێنێت. ئەمە جگە لەوەی هەتا ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی ڕێکوپێک و تەواو لە لایەن پسپۆڕانی پاشماوە کۆنەکانەوە لە ناوچەی مەککە و حیجاز ئەنجام نەدراوە، کە دوورنییە، بە هەڵوێستی حکوومەتی سعودییەوە پەیوەست نەبێت واتە، ڕێگری دروستکردن لەو بارەیەوە، یان هاوکاری نەکردنیان. ئەمەش نەوەکوو بەو هۆیەوە، زانیاری یەکلاکەرەوە بەدەست بێت و ببێتە هۆی ئاشکراکردنی زۆر مەسەلەی نادیار و لەکەدارکردنی ئیسلام، چونکە حکومەتی کۆنەپەرستی سعودییە، بە هۆی ئایینی ئیسلام و بە هۆی ڕێوڕەسمی ساڵانەی حەجەوە، هەروەکوو ئەریستۆکراتەکانی ڕۆژگاری کۆنی مەککە، داهاتێکی یەکجار زۆروزەوەندیان دەسگیر ئەبێ و قازانجێکی باشیان چنگ ئەکەوێت، ئەمە سەرباری سوودوەرگرتنیان لە ئایین وەکوو هۆیەک. هەربۆیە حکوومەتی سعودییە بووەتە یەکێک لە بنکە گرنگەکانی دنیا، بۆ

پشتیوانیکردن و تەمویلکردنی بزووتنەوە کۆنەپەرست و تیرۆریستە ئیسلامییەکان لە زۆر شوێنی دنیادا.

ئەفسانە سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ گەیشتن بە شێوەڕوانین و لێکدانەوەی هەر میللەتێک سەبارەت بە مرۆڤ و سروشت و دیاردە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکان و بۆ زانینی چۆنیەتی پەرەسەندنی ئایین لە لای هەر میللەتێک. بەڵام ئەو زانیارییانەی، کە دەربارەی ئەفسانەی ئایینی عەرەبە بە جۆرێک کەمن، کە هێندێک لە ڕۆژهەڵاتناسەکانی خستووەتە سەر ئەو ڕایەی بڵێن، عەرەب دەربارەی خوداکانی ئەفسانەی نییە(81). بەڵام مەسەلەی بوونی ئەفسانە لە لای گشت میللەتێک، چشتێکە نکۆڵی لێ ناکرێت(82)، ئیتر دیارە ئەفسانەی هەر میللەتێک شێوە و تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئەگەر ئەفسانەی عەرەبی کەمە، یان لەگەڵ ئەفسانەی یۆنانی و ڕۆمانی و هیندی و فارسیدا شێوەی جیاوازی هەیە، ئەمە ناکاتە ئەو ئەنجامەی، کە بڵێن، عەرەب ئەفسانەی نەبووە. ئەگەر ئەفسانە بۆخۆی بەرئەنجامی خەیاڵێک بێت، کە ڕەنگدانەوەی ئەو هەلومەرجە ماددییە بێت، کە تیایدا هاتۆتە کایەوە، ئەوا ئەفسانەی عەرەبی بە بەراوورد لەگەڵ ئەفسانەی یۆنانیدا خەیاڵی کەمتر تێدا بەدی ئەکرێت، بە مانایەکی دیکە، ئەفسانەکانیان کورتە و قووڵبوونەوەی تێدا نییە.

ئەگەر ئایین پێکهاتبێت لە بڕوا و کردار، بڕوا بە هەبوونی هێزێکی بەدەر لە توانای مرۆڤ، کە کاریگەری بەسەر ژیان و چارەنووسەوە هەیە، کرداریش یانی، بەڕێوەبردنی کەشی دیاریکراو بە گوێرەی هەر ئایینێک، بۆ نزیکبوونەوە و ڕازیکردنی خوداکان(83)، ئەوا تایبەتمەندی ئایینی عەرەب پێش سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلام، بریتی بووە لە گرنگیدان بە "کردار" زیاتر وەک لە "بڕوا". واتە، ئەوەندەی کەشی ئایینی و مەراسیمی ئایینیی بەڕێوەبردووە، ئەوەندە سەرقاڵی قووڵبوونەوە لە خوداکان و پەیدابوونی مرۆڤ و گەردوون نەبووە، ئەمەش جووت دێتەوە لەگەڵ ئەو ڕایەی، کە



دەربارەی ئەفسانە خستمانە ڕوو، قسەکانی دوواتریشمان ئەم مەسەلانە زیاتر ڕۆشن ئەکاتەوە.

سەبارەت بە پەیدابوونی مرۆڤ و گەردوون لە لای مرۆڤی عەرەب لە سەردەمی پێش ئیسلامدا، هیچ دەقێکی لەو جۆرەمان بەدەست نەگەییشتووە، بێگومان ئەمانیش وەک هەر میللەتێکی تر ڕا و بۆچوونی خۆیان لەسەر ئەم مەسەلانە هەبووە. چونکە مەسەلەی پەیدابوونی گەردوون سەرنجی هەر مرۆڤێک ڕائەکێشێ، با ڕادەی فەرهەنگ و بیرکردنەوەشی لە هەر ئاستێکدا بێت(84). بەڵام ئەوەی دەتوانین لە قورئانەوە دەستمان کەوێت، لەو جێگایانەی، کە ئاماژەی بۆ ئەم مەسەلەیە کردووە، لەم ئایەتانەدا دەردەکەوێت: "ولئن سألتهم من خلق السموات والأرض ليقولن الله قل الحمد لله بل أكثرهم لايعلمون"، "ولئن سألتهم من خلق السموات والأرض ليقولن خلقهن العزيز العليم"، "ولئن سألتهم من خلق السموات والأرض، ليقولن: الله"، "ولئن سألتهم من خلقهم، ليقولن: الله، فأنى يؤفكون"(85).

لەمانە و لە چەندین شوێنی تری قورئاندا ئەوە نیشان دراوە، کە خەڵکی عەرەب پێش ئیسلام بڕوایان بەوە هەبووە، کە مرۆڤ لە لایەن خودایەکەوە دروستکراوە، کە پێیان گوتووە: "ئەلا". هەروەها پێیان وابووە، کۆمەڵێک ئاسمان هەیە، یان هەروەک لە شوێنی دیکەدا باسی هاتووە، ئاسمان لە حەوت چین پێکهاتووە، کە ئەمانە و زەویش هەر لە لایەن ئەلا_ەوە دروستکراوە. بەپێی ئەم باسانە بێت، بە لای خەڵکی ئەو کاتەوە، خودا وەک بوون و وەک دروستکەری زەوی و ئاسمانەکان، مەسەلەیەکی گومانهەڵنەگر بووە، چونکە هیچ ململانێ و کێشەوبەرەیەک لەم بارەیەوە بەرچاو ناکەوێت، هەروەکوو لە زۆر مەسەلەدا بەرچاو ئەکەوێت.

سەبارەت بە ئەلنەزەر کوڕی حارس، کە لەگەڵ محەمەددا پلمیکی زۆری کردووە، ئەگەری ئەوە هەیە، کە گومانی لە بوونی خودا هەبووبێت(86) و بۆچونێکی وا هەیە، کە ئەم ئایەتە باسی ئەو ئەکات: "ومن الناس من يجادل

في الله بغير علم ولا هداً ولا كتاب منير" (87)، واتە: بەڵام هەندێ کەس بێ هیچ زانینێ، یا ڕێنوێنییەک و کتێبێکی ڕوون لە بابەت خوداوە، دەکەونە شەڕەقسە. ئەوەی شایانی باسە، محەمەد فەرمانی کوشتنی ئەم پیاوەی داوە و لەو بارەیەوە وتوویەتی: "إنه كان يقول في الله ورسوله ما يقول"(88)، واتە هەموو قسەیەک بە خودا و پەیامبەرەکەی ئەڵێت.

ئەنجامی قسەکانمان دەگاتە ئەوەی، کە بڵێین: بیروباوەڕی گشتی خەڵک دەربارەی دروستبوون، لەو ڕۆژگارەدا بریتییە، لە دروستکردنی مرۆڤ و گەردوون لە لایەن خوداوە، بەڵام بە وێنای جیاوازەوە دەربارەی خودا، وێنایەکی سادە، نەک قووڵبوونەوەی زۆر. هەرچی بیروباوەڕی ئەلنەزەر و کەسانی دیکەی وەک ئەوە، بەوە ئەچێت ژمارەیان زۆر نەبووبێت و ئەو بۆچوونانە هێڵی گشتی بیرکردنەوەی خەڵکیان پێکنەهێنابێت، یان دەشێت ئەمانە و ژمارەیەکی تریش گومانیان لەم مەسەلانەدا هەبووبێت، بەڵام ئەوەندە نەیانتوانیبێت لەم بوارەدا مشتومڕی خۆیان بۆ پێشەوە ببەن، ئەویش بە هۆی هەلومەرجی ئەو کاتە و ئاستی بیر و هۆشی مرۆڤ و ئاستی پەرەسەندنی زانستی لەو جۆرە، کە بتوانێت وەڵامی دروست بە هەموو ئەو پرسانە بداتەوە، کە ئەوان پێیان وابووە، هێزێکی نادیار و بەدەر لە هێزی مرۆڤ لە پشتێتی. هەربۆیە محەمەدیش زۆر پێ لەسەر ئەو خاڵە دائەگرێت و ئەو مەسەلەیە زەق دەکاتەوە و لە زۆر شوێندا بە ڕوویانی داوەتەوە و پێی وتوون: کێ مرۆڤ و ئاسمانی دروستکردووە؟ ئەمەش چ وەک ئەوەی، محەمەد لە خاڵێکەوە دەست بە قسە و مشتومڕ بکات، کە بە لای هەردوو لای ناکۆکەوە بەڵگە نەویستە و دەتوانرێت بکرێتە خاڵی دەستپێک و بۆ ساخکردنەوەی ئەو مەسەلانەی، کە تیایدا ناکۆکن کاریگەری دەبێت، یان بە هۆی ئەوەی، کە محەمەد هەستی بەوە کردبێت، کە ئەمە خاڵی لاوازی نەیارانییەتی، بۆیە پێویستە لە خاڵی لاوازی ئەوانەوە شەڕی پرۆپاگەندەیی و تیۆری خۆی بۆ پێشەوە بەرێت.



یەکێک لەو مەسەلە گرنگانەی، کە لەو سەردەمە و هەتا ئێستاش لێکدانەوەی جیاوازی لەسەر هەیە، مەسەلەی قەزا و قەدەر، موخەیەر و موسەیەر، جەبر و ئیختیارە. خەڵکی عەرەب لەو سەردەمەدا، زۆربەی هەرە زۆریان بڕوایان بەوە هەبووە، کە چارەنووسی مرۆڤ لە دەست خۆیدا نییە، هەموو شتێک لەم دنیایەدا حەتمییە و پێشوەخت دانراوە و نووسراوە، مرۆڤ لە بەرامبەریدا بێچارە و بێدەسەڵاتە، ناتوانێ و بۆی نییە لە چارەنووسی خۆیدا دەخاڵەت بکات، چی لەچارەیدا نووسرابێت هەر ئەوەیە. لە دنیادا دارا یان نەدار ئەبێت، منداڵی ئەبێت یان نا، کوڕی زۆر ئەبێت یان کەم یان هیچ، چەند ئەژێت و کەی ئەمرێت، لە ژیاندا بەختیار ئەبێت یان بێبەخت ... مرۆڤ جگە لە سوپاسکردنی خودا، هیچی دیکەی لەدەست نایات، ئەمە چ لە کاتی خۆشی و باشە لە بەرامبەر بەخششی خودا یان لە کاتی ناخۆشی و خراپەدا، بۆئەوەی بە بەشی شوکر بێت، نەوەک خودا غەزەبی زیاتری لێ بگرێت، واتە، بۆئەوەی خودا ساتر نەدات. ئەم جۆرە بیروباوەڕە نەک هەر میللەتی عەرەب، بەڵکوو زۆربەی هەرە زۆری ڕۆژهەڵاتی گرتووەتەوە، کە زەمینەی ماددی خۆی هەیە و فەلاکەتی ئابووری و سیاسی و دیاردە سروشتییەکان و ئاو و هەوا، ئەم بڕوایەی لە لایان دروستکردووە، ئەوەی ئەم ڕاستییەش ئەسەلمێنێ ئەوەیە، لەو کاتەدا، بێبڕوایان بە خودا و بە ڕۆژی زیندووبوونەوە، بڕوایان بەو مەسەلانە یانی، قەزا و قەدەر و موخەیەر و موسەیەر هەبووە. ئەم بیروباوەڕانە لە ئیسلامیشدا مەسەلەی زۆر بنەڕەتین و هەر درێژەی هەبووە و کێشە و ڕێبازی زۆریشی هێناوەتە بوون(89).

میللەتی عەرەب وەک هەر میللەتێکی دیکە لە کۆندا، پێداویستییەکانی ژیان و هۆیەکانی زیندەگی هەروا بە ئاسانی و بە بێ دەردیسەر چنگ نەکەوتووە، ئەوەی دەستی کەوتبێت بە شێوەیەکی ڕێک و بەردەوام نەبووە، ئەگەر ئەمڕۆ ڕسق و ڕۆزی هەبووبێت، ئەوا سبەی نەی بووە، ئەگەر ماوەیەک بڕێک باش ڕسق و ڕۆزی چنگ کەوت، ئەوا ماوەیەکی دیکە هیچی

دەستناکەوێت، یەکێک لەو هۆیانەی، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ڕسق و ڕۆزییەوە هەبووە بارانە، بەڵام بارانیش بۆ مرۆڤ بەو شێوەیە نەبووە، کە خۆی ویستوویەتی. ساڵێک باران زۆر و بەو هۆیەشەوە لەوەڕ و گژوگیا و کشتوکاڵ سەوز و زۆر ئەبێت، ساڵێک یان چەند ساڵ بێبارانی و وشکی ئەبێت، ساڵێک هات و چەند ساڵ نەهات، بەبێئەوەی مرۆڤ بتوانێت دەسکاری ئەو شێوە سرووشتە بکات و دەخاڵەتی تێدا بکات، بە جۆرێک، کە خۆی ئەیەوێت و بە قازانجێتی. ئەم هەلومەرجەی ژیان، کە مرۆڤ هێندە بەسەر سروشت و دیاردەکانیدا زاڵ نەبووە، هێندە بۆ پێشەوە نەچووە، تاوەکوو بکارێت هۆیەکانی ژیان بە ڕێکوپێکی و بە بەردەوامی دەستگیر بخات و لە ئیختیاری خۆیدا بێت یان بە کورتییەکەی ژیانی مسۆگەر بێت، بەڵکوو ژیانەکەی کەوتووەتە سەر ڕێکەوت، بۆیە بە ناچار بیری بۆ ئەوە چووە، کە ئەم شتانە لە ئیختیاری ئەودا نییە، بەڵکوو لە ئیختیاری هێزێکی بانتر لە خۆیەتی و لە مرۆڤ بەهێزترە، یانی خوداکان، کەواتە، بەلای مرۆڤەوە ئەو چشتانە جەبرییە، پێشتر دیاری و دەستنیشان کراوە، بێجگە لە ملکەچی و سەردانەواندن و مەراییکردن لە بەرامبەر خوداکان و هەوڵدان بۆ ڕازیکردن و ئاسوودەکردنیان، تاوەکوو میزاجیان خۆش بێت و غەزەب نەیان گرێ، ناتوانێت لە بەرامبەریدا هیچ کارێک بکات. کەواتە، بەو جۆرەی ئەوان بیریان لێ کردووەتەوە، مرۆڤ موسەیەر بووە، نەک موخەیەر.

هەروەکوو ئەزانین جەزیرەی عەرەبی بەپێی سروشتی بیابانی و کەمئاوییەوە، لە میللەتانی دیکە پتر عەوداڵی ئاو بوونە، ئیتر ئاوی باران یان کانیاو بووبێت، هەربۆیە باران و بیر و کانی بەلایانەوە زۆر پیرۆز بوونە، بە شوێنی پشوودانی خوداکان یان بە شوێنی ژیانی فریشتە و جنۆکەیان زانیوە، هەتا هەنووکەش پاشماوەی ئەم بیروباوەڕە خورافییە، بە تایبەتی لە لادێکاندا هەر ماوەتەوە، بەڵام بە ڕێژەیەکی کەم، چونکە ئێستا بیر و کانی بەو ڕادەیەی پێشا، سەرچاوەی ئاوی پێویستی مرۆڤ پێکناهێنێ، لە کاتێکدا ئەو بیروباوەڕانە بە بیر و کانی و چەمەوە پەیوەستە، هەربۆیە خەڵکی



ئەترسان، کە بە شەو بۆ ئەو جێیانە بڕۆن، نەوەکوو جنۆکە و شەیتان دەستیان لێ بوەشێنێت.

بیروباوەڕێکی لەم جۆرە، کە هەموو ئەم شتانە بخاتە دەست هێزێکی بەدەر لە هێزی مرۆڤ، بیروباوەڕی جێگیر و بێ ئەملا و ئەولا بووە. هەربۆیە کاتێک بزووتنەوەی ئیسلامیش سەری هەڵدا، ئەم مەسەلانەی نەک هەر سەلماند، بەڵکوو درێژەی پێیان دا و وەک خاڵێکی بەهێزیش بە دەستییەوەی گرتن. ئەوەتا ئەبینین زۆر جار ئیسلام، لەم خاڵەوە قسە و موجادەلەی خۆی دەست پێ دەکات، بۆئەوەی ئەو مەسەلانەی پێ بسەلمێنێ، کە ناکۆکی و ململانێی لەسەرە. بڕوانە محەمەد چۆن مشتومڕی خۆی لەگەڵ بێبڕوایاندا دەباتە پێشەوە: "قل من يرزقكم من السماء والأرض أم من يملك السمع والأبصار ومن يخرج الحي من الميت ويخرج الميت من الحي ومن يدبر الأمر فسيقولون الله فقل أفلا تتقون"، واتە: بڵێ! چ کەسێک لە ئاسمان و زەوی ڕسق و ڕۆزیتان ئەدا، یان چ کەسێک خاوەند و (خوڵقێنەری) گوێ و چاوانە، چ کەسێ زیندوو لە مردوو، یان مردوو لە زیندوو دەردێنێ، چ کەسێک تەگبیری کاروباری دنیا دەکات؟ جا دەڵێن: خودا، بڵێ! ئەی بۆ تەقوا ناکەن و ناترسن؟! "ولئن سألتهم من نزل من السماء ماء فأحيا به الأرض بعد موتها ليقولن: الله، قل الحمد لله بل أكثرهم لايعقلون)(90)، واتە: ئەگەر لەوانە بپرسی، کێ لە ئاسمانەوە بارانی ناردووە و زەوی مردووی پێ زیندوو کردەوە؟ دەڵێن: خودا، بڵێ: سوپاس بۆ خودا، بەڵام زۆربەیان ئاوەزیان ناخەنە گەڕ. لەم ئایەتانەوە دیسانەوە ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێت، مرۆڤی عەرەب لەو سەردەمەدا بڕوایان بەوە هەبووە، کە سەرچاوەی ڕسق و ڕۆزی و باران، خودایە، ئیتر چۆن ئەم ڕسق و ڕۆزی و بارانە ئەبەخشێت یان نا، چۆنی بەش ئەکات و بە کێی ئەدات یان نا، ئەوە لە ئیختیاری خۆیدایە و بەندەش لە بەرامبەریدا چاوەڕێ و دەستەوەستانە و دەبێت بە بەشی خۆی قانع و شوکر بێت. ڕسق و ڕۆزی و هۆیەکانی ژیان، یەکێکە لە گەورەترین ئەو چشتانەی، کە مرۆڤ

ئەترسێنێ، هەربۆیە ئەم مەسەلەیە، لەو مەسەلە گرنگانەیە، کە ئیسلام بە سوودوەرگرتن لە بیروباوەڕی کۆنی خێڵەکان، پڕۆپاگەندەی بۆ کردووە و پەرەی پێداوە، تاوەکوو بتوانێت بە ئاسانی بەسەر هۆش و بیریاندا زاڵ بێت و بگاتە ئامانجی خۆی.

هێندێک لە خێڵە عەرەبەکان ئەستێرەی پەروین (ثریا)یان بە خودای باران زانیوە، پێیان وابووە، کە بارانبارین بەو خودایەوە پەیوەستە و ناوی خۆیان بە ناوی ئەو خودایەوە ناوە، وەکوو، عەبدولسورەییا. هەروەها هەندێک لە خێڵە عەرەبەکان ئەستێرەی "دەبران"یان پەرستووە، بۆئەوەی نەکەونە بەر غەزەبی، چونکە پێیان وابووە، ئەم خودایە شوومە و پەیوەندی بە بێبارانییەوە هەیە(91). خێڵە عەرەبەکان لە کاتی بێبارانیدا، لە خودا پاڕاونەتەوە، نزایان کردووە، ئاگریان کردووەتەوە، کە پێی دەڵێن، ئاگرەبارانە، بەو نیازەی، کە باران ببارێ. هەروەها هەر بۆ ئەو مەبەستە، هێندێک کەش و پەیڕەوی ئایینی و جادویان ئەنجام داوە. هێندێک دار و چیلکەیان هێناوە، کە توانای گڕگرتنی زۆر بووە، بە کلکی مانگا (یان هێندێک جار گا)یەکیانەوە بەستووە، پاشان ئاگریان تێ بەرداوە و بە هەراوهوریا و نزاکردنەوە، بۆ سەر کێوێکی سەخت ڕایان ڕفاندووە، بۆئەوەی باران ببارێت(92).

شاخ و کێو و شوێنی بڵند بە لای مرۆڤی عەرەبەوە، شوێنگەلێکی پیرۆز بوونە، چونکە پێیان وابووە، سەر شاخ و چیا نزیکترین شوێنە لە ئاسمان و لە خوداوە، ئەگەر بچیتە سەرشاخ و نزا بکەیت، ئەوا زووتر نزاکەت ئەگاتە خودا، یان لەبەرئەوە پیرۆز بووە، چونکە ئەو شوێنانە، یەکەم مەنزڵگای خودایە کاتێک، کە ناوبەناو لە ئاسمانەوە بێتە خوارەوە، تا پشووی تێدا بدات، چاودێریی مرۆڤ لەو بەرزییەوە بکات و سەرنج لە کار و کردەوەیان بدات. چیای ئەبیقەبیس یەکێکە لەو چیایانەی، کە لە لای خەڵکی مەککە و دەوروبەری پیرۆز بووە، پێیان وابووە چاری سەرئێشە ئەکات، ڕەنگبێ لە سەرەتادا وایان لێکدابێتەوە، کە ئەو چیایە هێزێک، یان ڕۆحێکی بەدەر لە



هێزی مرۆڤی تێدایە، کاتی خۆی بەردە ڕەشەکە (الحجر الأسود) لەسەر ئەم چیایە بووە و ئەفسانە و خورافەی زۆری لەسەر هەیە.

کەواتە کاتێک، کە مرۆڤی عەرەب بۆ بارانبارین ئەو جۆرە کارەی ئەنجام داوە، بۆئەوەی بووە، چەند بتوانێت داواکەی خۆی لە خودا نزیکتر بکاتەوە، ئەگەر بە زۆرییش مانگایان بۆ ئەو کەشە ئایینییە هەڵبژاردووە، دوور نییە لەو بڕوایەوە نەهاتبێت، کە ئاسمانیان بە مانگا و بارانیشیان بە شیر و بە کاری شیردۆشین لێکچوانبێ، بە تایبەت ئەوان شیریان بۆ کارە ئایینییەکانی دیکەشیان بەکارهێناوە، هەروەها ئاگریش نیشانەی بروسکە و هەورەتریشقە بووبێت لە لایان.

جگە لەمە، مرۆڤی عەرەب لەو کاتەدا و لە کاتی بێبارانیدا، نزایان کردووە و نوێژەبارانە (صلاة الأستسقاء)یان کردووە(93). ئیبنهیشام دەگێڕێتەوە: کە پێنجفەرزەی نوێژ و نوێژەبارانە لە پێش پەیدابوونی ئیسلام و لەنێو میللەتی عەرەبدا هەبووە. هەروەها ئەڵێت: ئیبنولهەیبان بە چەند ساڵێک پێش ئیسلام هاتووە و لەنێوماندا جێگیر بووە. هیچ کەسێکمان نەبینیوە بتوانێت، لەو چاکتر پێنج نوێژەکە بکات. هەر کاتێک قاتوقڕی و بێبارانی ببوایە، پێمان ئەگوت، نوێژەبارانەمان بۆ بکات، ئەویش ئەیگوت، بە خودا بۆتان ناکەم، هەتا کێشێک خورما یان جۆم بۆ نەخەنە لاوە. ئێمەش داواکەیمان جێبەجێ ئەکرد. ئەویش نوێژەکەی بۆمان ئەکرد. هێشتا خەڵکەکە بڵاوەی نەکردبوو، هەورەکە ئەهات و باران ئەباری(94). خەڵکی مەککە لەو کاتەدا، لە هەر تیرەیەک کەسێکیان ئەهاتە دەرەوە و دەستنوێژیان ئەگرت. دەستیان ئەهێنا بە کابەدا و تەوافیان ئەکرد، پاشان ئەچوونە سەر کێوی ئەباقەبیس و یەکێکیان دەنێو خۆیاندا هەڵئەبژارد، بۆئەوەی نزا بکات و لە خودا بپاڕێتەوە. عەبدولموتەلیب یەکێک بووە لەو کەسانەی، کە نوێژەبارانەیان بۆ دانیشتوانی مەککە و شوێنی دیکەش کردووە(95). ئەوەی شایانی باسە کاتێک، کە بزووتنەوەی ئیسلامی سەری هەڵدا، محەمەد هەمان ڕێوڕەسمی خورافی باپیر و خێڵەکەی درێژە پێ دا و هەتا هەنووکەش کاریگەری خۆی

هەر ماوە و پیاوانی ئایینیی ئیسلام خەڵکی بۆ ئەم جۆرە کارانە ڕێنوێنی ئەکەن.

یەکێک لەو دیاردانەی، کە مرۆڤی عەرەبی وەک هەر میللەتێکی تر خستۆتە سەر بیرکردنەوە، دیاردەی مردن بووە. مرۆڤی عەرەب بیری لە مردن کردووەتەوە، سەرنجی داوە، خەیاڵی پێوە کردووە، لێی ترساوە و پێی دڵتەنگ بووە، بە دیاردەیەکی حەتمی زانیوە "کل نفس ذائقة الموت، واتە: هەموو کەسێک چێژەری تامی مەرگە/ قرآن، عنکبوت: 57"، خۆی لە بەرامبەریدا بێدەسەڵات و دەستەوەستان بینیوە، پرسیاری لە خۆی کردووە: دەبێ هۆی مردن چی بێت؟ خەوی بە تەمەندرێژی یان ژیانی نەمرەوە بینیوە، هەروەکوو لە ئەفسانەی عەرەبی دەرئەکەوێت "زولقەرنەین" پاشا، بیرئەکاتەوە و خەو ئەبینێ، لە خەویدا زەوی و هەرچییەک لەسەر ڕووی زەوییە، بووە بە مڵکی خۆی، خۆر و مانگی خستووەتە ژێر فەرمانی خۆیەوە، تا لەگەڵ خدر دەگاتە ئاوی حەیات (ئەو ئاوەی ژیانی هەتاهەتایی پێ ئەبەخشێ)، بۆئەوەی لێی بخواتەوە، وەلی لێی قەدەغە ئەکرێ(96).

لێکدانەوە و بیروباوەڕی جیاواز لە بارەی مردنەوە هەبووە. هێندێکیان پێیان وابووە، مردن وەک ئەنجامی هەر شتێکی تر، ڕووداوێکی سروشتییە. هێندێکی تر پێیان وابووە، جیابوونەوەی ڕۆح لە جەستەیە واتە، پێیان وابووە، ڕۆح شتێکی جیا لە جەستەیە و هەر کاتێک لێی جیابووەوە، مردن ڕووئەدات. هەروەها بڕوایان وابووە، کە ڕۆحی نەخۆش لە لووتییەوە دەرئەچێ، بەڵام ڕۆحی کوژراو و بریندار لە شوێنی برینەکەیەوە(97). بڕوایەکی دیکە پێی وابووە، کە ڕۆح باڵندەیەکە (هامة)، لە کاتی مردن یان کوژرانی یەکێک، لە سەری ئەو کەسەوە دەرئەچێت. ئەگەر مردووەکە کوژرابێت و تۆڵەی وەرنەگیرابێت، هاوار ئەکات و ئەڵێت: ئاوم بدەنێ! ئاوم بدەنێ! هەر کاتێک تۆڵەی وەرگیرا، ئیتر بێدەنگ ئەبێت(98). هەتا ئێستاش ئەم بڕوایە لە لای هەندێک کەس هەر ماوەتەوە، بەڵام بە شێوەیەکی کەم، هەر وەک ئەوەی، کە دەڵێن، لە کاتی مردنی فلانە شێخدا، باڵندەیەک هەر لە



سووڕانەوەدا بوو، کە هێمایە بۆ ڕۆحی شێخ و هێشتا بۆ ئاسمان بەرز نەبووەتەوە و بۆلای خودا نەچووە!

بەڵام مرۆڤ بە مردن چی بەسەردێت، ڕوو لە کوێ دەکات و بۆ کوێ ئەچێت؟ ئایا لاشەکەی شی ئەبێتەوە و جارێکی دی ژیان نابینێتەوە؟ یان نەخێر لە ناکۆکی نێوان ژیان و مردندا، گەرە چارەسەر و یەکبوونێک لە نێوانیاندا هەبێت، کە دڵتەنگیی و نیگەرانی مرۆڤی پێ کەم بێتەوە و بەو ئاوات و ئارەزووانە بگات، کە لەم دنیایەدا لێی مەحروم بووە و پێی نەگەییشتوە یانی، ژیانی پاش مردن و زیندووبوونەوە؟ ئەمانە و چەندین پرسیاری دیکە بە بیر و خەیاڵی مرۆڤی عەرەبدا گوزەراوە و وەک هەر مرۆڤێکی دیکە، بەرسڤی جۆراوجۆری بۆی هەبووە.

لە چیرۆکی سەردەمی کۆنی عەرەبەوە، باسی ژیانی دوای مردن و زیندووبونەوە هاتووە، باسی ئەوە هاتووە، کە چۆن خەڵکی لەو ڕۆژگارەدا، ئەگەر یەکێکیان لێ بمردایە، وشترێکیان بە دیار گۆڕی مردووەکەوە ئەبەستەوە، بە جۆرێک، ڕووی وشترەکە بەرەو دواوە بێت، پاشان بە بێ خواردن و خواردنەوە بەجێیان ئەهێشت، تا لە برسان و لە تینوان مردار ئەبووەوە. ئەمەش بۆئەوەی مردووەکە بە سواری وشترەکەوە لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت، ئەگەرنا هەر بە پیادەیی حەشر ئەکرێت(99).

دیارە وشتر بە لای عەرەبەوە خۆشەویستترین ئاژەڵ بووە، هەروەکوو خۆشەویستی ئاسکیمۆ بۆ سەگ، تەنانەت هێندێک تیرە پەرستویانە، چونکە وشتر بەرگەی بیابان و بێئاوی و گەرما و ڕێگای دوور ئەگرێت، بە جۆرێک، مەگەر هەر وشتر بتوانێت لەگەڵ ئەو کاروبار و ئەو سروشتە سەختەدا هەڵبکات، عەرەبیش ئەمەی بە چاکی زانیوە، هەربۆیە بەو جۆرەی، کە باسمان کرد، وشتریان لە دیار گۆڕی مردووەکانیان بەستووەتەوە تا مردار ئەبێتەوە. ڕەنگبێت پێیان وابووبێت، ڕێگای ڕۆییشتن بۆ مەحشەر (شوێنی حەشر) ڕێگایەکی دوورە و مردوو پێویستی بە وڵاخ ئەبێت، یان لەو دنیا کەڵکی لێ وەرئەگرێت. هەر لێرەشەوە دەرئەکەوێت، کە مرۆڤی

عەرەب بڕوایان بە دنیایەکی دیکە هەبووە، یانی دنیای مردووان، کاتێکیش وشترەکە دەمرێت، ئەچێتە هەمان دنیاوە، کە مردووەکەی بۆ چووە، لەوێدا یەک ئەگرن و فریای ئەکەوێت.

پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین، کە وشەگەلی وەک: "الجنة، النار، الحشر، البعث" لە بنەڕەتدا وشەی عەربین. ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە، لە گۆڕی گۆڕستانەکانی باشووردا، بڕێک کەلوپەل دۆزراونەتەوە لەوانەی، کە مرۆڤ لە ژیانی خۆیدا بەکاریانی هێناوە، ئەمەش بەڵگە و نیشانەی بڕوابوونە بە بەردەوامی ژیان لە پاش مردن(100). ئەم زانیارییانە وای لە هێندێک لە شارەزایان کردووە، بۆ ئەوە بچن کە بڵێن: زۆربەی عەرەب لەو ڕۆژگارەدا بڕوایان بە ڕۆژی زیندووبوونەوە و درێژەی ژیان لە پاش مردن هەبووە (101). هەروەها دەتوانین بۆ وردبوونەوە لەم مەسەلەیە، بۆ قورئان بگەڕێینەوە، کە لە زۆر جێگادا هاتووەتە سەر باسی ڕۆژی زیندووبوونەوە، بڕوانە ئەم ئایەتانە: "أإذا متنا وكنا تراباً وعظاماً أإنا لمبعوثون، أو آباؤنا الأولون"، "وقالوا ما هى إلا حياتنا الدنيا، نموت ونحيا ومايهلكنا إلا الدهر ومالهم بذلك من علم إن هم إلا يظنون"، "وضرب لنا مثلا ونسي خلقه قال من يحي العظام وهى رميم"، "ويل يومئذ للمكذبين، الذين يكذبون بيوم الدين"، "كلا بل تكذبون بالدين"، "هذا يوم الفصل الذي كنتم به تكذبون" ، "بل قالوا مثل ما قال الأولون قالوا، أإذا متنا وكنا تراباً وعظاما أإنا لمبعوثون، لقد وعدنا نحن وآباؤنا هذا من قبل إن هذا إلا أساطير الأولين"، "وقال الذين كفروا أإذا كنا تراباً وآباؤنا أإنا لمخرجون لقد وعدنا هذا نحن وآباؤنا من قبل إن هذا إلا أساطير الأولين"، "إلهكم إله واحد فالذين لا يؤمنون بالآخرة قلوبهم منكره وهم مستكبرون لاجرم ان الله يعلم ما يسرون ومايعلنون، إنه لايحب المستكبرين، وإذا قيل لهم ماذا أنزل ربكم قالوا أساطير الأولين)(102). لەم ئایەتانە و لە چەندین ئایەتی دیکەدا بۆمان دەرئەکەوێت، کە چۆن بەشێکی خەڵکی لەو سەردەمەدا بڕوایان بە زیندووبوونەوە نەبووە، ململانێ و مشتومڕ و بێنەوبەردەی زۆریان لەگەڵ



محەمەددا کردووە، پێیان وابووە، جەستەی مرۆڤ دوای مردن شی ئەبێتەوە و ئەبێتە خاک و خۆڵ و گوتویانە، ئیتر چ هێزێک دەتوانێت ئەو گۆشت و ئێسکوپروسکە دووبارە لێکبداتەوە و زیندووی بکاتەوە! چەندین کەس ئێسکی هاڕاوەیان بۆ محەمەد هێناوە و لە بەردەمیدا فڕێیان داوەتە ئاسمان و تۆوی ئەو ناوەیان کردووە، پاشان بە محەمەدیان گوتووە، ئادەی با بزانین، بە چ شێوەیەک تۆ ئەم ئێسکوپروسکانە لێکئەدەیتەوە؟ هەروەها بە محەمەدیان وتووە، ئەم قسانەی تۆ ئەیکەیت، ئەفسانەی پێشینانە واتە، ئەو باسوخواسەیان پێ نامۆ نەبووە و بیستویانە، وەلی بڕوایان پێی نەبووە. وشەی ئەفسانەش، بە مانای چشتی هەڵبەستراو، دروستکراو، ڕازێنراوە و خورافە بەکارهاتووە(103).

چەندبارەبوونەوەی باسی ڕۆژی دووایی لە زۆر جێگای قورئان و مشتومڕی گەرم و توندوتیژ لەم بارەیەوە، زۆربەی شارەزایانی خستووەتە سەر ئەو ڕایەی، کە بڵێن: ئەو بەشە لە خەڵکی، کە لەو سەردەمەدا بڕوایان بە زیندووبوونەوە هەبووە کەمایەتی بوونە و زۆربەی مرۆڤی عەرەب بڕوایان بە ژیانی دووبارە و زیندووبوونەوەی پاش مەرگ نەبووە، پێیان وابووە، ئەمەی دوایی هێڵی گشتی بیرکردنەوەی ئەو سەردەمەی پێکهێناوە(104).

بەو شێوەیە دەبینین خەڵکی عەرەب لەو سەردەمەدا سەرباری بێبڕواییان لە بەرامبەر زیندووبوونەوە و درێژەی ژیان لە پاش مردن، کەچی لەولاوە هەمیشە لە هەوڵی ڕازیکردنی خوداکانیان بوونە، ئیتر بە هەر شێوەیەک لە پەرستن یان خۆنزیککردنەوە بووبێت لێیان، چونکە بەلای ئەوانەوە خوداکان، ڕازیبوون و خۆشحاڵییان، یان ڕازینەبوون و تووڕەیی و غەزەبیان لە بەندەکانی خۆیان، هەر لەم دنیایەدا نیشانی بەندەکانی خۆیان ئەدەن، ئەوەش یانی، خوداکان پاداشت یان سزا و تۆڵەی خۆیان بۆ بەندەکانی خۆیان بۆ ڕۆژگار و دنیایەکی دیکە هەڵناگرن، بەڵکوو هەر لەم ڕۆژگارە و لەم دنیایەدا، پێیان نیشان ئەدەن.

بەڵام ئەو بەشە لە خەڵكی، كە بڕوایان بە زیندووبوونەوە هەبووە، چۆن ڕوانیویانەتە ژیانی پاش زیندووبوونەوە، خەیاڵ و وێنایان دەربارەی لێپرسینەوە چۆن بووە، دادگاییكردن و پاداشت بۆ كەسانێك، كە لە بەندەیی خودا دەرنەچوون، سزا و ئەشكەنجە و كوتەک بۆ كەسانێك، كە بە ئارەزووی خودایان نەكردووە، جۆری پاداشت و جۆری ئەشكەنجە چۆن بووە ...؟ ئەو زانیارییانەی هەتا هەنووكە لە بەردەستدایە، لە شیعری شاعیرەكانی پێش ئیسلام و لە قورئان و لە قسەی ئەوانەی پێیان دەڵێن، ئەهلولئیخبار، ناتوانرێت تابلۆیەكی ڕۆشنیان لێوە بەدەستبهێنرێت(105). دوورنییە مەسەلەی زیندووبوونەوە و چۆنیەتی پرسینەوەش یەكێكی دیكە لەو مەسەلانە نەبووبێت، كە مرۆڤی عەرەب ئەوەندە تیایدا شۆڕ نەبووبێتەوە و ئەوەندە تەئەمولی پێوە نەكردبێت، ئەگەر شتێكیشی بیستبێ لە لایەنگرانی ئایینەكانی تری وەک، جوولەكە، مەسیحی، مەجوسی... ئەوەندە بەلایەوە گرنگ نەبووە و ئەوەندە سەرنجی نەداوە.

خەوبینین دیاردەیەكی ترە لەو دیاردانەی، كە مرۆڤی كۆن پێی سەرسام بووە، بیری لێكردووەتەوە و بە لایەوە سەیربووە. مرۆڤی كۆن زۆر بەلایەوە سەیر بووە، كاتێک خەونی بە شوێنێكی دوور بینیوە، كەچی كاتێک بە ئاگا هاتووەتەوە، تەماشا دەكات، هەر لە شوێنی خۆیەتی و نەجوڵاوە. دیاردەیەكی لەم جۆرە، بیری مرۆ دەخاتە سەر ئەوەی، كە بڵێت، مرۆڤ لە دوو بەش پێكهاتووە: یەكێكیان، لاشەی مرۆڤە، كە لە جێگای خۆی جێگیرە و ناجوولێ، ئەوەی تریان، چشتێكی نادیارە و ناوی ناوە، ڕۆح یان دەروون (نەفس)، كە بوونێكی ناماددی هەیە و نابینرێت، ئەم شتە نادیارە واتە، ڕۆح (وشەیەكی عەرەبییە لە "ریح"ەوە هاتووە، كە بە واتای: "با" دێت، بە كوردیش وشەی "ڕەوان یان گیان" هەیە، كە بە مانای ڕۆیشتن و بزووتنەوە دێت/ سەرچاوەكانی بیروباوەڕی كوردەواری/ شوكور مستەفا/ ڕامان)، لە كاتی خەوتندا دەجوولێ و توانای گەڕان و ئەم شوێن و ئەو شوێنكردنی هەیە. هەروەها مرۆڤی كۆن سەرسام بووە لەوەی، كەسێكی



هاتۆتە خەو، كە دەزانێ ئەو كەسە نەماوە و مردووە، پاشان وتویەتی بەڵێ! ئەو كەسە مردووە و لاشەكەی بۆتە خاک و خۆڵ، بەڵام دیارە ئەمە شتێكی نادیاری ئەو مردووەیە، كە ئەوەش ناوی لێناوە، ڕۆح. دیاردەیەكی لەم چەشنە مرۆڤی خستووەتە سەر ئەو ڕایەی، كە بڵێت: مردووان دووبارە ئەگەڕێنەوە، یان بڵێن، دنیایەكی دیكە جگە لەم دنیایە هەیە. هەروەها جاری وا هەیە، مرۆڤ لە خەودا كەسێكی دەمرێت، لە كاتێكدا هێشتا ئەو كەسە لە ژیاندایە، یان لە خەویدا فەرمانی پێ دەكەن فلانە كار بكات، یان نەیكات و دووركەوێتەوە لێی ...

مرۆڤی كۆن بەپێی تێگەیشتنی ئەو سەردەمە، وەڵامی خۆی وەرگرتۆتەوە، پێی وابووە ئەوەی دێتە خەوی خودا، یان هەر هێزێكی نادیاری ترە، خودای چاكە یان خودای خراپە و شەیتانە، پێی وابووە، ئەوە ڕۆحی مردووانە، داواكاری هەیە و شتی لەم چەشنە.

كەواتە، بە لای مرۆڤی كۆنەوە خەو هۆیەكی تر و هۆیەكی گرنگ بووە، بۆ پەیوەندیكردنی مرۆڤ بە دنیای نادیار (عالم الغیب)ەوە واتە، خودا، جنۆكە، شەیتان، مردووان ... مرۆڤی كۆن پێی وابووە، خەوی خۆش و باش كاری خودا و خودای باشەیە، خەوی ناخۆش و خراپیش كاری خودای خراپ یان شەیتانە. هەروەها مرۆڤی كۆن پێی وابووە، هەر شتێک لە خەودا مانای خۆی هەیە و نیشانەی چشتێكە، بۆیە هەوڵی داوە ئەو مانا و نیشانانە لێكبداتەوە و لە ماناكەی تێبگات، بۆئەوەی بزانێت ئەو هێزە نادیارانە، ئەو خودایانە چییان پێ ئەڵێن و چ ڕێنوێنییەكیان بۆ مرۆڤ هەیە، هەروەها بۆئەوەی بزانێت، كار و كردەوەی خۆی چۆن بەرێتە پێش و داهاتوو و چارەنووسی خۆی بزانێت یان وەڵام بە هەر داوایەكیان بداتەوە. هەربۆیە لە زۆر كۆنەوە چەندین شێوە لێكدانەوە هاتووەتە كایەوە، كەسانی تایبەت بەوكارە واتە، كاهینەكان بۆ لێكدانەوەی مانای خەو و ڕاڤەكردنی پەیدا بوونە.

هەروەکوو لە زۆر کتێبی تەفسیر و ژیاننامە و دەنگوباسی کۆن و وێژەوە دەرئەکەوێت، خەڵکی عەرەب پێش پەیدابوونی ئیسلام بڕوایان بە خەو و لێکدانەوەی خەو هەبووە و کاریگەری قوڵی لەسەر ژیانیان داناوە(106). کاتێکیش، کە ئیسلام پەیدا بوو، درێژەی بە هەمان تێڕوانینی کۆن و لێکدانەوەی ناواقیعی و ئەفسانەیی داوە، دەستیان بە ڕاڤەکردنی خەو کردووە و چەندین پەڕاویان لە مەڕ لێکدانەوەی خەو نووسیوەتەوە، کەواتە، پیاوانی ئایینیی ئیسلامیش هەمان پیشەی کاهینەکانی چەرخە تاریکەکانی مێژووی مرۆڤیان هەر درێژە پێ داوە.

ئەوەی شایانی باسە، هەتا ئێستاش بڕوابوون بە خەو و لێکدانەوەی ماناکەی لەنێو میللەتانی ڕۆژهەڵاتدا هەر هەیە و بڵاوە، بە تایبەت لە ناوچە دوواکەوتووەکان، لەنێو گوندنشینەکان و لەنێو ژنان. هەتا هەنووکەش لای خەڵکیی، ئەو خەوە سێکسییانەی، کە لاوانی کچ و کوڕی مەحرومی ئەم وڵاتانە لە کردەی سێکسیدا دەیبینن، بە کاری شەیتانی دەزانن و پێیان وایە، ئەوە شەیتانە خۆی دەکات بە کچ و کوڕ و دەچێتە باخەڵیانەوە، هەربۆیە پێی دەڵێن (شەیتانی بووە)، چونکە لە ڕوانگەی بیروباوەڕی کۆن و لە ڕوانگەی ئایینەکانەوە کاری سێکسی، کارێکی ناشیرین و بێزراوە، خراپە و گوناهە، کارێکیش بەم جۆرە بێت، هەر شەیتان پێی هەڵئەستێ و هەر ئەو ئەیکات نەک ڕەحمان. یان زۆر جار دەبیستین خەڵکی دەڵێن: خەوم بە فڵانە مردوومەوە بینیوە داوای خێر ئەکات، پاشان داواکەی بۆ جێبەجێ ئەکات!

دیاردەی نەخۆشی یەکێکی ترە لەو دیاردانەی، کە مرۆڤی کۆنی زۆر پەرێشان کردووە، هەندێک جار تیرەیەک، یان خێڵێکی بە یەکجار پاک کردووەتەوە. مرۆڤی عەرەب لە کۆندا وەک هەرمیللەتێکی دیکە، دیاردەی نەخۆشی تەنگی پێ هەڵچنیوە، بەبێئەوەی بزانێت سەرچاوەی ئەم بەڵایە لە کوێوەیە. هەربۆیە هەمیشە بیری لێ کردووەتەوە، سەرنجی داوە، کە جەستەی بێهێز و لاواز ئەبێ، لە جێ ئەکەوێت، وڕێنە ئەکات، بێهۆش ئەبێت



و شێت ئەبێت، هەندێک جاری تر گەڕ و گول، کەڕ و کوێر و لاڵ ئەبێت، زۆر جاریش نەخۆشی، بە حاڵەتی مردنی ئەگەیەنێت.

ئەگەرچی مرۆڤ وردەوورده و بە تاقیکردنەوە هەندێک هۆی ماددی بۆ ئەو نەخۆشییانە ئەبینێتەوە. بۆ چارەسەری نەخۆشی، گژوگیا وەکوو دەرمان، بەکاردەهێنێت، وەلی لەگەڵ ئەوەشدا ئەم تاقیکردنەوە و زانیارییانە ئەوەندە کەم بوونە و ئەوەندە لە ئاستێکی سەرەتاییدا بوونە، کە نەتوانێت هۆ و چاری زۆر نەخۆشی دەستنیشان بکات، بۆیە سەرچاوە و هۆی زۆربەی هەرە زۆری نەخۆشی بە تایبەت نەخۆشییەکانی دەمار و دەروون، هەر بە نەزانراوی ماوەنەتەوە، بەڵام بێگومان، مرۆڤ بە سروشتی خۆی بیر لەو شتانە دەکاتەوە و وەڵامێکی پێ ئەداتەوە، هەروا بەجێی ناهێڵێ و لێکی ئەداتەوە، وەڵام و لێکدانەوەکانیشی بەهۆی ئەو هەلومەرجەوە، کە تیایدایە، بە شێوەیەکی گشتی، وەڵام و لێکدانەوەیەکی نازانستی و ئەفسانەیی ئەبێت.

مرۆڤی عەرەب وەک گشت مرۆڤێکی تر، پێی وابووە هێزێکی نادیار هەیە، سەرچاوەی دەرد و نەخۆشییە، جا لەبەرئەوەی نەخۆشی دیاردەیەکی ناخۆش و ئازاراوی و خراپە، گوتوویانە هێزی شەڕ و خراپە، شەیتان و جنۆکە(107) و شەوە و دێو و درنج و ... دەبنە هۆی نەخۆشیمان و دەچنە لەشی مرۆڤەوە. هەر لێرەوە دەگاتە ئەو ئەنجامەی، کە بڵێت: چاکبوونەوەی نەخۆش بە دەرکردنی ئەو هێزی شەڕ و خراپەیە، لە لەشی نەخۆشەکەوە پەیوەستە، بۆ دەرکردنی ئەم هێزەش زۆر ڕێگای سەیر و خورافی و جادووگەری گرتووەتەبەر، هەروەکوو بۆ دووربوون لە نەخۆشی و خۆپاراستنیش زۆر ڕێگای تری بەکارهێناوە. کەسانێکیش لەبری پزیشک پەیدا بوونە (یانی کاهینەکان)، بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکان. ئەم کاهینانە بۆ چارەسەری نەخۆش دەستیان بە نزا و پاڕانەوە ئەکرد، خوێندنەوەی شیعر و ئایەت، بەکارهێنانی خوێ، ئێسک، بخور ... بەکارهێنانی لێدان بۆ ترساندنی ئەو هێزە خراپانەی لە لەشیدایە، تاوەکوو دەرپەڕێت، چونکە بە بڕوای ئەوان، ئەم کاهینانە توانای پەیوەندیکردنیان بە

دنیای نادیارەوە هەیە و لە زۆر مەسەلەی نادیار ئاگادار ئەکرێنەوە و بە هەوڵ و کۆشش و بە نزا و پاڕانەوە، یان تۆقاندن، ئەتوانن کارێک بکەن، هێزی خراپە لە لەشی نەخۆش دووربکەنەوە! مرۆڤی عەرەب بڕوای تەواویان بەم کارە خورافییانە هەبووە، بۆ نەخۆشییەکانیان هەمیشە پەنایان بۆ کاهینەکان بردووە. ئەوەی شایانی باسە، زۆربەی هەرە زۆری کاهین و جادووگەرەکانی ئەو سەردەمە جوولەکە بوونە(108) و لەم جۆرە کارانەدا کارامە بوونە و دەستێکی باڵایان هەبووە، لەنێو خەڵکی ناوچەکەشدا جێگەی بڕوا و بە ئۆتۆریتە بوونە. هەروەکوو دەڵێن، جادووگەرە جوولەکەکان لە کاری کاهینی و جادووگەرییاندا، پشتیان بە زانیاری و تاقیکردنەوەی بابلییەکان بەستووە، هەربۆیە لە زۆر سەرچاوەی کۆنی مێژووییەوە هاتووە، کە سەرچاوەی جادوو، بابل و یەهود بوونە(109).

بیروباوەڕی بەشێکی خەڵکی عەرەب سەبارەت بەو شتومەک و ئەو سروشتەی لە دەوریان بووە بە جۆرێک بووە، پێیان وابووە، ئەو شتانەی، کە هەن، سروشتیان جیاوازە لەو سروشتەی ئێستایان. پێیان وابووە، سەردەمێک بووە، پێی دەڵێن، "زمن النطحل"، لەو سەردەمەدا ئاژەڵ و ڕووەک مانەندی مرۆڤ توانای قسەکردنیان هەبووە، بەرد نەرم و دارخورما و داری تر بێ درک بوونە(110).

هەروەها مرۆڤی عەرەب پێی وابووە، جیاوازییەک لە نێوان خۆی و ئەو شتانەی دەوروپشتیدا نییە، بێگیان ژیانی ڕاستەقینەی هەبووە (واتە: ڕێبازی زیندەکی_حيوي)، هەربۆیە زۆر شتی دەوروپشتی خۆی، کە پێی وابووە پەیوەندی و کاریگەری بە ژیانییەوە هەیە، بە پیرۆزی زانیوە و پەرستوویەتی. بەڵام پاش ئەوەی هۆش و دەرکی چووە سەر و پێشکەوت، ئیدی پێی وابووە، کە بێگیان بۆخۆی بێگیانە، بەڵام دەکرێ ژیان یان هێزێکی نادیار (ڕۆح)، لە بێگیاندا جێگیر بێت و جوڵە بەو تەنە بێگیانانە بکات (واتە: ڕێبازی فیتیشی)، هەروەکوو چۆن لە کاتی خەودا، لەشی مرۆڤ جێگیر و بێ جووڵەیە، کەچی لە خەودا دەجوڵێت و ئەمسەر و



ئەوسەر دەکات(111). کەواتە لایەنگرانی ئەم ڕێبازە پێیان وابووە، ئەو شتومەکە ماددییانە خۆی بۆخۆی هێزێکی کاریگەر نییە و کارێکی بەسەر مرۆڤ و چارەنووسییەوە نییە، چونکە ئەمانە جگە لەوەی شوێن و جێگای مانەوە و نیشتەجێبوونی ئەو هێزانەن، هیچ وەزیفەیەکی دیکەیان نییە. کەواتە، مرۆڤی عەرەب هەر کاتێک لە بەردێک، یان لە دارێک نزیک ئەبێتەوە، نزیکبوونەوەی نییە لە خودی دار و بەردەکە، بەڵکوو نزیکبوونەوەیە لەو هێز و لەو ڕۆحە نادیارەی لەنێو ئەو دار و بەردەدا جێگیر بووە، کەواتە، لێرەدا ئەو هێزە پەرستراوە، نەک دار و بەردەکە(112)، لێ بەو هۆیەوە، ئەو دار و بەردە، ئەو شاخ و کێوە، ئەو بت و سەنەم و ئەو بیر و کانییە پیرۆز کراوە. پاشماوەی ئەم بیروباوەڕە لە ئایینی ئیسلامیشدا بەرچاو ئەکەوێت. لە بیروباوەڕی ئیسلامدا خودا ئادەمی لە قوڕ دروستکردووە، پاشان فووی پێداکردووە و ڕۆحی خستووەتەبەر واتە، فوی خودا یان ڕۆحی خودا لە ئادەمێکی قوڕی بێگیان نیشتەجێ بووە. ئیسلام ئەڵێت عیسا بە بێ تۆوی نێر، بە بێ باوک لە سکی دایکیدا بە هێزی خودا دروست بووە و ڕۆحی خودایە واتە، لێرەشدا ڕۆحی خودا لە مریەمدا نیشتەجێ ئەبێت، وەلێ لێرەدا مریەم مرۆڤە، نەک بێگیان ... بڕوانە ئەم ئایەتانە: (فإذا سويته ونفخت فيه من روحي/ حجر: 29. ثم سواه ونفخ فيه من روحه/ سجدة: 9. والتي أحصنت فرجها فنفخنا فيه من روحنا/ أنبياء: 91. ومريم ابنت عمران التي أحصنت فرجها فنفخنا فيه من روحنا/ تحريم: 12).

مرۆڤی عەرەب لە کۆندا بڕوایان بە دیاردەی دۆنادۆن (کلێشەگۆڕی، مەسخ) هەبووە، واتە گۆڕینی مرۆڤ بۆ دار و بەرد و ئاژەڵ. هەروەکوو پێیان وابووە، کە "سەفا" و "مەروە" پیاو و ژنێک بوونە، بوونەتە بەرد(113)، هەروەها ئوساف و نائیلەش(114). یان دەڵێن، میللەتی عەرەب بۆیە بزنمژۆک ناخۆن، چونکە پێیان وایە، بزنمژۆک لە سەرەتادا کەسێکی ئیسرائیلی بووە، پاشان مەسخ کراوە(115)، هەروەکوو چۆن باوەڕیان

بەوە هەبووە و هەتا ئێستاش ئەو باوەڕەیان هەر بڵاوە، کە گوایە شەیتان، کە لە سەرەتادا ناوی ئیبلیس بووە، فریشتەیەک بووە، زانا و تێگەییشتوو، مامۆستای گشت فریشتەکان بووە، بەڵام چونکە بێفەرمانی خودای کردووە، خودا نەفرەتی لێ کرد و بە هێزی ئیرهابی خۆی مەسخی کرد و بووە شەیتان، هاروت و ماروتیش بە هەمان شێوە، لە بیروباوەڕی کۆنی عەرەبدا دوو فریشتە بوونە و بۆ مرۆڤ مەسخ کراوون.

مرۆڤی عەرەب بڕوای بە دیاردەی گۆڕین (التحویل) هەبووە، لەم بارەیەوە خورافە و ئەفسانەیان هەیە. ئەڵێن: جارێکیان خودا فەرمان بە ئیلیاس پەیامبەر ئەکات و پێی ئەڵێت: لە زەویدا خوێ تۆو بکە! ئەویش فەرمانی خودا جێبەجێ ئەکات و خوێ تۆو ئەکات، بەڵام خودا خوێیەکە ئەگۆڕێت و لە شوێنیدا نۆک ئەڕوێنێ(116).

مرۆڤی عەرەب لە کۆندا بڕوایان بە دیاردەی چوونەپێست (التقمص) هەبووە. دەگێڕنەوە، ئەو بتەی، کە پێی گوتراوە لات، لە سەرەتادا بەردێکی چوارگۆشەی سپی بووە لە شاری تاییف، پاشان خێڵی سەقیف خانوویەکیان لەسەر ڕۆناوە و کردوویانە بە کابە، چونکە دەگێڕنەوە، لە سەرەتادا پیاوێک هەبووە لەسەر ئەم بەردە دائەنیشت، ڕۆن و ماسی بە حاجییەکان ئەفرۆشت، دوای ئەوەی، کە ئەم پیاوە دەمرێ، عەمرو کوڕی لەحی بە خەڵکەکە دەڵێ: ئەم پیاوە نەمردووە، بەڵکوو چووەتە نێو بەردەکەوە! پاشان فەرمانی بە خەڵکی کرد، کە بیپەرستن.

لەو شێوە بڕوایەی خەڵکی عەرەبەوە، مرۆڤی ئەو سەردەمە پێیان وابووە خودا، ئەو هێزە خارقە، ئەگەر هەر کاتێک گەرەکی بێت، غەزەب لە بەندەکانی خۆی، کە گومڕا بوونە، بگرێت، غەزەبیان لێ دەگرێت و بە دەرکردنی فەرمانی "کن فیکون" جێبەجێ ئەبێت، ئیتر مەگەر هەر خۆی و پلەی غەزەبەکەی بزانێت، بە چی مەسخت ئەکات و بە چ ئاژەڵێکی نابووت و ناشیرینت ئەکا! ئەم جۆرە بیروباوەڕە خورافی و ئیستیبدادییە لە ئیسلامیشدا هەر درێژەی هەیە و پێی لەسەر داگیراوە. ئیسلامیش هەمیشە



مرۆڤی ترساندووە و هەڕەشەی لێ کردووە: خودا ئەتانکاتە مەیمون و بەراز، هەروەکوو چۆن میللەتانی پێش ئێوەی مەسخ کردووە "وجعل منهم القردة والخنازیر"(117).

هەتا هەنوکەش کاریگەری ئەو بڕوایە هەرماوەتەوە، ئەوەتا ئەووترێت: "خوا بتگرێت!"، "خوا بتکا بە بەرد!"، "ئەو قورئانە دەمت گێڕ ئەکات!" ... هتد.

ئەمانە و زۆر مەسەلەی ورد و درشتی دیکە هەن، تێکڕا شێوەی بیرکردنەوە و ڕوانین و تێفکرینی مرۆڤی عەرەبی پێکهێناوە، کە پێویست ناکات بچینە سەری، چونکە ئەوانەی لێی دواین، بریتین لە پرسە ڕیشەیی و پایەیییەکانی ڕوانگەی عەرەب بۆ دنیا و مرۆڤ، کە ناوەڕۆکی ئایینی مرۆڤی عەرەبی لە پێش پەیدابوونی ئیسلام پێکهێناوە و مۆری خۆشی بە ئایینی ئیسلامەوە ناوە، بە واتایەکی دیکە، ئەوەی لێی دواین چوارچێوەی گشتی ناوەڕۆکی ئایینی ئەو سەردەمەیە، کە لە باسەکەی ئێمەدا کۆمەکمان پێ دەکات. هەروەکوو گوتمان، ئەمانە بیروباوەڕی گشتی ئەو سەردەمەن و جۆرەها خودا و شێوەی پەرستن و کەشی ئایینی و ئایینی جۆراوجۆری بەدوای خۆیدا هێناوە.

ئەگەر هەلومەرجی ماددی ئەو سەردەمە، تەرازووی هێزی نێوان مرۆڤ و سروشت و تایبەتمەندییەکانی سروشتی جەزیرە و ئاستی بەرهەم و پەیوەندییەکانی بەرهەم ئەم جۆرە بیروباوەڕانەی بە درێژایی دیرۆکی میللەتی عەرەب بەرهەمهێناوە، ئەوە لە لاکەی تردا خودا و ئایین و کەشی ئایینی و خوو و نەریتی ئایینی جۆراوجۆریشی بەرهەمهێناوە. بە مانایەکی تر، ئەمانە خۆی ڕەنگدانەوەی ژیانی خێڵەکی و کۆچەری و پەرتوبڵاوی خێڵەکان و کاریگەری دەوروپشت و چینە جیاوازەکانە.

هەروەکوو باسمان کرد، زۆربەی خەڵکی عەرەب بڕوایان بە هێزی لە ئاسابەدەر و بەدەر لە هێزی مرۆڤ هەبووە، کە ژیان و مان و نەمان و چارەنوسیان بەو هێزەوە گرێی خواردووە، بەڵام هەر خێڵە و هەر کۆمەڵە خەڵکێ بە جۆرێک خودایان ناسیوە و هەر یەکەیان دانەیەک لەو خودایانەی

به هی خۆی زانیوه و به خودای خێڵی داناوه. یان هەر خێڵ و هەر کۆمەڵە خەڵکێک چەندین هێز و چەندین خودایان ناسیوه، کە هەر یەکەیان بە کارێک تایبەتمەندە (خودای چاکە، خودای خراپە، باران، ڕوناکی، تاریکی، بێبارانی، مردن، قەدەر ...) بەڵام لە نێو ئەو هێز و خودایانە و بە گوێرەی هەلومەرجی ژیان و پێویستییەکانی، یەکێک لەو خودایانە لە هەموویان بە مەزنتر دەزانێ و بە خودای خوداکانی دائەنێ.

هەروەکوو باسمان کرد، خێڵە عەرەبەکان هەمیشە سەرقاڵی پەلامار و هێرش بۆسەر یەکتری بوونە، بە تایبەت لە ساڵانی قەیران و قاتوقڕیدا. لەم شەڕانەدا کام خێڵ بەهێزتر بێت، بەسەر خێڵەکەی تردا سەر ئەکەوێت. بەپێی بڕوایەک، کە ئەم خێڵانە هەیانبووە، خوداکانیش بە شەڕ دێن. دیارە هەر خێڵە خودای خۆی بە لاوە خۆشەویست و بەهێز بووە، لە کاتی شەڕی نێوانیاندا هەریەکە پەنای بۆ خودا (أعوذ بالله)کەی خۆی بردووە، چونکە کاتی تەنگانەیە و ئەو خودا بەهێزە ئەبێ فریات بکەوێت. کەواتە، لە کاتی شەڕی خێڵەکاندا خودای خێڵەکانیش بەشەڕ دێن، سەرکەوتن و ژێرکەوتنی هەر خێڵێکیش لە گرەوی سەرکەوتنی خوداکانیانە، سەرکەوتنی هەر خێڵێکیش یانی، نیشاندانی ڕەزامەندی خوداکەیان یانی، بەهێزی خوداکەیان، ژێرکەوتنی هەر خێڵێکیش یانی، نارازیبوونی خودای خێڵ، یان بێهێزی خوداکەیان لە هەمبەر خودای خێڵەکەی دی. هەربۆیە لە کاتی ژێرکەوتن و شکستی خێڵێک لە خێڵەکان، ئەبوو هۆی شکستەکە لێکبدرایەتەوە و پینەیان بکردایە، بە تایبەت ئەگەر خوداکەیان خۆشەویست بوایە و لە کاتی تردا زۆر فریایان کەوتبێ! یان لەبەر بێهێزی خوداکەیان، وازیان لە خودای خێڵ دەهێنا، هەروەکوو چۆن خۆیان دەبنە ژێردەست و بارەخوار و کۆیلەی خێڵەکەی تر، خوداکەشیان هەمان چارەنووسی ئەبێت، هەربۆیە ئەم خودایە ئۆتۆریتەی خۆی لە دەست ئەدات و ئیتر لەوەودوا خێڵی شکستخواردوو، خودای خێڵەکەی تر دەپەرستن.



کاتێک، کە بزووتنەوەی محەمەدیی پەرەیسەند و گەیشتە ئاستی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ بێبڕوایان (بە ئایینی محەمەد)، هەر یەکە لەو دوو لایەنە پەنای بۆ خودای خۆی دەبرد، بە هەمان ئەقڵییەتی کۆنی خێڵەکی، ئەبوسوفیان، کە سوپاسالاری لەشکری بێبڕوایان بوو، پەنای بۆ خودای خۆیان دەبرد و هاواری دەکرد: "أعل هبل، أعل هبل" واتە: بڵند بە هوبەل، بڵند بە هوبەل! محەمەد و لایەنگرانیشی هاواریان دەکرد: "الله أعلى وأجل" واتە: خودا بڵندتر و گەورەترە! پاشان ئەبوسوفیان هاواری ئەکرد: "لنا العزى ولا العزى لكم" واتە: ئێمە عوزامان هەیە و ئێوە نیتانە! موسڵمانەکان وەڵامیان ئەدایەوە: "الله مولانا ولامولى لكم" واتە: خوای گەورە پشتیوانی ئێمەیە و ئێوە پشتیوانتان نییە(118). ئەمە هاوار و پەنابردنی ئەم دوو لایەنە شەڕکەرە بوو لە شەڕی ئوحوددا.

کاتێک موسڵمانەکان بە یەکجاری بەسەر بێبڕوایاندا سەرکەوتن، زوبێری کوڕی عەوام بە ئەبوسوفیانی گوت: ئەی ئەبوسوفیان! بێگومان هوبەل شکێنرا، بەڵام تۆ لە ڕۆژی ئوحوددا، لەخۆبایی بوویت و وات نیشان ئەدا، کە خوداکەت چاکەت لەگەڵدا ئەکات و بەخششی خۆییت بۆ ئەڕژێنێ؟! ئەبوسوفیان وتی: واز لەوە بێنە ئەی کوڕی عەوام، بێگومان وای بۆ ئەچم، ئەگەر لەگەڵ خودای محەمەددا، خودایەکی دیکە هەبوایە، ئەوەی کە بوو، نەئەبوو(119)، ئەمەش مانای ئەوەیە، ئەوان پێیان وابووە، کە خودای محەمەد لە خودای خۆیان بەهێزتر بووە، بۆیە ئەوان سەرکەوتوون، هەربۆیە بە ناچاری، ئەبێ وەک خوداکەیان بۆ محەمەد مل کەچ بکەن. دیسانەوە ئەمە بە مانای ئەوەیە، کە بێبڕوایان پێیان وا نەبووە، خودای محەمەد خودای تاک و تەنهایە، بەڵکوو لەگەڵ ئەو خودایەدا، چەندین خودای دیکە هەیە، کە یەکێکیان خودای خۆیانە واتە، هوبەل، وەلێ وەکوو دەرکەوت، خوداکەی محەمەد لە گشت خوداکانی دیکە بەهێزترە. هەر لێرەوە بەو ئەنجامەش ئەگەین، کە ئەبوسوفیان و لایەنگرانی، بە ناچاری و بە گوێرەی نەریت و یاسای ئەو کاتە، چوونەتە ژێر فەرمانی محەمەدەوە،

نەک بڕواهێنان بەوەی، محەمەد باسی لێ دەکرد، دیارە محەمەدیش لایەنی سیاسی مەسەلەکەی بەلاوە گرنگ بووە، نەک لایەنی فکری و بڕوا، چونکە لایەنی فکری و بڕوا، جگە لە هۆیەک بۆ گەیشتن بە ئامانجی سیاسی، هیچی تر نەبووە، هەربۆیە محەمەد لە ئۆتۆریتە و دەسەڵاتی ئەبوسوفیانی نەدا و بە هەمان ڕێز و دەسەڵاتی خۆیەوە ئەیهێڵێتەوە، لێ بە پلەی خوارتر لە خۆی، کە لە باسەکانی داهاتوودا دەچینە سەری.

مرۆڤی عەرەب هەروەکوو چۆن تێبینی ژیانی کۆمەڵایەتی و خانەوادەگی خۆی کردووە، هەر بەو شێوەیەش ڕوانیویەتە خوداکانی. خوداکانی وەک خێزان و ئەندامەکانی سەیر کردووە، هەندێکیان باوک و هەندێکی دیکەیان دایک و منداڵ، هەندێکیان نێر و هەندێکی دیکەیان مێ ...

بەشێک لەم خودایانە یان نوێنەرەکانیان لەسەر زەوی، سەر بە ڕەگەزی مێ بوونە، وەکوو ئەم بتانە "لات، مەنات، عوزا"، کە محەمەد لە قورئانیشدا ئاماژەی بۆ کردووە و ئەڵێت: "أفرأيتم اللات والعزى ومناة الثالثة الأخرى. ألكم الذكر وله الأنثى. تلك إذا قسمة ضيزى"(120). یان پێیان وابووە، فریشتە سەر بە ڕەگەزی مێیە، هەروەکوو لەم ئایەتانەدا دەرئەکەوێت: "وجعلوا الملائكة الذين هم عباد الرحمان إناثاً اشهدوا خلقهم ستكتب شهادتهم ويسألون"، "ويجعلون لله البنات سيحاته ولهم مايشتهون"(121) هەروەها لەم ئایەتانە بڕوانە: "الصافات: 149-153، الأسراء: 39-40، الأنعام: 100، الأنبياء: 26-29 ... هتد.

بەپێی ئەم لێکدانەوەیە بێت، ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێت، کە تا ئەو دەمەش بەشێک لە خوداکانی خەڵکی عەرەب لە سەردەمی پێش سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ئیسلام سەر بە ڕەگەزی مێ بوونە، لە کاتێکدا ڕەگەزی مێ ژێردەست و چەوساوە و بێ ئیعتیبار بووە و ڕەگەزی نێر بۆ ئەو سەردەمە باش و بەرز و بەهێز و بەڕێز بووە، هەروەکوو پێشتر لێی دواین، هەربۆیە محەمەد دیاریکردنی ڕەگەزی خوداکانی بە مێ پێ ناخۆش بووە، پێی وابووە، ئەوە لەگەڵ هەلومەرج و سەردەمدا ناکۆک و نەگونجاوە، بە



پێچەوانەی تێڕوانینی گشتی کۆمەڵە، لەگەڵ ئەقڵییەتی خۆیی و خەڵک و نەزمی پیاوسالاریدا یەک ناگرێتەوە، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی تریشەوە محەمەد وەک کەسێکی وریا بە کار و ئامانجی خۆی، لە خاڵێکدا موجادەلەی خۆی لەگەڵ نەیارانی خۆیدا دەست پێ ئەکات، کە بۆخۆی خاڵی بەهێز و بۆ ئەوانیش خاڵی لاواز بووە، بە گوێرەی ئەو سەردەمە و ئەو ئەقڵییەتەی هەیانبووە. هەروەها لێرەوە دەگاتە ئەو مەبەستەی، کە سەرتاپای مەبەستەکەی تێدا گەڵاڵە ئەبێت، ئەویش سووککردن و بێئیعتیبارکردنی خوداکانی ترە. ئەوەی شایانی باسە، مانەوەی ڕەگەزی بەشێک لە خوداکان، بە ڕەگەزی مێ، نیشانەی کاریگەری سەردەمێکە، کە ڕەگەزی مێ تیایدا بەڕێز و بە ئۆتۆریتە بووە(122).

هەروەکوو باسمان کرد، تەنە ئاسمانییەکان جێگەسەرنجی مرۆڤی عەرەب بوونە و کاریگەری ڕاستەوخۆیان بە شێوەژیانی خێڵەکانەوە هەبووە، کە دیارترینیان مانگ و خۆر و زوهرە بووە. مرۆڤی عەرەب ئەم سێ تەنە ئاسمانییەی وەک خێزانێک سەیر کردوە، کە تیایدا مانگ سەر بە ڕەگەزی نێرە و ڕۆڵی باوک دەگێڕێ، خۆر سەر بە ڕەگەزی مێیە و ڕۆڵی دایک ئەگێڕێ، زوهرەش سەر بە ڕەگەزی نێرە و کوڕی مانگ و خۆرە. قورئانیش ئاماژەی بۆ ئەم مەسەلەیە کردووە و ئەڵێت: "ومن آياته اليل والنهار والشمس والقمر لا تسجدوا للشمس ولا للقمر، وأسجدوا لله الذي خلقهن إن كنتم إياه تعبدون"، واتە: وە لە نیشانەکانی خوایە شەو و ڕۆژ و خۆر و مانگ، بۆ خۆر و بۆ مانگ سوژدە مەبەن و بۆ خودایەک، کە ئەوانەی ئافراندووە سوژدە بەرن، ئەگەر گەرەکتانە بە ڕاستی ئەو بپەرستن. "وجدتها وقومها يسجدون للشمس من دون الله"(123)، واتە: بینیم، کە لە جیاتی خودا، خۆیی (مەبەستی بەڵقیس پاشای سەبەئە) و هۆزەکەی سوژدە بۆ ڕۆژ دەبەن.

سەبارەت بە کاری ئەو خودایانە و دروشمەکانیان ڕا و بۆچوونی جیاواز هەیە، مانگ دروشمێکی ئایینی کۆنە و بەلایانەوە دروشمی لەدایکبوون،

مردن، زیندووبوونەوە ئەگەیەنێ، خۆریش دروشمی یەکێتی و هێز و زیرەکی ئەگەیەنێ، هەروەها پێیان وابووە، لات نیشانەی ئەستێرەی زوهرەیە، یان ڤینۆسی یۆنانییە(124).

هێندێک لە شارەزایان گەییشتوونەتە ئەو ئەنجامەی، کە بڵێن: پەرستنی تەنە ئاسمانییەکان لە لای خەڵکی عەرەب بنچینەی پەرستنە(125).

ئەگەر سەرنج لە ئایینی ئیسلامیش بدەین، سەرباری ئەوەی، داوایان لە خەڵکی کردووە، کە مانگ و خۆر نەپەرستن، بەڵکوو لەو گەورەتر یانی، خودای خوداکان و دروستکەری ئەوان بپەرستن، بەڵام هەڵگرتن و مانەوەی دروشمی مانگ و ئەستێرە بەسەر گومەزی مزگەوتەکانەوە (وەک باس دەکرێ لە سەرەتای ئیسلامدا بەرز نەکراوەتەوە)، نیشانەی کاریگەری بیروباوەڕی مانگ و ئەستێرەپەرستی سەردەمی پێش ئیسلامە، هەر ماوەتەوە، بێگومان مانگ بۆ خەڵکی خێڵەکی و کۆچەریی عەرەب زۆر بەکەڵک بووە.

هەروەکوو لە باسەکەماندا دەرئەکەوێت خەڵکی عەرەب لەو سەردەمەدا، پێیان وابووە، جگە لەم زیندەوەرانەی، کە هەن و بە چاو ئەبینرێن، زیندەوەری دیکەش هەن، لێ بە چاو نابینرێن و پێیان گوتوون: فریشتە، جنۆکە، شەیتان، کە توانای خۆدەرخستن و خۆشاردنەوەیان لە چاوی مرۆڤ هەیە و دەتوانن بە زۆر شێوە خۆیان دەرخەن، تەنانەت لە شێوەی مرۆڤیشدا. ئەمانە لە ئاوەدانی و لەناو کۆمەڵی خەڵکیدا ناژین، بەڵکوو لە چۆڵی و لە دۆڵ و شیو و سەرئاو ژیان بەسەر ئەبەن! خەڵکی عەرەب ئەمانەیان پەرستووە یان کردوویانن بە ناوەندێک لە نێوان خۆیان و خودادا، یان لێیان ترساون و هەوڵی ڕازیکردنیان داوە. بڕوانە ئەم ئایەتانە: "وجعلوا لله شركاء الجن وخلقهم وخرقوا له بنين وبنات بغير علم سبحانه وتعالى عما يصفون"، واتە: وە بۆ خودا هاوبەشانێکیان لە جنۆکە دانا، لە حاڵێکدا خودا هەموو ئەوانەی ئافراندووە، هەروەها بە درۆ کوڕان و کچانیان لە ڕووی نەزانییەوە بۆ خودا سازدا، پاک و بێخەوشە خودا و



بەرزترە لەوەی، کە خوای پێ تەوسیف دەکەن و دەیڵێن. "ألم أعهد إليكم يابني آدم أن لاتبعدوا الشيطان إنه لكم عدو مبين"(126)، واتە: ئەی ڕۆڵەکانی ئادەم، مەگەر ئێوەم ڕانەسپاردبوو، کە پەیڕەوی لە شەیتان نەکەن، بە ڕاستی شەیتان دوژمنی ئاشکرای ئێوەیە.

بەو شێوەیە مرۆڤی عەرەب زۆر دیاردە و زۆر هێزی بە ئاسابەدەر و بە خودا زانیوە، بەرد و دار و پەیکەری کردووەتە ناوەندێک لە نێوان خۆی و خودا، پێی وابووە، ئەم پەیکەر و بت و سەنەمانە نوێنەری خودان لەسەر زەوی یان ئەو هێزە خارقانە تیایدا نیشتەجێ بوونە، پیرۆزن، شەفاعەتیان لای خودا قبوڵە و... هتد. ئەمە حاڵەتێکی گشتی و باوی مەککە و ناوچەکە بووە، هەر خێزانێک لە ماڵەوە، بت و سەنەمی تایبەت بە خۆی هەبووە، هێندێک جار ئەگەر بۆ شوێنێک سەفەریان کردبێت لەگەڵ خۆیاندا گێڕاویانە، ئەمە سەرباری ئەوەی 360 بت و سەنەم لە کابەیەدا هەبووە.

"وجعلوا لله أنداداً ليضلوا عن سبيله قل تمتعوا فإن مصيركم الى النار/ إبراهيم: 30"، "قل أئنكم لتكفرون بالذي خلق الأرض في يومين وتجعلون له أنداداً ذلک رب العالمين/ فصلت: 9"، "قل من رب السماوات والأرض قل الله قل أفاتخذتم من دونه أولياء لايملكون لأنفسهم نفعاً ولاضراً/ رعد: 16"، "فاستفتهم الربک البنات ولهم البنون، أم خلقنا الملئكة إناثاً وهم شاهدون ألا إنهم من أفكهم ليقولون ولد الله إنهم لكاذبون، إصطفى البنات على البنين/ صافات: 149"، "ويجعلون لله البنات سبحانه ولهم ما يشتهون وإذا بشر أحدهم بالأنثى ظل وجهه مسوداً وهو كظيم، يتوارى من القوم من سوء بابشريه أيمسكه على هون أم يدسه في التراب ألا ساء ما يحكمون/ نحل: 57"، "ما نعبدهم إلا ليقربونا الى الله زلفى/ زمر: 3"، "ويقولون هؤلاء شفعاؤنا عند الله/ يونس: 18".

لەم ئایەتانەوە، دیسانەوە ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێت، کە مرۆڤی عەرەب بڕوایان بە کاری شەفاعەت هەبووە و بت و سەنەم و هێزە نادیارەکانی تریان وەک ناوەندێک بەکارهێناوە. مرۆڤی عەرەب لە هەلومەرجی ژیانی

خۆیەوە بەو ئەنجامە گەییشتوون، هەروەکوو چۆن لە ژیانی واقیعی خۆیاندا بۆ نزیکبوونەوە لە پاشایەک، سەرەکخێڵێک، کاربەدەستێک، پێویستییان بە کەسێک بووە، کە ڕێز و ئۆتۆریتەی هەبێت، تاوەکوو بیکەنە ناوەند و شەفیع، بۆ مەیسەرکردنی کار و داخوازییان، بە هەمان شێوەش بۆ خوداکان و شێوەی نزیکبوونەوە لێیان، ڕوانیویانە.

هەروەکوو باسمان کرد و لە زۆر دووبارەبوونەوەی ئەم ئایەتانەشدا بە دیار ئەکەوێت، لەو سەردەمەدا ئەمە شێوەی باوی بیرکردنەوە بووە، بەڵام ئەم هەلومەرجە و ئەم واقیعەتە (کۆبوونەوەی هەر خێڵ و هەر کۆمەڵە خەڵکێک لە دەوری بت و سەنەمێک)، پاش ئەوەی سیستەمی خێڵەکی لە شێوەی سەرەتایی خۆی تێپەڕی کرد و خێڵەکان بە ئەندازەیەکی زۆر بە چەشنی کاڵاکان تێکەڵ بە یەکتر بوون، زەمینەی ماددی خۆی لەدەست دا و ئیدی پێویستی بە لابردنی هەر کۆسپێکی دیکەی فکری_ ئایینی هەبوو، ئەمەش لە گرەوی لەنێوبردنی خودای خێڵەکان و خڕکردنەوەی خێڵەکان لە دەوری خودایەکی مەزنتر، کە خودای هاوبەشی گشتیان بێت بوو. هەر لێرەوەیە بزووتنەوەی تەوحیدی خێڵەکان، بە ئەرکی سەرەکی خۆی زانیوە، کە بەرەنگاری ئەم کۆسپە ببێتەوە، کە شێوەی باوی ئایین بووە واتە، ئایینی فەرمی زۆربەی خەڵک و ئەو کەسانەی، کە دەسەڵاتی ئابووری_ سیاسی_ سەربازییان هەبووە.

ئەگەر ئەمە لەو سەردەمەدا شێوەی زاڵ و باوی ئایین بووبێت، وەلێ ئەمە تاقە ئایینی ئەو ناوچەیە نەبووە، بەڵکوو لە پاڵ ئەمەدا، چەندین شێوەئایینی دیکە هەبوونە، بە هۆی بەریەککەوتنێکەوە، کە لەگەڵ بیروباوەڕی ئایینی باوی ئەو شوێنەدا هەیبووە، کاری کردووەتە سەریان و بۆ خۆشی کەوتووەتە ژێر کاریگەری ئەوانەوە و لە ناکۆکییەکانی کۆمەڵی عەرەبدا کەم و زۆر نەخشیان هەبووە. کاتێک، کە بزووتنەوەی محەمەدیش سەری هەڵدا، دیسانەوە لایەنگرانی ئەم ئایینانە بێدەخاڵەت نەبوونە و ڕۆڵی خۆیان گێڕاوە، لە باری فکریشەوە کاریگەری تەواویان بەسەر شەخسی محەمەدەوە



هەبووە. ئەو ئایینانەش بریتی بوون لەمانە: جوو، مەسیحی، مەجوسی، سابیئە، حەنەفی.

لایەنگرانی ئایینی جوولەکە لە چەندین شوێن لە نێوان فەلەستین و یەسریب (مەدینە) جێگیر بوون، وەک: وادیلقورا، تیماو، تەبووک، خەیبەر، یەسریب، هەروەها لە شوێنی دیکەش نیشتەجێ بوون، بەڵان بە ژمارە کەم بوون، ئەوانەش وەک: یەمەن، یەمامە، مەککە(127)، تاییف. ژمارەی جوولەکەکان لە شاری مەککە زۆر نەبووە و گەڕەکێکی تایبەتییان هەبووە(128)، وەلێ لە مەدینەدا ژمارەیان زۆر بووە. ئەم جووانە خەریکی بازرگانی و کاری پیشەگەری و کشتوکاڵ بوونە و باشترین شوێنیان لە زەوی و ئاو بە دەستەوە بووە.

جوولەکەکان بە خاوەنی ئایینی تایبەتی خۆیان ناسرابوون، کە بڕوایان بە خودا و پەیامبەر موسا و بە پەرتووکی تەورات هەبووە، ئەمانە بە خاوەن پەرتووک (أهل الكتاب) ناسراون، لە کاتێکدا خەڵکی مەککە بە پێچەوانەوەی ئەوانەوە، بە ئومی ناسراون. جووەکان شانازییان بە ئایینەکەیانەوە دەکرد، کە گوایە ئایینێکی ئاسمانییە و خودان پەرتووک و هەڵبژاردەی خودان، بە چاوێکی نزمتر دەیانڕوانییە خەڵکی ئومی، وەلێ لەو دەمەدا لە هەوڵی پەخشکردنەوەی ئایینەکەیاندا نەبوون و ئایینەکەیان کڕ ببوو(129).

بزووتنەوەی محەمەدیی لە هەمبەر لایەنگرانی ئایینی جوولەکەدا، خاوەن یەک هەڵوێستی جێگیر نەبووە، لە سەرەتای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ئیسلامدا هەڵوێستێکیان هەبووە، پاشان هەڵوێستێکی دیکە، ئەویش بە گوێرەی تەرازووی هێزی خۆیان، کە هاوشانی ئەوەش سیاسەت و تاکتیکی خۆیان گۆڕیوە، لە باسەکانی داهاتووماندا دەچینە سەری.

ئەوەی شایانی گوتنە، شەڕ و پێکدادانی خوێناوی لە نێوان شوێنکەوتووانی ئیسلام و جولەکەدا ڕوویداوە، بە جۆرێک، کە لەگەڵ شوێنکەوتووانی ئایینەکانی دیکەی دەڤەری حیجازدا نەبووە، یان زۆر کەم بووە.

هەروەکوو باسمان کرد، جووەکان خۆیان بە خاوەنی ئایینی ئاسمانی و خاوەن پەرتووک دەزانی، شارەزایی زۆریان لە مەڕ ئەفسانەی کۆنی ئایینی هەبووە، کە محەمەد بۆ خۆی زۆر سوودی لێ وەرگرتوون، بەڵام ئەمانە تەنها کەسانێک بوون، کە بکارن مشتومڕ لەسەر ئەو قسانە و ڕووداوە مێژووییەکان لەگەڵ محەمەددا بکەن و ڕێگەی لێ بگرن، تەنانەت خێڵی قورەیش نوێنەری خۆیان ئەناردە لای جووەکان، تاوەکوو بڕێک زانیاری وەرگرن و بتوانن بەو هۆیەوە لەگەڵ محەمەددا مشتومڕ بکەن، هەربۆیە سوککردنی ئایینی جوولەکە، ئەرکێکی گرنگی فکری محەمەد بوو، کە لە مشتومڕ و سیاسەتەکانی محەمەددا بەرچاو ئەکەوێت. ئەوەی شایانی گوتنە، ئەم ئایینە، زەمینەی بۆ قبوولکردنی بیروباوەڕی خودای تاک، زیندووبوونەوە، لێپرسینەوە، فریشتە و شتی لەم جۆرە خۆشکرد(130).

ئایینی مەسیحی یەکێکی ترە لەو ئایینانەی، کە لە ناوچە عەرەبییەکاندا هەبووە. هەروەکوو مێژوونووسان باسی دەکەن، ئەم ئایینە لە ڕێگەی مزگێنیدانەوە (تبشیر) لە ناوچەکەدا بڵاوبووەتەوە. ئەو خێڵە عەرەبانەی، کە لایەنگری ئایینی مەسیحی بوون، بریتی بوون لەم خێڵانە: لەخم، جەزام، کەلب، عەسان(131). ئەوەی شایانی باسە، کڵێسە و دێر و شوێنی ئایینی سەر بە مەسیح لە ناوچەکەدا زۆر بووە، بۆ نموونە باسی سێ کڵێسە: ئیبراهیم، موسا، ئەیوب(132)، لە شاری مەدینەدا دەکرێت، هەروەها وێنەی عیسا و مریەم لە کابەدا هەبوونە و تا گرتنی مەککەش لە لایەن ئیسلامەوە هەر مابوونەوە(133). لایەنگرانی ئەم ئایینە پێیان وایە، ئایینەکەیان ئاسمانییە و بڕوایان بە خودا، پەیامبەر عیسا (مەسیح، یەسوس)، پەرتووکی ئینجیل (یان "پەیمانی نوێ"، وشەی ئینجیل لە وشەی "ئیوانجلیۆن"ی یۆنانییەوە هاتووە، بە مانای "مزگێنی"/ ئینجیلی پیرۆز/ بە شێوەی کوردی سۆرانی) هەیە. پێیان وایە عیسا بە بێ باوک بە فەرمانی خودا بە هۆی ڕۆحی خوداوە لە سکی مریەم پەیدا بووە، هەربۆیە پێیان



وایە، کە عیسا کوڕی خودایە و خودا باوکی عیسایە، هەر لێرەشەوە پێیان وایە، عیساش بۆ خۆی خودایە.

ئایینی مەسیحی، ئایینی ڕەسمی ئیمپراتۆرییەتی بیزەنتی و حەبەشییەکان بووە، هەربۆیە ئەمانە هەوڵی زۆریان بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم ئایینە داوە و بۆ ئەم مەبەستە پێویستیی ماڵییان سەرف کردووە. بەڵام ئەم ئایینە لە ناوچەی حیجازدا ڕۆڵێکی ئەوتۆی نەبووە، بەو جۆرەی، کە ئایینی جوو هەیبووە، هەربۆیە نەیتوانیوە لە بەرامبەر ئیسلامدا کارێکی ئەوتۆ بکات و محەمەدیش ترسێکی ئەوتۆی لێیان نەبووە. مشتومڕی نێوان لایەنگرانی ئەم ئایینە و محەمەدیش شتێکی ئەوتۆ نەبووە، کە شایانی باس بێت، زۆر بە کەمی شەڕوشۆڕیان لەگەڵ ئیسلامدا بووە، کاتێکیش بزووتنەوەی محەمەد بەسەر ناوچەکەدا زاڵ بوو، زۆربەی لایەنگرانی ئەم ئایینە بوون بە ئیسلام، بە پێچەوانەی هەڵوێستی جوولەکە و مەجوسی، کە سەرانە (جزیة)یان پێ چاکتر بوو(134). ئەوەی شایانی باسە نستوری، لقێکە لە لقەکانی ئایینی مەسیحی و زۆر گرنگییان بە فەلسەفەی یۆنانی داوە و لەژێر کاریگەری بۆچوونەکانیدا بوونە، زۆربەی خەڵکی حیرە سەر بەم ڕێبازە بوونە و لە ڕووی فکرییەوە کاریگەرییان بەسەر ناوچەکانی دەوروبەریانەوە هەبووە(135).

ئایینی مەجوسی یەکێکی دیکەیە لەو ئایینانەی، کە لە ناوچەی عەرەبدا هەبووە، وەلێ ئایینێکی بڵاو و بە نفوز نەبووە و ژمارەیان کەم بووە. ئەم ئایینە زۆرتر ئەو شوێنانەی گرتبووەوە، کە لە ئێرانەوە نزیک بوون یانی، ڕۆژهەڵاتی جەزیرە و هەتا بەرەو ڕۆژئاوا بڕۆیت ژمارەیان کەمتر ئەبێتەوە، ئەو شوێنانەش وەکوو: بەحرەین، عومان، یەمەن، ئەمانەش بە ڕەچەڵەک فارس بوونە و بۆ ئەو ناوچانە هاتوون(136). ئایینی مەجوسی ئایینی فەرمی ئیمپراتۆرییەتی ساسانی بووە. لایەنگرانی ئەم ئایینە بە ئاگرپەرست ناسراوون، وشەی مەجوس (مەگۆس) لە بنەڕەتدا، وشەیەکی فارسییە و بە مانای ئاگرپەرست دێت(137). لایەنگرانی ئەم ئایینە، ئایینەکەی خۆیان بە

ئاسمانی دەزانن، بەڵام لایەنگرانی ئیسلام ئەم ئایینە بە ئاسمانی نازانن. مەجووسییەکان پێیان وایە، دوو خودا هەیە: خودای چاکە و خودای خراپە واتە، ئەهریمەن و ئاهورامزدا، سەرچاوەی باشە و خراپە لەم دوو خودایەوەیە، یەکەمیان، دروستکەری هەموو زیندەوەرێکی بەسوودە، دووەمیان، دروستکەری هەموو زیندەوەرێکی زیانبەخشە، پێویستە دڵی ئەم دوو خودایە ڕازی بکەیت و بیانپەرستیت. لە قورئانیشدا باسیان هاتووە دەڵێت: "وقال الله لاتتخذوا الهین اثنین إنما هو إله واحد فاياي فارهبون"(138)، واتە: وە خوا فەرمانی داوە دوو پەرستراو نەگرن، پەرستراوی ئێوە تەنها یەکێکە، جا تەنها لە من بترسن! هێندێک لە شارەزایان دەڵێن، ئەم ئایەتە مەبەستی هەموو هاوبەشپەیداکەرێکە، نەک تەنها مەجووسی، هەروەها لە باسی مەجوسیدا بڕوانە (سورەتی حەج/17).

لایەنگرانی ئەم ئایینە زەردەشت بە پەیامبەر و ئاڤێستا بە پەڕاوی خۆیان دەزانن، بڕوایان بە ڕۆژی زیندووبوونەوە و مەحشەر هەبووە، بڕوایان بە پردی سیرات و بەهەشت و دۆزەخ و بەرزەخ هەبووە، هەروەکوو ئیسلام ڕۆژانە پێنج کەڕەت نوێژیان کردووە. ئەوەی شایانی باسە، شوێنکەوتووانی ئەم ئایینە شارەزایانی خۆیانیان بۆ لای قورەیشییەکان ناردووە، تاوەکوو فێریان بکەن، بە چ شێوەیەک لەگەڵ محەمەد، لەبارەی مردووەوە مشتومڕ بکەن(139).

هەروەها سابیئەش ئایینێکی ترە، کە لە قورئانیشدا ئاماژەی بۆ کراوە: "إن الذين آمنوا والذين هادوا والصابئون والنصارى من آمن بالله واليوم الآخر وعمل صالحا فلا خوف عليهم ولاهم يحزنون)(140)، واتە: بەڕاستی کەسانێ، کە بڕوایان هێناوە و کەسانێ، کە بوونەتە جولەکە و هەروەها سابیئان (پەیڕەوانی یەحیا) و مەسیحیان، هەر کەسێک لەوانە، کە بڕوای بە خودا و ڕۆژی دووایی هەبێ و کار و کردەوەی چاک بێ، جا ترسێکیان لەسەر نییە و خەفەتیش ناخۆن.



ئایینی سابیئە لق و پۆپ و ئایینزای زۆری تێدایە، مەندائییەکان پێیان وایە، ئایینەکەیان ئایینی ئادەمە و ڕێوشوێنی ئەویان گرتووە، وەلی بە هۆی بیروباوەڕی ترەوە ئایینەکەیان شێواوە، پاشان خودا پەیامبەرێکی بە نێوی یەحیاوە بۆیان ناردووە، تا ئایینەکەیان ڕزگار بکات و بۆ شێوە سەرەتایی و بنەڕەتییەکەی خۆی بگێڕێتەوە(141). ئەمانە کۆمەڵێک پەڕاویان هەیە، کە بە زمانی مەندائی نوسراونەتەوە، بە لای خۆیانەوە ئەمە، ئەو زمانەیە، کە ئادەم پێی ئاخاوتووە(142).

هێندێک لە شارەزایان، لایەنگرانی ئەم ئایینە بە پەرستیاری تەنە ئاسمانییەکان دەزانن. ئەمانە نوێژیان هەیە، ڕۆژانە سێ کەڕەت نوێژ ئەکەن، کە پەیوەندی بە خۆرەوە هەیە. پێش نوێژکردن دەستنوێژ هەڵئەگرن، ڕۆژوگرتنیان هەیە، ماوەی ڕۆژوگرتنیان 30 ڕۆژە، بەڵام بەسەریەکەوە نییە، بڕوایان بە قەزا و قەدەر، ڕۆژی زیندووبونەوە و لێپرسینەوە هەیە. ئەوەی شایانی باسە، خەڵکی مەککە لە سەردەمی بانگەشەی پەیامبەرایەتیدا، محەمەدیان بە سابیئە ناو ئەبرد.

جگە لەم ئایینانەی، کە لێی دواین، لەو ڕۆژگارەی کۆمەڵی عەرەبدا ڕەوتێکی تری ئایینی هەبووە، کە بە حەنەفییەکان (حنفاء) ناسرابوون، ئەمانە ئەگەرچی دەنگوباسی ورد و تەواویان لەسەر نییە، بەڵام کەم و زۆر باسیان کراوە. کۆمەڵی عەرەب لەو سەردەمەدا خۆیان بە حەنەفی و سەر بە ئایینی ئیبراهیم ئەزانی، بەڵام ئەو کۆمەڵە کەسەی سەر بە ڕەوتی حەنەفی بوون، بیروباوەڕ و نەریتی خەڵکی مەککەیان بە حەنەفی و سەر بە ئایینی ئیبراهیم نەئەزانی. بە پێچەوانەوە ڕەوتی حەنەفی ڕەخنەیان لە خەڵکی مەککە ئەگرت و پێیان وابووە، کە ئەوان لە ڕێبازی ئایینی باپیریان واتە، ئیبراهیم لایان داوە، ڕەخنەیان لە چەندخودایی و هاوبەشپەیداکردن بۆ خودا و پەرستنی بت و سەنەم هەبووە، وتوویانە بت و سەنەم هیچ زەرەر و قازانجێکتان پێ ناگەیەنێ(143)، ئەوەی شایانی باسە، دەقی ئەم قسەیە لە قورئاندا هاتووە، کە ئەڵێت: "يدعوا من دون الله ما لا يضره وما لا

ینفعه"(144)، واتە: ئەو بێجگە لە خودا هاواری بۆ کەسی تریش دەبرد، کە نە زیانێکی پێ دەگەیاند و نە سوود.
حەنەفییەکان خواردنی خوێن و گۆشتی مردارەوەبوویان بە نادروست زانیوە، کە دیسانەوە ئەم مەسەلەیە بە هەمان شێوە لە قورئاندا هاتووە و ئەڵێت: "إنما حرم عليكم الميتة والدم ولحم الخنزير وما أهل به لغير الله"(145)، واتە: خودا تەنها گۆشتی مردارەوەبوو، خوێن و گۆشتی بەراز و هەر ئاژەڵێ، کە بە ناوی غەیری خودا سەربڕابێ حەرام کردووە.
ئەمانە زۆر نەریت و ڕەووشتی ئایینییان هەبووە، کە دواتر محەمەد باسی لێ کردوون، هەروەها ئەم ڕەوتە بڕوایان بە خودایەکی تاک هەبووە، کە دروستکەری مرۆڤ و گەردوونە، بڕوایان بە زیندووبوونەوە و لێپرسینەوە و بەهەشت و دۆزەخ هەبووە، نوێژیان کردووە و ڕۆژویان گرتووە، زۆرجار چوونەتە شوێنێکی هێمن و تەئەمولیان کردووە و خەڵوەتیان کێشاوە، بە زۆری چونەتە ئەشکەوتی حەڕا، ئەو ئەشکەوتەی، کە محەمەد بۆ خەڵوەتکێشان بۆی ئەچوو(146).
حەنەفییەکان ڕێزی ئایینی جوولەکە و مەسیحییان گرتووە، هاوڕێیەتی و نزیکایەتی و هاتووچۆیان لەگەڵ کەشیش و خاخا و شارەزایانی ئەم ئایینانەدا هەبووە(147)، بەپێی قسەی خاوەن دەنگوباسەکان زۆربەی هەرە زۆری ئەمانە، ئەگەر نەڵێین گشتیان خوێندەوار بوونە(148)، هەروەها شارەزاییان لە چیرۆک و ئەفسانەی کۆندا هەبووە، وەکوو: ئادەم و حەوا، نوح، تۆفانی نوح، ئیبراهیم، چیرۆکی سەربڕینی ئیسماعیل (یان، ئیسحاق)، فیرعەون، موسا، عیسا، مریەم ... هتد.
سەرباری ئەوەی ئەم ڕەوتە لە کۆمەڵێک مەسەلەی گشتیدا هاوبەش بوونە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەک ئایینێک خۆیان ڕێکنەخستووە و خۆیان نەناساندووە، بۆیە ئەو قسانەی، کە کردمان بەو مانایە نییە، کە گشت ئەو کەسانەی بە حەنەفی ناسراوون بەو شێوەیە بووبن، وەلی هەروەکوو گوتمان ئەمانە لەسەر مەسەلە گشتییەکان هاوڕوانگە بوونە.



وەک دەرئەکەوێت حەنەفییەکان لە خێزانی ناسراو و خۆشگوزەران یان بەرزتر لە ئاستی مامناوەندی بوونە، هەربۆیەش لەو سەردەمەدا، کە بەهای کتێب گران بووە، توانای کڕینیان هەبووە. هەروەها توانای گەڕان و سەفەریان بۆ دەرەوەی جەزیرە، بۆ وڵاتانی وەک عێراق و شام هەبووە و پەیوەندییان بە شارەزایانی ئایینی و فەلسەفەی یۆنانییەوە کردووە(149).
هێندێک لەم حەنەفییانە لە پێش بانگەشەی پەیامبەرایەتی محەمەددا مردوون و هێندێکی دیکەشیان تا ئەو دەمە و دوواتریش هەر ماوون.
لە کتێبە مێژووییەکاندا ناوی گەلێک لەم حەنەفییانە هاتووە. ئیبن هیشام(150) باسی چوار کەس لەوانە ئەکات، کە نزیکی یەک بوونە و بیروڕایان وەک یەک بووە، ئەوانەش بریتین لە: وەرەقەی کوڕی نەوفەل، عەبدوڵای کوڕی جەحش، عوسمانی کوڕی حوێرس، زەیدی کوڕی عەمر. وەرەقەی کوڕی نەوفەل لە ئایینی مەسیحیدا زۆر شارەزا بووە، کەسێکی خوێندەوار بووە و شارەزایی لە ئاییندا زۆر بووە. ئامۆزای خەدیجەی خێزانی محەمەد بووە، هەروەها بە ڕەچەڵەک ئەچێتەوە سەر باپیرەگەورەی محەمەد، زۆربەی هەرە زۆری مێژوونووسان دەڵێن وەرەقە بووەتە دیان و هەر لەسەر ئەو بڕوایەش بووە کاتێک مردووە(151).
وەک دەگێڕنەوە، ڕۆژێکیان محەمەد لە ئەشکەوتی حەڕاوە بەرەو ماڵەوە ئەگەڕێتەوە بەسەرهاتی خۆی سەبارەت بە فریشتە و سروش بۆ خەدیجە ئەگێڕێتەوە، خەدیجەش، یان خەدیجە و محەمەد (گێڕانەوەی جۆراو جۆری لەسەرە) بۆ لای وەرەقە دەچن، بۆئەوەی بزانن لێکدانەوەی ئەو بۆ ئەو ڕووداوە چییە و لەو بارەیەوە چی ئەڵێ، ئەمەش وەک ئەوەی، کە وەرەقە لە ئاییندا کەسێکی شارەزا بووە. وەرەقە، پاش بیستنی بەسەرهاتەکە، ڕوو لە خەدیجە ئەکات و ئەڵێت: ئەگەر تۆ ڕاست بکەیت، ئەوا مێردەکەت بووەتە پەیامبەر، لە لایەن خەڵکەوە ئازار ئەدرێ، ئەگەر بزانم وایە، بڕوای پێ ئەهێنم(152). ئەوەی لێرەدا جێگای پرسیارە ئەوەیە: بۆچی وەرەقە نەبوو بە ئیسلام و بووە مەسیحی و هەر لەسەر ئەو ئایینەش مردووە؟! بەپێی

قسەکەی خۆی بێت محەمەدی بە پەیامبەر نەزانیوە و پێی وابووە محەمەد لە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوەدا ڕاستگۆ نەبووە، ئەگەر نا ئەبووە موسڵمان. هەرچی عەبدوڵای کوڕی جەحشە ئەبێتە ئیسلام و لەگەڵ ئەو موسڵمانانەی، کە بۆ حەبەشە ئەچن، ئەویش ئەچێت، بەڵام لەوێ ئەبێتە مەسیحی و واز لە ئایینی ئیسلام ئەهێنێ. هەروەها عوسمانی کوڕی حوێرسیش ئەبێتە مەسیحی. وەلێ زەیدی کوڕی عەمر هەر لەسەر ئەو بڕوایەی خۆی واتە، حەنەفی ئەمێنێتەوە تا ئەمرێ و ناچێتە سەر هیچ یەکێک لەو ئایینانە(153).

ئەوەی شایانی باسە، پێش ئەوەی محەمەد بانگەشەی پەیامبەرایەتی خۆی بکات، تاکێکی سەر بەم ڕەوتە بووە، کەوتۆتەبەر کاریگەری حەنەفییەکانی پێش خۆی، کە لەو شارەزاتر و بە تەمەنتر بوونە. هەروەها کەوتۆتە بەر کاریگەری حەنەفییەکانی هاوکاتی خۆی، بێگومان ئەمیش کاری کردووەتە سەر ئەوان. تا سەرئەنجام محەمەد بانگەشەی پەیامبەرایەتی کرد و بانگەوازی خەڵکی کرد، کە بڕوای پێ بکەن، دواتر توانی وردەوردە ئەم ڕەوتە بەرێتە پێشەوە، بیروباوەڕەکانی ڕێکوپێک بکات، پرسەکان ڕۆشنتر بکاتەوە، خەڵکی لەسەر ئەو بیروباوەڕانە ڕێکبخات، وەک بزووتنەوەیەک گەشەی پێ بدات و ڕابەری بکات، کە دوایی بە بزووتنەوەی ئیسلام و ئایینی ئیسلام ناسرا.

ئەم ڕەوتە تەنها لە ناوچەی حیجازدا نەبووە، بەڵکوو لە شوێنی تری جەزیرەش وەکوو، یەمامە هەبووە و ناودارترینی حەنەفییەکانی ئەم شوێنە موسەیلەمە بووە، کە ئەویش وەک محەمەد بانگەشەی پەیامبەرایەتی کردووە و کەوتووەتە ڕکابەریکردن لەگەڵ محەمەددا. موسەیلەمە داوای لە خەڵکی کردووە، کە خودایەکی تاک بپەرستن بە نێوی ڕەحمانەوە، هەربۆیە ئەمانە بە ڕەحمانییەکان نێوئەبران(154).

بەو شێوەیە ئەبینین خەڵکی عەرەب لە شاری مەککە و دەوروپشتیدا بیروبۆچوون و بیروڕای جیاواز و خودای جۆراوجۆر و جیاواز و ئایین و ڕەوتی ئایینی جۆراوجۆریشیان هەبووە. بێگومان سەرئەنجامی ئەم



جیاوازییانە، خوونەریت و شێوەپەرستن و مەراسیم و کەشی ئایینی جیاوازیشی لێ ئەبێتەوە.

مرۆڤی عەرەب وەک هەر مرۆڤێکی دیکە، خوداکانی لە خەیاڵی خۆیدا دروستکردووە، لە نێوان خۆیی و خوداکاندا، پەیوەندییەکی بە خەیاڵ دروستکردووە، پاشان بۆ پیادەکردنی ئەمە، کاری ئایینی بەجێ گەیاندووە. کەواتە، مرۆڤی عەرەب هەوڵی داوە، بۆ ڕازیکردنی خوداکان و دوورخستنەوەی ڕق و غەزەبیان، ڕێوشوێنێک بگرێتەبەر، ئەمەش بۆخۆی یانی، کاری ئایینی، کە شێوەی جۆراوجۆر بە خۆیەوە دەگرێت. دیارە هەموو شێوەکانیش لە کرۆکی خۆیدا یەک چشتن، ئەویش نیشاندانی لاوازی و بێهێزی مرۆڤە لە هەمبەر بەهێزیی ڕەهای خوداکان، نیشاندانی بەندایەتی و کۆیلایەتی مرۆڤ بۆ خاوەن کۆیلەیە واتە، خوداکان، کە ئەمەش یانی، جەبریەت و هیچ لەدەستنەبوونی مرۆڤ و بێئیرادەیی لە بەرامبەر ئیرادەی ڕەها و لەدەستگرتنی ژیان و مردن، بەختیاری و بێبەختی، هەبوونی و نەبوونی، خۆشی و ئازار، لە لایەن خوداکانەوە، یانی خودان کۆیلەکان.

هەروەکوو لە بەشی یەکەمی ئەم باسەدا لێی دواین، دوای ئەوەی مرۆڤ نیشتەجێ بوو، خانووی بۆ حەوانەوە و ژیانی خۆی دروستکرد، بیری لە دروستکردنی خانەیەکیش بۆخوداکان کردەوە، بۆئەوەی نوێنەری خوداکان، یان چشتی لەم جۆرەی تێدا دابنێن و کاری ئایینی بەکۆمەڵی تێدا بە ئەنجام بگەیەنن، ئەمەش یانی، کڵێسە و دێر و کابە و مزگەوت.

مرۆڤی عەرەبیش بە هەمان شێوە، پێداویستییەکانی پەرستن، کە یەکێکیان خانەی خودایە چێکردووە وەکوو، کابەی مەککە، خانەی عوزا، خانەی لات، کابەی سنداد، خانەی ڕیئام، سەعبەدە(155) ... هتد. ئەم شوێنانە ماڵی خوداکان بوون، بۆیە خەڵکی، هەرچی پێویستییەکی خوداکان هەبوو، لێرەدا بەجێیان ئەگەیاندن، جلوبەرگیان ئەکردە بەر خوداکان (موسوڵمانان تا هەنوکەش، ئەم کارە بۆ کابە و بەردە ڕەشەکە بەڕێوەئەبەن)، قوربانییان بۆ

سەرئەبڕین، کەسی تایبەتییان تەرخان ئەکرد بۆ خزمەتکردنیان، واتە، کاهین و مجێوور.

هەروەکوو لە باسەکەماندا هاتووە، مرۆڤی عەرەب بۆ نزیکبوونەوە لە خوداکانیان دار و بەردیان کردووەتە ناوەند و کێو و ئەشکەوت و بیر و کانییان بە پیرۆز زانیوە، یەکێک لەو بەردانەی کە خەڵکی عەرەب بە پیرۆزی زانیوە، زیارەتی کردووە، دەستی پێدا هێناوە و نزای لە پاڵدا کردووە، بەردێک بووە پێی ئەڵێن، بەردە ڕەشەکە (حجر الاسود). ئەم بەردە، بەردێکی ئاگرینی قەوارە مام ناوەندییە، سەرەتا لەسەر کێوی ئەبیقەبیس بووە، لە شەوانی تاریکیدا ڕوناکی داوە، بەپێی هۆشمەندی ئەو دەمە، ئەم بەردە لەبەرئەوە ڕەش داگیرساوە، چونکە ژنان لە کاتی حەیز و زەیستانیدا بۆ زیارەتی چوونە، بە لای ئەوانیشەوە ژن لەم بارەدا، پیسە و نابێت لێی نزیک بیتەوە. چوار ساڵ پێش ئیسلام قورەیشییەکان (کافرەکان) ئەم بەردەیان هێنایە خوارەوە و خستیانە نێو کابەوە(156). کابە ژوورێک بووە لە شێوەی شەشپاڵوو (مکعب)، هەربۆیە ئەو ناوەی بەسەردا بڕاوە. ئەفسانە و چیرۆک دەربارەی ئەم بەردە زۆرە ... مرۆڤی عەرەب پێی وابووە، ئەم بەردە یاقوتێک بووە لە بەهەشت، کاتێک ئادەم هاتۆتە خوارەوە بۆ سەر زەوی، ئەو یاقوتەشیان ناردووەتە خوارەوە، پاشان جوبرائیل ئەم بەردەی لە کێوی ئەبیقەبیس شاردۆتەوە، بۆئەوەی لە کاتی تۆفاندا سەرنگوون نەبێت، کاتێک، کە ئیبراهیم خەریکی دروستکردنی کابە ئەبێت، بە ئیسماعیلی کوڕی ئەڵێت: بڕۆ بەردێکم بۆ بێنە! لەم کاتەدا کێوی ئەبیقەبیس دێتە قسە و بە ئیبراهیم ئەڵێت: دیارییەکم بۆت هەیە، ئەویش ئەو بەردەیە(157).

بەپێی سروشتی ئەم بەردە و بەپێی ئەو ئەفسانانە بێت، ئەوە ڕاستە کە ئەم بەردە لە ئاسمانەوە کەوتۆتە خوارەوە و لە بنچینەدا تەنێکی ئاسمانی و نیازکێک بووە و لە خولگەی خۆی ترازاوە، یان بە هەر ڕووداوێکی لەو چەشنە کەوتووەتە سەر زەوی. دیارە ڕووداوی لەم جۆرە زۆر بووە،



هەروەکوو لە بەشی یەکەمی ئەم باسەدا لێی دواین. وەلێ بە هۆی بیروباوەڕ و ئاستی لێکدانەوەی مرۆڤی کۆنەوە، بە جۆریکی خورافی و ئەفسانەیی لێکدانەوەیان بۆ کراوە.

مرۆڤی عەرەب، بەردێکی ئاگرینی لەو چەشنە، کە لە ئاسمانەوە بێتە خوارەوە، هەر ئەو لێکدانەوەیەی بۆ ئەبێت، کە هەیبووە، چونکە پێی وابووە بەهەشت هەیە و شوێنەکەشی ئاسمانە. هەروەها پێی وابووە هاتنەخوارەوەی بەردێکی لەو چەشنە، ئەگەر بە فەرمانی خودا نەبێت (وای بۆچووە، کە خودا لە ئاسمان و لە بەرزیدایە)، چ هێزێک ئەیهێنێتە خوارەوە؟! بێگومان ئەگەر ئەمە لێکدانەوەی مرۆڤ بووبێت، ئیتر چۆن ئەو بەردە بە پیرۆز نەزانێت و نەچێتە زیارەتی و قسەی لەگەڵدا نەکات و نەیپەرستێت؟!

کاتێک، کە ئیسلام پەیدا بوو، هەرچی بەرد هەبوو لەنێوی برد، هەرچی کابە هەبوو لەنێوی برد، چونکە ئەمانە ئەبێتە هۆی پارچە پارچەیی خێڵ و تیرەکان و لەگەڵ سەردەمدا نایەنەوە، بۆیە پێویستە فرەئاییني، فرەخودایی لەنێو ببرێت، هەموو خێڵەکان لە دەوری یەک ئایین، یەک خودا یەکبگرن، هەروەها یەک کابە، یەک بەرد، کە ئەویش کابەی مەککە و بەردە ڕەشەکەی ئەم کابەیە بوو. ئەگەرنا ئەم کابەیە و ئەم بەردە لە ناوەڕۆکدا هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ باقی کابە و بەردەکانی تردا نەبووە، هەمان مەبەست و هەمان وەزیفەی یەکتریان هەبووە و هەمان ڕۆڵیان گێڕاوە.

کەواتە، مانەوەی بەردە ڕەشەکە و سەردانی موسڵمانەکان، هەمان بەردپەرستی پێشووە و درێژەی هەیە، بەڵام چونکە بۆ ئامانجی محەمەد نەک هەر زیانی نەبوو، بەڵکوو کۆمەکی پێ دەکرد، بۆیە لەنێوی نەبرد. چونکە ئامانجی محەمەد تەوحیدی خێڵەکان بوو، بۆیە ئەگەر گشت کابەکان بکات بە یەک کابە و گشت بەردەکان بکات بە یەک بەرد، زیانێک لەو ئامانجەی ئەو ناکەوێت، بەڵکوو بە پێچەوانەوە، یەکگرتوویان ئەکات، ئیتر ئەمە هەمان بەردپەرستی کۆنە و بە لای محەمەدەوە مەسەلەیەک نەبووە،

چونکە بە لای ئەوەوە ئایین ئامرازە نەک ئامانج. پێویستە لێرەدا ئەوەش باس بکەین، کە کابەی مەککە و بەردە ڕەشەکە، بەناوبانگترین کابە و بەرد بوونە لە دەڤەرەکەدا، کە لە هەموویان کۆنتر و لە هەموویان زیاتر خەڵکی هاتوونەتە زیارەتیان، دیارە ئەمەش بۆخۆی زۆرتر، زەمینەی مانەوەی خۆی لەچاو ئەوانی دیکە پێکهێناوە.

کەواتە، خەڵکی مەککە و ناوچەکە وەک هەر خەڵکێکی دیکە، شوێنی تایبەتییان بۆ خوداپەرستی هەبووە، ڕێزیان لێگرتووە، بە شێوەی تاک یان بە کۆمەڵ، لە کاتی دیاریکراودا، یان لە هەر کاتێکی دیکە لە ساڵدا، سەردانییان کردووە.

هەروەکوو چۆن لەنێو زۆربەی میللەتانی کۆندا، سەردانی خانەی خودا بە شێوەی کۆمەڵ و لە کاتی دیاریکراوی ساڵدا هەبووە واتە، حەج، لەنێو خەڵکی مەککە و حیجاز و جەزیرەشدا هەبووە. وشەی حەج بە مانای، "قصد واتە: نیاز" دێت(158)، یانی، ئەو مرۆڤە نیازی ئەوەیە، بچێتە شوێنێکی پیرۆز، کە خانەی خودایە، یانی ئەو شوێنەی کە خودا تیایدا پشوو ئەدات، یان لێی ئەژێت.

بە هۆی جیاوازی لە بیر و لێکدانەوە، جیاوازی خوداکان، جیاوازی نێوان خێڵەکان بۆ خێڵی خانەدان و پیرۆز ... لەگەڵ خێڵەکانی تر، مەراسیمی حەجیش جیاواز بووە و شێوەی جۆراوجۆری وەرگرتووە.

حەج لە بنچینەدا بە ژیانی ئابووری و وەرزی ئابوورییەوە پەیوەستە (159)، هەروەکوو لەم ئایەتانەشدا دەرئەکەوێت: "وأذن في الناس بالحج يأتوك رجالاً وعلى كل ضامر يأتين من كل فج عميق، ليشهدوا منافع لهم ويذكروا إسم الله في أيام معلومات على ما رزقهم من بهيمة الأنعام فكلوا منها واطعموا البائس الفقير، ثم ليقضوا تفثهم وليوفوا نذورهم وليطوفوا بالبيت العتيق"(160). واتە: بە خەڵکی ڕابگەیەنە، کە بۆ حەج بێن، بە پیادە و سواری وشتری لەڕ و لاوازەوە، لە گشت جێگا و ڕێگایەکی دوورەوە دێن بۆ لات، تاوەکوو سوود و قازانجی خۆیان لە بازاڕ و بازرگانی ببینن و



لە چەند ڕۆژێکی دیاریکراودا، لە پەیوەند بەو ڕسق و ڕۆزییە لە مەڕ و ماڵات، کە پێیانی داوە بیری خودا بکەن ...

حەج لە مانگێکدایە پێی دەڵێن، زولحیجە، ئەمەش یەکێکە لەو چوار مانگەی، کە شەڕوشۆڕی تێدا قەدەغە بووە، بۆئەوەی بتوانن پێویستی بازرگانی و گۆڕینەوە جێبەجێ بکەن. دیارە نابێت هەموو مانگەکان هەر بەم شێوەیە بێت، بۆئەوەی ئەمجارەیان بتوانن لە ڕێگەی شەڕوشۆڕی خێڵەکانەوە، پێویستییەکانی خۆیان، واتە، پێویستییەکانی ژیان، بە هۆی تاڵانییەوە دەسگیر بخەن.

خەڵکی لەو ڕۆژگارەدا، لە یەکەم ڕۆژی مانگی زولقەعدەوە، بەرەو بازاڕی عوکاز بەڕێ ئەکەوتن، لەوێدا بیست ڕۆژ ئەمانەوە و کاڵاکانیان تێدا ئاڵوگۆڕ ئەکرد، پاش تەواوبوونی بیست ڕۆژەکە، بەرەو بازاڕی زولمەجنە بەڕێ ئەکەوتن، لەوێشدا دە ڕۆژی دیکە ئەمانەوە و ئاڵوویێری خۆیان ئەنجام ئەدا، پاش تەواوبوونی ئەو دە ڕۆژە، واتە کاتێک مانگی زولحیجە ئەبینن، بەرەو بازاڕی زولمەجاز بەڕێ ئەکەوتن، لەوێشدا هەشت ڕۆژ ئەمانەوە و ئاڵوویێری خۆیان ئەنجام ئەدا، پاشان لە ڕۆژی ئاوخواردنەوە (يوم التروية)دا، زولمەجاز بەجێ ئەهێڵن و بەرەو عەرەفە بەڕێ ئەکەوتن(161)، بەڵام پێشتر لە زولمەجاز تێر ئاو ئەخۆنەوە، چونکە لە عەرەفە و موزدەلیفە ئاو نەبووە، ڕۆژی ئاوخواردنەوە دوا ڕۆژی ئاڵوویێریان بووە. دوای ئەمە ڕێبازی حەمس بەرەو کابە و ڕێبازی حلەش بەرەو عەرەفە ئەڕۆن، پاشان هەردووک لایان بەرەو موزدەلیفە ئەڕۆن و لەوێ بەیەک ئەگەنەوە. بەو شێوەیە هێندێکیان بۆ عەرەفە ئەچوون و هێندێکی دیکەیان نەئەچوون، هێندێکیان هاتووچۆی سەفا و مەروەیان ئەکردوو، هێندێکی دیکەیان نەیان ئەکرد.

یەکێکی تر لەو کارانەی، کە لەم ڕێوڕەسمەدا کردوویانە، خولانەوە (تەواف) بە دەوری کابەدا بووە. لەگەڵ جێبەجێکردنی ئەم کارانەدا نزایان کردووە و لە خودا پاڕاونەتەوە و هەر یەکە بە گوێرەی خوداکەی خۆی

تەلبییەی کردووە، بۆ نموونە تەلبییەی قورەیش ئەمە بووە: "لبیک اللهم لبیک، لبیک لاشریک لک إلا شریک هو لک تملکه وما ملک"(162). واتە: بۆ هەر فەرمان و داوایەکت وەڵامم هەیە، تۆ فەرامۆش ناکەم و ئیستیجابەم بۆت هەیە. هەندێک لەمانە، لە کاتی بەجێگەیاندنی ڕێوڕەسمی حەجدا، جلوبەرگیان لەبەرکردووە، هەندێکی دیکەیان بە ڕووتی لە دەوری کابەدا گەڕاوون.

ئەگەر بێت و ئێمە لە مەراسیمی حەج وردبینەوە، ئەوەمان بە ڕۆشنی بۆ دەرئەکەوێ، کە حەج دوو هۆکاری بنەڕەتی لە خۆی گرتووە: یەکێکیان، بیروباوەڕی ئایینی خێڵە عەرەبەکانە سەبارەت، بە پیرۆزی خانەی خوداکانیان و پیرۆزی بەرد و دار و کێو و ئاو و کانی و بیری زمزم و مانگ و خۆر و ... هتد. دووەمیان، بەرژەوەندی ئابووری و بازرگانی و ئاڵووێر و سوود و قازانج، هەروەکوو پێشتر ئاماژەمان پێی دا، کە چۆن مانەوەی حاجییان لە هەر جێگایەک و بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک، بە مەبەستی ئاڵووێر بووە. لێ ئەوەی پتر جێگەمەبەستی حاجییان بووبێت، هۆکاری ئابووری بووە. ئەوەی لێرەدا پێویستە باسی بکەین ئەوەیە، حەج دیارترین و بنەڕەتیترین شێوەکانی پەرستن و نزیکبوونەوە لە خودا بووە، کە لە ناوەڕۆکدا قازانج و ئامانجی ئابووری هۆکارەکەیەتی، هەربۆیە کاریگەری قووڵی بەسەر خەڵکی ئەو ناوچەیەوە هەبووە، هەرچی پێداویستییەکانی ئەم مەراسیمەشە لە لایەن خێڵی قورەیشەوە سازکراوە و بۆ ئەم کارەش ڕکابەرایەتی توندوتیژیان لە نێواندا هەبووە.

کاتێک، کە بزووتنەوەی محەمەدیی پەیدا بوو، ئەم جەهالەتەی نەک هەر پووچ نەکردەوە، بەڵکوو چەسپاندی و کردی بە یەکێک لە ئەرکەکانی هەر موسڵمانێک، هەروەکوو دەڵێت: "فلیعبدوا رب هذا البیت"(163)، واتە: با عیبادەتی پەروەردگاری ئەم ماڵە (کابەی مەککە) بکەن. واتە، لێرەدا دیسانەوە ئەو شوێنە بە خانەی خودا دانراوە، وەلێ ئەم جارەیان ئەو خودایەی، کە محەمەد باسی ئەکات، دەبێت ناوەندێک لە نێواندا نەبێت (لە



ڕاستیدا محەمەد ئەبێتە ناوەند و جێگای بتەکان ئەگرێتەوە و وەزیفەی ئەوان لە ئەستۆ دەگرێ، چونکە محەمەدیش لە لای خوداکەی شەفاعەت بۆ ئەوانە ئەکات، کە بڕوای پێ ئەکەن) و ڕاستەوخۆ بیپەرستن.

تا ئێرە، محەمەد دەست بە کابەی مەککەوە ئەگرێت و ئەیچەسپێنێ، وەک ماڵی خودا بە فەرمی ئەکات، پاشان ئەڵێت: "ولله علی الناس حج البیت من استطاع الیه سبیلا"(164)، واتە: پێویستە لەسەر ئەوانەی، کە توانای ڕۆیشتنیان هەیە، لە پێناوی خودادا، بۆ حەجی خانەی خودا (کابەی مەککە) بچن. لێرەشدا دیسانەوە قورئان، حەج وەکوو ئەرکێک بۆ جێگایەک کە بەیتە، واتە کابەی مەککە، ناوزەد ئەکات. هەرچی هەنگاوەکانی حەج و مەراسیمەکەیەتی، لە ئیسلامدا هەروەکوو خۆی مایەوە واتە، خێڵەکان (کافرەکان) لە پێش پەیدابوونی ئیسلامدا بە چ هەنگاوێک حەجیان کردووە، ئەمانیش بە هەمان شێوە، بەڵام ئەوندە هەیە، محەمەد هەستی بەوە ئەکرد، کە پێویستە شێوە جۆراوجۆرەکانی کەش و مەراسیمی حەج بکرێتە یەک کەش و یەک مەراسیم، چونکە ئامانجی محەمەد تەوحیدی خێڵەکانە، کە پێویستە تەوحیدی فکری لەگەڵدا بێت، ئەمەش یانی، تەوحیدی ئایین و نەهێشتنی کەش و مەراسیمی زۆر و جۆراوجۆر. هەربۆیە محەمەد تەلبییەکەشی هێشتەوە، بەڵام لەو هەموو تەلبییانەی ئەو دەمە کە لە ئارادا بوون، کە هەر یەکەیان بۆ خودای خۆی ئەیکرد، هاتە سەر یەک تەلبییە، ئەویش ئەمەیە: "لبیک اللهم لبیک، لبیک لا شریک لک لبیک، إن الحمد والنعمة لک والملک لا شریک لک".

کەواتە، محەمەد و بزووتنەوەی محەمەدی، حەجیان هەر درێژە پێ داوە، چونکە ئەیانزانی حەج، چەند بە قووڵی کاریگەری بەسەر خەڵکی مەککە و دەوروپشتییەوە هەیە و چ سوود و قازانجێکی ئابووری لەوێوە بۆ خەڵک بە گشتی و ئەریستۆکراتەکان بە تایبەتی بەدەست دێت، هەروەها ئەیزانی بۆ کۆکردنەوە و هەڵخڕاندنی خەڵکی چەند هۆکارێکی چاک و چەند زەمینەیەکی لەبارە، بە مەرجێک شێوە جۆراوجۆرەکانی لێکبدرێ و یەک بخرێت. ئیتر

هەر شێوەیەکی ئایینی کۆنتری تێدایە و چەندە خورافییە، یان نا ... ئەوە بە لای محەمەدەوە مەسەلەیەکی ئەوتۆ نەبووە، نەک هەر ئەوەندە، بەڵکوو ئایینی ئیسلامیش هەمان ئایینەکانی پێشووە، هەمان خەو و خەیاڵ و هەمان ئەفسانە و خورافەی مرۆڤی سەرەتاییە، وەلێ لە زەمان و زەمینێکی دیکە. چونکە بە لای محەمەدەوە ئایین ئامرازە نەک ئامانج، چونکە بە لای محەمەدەوە ئامانج تەوحیدی خێڵەکانە بە ڕابەری خودی خۆی، ئیتر محەمەد خوداکەی خۆی، کە بۆخۆی دروستی کردووە، بۆ گەیشتن بەم ئامانجە بووە.

❊

کەواتە، لە کۆمەڵی مەککە و ناوچەکانی دەوروپشتیدا، ئەوەی کاریگەری بەسەر خەڵکەوە بووبێت و جیهانداگر بووبێت، بیروباوەڕی خورافی و ئەفسانەیی ئایینی بووە. بەڵام ئەم بیروباوەڕە ئایینییە یەک شێوەی نەگرتبووە خۆ، بەڵکوو چەندین بیروباوەڕ و ڕا و بۆچوونی جیاواز لە ئارادا بووە، کە بۆخۆی بووەتە هۆی دروستکردنی چەندین خودای جۆراوجۆر و لێک جیاواز، کە ئەمانەش کەش و کاری ئایینی و داب و دەستوور و مەراسیمی زۆر و جیاواز لە یەک، بە دوای خۆیدا ئەهێنێ. هەربۆیە بزووتنەوەی ڕەوتی حەنەفی بە ڕابەری محەمەد، کە دواتر بە ئیسلام ناسرا، ڕەخنەی لەم هەلومەرجە هەبووە، ڕەخنەکەش لە جەوهەر و ناوەڕۆکی ئەوانەدا نەبووە، بەڵکوو لە شێوە و کلێشەکانیاندا بووە.

بە واتایەکی دی: ڕەخنەی ئیسلام لە بیروباوەڕ و لێکدانەوەی خورافی ئەفسانەیی نەبووە، کە نەک هەروا نەبووە بەڵکوو خۆشی لە هەمان شوێنەوە بنجی داکوتاوە و هەر لەوێوە دەستی پێ کردووە، ڕەخنەی ئەو لە فرەبیروباوەڕی، فرەخودایی، فرەئایینی، فرەنەریتی و مەراسیمی ئایینی، فرەکابەیی، فرەبتپەرستی ... هتد بووە. بۆیە ئامانجی سەرەکی ئیسلام، یەکخستنی هەموو ئەمانەیە لە، یەک باوەڕ، یەک خودا، یەک ئایین، یەک



نەریت و مەراسیم، یەک کابە یەک بەردپەرستی... هتد. چونکە بەم هۆیەوە تەوحیدی فکری دێتەکایەوە، کە بۆخۆی زەمینە ماددییەکەی پەیدا بووە، هەروەکوو لە خاڵی یەکەمی ئەم بەشەدا لێی دواین.

❊

بەڵام بزووتنەوەی محەمەدی چۆن لەم زەمان و زەمینەدا سەری هەڵدا، چۆن پەرەی سەند و لە بەرامبەر پرسەکانی ئەو ڕۆژگارەدا هەڵوێستی گرتووە، چۆن وەڵامی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی داوەتەوە و ... هتد. ئەمانە و چەندین پرسیاری دیکە، پێویستە لە درێژەی باسەکەماندا وەڵام وەربگرێتەوە.

## بەشی سێهەم

# پەیدابوونی ئایینی ئیسلام و هەڵوێست و سیاسەتی لە بەرامبەر کێشەکانی ئەو سەردەمە

### 1_ پەیدابوونی ئایینی ئیسلام:

ڕ_ بزووتنەوەی حەنەفییەکان و دەرکەوتنی محەمەد

ب_ دەربارەی ئاگایی و خوێندەواری محەمەد

ج_ محەمەد و بانگەشەی پەیامبەرایەتی

د_ دەربارەی بێئومێدی محەمەد

ه_ بۆچی محەمەد خۆی بە لایەنگری ئایینی ئیبراهیم دائەنا؟

### 2_ ئایینی ئیسلام و هەڵوێست و سیاسەتی لە بەرامبەر کێشەکانی ئەو سەردەمە:

ا_ سیاسەتی ئیسلام لە بەرامبەر نەیارانی

ب_ هەڵوێست و سیاسەتی ئیسلام لە بەرامبەر ناکۆکی چینایەتی و مەسەلەی خاوەندێتی

ج_ ڕوانین و ڕەفتاری ئیسلام لە بەرامبەر کۆیلە و کۆیلەداری

د_ ڕوانین و ڕەفتاری ئیسلام لە بەرامبەر مەسەلەی ژنان

## 1_ پەیدابوونی ئایینی ئیسلام:

### ا_ بزووتنەوەی حەنەفییەکان و دەرکەوتنی محەمەد

بەپێی تۆژینەوەیەک، کە لە بەشی دووەمی ئەم باسەدا خستمانە ڕوو، خێڵە عەرەبەکانی حیجاز و جەزیرە شێوەی سەرەتایی خێڵەکییان تێپەڕاندبوو، پەیوەندی کاڵایی و ئالوگۆڕ و بازرگانی و سوود و قازانج پەیوەندی خێڵایەتی ناوەکۆڵ کردبوو، خێڵەکان بۆ چینەکان دابەش ببوون و ململانێی توندی چینایەتی جێگەی هاوکاری و هاودەنگی و هاوبەشی خێڵایەتی گرتبووەوە، بەم هۆیەوە ئەو خێڵانە هەرچی زیاتر تێکەڵی یەکدی ببوون و شێوەی نوێی پەیوەندی هاتبووەکایەوە، کە ئەمە بۆخۆی یانی، هاتنەکایەوەی زەمینەی ماددی توانەوەی خێڵەکان لەنێو یەکتر، لە بەرامبەر ئەمەدا خوو و ڕەووشت و نەریت و فەرهەنگ و زمان و چۆنیەتی بیرکردنەوەشیان بەهۆی تێکەڵی و نزیکبوونەوەیان لە یەکتر گۆڕابوو و لە یەکتر نزیک ببوونەوە. ئەمانە لە بار و دۆخێکدا بوونە، ئەو خێڵە عەرەبانە لە ژێر گوشار و هەڕەشەی دەوڵەتە زلهێزەکانی ئەو سەردەمەشدا بوونە، هەربۆیە ئەمانە گشت، بۆ هێنانەدەری بزووتنەوەی تەوحیدی خێڵەکان ڕێگەخۆشکەربوونە، ئەمەش چ لە پەیدابوونی کەسانێک، کە دەیانویست وەک پاشای عەرەب خۆیان دەربخەن و ئەو یەکگرتنە بە ئەنجام بگەیەنن دەرئەکەوێت، یان لە پەیدابوونی بزووتنەوەیەکی فکری_ مەزهەبی، کە داوای نەهێشتنی فرەخودایی، فرەئایینی، فرەپەیامبەری دەکرد و گەرەکی بوو، لەم ڕێگەیەوە یانی، یەکگرتنی خوداکان لە یەک خودادا، خێڵەکانیش لە دەوری یەکتر کۆ و یەکگرتوو و بکات، ئەمەش پێی دەووترا حەنەفییەکان.

حەنەفییەکان بە چەندین ساڵ پێش ئەوەی ئیسلام پەیدا بێت، پڕۆپاگەندەیان بۆ بیروباوەڕەکەی خۆیان کردووە و ڕەخنەیان لە بیروباوەڕ و ئایین و خودا و دابونەریتی ئایینی میللەتەکەی خۆیان گرتووە. ئەمانە لای خەڵکی،



بە شارەزا و تێگەییشتوو ناسرابوون و زۆرجاریش لە لایەن خەڵکەوە پرس و ڕایان پێ کراوە.

بەڵام ئەمانە گشت نەبووە هۆی دوورخستنەوەی خەڵکی لە بیروباوەڕی ئایینی خۆیان و وازهێنان لەوەی هەتا ئەو دەمە پەیڕەوییان لێ ئەکرد. هەروەها ئەریستۆکرات و دەسەڵاتداری هەر خێڵەش ئۆتۆریتە و سەرکردایەتی یەکترییان بە هیچ جۆرێک قبوڵ نەئەکرد، بە پێچەوانەوە هەریەکەیان لە دەرفەتێک ئەگەڕا بۆئەوەی جێگەوڕێگەی سیاسی و دەسەڵاتی خۆی پتەوتر بکات و لە بەرامبەرکێی یەکتریدا، پاشەکشە بە وی تر بکات.

هەروەکوو پێشتریش ئاماژەمان پێی کرد، حەنەفییەکان خودان ئایینێکی سەربەخۆ و ڕۆشن نەبوونە، سەرباری نزیکییان لە یەکتر لە خاڵە بنچینەییەکاندا، خاوەن یەک بیروباوەڕ و لێکدانەوە نەبوونە، هەربۆیە خاوەن ڕێکخستنێکیش نەبوونە. بەم هۆیە و بەهۆی بەدەنگەوەنەهاتنی میللەتەکەیان، بەشێکیان دواتر ئایینەکانی تری ئەو کاتە قبوڵ ئەکەن و لەسەر بیروباوەڕی ئەوان جێگیر ئەبن، چونکە بەهۆی شێوەکارێکی نەگونجاوەوە کارەکەیان بێئەنجام ئەبوو و خۆشیان تووشی بێئومێدی ئەبوون. چونکە بانگەوازکردنی خەڵکی بۆ کۆبوونەوە و یەکگرتن لە ڕێگەی یەکگرتنی خوداکان و کردنیان بە تەنها خودایەک، ئەگەرچی زەمینەی ماددی ئەو کارە لە ئارادا بووە، هەروا کارێکی ئاسان و ئاسایی نەبوو، چونکە ئەو کارە پێویستی بە پێداویستی خۆی هەیە و پێویستی بە هەوڵدان و شێلگیرییە، پێویستی بە وەڵامدانەوەی کێشە فکرییەکان و تەرحکرنی سیاسەت و تاکتیکی دروست و گونجاو لەگەڵ هەلومەرج و بەرزکردنەوەی دروشمێک، کە کاریگەری بەسەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەبێت و بتوانێت هۆیەکیش بۆ بردنەپێشی سیاسەت و تاکتیکەکان بدۆزێتەوە واتە، هێنانەکایەوەی شێوازێکی گونجاوی ڕێکخستن. بە بێ ئەم هەنگاوانە، سەرئەنجامی بزووتنەوەکە لەناوچوونە، چونکە زەمینەی ماددی بۆ ئەو

کاره یانی، خۆشکردنی ڕێگای پەرەسەندن نەک پەرەپێدانی، چونکە هەروەکوو باسمان کرد، هەر سەرەکهۆز و ئەریستۆکراتێک، سەرکردایەتی بۆ خۆی ویستووە و هەر خێڵەش هەروا بە سانایی دەستبەرداری خوداکەی خۆی نابێت، چونکە ڕازیبوون بە سەرکردایەتی کەسێکی تر و بە خودای خێڵێکی تر بە مانای، زەبوونی و ژێردەستەیی و ئیهانەتە(1) لە ڕوانگەی ئەواندا و لە ژیانی ئەواندا، ئەم کارە دەبێ بە شەڕ و پێکدادانی خوێناوی بەو ئاکامە بگات.

لە هەلومەرجێکی ئاوهادا، پێویستە ئەو کەسەی، کە ئاڵای یەکگرتن و ڕابەری هەڵدەگرێ، لە لای خەڵکی وەکوو پەیامبەر و ناردەی خودایی خۆی دەربخات و هەر بەو شێوەیەش بیان دوێنێ، چونکە هەلومەرج و فەزای ئەو کاتە بۆ خورافە و ئەفسانە و ئایین لەبار بووە، بیروباوەڕی ئایینی بە تەواوی هۆش و بیر و دەروونی خەڵکی داگیر کردووە، بۆیە باشترین هۆیەک بۆ هەڵخڕاندنی خەڵکی، بەکارهێنانی چەکی خورافە و ئایین بووە.

کەواتە، ئەگەرچی لەئارادابوونی فرەئایینی، فرەپەیامبەری، فرەخودایی و فرەدابونەریتی ئایینی، بۆخۆی ڕێگر بوونە لە بەردەم یەکگرتنی خێڵەکان، وەلێ ئەم ناوەڕۆکە ئایینییە بۆخۆی و بە شێوازێکی دیکە، دەبێتە هۆی یەکگرتنەوە یانی، هێنانەگۆڕی خودایەکی تر لە بری گشت خوداکان. کەواتە، ئەگەرچی ئایین لە بەردەم تەوحیدی خێڵەکاندا ڕێگر بووە، بەڵام لە هەمان کاتدا هۆی یەکگرتنیشیان بووە.

هەروەکوو باسمان کرد، هەلومەرجی ئابووری و شێوەی ژیانی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵ لەوپەڕی چەوسانەوە و بێحورمەتیدا بووە، خەڵکی بەپێی هۆشمەندییەک، کە لەو سەردەمەدا هەی بووە، هەمیشە بیریان لە لای خوداکانیان بووە، پێیان وابووە، سەرفرازییان بە خوداکانەوە پەیوەستە، هەربۆیە هەمیشە چاوەڕێی کار و فەرمانی خودا بوونە و بیریان لەوە دەکردەوە، کە خودا چەند زووتر نارده و پەیامبەری خۆی، بۆ ڕزگاری و دەربازبوون لەو هەموو مەینەتی و مەرگەساتە، بۆ لای ئەوان بنێرێ(2).



لەو کاتەدا جووەکانی مەدینە و شوێنەکانی تریش، هەمیشە پڕۆپاگەندەیان بۆ پەیدابوونی پەیامبەرێکی سەر بە خۆیان (سەر بە جوولەکە) ئەکرد، بۆ ڕزگاربوون لەو بارە خوارەی، کە لە بەرامبەر عەرەبدا هەیان بووە، هەمیشە خێڵە عەرەبەکانیان بەوە ئەترساند و پێیان ئەووتن، هەر کاتێک ئەو پەیامبەرە پەیدابێت ئێوە لەنێو ئەبات(3). ئەم قسانەش بۆ خۆی دیسانەوە کاریگەری زۆری لەسەر عەرەب داناوە، بە تایبەتی خێڵی ئەوس و خەزرەج، کە لە مەدینەدا ژیاوون. هەربۆیە ئەمانیش پەرۆشی پەیدابوونی پەیامبەرێکی سەر بە خۆیان بوون، بۆئەوەی لەو دڵەڕاوکێیە ڕزگاریان بێت. ئەمەش هۆیەکی گرنگ بوو، بۆ پشتیوانیکردنی ئەم دوو خێڵە لە محەمەد، لەو کاتەدا، کە محەمەد داوای پەیامبەری خۆی لە گەڵیاندا باسکرد، لە پاڵ هۆی تردا (وەک ئەوەی، ئەوس و خەزرەج بە هۆی کاریگەری ئایینی جوولەکە بە سەریانەوە، لە باری فکرییەوە زووتر و ئاسانتر بیروباوەڕی ئیسلامیان قبوڵ ئەکرد)، لە باری دەرونیشەوە پێیان خۆش بوو، چونکە جوولەکەکان خۆیان لە عەرەب بە زیاتر و بە بانتر دەزانی، چونکە خۆیان بە خاوەن پەرتووک و ئایینی ئاسمانی و ئەوانیش بە بتپەرست و بە کەم دەزانی(4).

کەواتە، لەو کاتەدا باشترین زەمینە بۆ کەسانێکی لێوەشاوە فەراهەم بوو، تاوەکوو بانگەشەی پەیامبەرایەتی بکەن و لەو ڕێگەیەوە خێڵەکان، بە ڕابەرایەتی و سەرکردایەتی خودی پەیامبەر (مەبەست هەر کەسێکە، کە بانگەشەی پەیامبەرایەتی بکات) تەوحید بکرێن، هەربۆیە لەو ڕۆژگارەدا چەندین کەس پەیدا بوون، کە داوای پەیامبەرایەتییان کردووە و داوای تەوحیدی خوداکانیان کردووە.

هودی هۆزی عاد، ساڵحی هۆزی سەمود، شوعەیبی مەدین و چەندین کەسی تر لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی جەزیرەدا، داوای پەیامبەرییان کردووە، کە هێندێکیان ناویان لە قورئاندا هاتووە(5).

یەکێک لە خێڵی قەتیعەی کوڕی عەبەس داوای پەیامبەری کردووە، بەڵام خێڵەکەی بڕوایان پێ نەکردووە و لەناویان بردووە. پاش ئەوەی محەمەد

بانگەشەی پەیامبەری خۆی کرد، ڕۆژێکیان لە کاتی خوێندنەوەی سورەتی "قل هو الله أحد..."دا، کچی ئەو کەسە دێتە لای محەمەد و پێی دەڵێت: باوکیشم کاتی خۆی هەمان سورەتی ئەخوێندەوە(6). ئەوەی شایانی باسە محەمەدیش باسی ئەم کەسەی کردووە و وەک پەیامبەر ناوی بردووە، چونکە لەو کاتەدا ئەم پیاوە نەمابوو و بە هیچ شێوەیەک نەدەبووە هۆی شێواندنی بەرژەوەندی محەمەد، بە پێچەوانەوە، ئەگەر لایەنگرێکیشی هەبووبێت، ئەوا بەو هۆیەوە لە محەمەد نزیک ئەبێتەوە و بۆ محەمەد بە قازانج ئەگەڕێتەوە، ئەوەی تێبینی ئەکرێت، ئەمە سیاسەتێکی گشتی محەمەد بووە.

یەکێکی تر لەو کەسانە حەنزەڵەی کوڕی سەفوان بوو، لەنێو خەڵکی ئەلڕس، یان بە پێی ڕای هێندێک، لە نێو خەڵکی عەدەندا، داوای پەیامبەری کردووە، بەڵام بڕوایان پێ نەکردووە و کوشتوویانە(7).

یەکێکی تر لەو کەسانە شوعەیبی کوڕی زیمەهدەم بوو، کە لە نێو خەڵکی حزوردا داوای پەیامبەری کردووە، بەڵام خەڵکەکە بڕوایان پێ نەکردووە و کوشتویانە، لە کێوی سنین لە یەمەن نێژراوە(8).

هەروەها یەکێکی تر بە ناوی موسەیلەمە کوڕی حەبیبولمەنفییەوە داوای پەیامبەری کردووە، محەمەد ناوی موسەیلەمەتولکەزابی بەسەردا ئەبڕێت، ئەم کەسە لە شاری مەککە داواکەی بڵاوکردووەتەوە، لە کاتێکدا، کە هێشتا محەمەد بۆ مەدینە کۆچی نەکردبوو(9). موسەیلەمە لە محەمەد بە تەمەنتر بوو، پێش ئەوەی محەمەد داوای پەیامبەری بکات، ئەو لە ناوچەی یەمامە کاری کاهینی کردووە، خەڵکی مەککەش ئەیانناسی و شارەزاییان پێ هەبووە(10). موسەیلەمە یەکێک بووە لەو کەسانەی، کە بە حەنەفی ناسرابوو، داوای پەرستنی یەک خودای تاکی ئەکرد، کە ناوی لێ نابوو ڕەحمان، هەربۆیە خەڵکی پێیان ئەووت ڕەحمانی یەمامە. ئەوەی شایانی باسە، بەشێک لە خەڵکی مەککە بە محەمەدیان وتووە: بیستوومانە، کە ڕەحمانی یەمامە فێری شتت ئەکات(11). ئەم پیاوە، ڕەخنەی لە



بیروباوەڕی ئایینی ئەو سەردەمەی خۆی ئەگرت، بانگەوازی خەڵکی ئەکرد بڕوای پێ بکەن و لە دەوری کۆببنەوە، لایەنگری زۆری لە یەمامە پەیدا کرد و حەنەفییەکان لە دەوری کۆبوونەوە، نوێژیان ئەکرد و بانگیان ئەدا، بانگدەرێکیان هەبوو بە ناوی حەمیرەوە(12). ئەم کەسە لە نێو لایەنگرانی خۆیدا جێگەی بڕوا بووە، بە پەیامبەریان زانیوە، تەنانەت هێندێکیان پاش کوشتنیشی لە لایەن شوێنکەوتووانی محەمەدەوە، هەر بڕوایان پێی هەبووە(13).

موسەیلەمە ڕێنوێنی خەڵکی ئەکرد و قسەکانی، کە گوایە فەرموودەی خودایین، بە شێوەی پەخشان دەرئەبڕی و بۆ خۆی قورئانی داناوە، کە ئەمەش نموونەیەکە لە قورئانەکەی: "والشاة وألوانها، وأعجبها السود وألبانها، والشاة السوداء واللبن الأبيض، إنه لعجب محض، وقد حرم المذق، فما لكم لا تمجعون"، "والمبذرات زرعا، والحاصدات حصدا، والذاريات قمحا، والطاجبات طمنا، والخابزات خبزا، والثاردات ثردا، واللاقمات لقما، إهالة وسمنا، لقد فضلتم على أهل الوبر، وما سبقكم أهل المدر، ريفكم فامنحوه، والمعتر فآوده، والباغي فناوئوه"(14). ئەوەی شایانی باسە موسەیلەمە بۆ نوسینەوەی قورئانەکەی، سروشنووس (كاتب الوحي)یشی هەبووە.

موسەیلەمە، یەکێک بووە لەو کەسانەی، کە بەرامبەرکێی لەگەڵ محەمەددا کردووە، مەترسی بۆ پێکهێناوە و هەر یەکەیان لە شوێن خۆیەوە بانگەشەی پەیامبەرایەتی کردووە، وەلێ موسەیلەمە پێی باش بووە لەگەڵ محەمەددا شەریک بێت، هەربۆیە هەوڵی داوە دەسەڵاتیان بەش بکەن(15)، بەڵام محەمەد بەم کارە ڕازی نەبووە، هەربۆیە هەوڵی سووککردن و لەنێوبردنی داوە. بەوە ئەچێت جێگەوڕێگە و توانایی محەمەد وای کردبێت، کە خۆی لە موسەیلەمە بە پێشتر بزانێ و پێی باش بووە بە تەنها خۆی و بە بێ هاوبەشیکردنی موسەیلەمە ئەم کارە بە ئەنجام بگەیەنێ و ببێتە سەردار.

یەکێکی تر لەو کەسانە ئومەیەی کوڕی ئەبیسەلت بووە، ئەم کەسە خەڵکی تاییف و سەر بە خێڵی سەقیف بووە، پورزای محەمەد و یەکێک بووە لەو

کەسانەی، کە سەر بە ڕەوتی حەنەفی بووە، هاتووچۆ و هاوڕێیەتی لەگەڵ محەمەددا هەبووە. خەریکی کاری بازرگانی بووە، بە هۆی ئەم کارەوە ئەم وڵات و ئەو وڵاتی زۆر کردووە، پەیوەندی و هاتووچۆی زۆری لەگەڵ خاخا و کەشیشەکاندا هەبووە، کەسێکی خوێندەوار بووە، شارەزایی لە زمانی ئارامی و عیبریدا هەبووە، توانای شیعرنووسینی هەبووە، زۆربەی شیعرەکانی ئایینی و دەربارەی بیروباوەڕی خوداپەرستی خۆی بووە، لە شیعرەکانیدا باسی ڕۆژی زیندووبوونەوە و بەهەشت و دۆزەخ و لێپرسینەوەی کردووە، باسی ئەو چیرۆکانەی کردووە، کە لە پەرتووکی ئینجیل و تەوراتدا هەن، باسی چیرۆکی فیل و چیرۆکی ژیانی پەیامبەرانی کردووە(16). بە گوێرەی دەنگوباسی ئەو سەردەمە، کاتێک، کە ئومەیە دیدەنی کەشیشەکانی کردووە، پێیان وابووە، کە نیشانەکانی پەیامبەری تێدایە و ئەگەری ئەوە هەیە، ببێتە پەیامبەر(17).

بەپێی ئەقڵییەتی ئەو کاتە، هەر کەسێک خودا بیکاتە پەیامبەری خۆی، پێویست بوو بە فەرمانی خودا، پێشتر سینگی شەق بکرێت و دڵی دەربکرێت، بۆئەوەی پاک بکرێتەوە، پاشان بخرێتەوە شوێنی خۆی، چونکە پێیان وابووە، پاک و پیسی مرۆڤ پەیوەندی بە دڵەوە هەیە، دڵی مرۆڤ پیسی تێدایە، بۆیە پێویستە پاک بکرێتەوە، چونکە پەیامبەران، کە پەیوەنددەری نێوان ئاسمان و زەوین، نێوان خودا و مرۆڤن، گەرە کەسانێکی ئاسایی نەبن! لەو سەردەمەدا بڕوایەکی لەو بابەتە دەربارەی ئومەیە هەبووە و پێیان وابووە بەم پرۆسەیەدا تێپەڕیوە.

ئەلفاریعە، کە خوشکی ئومەیە بووە دەگێڕێتەوە، ئەم کارە بە هۆی دوو باڵندەوە بۆ ئومەیەی برای ئەنجام دراوە(18). هەروەها هەمان چیرۆک و ئەفسانەش بۆ محەمەد ڕازێنراوەتەوە. ئەڵێن، دایەنەکەی محەمەد واتە، حەلیمەتول سەعدییە باسی ئەوەی کردووە، کە چۆن بە منداڵی سینگی محەمەد شەق کراوە و دڵی پاک کراوەتەوە(19).



لە ناو خێڵی قورەیشدا ئومەیە یەکەم کەس بووە لە نوسینی نامەدا دەستەواژەی "باسمک اللهم"ەی بەکاربردووە، کە دوواتر محەمەدیش بە هێندێک دەسکارییەوە ئەو دەستەواژەیەی بەکار هێناوە یانی، بەکارهێنانی "بسم الله الرحمن الرحيم"(20).

لە شیعرەکانی ئومەیەدا گەلێک باسی جۆراوجۆر سەبارەت بە پاداشتی بەهەشتیان، لە خواردن و ڕابواردن هاتووە، هەروەکوو لە سزای دۆزەخیان باسی ئازار و ئەشکەنجەیان هاتووە ... هتد.

کاتێک محەمەد بانگەشەی پەیامبەری خۆی کرد، ئومەیە زۆری پێ ناخۆش بوو، چونکە ئومەیە پێی وابوو خۆی شارەزایی پتری دەربارەی ئایین هەیە. دیارە ئومەیە و محەمەد جگە لەوەی خزمی نزیکی یەکتر بوونە، هاوڕێیەتییان هەبووە و هامۆشۆی یەکتریشیان کردووە، هەربۆیە کاریگەریشیان بەسەر یەکەوە هەبووە، هەروەکوو دەرئەکەوێت محەمەد بۆ بانگەشەی پەیامبەرایەتی خۆی کەڵکی لێ وەرگرتووە.

هەروەکوو وتمان ئومەیە، بانگەشەی پەیامبەری محەمەدی پێ ناخۆش بوو، هەربۆیە کاتێک بەمەی زانی، گوتی: "من خۆم بە هیوای پەیامبەری بووم"(21)، هەر لەبەر ئەوەش لایەنگری لە محەمەد نەکرد و هەر لەسەر بڕوای حەنەفی خۆی مایەوە تا مرد، واتە نە بیروڕا و ئایینی باوی خەڵکی قبوڵ بوو، یانی بت و سەنەم پەرستی، نە چووە پاڵ محەمەد و ئایینی ئیسلام(22)، هەروەکوو لە شیعرێکدا دەڵێت: "كل دين يوم القيامة عند الله، إلا دين الحنفية"(23). واتە: لای خودا، لە ڕۆژی قیامەت، بە تەنها ئایینی حەنەفی ئایینی پەسەندکراوە. هەروەکوو دواتر محەمەد هەمان قسەی دووبارە کردووەتەوە و ئەڵێت: "إن الدين عند الله الأسلام"(24)، واتە: ئایینی پەسەندکراو لای خودا ئیسلامە.

کەواتە لێرەوە دەرئەکەوێت، کە چۆن لەو سەردەمە و لەنێو ڕەوتی حەنەفیدا هەر یەکێک لە خۆی ڕابدیبایە، خۆی بە پەیامبەری خودا دەناساند، لە هەمان کاتیشدا چ ڕکابەری و بەرانبەرکێیەک لەنێو ڕابەرانی ئەم ڕەوتەدا

هەبووە! هەربۆیە ئەگەر بهاتبایە و محەمەد بانگەشەی پەیامبەری نەکردایە، ئەوا ئومەیە لەنێو خەڵکی سەقیف بە پەیامبەر ئەناسرا، بەڵام وتووریایی محەمەد و هەلومەرجێک، کە بۆ ئەو لەبار بوو، کارێکی وای کرد، کە بتوانێت لە هەمبەر ئومەیەدا سەربکەوێت و بوار نەدات وەک پەیامبەر خۆی بناسێنێ، سەرئەنجام کارەکەی بۆخۆی قۆستەوە و کاری ئومەیەی پووچ کردەوە. کەواتە، بۆ ئەو سەردەمە زەمینەیەکی زۆر لەبار بۆ کەسانێکی شارەزا لە ئایین و لە کۆمەڵ، کە لە خۆیان ڕابینیوە هەبووە، تاوەکوو وەک نێرراوی خودایی خۆ بناسێنن. جا ئیتر هەر یەکێک هەلومەرجی لەبارتر و گونجاوتر و جێگاوڕێگای کۆمەڵایەتی بەهێزتر و سیاسەتی ڕۆشنتری هەبووبێت، دەیتوانی سەرکەوتن بەدەستبهێنێ و داوای ڕکابەرانی خۆی نەک هەر پووچ بکاتەوە، بەڵکوو لەنێویشیان بەرێت. ئەو کەسەی، کە ئەم تایبەتمەندییانەی تێدا بەرجەستە بوو محەمەد بوو.

محەمەدی کوڕی عەبدوڵا، سەر بە تیرەی هاشم و سەر بە خێڵی قورەیش بوو، ناوی محەمەد لە بنچینەدا لە وشەی (الحمد)ەوە هاتووە، ئەمەش بە مانای ئەو کەسەی، کە هەمیشە و یەک لە دوای یەک سوپاس ئەکات هاتووە، هەر لەو بناغەیەوە ناوی، ئەحمەد، حامید، حەماد، حەمید، مەحمود ... هاتووە.(25).

هێندێک لە مێژوونووسان پێیان وایە، کە محەمەد یەکەم کەس نەبووە ئەم ناوەی هەبووبێت، بەڵکوو چەندین کەسی دیکە بەر لە محەمەد ئەم ناوەیان هەبووە(26). وەلێ هەندێک لە ڕۆژهەڵاتناسان، بە سەرنجدان لەو سورەتانەی، کە ناوی محەمەدی تێدا هاتووە و ژمارەیان چوارە: "آل عمران، أحزاب، محمد، الفتح"، کە سورەتی مەدەنین، بەو ڕایە گەییشتوون، کە محەمەد لەو کاتەوە ناوی خۆی کردووە بە محەمەد، کە بۆ مەدینە کۆچ دەکات. هەروەها ئەڵێن محەمەد ئەم ناوەی لە ئینجیلی یوحەناوە وەرگرتووە، چونکە کاتێک وشەی "پێراکلیتی" ڕۆمی وەرگێڕراوەتە سەر زمانی سریانی، بووە بە وشەی "منحمنا"، ئەمەش بە واتای ئەو کەسە دێت،





هێڵکاری وێنەی محەمەد (پەیامبەری ئیسلام)

که خەڵکی لە تاریکییەوە ئەخاتە سەر ڕێگای ڕاست و ڕوناک. جا محەمەد وشەی "منحمنا"ی کردووە بە محەمەد و کردوویە بە ناوی خۆی. ئەم وشەیە لە زمانی عیبریدا ئەبێتە "مناحیم"(27). دیارە ئەم ناوگۆڕینە بۆ محەمەد سوودێکی هەبووە، چونکە بە قەولی لایەنگرانی ئیسلام، عیسا ئەڵێت، پاش خۆی پەیامبەرێک دێت ناوی ئەحمەدە دیارە خۆجووتکردنەوەی محەمەد لێرەدا بۆخۆی کارێکی چاکە. دیارە هەر ئایینەش هەوڵی ئەم خۆگونجاندنەی داوە و دەڵێت مەبەستی خۆمە. بۆ نموونە مەسعودی ئەڵێت، ئەو پەیامبەرەی، کە عیسا باسی دەکات مەبەستی لە "مانی"یە(28). هەروەکوو جووەکانیش پێیان وابوو، ئەو پەیامبەرە لەنێو خۆیان پەیدا ئەبێت.

بەپێی بۆچوونی هێندێک لە شارەزایان، محەمەد لە سەرەتادا نێوی "قثم" و باوکیشی ناوی "عەبدوللات" بووە، پاشان ناوەکەی گۆڕیوە بە محەمەد عەبدوڵا، ئەوەی شایانی باسە باوکی محەمەد بە باوکی قەسەم (أبا قثم) ناسراوە، مەبەست، پاش لەدایکبوونی محمدە. هەروەها لەو بنەماڵەیەدا کەسانی دیکەش بە هەمان ناوەوە هەبوونە(29). بەهەرحاڵ لەسەر ئەم مەسەلەیە بیروڕای جیاواز و مشتومڕی زۆر هەیە، بەڵام وای پێ دەچێت، کە لە سەرەتادا محەمەد ناوی "قثم" بووبێت و پاشان بۆخۆی گۆڕیبێتی، چ بۆئەوەی لەگەڵ بیرکردنەوە و بڕوای خۆیدا جووت بێتەوە، چ وەک سوودوەرگرتن لەو پەرتووکە ئایینییانەی پێش خۆی، کە باسی هاتنی پەیامبەرێک بەو ناوەوە دەکات. ئەوەی شایانی باسە لەو سەردەمەشدا، گۆڕینی ناو کارێکی ئاسایی بووە، بە تایبەتی بۆ ناوێک. کە ئەو کەسە خۆی پێی باش بووبێت و لەگەڵ بیروباوەڕیدا هاتبێتەوە، هەروەکوو زۆرێک لە لایەنگرانی محەمەدیش ئەم کارەیان کردووە، بۆ نموونە عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف پێش ئەوەی موسڵمان بێت ناوی "عەبد عەمرو"، یان "عەبدوالکەعبە" بووە(30).



زۆربەی مێژوونووسان ساڵی لەدایکبوونی محەمەدیان بە ساڵی (571ز)ی واتە، ساڵی فیل داناوە(31)، وەلێ بەشێکی تریان چەند ساڵ پێش، یان پاش ئەو ساڵە بە ساڵی لەدایکبوونی دەزانن(32)، بەڵام زیاتر بەوە ئەچێت، کە ڕای بەشی دووەم یانی، کەمایەتی دروستتر بێت، چونکە ساڵی فیل لە لای خەڵکی قورەیش و ناوچەکە ساڵێکی پیرۆز و خۆشەویست بووە، ئەویش لەبەرئەوەی، پێیان وابووە، خوداکەیان (یان خوداکانیان) لە هەمبەر هێرشی ئەبرەهەدا، پشتیوانی لێ کردوون و کابە و بت و خەڵکەکەی پاراستووە، هەربۆیە مێژوونووسانی موسڵمان و پیاوە ئایینییەکان (وەک هەمیشە، کە دەیانەوێت کەسایەتی محەمەد بکەنە کەسایەتییەکی ناسروشتی و جیاواز لە مرۆڤی ئاسایی، هەروەها هەموو شتێکی بە پیرۆز و بە سەیر و موعجیزە بۆ لەقەڵەم بدەن) دەیانەوێت بڵێن، محەمەد لە ساڵێکی وا گرنگ و پیرۆز لەدایک بووە، ئەوەی شایانی باسە شوێنکەوتووانی ئیسلام، وەک شوێنکەوتووانی هەر ئایینێکی دی، هەر شتێکی ناڕاست، کە بۆ محەمەد پۆزەتیف بێت بە ڕاستی ئەزانن، بە پێچەوانەشەوە نەء! دیارە مەسەلەی پۆزەتیفبوون و نەبوون، مەسەلەیەکی ڕێژەکییە و بە جێگیری نامێنێتەوە، ڕەنگبێ ئەوەی بۆ ئەو دەمە باش و پۆزەتیف بووبێت، هەنووکە بە پێچەوانەوە، لە دیدی خەڵکیدا، خراپ و نێگەتیف بێت، جا ئەگەر ئەو شتە خراپ و نێگەتیفانە بۆ خەڵکی بە گشتی، بە هۆی گۆڕانی ڕۆژگار و هاوشانی ئەویش گۆڕانی دیتنی خەڵک بۆ دیاردەکان جێگای باوەڕ نەبێت، ئەوا بەلای پیاوانی ئایینی و شارەزایانی ئایینییەوە جێگای باوەڕە، وەلێ بە هوشیارییەوە نکۆڵی لێ دەکەن.

بۆئەوەی پەیدابوونی کەسێکی وەک محەمەد و دەرکەوتنی وەک پەیامبەرێک زیاتر لە لامان ڕۆشن بێت، گەرە چەند خاڵێک لە مەڕ ژیانی ئەم کەسایەتییە باس بکەین، کە کاریگەرییان بەسەر دوارۆژ و کاری سیاسی محەمەدەوە هەبووە.

هەروەکوو باسمانکرد محەمەد سەر بە تیرەی هاشم و هۆزی قورەیش بووە، واتە، محەمەد لە بنەماڵەیەکی خانەدان (ئەشراف) و ناوداری مەککە بووە و پشتاوپشت کاری زۆربەی ئەو تیرەیە بازرگانی بووە. بە پێی دەستووری ئەشراف و دەوڵەمەندەکانی ئەو کاتە، محەمەد ئەدرێتە لای ژنێک بە ناوی حەلیمەتولسەعدییە، کە سەر بە هۆزی سەعد هەزیم بووە(33)، بۆئەوەی زمانی پاراوی عەرەبی فێر بێت، کە دیارە بۆ ئەوان جێگەی بایەخ بووە. ئەوەی دەبێ لێرەدا ئاماژەی بۆ بکەین ئەوەیە، کە قورئان بە شێوە زمانی هۆزی سەعد هەزیم دانراوە(34)، هەروەکوو محەمەدیش کاتێک باسی زمان و ڕەچەڵەکی خۆی دەکات دەڵێت: من لە قورەیشم و زمانم زمانی بەنی سەعد بن بەکرە(35).

کەواتە، محەمەد لە سەرەتادا لەنێو هۆزی سەعد هەزیم گەورە بووە و لە نێو ئەواندا زمانی گرتووە و فێری شێوەزاری ئەوان بووە، هەربۆیە کاتێک، کە گەورەش بوو، ئەو کاریگەرییەی بە سەرەوە هەر مایەوە و قورئانیشی هەر بەو شێوەیە، نەک بە شێوەزاری قورەیش داڕشت، ئەمەش دیسانەوە بۆخۆی، نیشانەی ئەوەیە، کە محەمەد نووسەری قورئانە.

محەمەد بە هۆی بێ دایک و باوکییەوە ( الم یجدک یتیما فآوی: ئایا تۆی بە هەتیوی نەبینی، جا پەنای دایت؟)(36)، لای ئەبوتالیبی مامی بووە. ئەبوتالیب خەریکی بازرگانی بووە، محەمەد لە تەمەنی دوانزە (یان نۆ) ساڵیدا یەکەم سەفەری لەگەڵ مامی بۆ وڵاتی شام کردووە(37)، دوای ئەوە، ئەگەر چەند سەفەری دیکەشی کردبێت، ئەوا هیچ زانیارییەک لە ئارادا نییە. بەڵام هاتووچۆی بازرگانی محەمەد لەگەڵ مامی، بێگومان کاریگەری تەواوی بەسەر بیرکردنەوەی محەمەدەوە هەبووە، لە کاتێکدا کاری بازرگانی، دەبێتە هۆی چاوکرانەوە و وریابوونەوەی مرۆڤ، چونکە گەڕان و دەرچوون لە مەککە و تێکەڵاوی لەگەڵ خەڵکی جۆراوجۆر(38) و لەگەڵ کەشیش و خاخا و لەگەڵ زمان و ئایین و بیروباوەڕی جۆراوجۆردا، مرۆڤ لەو چوارچێوە تەسکەی ژینگەی لە مەڕ خۆی دەرئەهێنێ و ئەیخاتە



سەر بیرکردنەوە و ئەندێشە و ڕامان و بەراوردکاری لە نێوان شوێن و خەڵک و هۆز و ئایین و باوەڕی جۆراوجۆردا، سەرئەنجام دەبێتە هۆی فێربوون و وەرگرتن و هەڵبژاردنی بیروڕا.

هەروەها محەمەد یەکێک بووە لەو کەسانەی، کە لە شەڕی ئەلفوجاردا لەگەڵ مامەکانیدا بەشداری کردووە. ئەم شەڕە چوار ساڵی خایاندووە و لەو دەمەدا محەمەد تەمەنی (15-20) ساڵ بووە(39)، ئەمەش دیسانەوە کاریگەری زۆری لە پێگەیاندنی محەمەد وەک شەڕکەرێک و وەک شارەزایەک لە تاکتیکی جەنگ و لە بەڕێوەبردنی کاری جەنگیدا هەبووە، کە پاشان محەمەد لە جەنگی خۆی و نەیارانیدا کەڵکی لێ وەرگرتووە.

محەمەد لە تەمەنی 35 ساڵیدا بەشداری پەیمانی ئەلفزول ئەکات، کە ئەوەش نیشانەی وریایی و زرنگی و دەرکەوتنی محەمەدە وەک کەسێکی سیاسی و بە ئەزموون لەنێو دەوروبەر و لەچاو هاوڕێکانیدا.

محەمەد بەر لەوەی لەگەڵ خەدیجەدا ژیانی هاوسەری پێکەوە بنێ، خەریکی کاری بازرگانی بووە. محەمەد لە شاری مەککە و بازاڕەکانی حیجاز و هێندێک لە بازاڕەکانی یەمەن، وەکوو بازاڕی حەباشە کڕین و فرۆتنی کردووە. محەمەد لە بازاڕی حەباشە، کە شەش شەو لە مەککەوە دوور بووە و لە یەکەم ڕۆژی مانگی ڕەجەبەوە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ دائەنرا، کوتاڵی کڕیوە و بۆ شاری مەککە بۆ فرۆشتن بردوویەتی(40).

شارەزایی و وریایی محەمەد لە ئیشوکاری بازرگانیدا، وای لە خەدیجە (کە یەکێک بوو لە دەوڵەمەندەکانی شاری مەککە) کرد، کە متمانەی تەواوی پێ بکات و لە لای خۆی بیکاتە بەڕێوەبەری کاروباری بازرگانی و ژمێریاری، ئەویش بە سەرکەوتوویی ئەم کارەی بۆ جێبەجێ ئەکرد و قازانجی زۆری لە سەفەرەکانیدا بۆ بەدەست ئەهێنا، کە دیسانەوە ئەمەش بۆخۆی، نیشانەی سەرلێدەرچوویی محەمەد لە کاری بازرگانی و ئاڵوێر و ژمێریاریدا بووە(41).

ئەمانە گشت نیشانەی وریایی و ئاگایی محەمەدە لە کار و ژیان و سیاسەتدا، بە پێچەوانەی قسەی زۆرێک لە لایەنگرانی ئیسلامەوە، کە گەرەکیانە محەمەد وەک کەسێکی بێئاگا لە دنیا نیشان بدەن، بۆئەوەی بڵێن، محەمەد بۆخۆی هیچی نەزانیوە، هەرچییەکی گوتووە پەیامی خودایی بووە! پاشان ئیتر محەمەد لەگەڵ خەدیجەدا ئیزدواجی کرد. دەڵێن، لەو کاتەدا تەمەنی خەدیجە چلوپێنج، یان دەڵێن، سی، یان دەڵێن، بیستوهەشت، هەروها دەڵێن سیوپێنج و بیستوپێنج ساڵان بووە(42). تەمەنی محەمەدیش بیستویەک، یان سی، یان بیستوحەوت ساڵان بووە(43). ماڵی خەدیجە لە شوێنە ڕاقییەکانی شاری مەککە بووە، دوای ئەوەی لەگەڵ محەمەد ژیانی هاوسەری پێکەوە ئەنێن، محەمەدیش ئەچێتە ئەو ماڵە و هەر لەوێدا پێکەوە ژیان بەسەر ئەبەن(44).

هاوسەرگیری محەمەد لەگەڵ خەدیجەدا، یەکێکە لە گەورەترین ئەو ڕووداوانەی، کە کاریگەری گەورەی بەسەر ژیانی محەمەد و داهاتوویەوە هەبووە. ئەگەرچی محەمەد کەسێکی هەژار نەبووە، وەلێ لەچاو دەوڵەمەندەکانی مەککەدا دەوڵەمەند نەبووە. وەلێ بە هۆی ئیزدیواجی لەگەڵ خەدیجەدا، دەبێتە کەسێکی دەوڵەمەند و خۆشگوزەران (ووجدک عائلا فأغنى: وە تۆی بە هەژاری نەبینی، جا دەوڵەمەندی کردی)(45)، کە باشترین یاریدەدەر بوو، تاوەکوو محەمەد بتوانێت، وەکوو زۆربەی حەنەفییەکانی هاودەمی (کە ژیانیان مەیسەر و خۆش بووە) بە ئاسانی هاتووچۆ و سەفەر بکات، وڵاتان بگەڕێ و تێکەڵی جۆراوجۆری هەبێت، توانای کڕین و پەیداکردنی کتێبی هەبێت، بچێتە چیا و چۆڵ و ئەشکەوتی حەڕا و تیایدا بیر بکاتەوە، لە دنیا ڕابمێنێ، بە بێ ئەوەی ئەم کاتتەرخانکردنە کاریگەری خراپ لەسەر گوزەرانی دابنێ.

ئەمانە گشت، کاریگەری ڕاستەوخۆیان بەسەر پێگەیاندنی محەمەدەوە هەبووە، بۆئەوەی بکارێت لە کۆمەڵی مەککە و دەوروپشتیدا بانگەشەی پەیامبەری بکات، لە کۆمەڵێکدا، کە زەمینەی ماددی بۆ تەوحیدی خێڵەکان لە



ڕێگەی ئایینەوە تێدا فەراهەم بوو، هەروەها لە کۆمەڵێکدا، زەمینەی فکری تێدا فەراهەم بوو، ئەویش بەوەی، بڕوایان بە هێزی لەئاسابەدەر، خوداپەرستی، ئەفسانە و خورافە، فریشتە، پەیامبەر، دابونەریتی ئایینی، نوێژ و ڕۆژو، حەج و عەمرە و تەواف، کابە و سەفا و مەروە و زمزم و ...هتد هەبوو.

محەمەد بانگەشەی پەیامبەری خۆی لەو کۆمەڵە و لە تەمەنی (40) ساڵیدا دەکات. سەبارەت بەو ساڵەش ڕاوبۆچوونی جیاواز هەیە، هێندێک دەڵێن، محەمەد لەو دەمەدا 43 ساڵان بووە. وەلێ زۆربەیان لەسەر ئەو بڕوایەن، کە محەمەد لەو دەمەدا تەمەنی 40 ساڵ بووە. هەربۆیە لەنێو موسڵمانان واباوە، کە گوایە مرۆڤ لە تەمەنی چل ساڵیدا، بە ئەوپەڕی ژیری و کامڵی دەگات، خۆ ئەگەر لە دیدی ئایینەوە لە ژیانی پەیامبەرەکانی دیکە بڕوانین، دەبینین هەر یەکە لەوان لە تەمەنێکدا بانگەشەی پەیامبەری خۆی کردووە، خۆ ئەگەر لە باری زانستیشەوە بۆی بڕوانین، ئەوە ئاشکرایە، کە ئەمە ڕایەکی نادروست و بەتاڵە، وەلێ زێتر بۆ ئەوە دەچین، کە بانگەشەی پەیامبەرایەتی محەمەد لە چل ساڵیدا بووبێت، چونکە ئەم تەمەنە لە لای خێڵی قورەیش (نەک لە لای خودا!)، ساڵی کامڵی و ژیری مرۆڤ بووە. باپیرەگەورەی ئەم خێڵە (قوسەی)، تەنها ڕێگەی بەو کەسانە ئەدا، کە پشکداری لە کۆبوونەوەی شورا (دارولنەدوە)دا بکەن، کە تەمەنیان بە چل ساڵی گەیبیشتبوو، بۆیە سەیر نییە ئەگەر محەمەدیش کاریگەری ئەقڵیەتی باپیرەگەورە و خێڵەکەی بەسەرەوە بووبێت و هەر لە چل ساڵیدا بانگەشەی پەیامبەری خۆی کردبێت، هەتاوەکوو لە قورئانیشدا ئەم تەمەنە لە ژیانی مرۆڤدا بە دیاریکراوی باسکراوە: "وحمله وفصاله ثلاثون شهرا حتى إذا بلغ أشده وبلغ أربعين سنة"(46)، واتە: دەورانی دووگیانی تا لە شیرگرتنەوەی سی مانگە، هەتا دەگاتە تەمەنی لاوی و دەگاتە چل ساڵی.

## ب_ دەربارەی ئاگایی و خوێندەواریی محەمەد

هەرکاتێک باسی ئایینی ئیسلام و پەرتووکی قورئان و کەسایەتی محەمەد، لە پەیوەست بەوەی کە، ئایا ڕاستە قورئان پەیڤی خودایە و بۆ محەمەد نێرراوە، یان نەخێر دانراوی محەمەدە؟ بکرێت، مەلا و پیاوی ئایینی و کەسانی مەزهەبی سەر بەم ئایینە دەیانەوێت لەو دەروازەیەوە بۆ نێو باسەکە بچن، کە گوایە محەمەد کەسێکی بێئاگا لە دین و لە دنیا بووە، تەنانەت خوێندەواریشی نەبووە، ئیتر چۆن ئەکرێت پەرتووکێک بنووسێتەوە، کە ئەوەندە ڕێکوپێک و بێکەموکوڕی و بەرزە ... هتد؟!

بێگومان سەرجەم باسەکەی ئێمە بۆ ئەو جێگەیە دەچێت، کە بڵێین: قورئان و ئیسلام دانراوی محەمەد خۆیەتی و بۆ ئەم حوکمەش ڕێگەی جۆراوجۆرمان گرتووە، هەتا باسەکەش بە کۆتایی دەگات، گشت ڕوونکردنەوە و لێکدانەوەیەک، کە دەکرێت هەر کۆمەک بەو مەسەلەیە دەکات.

دیارە ئێمە لە ڕوانگەی ماتریالیزمی مێژووییەوە ئەم مەسەلەیەمان داوەتە بەر لێکۆڵینەوە و ئاشکرایە خاڵی دەسپێکی ئێمە بۆ سەلماندنی ئەم مەسەلەیە لە کوێوەیە. بۆیە کاتێک دەچینە سەر خوێندەواری، یان نەخوێندەواری محەمەد، مەبەستمان ئەوە نییە وەک دەروازەیەک، یان خاڵێکی گرنگی دەستپێکردن لەبەرچاوی بگرین، بەڵام لەبەرئەوەی ئەم باسە لە لایەن شوێنکەوتووانی ئیسلامەوە زۆر زەق ئەکرێتەوە، بۆیە پێویستە ڕوونکردنەوەیەکی لەسەر بدەین.

هەروەکوو لە بەشی دووەمی ئەم باسەدا چووینە سەر کاروباری بازرگانی خێڵی قورەیش و قەوارەی ئەم کارە و هاتووچۆ و تێکەڵییان لەگەڵ میللەتانی دەوروپشتدا، کە چۆن گەیشتبووە ئاستێک، ئیتر پێویستییان بە خوێندەواری و نووسینی نامە و خوێندنەوە، بۆ ژماردن و لێکدانەوەی سوود و قازانجی زۆروزەوەندی کاڵاکانیان بێت. هەر بەم هۆیەوە



بازرگانەکانی مەککە پیتەکانی ئەلفوبێیان لە وڵاتی دووزێوە بۆ مەککە برد(47)، کە دواتر قورئانیش هەر بەم پیتانە نوسرایەوە. هەروەها ڕکابەرایەتی خێڵەکان لەگەڵ یەکدی و خڕبوونەوەیان لە بازاڕەکان و بردنەپێشەوەی ئەم ڕکابەرایەتییە بە شێوەی شیعر خوێندنەوە و وتاردان و گرنگیدان بە وێژە، دیسانەوە پێویستی خوێندن و نوسینی بۆ ئەم کۆمەڵە هێناوەتە پێش.

کەواتە، بۆ کۆمەڵی مەککە، کە سەنتەری بازرگانی و ئایینی و وێژەیی بووە، خوێندەواری پێویستییەکی بێ ئەملا و ئەولا بووە و بە کارێکی چاک سەیر کراوە، بە تایبەت بۆ بازرگان و ئەریستۆکراتەکان، کە لە کاری بازرگانییاندا سوودی لێ وەرئەگرن، یان بۆ پیاوی ئایینی و ئەو کەسانەی، کە گەرەکیان بووە، لە ئایین و لە کاری ئایینی ئایینەکانی دیکە شارەزاییان هەبێت، بە تایبەت کەسانی سەر بە ڕەوتی حەنەفی.

لەو سەردەمەدا خوێندەوارانی پەیڕەوانی ئایینی جوولەکە و مەسیحیش هەبوونە، کە خاوەن پەرتووک بوونە و بۆ خۆیان و بۆ خەڵکی پەرتووکیان خوێندووەتەوە و خەڵکییان فێری خوێندەورای کردووە، بۆئەوەی بیروباوەڕ و ئایینەکەیان باشتر و زیاتر بڵاوبێتەوە، تەنانەت لە هێندێک شوێن قوتابخانەیان هەبووە و پێیان گوتووە مەدراش (مدرسة). ئەم قوتابخانانە هەر مابوونەوە، هەتا لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتاب تێکدران و هەرچی جوولەکەیەک، کە لە ناوچەی حیجازدا هەبوون تەرحیل کران(48) و دەرکران. بلازەری لە پەرتووکی "فتوح البلدان"، کە دێتە سەر باسی خوێندەواری خەڵکی لەو سەردەمەدا، ناوی هەڤدە کەسی هێناوە، کە لە کاتی پەیدابوونی ئیسلامدا خوێندەوار بوونە، ئەوانەش: "عومەری کوڕی خەتاب، عەلی کوڕی ئەبوتالیب، عوسمانی کوڕی عەفان، ئەبوعوبەیدەی کوڕی جەڕاح، زەیدی کوڕی ئەبوسوفیان، ئەبوحەدیفەی کوڕی عەتەبەی کوڕی ڕەبیعە، حاتەبی کوڕی عەمرو، ئەبوسەلمەی کوڕی عەبدولئەسەد ئەلمەخزومی، ئەبانی کوڕی سەعیدی کوڕی عاسی کوڕی ئومەیە، خالیدی

کوڕی سەعید، عەبدوڵای کوڕی ئەبیسەرج، حویەتبی ئیبنعەبدلعوزا، ئەبوسوفیانی کوڕی حەرب، مەعاوییەی کوڕی ئەبوسوفیان، جەهمیمی ئیبنولسەلت، عەلاو بنلحەلامی". هەروەها هێندێکی دیکەیان وەک، حەفسە، ئومکەلسوم، شیفائی کچی عەبدوڵا ئەلدەویە، کە ژن بوون، ئەمە جگە لە هێندێکی دیکەی وەک، ئایشە و ئومسەلما، کە توانای خوێندنەوەیان هەبووە(49). بێگومان ئەمەی باسکراوە تەنها دەربارەی شاری مەککەیە، ئەمە بەشێکە لە ناوی خوێندەوارەکانی ئەو شارە و چەندانی تریش ناویان هەر نەهاتووە(50).

ئەگەر ئەمە زانیارییەکی کەم و وێنایەکی گشتی، لەسەر ڕادەی خوێندەواری و ڕادەی گرنگی بۆ ئەو دەمە بێت، ئایا ئەشێت، کە کەسێکی وەکوو محەمەد خوێندەواری بە لاوە گرنگ نەبووبێت، سەرنجی بۆی نەچووبێت و نەخوێندەوار بووبێت؟!

محەمەد سەر بە تیرەی هاشم و لە خێڵی قورەیش بووە، ئەو خێڵەش نێودارترین خێڵی ناوچەی حیجاز بووە، دەسەڵاتداران و خانەدانەکانی شار لەم خێڵە بوونە، زۆرترین سەرگەرمی ئەم خێڵەش بازرگانی بووە، باوک و باپیر و مامی محەمەد (بە خودی محەمەدیشەوە)یش هەر خەریکی بازرگانی بوونە، خوێندەواریش بۆ بازرگانی زۆر بەکەڵک بووە. ئەم خێڵ و تیرەیە لە کاروباری ئایینیشدا دەسەڵاتدار بوونە، خوێندەواریش بۆ کاری ئایینی زۆر بە کەڵک بووە، محەمەدیش سەر بەڕەوتی حەنەفی بووە، کەسانی سەر بەم ڕەوتەش خوێندەوار بوونە، بە تایبەتی ڕابەرانی ئەم ڕەوتە، کەواتە لەو نێوەدا بۆچی دەبێ کەسێکی وەکوو محەمەد هەر بە نەخوێندەواری مابێتەوە؟! مەگەر خوێندەواری لە ڕوانگەی ئەو خەڵکەدا، بێڕەووشتی و چشتێکی ناشرین بووە! کەواتە محەمەد وەکوو بازرگانێک، وەکوو تاکێک لە خانەدانەکان، وەکوو تاکێکی سەر بە ڕەوتی حەنەفی، دەبێ خوێندەوار بووبێت و هیچ گومانێک لەو بارەوە نەبێت.



ئەگەر یەکێک سەرنج لە ناوی ئەو خوێندەوارانەی، کە بلازەری باسی کردوون بدات، ئەوجا بە دڵنیاییەوە بۆی دەرئەکەوێت، کە کەسێکی وەک محەمەد خوێندەوار بووە، چونکە هەرگیز ئەوە ژیربێژی نییە، کە عومەری کوڕی خەتاب، عوسمانی کوڕی عەفان، خوێندەوار بووبن، وەلێ محەمەد نەخوێندەوار! یان لەوەش سەیرتر عەلی کوڕی ئەبوتالیب خوێندەوار بێت، محەمەد نەخوێندەوار، لە کاتێکدا عەلی هەر لە ماڵی محەمەد بووە و هەر لەوێ مەزن بووە، (دیارە بە لێکدانەوە لەگەڵ تێکڕای مەسەلەکانی پەیوەست بەمەوە، ئەگەرنا و بە موجەڕەدی، ئەشێ باوک نەخوێندەوار و کوڕ خوێندەواربێت، یان بە پێچەوانەوە)! کەواتە، ئەبێت محەمەد نەک هەر خوێندەوار بووبێت، بەڵکوو هەر خۆشی عەلی فێرە خوێندەواری کردبێت!

محەمەد پەیوەندی نزیکی لەگەڵ وەرەقەی کوڕی نەوفەل و ئومەیەی کوڕی سەلتدا هەبووە، هەروەکوو باسمانکرد، پەیوەندی نزیکی لەگەڵ کەشیش و خاخاکاندا هەبووە و لەگەڵ ئەبوبەکری سدیق (کە پێ دەچێت ئەمیش سەر بە ڕەوتی حەنەفی بووبێت)ی هاوڕێیدا، بۆ کۆڕی شیعر و وتارخوێندنەوە چووە، ئامادەی کۆڕی بەناوبانگترین وتاربێژەکانی ئەو کاتە (قەسی کوڕی ساعیدە ئەلئەنادی)یان کردووە، یەکێک لەو جارانە، وتارێکی بەناوبانگی داوە، کە محەمەد و ئەبوبەکر تیایدا ئامادە بوونە. هەروەکوو دەگێڕنەوە کاتێک، کە محەمەد گوێی لەم وتارە بووە، توانیویەتی ئەزبەری بکات و دواتر بیڵێتەوە(51)، کە ئەمەش نیشانەی زیرەکی و توانایی وەرگرتنی محەمەد و بایەخدانی ئەو، بەو جۆرە کۆڕ و کۆمەڵانە بووە. لە هەمان کاتدا ئەو کۆڕ و کۆمەڵ و ئەو بازاڕانە، جگە لەوەی شوێنێک بوون بۆ ئاڵوویڕ، سەکۆیەکیش بوو بۆ کەسانێکی وەکوو محەمەد، کە خۆیان تێدا دەربخەن و پڕۆپاگەندەی فکری خۆیانی تێدا بکەن(52). بێگومان ئەم پەیوەندی و ئەم شێوە هاتووچۆ و بایەخدانەی محەمەد، کاریگەری زۆری بەسەر پێگەیاندنی فکری و ڕەوانبێژی ئەوەوە هەبووە، کە بکارێت دواتر، لە داڕشتنی قورئاندا، سوودی لێ وەربگرێت.

جگە لەمانە، محەمەد کەڵکی لەو کۆیلانەش وەرگرتووە، کە لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی وڵاتانی دەوروپشتەوە بۆ مەککە، وەکوو سەنتەرێکی بازرگانی ئەیانهێنان، هێندێک لەم کۆیلانە کەسانی زۆر شارەزا و دنیادیدە بوونە، یەکێک لەو کۆیلانەی، کە محەمەد سوودی لێ وەرگرتووە، سەلمانی فارسی بووە. ئەم کەسە زۆر دڵسۆزی ئایینی زەردەشتی بووە، شارەزا و خودان پلەی ئایینی بووە، پاشان دەچێتە سەر ئایینی مەسیحی و نزیکایەتی لەگەڵ ناودارترین کەسانێکی نێو ئەم ئایینەدا پەیدا دەکات. شوێنان زۆر گەڕاوە و بەم هۆیانەوە کەسێکی زۆر شارەزا لە ئایین و زۆر بە فەرهەنگ بووە(53). لەو سەردەمەشدا خەڵکیی هەستیان بە کاریگەری ئەم کەسە بەسەر محەمەدەوە کردووە، هەربۆیە لە قورئانیشدا ئاماژەی بۆ کراوە و دەڵێت: "ولقد نعلم أنهم يقولون إنما يعلمه بشر لسان الذي يلحدون إليه أعجمي وهذا لسان عربي مبين"(54)، واتە: وە بێگومان ئێمە دەزانین، کە ئەوانە دەڵێن، ئەم ئایەتانە مرۆڤێک فێری (محەمەد)ی ئەکات، لە کاتێکدا ئەو کەسە (سەلمانی فارسی) عەجەمییە و ئەم قورئانەش بە زمانێکی عەرەبی ئاشکرایە. لێرەدا ئەوە دەرئەکەوێت، کە محەمەدیش وەڵامی نەیارانی خۆی داوەتەوە و پێیانی گوتووە: چۆن ئەبێت کەسێک، کە زبانەکەی عەجەمییە، محەمەد فێری قورئانێک بکات، کە بە زمانی عەرەبی نوسراوەتەوە. بێگومان محەمەد وەڵامێکی لاوازی بەو قسانە داوەتەوە، چونکە نەیارانی محەمەد گوتوویانە، محەمەد لە سەلمانەوە فێری شت بووە و ناوەڕۆک و بیرۆکەی قورئان لەوەوە وەرگیراوە، یان شتی لەم جۆرە، نەک وتووبێتیان سەلمان قورئانی داڕشتووە! عەلی کوڕی ئەبوتالیبیش وەسفی شارەزایی و بە فەرهەنگی ئەم کەسەی زۆر کردووە(55)، هەروەها سەلمان بۆخۆشی باسی ئەوە دەکات، کە لە کن بابی فێری زانست بووە، هەروەکوو ئاشکرایە ئەم کەسە دواتر دەبێتە ئیسلام و وەک یەکێک لە سەرکردە بەناوبانگەکانی ئیسلام دەناسرێت.



پەیمانی حودەیبییە یەکێکە لەو ڕووداوانەی، کە خوێندەواربوونی محەمەدی تێدا بە تەواوی دەرئەکەوێت. ئەم پەیمانە لە نێوان موسڵمانەکان و دەسەڵاتدارانی مەککە لە ساڵی شەشەمی کۆچیدا ئەبەسترێت. بۆ نووسینەوەی پەیماننامەکە محەمەد بانگی عەلی کوڕی ئەبوتالیب ئەکات و پێی دەڵێت بنووسە: "بسم الله الرحمن الرحيم"! سوهەیل ئەڵێت: هێواش، من ئەم وتەیە نازانم (بڕوام پێی نییە)، بنووسە: "بأسمك اللهم"! محەمەدیش وتی بنووسە: "بأسمك اللهم"! پاشان محەمەد گوتی: بنووسە: "ئەمە ئەو پەیمانەیە، کە محەمەد، پەیامبەری خودا و سوهەیل کوڕی عومەر لەسەری پێکهاتن". سوهەیل گوتی: "ئەگەر ئێمە تۆمان بە پەیامبەری خودا بزانیبا، دەستمان بە ڕووتەوە نەدەنا، تۆ محەمەدی کوڕی عەبدوڵای". محەمەدیش گوتی: "من پەیامبەری خودام و محەمەد کوڕی عەبدوڵاشم". ئینجا بە عەلی گوت، کە وشەی پەیامبەری خودا لە دەقی ڕێکەوتننامەکەدا بسڕێتەوە! بەڵام عەلی وتی: نا! هەرگیز تۆ ناسڕمەوە، محەمەدیش ڕێکەوتننامەکەی لە عەلی وەرگرت و وشەی "پەیامبەری خودا"کەی سڕییەوە و لە شوێن ئەودا ناوی خۆی نووسی، ئیدی باقی نووسینەکەش هەر بۆخۆی تەواوی کرد(56). لێرەوە دەرئەکەوێت، محەمەد کەسێکی خوێندەوار بووە و هیچ گومانێکی تێدا نییە.

محەمەدیش بە وێنەی جوولەکەکان لە شاری مەدینەدا، قوتابخانەی دامەزراندووە، کە تیایدا عەلی و عومەر زۆر بەناوبانگ بوونە، بەڵام زەیدی کوڕی سابت و عەبدوڵای کوڕی عومەری کوڕی خەتاب لە هەموان شارەزاتر و لێزانتر بوونە(57).

لێرەوە بۆمان دەرئەکەوێت، کە محەمەد بە چ ڕادەیەک خوێندەواری بەلاوە پێویست و گرنگ بووە، بۆئەوەی قورئان و قسەکانی تری خۆی پێ بنووسرێتەوە، بخوێنرێتەوە، لەنێونەچێ، بچەسپێ و بڵاوبێتەوە، هەروەکوو چۆن جوولەکەکانی دەوروبەری خۆی بەو شێوەیە ئەبینێ، ڕەنگبێ هیچ کەسێک بڕوا نەکات، کە محەمەدێک بۆ فێربوونی خوێندەواری، هێندە

پەرۆشی هاوڕێ و شووێنکەوتووانی بووبێت، کەچی بۆخۆی هەر بە نەخوێندەواریی مابێتەوە! هەروەکوو ئاشکرایە لایەنگرانی محەمەد کردەوەی محەمەدیان دووبارە کردۆتەوە و هەرچییەک، کە ئەو کردبێتی، پێیان خۆش بووە، یان پێویست بووە ئەوانیش بیکەنەوە، جا تۆ بڵێیت محەمەد لەبەرئەوە خۆی فێری خوێندەواری نەکردبێت، تاوەکوو لایەنگرانیشی شوێن کردەوەی ئەو نەکەون؟!

کەواتە، بانگەشەی نەخوێندەواری محەمەد درۆیەکی گەورەی مێژووییە و بە هیچ جۆرێک پینە ناکرێت، بەڵام ئەوەی ئەمێنێتەوە ئەوەیە، کە محەمەد چۆن و لە چ عەیامێک فێری خوێندەواری بووە؟ بەرسڤی ئەم پرسیارە، هەتا ئێستا نەزانراوە، یان شاراوەیە، هەروەکوو چۆن گەلێک لایەنی ژیانی لاوی محەمەد هەتا هەنووکەش، زانیارییەکی کەم نەبێت، شتێک لە بارەیەوە نازانرێ. لە قورئاندا هاتووە ئەڵێت: "وما كنت تتلوا من قبله من كتاب ولا تخطه بيمينک إذا لأرتاب المبطلون/ العنكبوت: 48"، لێرەدا ئایەتەکە ڕووی لە محەمەدە و پێی دەڵێت: کە پێش قورئان پەرتووکت نەخوێندووەتەوە و نەنووسیوە، ئەگەرنا گومانیان لە کارەکەت ئەکرد. ئەگەر وا دابنێین ئەم قسەیەی محەمەد ڕاست بێت، مانای ئەوەیە محەمەد لەگەڵ بانگەشەی پەیامبەرایەتی فێری خوێندەواری بووە، نەک پاش ئەوە، هەروەکوو باسی ئەمە بە شێوەیەکی ئەفسانەوی کراوە، کە دواتر لێی ئەدوێین. ئەوەی لێرەدا جێگەی سەرنجە ئەوەیە، لەو کاتەدا خوێندەواربوون جێگەی سەرنجی خەڵک بووە، چونکە وەکوو دەرئەکەوێت، محەمەد پێی وتوون: من بەر لە قورئان پەرتووکم نەخوێندووەتەوە، تاوەکوو بڵێن، لە پەڕاوی جوو و دیان زانیاری وەرگرتووە، هەربۆیە ئەو نهێنییە (واتە چ کاتێک محەمەد فێری خوێندەواری بووە و چۆن!) هەروا ئاسان نییە ئاشکرا بکرێت، لە کاتێکدا محەمەد بۆ ئەو کاتە، لە خەڵکی شاردۆتەوە. ئەبێ ئەوەش بڵێین، کە سوودوەرگرتن لە پەرتووکی جوو و دیان بەوە نییە، کە مرۆ خوێندەوار بێت یان نا، چونکە کاتێک، کە محەمەد هاتووچۆی زۆر کەسی شارەزای



کردووە و گوێبیستیان بووە، ئیدی ئەوە بۆ ئەو بەسە، تاوەکوو کەڵکیان لێ ببینێ، بە تایبەت محەمەد توانای وەرگرتنی باش بووە، ئەم وەڵامە لاواز و نالۆژیکە، هەر لە چەشنی ئەو وەڵامەیە، کە لە بەرامبەر ئەو کەسانەدا ئەیدایەوە، کە پێیان ئەگووت، پیاوێکی فارس محەمەدی فێری قورئان کردووە.

ئەو مەلا و کەسە مەزهەبییانەی، کە دان بە خوێندەواربوونی محەمەددا ئەنێن، وەڵامێکی خورافییان بۆ خوێندەواری محەمەد هەیە، گوایە محەمەد بە هۆی فریشتەوە، لەگەڵ دابەزینی سروشدا، فێری خوێندەواری بووە. ئەمانە ئەڵێن: فریشتەیەک بۆ لای محەمەد چوو و پێی گووت: بخوێنەرەوە! ئەویش لە وەڵامدا گوتوویەتی: "ما أنا بقارىء" واتە: من خوێندەوار نیم! ئەمەی سێ جار لەگەڵدا گووتووە و پاشان سورەتی "إقرأ باسم ربک الذي خلق، خلق الأنسان من علق، إقرأ وربک الأكرم الذي علم بالقلم علم الأنسان مالم يعلم"ی بۆ خوێندووەتەوە، ئیدی محەمەد ئالێرەوە فێری خوێندەواری بووە! ئێمە لە وەڵامی ئەمەدا، چەند خاڵێک ئەخەینە ڕوو: یەکەم، هەندێک لە مێژوونووسان(58) ئەو گفتوگۆیە بە شێوەیەکی تر ئەگێڕنەوە و دەڵێن: کاتێک، کە فریشتە بە محەمەد ئەڵێت: بخوێنەرەوە! محەمەد لە وەڵامدا ئەڵێ: "قلت وما أقرأ؟!" یانی: وتم چی بخوێنم؟ نەک ئەوەی دەڵێن: وتوویەتی من خوێندەوار نیم. ئەمە (بەدەر لەوەی چەند واقیعییە) ناکۆکییەکە لە نێوان ئەو دوو شێوە گێڕانەوەیە، کە دیارە یەکەمیان بە مەبەستەوە ئەو دەسکارییە کراوە. دووەم، یەحیای کوڕی ئەبیکەسیر دەڵێت: لە ئەباسەلمە پرسیاری یەکەم شتێکم کرد، کە لە قورئاندا هاتبێتە خوارەوە، وتی: "ياأيها المدثر"ە، پێم وت ئەی ئەڵێن: "إقرأ باسم ربک" یەکەم جار هاتووە؟ وتی: لە جابری کوڕی عەبدوڵام پرسی، وتی: جگە لەوەی پەیامبەری خودا باسی کردووە شتێکی ترت بۆ باس ناکەم ... "ياأيها المدثر"ە(59). کەواتە، لێرەوە دەرئەکەوێت، کە یەکەم جار ئایەتی "ياأيها المدثر" نوسرابێتەوە، نەک "إقرأ باسم ربک"، کەواتە، ئەگەر فریشتە محەمەدی فێری خوێندەواری کردبێت،

دەبوایە هەر لە هێنانی یەکەم ئایەتەوە فێری بکردبایە، نەک دواتر! سێهەم، هەروەکوو ئاشکرایە سروش لە ڕوانگەی ئیسلامدا، گوێکار (سمعي)ە نەک چاوکار (بصري)(60)، واتە کاری گوێگرتنە لە فریشتە، نەک خوێندنەوە و بەکارهێنانی چاو، هەروەکوو لە قورئانیشدا هاتووە ئەڵێت: "أقرأ باسم ربک"، واتە، بە نێوی پەروەردگارتەوە بخوێنەرەوە! یان ئەڵێت، "سنقرؤک فلا تنسى إلا ماشاء الله"(61)، واتە، ئێمە بە زوویی بۆت دەخوێنینەوە (قورئان)، جا هەرگیز لە بیرت ناچێتەوە، مەگەر ئەوەی خودا بیەوێت. کەواتە، گوێگرتن لە فریشتە و وتنەوەی ئایەتەکان پێویستی بە خوێندەواری نییە (ئەگەر کارەکە، کاری فریشتە بێت!)، بە تایبەت بۆ محەمەد، کە توانای وتنەوەی زۆر باش بووە، هەروەکوو چۆن وتارەکەی قەسی بە گوێگرتن لەبەرکردووە. کەواتە، ئەو وەڵامە نادروستە و شێواندنی ئەو ئەفسانەیەشە، کە محەمەد خۆی باسی کردووە، هەروەها ئەو هەوڵەش، کە ئەلێرەوە بۆ نیشاندانی نەخوێندەواری محەمەد ئەدرێت، دیسانەوە هەوڵێکی پوچ و بەتاڵە.

یەکێکی دیکە لەو مەسەلانەی، کە لە پەیوەست بە خوێندەواربوون و نەبوونی محەمەدەوە گەلێک جار لە لایەن مەلا و نووسەر و داکۆکیکارانی ئیسلامەوە باسی دەکرێت، هەوڵدانە بۆ هێنانەوەی هەندێک ئایەت، بۆ سەلماندنی نەخوێندەواریی محەمەد، بۆ نموونە، زۆربەی ئەو کەسانە، ئەو ئایەتەی، کە ئەڵێت: "فآمنوا بالله ورسوله النبي الأمي/ الأعراف: 158"، ئەهێننەوە، گوایە، وشەی ئومی بە مانای نەخوێندەوار هاتووە، بەڵام ئەم لێکدانەوەیە شێواندنێکی بە ئەنقەستە. لە تەفسیری تەبەریدا هاتووە ئەڵێت: وشەی "الأمي" یانی، "الذي یؤمن بالله"، واتە، ئەو کەسەی، کە بڕوای بە خودا هەیە، کە مەبەستی محەمەدە. هەروەها ئەو ئایەتەی، کە دەڵێت: "الذين يتبعون الرسول النبي الأمي"(62)، گوایە، ئەم ئایەتە ئەوە نیشان ئەدات، کە محەمەد نەخوێندەوار بووە، ئەویش بەپێی وشەی "الأمي". لە قورئاندا هاتووە ئەڵێت: "هو الذي بعث من الأميين رسولا منهم، يتلو عليهم آياته



ويزكيهم ويعلمهم الكتاب والحكمة وإن كانوا من قبل لفي ضلال مبين"(63) واتە: خودا پەیامبەرێکی لەنێو بێ پەرتووکەکان (بێ نامە و بێ ئایین)دا ڕەوانەکردووە، پەیامبەرێک، کە هەر لە خۆیانە، ئایەتی خودا بەسەریاندا ئەخوێنێتەوە، پاکیان ئەکاتەوە، فێری پەرتووک (نامە، ئایین، قورئان) و پەیڤی بەسوودیان ئەکات، هەرچەندە ئەوان لەمەوپێش لە گومڕاییيەکی ئاشکرادا بوون. لە قورئاندا هاتووە ئەڵێت: "فإن حاجوك فقل أسلمت وجهي لله ومن أتبعن وقل للذين أوتوا الكتاب والأميين وأسلمتم فإن أسلموا فقد إهتدوا وإن تولوا فإنما عليك البلاغ والله بصير بالعباد/ آل عمران: 20)، واتە، ئەگەر دەمەقاڵێیان لەگەڵ کردیت بڵێ: خۆم و ئەوانەی، کە دوام کەوتوون ڕووی خۆمان تەسلیم بە خودا کرد، هەروەها بەوانەی، کە پەرتووکیان بۆ هاتووە و ئەوانەی، کە پەرتووکیان بۆ نەهاتووە (أميين)، بڵێ: ئایا موسوڵمان بوون؟ ئینجا ئەگەر موسوڵمان بوون، ئەوا ڕێنماییيان کرد، ئەگەر ڕووشیان وەرگێڕا، ئەوا تۆ لێیان بەرپرسیار نیت و هەر ئاگادارکردنەوەی ئەوانت لەسەرە و خودا بینایە بە بەندەگانی(64).

لێرەوە بۆمان دەرئەکەوێت، کە چۆن وشەی "أمي" بە مانای، نەخوێندەوار بەکارنەبراوە و ڕێک بە دژەواتای وشەی پەرتووک (الكتاب)، کە هەر لە خودی ئایەتەکەدا هاتووە (واتە، وشەی الكتاب) بەکاربراوە، خۆ ئەگەر بێت و ئەم وشەیە بە مانای نەخوێندەوار بەکارهاتبێ، ئەو کاتە مانای ئایەتەکە دەگۆڕێ و دەبێت بڵێت: خودا پەیامبەرێکی لەنێو نەخوێندەوارەکاندا ڕەوانەکردووە! کە ئەمەش پێچەوانەی ڕاستییە، چونکە هەروەکوو باسمان کرد، لەنێو کۆمەڵی مەککەدا، خوێندەوارێکی زۆر هەبووە. هەروەها لە ئایەتەکەشدا ئەوە دەرئەکەوێت، کە خودا بۆیە پەیامبەرێکی بۆ ئەوان ناردووە، تاوەکوو فێری پەرتووکیان بکات، فێربوونی پەرتووک یانی، فێربوونی خوداپەرستی و ئایینپەروەری، نەک بە مانای فێربوونی چۆنیەتی خوێندنەوە و فێربوونی ئەلفوبێ. ئەوەی زیاتر ئەم ڕاستییەش ئەسەلمێنێ ئەوەیە، کە لە زۆر جێگای قورئاندا، کاتێک هاتووەتە سەر باسی جوو و

دیان، بە خاوەن پەرتووک (أهل الكتاب) نێویان براوە، نەک بەوەی بێ پەرتووک (أمي) بن، دیارە ئەگەر ئەم دوو وشەیە وەک دژەواتای یەکدی بەکار هاتبن، مانای وایە، کە ناشێت بە هەرچی جوو و دیان هەیە بێژین، خوێندەوار (أهل الكتاب)، کە دیارە نەخوێندەواریان زۆر بووە(65). کەواتە، کاتێک، کە بە جوولەکە و دیانەکان گوتراوە، ئەهلولکیتاب واتە، خاوەن پەرتووک و نامە و ئایین(66)، کاتێکیش، کە بە خەڵکی مەککە گوتراوە (أمي)، واتە، خاوەن پەرتووک و نامە و ئایین نین.

لە قورئاندا هاتووە دەڵێت: "لتنذر قوما ما أنذر آباؤهم فهم غافلون"(67)، لەم ئایەتەدا، هۆکاری ڕەوانەکردنی محەمەد و قورئان لە لایەن خوداوە بۆ خەڵکی ڕوون ئەکرێتەوە و ئەڵێت: بۆئەوەی گەلێک بترسێنی، کە باوک و باپیریان نەترسێنراون و بێئاگابوون. ئەلێرەشدا دیسانەوە مانای وایە، کە ئەم میللەتە خودان پەرتووک نەبووە و نەترسێنراوە، جا بۆیە قورئان ڕەوانەکراوە، تاوەکوو بە ئاگایان بهێنێتەوە و بیانترسێنێ و فێرە ئایینیان بکات و لە بێ ئایینی و بێ پەرتووکی ڕزگاریان بکات. هەروەها لە قورئاندا هاتووە دەڵێت: "أم أتيناهم كتابا من قبله فهم به مستمسكون"(68)، واتە: ئایا پێش ئەم پەرتووک و ئایینە، پەرتووک و ئایینێکمان پێداوون، تاوەکوو دەستی پێوە بگرن. ئەلێرەشدا دیسانەوە هەر قسە لەسەر ئەوەیە، کە کۆمەڵی مەککە و خێڵی قورەیش بێ پەرتووک واتە، (أمي) بوونە.

هەروەها ئەڵێت: "وكذلك أوحينا إليك روحا من أمرنا ما كنت تدري ما الكتاب ولا الأيمان"(69)واتە: بەو جۆرە، بە فەرمانی خۆمان، گیان (قورئان)مان بۆ وەحی کردیت، لە کاتێکدا، نەتدەزانی پەرتووک و بڕوا چییە. لێرەشدا دیسانەوە، باسی ئەوە ئەکرێت، کە پێشتر محەمەد (هەروەها خێڵەکەشی) خاوەن پەرتووک نەبووە، هەروەکوو چۆن جوولەکە و دیانەکانی ناوچەکە خاوەن پەرتووک و بڕوا و ئایین بوونە، بەڵکوو ئومی (یانی بێ پەرتووک و ئایین) بوونە.



## ج_ محەمەد و بانگەشەی پەیامبەری

محەمەد لە تەمەنی چلساڵیدا، بانگەشەی پەیامبەرایەتی خۆی ئەکات، وەلێ بانگەشەکردن بۆ کارێکی لەو جۆرە هەروا سووک و سانا نەبوو، دژوار و ترسناک بوو، بۆیە سەیر نییە ئەگەر محەمەد لەو دەمەدا تووشی دڵەکوتێ و ترس و باری دەروونی ناخۆش و لەرز و تا بێت. ئیتر لەو کاتەوە، کە محەمەد بڕیاری دا بەو شێوەیە خۆی بناسێنێ، دەستی کردە پرۆپاگەندە و بڵاوکردنەوەی بیروڕاکانی بە شێوەیەکی نەخشە بۆ دانراو و بە لەبەرچاوگرتنی ئامانجێکەوە. هەربۆیە محەمەد دەرفەتی لەدەست نەئەدا و لە کۆڕ و کۆمەڵ و مەراسیمی حەج و کۆڕی شیعر و وتارخوێندنەوە و لە بازاڕەکاندا قسەی بۆ خەڵکی ئەکرد و ڕەخنەی لە بیروباوەڕی ئایینیان ئەگرت و بێئیعتیباری ئەکردن و داوای لێ ئەکردن، کە خودایەکی تاک و تەنها بپەرستن و پێی ئەووتن، پێویست ناکات ئەم بت و سەنەمانە وەک ناوەندێک لە نێوان خۆتان و خودادا بەکار بهێنن، یان نابێ وەک خودا بیان ناسن.

بانگەشەکردن بۆ پەیامبەرایەتی بە تەبیعەتی حاڵ پێویستی بە وەڵامدانەوەی هەر پرسیارێک هەیە، کە بە هزری خەڵکیدا دێت، دەربارەی خودا و سیفاتی، دروستبوونی مرۆڤ و گەردوون و چاکە و خراپە، ژیانی ڕۆژانە و پێویستییەکانی مرۆڤ، پەیوەندی کۆمەڵایەتی، مردن و زیندووبوونەوە، سزا و پاداشت و سەدان مەسەلەی ورد و درشتی جۆراوجۆر. ئەگەرچی محەمەد شارەزایی زۆر و فراوانی هەبووە، بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نییە، کە وەڵامی ئامادەی بۆ گشت ئەو پرسیارانە هەبووە، هەربۆیە لەگەڵ بەرەوڕووبوونەوەی هەر پرسیار و ڕووداوێکدا، سەرنجی ئەدا و هەندێک جار وەڵامێکی بۆی نەبووە و وتوویەتی هێشتا لە لایەن خوداوە سروشم بۆ نەهاتووە، هێندێک جاریش هەمان وەڵامی ئایینەکانی تر، یان هەر ئەوەی لە نێو خەڵکی مەککەدا باو بووە، دووبارە کردووەتەوە و لەسەری ڕۆیشتووە.

هەربۆیە زۆر وەڵام و ڕوانگە و هەڵوێستی جۆراوجۆر لە قورئاندا بەرچاو دەکەوێت، کە لەگەڵ یەکدیدا ناکۆک و ناتەبان، یان حوکمی پێشوویان ڕەتکردووەتەوە.

محەمەد دەستی بە بڵاوکردنەوەی داواکەی کرد، بەڵام ئەم کارە هەروا بە ئاسانی ناچێتەسەر و بێ کەند و کۆسپ و بێ دەردیسەر نابێت، چونکە کاتێک محەمەد بە خەڵکی دەڵێت: من نێرراوی خودام، بە مانای ئەوەیە، پێویستە محەمەد وەک ڕابەر و پێشڕەو و گەورەی خۆیان چاوی لێ بکەن، چونکە ئەو کەسە هەڵبژاردەی خودایە لەسەر زەوی و لەنێو ئەو کۆمەڵە خەڵکەدا، بۆیە دەبێ بەپێی فەرمانی ئەو و خودا بکەن، کە لە ڕاستیدا هەر محەمەد خۆیەتی، وەلێ دوو دەور ئەبینێ، یەکێکیان وەک پەیامبەر، کە ئەمەیان دەورێکی ئاشکرایە، ئەوەی تریان وەک خودایەک، کە محەمەد بە سیفاتێکەوە، کە لە خەیاڵی خۆیدایە، ئەیناسێنێ، کە ئەمەیان دەورێکی نهێنییە، جارێک بە ناوی خوداوە قسە ئەکات (قورئان)، جارێکی دیکە وەک محەمەد، کە پێی دەڵێن فەرموودە (حەدیس).

ڕەنگبێ بە لای هێندێکەوە ئەمە سەیر بێت! بەڵام ئەگەر چاوێک بە مێژووی کۆنی گەلاندا بخشێنین ئەبینین، کە چەندین کەسی تری وەک محەمەد، کە نەک هەر خۆیان لە خەڵک گۆڕیوە، بەڵکوو زۆر جاریش بووە کەسانێک پەیدابوون، کە نەک وەک نێرراوی خودا و وەک پەیامبەر، بەڵکوو هەر بە خودا خۆیان بە خەڵکی ناساندووە و گوتوویانە ئێمە خوداین! بەشێکی زۆری خەڵکیش بڕوایان پێ کردوون، باشترین نموونەش لەسەر ئەمە فیرعەونییەکانە. بۆیە بە هیچ جۆرێک ئەم مەسەلەیە جێگای سەرسوڕمان نییە. ئەوانەی وەک خودا خۆیان بە خەڵکی ناساندووە چەند ڕاستیان کردووە، ئەوا ئەوانەش، کە وەک پەیامبەر خۆیان بە خەڵکی ناساندووە هەر بەو ڕادەیە ڕاستیان کردووە. کەواتە، لە ناوەڕۆکدا هیچ جیاوازییەک لە نێوان ئەوانەدا نییە.



کەواتە، بڕواهێنان بە خودا و بە محەمەد، دوو چشتی لێکهەڵپێکراون و پێکەوە مەرجی بڕواهێنانن، نە بڕوا بە خودا بە بێ بڕوا بە محەمەد، نە بڕوا بە محەمەد بە بێ بڕوا بە خودا ئەبێت. هەرچی جوولەکە و مەسیحییەکانیشن، کە بڕوایان بە خودا هەبووە، ئەگەرچی سیفات و کەسایەتی و قسە و هەڵوێستی خودای ئەمان لەگەڵ خودای محەمەددا جیاواز بووە و لە ڕاستیدا خوداکانیشیان وەک یەک نەبوونە، بە بێ بڕواهێنان بە محەمەد، ئایین و بڕوایان بەتاڵ بووە، چونکە پێویستە بە فەرمانی هەردووکیان بکەن، یانی خودا و محەمەد، ئەگەرنا ئەو بڕوایە قبوڵ نییە و سزات دۆزەخە، هەروەکوو لە قورئاندا هاتووە و ئەڵێت: "من يعص الله ورسوله، فان له نار جهنم خالدين فيها أبداً"(70)، واتە: هەر کەسێکیش بێفەرمانی خودا و پەیامبەری ئەو (لێرەدا بە تەنها مەستی لە محەمەدە) بکات، ئەوا بەڕاستی ئاگری دۆزەخ بۆ ئەوە، بۆ هەمیشەش لەوێدا قەتیس ئەمێنێ. هەر کەسێک بەو شێوەیە بڕوای هێنا، یانی بڕوا بە محەمەد و خوداکەی واتە، بوو بە ئیسلام. ئەم وشەیەش لە بنچینەدا (سلم)ەیە و بە مانای کەسێک، کە تەسلیم ئەبێت واتە، تەسلیمبوون بە خودا و ملکەچی لە بەرامبەریدا و دەربڕینی بێدەسەڵاتی خۆت و گەورەیی و مەزنی خودای محەمەد دێت(71). هەروەکوو لە قورئاندا هاتووە دەڵێت: "بلى من أسلم وجهه لله وهو محسن فله أجره عند ربه"(72)، بەڵێ! ئەگەر کەسێک تەسلیم بە خودا بێت و بۆی ملکەچ بێت و کارچاک بێت، ئەوا پاداشتی ئەو کەسە لای پەروەردگاری هەیە. یان ئەڵێت: "فإن حاجوك فقل أسلمت وجهي لله ومن أتبعن"(73)، واتە: جا ئەگەر بیانوویان پێ گرتی، بڵێ: من و پەیڕەوانم، خۆمان تەسلیمی خودا کردووە و ڕوومان لەوە.

لە سەرەتادا، کە محەمەد دەستی بە بڵاوکردنەوی بیروباوەڕەکەی کرد، زۆربەی باسەکانی لەسەر بڕواهێنان بە خودایەکی تاک و وازهێنان لە بت و سەنەمپەرستی و هاوبەشپەیداکردن بۆ خودا بووە "قل هو الله أحد، الله صمد لم يلد ولم يولد ولم يكن له كفوا أحد"(74)، خودایەک، کە مرۆڤی

دروستکردووە "خلق الأنسان من علق"(75)، "لقد خلقنا الأنسان في أحسن تقويم"(76)، ئاسمانەکانی دروستکردووە و زەوی ڕاخستووە "ألم نجعل الأرض مهادا"(77)، کێوەکانی وەک مێخ لەسەر زەوی داکوتاوە "والجبال أوتادا"(78)، لەوەڕ و ئاوی لە زەوییەوە دەرهێناوە "أخرج منها ماءها ومرعاها"(79)، بۆئەوەی مرۆڤ و ئاژەڵی پێ بژین "متاعاً لکم ولأنعامكم"(80)، "فلينظر الأنسان الى طعامه أنا صببنا الماء صباً، ثم شققنا الأرض شقا، فأنبتنا فيها حبا، وعنباً وقضباً، وزيتوناً ونخلاً وحدائق غلبا، وفاكهة وأباً، متاعاً لكم ولأنعامكم، فإذا جاءت الصاخة"(81).

هەروەها محەمەد بە خەڵکی ئەگووت، ئەوە بۆچی لە وشتر (کە لە لای عەرەب ئاژەڵێکی خۆشەویست بووە) ورد نابنەوە، کە خودا چۆنی دروستکردووە (أفلا ينظرون الى الأبل كيف خلقت)(82)، بڕواننە ئەو کەشتییانەی بەناو ئاودا دێن و ئەچن، لەگەڵ ئەوەشدا بە فەرمانی خودا نوقم نابن، بڕواننە ئەو باڵندانەی بە ئاسماندا دەفڕن، کە جگە لە خودا کەسی دیکە نەی گرتوون "أولم يروا الى الطير فوقهم صافات ويقبضن مايمسكهن إلا الرحمان"(83) ... هتد.

بەڵێ، محەمەد ئەم جۆرە نموونانەی بۆ ئەهێنانەوە، بۆئەوەی بڕوای پێ بهێنن، ئەگەر ئەم نموونە و جۆرە گفتوگۆیە بۆ مرۆڤی ئێستا مایەی گاڵتەجاڕییە، ئەوا بۆ ئەو سەردەمە و بۆ ئەقڵییەتی ئەو دەمە جێگەی سەرنج بووە و کاریگەری هەبووە.

هەروەها محەمەد بە خەڵکی ئەووت: ئەگەر بڕوا بە خۆم و خوداکەم بکەن، ئەوا لەو دنیا دەچنە بەهەشتەوە، بەهەشتی بەرز و بڵند، کە جۆگەی ئاو و شیر و هەنگوینی تێدایە، قەنەفە و فەرش و سەرین و جۆرەها پەرداخی تێدایە، گۆشتی باڵندە و شەرابی تێدایە، ئەگەر لەم دنیایەدا، وەکوو دەوڵەمەندان ناتوانن لەزەت لە ژنی جوان و زۆر بکەن، ئەوا لەو دنیا حۆریتان پێ ئەدرێ، حۆری سپی ناسک و باڵابەرز و چاوڕەش "كذلك وزوجناهم بحور عين، يدعون فيها"(84)، "في جنة عالية ... فيها عين



جارية، فيها سرر مرفوعة، وأكواب موضوعة، ونمارق مصفوفة، وزرابي مبثوثة"(85)، ئەم بەهەشتە هەتا هەتاییە (خالدين فيها أبداً)(86).

ئەم جۆرە قسانە کاریگەری بەسەر خەڵکی فەقیر و هەژارەوە زۆر بووە، چونکە ئەوان سەیری ژیانی دەوڵەمەندانیان ئەکرد، کە چۆن هەر لەم دنیایەدا، لەو شتانە بەهرەمەندن، سەیری ژیانی خۆشیان ئەکرد، مەحرومن لە گشت شتێک، بۆیە خەویان پێیانەوە ئەبینی و ئەیان گووت، وەک لەم دنیایەدا لێیان بێبەشین، با ئەو دنیاشمان لە کیس نەچێ!

محەمەد بە خەڵکی ئەووت: خۆ ئەگەر بڕوا بە خۆم و خوداکەم نەکەن، ئەوە سزاتان چوونە دۆزەخە. دۆزەخێک، کە جۆرەها ئەشکەنجە و زنجیر و تەوقی تێدایە "إنا أعتدنا للكافرين سلاسلا وأغلالاً وسعيرا"(87) ئاگری تێدایە "تصلى نارا حامية"(88)، خواردنەوەیان ئاوی گەرمە "تسقى من عين آنية"(89)، خواردنیان دڕکی حوشترخۆرەیە "ليس لهم طعام إلا من ضريع"(90)، هەتا هەتایە لە دۆزەخ دەمێننەوە "ومن يعص الله ورسوله فأن له نار جهنم خالدين فيها أبداً"(91).

ئەمانە کورتەی سیفاتی خودا و پەیامبەر و ئاسمانەکان و دروستکراوەکانی خودان، کورتەی باسی ڕۆژی زیندووبوونەوە و بەهەشت و دۆزەخ و پاداشت و سزایە، کورتەی دەریایەک لە قسە و چیرۆک و ئەفسانە و خورافەیە، کە لە قورئان و حەدیس و پەرتووکەکانی تری ئیسلامدا هاتووە، کە ئەگەر بۆ دایک و باوکی موسڵمانت باسیان بکەیت و بڵێیت، قورئان ئەمانە باس ئەکات، سەیریان بە زۆری دێت. هەروەها زۆربەی لایەنگرانی ئیسلامیش بە تەفاسیلی ئەمانە بڕوا ناکەن و لە ناچاریدا دەڵێن، ئەمانە هەڵبەستراوون! دیارە ناحەقیان نییە، چونکە مرۆڤی ئەمڕۆ لەگەڵ مرۆڤی 1400 ساڵ لەمەوبەر، کە لە جەزیرەی عەرەبیدا بووە، جودایە.

بێگومان هەر لەو کاتە و لەو سەردەمەشدا کەسانێک هەبوونە، کە بڕوایان بە پەیامبەرایەتی محەمەد نەکردووە، یان گاڵتەیان بە هەندێک لە قسە و باسەکانی وەک، ڕۆژی زیندووبوونەوە، بەهەشت و دۆزەخ و ... هتد.

هاتووە و بەپێی ڕوانگە و تێگەییشتن و ئاستێک لە بیرکردنەوە، ڕەخنەیان لە محەمەد گرتووە.

هەروەکوو لە قورئانەوە دەرئەکەوێت، خەڵکیی محەمەدیان وەک کاهینێک سەیر کردووە (بڕوانە قورئان، الحاقة/ 42 ، الطور/29)، ئەمەش چونکە محەمەد بیروباوەڕەکەی لە شێوەی پەخشاندا دارِشتووە، هەروەکوو چۆن کاهینەکان بەو شێوەیە قسەیان کردووە. یان وتوویانە، شاعیرە "بل قالوا أضغاث أحلام بل افتراه بل هو شاعر"(92)، یان وتوویانە، ئەم قسانە ئەفسانەی پێشینانە، یان وتوویانە، ئەم قسانە، قسەی ڕەحمانی یەمامەیە و ئەو فێری کردووە(93)، یان وتوویانە، سەلمانی فارسی فێری کردووە(94) ... هتد.

ئەگەر سەرنج لەم ڕەخنە و وەڵامانە بدەین، کە لە خودی قورئاندا ئاماژەی پێ کراوە (بەدەر لەوەی ئەو کەسانە لە چ ڕوانگە و بە چ نیازێکەوە ئەو ڕەخنانەیان گرتووە)، هەست بەو واقیعەتە ئەکەین، کە چۆن لەو سەردەمەشدا بەشێک لە خەڵکی هەستیان بەوە کردووە، کە چۆن محەمەد تاکە کەسێک نەبووە، باسی لەو مەسەلانە کردبێت و چۆن محەمەد سوودی لە کەسانی دەورووپشت و شارەزایانی ئایین کردووە، هەروەها دەبینین، کە چۆن هیچ جیاوازییەکیان لە نێوان محەمەد و کاهین و کەشیش و خاخاکاندا نەکردووە، کە لە ڕاستیشدا محەمەد کاهینێکی گەورەی بزووتنەوەی حەنەفی و ئیسلام بووە. ڕەنگبێ هەندێک کەسانی مەزهەبی بڵێن: نەخێر! محەمەد نەک هەر کاهین نەبووە، بەڵکوو بە دەقی ئایەتی قورئانیی محەمەد ڕەخنە و دژایەتی کاری کاهینی و کاهینەکانی کردووە! بەڵێ محەمەد لەو جۆرە ڕەخنانەی هەبووە، وەلێ ڕەخنەی لە شێوەیەک لە کاری کاهینی هەبووە و شێوەیەکی تری لە شوێن داناوە، ڕەخنەی لە خەڵکی گرتووە، کە بۆ کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ لای کاهینەکان دەچن و گرنگییان پێ دەدەن، بۆئەوەی ئەو کاهینانە (کە زۆربەیان سەر بە ئایینی جوولەکە بوونە) سووک و بێئیعتیبار بکات و خەڵکیان لێ دووربخاتەوە، پاشان لە



دەوری خۆی کۆیان بکاتەوە و کاهینی جوو بە کاهینی ئیسلام بگۆڕێ. خۆ ئەگەر بڕوانینە قورئان و حەدیس و ڕیوایەتەکان، دنیایەک خورافە و ئەفسانە و خەو و خەیاڵ و تەفسیری خەو و لێکدانەوەی چارەنووس و دوارِۆژ و ... هتد. شتی دیکەی لەم شێوەیە دەبینین، یان هەر ئەم ئایینەش لەو شوێنانەوە ئاو دەخواتەوە، کە بۆخۆی کاری کاهینی و بناغەی کاری کاهینییە.

هەروەکوو باسمان کرد، پڕۆپاگەندەی محەمەد بۆ ئەوەبوو، کە خەڵکی بە ئاگر و سزای دۆزەخ بترسێنێ و بە بەهەشتیش واداریان بکات. بەڵان محەمەد هەر بەوەندەوە نەوەستا، کە ئەم پاداشت و سزایانە بۆ دوارِۆژ هەڵبگرێ، بەڵکوو دیوێکی تری قسەکانی بەم دنیایە و بەم ژیانەوە بەستەوە، چونکە ئەیزانی پاداشت و سزای ئەم دنیاش بۆ خەڵکی کاریگەرە، نەک هەر ئەوەندە، بەڵکوو کاریگەری زیاتریشی هەیە، چونکە محەمەد دەیزانی، کە شتی دەمودەست و بەرچاو و مەلموس، ڕاستەوخۆ بە ژیان و کاری مرۆڤەوە پەیوەستە.

هەربۆیە چیرۆک و حیکایەت و خورافە و ئەفسانەی پێشینانی بۆ ئەگێڕانەوە، کە هێندێکیان پەیوەندی، بە بیرهێنانەوەی پاداشت و چاکەی خودا لەگەڵ مرۆڤدا بوو! وەکوو ڕووداوی فیل، کە لە قورئانیشدا باسی هاتووە و ئەڵێت: "ألم تر كيف فعل ربك بأصحاب الفيل"، واتە: ئایا نەتدیوە (نەتزانیوە)، کە پەروەردگارت چی بەسەر خاوەنفیلەکان هێنا (مەبەستی لە هێرشی ئەبرەهەی پاشای حەبەشەیە بۆ سەر شاری مەککە و بۆ ڕوخاندنی کابە، جا لەبەرئەوەی ئەمانە بە سواری فیل هاتبوون، هەر بە ڕووداوی فیل ناوی دەرکرد و ئەو ساڵەش بە ساڵی فیل ناوزەد کرا). یان باسی چاکەی خودا لەگەڵ ئەوانەی بڕوایان بە خودا و پەیامبەری خودا هێناوە دەکات و ئازار و ئەزیەت و ئەشکەنجەش بۆ ئەوانەی بڕوایان نەهێناوە، هەروەکوو لە چیرۆکی نوحدا باس کراوە، هەروەها بۆ زیاتر ترساندن و تۆقاندنیان ئەو چیرۆک و ئەفسانانەی هێناوەتەوە، کە بە هۆی زاڵبوونی سروشتەوە، زۆر

کارەساتی ناخۆش بەسەر مرۆڤدا هاتووە، کە وایان زانیوە سەرچاوەی ئەمانە هێزێکی خارقە نەک سروشت.

هەروەها خەڵکی بەوە ترساندووە, کە ئەگەر بڕوا بە خودا و پەیامبەر نەهێنن، ئەوا خودا شێوەیان دەگۆڕێت و دەیان کاتە ئاژەڵ و هەڕەشەی تر ... "لقد خلقنا الأنسان في أحسن تقويم، ثم رددناه أسفل سافلين، إلا الذين آمنوا وعملوا الصالحات فلهم أجر غير ممنون"(95)، "ءأمنتم من في السماء أن يخسف بكم الأرض، فإذا هی تمور، أم أمنتم من في السماء أن يرسل عليكم حاصبا"(96)، واتە: ئایا دڵنیان لە کەسێ لە ئاسمانەوە بە زەویدا بتانباتە خوارێ، جا لە حاڵێکدا دەجولێ و ئارام ناگرێ، ئایا دڵنیان لە زاتێ، کە لە ئاسماندایە، کە (لە ناکاو) بایەکی پڕ لە زیخ و وردەبەرد بڕژێنێ بەسەرتانا. خودا ڕۆزیتان ئەدات، ئەی ئەگەر ئەو ڕۆزییەی لێتان گرتەوە "أم من هذا الذي يرزقكم ان أمسك رزقه"(97)، ئەگەر ئاوی خواردنەوەتان ڕۆبچێتە خوارەوە، کە لە زەوییەوە هەڵئەقوڵێ، کێ ئەتوانێ ئاوی زوڵاڵتان بۆ بهێنێ "قل أرأيتم أن أصبح ماؤكم غورا، فمن يأتيكم بماء معين"(98)، یان دەڵێت، باخ و بێستانتان بە هۆی گڕەوە لەناو ئەچێت، هەروەکوو چۆن خودا ئەم کارەی لە بەرامبەر هەندێکدا کردووە "فطاف عليها طائف من ربك وهم نائمون، فأصبحت كالصريم"(99)، یان وەکوو گەلی سەمود_تان لێ ئەکات، کە چۆن بە بەڵایەکی گەورە لەناوبران، یان وەکوو گەلی عاد بە بایەکی ساردی سەخت و بە تەووژم لەناوبران و ڕەقکرانەوە "فأما ثمود فاهلكوا بالطاغية، وأما عاد فاهلكوا بريح صرصر عاتية، سخرها عليهم سبع ليال وثمانية أيام حسوما، فترى القوم فيها صرعى، كانهم أعجاز نخل خاوية"(100).

ئەمانە و سەدان هەڕەشەی دیکە، کە محەمەد لە نان و ئاو و ڕسق و ڕۆزی و بێبارانی و قاتوقڕی و لافاو و ڕەشەبا و دەرد و نەخۆشی ... هتد. پێ لێ کردوون و شێر و ڕێوی زۆری بۆ هێناونەتەوە. دیارە لەو سەردەمەدا ئەم جۆرە لێکدانەوە و ئەم جۆرە ئەفسانە و خورافانە بۆخۆی



ڕەواجی هەبووە، بەڵام محەمەدیش هاتووە، ئەم خورافە و ئەفسانانەی ئەوەندەی تر دەمەزەرد کردووە و ڕەواجی پێ داوە، ئەوەندەی تر سەری لێ شێواندوون و سەرچاوەی ئەو دیاردانەی ئەوەندەی تر لێ ون کردوون، بێگومان ئەم جۆرە جەهالەتە لە قورئان و حەدیس و کتێبەکانی تری ئیسلامدا بە بار و بەستە هەیە.

## د_ دەربارەی بێئومێدی محەمەد

بەو شێوەیە محەمەد بانگەشەی پەیامبەرایەتی خۆی کرد و بۆ بیروباوەڕەکەی دەستی بە پڕۆپاگەندە کرد، بەڵام پێش ئەوەی بگاتە ئەو بەردەوامی و شێلگیرییەی، کە باسمان لێوە کرد، بۆ ماوەی دوو ساڵ و نیو تا سێ ساڵ هیچ ئایەتێکی دانەڕشت و بڵاونەکردەوە، ئەمەش نیشانەی بێئومێدی محەمەدە لە بەرامبەر ئامانجێک، کە لەبەرچاوی خۆی دایابوو. هەروەکوو باسمان کرد، هەڵکردنی ئاڵایەکی بەو جۆرە و بانگەشەیەکی لەو چەشنە هەروا کارێکی ئاسان نەبوو، محەمەدیش زۆر بە چاکی دەرکی بەمە کردبوو، بۆیە هەر لە سەرەتای بانگەشەکەیدا نەخۆش ئەکەوت، ئەمە سەرباری ئەوەی لەو کاتەدا، کە محەمەد ئەم پڕۆپاگەندانەی دەستپێکردووە، لە لایەن خەڵکەوە گاڵتەی پێ کراوە و گوتوویانە دیارە محەمەد شێت بووە، وا بانگەشەی پەیامبەرایەتی (ڕابەرایەتی و سەرکردایەتی) ئەکات! تەنانەت نزیکترین کەسەکانی خۆی، کە مامەکانی بوو، کە زۆر شارەزاییان بە خودی محەمەد هەبوو، بڕوایان نەک هەر پێی نەدەکرد، بەڵکوو هەوڵیشیان لەگەڵی دەدا، کە واز لەو بانگەشەیە بهێنێ، چونکە ئەوانیش بڕوایان نەدەکرد، کە کارەکەی محەمەد ئاکامێکی هەبێت و محەمەد بکارێت لە هەمبەر سەردار و گەورەکانی خێڵەکەیدا هیچ بکات و سەرداری و گەورەیی خۆی بەسەر ئەواندا بسەپێنێ، واتە، مەسەلەکە لەوێوە نەبووە، بڕوا ئەکەن، کە محەمەد نێرراوی خودایە، یان نا ... خۆ ئەگەر ئومێدێکیان بەو کارەی محەمەد هەبوایە، کە ئەنجامێکی ئەبێت و

تووشی شکست نابێت، ئەوا هەر زوو هەوڵی سەرخستنی محەمەدیان ئەدا، هەروەکوو دواتر (یانی، کاتێک کە ئومێدیان پێی پەیدا کرد) هەوڵیان بۆ دا. ئەمانە گشت، محەمەدی تووشی بێئومێدی کرد، نەک ئەوەی، کە بۆ خۆیان دەیڵێن، گوایە خودا خۆی سروشی بۆ محەمەد نەناردووە، هەروەها خواهیشی وابووە، کە فریشتەش سەری لێ نەدا، بۆئەوەی زۆرتر شەوق و ئارەزووی تیادا پەیدابێ و بێتاقەتی بکا(101)، یان بۆئەوەی ترس و خۆفی برەوێتەوە(102).

بەڵام بە لای هەر کەسێکەوە، کە تۆزێ بیری خۆی لە ترس و وابەستەگی ئازاد بکات، ئەم وەڵامە بە ماقووڵ و مەنتیقی نازانێ، ئایا لە ناسکترین کاتدا (یانی سەرەتای بانگەشەی پەیامبەری)، ئەکرێ خودا سروشی خۆی لە محەمەد ببڕێت؟! کە بە پێچەوانەوە دەبوو لەو دەمەدا پەیتا پەیتا، نوێنەر و دەستوپێوەندی خۆی بۆ لای محەمەد بناردایە و بۆ ساتێکیش غافڵی نەکردایە، تا کارەکەی تۆکمە و پتە و ئەبوو، ئەو دەمە ئەگەر مژڵەتی حەسانەوەشی پێی بدایە بەهەرحاڵ!

ئایا محەمەد شۆڕ و شەوق و ئارەزووی کەم بووە، هەتاوەکوو بەو سیاسەتە شەوق و ئارەزووی زیاد بکات؟! ئایا بۆ زیادکردنی شەوق و ئارەزوو، یان بۆ ڕەوینەوەی ترس و خۆف، ئەکرێ ماوەی سێ ساڵی بۆ دابنرێ، ئەمە لە کاتێکدا بێئومێدی محەمەد بە جۆرێک بووە، کە هێندێک جار ویستوویەتی بچێت لەسەر شاخێکەوە خۆی بەربداتە خوارەوە و خۆی بکوژێت(103)، یان بۆتە مایەی گاڵتەجاڕی و تیزەوای خەڵک و توانجیان تێ گرتووە و پێیان گوتووە: محەمەد خوداکەی لێی تووڕە بووە و وازی لێهێناوە(104)!

وەلێ پاش ئەو ماوەیە، محەمەد ئەتوانێت بەسەر ئەو بارە دەروونییەی خۆیدا زاڵ بێت، دووبارە ئومێد پەیدا بکاتەوە، دەست بە پڕۆپاگەندە بکاتەوە و بەرامبەرکێ لەگەڵ نەیارانیدا بکات و بۆ وەڵامی ئەو قسانەیان ئەم ئایەتانە ئەڵێتەوە: "والضحی، واللیل إذا سجی، ماودعک ربک وماقلی،



وللآخرة خیر لک من الأولی ولسوف یعطیک ربک فترضی، ألم یجدک یتیما فآوی، ووجدک ضالا فهدی، ووجدک عائلا فاغنی"(105)، واتە: سوێند بە چێشتەنگاو و بەشەو، کاتێک کە بزرینگێتەوە، خوداکەت دەستی لێ هەڵنەگرتوویت و لێت دڵگیر نەبووە، دوارۆژت لە ڕابردووت باشتر ئەبێ و لەمەودوا خوداکەت ئەوەندەت پێ ئەدا، کە ڕازی بیت. ئایا خودا خۆی بە هەتیوی نەیبینی و حەوانتییەوە! هەروەها تۆی بەسەرگەردانی نەبینی و ڕێنمایی کردیت و تۆی بە هەژاری نەبینی و دەوڵەمەندی کردیت؟

پێویستە لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین، کە هەر لە دەورەی بێئومێدی محەمەددا بوو، محەمەد کەوتە پێداهەڵگوتنی بتەکانی قورەیش، کە بە کارەساتی "غەرانیق" بەناوبانگە. ئەم پێداهەڵگوتنە لە سورەتی "النجم"دا هاتووە، کە دەڵێت: "أفرأیتم اللات والعزی ومنات الثالثة الأخری" واتە: ئایا لات و عوزا و مەناتتان نەبینیوە، پاشان پێیان هەڵدەدات و دەڵێت: "تلک الغرانیق العلی وإن شفاعتهن ترجی"، یان "وانهن لمن الغرانیق العلی، وان شفاعتهن لترجی"، واتە: ئەو بتانە گەورەن و شەفاعەتیان وەردەگیرێ!

کاتێک محەمەد ئەم سورەتەی خوێندووەتەوە، خەڵکێکی زۆر لەوێدا بوونە، هەربۆیە پاش تەواوکردنی، سوژدە ئەبات و ئەو خەڵکەی قورەیش، کە پێشتر بروایان پێ نەدەکرد، لەگەڵ محەمەددا سوژدەیان برد(106)، تەنها وەلیدی کوڕی موغەیرە نەبێت، کە لەبەر پیری و قەڵەوی توانای چەمانەوە و سوژدەبردنی نەبووە، بۆیە چنگی پڕ لە خۆڵ کردووە و ناوچەوانی خستووەتە سەر.

سەبارەت بەم مەسەلەیە مێژوونووس و لێکۆڵەرە ئیسلامییەکان دەبنە دوو بەشەوە، بەشێکیان دەڵێن: ڕووداوی لەم جۆرە ڕووی نەداوە و هەر لە بناغەوە ئەم قسانە درۆیە، بەشەکەی تریشیان دەڵێن: بەڵێ ئەم ڕووداوە ڕاستە و واقیعەتی هەیە، لێ شەیتان ئەم کارەی ئەنجامداوە و ئەم کەتنەی بە محەمەد کردووە! سەبارەت بە ڕای یەکەم دەڵێین: یەکەم، کاتێک بەشێک لە مێژوونووس و لێکۆڵەرەوەکان ئەمە بە ڕووداوێکی ڕاستەقینە ئەزانن،

بەپێی بەڵگە و لێکۆڵینەوەی خۆیان و بەپێی ڕیوایەت و قورئان و حەدیس، ئەمە بۆ خۆی بەڵگەیەکی بەهێزە، چونکە ئەم بەشە، مێژوونووس و لێکۆڵەری ئیسلامین و مەبەستیان نوسینەوەی واقیعەتێکە، کە پێی گەییشتوون، نەک مەبەستیان شێواندن و قسەهەڵبەستن بێت، خۆ ئەگەر تێکڕای مێژوونووس و لێکۆڵەرەوەکان نکۆڵییان لەم ڕووداوە بکردایە، ئەو کاتە جێگەی سەرنجێکی وردتر ئەبوو. دووەم، ئەم بەشە لە لێکۆڵەرەکان (ئەوانەی، کە ئەڵێن ڕووداوی لەو جۆرە نەبووە)، هەندێک ئایەت بۆ چەسپاندنی ڕاکەیان ئەهێننەوە وەکوو: "وماینطق عن الهوی إن هو إلا وحی یوحی"(107)، واتە: وە لە ڕووی هەوا و هەوەسەوە قسە ناکات، ئەم قسە (قورئان)یە بێجگە لەوەی کە وەحی دەکرێ، شتێکی دیکە نییە. "قل مایکون لي أن أبدله من تلقاء نفسي أن أتبع إلا مایوحی الي"(108)، واتە: بڵێ: من بۆم نییە، لە خۆمەوە ئەوە بگۆڕم، جگە لەوەی، کە بۆم وەحی ئەکرێ، پەیڕەوی لە چتێکی دیکە ناکەم.

محەمەد لێرەدا بە خەڵکی ئەڵێت، من لە خۆمەوە هیچ چشتێک ناڵێم و لە خۆمەوە هیچ ناگۆڕم، چیم پێ گوترابێت هەر ئەوە ئەڵێم و ئەکەم. وەلی ئەم ئایەتانە هەرگیز ناتوانن ببنە بەڵگە، بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو ڕوداوە، چونکە محەمەد لێرەدا ڕووی قسەی لەو کەسانەیە، کە ئەڵێن: ئەم ئایەتانە لە خوداوە نین و محەمەد خۆی هەڵی بەستوون، بۆیە ئەویش ئەڵێت، نەخێر ئەمە سروشە و چیم پێ بڵێن، من هەر ئەوە ئەڵێم و لە خۆمەوە هیچ شتێک ناڵێم و ناکەم، نە زیاد و نە کەم. دیارە لێرەدا نەیارانی محەمەد ناتوانن بڵێن، ئەی ئەگەر وایە بۆچی لە ڕوداوی غەرانیقدا وات نەکرد؟ چونکە وەڵامی محەمەد ئەوەیە، کە وتوویەتی: ئەم کارە شەیتان پێی کردووم، منیش نەمزانیوە شەیتانە و هەر وام زانیوە وەحی خودایە!

ئەوەی شایانی باسیشە ئەوەیە، ئەو جۆرە قسانە، کە گوایە شەیتان ئەم کەتنەی بە محەمەد کردووە، بۆ بیروباوەڕ و ئەقڵیەتی ئەو دەمە و ئەو سەردەمەی خەڵکی مەککە زۆر ئاسایی بوونە، چونکە بڕوایان بە زۆر شتی



پڕوپوچ و بە خورافە و ئەفسانە هەبووە، یان شێوەی بیرکردنەوەیان هەر بەو شێوەیە بووە، هەروەکوو چۆن لە باسەکانی ڕابوردوودا قسەی زیاترمان لەسەری کردووە، کە مرۆڤی ئەم چەرخە گاڵتەی پێ دێ.

بەڵام بۆ زیاتر ڕەتکردنەوەی ئەم بەڵگە هێنانەوانە، با ئێمە چەند بەڵگەیەک لە بەرامبەر ئەوانەدا، هەر لە خودی ئەو قورئانەی، کە ئەم بەڵگانەی لێوە هاتوون بهێنینەوە. لە قورئاندا هاتووە ئەڵێت: "وما أرسلنا من قبلك من رسول ولا نبي إلا إذا تمنی ألقی الشیطان في أمنیته فینسخ الله مایلقي الشیطان، ثم یحکم الله آیاته"(109)، واتە: ئێمە پەیامبەر و ڕەسولێکمان نەنارد، کە هیوایەکی هەبووبێت و بۆ ڕێنوێنیکردنی خەڵکی بۆ ڕێگای ڕاست چووبێت، شەیتان کنەی کردووە و شتی نارەوای خستووەتە نێو ئەو هیوا و ڕێنوێنییەوە، ئینجا خودا ئەوەی شەیتانی سڕیوەتەوە و پاشان ئایەتەکانی خۆی چەسپاندووە(110). هەروەها دەڵێت: "وإن کادوا لیفتنونک عن الذي أوحینا إلیک لتفتری علینا غیره وإذا لاتخذوک خلیلا"(111)، واتە: هێندەی نەمابوو فریوت بدەن و لەو سروشەی، کە بۆمان ڕەوان کردبووی غافڵت بکەن و شتێکی دیکەمان بۆ هەڵبەستی، تاوەکوو بیبڕوایان تۆ بە دۆستی خۆیان بگرن. هەروەها بڕوانە سورەتی الحج/53، الأسراء/76، طه/114، القیامة/16-18. لە بابەتی "الناسخ والمنسوخ"(112)یشدا باسی ئەوە کراوە، کە ئایەتی "سنقرئک فلا تنسی: ئێمە قورئانت بۆ دەخوێنینەوە، جا هەرگیز لە بیرت ناچێتەوە"(113)، ئایەتی ناسیخە و ئەو ئایەتەی پێشای ڕەتکردۆتەوە و دووبارە چاکی کردۆتەوە، کە گوایە شەیتان وای بە محەمەد کردووە! سێهەم، هێندێک ئەڵێن، ئەم ڕووداوە ڕاست نییە، چونکە لەو سورەتەدا بە خراپ باسی بتەکان کراوە و دەڵێت: "ألکم الذکر وله الأنثی"(114)، واتە: ئێوە بۆخۆتان حەزتان بە کوڕە و کوڕتان ئەوێ، کەچی بتەکانتان مێیە و بۆ خودا مێ دائەنێن؟! هەروەها ئەڵێن: ئیتر چۆن ڕێک دوای ئەم قسەیە دێت وەسفی بتەکان ئەکات؟! بەڵام ئەمە شتێکی ڕوونە: چونکە لە بنچینەدا ئەو بەشەی سورەتەکە، کە دەڵێت: "ألکم الذکر وله الأنثی"ی تێدا نەبووە واتە،

هەر ئەمە بووە "أفرأيتم اللات والعزى ومناة الثالثة الأخرى، تلك الغرانيق العلى، وإن شفاعتهن لترجى"، کە دیارە ئەمەش هیچ ناکۆکییەکی تێدانییە.
چوارەم: وەک دەگێڕنەوە محەمەد ئەم ئایەتەی لە کاتی پێشنوێژی و لە کابەدا خوێندووەتەوە، جا هێندێک لە لێکۆڵەرە ئیسلامییەکان دەڵێن: ئەم ڕووداوە ڕاست نییە، چونکە محەمەد لە کابە پێشنوێژی بۆ موسڵمانەکان نەکردووە و نەیتوانیوە بە دەنگی بەرز ئەو ئایەتانە بخوێنێتەوە، چونکە پێیان ئەبڕی و ئازاریشیان ئەدا(115). لە سەرەتادا دەبێ ئەوە بڵێین، کە بە پێی دابونەریتی ئەو سەردەمە هەر کەسێک بچوایەتە نێو کابەوە، هەرچییەکی بگووتبایە ئازاد بوو و لە بەرامبەر ئەوەدا ئازار نەئەدرا، چونکە ئەو شوێنە لە لای خەڵکی مەککە شوێنێکی پیرۆز بووە و بۆ کەسێک لەوێ بووبێت ئەمین بووە، هەروەکوو لە قورئاندا هاتووە ئەڵێت: "فيه آيات بينات مقام إبراهيم ومن دخله كان آمنا" (قرآن، آل عمران: 97)، واتە: لەو خانوەدا (کابەی مەککە)، نیشانەگەلێکی ڕوون هەیە، (وەکوو) مەقام و جێی ڕاوەستانی ئیبراهیم، کە هەر کەسێک بچێتە ئەوێ، لە ئەماندایە. هەروەها ئەم شوێنە پەناگەی پەنابەرانیش بووە، هەروەکوو چۆن لە کاتی گرتنی شاری مەککە لە لایەن موسڵمانەکانەوە، هەر کەسێک بچوبایەتە ئەوێ، ژیانی پارێزراو بوو.
وەلی ئەوەی، کە پێویستە لە بەرامبەر ئەم قسەیەدا ئێمە بیڵێین ئەوەیە، کە خوێندنەوەی چەند ئایەتێکی بەو شێوەیە و پێداهەڵگوتن بە خوداکانی قورەیش، هەروا کارێکی لە ناکاو و کتوپڕی نەبووە، بێگومان پێشینە و سەرەتای هەبووە و پێشتر ئەبێ لە لایەن محەمەدەوە نزیکبوونەوە و ڕێککەوتنێک ڕووی دابێت، تا گەییشتووە بەوەی، کە بێبڕوایانیش هەر هەموو لەگەڵ محەمەددا سوژدە بەرن. دووریش نییە، لەسەر ئەوە ڕێکەوتبن، کە محەمەد ببێتە سەرۆکیان، وەلی دواتر محەمەد بینیبێتی ئەو سەرکردایەتییەی، کە ئەو گەرەکێتی بێ ڕکابەر نییە، یان هەستی بەوە کردبێت، ئەمە کەڵەک و سیاسەتی نەیارانی بێت، بۆئەوەی سووکی بکەن و



لایەندارانی لێ بکەنەوە و پاشانیش سەرکردایەتی لێ وەربگرنەوە ... هتد.
پێنجەم، لە کۆتاییدا دەبێت ئەوە بڵێین، کە ئەم ڕووداوە ئەوەندە گەورە و ئاشکرا بووە، ئیمکانی شاردنەوەی نەبێ، چونکە کار بە ڕادەیەک گەییشتووە، کە گشت خەڵکی مەککە پێیان زانیوە، بە جۆرێک، چوونە بە شوێن ئەو کۆمەڵە بوسڵمانەی، کە لە ترسی گەورەکانی قورەیش پەنایان بۆ وڵاتی حەبەشە بردبوو، ئەوانیش بە بیستنی ئەم هەواڵە ئەگەڕێنەوە. بێگومان ناردنی هەواڵ بۆ ئەوانەی حەبەشە، هەر دەبێ لە ڕێگەی کەسی باوەڕپێکراوەوە بووبێت، ئەگینا ئەوان بڕوا ناکەن و ناگەڕێنەوە. بێگومان ئەمەش هەر ئەبێت، بە فەرمانی خودی محەمەد بووبێت.
بەپێی ئەو گێڕانەوەیە بێت، کە کوڕی سەعد باسی کردووە، موسڵمانەکان دوو جار بۆ حەبەشە کۆچیان کردووە، یەکەم جار ژمارەیان یازدە کەس بووە، ئەمانە کاتێک، کە هەواڵی ڕێککەوتنی نێوان محەمەد و نەیارانی ئەبیستن، بۆ مەککە ئەگەڕێنەوە، بەڵام کاتێک، کە ئەگەڕێنەوە و ئەبینن بەو جۆرە نییە، دووبارە بۆ حەبەشە ئەگەڕێنەوە و ئەم جارەیان ژمارەیان هەشتاوسێ کەس بووە(116)، ئەمەش دیسانەوە ڕاستی ئەو ڕووداوە ئەسەلمێنێ. بەڵام دیارە کاتێک ئەمانە دێنەوە، ئەو ڕێکەوتنە بەو شێوەیە نەماوەتەوە، بۆیە ئەوانیش بە ناچاری و جارێکی دیکە، کۆچیان بۆ حەبەشە کردووەتەوە.
هەرچی بەشی دووەمی لێکۆڵەرانی ئیسلامییە، یانی ئەوانەی، کە ئەم ڕووداوە بە ڕاست ئەزانن، ئەو پاکانەیە دووپات ئەکەنەوە، کە کاتی خۆی محەمەد کردوویەتی، گوایە شەیتان ئەم پەیڤانەی خستووەتە سەر زبانی، یان دەڵێن، محەمەد ئاگای لێ نەبووە، شەیتان هاتووە ئەو بەشەی دوایی ئایەتەکەی بۆ بێبڕوایان خوێندووەتەوە ...! با چەند قسەیەک لەم بارەوە بکەین، وەلی لە دیدگای ئایینەوە: تۆ بڵێی محەمەد کەسێکی ئەوەندە نەفام و نەزان بووبێت، شەیتان ئەو کارەی پێ بکات و ئەو پێی نەزانێت؟! ئەی لەو دەمەیدا جوبرائیل چی لێ بەسەر هات (ئەگەر ئەو کاتە سروشی بۆ

هێناوە)؟ بۆچی تەواوی ئایەتەکەی بە محەمەد نەگەیاند و لێی وەستایەوە؟ چۆن مۆڵەتی بە شەیتان دا؟ ئەی کاتێک، کە جوبرائیل بۆ لای خودا گەڕایەوە، خودا پێی نەگووت: بۆچی ئەوەی، کە فەرمانم پێ کردیت، جێبەجێت نەکردووە؟ یان خودا خۆی ئیرادەی وەها بووە؟! ئایا محەمەدێک، کە سووککردن و ڕەخنەگرتن لە خوداکانی قورەیش و باسکردن لە خودای تاک و تەنهای بە بنەما وەرگرتبێت و ئەوانەی کردبێتە مەسەلەگەلێکی بنەڕەتی و بنکاری خۆی، چۆن شەیتان ئەو کەتنەی بە محەمەد دا و کڵاوی لە سەر نا؟ کەچی ئەو هەتا ماوەیەکی زۆر هەستی هەر پێ نەکرد، تا هەواڵ ئەگاتە موسڵمانەکانی حەبەشە (کە دیارە حەبەشە بۆ ئەو ڕۆژگارە چەند لە مەککەوە دوور بووە) و تا جوبرائیل جارێکی دیکە محەمەد ئاگادار ئەکاتەوە، لە کاتێکدا ئەم مەسەلەیە ئەوەندە زل و گەورە بوو، کە هەرچی بیروباوەڕی محەمەد هەیە سەرە و خوار بکاتەوە؟! ئەی چۆن شەیتان ئەمەی بۆ بێبڕوایان خوێندەوە، بەبێئەوەی محەمەد ئاگادار بێت؟! ئەی ماوەیەک دوای ئەوە و دوای ئەوەی ئەوانیش لەگەڵ محەمەددا سوژدە ئەبەن، بۆچی هەر ئاگادار نەبووەوە؟! ئەی چۆنە وا هەواڵەکە ئەگاتە حەبەشە، کەچی محەمەد لە خودی شاری مەککەدا هەر ئاگادار نەبووەوە؟! ئەی بە فەرمانی کێ ئەو هەواڵە گەییشت؟!

نەخێر! ئەمانە هەموو، بۆ مرۆڤی ژیر و مەنتیقی قابیلی قبوڵ نین، ئەمانە تێکڕا ئەوە ئەسەلمێنن، کە محەمەد چۆن تووشی بێئومێدی هاتووە، تا دەگات بەوەی دان بە خوداکانی قورەیشدا بهێنێ، ئەم ڕووداوانەش بۆ هەر کەسێکی ژیر و بە ویژدان، نیشانەی ئەوەیە، کە محەمەد وەک هەر کەسێکی دیکە مرۆڤێکی ئاسایی بووە، قورئانیش وەکوو هەر پەڕاوێکی دیکەی ئایینی، پەڕاوێکی ئاسایی بووە و دانراوی محەمەدە.

ئەو ئایەتانەی، کە لە پەیوەست بەم ڕووداوەوە هێنامانەوە، ئەوە نیشان ئەدەن، کە چۆن و بە چ سیاسەتێک محەمەد لەو هەڵوێست و قسانەی ئەکشێتەوە، بە جۆرێک کە لەگەڵ تێڕوانین و هزرمەندی (ئەقڵییەت) خەڵکی



ئەو سەردەمەدا جووت بێتەوە، بۆئەوەی جارێکی دی و بە ورەیەکی دیکەوە، سەر لەنوێ تێ هەڵچێتەوە.

## ە_ بۆچی محەمەد خۆی بە لایەنگری ئایینی ئیبراهیم دائەنا؟

بێگومان کاتێک، محەمەد بانگەشەی پەیامبەری خۆی کرد، خۆی بە لایەنگر و ژێنەرەوەی ئایینی ئیبراهیم دائەنا و خەڵکی قورەیشی بە لادەر لەو ئایینە ناو ئەبرد. لە قورئاندا هاتووە ئەڵێت: "قل إننی هدانی ربی إلی صراط مستقیم، دیناً قیما ملة إبراهیم حنیفاً وماکان من المشرکین"(117) واتە، بڵێ: پەروەردگارم منی بۆ ڕێی ڕاست ڕێنوێنی کرد، بە دینێکی پایەدار، بە دینی پاکی ئیبراهیم، لە هاوبەشپەیداکەران نەبوو. یان دەڵێت: "ثم أوحینا إلیک أن أتبع ملة إبراهیم حنیفاً وما کان من المشرکین"(118)، واتە: پاشان سروشمان بۆ تۆ نارد، کە پەیڕەویی لە ئایینی ئیبراهیم بکەیت، کە خاوێن و ڕاستە و لە هاوبەشپەیداکەران نەبوو.

هەروەکوو پێشتریش باسمانکرد، نەک هەر محەمەد، بەڵکوو گشت ئەو کەسانەی، کە خۆیان سەر بە ڕەوتی حەنەفی ئەزانی و بە چەندینساڵ لە پێش محەمەدەوە گوتوویانە، ئێمە لایەنگری ڕێباز و ئایینی ئیبراهیمین و ڕەخنەیان لە خەڵکی مەککە و ناوچەکە گرتووە، کە بۆچی بت و سەنەمیان کردووەتە ناوەند و شەفاعەتکەر. هەروەها داوایان لە خەڵکی کردووە، کە وازبهێنن لەو کارانە و بگەڕێنەوە سەر بنچینەی ئایینی ئیبراهیم، بەڵام بە پێچەوانەوە، هەرچی خەڵکی مەککەش بووە، خۆیان بە ڕاست زانیوە و پێیان وابووە خۆیان ڕێبازی ئایینی ئیبراهیمیان گرتووە و هەر لەسەر ئەو بیروباوەڕەن و شانازییان پێوە ئەکرد. بەڵێ! ئەی چۆن! چونکە هەر ئەو خودایانە بوون، کە توانییان خەڵکی مەککە لە هێرشی ئەبرەهە بپارێزن و خۆیان و ماڵ سەروەت و و ئاژەڵ و خوداکانیان وەک خۆی مایەوە و لەشکری ئەبرەهەش بە هۆی بەردبارانکردنیان لە لایەن تەیرەن ئەبابیلەوە گیانیان کونکون بوو و تێکشکان!

هەربۆیە کاتێک محەمەد ئەم لایەنگرییەی خۆی بۆ ئیبراهیم نیشان ئەدا، خەڵکی مەککە لێیان قبوڵ نەئەکرد و پێیان ئەگووت: نەخێر تۆ لەسەر ئایینی ئیبراهیم نیت و لەو ڕێبازە لاتداوە، هەربۆیە پێیان ئەگووت: تۆ سابیئەیت! هەرچی محەمەدیش بوو ئەم قسانەی زۆر پێ ناخۆش بوو. سەبارەت بەم مەسەلەیە ئەلرازی ئەڵێت: بۆیە بە محەمەدیان گوتووە سابیئە، چونکە ئەم وشەیە بە مانای لادانە، ئەوانیش پێیان وابووە، کە محەمەد لە ئایینی ئەوان لای داوە و ئایینێکی دیکەی هێناوە(119). هەروەها دوور نییە مەبەستی خەڵکی مەککە لەم وشەیە ئەوە نەبێت، کە محەمەد چووبێتە سەر ئایینی سابیئە، هەروەکوو باسمانکرد، پەیڕوانی ئەم ئایینە لە شاری مەککەدا هەبوونە(120)، کە دیارە ئەمەشیان لە ڕوانگەی خەڵکی مەککەوە هەر بە مانای لادان لە ئایینی کۆنی خۆیان دێت. دووریش نییە خەڵکی مەککە ئایینی سابیئەیان بەلاوە سووک بووبێت، هەروەکوو چۆن ئایینی خۆیان زۆر خۆش ویستووە، بە تایبەتی لایەنگرانی ئایینی سابیئە کەمایەتی بوونە و ئایینی زاڵ ئایینی قورەیش بووە. هەروەها ئەشێت محەمەد کەوتبێتە ژێر کاریگەری هێندێک لە بیروڕاکانی ئایینی سابیئە، هەروەکوو پێشتر لێی دواین، بە تایبەتی وەرگرتنی بیرۆکەی "ژێنەرەوەی ئایینی کۆنی خێڵەکەی"، واتە، هەروەکوو چۆن سابیئەکان باسی دەکەن، کە ئەوان سەر بە ئایینی ئادەم بوونە، وەلێ ئایینەکەیان شێواندووە و لەو ڕێگایە لایانداوە، بۆیە خودا، یەحیا پەیامبەری بۆیان نارد، تا ئایینەکەیان پاک بکاتەوە و بیگەڕێنێتەوە سەر بنچینە درووستەکەی خۆی.

ئەوەی لێرەدا جێگەی سەرنجە ئەوەیە، کە بۆچی محەمەد خۆی بە لایەنگری ئایینێکی کۆنتر نیشانداوە نەک ئەوەی، بە جیا لە هەر ئایینێک پرۆپاگەندە بۆ بانگەشەکەی بکات؟ هەروەها بۆچی محەمەد بە دیاریکراوی، خۆی بە لایەنداری ئایینی ئیبراهیم نیشان داوە نەک ئادەم، نوح، کە لە ئیبراهیم کۆنترن، یان موسا و عیسا، کە لە سەردەمێکی نزیکتر بوونە؟



هەروەکوو باسمانکرد، ئێلی قورەیش خۆیان بە لایەنگری ئایینی ئیبراهیم زانیوە نەک موسا و عیسا، هەربۆیە محەمەدیش ویستویەتی لەو خاڵەوە دەستپێبکات، کە خێڵەکەی بە پیرۆزی ئەزانن و شانازی پێوە ئەکەن، چونکە خەڵکی قورەیش ئەیان گووت، ئەو کابە پیرۆزەش هەر ئیبراهیم دروستی کردووە و خۆیان بە ئێلی هەڵبژاردەی خودا ئەزانی.

کەواتە، محەمەد لەو خاڵەوە دەستیپێکردووە، کە چەندوچوون هەڵناگرێ، بەڵکوو شتێکی پۆزەتیفیە و ئەو خاڵی لێوەدەسپێکردنە بە لایانەوە خۆشەویست بووە ، ئیدی ئەوەی ئەمێنێتەوە بۆ محەمەد ئەوەیە، ڕەخنەیان لێ بگرێت و پێیان بڵێت، ئێوە لە ڕێبازی ئەو ئایینەی، کە بەلای خۆتانەوە خۆشەویستە لاتانداوە، دەی هەموو لە دەوری من کۆوەبن، من پەیامبەرم با پێتان بڵێم لادانەکانتان چین؟

هەروەها لێرەدا محەمەد بۆ ئایینێک بانگەوازیان ئەکات، کە ئەوان بە ئایینی باو و باپیری خۆیانی دەزانن (ئایینی ئیبراهیم)، کە دیارە لە لای خەڵکی خێڵەکی ئەو سەردەمە، دەستگرتن بە دابونەریت و کلتور و بیروباوەڕی باپیرە گەورەیانەوە، ڕەووشتێکی بەرز و پیرۆز بووە، لادان لەوەش نەنگ و شورەیی بووە.

کەواتە، محەمەد لێرەدا ئەوەی بەلاوە گرنگ نەبووە، کە باسی کام ئایین و کام پەیامبەر ئەکات، بەڵکوو ئەوەی بەلای ئەوەوە گرنگ بووە ئەوە بووە، لە پێناو ئامانجێک، کە ئەو هەڵی گرتووە، یانی تەوحیدی خێڵەکان، خۆی بە چ بەرگێکەوە بنوێنێت، کاریگەری زۆرتری ئەبێت و دەتوانێ بەو هۆیەوە هەرچی زووتر و ساناتر خەڵکی لە دەوری خۆی خڕ بکاتەوە.

هەروەها محەمەد نەک هەر نەیویستووە خۆی بە ژێنەرەوە و پاقژکەری ئایینی موسا و عیسا بزانێ (ئەگەرچی بۆ بەرژەوەندی خۆی، بە ئایینی ئاسمانی لە قەڵەمی داوون)، بەڵکوو لە هەمبەر جوو و دیانەکانی ناوچەکەدا ڕکابەری زۆری کردووە و پێی گوتوون: "ماكان إبراهيم يهوديا ولا نصرانيا ولكن كان حنيفا مسلما"(121). واتە: ئیبراهیم نە جوو بووە، نە دیان،

بەڵکوو حەنەفی بووە و موسڵمان. ئەمەش چونکە هەروەکوو محەمەد ئەڵێت: موسا و عیسا دوای ئیبراهیم هاتوون، ئیتر چۆن ئەبێت ئیبراهیم جوو، یان دیان بووبێت؟!
بەڵام  بۆ خۆی ئەمە بە دروست ئەزانێ و ئەڵێ: ئیبراهیم موسڵمان بووە و هەر ئەویش ناومانی ناوە بە موسڵمان "وما جعل عليكم في الدين من حرج ملة أبيكم إبراهيم هو سماكم المسلمين من قبل"(122). چونکە هەروەکوو محەمەد ئەڵێت: ئایینی ئیسلام هەر لە ئەزەلەوە هەبووە، نەک هەر ئەوەندە بەڵکوو خودا محەمەدی لە پێش ئادەمیشەوە ئافراندووە و ئەگەر ئەم دنیایەش دروستکراوە، ئەوا هەر بۆ خاتری ئەو بووە!
هەروەها محەمەد بە جوولەکە و مەسیحییەکانی ناوچەکەی گوتووە: ئێوە ئایینی پەیامبەرەکانی خۆتانتان تێکداوە ... هەوڵی داوە بەو شێوەیە ئایینەکەیان بێئیعتیبار بکات، بۆئەوەی تەرتە و وەرتەیان بکات و لە دەوری خۆی خڕیان بکاتەوە، گوایە ئایینی ئیسلام گشت ئایینەکانی پێشوو نەسخ ئەکاتەوە.
کەواتە، سیاسەتی محەمەد بۆ پڕۆپاگەندە و بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕەکەی، بریتی بووە لە ئیحتیواکردنی بیروباوەڕی ئایینی خەڵکی مەککە، کە نێوەندی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و ئایینی ناوچەکە بووە.

## 2_ ئایینی ئیسلام و هەڵوێست و سیاسەتی لە بەرامبەر کێشەکانی  ئەو سەردەمەدا:

### ا_ سیاسەتی ئیسلام لە بەرامبەر نەیارانی

بێگومان بزووتنەوەی ئیسلامی لە سەرەتادا بێهێز و لاواز و بە ژمارە کەم بوو، هەرچی دەسەڵاتدارانی مەککە و شوێنەکانی تریش بوون، خاوەن هێز و توانا بوون. هەربۆیە لە سەرەتادا مەترسییەکی وایان لێ نەئەکراو، زۆر



بە جدی مەسەلەکە لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە بە حیساب نەهات، بەڵام دیارە بە ڕەخنەکانی محەمەد دڵتەنگ ئەبوون و پێیان ناخۆش بوو، کە محەمەد بەو شێوەیە قسە لەسەر ئایینی باو و باپیرانیان دەکات و بە سووکایەتییان دائەنا، بە تایبەت ئەو ئایینە بۆ هێز و دەسەڵاتی سیاسی و ئابوورییان یاردیدەدەر بوو. هەربۆیە ئەمانیش گاڵتە و تیزیان بە محەمەد ئەکرد و گەرەکیان بوو قسەکانی بەتاڵ و خۆی سووک بکەن. وەلێ کاتێک ڕوانییان محەمەد بە توندی و شێلگیرانە پڕۆپاگەندە بۆ ئامانجەکەی خۆی ئەکات و لە هەر کۆڕ و کۆمەڵێکدا و لە هەر بۆنەیەکدا محەمەد تیایدا ئامادە ئەبێت و لە ناو خەڵکی جۆراوجۆر و لە ناو هۆز و تیرەکانی مەککە و خەڵکی ناوچەکە، کە دێنە مەککە، دەست ئەکاتە قسەکردن و وتاردان و ڕەخنەگرتن، هەروەها کاتێک سەرنجیان دا هێندێک لایەنگر و هەواداری بۆ پەیدا بوو، ئیدی ئەوانیش هەتا دەهات شێوازی مامەڵە و بەرخورد و ڕەفتاریان لەگەڵیدا توندتر دەکردەوە و وای لێهات لە بەرامبەریدا هەموو ڕێگەیەک و هەموو سیاسەتێک بەکاربهێنن، دەستیان بە ئازاردانی ئەو لایەنگرانەی، کە خاوەن کەس و دەسەڵات نەبوون کرد، واتە، هەژاران و بەتایبەت کۆیلەکان، بە ئارەزووی خۆیان  کۆت و زنجیریان لە دەست و پێ و گەردن ئەکردن و لەبەر هەتاوی گەرمی هاوینی ئەو ناوچە گەرمە دایان ئەنان و بە قامچی ئەکەوتنە ویزەیان و ئەشکەنجەیان ئەکردن. بەڵام هەرچی خودی محەمەد بوو، بەهۆی جێگەوڕێگە و دەسەڵاتی کەسوکار و تیرەکەیەوە نەیانئەتوانی ئەوەندە دەنگی لەگەڵدا بکەن و توخنی بکەون. کاتێک محەمەد بە تەنیشت ئەو کۆیلانەی لایەنگری خۆیدا تێئەپەڕی، کە لەژێر ئەشکەنجەدا دەیان ناڵاند، پێی دەووتن: ئارام بگرن!
بەو شێوەیە دەبینین، کە چۆن لە سەرەتادا تەرازووی هێزی نێوان لایەنگرانی محەمەد و نەیارانی، بە قازانجی نەیارانی بووە، سەنگی هێز بەلای ئەواندا شکاوەتەوە، هەربۆیە بە ناچار هەڵوێست و سیاسەتی ئیسلام لەم دەورەیەدا، یانی دەورەی بەرگری، نەرمونیان بووە و شێوازی

ئازادیخوازی و دیموکراتیخوازی بەخۆوە گرتووە، کە ڕێک ڕەنگدانەوەی سووکی هێز بووە.
ئەگەر سەرنجێک لە قورئان بدەین، ئەم مەسەلەیە بە ڕۆشنی دەرئەکەوێ: "وأصبر حتى يحكم الله"(123)، واتە: ئارام بگرە هەتا خودا داوەری دەکات! "الا إن وعد الله الحق"(124)، واتە: ئاگادار بن بەڕاستی بەڵێنی خوا حەقە! "فاصبر على مايقولون"(125)، واتە: جا لە ڕاست ئەوەی ئەوانە ئەیڵێن، خۆڕاگر بە! "فاصبر صبرا جميلا"(126)، واتە: ئارام بگرە، ئارامگرتنێکی جوان! ئەم ئایەتانە و چەندین ئایەتی تریش باسی ئەوە ئەکات، کە چۆن دەبێ محەمەد و پەیڕەوانی لە هەمبەر کار و کردەوەی نەیارانیاندا ئارام بگرن و هیچ نەکەن. هەروەها لە قورئاندا هاتووە ئەڵێ: "وجادلهم بالتي هي أحسن"(127)، واتە: لەگەڵ ئەوانەدا بە شێوەیەکی جوان وتووێژ بکە! "ولاتجادلوا أهل الكتاب إلا بالتي هي أحسن إلا الذين ظلموا منهم"(128)، واتە: لەگەڵ خاوەن پەرتووکدا بێجگە لە جوانترین شێوە مشتومڕ مەکەن، مەگەر لەگەڵ کەسانێ، کە ستەمیان کردووە. لەم ئایەتانەشدا هەر باسی ئەوە ئەکات، کە چۆن بە جوانترین شێوە و بە ئارامی و بە هێمنی گفتوگۆ و پلمیک لەگەڵ بێبڕوایاندا بکرێت، هەروەها دەڵێت: "فمن إهتدى فانما يهتدي لنفسه ومن ضل فانما يضل عليها وما أنا عليكم بوكيل"(129)، "انما انت نذير والله على كل شيء وكيل"(130)، "فانما عليك البلاغ، وعلينا الحساب"(131)، ئەلێرەشدا دیسانەوە هەر باسی ئەوە ئەکرێت، کە دەبێ بوسڵمانان هەڵوێستیان لە بەرامبەر بێبڕوایاندا نەرم بێت و ئەوەی بڕوا بە ئیسلام ئەهێنێ یان ناهێنی ئارەزووی خۆیەتی و ئازاد و سەرپشکە، هیچ کەسێک زۆری لێ ناکات، چونکە ئەو کەسەی بڕوا ئەهێنێ بۆ سوود و قازانجی خۆیەتی، بۆ کەسی تر نییە، بۆیە پێویستە هەرچییەک، کە هەڵئەبژێرێ لە ئیختیاری خۆیدا بێت، ئیتر ئەو شتە بە قازانج بێت، یان بە زیان ئەوە ئیدی خۆی بەرپرسیارە، هەروەها محەمەد ئەڵێت: من کارم بەسەر کەسەوە نییە، چونکە من لە لایەن خوداوە نێرراووم، تاوەکوو فەرموودەی خوداتان پێ



بگەیەنم، ئەگەر بێفەرمانی ئەو فەرموودەیە بکەن، ئەوا خودا بۆخۆی (نەک من!) لە هەردوو دنیا سزاتان ئەدات، بۆیە ئەوەی لەسەر منە تەنها ڕاگەیاندنی فەرمودە و فەرمانی خودایە (نەک زۆرتان لێ بکەم و شیرتان لێ ڕاکێشم)، خودا بۆخۆی حیسابتان لەگەڵدا دەکات، ئیتر من هیچ پەیوەندییەکم پێوەی نییە، ئێوە و خودای خۆتان ... خۆ ئەگەر هاتوو زۆر چەندوچوونیان لەگەڵدا کرد و سەرکێشییان کرد، ئەوا "لكم دينكم ولي دين"(132)، واتە: ئایین و بڕوای خۆیان بۆ خۆیان، ئایین و بڕوای خۆمیش بۆ خۆم (هێرش ناکەمە سەریان و زیانیان لێ نادەم).
وەلی کار بەم شێوەیە نەمایەوە، دەسەڵاتدارانی قورەیش فشاری زیاتریان بۆ موسڵمانەکان ئەهێنا و محەمەد بۆخۆشی ئیتر کەوتە بەر هەڕەشەی کوشتنەوە، بۆیە پاش ئەوەی لە تاییف شکست ئەخوات (ئەویش لەبەر باش تاووتوێنەکردنی هەلومەرجی سیاسی ئەو شارە) و پاش ئەوەی توانیبووی لایەنگرانێک لە شاری مەدینەدا پەیدا بکات، بڕیاریدا بۆ مەدینە کۆچ بکات.
کاتێک محەمەد گەییشتە ئەو شارە، دەوڵەت و دەسەڵاتی خۆی دامەزراند و هێزی چەکداری لە شێوەی چەند دەستەیەکدا دامەزراند و دەستیان بە بەربەرەکانیکردنی دەسەڵاتدارانی مەککە و هێرش بردنە سەر کاروانی بازرگانییان کرد، کە بڕبڕەپشتی ئابووری ئەوان و خاڵی لاوازیان بوو.
لەبەرئەوەی ژمارەی لایەنگرانی جوو لە شاری مەدینە و دەوروبەریدا زۆر بوو، هەروەها خاوەن نفوز و جێگای ئابووری گرنگ بوون(133)، سیاسەتی محەمەد لەگەڵیاندا نەرمینواندن و ڕێزگرتنیان بوو، تەنانەت لە بەرامبەریاندا خۆی وا پیشان ئەدا، کە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئەواندا نییە و هەردوو لایان یەک خودا ئەپەرستن و ئەوەی بۆ ئەوان هاتووەتە خوارەوە ئەمانیش بڕوایان پێی هەیە و دوژمنی هەردوولایان ئەوانەن، کە بت و سەنەم ئەپەرستن، نەک خودای هاوبەشیان "ولاتجادلوا أهل الكتاب إلا بالتي هي أحسن إلا الذين ظلموا منهم وقولوا آمنا بالذي أنزل إلينا أنزل إليكم وآلهنا وآلهكم واحد ونحن له مسلمون"(134)، واتە: لەگەڵ خاوەن

پەرتووکدا جگە لە چاکترین شێوە وتووێژ مەکەن، مەگەر لە گەڵ کەسانێ، کە ستەمیان کردووە و پێیان بڵێن: بڕوامان هێناوە بەوەی بۆ ئێمە هاتووەتە خوارەوە و بەوەی بۆ ئێوە هاتووەتە خوارەوە، خودای ئێمە و خودای ئێوە یەکێکە و ئێمە تەسلیم بەوین. بە پێچەوانەی هەڵوێستی دواتریان، کە چەپ و ڕاستی بەسەر ئایینەکەیاندا هێنا، هەروەکوو دەڵێت: "ومن یبتغ غیر الأسلام دینا فلن یقبل منە"(135)، واتە: وە هەر کەسێ بێجگە لە ئیسلام ئایینێکی دیکە هەڵبژێرێ، جا هەرگیز لێی قبوڵ ناکرێ.

موسڵمانەکان بە هۆی شەڕوشۆڕ و ڕێگرتن لە کاروانی بازرگانی و چەتەیی و تاڵانوبڕۆ و پەیمانبەستن لەگەڵ هێندێک لە تیرە و خێڵەکاندا، وردەووردە ناوبانگیان بڵاوبووەوە، هێزیان زۆرتر بوو، بە تایبەتی پاش دەسکەوتی تاڵانی زۆر، کە بووە هۆی بووژانەوەی موسڵمانەکان.

ئەمانە گشت کاریگەرییان لەسەر هاوسەنگی هێز دانا، تا لە ئەنجامدا کار بە گفتوگۆ و ڕێکەوتن لە نێوان هەردوو دەوڵەتی مەککە و مەدینەدا گەییشت، چونکە هێرش و فشاری محەمەد بۆ سەر شادەماری داهات و سوودیان، یانی کاروانی بازرگانییان، بە تەواوی کاری لێ کردن(136). ڕێکەوتنی حودەیبییە نیشانەی چوونە سەری هێزی موسڵمانەکان و دەرچوونیان بوو لە دەورەی بەرگرییەوە بۆ هاوسەنگی هێز.

ئەم ڕێکەوتنە بەلای محەمەدەوە زۆر گرنگ بوو، بۆئەوەی بۆ لێدان و بنبڕکردن، یان ملکەچپێکردنی جووەکان و چەسپاندنی دەوڵەتەکەی لە مەدینە بە تەواوی دەستئاوەڵا بێت، بۆئەوەی دواتر بگەڕێتەوە سەر یەکلاکردنەوەی کار لەگەڵ دەوڵەتی مەککەدا. چونکە محەمەد وردەوردە و لەگەڵ بەهێزبوونی موسڵمانەکان، کە بۆ جووەکان مایەی ترس و نیگەرانی بوو(137)، خۆی لە ئایینی جوو جیا ئەکردەوە و نیازی خۆی لە بەرامبەریاندا زیاتر دەرئەخست، هەتا کار گەییشتە ئەوەی، بۆ نوێژکردن ڕوو بکاتە کابە و ڕوو لەو ڕووگەیە وەربگێڕێ، کە پێشتر لەگەڵ جووەکان ڕوی تێ ئەکرد.



دیارە ئەمە پێش ئەوەی هەرچییەک بێت، یان بە هەر بیانوویەکی ئایینییەوە پاساو بدرێت و بە سروش و بە فەرمانی خوداوە بپێچرێ، هەڵوێستێکی سیاسی بووە و بۆ خۆجیاکردنەوە لە جووەکان (لە کاتی نوێژکردن لەگەڵ دیانەکان ڕوویان ئەکردە قودس) بووە، چونکە ئیدی محەمەد پێویستی بەوە نەما، کە دڵنەوایییان بکات، یان خۆی بە نزیکیان بزانێت، هەروەها بۆ نیشاندانی نیازی خۆی، وەک لایەنگر و تەواوکەری ئایینی ئیبراهیم بوو.

دیارە ئەمانە گشت لە پێناوی بەرز و بەڕێزگرتن و بە پیرۆزهێشتنەوەی کابەدا بووە، هەروەکوو باسمان کرد، چ سوودێکی ئابووری و سیاسی بە خێڵی قورەیش گەیاندووە، هەروەها چ ڕۆڵێکی لە بزواندنی هەستەوەرییەکانی قورەیش بۆ بانگەشەکەیی و بۆ تەوحیدی خێڵەکان و ڕاگەیاندنی ئەوەی، کە ئەو نەک هەر لە دژی بەرژەوەندییەکانی قورەیش ناوەستێتەوە، بەڵکە باشتر دەیپارێزێت، ئەبێت. لە کاتێکدا ئەوان بە هۆی بانگەشەکەی محەمەدەوە ترسی ئەوەیان لێ نیشتبوو، کە نفوزیان نەمێنێ و کابەش وەک نێوەندی حەج و بازرگانی بێئیعتیبار بێت (بڕوانە سورەتی قصص: 57). هەربۆیە جووەکان کەوتنە ڕەخنەگرتن و تانە و تەشەردان لە محەمەد و پێیان ئەگووت: ئەوا تۆش مانەندی خێڵەکەت بۆ سەر ئایینی بتپەرستی گەڕایتەوە ... هتد.

جووەکان هەستیان بەوە ئەکرد، کە هەتا دێت لایەنگرانی ئیسلام زۆر و بەهێزتر ئەبن و بەو پێیەش هەتا دێت بایەخیان لای موسڵمانەکان کەم ئەبێتەوە و ڕەخنە و سنووربەندییان لە نێواندا زیاد ئەکات، ڕەخنەی جوولەکەکانیش بە هەڕەشە و گوڕەشە و کوشتن وەڵام ئەدرێتەوە. ئەگەر بڕوانینە قورئان، ئەبینین لە سەرەتای سورەتی "البقرة"وە هەتا ئایەتی هەشتاویەک و بەشی زۆری سورەتی "النساء"یش باسی خودان پەرتووک ئەکات و ڕەخنەیان لێ ئەگرێت و هەڕەشەیان لێ ئەکات.

ئەبوعەفک شاعیرێکی جوولەکە بوو، تەمەنی ئەگەییشتە سەد ساڵ، بەهۆی ئەوەی لە شیعرەکانیدا ڕەخنەی لە محەمەد ئەگرت و پرۆپاگەندەی لە دژی

ئیسلام ئەکرد، بە فەرمانی محەمەد، لە لایەن سالمی کوڕی عەمیرەوە، لە نێومالّی خۆیی و لە نیوەشەودا بەشیر تیرۆر ئەکرێ(138).

ژنێکی جوو بە نێوی عەسمانەی کچی مەروان، ڕەخنەی لە محەمەد و موسڵمانەکان ئەگرت، گاڵتەی پێ ئەکردن و لە نێو خەڵکیدا سوکایەتی بە ئیسلام ئەکرد، شەوێکیان بە فەرمانی محەمەد، عەمیری کوڕی عەوف دەچێتە سەر ماڵەکەی، تەماشا ئەکات ژنە خەریکە شیر بە مناڵەکەی ئەدات و بەسەر شیردانەوە خەوی لێ کەوتووە، کۆمەڵێ کەسیش لە دەوری نوستوون، عەمیر نەختێک چاوی کز بووە، بۆیە بە پەلکوتان ژنە ئەدۆزێتەوە، مناڵەکەی لێ ئەکاتەوە و پاشان شیرێک ئەکا بە سنگیدا و لەپشتیەوە دەرئەچێ و ئەیکوژێ. پاش ئەوەی بۆ لای محەمەد ئەگەڕێتەوە، محەمەد پێی دەڵێت: "نصرت الله ورسوله یا عمیر"، واتە: پشتیوانیت لە خودا و پەیامبەرەکەی کرد ئەی عەمیر!(139). شاعیرێکی دیکە بە نێوی کەعبی کوڕی ئەشرەفەوە، هەجوی محەمەد و موسڵمانەکانی ئەکرد، محەمەدیش پیاوەکانی خۆی هاندا، کە بیکوژن، ئەو ڕۆژە نەچووە سەر، کەعبیان سەربڕی و کەللەسەرەکەشیان فڕێدایە بەرپێی محەمەد!

بەو شێوەیە محەمەد لە ڕێگەی باندەکانییەوە، چەندین کاری تیرۆریستی لەو چەشنەی ئەنجام داوە و بەمانەش، کەشوهەوایەکی پڕ لە ترس و خۆفی لەو شارەدا پێکهێنابوو. بەڵێ ئیتر پێویستییان بە سیاسەتی نەرم و ئارام نەما، ئیتر خودای ئیسلام و یەهود، کە پێشتر وەحدەتیان هەبوو، لەیەک جودا بوونەوە.

بەڵێ! ئیدی دەستیان بە کوشتن کرد: "قاتلوا الذین لایؤمنون بالله ولا بالیوم الآخر ولایحرمون ماحرم الله ورسوله ولایدینون دین الحق من الذین أوتوا الکتاب حتی یعطوا الجزیة عن یدوهم صاغرون"(140)، واتە: لەگەڵ ناموسڵمانان، کە خاوەن کتێبن و نابنە موسڵمان و بڕوا بە خودا و ڕۆژی دوایی ناهێنن و ئەوەی خودا و پەیامبەر قەدەغەیان کردووە، ئەوان قەدەغەی ناکەن، بجەنگێن! بیانکوژن و شەڕیان لەگەڵدا بکەن تا



بە سەرشۆڕی و ملکەچی سەرانە ئەدەن! بەڵێ! ئیدی دروشمی "لا إکراه في الدین"(141) کە بە مانای، بۆ قبوڵکردنی ئایینێک زۆرێک نییە، داگیرا و هەڵوەشێنرایەوە. نەک هەر ئەمە، بەڵکوو هەموو ئەو ئایەتانەی، کە پێشتر لە مەڕ ڕەفتاری جوان و قسەی نەرم و ئارامگرتن هێنامانەوە، هەڵوەشێنرانەوە. هەروەها ئەو ئایەتانەی، کە دەیگووت ئارەزووی خۆتە بڕوا دەهێنی یان نا... ئەوەی بڕوا بهێنێ بۆخۆی بڕوا ئەهێنێ، پەیامبەر تەنها ئەوەندەی لەسەرە، کە فەرموودەی خوداتان پێ ڕابگەیەنێ ... هتد. هەڵوەشێنرایەوە. ئیتر تەرازووی هێز بەلای بزووتنەوەی محەمەددا شکایەوە، دروشمەکان گۆڕان، سیاسەت و هەڵوێستەکانیش گۆڕان، هەڵوێستی مەبدەئی، خۆی دەرخست: "وأعدوا لهم ما استطعتم من قوة"(142)، واتە: بۆ دوژمنان، ئەوەی لە تواناتاندایە لە هێز و ئەسپی دابەسترا و بۆ جەنگ ئامادەی بکەن! "یاأیها النبي حرض المؤمنین علی القتال"(143)، واتە: ئەی پەیامبەر بڕواداران هان بدە بۆ جەنگکردن لە گەڵ دوژمنان، "وقاتلوهم حتی لا تکون فتنه ویکون الدین کله لله"(144)، واتە: وە بیانکوژن تاوەکوو ئاشوب نەمێنێ و ئایین بۆ خودا بێت. هەروەها بڕوانە: النساء(74-76، 84). البقرة(190-193)، (216-244). الأنفال(41، 67، 69). التوبة(28-29) ... هتد.

یەکێک لەو ڕووداوە دڵتەزێنانەی، کە موسڵمانەکان بە ڕابەری محەمەد ئەنجامیان داوە، کوشتوبڕی بێڕەحمانەی دیلە جوولەکەکانی شەڕی بەنی قورەیزەیە، کە دکتور عەلی شەریعەتی لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا بە شانازییەوە ئەیگێڕێتەوە و ئەڵێت: ئەو (محەمەد) هەر ئەو پیاوەیە، کە لە بازاڕی مەدینەدا لە بەرامبەری چاڵە قوڵەکەندا، کە بە فەرمانی خۆی هەڵیان کەندبوو، بە ئارامی دانیشتبوو دەستە دەستە جوولەکەکانی بەنی قورەیزەیان بە کۆت و زنجیرەوە ئەهێنا و لە بەردەمی، سەریان ئەبڕی و چاڵیان ئەکرد، ئەویش بە ئارامی سەرنجیانی ئەدا، تەماشایانی ئەکرد، بە بێئەوەی لێوی ببزوێ(145). هەروەکوو دەگێڕنەوە ژمارەی ئەمانە

شەشسەد بۆ حەوتسەد، یان لە نێوان حەوتسەد بۆ هەشتسەد کەس بوونە، ئەمە جگە لەوەی ژن و منداڵەکانیشیان بە کۆیلە و کەنیزە گرتن و هەرچی ماڵ و مڵکیشیان هەبوو تالان و دابەش کران(146).

ئەوەی شایانی باسە سەدوبیستوچوار ئایەت لە قورئاندا، بە ئایەتی شیر (آية السيف) ئیلغا (منسوخ) کراونەتەوە(147). واتە: ئەوەندە ئایەتە، کە زۆرترینیان ئایەتی دەورەی مەکیین (لە وشەی "مەککە"وە هاتووە)، بەو ئایەتانە ڕەتکراونەتەوە، کە پێیان دەڵێن، ئایەتی شیر، واتە بکوژە و ببڕە!

کەواتە، هەڵوێست و بەرخوردی محەمەد و لایەنگرانی لە بەرامبەر بێبڕوایاندا، بە گوێرەی سەنگوسووکی هێزی نێوانیان گۆڕانی بەسەردا هاتووە، ئەو کاتەی تەرازووی هێز بەلای موسڵمانەکانەوە نەبووە، بە ناچار بەرگی ئازادیخوازی، ئازادی بیروباوەڕ و دەربڕین دەگرێتە خۆی، وەلی ئەو کاتەی، کە تەرازووی هێز بە لایاندا شکاوەتەوە، ئیدی ناوەخن و هەڵوێستی ئوسوڵی ئیسلام دەرئەکەوێت، کە بریتییە، لە خنکاندنی هەر دەنگێک، کە بیەوێت ڕەخنە لە ئیسلام، یان محەمەد بگرێت، یان پڕۆپاگەندەیان لە بەرامبەردا بکات. لە کاتی وەهادا ئەنجامی ئەوانە تیرۆر و ملپەڕاندن و بەکەنیزەکردنی ژن و منداڵیان و داگیرکردنی ئەموالی مەنقولە و غەیرە مەنقولەیانە! هەروەها بۆ کەسانێک، کە نابنە موسڵمان دیسانەوە هەمان چارەنووسیان هەیە، یان ئەگەر ئەو کەسە هەر گەرەکێتی لەسەر ئایینی خۆی بمێنێتەوە، ئەوا ئەبێت بە شێوەیەکی سەرشۆڕانە، وەک مرۆڤێکی پلەخوار، سەرانە بە دەسەڵاتدارانی ئیسلام بدات و نق و جق نەکات.

هەرچی ئەوانەش بوون، کە ئیسلام ناوی لێ نابوون هاوبەشپەیداکەران (المشركون) سەردان و حەجی کابەیان لێ قەدەغە کرا، لە قورئاندا هاتووە: "إنما المشركون نجس فلا يقربوا المسجد الحرام بعد عامهم/ قرآن، توبة: 28"، واتە: بەڕاستی هاوبەشپەیداکەران گڵاون، جا نابێ دوای ئەمساڵ لە مەسجدولحەرام نزیک ببنەوە. پاشان بڕیاریان دەرکرد، کە ئەوانە بە هیچ



جۆرێک نابێت، لە ناوچەی جەزیرەی عەرەبیدا بمێننەوە، یان ئەبێت واز لە بیروباوەڕی ئایینی خۆیان بهێنن و بچنە سەر بیروباوەڕی ئەمان واتە، ئیسلام، هەروەها نابێ پەشیمانیش ببنەوە، ئەگینا ئەبێ کۆمەڵکوژ بکرێن. لە قورئاندا هاتووە ئەڵێت: "فقاتلوا أئمة الكفر إنهم لا إيمان لهم لعلهم ينتهون"(148)، واتە: جا لەگەڵ پێشەوایانی کوفردا بجەنگن، بەڕاستی ئەوانە بێئیمانن، تاوەکوو دوایان ببڕێتەوە.

بێگومان ئەمەش شتێکی چاوەڕوانکراوە، چونکە، یەکەم: لە ڕوانگەی مرۆڤی خێڵەکییەوە هەر قسەیەک، کە کرا، ئەبێ بڵێی، ڕاستەکەی (صدقت)، گوێمان لێ بوو، بە فەرمانت ئەکەین (سمعنا وأطعنا)! هەربۆیە ڕەخنەگرتن لە قسە و لە بیروباوەڕەکەی بە سووکایەتی حیسابە، ئایینی ئیسلامیش لە جەرگەی کۆمەڵێکی خێڵەکییەوە سەریهەڵداوە و هەر لەو سەرچاوەیەشەوە ئاوی خواردووەتەوە. دووەم: بیروباوەڕی ئیسلام وەک قسە و فەرمانی خودا نیشان دراوە، خوداش وەک هێزێکی خارق و دوور لە هەڵە و هەر کەموکوڕییەک پێناسەکراوە، بۆیە ڕەخنەگرتن لە قسە و فەرمانی خودا ناکرێ و نادروستە، بەو هۆیەوە بێبڕوا (کافر) ئەبێت، حوکمی کافریش کوشتنە. کەواتە، قسەکردن لە ئازادیخوازی و دیموکراتیخوازی ئیسلام لە هەر کاتێکدا بێمانایە.

## ب_ هەڵوێست و سیاسەتی ئیسلام لە بەرامبەر ناکۆکیی چینایەتی و مەسەلەی خاوەندێتی

هەروەکوو لە بەشی دووەمی ئەم باسەدا هاتووە، کۆمەڵی مەککە و حیجاز و دوورگەی عەرەب، کۆمەڵێکی چینایەتی بوونە. کۆبوونەوەی سەروەت لە لایەک و هەژاری و نەداری لە لایەکەی تر، ڕیزبەستنی چینە دارا و دەوڵەمەند و ئەریستۆکراتەکان لە لایەک و چینە نەدار و هەژار و برسی و کۆیلەکان لە لایەکەی تر، ناکۆکی چینایەتی بە جۆرێک

تیژکردبووەوە، کە ناڕەزایی و تورەیی و سوختی ئەم چینانە بە ئەندازەیەکی ئێجگار زۆر بووە.
محەمەد لەم هەلومەرجە چینایەتی و پڕ لە ناکۆکییەدا چاوی کردەوە و گەورە بوو، دەرکی بەم چەوسانەوە زۆر و بێسنوورە کردبوو، ئەیزانی ئەم هێزە کۆمەڵایەتییە چەندە لە دەوڵەمەند و دەسەڵاتدارانی ئەو کاتە تورە و بە ڕقە، هەربۆیە ئەمە زەمینەیەکی لەبار بوو بۆ گرنگیدان بەم چینە و خۆنزیککردنەوە لێیان، بە مەبەستی کۆکردنەوەیان و بەکارهێنانی لە پێناو سەرخستنی بزووتنەوەی تەوحیدی خێڵەکان بە ڕابەری و سەرۆکایەتی خۆی. چونکە محەمەد هەستی بە پێویستی ئەو تەوحیدە کردبوو، هەروەها ئەیزانی بە ڕێگای نەریتی (تەقلیدی) و بەهۆی پەیداکردنی سەروەت و سامان و مونافەسەکردنی دەسەڵاتدارانی مەککەوە، ناتوانێت نە خۆیی و نە بنەماڵەکەی بە ئاستی ڕەقیبەکانی بگەیەنێت، نەخێڵەکانیش لەژێر دەسەڵاتی ئەریستۆکراتەکانی خێڵی قورەیش تەوحید ئەکرێن. هەربۆیە محەمەد ڕووی لە چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵ (دیارە بە بێ وازهێنان لە چینەکانی سەرەوەی کۆمەڵ) کرد و دەستیکرد بە پڕۆپاگەندەکردن و بەرزکردنەوەی دروشمی بریقەدار دەربارەی ئازادی و ڕزگارییان.
هەروەکوو پێشتر لێی دواین، هەر لەو کاتەدا و لەو هەلومەرجەدا بەشێک لە خودی دارا و دەوڵەمەندەکان و کەسانی خاوەن هۆش و بیر، هەستیان بە مەترسی ئەو کەلێنە گەورەیەی نێوان دارا و نەدار و ئەو بەهەشت و دۆزەخەی هەردوولا کردبوو، هەربۆیە کەوتبوونە باسی بەزەیی و ڕەحمکردن بە هەژار و لاکردنەوە لە گیروگرفت و تەنگوچەڵەمەکانیان. هەروەها لە زۆر لاوە خەڵکی کەوتبووە دابەزینەسەر دارا و دەوڵەمەندەکان، باسی بێڕەحمی و دڵڕەقی ئەوانەیان ئەکرد. ئەگەر بڕوانیتە شیعری شاعیرانی ئەو سەردەمە، بە ڕۆشنی ئەمەمان بۆ دەرئەکەوێت. ئەم هەلومەرجەش زەمینەی گونجاو و لەباری بۆ پڕۆپاگەندەی محەمەد فەراهەم کردبوو، تاوەکوو محەمەد بتوانێت ئەو بزووتنەوە ئیعتیرازییە جەماوەرییە



بە قازانجی خۆی بشکێنێتەوە و سواری شەپۆلەکەی بێت. بڕوانە قورئان چی دەڵێت: "الذين هم على صلاتهم دائمون، والذين في أموالهم حق معلوم للسائل والمحروم"(149)، "الذين يقيمون الصلاة ويؤتون الزكاة وهم بالآخرة هم يوقنون"(150). هەروەها لە حەدیسدا هاتووە ئەڵێ: "من أقام الصلاة ولم يؤد الزكاة فلا صلاة له"(151)، هەروەها لە قورئاندا ئەڵێت: "وانفقوا من مارزقكم من قبل أن ياتي أحدكم الموت"(152). "وما أدراك ما العقبة، فك رقبة، أو اطعام في يوم ذي مسغبة، يتيماً ذا مقربة أو مسكينا ذا متربة"(153). یان گلەیی لە دەوڵەمەندەکان ئەکات و ئەڵێت: "بل لاتكرمون اليتيم، ولاتحاضون على طعام المسكين"(154)، "أرأيت الذي يكذب بالدين، فذلك الذي يدع اليتيم، ولايحض على طعام المسكين"(155)، "ان لا يدخلنها اليوم عليكم مسكين"(156) ... هتد.
بەو جۆرە ئەبینین، کە محەمەدیش دەنگی خۆی ئەخاتە پاڵ ئەو دەنگە ناڕەزایەتییانەی، کە ئەو دەمە لە هەمبەر دارا و دەوڵەمەندەکاندا هەبوونە، سەرکۆنەیان ئەکات و ڕەخنەیان لێ ئەگرێت، کە بۆچی بەزەییان بە هەژاراندا نایەتەوە، بۆچی شتێکی کەم لەو ماڵە زۆروزەوەندەی هەیانە، بۆ نەدار و برسییەکان جیا ناکەنەوە، بۆچی ڕێزی هەتیو ناگرن و نانی برسی نادەن، تا ژەمێک تێر بن ... هتد.
بەرزکردنەوەی ئەم جۆرە دروشمانە و هاندانی دەوڵەمەندان، کە چاویان لە هەژار و برسییان بێت و تێریان بکەن، بۆ ئەو بار و دۆخە پڕ لە هەژاری و کوێرەوەرییە، کاریگەرییەکی یەکجار زۆری بەسەر چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵەوە هەبووە. بەرزکردنەوەی ئەو جۆرە دروشمانە و لە ئارادابوونی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی چینەکانی خوارەوە، دەبێتە هۆی هیوابەخشین بە هەژار و دەبێتە هۆی خڕبوونەوە لە دەوری ئەو دروشم و بزووتنەوەیە و لە هەوڵی سەرخستنیدا ئەبن.
هەروەکوو ڕوونە، محەمەد وادە و بەڵێنی زۆری بە هەژاران ئەدا، تاوەکوو بیروباوەڕەکەی قبوڵ بکەن و لەدەوری کۆ ببنەوە. پێیانی ئەگووت، لەو دنیا

ئەم نەبوونی و هەژاری و برسێتییەی ئێستاتان نامێنێ و ڕزگار ئەبن، ئەو ژیانەی، کە هەنووکە دارا و دەوڵەمەندان لێی بەهرەمەندن، کە ئێوە هەمیشە خەو بەو جۆرەوە ژیانەوە ئەبینن، ئەوا ئێوە لەو دنیا بە زیادەوە دەستتان ئەکەوێت. هەربۆیە هەژاران و خەڵکی مەحروم و بێبەش بۆئەوەی لە کوردەکەی هەردوو جەژن نەبن، پێیان باش بوو، هەروەکوو لەم دنیایەدا بێئومێد بوونە، بەڵکوو هەوڵێک بۆ دنیاکەی تریان بدەن، زۆریش دڵیان بەوە خۆش بووە، کە ئەم دنیایە ئەبڕێتەوە (دار الفناء)، وەلی دنیاکەی دیکە هەر دەمێنێ و هەتاهەتاییە (دار البقاء).

بەڵام محەمەد دەیزانی، ئەم بەڵێنانە بە تەنها و بەس، بۆ کۆکردنەوە و ڕاکێشانی خەڵکی هەژار و نەدار کافی نییە، چونکە ئەوان هەر ئێستا لەگەڵ ژیانێکی واقیعی زۆر سەختدا بەرەو ڕوون و هیچ یەکێک لەم قسە و بەڵێنانە بۆ تەنها ژەمێکیش سکی برسییان تێر ناکات، بۆیە پێویستە وەڵامێکی فیعلی و ماددییان پێ بداتەوە و بکارێت لە دەوری خۆی خڕیان بکاتەوە و ئەو مەترسییە تێپەڕێنێ، کە دوورنییە ببێتە هۆی تەقینەوە و شێواندنی شیرازەی ئەو کۆمەڵەی لەسەر بەرژەوەندی ئەریستۆکراتەکان بنیات نراوە. یان ئەگەر بێت و چارەسەرێکی (بێگومان لێرەدا لە بەرژەوەندی دارا و دەوڵەمەندانە) وایان بۆ نەبینێتەوە، کە لە لایەکەوە ببێتە هۆی خامۆشکردنەوەی ناڕەزایەتی نەدارەکان و لەولاشەوە کاریگەرییەکی ئەوتۆ لە دارایی دەوڵەمەندان نەکات، ئەوا ڕەنگە ئەوەندەی دیکە دزێتی، چەتەیی، کوشتوبڕ پەرەبستێنێ.

هەر لە پەیوەند بەم باسە و لە وەڵام بەم مەسەلەیەوە، کاتێک محەمەد دەچێتە سەر لێکدانەوەی سەرچاوەی سەروەت و سامان ئەڵێت: "قل ان ربی یبسط الرزق لمن یشاء ویقدر ولکن اکثر الناس لایعلمون"(157)، واتە، بڵێ: پەروەردگارم بۆ هەر کەسێک، کە بیەوێت ڕسق و ڕۆزی زیاد یان کەم ئەکات، وەلی زۆربەی خەڵکی ئەمە نازانن. لێرە و لە چەندین شوێنی تریشدا محەمەد وا ڕادەگەیەنێ، کە هێزێکی سەرەوە یانی خودا، ڕسق و ڕۆزی



ئەدات و چەندایەتییەکەی دیاری ئەکات، بۆ هەر کەسێک، کە خۆی بیەوێت. واتە، ئەمە کارێکە پەیوەندی بە زەوی و خودی مرۆڤەوە نییە، لە دەسەڵاتی خۆیدا نییە، بەڵکە لە لایەن هێزێکی بەدەستەڵاتەوە، کە چەندوچوونی لەگەڵدا ناکرێت دانراوە و بەش کراوە، بۆیە ئیتر ئەگەر نەدار بوویت، ناتوانیت هیچ کارێک لە بەرامبەر ئەو نەدارییەدا بکەیت و ئاڵوگۆڕێک بەسەر ژیانی نەبوونیتدا بهێنی، ئەگەر داراش بوویت، ئەوا هیچ کەسێک ناکارێت ئەو دارایییەت لێ بسەنێتەوە، مەگەر خودا بۆخۆی نەبێت!

کەواتە، بەپێی پڕۆپاگەندەی محەمەد و ئیسلام، سەروەت و دارایی لە بنەڕەتدا، موڵکی خوداوەندە و ئەو خاوەندی ئەسڵییەتی، ئەمەش واتە، ئەوەی لە لای دارا و دەوڵەمەندانە، ملک و ماڵی خودایە و هی خۆیان نییە: "ذلکم الله ربکم له الملک والذین تدعون من دونه مایملکون من قطمیر"(158). "والله یؤتی ملکه من یشاء"(159)، واتە: وە خودا موڵک و دەسەڵاتی بە هەر کەسێک، کە بیەوێت ئەدات. "قل اللهم مالک الملک تؤتی الملک من تشاء وتنزع الملک ممن تشاء)(160)، واتە: بڵێ! ئەی خودایە! خودان هەموو حکوومەت و موڵکێکی، بە هەر کەسێک کە بتەوێ حکوومەت و موڵکی پێ ئەدەیت و لە هەر کەسێکیش، کە بتەوێ لێی ئەسەنیتەوە. یان لە حەدیسدا هاتووە دەڵێت: "ولامالک إلا الله"(161).

کەواتە، ئەوەی ئیسلام پڕۆپاگەندەی بۆ ئەکات ئەوەیە، کە خاوەندێتی بۆ خودایە و بۆ هیچ کەسێکی دی نییە، وەلی ئەو ملک و ماڵەی خودا، کە دەکەوێتە لای هەر دارا و دەوڵەمەندێک، ئەوە خاوەنەکەی، واتە خودا، خۆی بۆخۆی پێی داوە و لە لای ئەو ئەمانەتە، ئەو دارایەش بریکاری خودایە و بە پارە و پول و سەرمایەی خوداوە کار ئەکات. هەربۆیە ئەبێت، بەپێی بڕیاری موڵکدارە گەورەکە (خودا) ئەو موڵک و داراییە بەرێتە ڕێوە، نەک بە پێچەوانەوە (دیارە بڕیارەکانیشی ئەوەندە سووکە، نەک هەر تووشی زەحمەتییەک نابێت، بەڵکوو لە ئەنجامدا هەر لە بەرژەوەندی خۆیەتی!)

ئەوەتا ئەڵێت: "وانفقوا مما جعلكم مستخلفين فيه"(162)، واتە: لەو ماڵەی، کە خودا ئێوەی بە نوێنەری خۆی لەسەری داناوە، ببەخشن!
ئیسلام وا لە دارا و دەوڵەمەندان ئەکات، شتێک (دیارە ئەو شتە هەر بایی ئەوەیە، کە ئەو هەژارە ژەمێک برسی نەبێت، ئیتر بە چ جۆرە خۆراکێکیش تێری ئەکات، ئەوە گرنگ نییە! دیارە بە هیچ جۆرێک کار لە سەرمایەکەی ناکات، بەڵکوو خودا بەرەکەتیشی تێ ئەخات! ئەمە جگە لەوەی، کە هەژاران چاوەخوار و چاولەدەستی ئەوان ئەبن و دەبنە پاشکۆیان) بە هەژار و برسی نزیک و دەوروبەری خۆیان بدەن، چونکە محەمەد بە دارا و دەوڵەمەندانی هاوچینی خۆی دەڵێت: گەرە ئێوە هوشیار بن، خۆتان لە بەرامبەر کۆمەڵ بە لێپرسراو بزانن، نابێ بهێڵن ئەم دەورودوکانەمان لێ تێکبچێت!
لەگەڵ ئەوەدا، کە محەمەد هەوڵی داوە، پاروەنانێک بە نێوی خێر و سەدەقەوە لە دەوڵەمەندان وەربگرێت (کە لە ڕاستیدا دەستپانکردنەوەیە) و بە هەژارانی بدات (کە دیارە ئەوپەڕی سووکایەتیکردنە بە مرۆڤ)، ئەوجا هاتووە بە هەژارانیش دەڵێت: ئەوەندە بیر لە سەروەت و سامان مەکەنەوە، بەوەندەی، کە هەتانە ڕازی بن و سوپاسگوزاری خودا بن و بزانن، کە سەرچاوەی فەساد و ئاشوب دارایییە. لە قورئاندا هاتووە ئەڵێت: "إنما أموالكم وأولادكم فتنة، والله عنده أجر عظيم"(163)، واتە: بە ڕاستی ماڵ و منداڵتان تەنها هۆی فیتنە و ئاشوب و لەڕێلادانە، لە کاتێکدا پاداشتی زۆر لە لای خودایە. لێرەوە بەو ئەنجامگیرییە ئەگەین، بۆئەوەی هەژاران ئاسودە و بێدەردی سەر بن، هەر ئەوە چاکە، کە خاوەنی ماڵ و دارایی نەبن!
بەو شێوەیە محەمەد، وەرامی بە هەژاری و نەداری داوەتەوە و هەوڵی داوە بە هۆی سۆز و پەیمانەوە، یان لە ڕێگەی بێزرخنیشاندانی سەروەت و سامانەوە، فەرامۆشییەک بە دەروونیاندا بهێنێ، لەولاشەوە لە بەرامبەر سکهەڵگووشینی خۆیان و منداڵیان بە کەرتە کولێرەیەکی جۆی دەستی دارا و ئەریستۆکراتەکان قەناعەتیان پێ بکات و لەم نێوانەشدا خۆی، ڕۆڵی



نێوەندێک بگێڕێ بۆ پێکهێنان و دەستلەملانێکردنی هەژار و دەوڵەمەند، بێگومان لە دیدی ئیسلامەوە، دەوڵەمەند و هەژار برای یەکن! محەمەد کارێکی وای نەکردووە، کە دڵی دارا و دەوڵەمەندان لە خۆی برەنجێنێ، چونکە پێش هەر چتێک، داکۆکییان لێ دەکات و دەڵێت: ئەو ملک و ماڵەی، کە دەوڵەمەند هەیەتی خودا خۆی پێی بەخشیوە، هەر هیوا و هەوڵێک بۆ لێوەرگرتنەوەی، کارێکی بێهودەیە، مەگەر خاوەنەکەی، کە هیچ هێزێک لە بەرامبەریدا خۆی ناگرێ و توانا و ئیرادەی ئەوی نییە. واتە محەمەد ڕوو لە زەحمەتکێشان دەکات و دەڵێت: هەر هەوڵ و تەقەلایەک بۆ سەندنەوەی ملک و ماڵی داراکان بێ ئەنجامە و ئەو دەستە بخەنە ژێر سەرتان! هەروەها بە دەوڵەمەندانی گوتووە، ئەگەر بێنە ژێر فەرمانی خودا و پەیامبەرەکەیەوە، هیچ کەسێک دەست بۆ ملک و ماڵ و پارە و داراییتان نابات و ئەوانە هەر لە شوێنی خۆیان و هەر بەدەست خۆتانەوە ئەمێننەوە، هەروەکوو چۆن ئەم کارەی لەگەڵ خەڵکی مەککە و نەجراندا کرد(164)، هەروەکوو چۆن نامەی بۆ پاشا و ئیمپراتۆرەکان نارد، کە ئەگەر بێنە ژێر ئاڵای ئیسلامەوە، ئەو خاوەندێتییەی هەیانە، لە زەوی و ئاژەڵ، لە کۆیلە و کەنیزە و ژن و منداڵ و پارە، هەروەک خۆی ئەمێنێتەوە. وەلی ئەگەر نەیەنە ژێر ئاڵای ئیسلامەوە بازرگانییەکەیان قازانج ناکات، هەرچییەک، کە هەیەتی لە لایەن خاوەنەکەی (خودا)وە، بەهۆی نوێنەری خودا (محەمەد)وە لەسەر زەوی لێی وەرئەگیرێتەوە (تاڵان ئەکرێت). لە قورئاندا هاتووە ئەڵێت: "اولئک الذين أشتروا الضلالة بالهدى فما ربحت تجارتهم"(165)، واتە: ئەوانە کەسانێکن گومڕاییان بە هیدایەت گۆڕیوەتەوە، جا بازرگانییەکەیان قازانجی نەکردوە.
محەمەد هەر بەوەندەوە نەوێستا، کە لەژێر پەردەی الملک لله (کە ئەم سیاسەتە، باشترین ڕێگەیەکە بۆ پەردەپۆشکردنی سەرچاوەی سەروەت و سامان لە لای خەڵکی هەژار و نەدار و باشترین داکۆکییە لەو خاوەندێتییە، چونکە بەو شێوەیە وا دەرئەکەوێت، کە دارا و نەدار، لە بەرامبەر ئەو ماڵ

و سەروەتەدا وەک یەک وان و هیچ کامێکیان خاوەنی ئەوانە نین، بەڵکە خودا بۆخۆی خاوەندێتی، کە ئەویش خودای دارا و نەدارە)دا، دان بە خاوەندێتی تایبەتیدا بنێ و هەر بەوەندەوە نەوێستا، کە دەست بۆ موڵک و ماڵی ئەوانە نەبات، کە گەورەیی محەمەد قبوڵ ئەکەن، بەڵکوو بە باشترین شێوەش پارێزگاری لێ کردوون. ئەوەتا بە نێوی خوداوە باشترین یاسای بۆ پارێزگاری موڵک و دارایی دەوڵەمەندان دارشتووە و سەختترین سزای بۆ دیاری کردوون، ئەویش بڕینەوەی دەستی هەر کەسێکە، کە دەست بۆ سەروەت و دارایی هەر کەسێکی دی بەرێت، یان بە مانا واقیعییەکەی، بڕینەوەی دەستی هەر هەژار و نەدار و زەحمەتکێشێک، کە دەست بۆ سەروەت و دارایی دارا و دەوڵەمەندێک ئەبات (والسارق والسارقة فاقطعوا أیدیهما)(166)، واتە: دەستی پیاو و ژنی دز ببڕنەوە. بەپێی سوننەت و شەریعەتی ئیسلامیش، ئەگەر کەسێک بڕی ئەو شتەی، کە دزیویەتی لە چارەکە دینارێک زیاتر بێت، ئەبی ئەو سزایەی بەسەردا بدەن. لە سەرەتادا دەبێ دەستی ڕاستی لە مەچەکەوە ببڕن، لە جاری دووەمدا پێی چەپی لە جومگەی پێیەوە، لە جاری سێهەمدا دەستی چەپ و لە جاری چوارەمدا پێی ڕاستی ببڕن. (بڕوانە: تفسیر الجلالین).

کەواتە محەمەد، لەو بار و دۆخەی کۆمەڵگادا، کە لە جەمسەرێکیدا، سەروەتێکی زۆر و زەبەند لە لای دارا و دەوڵەمەندان کەڵەکە بووە و لە جەمسەرەکەی دیکە، هەژاری و برسێتی زەحمەتکێش و کۆیلە قەراری گرتووە، ڕوو ئەکاتە چینەکانی ژێرەوەی کۆمەڵ و پێیان دەڵێت: نەکەن چاو لە دارایی دەوڵەمەندان ببڕن، چونکە ئەو داراییە هی خودایە و لای ئەوان دایناوە، هیچ چەند و چونێکیش مەکەن و دەست لە کاری خودا وەرمەدەن! مەگەر هەر بۆخۆی بزانێت چی دەکات، ئەگەر خۆت و منداڵت بۆ ساتێکیش هەژاری و نەبوونی ناهێڵێ خۆشییەک بە دڵتاندا بێت، سەری دنیاتان لێ هاتووەتەوەیەک، هەر ئەم دنیایەی، کە خودای دادوەر بۆ داراکان وەک بەهەشتی لێ کردووە  و لە لای ئەتۆش تاڵ و هەر ساتەی مردنێکە، ئەوە



کاری خودایە، کاری خوداش هەڵە و کەموکوڕی و کەمایەسی تێدا نییە، ڕەنگە شتێکت بە دڵدا بێت و ناڕەزایەتییەک بە پەنهانی بە مێشکتدا گوزەر بکات، بەوە گوناهت ئەگات، تۆ ئەقڵت بەوەی، کە خودا ئەقڵی پێی ئەشکێت، ناشکێت، کاری خودا جوانە!

بەم شێوەیە ئەم ئایینە دیدەوانی مڵک و دارایی دارا و ئەریستۆکراتەکان دەکات و بە زەحمەتکێشان و کۆیلان دەڵێت: مڵک و ماڵی موسڵمانان بۆ هیچ کەسێک حەڵاڵ نییە، مەگەر خودا خۆی پێی ببەخشێت(167). ئەو کەسە ئیماندار نییە، ئەگەر بێت و موسڵمانان لە خوێن و لە داراییيان لێی دڵنیا نەبن(168).

کەواتە، ئەو کەسەی دەست بۆ مڵک و ماڵی برا دەوڵەمەندە موسڵمانەکەی بەرێت، بڕوادار نییە، ئەو دنیای بە نسیب نابێت! لێ هەر ئەوەندە بەس نییە کە هەواڵەی ئەو دنیای بکەیت، بەڵکە دەبێت هەر لەم دنیایەشدا وەڵامێکی ماددی پێ بدرێتەوە، کە ئەویش دەسبڕین و ئەتککردنێتی.

هەروەها محەمەد جارێکی تریش دێتەوە سەر ڕۆڵی ماڵ و دارایی و منداڵ، ئەمجارەیان بە پێچەوانەی پێشوو، ئەڵێت: "المال والبنون زینة الحیاة الدنیا"(169)، واتە: مڵک و ماڵ و کوڕ و کاژ، زینەت و جوانی دنیان. ئەگەر لە ئاخاوتنەکانی پێشوودا ویستوویەتی ماڵ و سامان و منداڵ لە بەرچاوی زەحمەتکێشان بێنرخ و خراپ نیشان بدات، ئەوا لێرەدا ڕووەکەی تری دەرئەخات و لە لای دەوڵەمەندان وەسفی ئەکات، بۆیە ئەوانیش ئەبێ سوپاسی خودا بکەن، کە دارایی و دەوڵەمەندیی پێ بەخشیوون. "زین للناس حب الشهوات من النساء والبنین والقناطیر المقنطرة من الذهب والفضة والخیل المسومة والأنعام والحرث ذلک متاع الحیاة الدنیا"(170)، واتە: ئارەزووی ژن و منداڵ و زێڕ و زیوی زۆر و ئەسپی ڕاهێنراو و مەڕ و ماڵات و کێڵگە، کە ئەمانە خۆشی ژیانن، لەبەر خاتری پیاو، جوان و ڕازێنراونەتەوە. (بڕوانە: تەفسیری خاڵ).

بێگومان بۆ محەمەد و هەر کەسێکی تەوفیقی، کە ئەیەوێت بەرژەوەندییە چینایەتییە دژبەیەکەکان لێک گرێ بدات، لە قسە و کرداریدا دەکەوێتە ناکۆکییەوە. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەم مەسەلانە، با لە چۆنیەتی دابەشکردنی تاڵانی لە لای محەمەد و سەرکردەکانی ئیسلامدا ئێستێکی بۆ بکەین.

هەروەکوو باسمانکرد، خێڵەکانی جەزیرەی عەرەبی لە شەڕی هەمیشەیی بۆ سەر یەکتری بوونە، بەتایبەتی لە ساڵانی نەهاتی و برسێتیدا. خێڵە سەرکەوتووەکە ملک و ماڵ و ئاژەڵی خێڵە شکستخواردووەکەی تاڵانوبڕۆ ئەکرد و پیاوان و ژنانی خێڵەکەشیان بە کۆیلە و کەنیزەک دەکردن و ئەم دەسکەوتانەش دابەش ئەکران. بۆ سەرەکخێڵ چواریەکی تاڵانی جیا ئەکرایەوە، ئەمە سەرباری ئەوەی، کە سەرەکخێڵ شتە نایاب و دانسقەکانی دەسکەوتیشی بۆخۆی هەڵئەبژارد، پاشان ئەوەی کە دەمایەوە، بەسەر شەرکەرەکاندا دابەش ئەکران(171). واتە، ئەوەی بەشداری شەڕی نەکردبایە، وەکوو ژنان بەشە تاڵانی بەرنەئەکەوت.

محەمەدیش هەمان ڕەووشتی خێڵەکی درێژە پێ دا. کاتێک کە موسڵمانەکان چوونە شاری مەدینە، دەستەی چەکداریان سازکرد و لە ناوچەکەدا ئەهاتن و ئەچوون. یەکەم تاڵانییەک، کە موسڵمانەکان دەسگیریان خست، هێندێک وشتری قورەیش بوو، کە شمەکی بازرگانی و پێستەی خۆشکراویان پێ بوو. ئەم تاڵانییە لەمابەینی شاری مەککە و تاییف، بە سەردەستەیی عەبدوڵای کوڕی جەحش بەدەستهێنرا(172). عەبدوڵا پێنجیەکی ئەم تاڵانییەی بۆ محەمەد جیا کردەوە، وەک ڕەووشتی تاڵانی خێڵەکیی بۆ سەرۆک و میرەکانیان. بەڵام هێشتا ئەم ڕەووشتە بە (ئایەتی ئیلاهی) فەرمی نەکرابووەوە(173). لە دوای ئەمە و لە تاڵانی جولەکەکانی بەنی قەینوقاعەوە، ئیدی محەمەد ئەم ڕەووشتە بە فەرمی ئەچەسپێنێ و ئەڵێت: "واعلموا انما غنمتم من شيء فأن لله خمسه وللرسول ولذي القربى واليتامى والمساكين وابن السبيل"(174)، واتە: وە بزانن هەر تاڵانییەکتان، کە



بەدەستهێنا، ئەوا پێنجیەکی بۆ خودا و پەیامبەر و خزمان (ی پەیامبەر لە بەنی هاشم و بەنی موتەلیب) و هەتیو (منداڵانی بێباوکی موسڵمانان) و مسکێن و لەڕێداماوانە. بەو شێوەیە محەمەد بەشی تایبەتی خۆی لە تاڵانیی جیا ئەکاتەوە و خۆی لە پاڵ خودادا دائەنێت. واتە ئەوەی لە تاڵانیش دەستیان ئەکەوێت، بە گوێرەی پلە و پایە دابەش ئەکرێت و بە هەمان یاسا و نەریتی "جاهیلی"، محەمەد پێنجیەکی تاڵانییەکان بۆ خۆی ئەبات.

بەڵام ئەگەر دەسکەوتێک بەهۆی شەڕەوە دەسگیر نەبووبێت (الفيء)(175)، ئەوا هەر هەمووی دەبێتە موڵکی محەمەد، هەروەکوو چۆن محەمەد موڵک و ماڵی بەنی نەزیری بەو جۆرە بۆ خۆی داگیرکرد و بە فەرمودەی خودایی ڕەسمییەتی پێدا و ئەڵێت: "ما أفاء الله على رسوله من أهل القرى فلله وللرسول ولذي القربى واليتامى والمساكين وابن السبيل"(176)، واتە: ئەو ملک و ماڵ و دەسکەوتەی گوندنشینە غەیرە موسڵمانەکان، کە خودا بڕیاری داوە، بۆ خودا و پەیامبەر و خزمانی محەمەد و هەتیو و مسکێن و لەڕێداماوان بێت، واتە، سەرلەبەری بۆ پەیامبەر بێت. ئەگەر کەسێکیش ملکەچی ئەم فەرمانەی محەمەد نەبێت و ناڕازی بێت، ئەوا خوداکەی محەمەد لە پشت محەمەدە و بە توندترین شێوە سزای ئەدات. ئەمە سەرباری ئەو بەشەش، کە پێی ئەڵێن، هەڵبژاردە (الصفايا)، یان پوختە، یان سەرتۆپ، کە یەکێکە لە نەریتە جەنگییەکانی تیرە و هۆزەکانی عەرەب لە پێش هاتنی ئیسلام(177) و شوێنانی تری دنیای ئەو کاتە(178). کە لە پێش هەر شتێکدا، دەسکەوتی جوان و باش و نایاب و دانسقە بۆ سەرۆک و فەرماندەکەیان هەڵئەبژێرن. هەروەکوو چۆن محەمەد شمشێرە دووفاقەکەی مینەی کوڕی حەجاجی بۆ خۆی هەڵگرت(179)، هەروەکوو چۆن محەمەد سەفییەی کچی حویەی گەورەی قورەیز و نەزیری بۆ خۆی داگیر کرد، کە لە ئەنجامی شەڕی خەیبەردا، لەگەڵ تاڵانییەکی زۆر دەستگیریان کرد(180). سەفییە کچێکی شەنگی هەڤدە ساڵی بوو، ئەوەی شایانی باسیشە، ئەم کچە مارەبڕی کەنانە بووە(181). بێگومان محەمەد

ئەم ڕەفتارەی بۆخۆی بە ڕەوا زانیوە، هەروەکوو چۆن ئەم حوکمەی بە فەرمی ڕاگەیاندووە و ئەڵێت: "والمحصنات من النساء إلا ماملكت أيمانكم"(182)، واتە: ژنانێک لێتان حەرامە، کە شویان کردوە و خاوەن مێردن، مەگەر ئەوانەی لە غەزادا داگیری ئەکەن. بێگومان محەمەد ئەم یاسا و نەریتە جاهیلییانەی بەدڵ بووە، هەروەکوو چۆن زۆر یاسا و ڕەووشتی تری پەیڕەو کردووە.

لە شەڕی بەدر، تاڵانییەکان بە جۆرێک دابەش کران، کە دوو بەش بۆ سوار و یەک بەش بۆ پیادە بێت(183). ئەو دوو بەشەی سوارە شەڕکەرەکان، بەشێکی بۆ وڵاخەکەیان بووە، کە دیارە ئەوەی وڵاخی نەبووبێت کەسێکی هەژار بووە. هەروەها محەمەد گوتوویەتی، ئەگەر هەر کەسێکتان کوشت، ئەوا ترۆتفاقەکەی بۆ خۆتان ئەبێت، واتە سیاسەتی، سەری بۆ من و ماڵی بۆ ئێوەی بەکارهێناوە.

ئەگەر ئەمانە سیاسەتی گشتی و مەبدەئی محەمەد بووبێت، ئەوا هێندێک جاریش بە گوێرەی هەلومەرج و قازانجی سیاسی خۆی تاڵانیی نەکردووە، هەروەکوو چۆن لە بەرامبەر قورەیشییەکانی مەککەدا، لە کاتی گرتنی شارەکەدا، تاڵانی نەکردن، دەستی بۆ سەروەت و دارایی ئەریستۆکراتەکانی مەککە درێژ نەکرد(184)، خەڵکەکەشی بە کۆیلە و کەنیزەک نەگرت.

لە جەنگی حونێندا موسڵمانەکان تاڵانییەکی زۆریان چنگ کەوت، کاتێک، کە محەمەد دەستی بە دابەشکردنیان کرد، زۆربەی هەرە زۆریانی بە خەڵکی مەککە دا و لە سەرەتادا بۆ سەرەکخێڵ و گەورەکان، ئەمەش بووە هۆی ناڕەزایەتی هێندێک لە موسڵمانەکان بە تایبەتی پشتیوانان (ئەنسار). لەو دەمەدا، عەرەبێکی بیاباننشین ڕووی دەمی لە محەمەد کرد و پێی گووت: ئەی محەمەد تۆ کەسێکی دادوەر نیت! ئەویش لە وەڵامدا وتی: ئەگەر من دادوەر نەبم ئەی کێ دادوەرە؟! عومەریش وتی: ئەی محەمەد ڕێگەم پێ بدە تا لە ملی بدەم! محەمەد وتی: نا...! وازی لێ بێنە هاوڕێی هەیە(185). دوای ئەوە محەمەد بۆ کپکردنەوە و دڵنەواییکردنی خەڵکی مەدینە، ڕایگەیاند



و گووتی: ملک و ماڵ و داراییم بە خەڵکی مەککە دا، وەلی بۆ ئێوە، خۆم لە نێوتاندا ئەمێنمەوە و لەگەڵتاندا ئەژیم(186).

لێرەوە بۆمان دەرئەکەوێت، محەمەد چ هەڵوێستێکی نەرم و چ بەخششێکی بۆ هۆزەکەی هەبووە، یان دروستتر، بۆ دارا و دەسەڵاتدارانی قورەیش، لە کاتێکدا سەختترین دوژمنەکانی محەمەد هەر ئەوان بوون. بەڵام ئەوە بەلای محەمەدەوە جێی بایەخ نییە، چونکە ئێستا ئیتر دەسەڵاتدارانی قورەیش سەرکردایەتی محەمەدیان قبوڵ کرد، کە پێشتر هەموو هەوڵێکیان خستە گەڕ، تا سەرکردایەتی هەر لە دەستی خۆیاندا بمێنێتەوە. کاتێک محەمەد ئەم بڕیارانەی دەرکرد، هیچ ڕاوێژێکی بە لایەنگرانی خۆی نەکرد و گوێی بە ڕازیبوون و نەبوونیان نەدا.

بەو شێوەیە دەبینین، کە چۆن محەمەد سیاسەتی تاڵان و دابەشکردنی تاڵانیشی هەر بە قازانج و بەرژەوەندی دارا و دەوڵەمەندان داڕشتووە، تەنانەت جیاوازی لەنێوان خودی لایەنگرانی خۆیشیدا کردووە، هەروەها جیاوازی لەنێوان خۆی و هاوڕێکانی خۆیدا کردووە و پشکی تایبەتی لە دارایی و زەوی و کەنیزەکدا هەبووە. هەروەها سەرۆکخێڵەکانیش بە هەمان شێوە، پشکی زیاتریان لەچاو تاکەکانی دیکەی خێڵدا هەبووە.

هەموو ئەم سیاسەتانە، چ لە هێشتنەوەی موڵکی داراکان و چ دابەشکردنی تاڵانی بەو جۆرەی، کە باسمان لێوەیان کرد، دەبێتە هۆی چەسپاندن و پارێزگاریکردنی خاوەندێتی داراکان و هێشتنەوەی قەڵشتی نێوان چینەکانی سەرەوە و خوارەوەی کۆمەڵ، نەک هەر ئەوەندە، بەڵکە دارایی دەوڵەمەند و ئەریستۆکراتەکان ئەوەندەی دیکە دەچێتە سەر، بە تایبەتی پاش ئەوەی وڵاتانی دەوروبەریان داگیر و تاڵان کرد.

جا ئیتر ئەوەی کارەکانی محەمەد و ئیسلام لەسەر بنچینەی ئەو کولێرەیەی کە دارا و دەوڵەمەندان وەک خێر و سەدەقە، کە ئەیدەنە نەدار و خەڵکی زەحمەتکێش بە کاری سۆسیالستی دەزانێ، ئەوا دەبێ ئەوە بزانێ، ئەگەر بەو پێودانگە بێت، هیچ وڵاتێک لە دنیادا نامێنێتەوە سۆسیالستی نەبێت.

محەمەد و دەسەڵاتدارانی ئیسلام بێجگە لەوەی بەهۆی شەڕە یەک لە دوای یەکەکانیانەوە، خەڵکی هەر شوێنێکیان تووشی ماڵوێرانی ئەکرد، کەچی لەولاشەوە سیاسەتیان لە دابەشکردنی تاڵانیدا بەو شێوەیە بوو، کە لەنێوان خودی بوسڵمانەکاندا فەرق و جیاوازی بکرێ. ئەمە لە کاتێکدایە، کە جگە لە هەژارییەکی بەرین، کە بەرۆکی خەڵکی زەحمەتکێشی گرتبوو، کۆمەڵێک لە موسڵمانان هەبوون، پێیان ئەگوتن، ئەهلولسیفە، کە لە قوژبنێکی مزگەوتدا ژیانیان بەسەرئەبرد و بە خێر و سەدەقەی دەوڵەمەندان زیندەگییان دەکرد.
ئەبووهورەیرە ئەگێڕێتەوە ئەڵێت: هەفتا کەسم لە ئەهلولسیفە بینیوە، سیپاڵێکیان لەبەردا بووە، درێژییەکەی نەگەییشتووەتە ئەژنۆیان، لەنێویشیاندا هەبووە، سیپاڵەکەی هێندێک درێژتر بووە. ئەمانە لە کاتی نوێژکردندا، دەستیان بە پاشەڵی خۆیانەوە گرتووە، تاوەکوو گەڵوگونیان نەکەوێتە دەشت(187). واثیلە بنلەسقەع ئەڵێت: من یەکێک بووم لە ئەهلولسیفە، یەکێکمان نەبوو، کە سیپاڵێکی تەواوی لەبەردابێت، ئارەقی تێکەڵ بە تۆز و خۆڵ بە لەشماندا ڕێی ئەکرد(188).
ئەمە تەنها گۆشەیەکە لە ژیانی ئیسلامە هەژارەکان. کەچی محەمەدیش تاڵانی و دەسکەوتی هەوازنی بەسەر خەڵکی مەککە و بە تایبەتی سەرۆک و دەسەڵاتدارانیدا دابەش کرد. کە بەشی هەندێکیان گەییشتووەتە 100 وشتر(189)، بۆئەوەی پێیان بڵێت: ئەی خێڵەکەم قورەیش! ئەی دەسەڵاتداران و دەوڵەمەندان! ئەگەر ئێوە من بە سەرۆک و گەورەی خۆتان قبوڵ بکەن، ئەوا موڵک و ماڵتان نەک هەر لە دەستی خۆتاندا دەمێنێتەوە، هەروەکوو لە گرتنی شاری مەککەدا بۆتانم سەلماند، بەڵکوو لەوەش زیاتر، زۆرترین تاڵانی شوێنەکانی تریش بۆ ئێوە دائەنرێ و ئەوەندەی دیکە موڵک و داراییتان زیاد ئەکەم. ئەم تاڵان و برۆیەش بەشی خۆتانە و حەڵاڵی خۆتانە، چونکە پەیامبەری خودا ئەیکات، دیارە ئەویش لە خۆیەوە ئەمانە ناکات، بەڵکە خۆی پەیوەندی لەگەڵ خودای عادیلدا هەیە و ئەو فەرمانی پێ کردووە!



کەواتە، ئەگەر سەردەمانێک پێتان وابوو، کە بە بۆنەی ئیسلامەوە سامان و بازرگانیتان لەدەست ئەچێت _هەروەکوو قورئان باسی هاتووە: قالوا أن نتبع الهدی معک نتخطف من أرضنا(190)، واتە: وتیان (قەومەکەی)، ئەگەر پەیڕەوی لە ڕێنوێنییەک بکەین کە بە تۆیە، ئەوا ئێمە لە زەوییەکانمان دەستکۆتا ئەبین_ ئەوە بە هەڵەدا چووبوون، دواڕۆژ سەروەت و دارایی کیسرا و قەیسەریش ئەخەمە ژێر دەستتانەوە، ئێوەش دیارە هەر دەسەڵاتدارەکەی جارانن، وەلێ لەژێر فەرماندەیی پەیامبەری خودادا.
خۆ ئەگەر بڕوانینە ئەو بەرخوردەی محەمەد، کە لە بەرامبەر ئەبوسوفیاندا نواندی (کە گەورەترین موخالیف و دوژمنی محەمەد بوو، وە یەکێک بوو لە دەوڵەمەندترین ئەریستۆکرات و دەسەڵاتدارانی مەککە)، کە چۆن لە کاتی گرتنی شاری مەککەدا، بە خەڵکەکەی گووت: ئەگەر هەر کەسێک دەرگا لە خۆی کڵۆم بکات، یان بچێتە نێو بەیتولحەرامەوە، یان خۆی بهاوێتە نێوماڵی ئەبوسوفیانەوە، با لە ژیانی خۆی دڵنیابێت و کەس دەستی بۆ نابات(191).
بە مەرجێک ئەو ئەبوسوفیانە دوای ئەوەی، عەباسی کوڕی عەبدولموتەلیبی مامی محەمەد هەوڵێکی زۆری لەگەڵ دا تا موسڵمان بێت، واتە، سەری تەسلیم بۆ محەمەد نەوی بکات، کەچی ئەو هەر بەنابەدڵی و ڕاڕاییەوە شایەتمانی هێنا و گوتی: "أشهد أن لا إله إلا الله" و ئیتر لێی وەستایەوە، دواییەکەی: "وأشهد أن محەمەد رسول الله"ی بە زۆر تەواو کرد(192).
ئەمەش نیشانەی هێشتنەوەی ڕێز و پلە و پایەی ئەبوسوفیان لە لایەن پەیامبەری خوداوە، بە فەرمانی خودا بوو، کە دواتر هەر ئەمانە، تەواوی دەسەڵاتیان لە دەست گرت و ئیمپراتۆرییەتی ئومەوییان ڕۆنا.
بەو جۆرە ئەم دەوڵەمەندانە هەر لە جێگای خۆیان و بە دارایی و دەسەڵاتی خۆیانەوە مانەوە و گەلێک زیاتر لە پێشووشیان زەنگینتر بوون. پێویستە لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین، کە بەشێکی زۆر لە لایەندارانی سەرەتایی محەمەد دارا و دەوڵەمەند بوون(193) وەکوو: خالیدی کوڕی سەعیدی کوڕی عاس، کە باوکی دەوڵەمەنترین و بە نفوزترین خەڵکی مەککە

بوو(194)، ئەبوبەکر، سەعدی کوڕی ئەبیوەقاس، تەلحە، عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف، عوسمانی کوڕی عەفان، زوبێری کوڕی عەوام، عەمری کوڕی عاس ... ئەمانە بازرگان، یان پیشەوەر بوونە(195).

ئەوەی شایانی گوتنە، ئەم دارا و دەوڵەمەندانە سەرباری ئەم هەموو موڵک و داراییە و زیادبوونی چەند قاتی سەروەتیان بە هۆی ئیسلامەوە، ئەوجاش هێندێکیان هەروا بە سانایی ئەو خێر و سەدەقە کەمەی، کە هەر ڕەنجی خودی زەحمەتکێشان خۆیانە و هیچ کارێک لە دارایی ئەوان ناکات نەئەدا. هەربۆیە محەمەد هێندێک جار لەو حاڵە نیگەران ئەبوو(196)، چونکێ ئەو هەر لە دەسپێکی بزووتنەوەکەیدا و لە هێندێک لە دروشمەکانیدا پشتیوانی خۆی بۆ هەژار و دەستتەنگان نیشان ئەدا. وەک هەر دەسەڵاتدار و بەرپرسێکی دی، بەرپرسێتی خۆی بۆ هەندێک کار نیشان ئەدا و بە ناچاریش لەژێر گوشاری بزووتنەوەی نارەزایەتی زەحمەتکێشاندا، دەبوو وەڵامێکیان پێ بداتەوە.

یەکێک لەو دەوڵەمەندانەی، کە محەمەد لێی نیگەران بوو، عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف بوو. هەربۆیە محەمەد ڕۆژێکیان پێی ئەڵێت، ئەی کوڕی عەوف تۆ بە زگەخشکێ بۆ بەهەشت ئەچیت، ئەویش ئەو قسەیە لە دالغەی ئەدات و پێی نیگەران ئەبێت، بەڵام دواتر ئەنێرێ بە دوایدا و پێی ئەڵێت: وەرە ئەوە جوبرائیل سروشی بۆ هێنام و ئەڵێت: ئەگەر عەبدولڕەحمان میوانداری میوان بکات، خواردنی هەژاران بدات، بەشی ڕێبوار بدات و لەو کەسانەوە دەستپێبکات، کە نزیکی خۆیەتی، ئەو کاتە پاک ئەبێتەوە(197). واتە، عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف هەر ئەچێتە بەهەشتەوە، وەلی ئەگەر بێت و ئەو کارانە بکات، ئەوا خودا دەست و پێی ئەکاتەوە و بە پێ، نەک بە زگەخشکێ بۆ بەهەشت ئەچێت!

کەواتە، ئیسلام نەک هەر لە بەرامبەر خاوەندێتی تایبەتیدا نەوەستایەوە، بەڵکوو بە یاسای ئیلاهی جێگیری کرد و پاراستی و دەوڵەمەندانی چەند بەرابەر دەوڵەمەندتر کرد.



زوبێری کوڕی عەوام لە چەندین شاری جیاواز و لە چەندین وڵاتی وەکوو، حیجاز، عیراق، میسر، کۆشک و تەلاری هەبووە، خاوەنی هەزار ئەسپ و دەهەزار کۆیلە بووە، گشت داراییەکەی 35 000 000 بووە.

عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف خاوەنی هەزار وشتر، دەهەزار مەڕ، چوارسەدهەزار دینار (1 912 000 دۆلار) بووە(198). چواریەکی ماڵەکەی 84 هەزار بووە(199)، کاتێک کە دەمرێت، زێڕێکی زۆری لە پاش بەجێدەمێنی، کە بۆ شکاندنی تەوریان بەکاربردووە، ئەوجاش دەستی زەلامەکانی ئاوساندووە(200).

تەلحە بۆ دەوڵەمەندی بەناوبانگ بووە، ڕۆژانە هەزار درهەم قازانجی لە عێراقەوە دەسکەوت بووە(201). لە کاتی مردنیدا سێ قەنتەرە ئاڵتونی بەجێ هێشتووە(202)، یان دەڵێن، سێسەد بار ئاڵتوونی بەجێهێشتووە(203). عوسمانی کوڕی عەفان خاوەنی موڵک و ماڵێکی بێشومار بووە، خاوەنی هەزار کۆیلە بووە. لە پاش مردنی سیهەزارهەزار درهەم و پێنجسەدهەزار درهەم و سەدوپەنجاهەزار دینار و هەزار وشتر و زەویوزار و باخاتێکی یەکجار زۆری بەجێهێشتووە(204).

مەعاوییەی کوڕی ئەبوسفیان ئەوەندەی تر دەوڵەمەند بوو، بۆئەوەی دارایی ئەو زەلامە بخەملێنین، ئەڵێین: نرخی تەنها یەک خانوویەک، کە لە شاری مەدینەدا هەیبووە، گەییشتووەتە 40000 دینار(205).

جا ئەگەر لە سەرەتای ئیسلامدا، بە هۆی ناجێگیری دەسەڵات و کەمی دەسکەوت (لەچاو ساڵانی دواتر) و ئۆتۆریتەی محەمەدەوە، وەک کەسایەتییەکی (پیرۆزی ناردەی خودایی)، ئەو مەسەلانە دەرنەئەکەوتن، هەروەها وەک ئەوەی، ئەو دروشمانە تا ماوەیەک چینەکانی خوارەوەی گێژ و دەبەنگ کرد و پێیان وابوو، کە ئاڵوگۆڕێک لە ژیانیاندا ڕوئەدات، ئەوا هێدی هێدی بەرەو ئەوە دەچوو، کە نەتوانێ ئەو ئاشتییە ڕووکەشییە لەنێوان چینە دژبەیەکەکان درێژە پێ بدات و هەتا دەهات ئەو پەردەیە تەنک ئەبووەوە، بە تایبەتی پاش ئەوەی شاری مەککە و تاییف گیران، دوای

ئەوەی وڵاتانی دەوروپشتی عەرەب داگیرکران و سەروەت و سامانیان بە تاڵانی کەوتە ژێردەستی سەرۆک و سوپاسالارەکانی ئیسلامەوە. ئیدی دەوڵەتی ئیسلام شێوەی ئاسایی خۆی وەرگرت و جێگیر بوو. ئیدی هەتا دەهات ناکۆکی چینەکان تووندتر ئەبووەوە، بە جۆرێک، کە دەیان ڕەوت و ڕێبازی دژ بەیەک لە چوارچێوەی ئیسلام و دەرەوەی ئیسلامدا هاتەکایەوە. بە چەندین نارەزایەتی و ڕاپەڕین سەری هەڵدا، وەکوو شۆڕشی زنجییەکان لە بەسرە و قەرامیتە لە بەحرەین(206). ئەمە وێڕای ناکۆکی بەردەوامی نێوخۆی چینی دەسەڵاتداریش لەسەر جێگا و دەسەڵات و سەرۆکایەتی. ئەمانە گشت، دەیان و سەدان جار بزووتنەوەکانی بەیەکدا ئەدا و شەڕی خوێناوی لە نێوانیاندا هەڵئەگیرساند، کە بە دڕندانەترین شێوە موسڵمانی کاربەدەست، موسڵمانی (برا)ی لەناوئەبرد.

## ج_ ڕوانین و ڕەفتاری ئیسلام لە بەرامبەر کۆیلە و کۆیلەداری

یەکێک لەو مەسەلانەی، کە لەو سەردەمەدا بۆ هەر کەسێک جێگەی سەرنج بووە، چەوسانەوەی توند و بێسنووری کۆیلە لە لایەن خاوەن کۆیلەوە بووە. ئێمە لە بەشی دووەمی ئەم باسەدا، باسی هەلومەرجی ژیانی کۆیلە و چۆنیەتی چەوسانەوەیمان کرد، لێ ئێستا با بزانین کاتێک، کە بزووتنەوەی ئیسلام سەری هەڵدا، لە هەمبەر کۆیلە و نەزمی کۆیلایەتیدا، چ هەڵوێستێکی گرتۆتە بەر؟

هەروەکوو پێشتر باسمانکرد، چەوسانەوەی لە ڕادەبەدەری کۆیلە لە لایەن خاوەن کۆیلە و ڕەفتاری نامرۆڤانە و دڵڕەقانە لە بەرامبەریان، کڕین و فرۆشتن و ساتوسەوداکردن پێیانەوە، هەڵسوکەوتکردن لەگەڵیان بە شێوەی ئاژەڵ و گاوگۆتاڵ، ژیانێکی زۆر سەخت و پڕ لە ئازاری بۆیان پێکهێنابوو. لە بەرامبەر ئەمانەدا ڕق و بێزارییەکی ئەستوور لە لای کۆیلە لە دژی خاوەن کۆیلە پێکهاتبوو. کۆیلە هەمیشە لە بیری ڕزگاری و ئازادی، یان ئاڵوگۆڕێک بووە لەو ژیانە سەختەی کە تیایدایە. هەربۆیە هەر دەنگێک پەیدا



بوایە و بە ئاستەم باری کۆیلەی سووک بکردایە، ئەوان دڵیان پێی خۆش ئەبوو و بە پیرییەوە ئەچوون. یەکێک لەو دەنگانە کە پەیدا بوو، بزووتنەوەی محەمەدیی بوو.

محەمەد کەسێک بوو لەو زەمان و زەمینەدا هاتەکایەوە و سەرنجی کۆمەڵی ئەدا، یەکێک لەو مەسەلانەی، کە محەمەدی خستبووە سەر بیرکردنەوە، ئەم چینە چەوساوە و مەحرومە بوو. هەروەکوو باسمان کرد، محەمەد بۆ گەییشتن بە تەوحیدی خێڵەکان، پێویستی بە کۆکردنەوەی هێزە کۆمەڵایەتییەکان بوو، بۆئەوەی بیکاتە هۆی گەییشتن بەم ئامانجە. هەربۆیە بۆ ڕاکێشانی سەرنج و زەینی ئەم هێزە، پێویستە باسێک لەم چینە بکات و دروشمێک بەرز بکاتەوە، کە کاریگەری دابنێت و ببێتە هۆی خڕکردنەوە و جۆشدانیان.

بێگومان پرۆپاگەندەی محەمەد لە بانگەشەکەیدا ئەوە بوو، کە ئەگەر هەر یەکێک بڕوا بە پەیامبەرێتی محەمەد و خوداکەی بهێنێ، ئەوا لەو دنیا، لە دنیای هەتاهەتایی، بە گشت ئاوات و مرازێکی خۆی ئەگات و خودا لە پاداشتی بڕواهێنانی، هەموو ئەو چشتانەی پێ ئەدا کە لەم دنیا لێی بێبەشە. دیارە ئەم شێوەیە لە پرۆپاگەندە، بۆ ژیانێک، کە کۆیلە هەیەتی کارییە و فەرامۆشی پێ ئەبەخشێت، هەربۆیە ئەیخاتە سەر هەوڵ و هەڵپەی ئەو دنیا، بۆئەوەی ژیانی ئەو دنیاشی هەر کۆت و بەند و زنجیر و قامچی و ئاگر و ئاسن نەبێت.

بەڵام محەمەد هەر بەوەندەوە نەوێستا و هەوڵی دا، کە هێندێک دروشم بەرز بکاتەوە، تاوەکوو هەر لەم دنیایەشدا وەڵامێکی واقیعییان پێ بداتەوە، ئەگەرچی کەم و کورتیش بێت. هەوڵی دا، کە پەیوەندییەکی ڕواڵەتی لە ڕەحم و بەزەیی لە نێوان کۆیلە و خاوەن کۆیلەدا پێکبهێنێ، تاوەکوو زیانێک بە خودی پەیوەندییەکە، یانی پەیوەندی نێوان کۆیلە و خاوەن کۆیلە نەکەوێت. لە قورئاندا هاتووە ئەڵێت: "ویطعمون الطعام علی حبه مسکینا ویتیما وأسیرا، انما نطعمکم لوجه الله لانرید منکم جزاء ولاشکورا"(207)،

واتە: وە خۆراکی خۆیان لەبەر خۆشەویستی خودا بە مسکێن و هەتیوو دیل ئەدەن، (دەڵێن) تەنیا بۆ خودا خۆراکتان ئەدەینێ و هیچ پاداشت و سوپاسێکمان لە ئێوە گەرەک نییە. ئالێرەدا محەمەد ئەو کەسانەی، کە ناهێڵن دیلەکانیان بە برسێتی بمێنیننەوە بە باش باس دەکات و داوای تێرکردنیان دەکات. هەروەها محەمەد دێتە سەر باسی ئازادکردنی کۆیلە و داوای ئازادکردنیان ئەکات، لە قورئاندا هاتووە ئەڵێت: "وماأدراک ما العقبة؟ فک رقبة، أو أطعام في يوم ذي مسغبة"(208)، واتە: وە تۆ چوزانی ئەو ملە (سەختە نەفەسکێشە) چییە؟ ئازادکردنی کۆیلەیە، یان خۆراک پێدانە، لە ڕۆژی قاتوقڕی و برسێتیدا.

کەواتە، تێرکردنی دیل و کۆیلە و ئازادکردنی کارێکی چاکە، ئەگەر هەر کەسێک بە ئەنجامی بگەیەنێ، ئەوا خودا پاداشتی ئەداتەوە، بەڵام ئیسلام زۆر لە خاوەن کۆیلەکان ناکات، کە کۆیلەی خۆیان ئازاد بکەن، هەروەکوو چۆن بەکۆیلەکردن، یان کۆیلەکڕینی حەرام نەکردووە.

محەمەد ئەڵێت، ئێمە هەموومان بەندە و عەبدی خوداین، هەر کەسێک ئەگەر کۆیلەی هەیە، نابێ پێی بڵێت: کۆیلەکەم ... عەبدەکەم، بەڵکوو ئەبێ پێی بڵێ: غوڵام و نۆکەر و خزمەتکارەکەم! "لایقولون أحدکم عبدي وأمتي کلکم عبيدالله، وکل نسائکم إماء الله، ولکن ليقل غلامي وجاريتي، وفتاي وفتاتي'(209)، چونکە بەپێی بیروباوەڕی ئیسلام تەنها خودا خاوەن عەبد و کۆیلەیە و هەموو مرۆڤێک کۆیلە و عەبدی خودایە. بۆیە گوناهە جگە لە خودا، خاوەن کۆیلە خۆی وەک خاوەن کۆیلە پێناسە بکات، خۆ ئەگەرچی لە ڕاستیشدا خاوەن کۆیلە بێت! ئەمەش دیارە، بۆ چاوبەستەکێکردنە لەگەڵ چینی کۆیلە و پێیان ئەڵێت: تەنها ئێوە کۆیلە نین، بەڵکوو هەموو مرۆڤێک کۆیلەیە! ئەمەش بۆئەوەی بێزاری و نەفرەتی کۆیلە لە هەمبەر خاوەن کۆیلەدا خاو بکاتەوە، بەڵام بەبێئەوەی لە باری کردارەکییەوە، لە پەیوەندی کۆیلە و کۆیلەداری دەرچووبێت. کەواتە، ئیسلام پێی گوناهە کۆیلە بە کۆیلە بانگ بکرێت، وەلی پێی گوناه نییە کۆیلە کۆیلە بێت!



خاوەن کۆیلە لە ئیسلامدا مافی خاوەندێتی بۆ کۆیلەکەی پارێزراوە. هەروەکوو چۆن خاوەن مەڕ و بزن و وشترەکەیەتی، هەر بەو جۆرەش خاوەن کۆیلەکەیەتی. ئازادی ئەکات یان نا! ئەوا بە ئارەزووی خۆیەتی و تەنها ئەو خۆی بڕیارە ئەدات. تەنانەت خاوەنی ئەسڵی کۆیلە (خودا!) ئەو بڕیارە نادات و لەم کاتەدا خاوەنە ئەسلییەکە! هیچ فەرمانێک دەرناکات و غەزەب نایگرێ، لە کاتێکدا، کە ئەبینێ مرۆڤ بووەتە خاوەنی مرۆڤ (کۆیلە) و هەمان کاری خۆی (خودا) ئەکات، واتە، خاوەندێتی بۆ کۆیلە!

لە قورئاندا هاتووە ئەڵێت: "والذين يبتغون الكتاب مما ملكت أيمانكم فكاتبوهم ان علمتم فيهم خيرا"(210)، واتە: وە ئەو کۆیلانەی کە داوای موکاتەبە (کڕینەوەی خۆیان، کە لە نێواندا گرێبەستێک ئەنوسرێتەوە) ئەکەن، موکاتەبەیان لەگەڵدا بکەن، ئەگەر پێتان وابوو سوودیان تێدایە (واتە، ئەگەر توانییان لە کاتی خۆیدا ئەو بڕە پارەیەی، کە لە گرێبەستەکەدا لە سەری ڕێککەوتوون، پێتان بدەن، یان ئەگەر ئەزانن فرۆشتنەوەیان بە قازانجترە ...)، واتە: بۆ موکاتەبەکردن و ئازادکردنی کۆیلەکەت، سەیری سوود و قازانجی خۆت بکە، واتە، بەراوردێک لە نێوان ئەو کارە هەمیشەیییەی، کە ئەو کۆیلەیە بۆت ئەکات لەگەڵ ئەو پارەیە، یان ئەو ئیشە تایبەتییەی ئەبێ بیکات بکە و بزانە کامەیان بە قازانجتە؟ تیایدا سەرپشک بە، ئەیهێڵیتەوە، یان ئازادی دەکەیت. ئەوەی شایانی گوتنە، ئازادکردنی کۆیلە لە ڕێگای موکاتەبەوە، لە دەورانی پێش پەیدابوونی ئیسلامیشدا هەر هەبووە، هەروەکوو چۆن لە شوێنی تری دنیاشدا هەبووە(211).

هەروەها ئیسلام بڕیاری داوە، دەبێت لە حاڵەتی "زیهار"دا (واتە، ئەوانەی بەژنەکانیان ئەڵێن: تۆ وەکوو پشتی دایکمی)، بەندەیەک ئازاد بکرێت. لە سەردەمی پێش ئیسلامدا، ئەگەر کەسێک وای بگووتبایە، ئیدی بۆی نەبوو بچێتە لای ژنەکەی. لەولاشەوە تەڵاقی نەکەوتووە و ژنەکە نەیئەتوانی شوو بکاتەوە: "والذين يظاهرون من نسائهم ثم يعودون لما قالوا فتحرير رقبة من

قبل ان يتماسا ذلكم توعظون به"(212)، واتە: ئەوانەی لەگەڵ ژنەكانیاندا زیهار ئەكەن و لە پاشان ئەگەڕێنەوە لەوەی كە گوتوویانە، پێویستە پێش ئەوەی بە یەک بگەن، بەندەیەک ئازاد بکەن، بەم کەفارەتەی (کە لەسەرتان دانراوە) پەندتان پێ ئەدرێ(213).

کەواتە، لێرەدا ئەو سزایە بۆ سڕینەوەی گوناهی ئەو کەسەیە نەک ئازادکرنی کۆیلە. چونکە ئەو کەسەی بە ژنەکەی ئەڵێت، تۆ وەکوو پشتی دایکمی و پاشان گەرەکی نییە، واز لە ژنەکەی بهێنێ و پەژیوان دەبێتەوە، لە ڕوانگەی ئیسلامەوە، ئەو کەسە ئەگەر بچێتە لای ژنەکەی، بە گوناه دێتە ژماردن، چونکە بە دایکی خۆی چوواندووە. بۆیە پێویستە کەفارەتی ئەو گوناهە بدات و کۆیلەیەک ئازاد بکات. ئەمەش بۆئەوەیە پەند بەو کەسە بدرێت و جارێکی دی ژنەکەی بە دایکی لێکنەچوێنێ، تاوەکوو ئەو زیانەی لێ نەکەوێت، کە کۆیلەیەک ئازاد بکات. دیارە ئەو کاتە، ئەو کەسەش کامە کۆیلە هەرزانە (کە ڕەنگە هەر بۆخۆی، لەبەر پیری و پەککەوتەیی، یان نەخۆشی، یان بێهێزی و منداڵی ئازاد بکرێ ... هتد) ئەوەیان ئازاد دەکات.

لە باسی سوێندخواردنیشدا دیسانەوە، باسی ئازادکردنی کۆیلە کراوە: "لايؤاخذكم الله باللغو في إيمانكم ولكن يؤاخذكم بما عقدتم الأيمان فكفارته إطعام عشرة مساكين من اوسط ماتطعمون اهليكم أو كسوتهم أو تحرير رقبة"(214)، واتە: خودا لەسەر ئەو سوێندانەی لە دەمتان دەرئەچێ ناتانگرێ، وەلێ لەسەر ئەو سوێندانەی بە ئاگاییەوە دەیخۆن دەتان گرێ، جا کەفارەتی ئەم جۆرە سوێندە، خۆراکدانە بە دە مسکێن، یان سپاڵکردنە بۆیان، یا ئازادکردنی کۆیلەیەکە. کەواتە لێرەدا، مەرج نییە کۆیلەیەک ئازاد بکرێت، بەڵکە چەندین ڕێگەی تری بۆ دانراوە، بۆ نموونە: ئەو کەسە دەتوانێت خواردنی دە هەژار بدات، ئەمەش یانی، مشتێک دەغڵ بە هەر هەژارێک بدات(215). کەواتە لێرەشدا هەر مەبەست پاککردنەوەی گوناه و کەفارەتی گوناهە و بۆ پەندپێدانە، نەک بۆ ئازادکردنی کۆیلە.



هەروەها دەڵێت: "ومن قتل مؤمنا خطأ فتحرير رقبة مؤمنة ودية مسلمة الى أهله الا أن يصدقوا فان كان من قوم عدو لكم وهو مؤمن فتحرير رقبة مؤمنة وان كان من قوم بينكم وبينهم ميثاق فدية مسلمة الى أهله وتحرير رقبة مؤمنة"(216)، لێرەدا ئەگەر بڕوادارێک بە هەڵە بڕوادارێکی دیکە بکوژێت، ئەوە دیسانەوە بۆ کەفارەتی گوناهەکەی ئەبێ کۆیلەیەک ئازاد بکات. چونکە لە لای ئیسلام دوو جۆرە مرۆڤ هەیە: بڕوادار و بێبڕوا، بۆیە دەبێ لەنێو بڕواداراندا کەس کەس نەکوژێ، خۆ ئەگەر کارێکی وا ڕوویدا، ئەوا بۆ پەندپێدانی، گەرە کۆیلەیەک ئازاد بکات.

کەواتە، ئەم حاڵەتانەی، کە ئیسلام دایناوە و کۆیلەی تێدا ئازاد ئەکرێت، حاڵەتی زۆر کەم و لاوەکین و بە ڕێکەوت ڕووئەدەن، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئەم یاسایەی بۆ دانراوە و ئەزانێت زیانی پێ ئەگات، بەتایبەتی لە لای ئەوانەی، کە ئیمکانی ماڵییان ئەوەندە نییە. هەروەها لە هەندێک لەو حاڵەتانەدا، ئەو کەسە زۆری لێ ناکرێت، کە کۆیلە ئازاد بکات، بەڵکوو چەند ڕێگەی تریشی لەبەردەم داناوە.

بە کورتییەکەی ئامانجی ئیسلام ئەوەیە، کە ئیسلام ئەو گوناهانە نەکات، نەک ئامانجی ئازادکردنی کۆیلە بێت. هەروەها ئەوەی لای هەموو کەسێک ڕوون و ئاشکرایە، ئەوەیە: کۆیلە بە هیچ جۆرێک بەم ڕێگایانە بنجبڕ نابێت، لێ داکۆکیکارانی ئیسلام بە جۆرێک باسی محەمەد و بزووتنەوەی ئیسلام دەکەن، وەک ئەوەی باسی سپارتاکۆس و شۆڕشەکەی بکەن!

یەکێک لە سەرچاوەکانی پەیدابوونی کۆیلە هەروەکوو پێشتر باسمانکرد، شەڕ و پێکدادانی نێوان تیرە و هۆز و میللەتانە. شەڕ و جەنگی ئیسلامیش لەو دەمەوە دەستی پێ کرد، کە محەمەد بۆ مەدینە هەڵات و لەوێ دەوڵەتی ڕاگەیاند، ئەو دەمە ئیتر لەگەڵ نەیارانی کەوتە جەنگەوە و دروشمی سەری بۆ من و ماڵی بۆ ئێوەی بەرز کردەوە، تاوەکوو بەو هۆیەوە باشتر بجەنگن.

بەڵام هێندێک لە ئیسلامەکان زانییان قازانج لەوەدایە، کە دیلەکان نەکوژن، بۆئەوەی دواتر بە بڕێک پارە و پول بیانگۆڕنەوە، بۆیە دەستیان لە مەککەیییەکان دەپاراست، بە تایبەتی ئەوانەی، کە دارا و دەوڵەمەند بوون، چونکە دەستپاراستن لە کەسێکی هەژار هیچ سوودێکی نابێت، بەڵام ئەم ڕەفتارە لەگەڵ سیاسەتی سەرەتای جەنگ نەدەهاتەوە، چونکە محەمەد لە سەرەتادا وای پێ باش بوو، کە کوشتوبڕی بێڕەحمانەی نەیارەکانی بکات، بۆئەوەی وەک هێزێکی بە سڵ و سام دەربکەوون، هەربۆیە محەمەد ئەڵێت: "ماكان لنبي ان يكون له أسرى حتى يثخن في الأرض، تريدون عرض الدنيا والله يريد الآخرة"(217)، واتە: بۆ هیچ پەیامبەرێک ڕەوا نییە، کە دیلی هەبێ و بە بەدەلی ماڵی دنیا بەرەڵایان بکات، تا زەوی بە خوێنی ناپاک و ناموسڵمان سوور نەکات، ئێوە ماڵی دنیاتان گەرەکە و خوداش ماڵی هەتاهەتایی.

بەڵام موسڵمانەکان دواتر پەیڕەوییان لە سیاسەتی بەدەل کرد، چونکێ لە ڕووی داراییەوە کەڵکیان لێ وەرئەگرت. دیارە ئەم بەدەلە یان گۆڕینەوەی دیل بە دیل مەسەلەیەک نییە، کە محەمەد دایهێنابێت، بەڵکوو ئەم نەریتە لە پێش ئیسلامیشەوە هەر هەبووە(218). بەڵام کاتێک، کە جەنگی ئیسلام و نەیارانی پەرەی سەند، ئیدی ئەوەندە تاڵانییان چنگئەکەوت، کە هیچ پێویستییەکیان بەوە نەبوو، دیلەکان بە پارە و پول بگۆڕنەوە، بە تایبەتی پارە و پولی ئەو شوێنەی کە داگیریان دەکرد، لە دەستی خاوەنەکانی نەئەمایەوە و دەستیان بەسەردا ئەگیرا، ئیتر ئەو کاتە هەتا دەهات ژمارەی کۆیلە و کەنیزەی جەنگەکان لە زیادبووندا بوون، ئەوانەش لەنێو موسولڵمانەکان دابەش ئەکران. واتە، ئەگەر جەنگ گرنگترین سەرچاوەیەک بێت بۆ پەیدابوونی کۆیلە، ئەوا ئیسلامیش هەمان سەرچاوەی ڕۆشن کردووەتەوە، نەک نەیهێڵێ، هەربۆیە ئیسلام بە هیچ شێوەیەک نەی گوتووە لە جەنگی خۆتان و نەیارانتاندا کۆیلە و کەنیزەک مەگرن، بەڵکوو بە پێچەوانەوە، ئەم نەریتەی چەسپاند و بۆ دابەشکردنیشی یاسای بۆ دارڕشت.



پێویستە لێرەدا ئاماژە بۆ ئەو سیاسەتەش بکەین، کە محەمەد لە بەرامبەر ئەو کۆیلانەی، کە دەبوونە موسڵمان گرتییەبەر. ئەوەش بریتی بوو، لە ئازادکردنی ئەو کۆیلانەی، کە خاوەنەکانیان لە بێبڕوایان بوو(219)، چونکە لەو کاتەدا کۆیلەیەکی زۆر هەبوون، سەرباری ئەوەی، کە ببوونە موسڵمان، بەڵام لەبەرئەوەی خاوەنەکانیان موسڵمان بوون، ئەم بڕیارە نەیانی دەگرتنەوە. هەروەکوو محەمەد بۆ خۆی سەرەڕای ئازادکردنی بەشێک لە کۆیلەکانی، بەڵام هەندێک کۆیلەی هەر هەبوو(220).

کاتێک موسڵمانەکان گەمارۆی شاری تاییفیان دا، ڕایانگەیاند، کە ئەگەر هەر کۆیلەیەک دەرچێتە دەرەوە و بێتە لایان (موسڵمان بێت) ئازاد ئەکرێت. لەو کاتەدا حەوت کۆیلە هاتنە دەرەوە و ئازاد کران. ئەمانە ناویان لێ نرا ئازادکراوەکانی خودا(221). هەروەها لە بەرامبەر کۆیلەی شوێنەکانی تریش هەمان سیاسەت پەیڕەوی کرا.

بێگومان ئەمە سیاسەتێک بووە، محەمەد بۆ لاوازکردنی بەرەی دوژمن و بەهێزکردنی بەرەی خۆی بەکاری هێناوە. چونکە کۆیلە هەمیشە خەو بە ئازادبوونی خۆیەوە ئەبینێ، کاتێک دەرگایەکی بەو جۆرەی لێ بکرێتەوە، بێگومان لەدەست خاوەنەکەی هەڵدێت، ئیتر بڕوا بە پەیامبەرایەتی محەمەد بکات یان نا! ئەوە بەلایەوە گرنگ نییە. دیارە بە هیچ کلۆجێک محەمەدیش مەبەستی ئازادکردنی کۆیلە نەبووە، جگە لەو ئامانجە سیاسییەی، کە باسمانکرد. چونکە کۆیلەیەکی زۆر هەبوون، کە ئەگەرچی بووبوونە موسڵمانیش، وەلێ لەبەرئەوەی خاوەنەکانیان موسڵمان بوون، ئازاد نەدەکران(222).

بەڵام محەمەد لەم هەڵوێستەشیدا ئەوەندە شێلگیر و تاسەر نەبووە. ئەوەتا لە یەکێک لە بەندەکانی ڕێکەوتننامەی حودەیبییەدا هاتووە دەڵێت: هەر کەسێک بە بێ ئیزنی گەورەکەی خۆی هەڵهات و پەنای بۆ محەمەد برد، پێویستە محەمەد پەنای نەدات و تەسلیمی خاوەنەکەی بکاتەوە(223). وا دەرئەکەوێ، ئەو سیاسەتەی محەمەد کاریگەری هەبووبێت، هەربۆیە

دەسەڵاتدارانی مەککە، ئەو مەسەلەیەیان وەکوو بەندێک لە بەندەکانی گرێبەستەکەی نێوانیان داناوە. هەروەها محەمەدیش ئازادبوونی کۆیلەی وەکوو سیاسەتێکی خۆی، نەک وەک هەڵوێستێکی ئوسوڵی لەبەرچاو گرتووە. چونکە ئەگەر محەمەد بۆ بەهێزکردنی بەرەی خۆی، سیاسەتی ئازادکردنی ئەو کۆیلانەی، کە موسڵمان ئەبن گرتە بەر، ئەوا پەیمانی حودەیبییە بەو ئاکامەی ئەگەیەنێ، کە لەو سیاسەتەوە پێی ئەگەییشت. ئیتر ئازادبوونی کۆیلە مەسەلەیەک نییە.

کەواتە، لە هیچ کاتێکدا، ئازادکردنی کۆیلە لە هەڵوێستی ئوسوڵی ئیسلامەوە سەرچاوەی نەگرتووە، ئەگەر بە هەندێک بۆنە و بە هەندێک هۆی سیاسی، یان بەرێکەوت و بەهۆی هەندێک مەسەلە و ڕووداوی لاوەکییەوە، هەندێک کۆیلە لێرە و لەوێ ئازاد بووبن، مەسەلەیەکی ئەوتۆ نییە و هیچ پەیوەندی بەوەوە نییە، کە گوایە ئیسلام مرۆڤدۆستە و دروشمی ڕزگاری کۆیلەی بەرز کردووەتەوە، چونکە ئەم جۆرە هەڵوێستانە و ئەم شێوانە لە ئازادکردنی تاکوتەرای کۆیلە، لە هەموو جێگایەکدا هەبوونە و کارێکی ئاساییە.

بە پێچەوانەوە بزووتنەوەی ئیسلام نەک هەر چینی کۆیلەی ئازاد نەکردووە و مەبەستیشی نەبووە ئازادی بکات، بەڵکوو ئەوەندەی دیکە ئەم نەزمەی چەسپاند، سەد ئەوەندەش ژمارەی کۆیلە زیادی کرد و ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی بووە یەکێک لەو وڵاتانەی، کە لە فرۆشتنی کۆیلەدا جێگەی دیاری هەبووە.

زیادبوونی ژمارەی کۆیلە بە ڕادەیەکی یەکجار زۆر لە سەردەمێکدا بوو، کە ئیتر ناوچەی دورگەی عەرەبی، شەڕوشۆڕی تێدا نەما و شەڕ کەوتە دەورووپشتی. کەواتە، لە لایەکەوە ناوچەی دوورگەی عەرەبی ئارام بوو، لەولاشەوە لەشکری ئیسلام دەستی بە پەلاماردانی وڵاتانی دەورووپشتی کرد و بە لێشاو تاڵانی و ماڵ و موڵک و ژن و زارۆکیان دەهێنا و بە کۆیلە



و کەنیزەکیان دەکردن و بە فەرماییشتی (خودا)ی عەدل و دلۆڤان دەنێو خۆیاندا دابەشیان دەکردن.

خالیدی کوڕی وەلید کاتێک حیرەی بەجێهێشت، هەتا گەییشتە دیمەشق 5000 کۆیلەی گرت(224). لەشکری ئیسلام لە ڕۆژی جەلەولادا تاڵانییەکی بێوێنەیان چنگکەوت، ئەویش بەکۆیلەگرتنی کچانێکی ئازادی یەکجار زۆری فارس بوو(225). هەروەها لە کۆتایی ساڵی 38 و سەرەتای ساڵی 39دا، موسوڵمانەکان، لە سەردەمی عەلی کوڕی ئەبوتالیب (ڕابەری ڕەوتی هەژار و کۆیلە و چەوساوەکان)، لە نزیک هیندستان تاڵانی و کۆیلەیەکی یەکجار زۆریان هێنا، کە تەنها لە ڕۆژی یەکەمی دابەشکردنیاندا، هەزار کۆیلەیان لە نێوان خۆیاندا بەش کرد(226). بەو شێوەیە، لەبەر زۆری کۆیلە و بایەخی کاریان، کار بە ڕادەیەک گەییشت، کە بازاڕی کڕین و فرۆشتنی کۆیلە لە میسر دامەزرا(227).

عوسمانی کوڕی عەفان، ئەو هاوڕێ نزیک و دێرینەی محەمەد، کە سێهەم جێنشینی محەمەد و مێردی دوو کچی بوو، وە یەکێک بوو لەو دە کەسەی، محەمەد مژدەی بەهەشتی پێ دا، کە پێیان دەگوترا: "عشرة المبشرة"، بە تەنها خۆی، خاوەنی هەزار کۆیلە بووە(228) و لە ئیشوکاری کشتوکاڵیدا 3000 کۆیلەی بەکارهێناوە(229). زوبێر، کە خاوەنی زەویوزارێکی زۆر بەرفراوان بووە، 1000 کۆیلەی هەبووە و لە کاری کشتوکاڵیدا بەکاریانی هێناوە(230).

ئەم خەلیفە و سوپاسالار و ئەولیایانەی ئیسلام، بێگومان بە موو لە ئیسلام لایان نەداوە و ئەوەی، کە کردوویانە، لەگەڵ بیروباوەڕی ئیسلامدا بە هیچ جۆرێک پێچەوانە نەبووە و بێفەرمانی (خودا)یان نەکردووە، ئەگەرنا خودا ئەبوو حەرامی بکردایە. بە پێچەوانەوە هەر زۆر زوو محەمەد، عومەر و عوسمان و عەلی و ... هتد، ئاگادار ئەکاتەوە و هەر لەم دنیایەدا دڵنیایان ئەکاتەوە و پێیان ئەڵێت: مزگێنیتان پێ بدەم، کە ئێوە بەهەشتین!

کەواتە، ئیمپراتۆرییەتی ئیسلامیش وەک هەر وڵاتێکی دیکەی ئەو سەردەمە، بە هۆی شەڕوشۆڕ و کوشتوبڕی خەڵک و داگیرکردنی خۆیان و ژن و منداڵ و ماڵ و داراییبانەوە، سەرچاوەیەکی گرنگی پەرەسەندنی کۆیلایەتی ڕوون کردۆتەوە و بە هیچ جۆرێک ئەم کارە نامرۆڤانەیەی نەک هەر حەرام نەکردووە، بەڵکوو باشتر چەسپاندوویەتی و پەرەی پێ داوە. لە هیچ جێگایەکی قورئاندا، تەنها یەک ئایەت بەرچاو ناکەوێت، کە بڵێت: هەر کەسێک کۆیلەی هەبێت حەرامە و نابێت کۆیلە ڕابگیرێت! یان هەندێک لەو ئەشکەنجە خەیاڵییانە بخاتە بەردەم خاوەن کۆیلە و بڵێت: ئەگەر کۆیلە ڕابگرن، بە ئاگر و ئەژدیها ئەشکەنجە ئەکرێن و جێگاتان ئەسفەلول سافلینە! چونکە محەمەد و ڕابەرانی ئیسلام، پێیان وابووە کۆیلایەتی بۆ مرۆڤ، کارێکی سروشتییە و هەر هەبووە و هەر ئەبێ. هەروەها دەرکیان بەوە کردووە، کە کاری کۆیلە چەندێک گرنگ و بەسودە بۆ کاری کۆیلەداران، زەویداران، بازرگانان و بۆ ئیشوکاری نێوماڵ و دەیانزانی، کە کاری کۆیلە لە پەیوەند بە پێکەوەنان و کەڵەکەی سەروەت و سامان بۆ دارا و دەوڵەمەندان ناتوانرێت پشتگوێ بخرێت. جا ئەگەر کار بەم شێوەیە بێت ئیتر چۆن ئیسلام لە بەرامبەریدا ئەوەستێتەوە، لە کاتێکدا بیروباوەڕی ئیسلام، بیروباوەڕی دارا و دەوڵەمەند و ئەریستۆکراتەکان بووە.

## د_ ڕوانین و ڕەفتاری ئیسلام لە بەرامبەر مەسەلەی ژنان*

* کورتەی ئەم باسە بە دوو بەش لە "یەکسانی"، بڵاوکراوەی "ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان" بڵاوبووەوە: بەشی یەکەمی، لە ژمارە 20ی ناوەڕاستی تشرینی یەکەمی ساڵی 1997 و بەشی دووەمی، بەهۆی ئەوەی خاوەنی چاپخانەکە لەبەر هەڕەشەی ڕەوتە ئیسلامییەکان؛ ئامادە نەبوو چاپی بکات، وەکوو پاشکۆی ژمارە 21 بڵاوکرایەوە. بڵاوبوونەوەی ئەم باسە لەو دەمەدا؛ مەلا و ڕەوتە ئیسلامییەکانی هەراسان کرد و لەبەر لاوازی فیکری و بڕوای تیرۆریستییان، فتوای تیرۆری کۆمۆنیستەکانیان دەرکرد و



پاش ئەوەی لایەنە بنەڕەتییەکانی ڕوانین و ڕەفتاری ئیسلاممان لە بەرامبەر کۆیلە و نەزمی کۆیلەداری باسکرد، ئێستا دێینە سەر توێژینەوە لە بەشێکی دیکەی کۆمەڵی ئەو سەردەمە، کە ئەویش هەر کۆیلە بوونە و کۆیلەکانیشیان دووجار کۆیلە بوونە، ئەوەش ژنە لە کۆمەڵگای عەرەبی لە دەورانی پەیدابوونی ئیسلام و دەسەڵاتداریێتی ئیسلامدا.
ئێمە لە بەشی دووەمی ئەم باسەدا وێنایەکی گشتیمان دەربارەی ژن لە سەردەمی پێش پەیدابوونی ئیسلام دایە دەست، کە هەلومەرجی ژیان و کار و پەیوەندی هاوسەری و ئازادی و مافەکانی، لە چوارچێوەی هەلومەرجی ئابووری ئەو سەردەمەدا چووەتە پێشەوە و پەیوەندی بەرهەمهێنان و ناکۆکی چینایەتی و سەنگوسووکی هێزی چینایەتی و ئازادیخوازی و پێشکەوتن مۆری خۆیان لە بزووتنەوەی ئەو بەشەی مرۆڤ واتە ژنان داوە.
هەروەکوو باسمان کرد، ژنان لە سەردەمی پێش پەیدابوونی ئیسلام، لەوپەڕی بێمافیدا ژیانیان بەسەربردووە و بە نیوە مرۆڤیش نەژمێردراوون. پیاو لەو کۆمەڵەدا نەک هەر خاوەنی هۆیەکانی بەرهەمهێنان بوو، بەڵکوو خاوەنی ژنیش بوو، هەروەکوو چۆن خاوەنی مەڕ و ماڵات و وشترەکانی بوو.
بێگومان لەو ڕۆژگارەوە، کە ژن تیایدا جێگا و ئۆتۆرێتەی خۆی لەدەست دا و بووە ژێردەستەی ڕەگەزی نێر، ئیدی ئەو نابەرابەرییە لە نێوان ئەو دوو ڕەگەزەی مرۆڤ هاتەکایەوە و مەسەلەی ژن وەک مەسەلەیەک لە کۆمەڵدا سەری هەڵدا. لە بەرامبەر ئەو نابەرابەرییە و لە بەرامبەر ئەو زوڵم و زۆر و ستەمەدا، بزووتنەوەیەک بەرێ کەوتووە، کە نیشانەی ناڕەزایەتی و ئیعتیرازە لە بەرامبەر ژێردەستەیی ژنان و ئامانجیشی هێنانەوە و

هاوڕێیان شاپور و قابیلیان تیرۆر کرد. بڕوانە نامیلکەی: ڕوانین و ڕەفتاری ئیسلام لە بەرامبەر مەسەلەی ژنان/ ئارام ڕەشید، چاپی یەکەم، سلێمانی، ئابی 2001.

گێڕانەوەی ئاستی ژنـــە بۆ ئاستی پیاو، گێڕانەوەی جێگا و شوێنی ژنە بۆ جێگا و ڕێگای سروشتی خۆی وەک مرۆڤێک و هێنانەکایەوەی دووبارەی بەرابەری ژن و پیاوە. بزووتنەوەی بەرابەری ژنان بە درێژایی مێژووی ئەم ستەمکێشییە، شێوە و شکڵی جیاوازی بە خۆیەوە گرتووە و لە هەر سەردەم و قۆناغێکی پەرەسەندنی کۆمەڵی مرۆڤایەتیدا پێناسەی خۆی کردووەتەوە.

کاتێک، کە بزووتنەوەی حەنەفییەکان، یان دواتر بزووتنەوەی ئیسلام بە ڕێبەرایەتی محەمەد، لە بار و دۆخی چینایەتی، ناکۆکی چینایەتی، نەزمی کۆیلایەتی و دەسەڵاتداریێتی ئەریستۆکراتییەتی قورەیشیدا سەری هەڵدا، پەیوەندی هاوسەریێتیی ژن و مێرد، لە چوارچێوەی سیستەمی پیاوسالاریدا بووە و ژن لە هەلومەرجێکی زۆر نزم و خراپی کۆمەڵدا ژیانی کردووە.

بۆ محەمەد و بزووتنەوەی ئیسلام ئەم ژێردەستەیی و ستەمەی، کە بەسەر ژنانەوە بووە، نەک هەر لەگەڵ ئامانجی تەوحیدی ئەو بزووتنەوەیە پێچەوانە نەبووە، بەڵکە وەکوو هەر ئایینێکی دیکە و بیروباوەڕێکی کۆنەپەرستانە، قازانج و بەرژەوەندیشی هەر لەو نەزم و نیزامە و ئەو نەریت و دەستوورە پیاوسالارییەدا بووە و ئەویش جەختی هەر لەسەر هەمان نەریت و نەزم کردووەتەوە و هەر ئەوەشی زیاتر چەسپاندووە، مەگەر ئەوەندەی کەوتبێتە بەر فشاری ئیعتیراز و ناڕەزایەتی بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و ناچار بە پاشەکشە بووبێت.

بزووتنەوەی ئیسلام بزووتنەوەیەک نەبوو بۆ ژێرەوژوورکردنی کۆمەڵ و ئاڵوگۆڕدان بە نەزمی کۆیلایەتی و سەرلەنوێ داڕشتنەوەی پەیوەندی نێوان دوو ڕەگەزی مرۆڤ واتە، ژن و پیاو، بەپێی هەلومەرجێکی نوێ. ئەم بزووتنەوەیە زادەی ئەو هەلومەرجە ماددییە بوو، وە دەبوو بەو بناغە ئابووریە و بەو پەیوەندییە لە بەرهەمهێنان، کە لە ئارادایە وەڵامدەرەوە بێت. دەبوو پاکانە بۆ ئەو نەزمە بکات و لە باری فکری و ڕەووشت و یاسا و ... هتد. و بەرگری لێ بکات و بینەخشێنێ، هەربۆیە لە سەروبەندی



پەیدابوونی ئیسلامدا، سەرباری ئەوەی لە خێزان و لە کۆمەڵدا نەزمی پیاوسالاری باو و چەسپاو بوو، وەلی لەگەڵ ئەوەشدا پاشماوەی ڕۆڵی ژن و نەزمی مافی دایکی هەر مابووەوە، کە ئەوەش نیشانەی ئەوەیە، کە ئەم کۆمەڵەش وەک هەر کۆمەڵێکی دیکە، بە قۆناغی سەرەتایی بێچین و یەکسانی نێوان ژن و پیاو و ڕەچەڵەکی دایکیدا تێ پەڕیوە و لەو بارەیەوە محەمەدیش ڕەخنەیان لێ ئەگرێت. تا ئەو کاتەش لەنێو هێندێک لە تیرەکاندا، منداڵ هەر بە ڕەچەڵەکی دایک ئەخوێنرایەوە(231) و لە پاڵ شێوەکانی تری خێزاندا، شێوەخێزانی چەندپیاوییش تا ئەو دەمە هەر مابووەوە(232). ئەم شێوەیە لە پەیوەندی جنسی وەک نەریتێک، بە تەنها لەنێو گەلی عەرەبدا نەبووە، بەڵکە لە یۆنانی کۆن و لەنێو گەلانی ئاسیاشدا هەبووە(233). ئەوەی شایانی باسە، کاتێک، کە بزووتنەوەی ئیسلام سەردەکەوێت، ئیدی ئەم پاشماوەیەش دەسڕێتەوە و نایهێڵێت.

کەواتە، ئایینی ئیسلامیش زادەی هەمان هەلومەرجی چینایەتی و پڕ لە چەوسانەوە و ژێردەستەیی ژن و پیاوەزنی و فەرهەنگی خێڵەکی و عەشایەری بووە و دووبارە ئەمیش بە نۆبەی خۆی، هەمان هەلومەرجی پاراستووە و تۆکمەتری کردووە.

پێش ئەوەی بچینە سەر یاساکانی ئیسلام سەبارەت بە ژن و خێزان و ژن لە کۆمەڵدا، پێویستە تێڕوانینی ئیسلام دەربارەی ژن بزانین، کە دیارە بۆخۆی ڕەنگدانەوەی بار و دۆخێکی نایەکسان و نابەرابەرە و ئەویش نەک هەر لێی بەرەخنە نییە، بەڵکوو بە شێوەیەکی تر و لە بەرگی ئاییندا خزمەت بەو هەلومەرجە ئەکاتەوە.

هەروەکوو زانیمان، هەر ئایینێک بەپێی سەردەمەکەی خۆی، کەم و زۆر سوودی لە ئاینەکانی بەر لە خۆی، کە بە دەوروپشتییەوە بووە وەرگرتووە. یەکێک لەو مەسەلانەی، کە ئایینی ئیسلام لە ئایینەکانی پێش خۆیەوە وەری گرتووە و پرۆپاگەندەی بۆ کردووە، ئەفسانەی ئادەم و حەوا و باسی یەکەم گوناه (الخطیئة الأولى)ە، کە لە کتێبی تەوراتەوە وەری گرتووە.

ئیسلامیش پێی وایە، خودا ئادەمی لە قوڕ دروستکردووە، پاشان ڕۆحی بەبەردا کردووە و لە بەهەشتدا جێگیری کردووە. ئادەم بە بێ هاوڕێ و هاودەم دەسوڕایەوە، خودا خەوی لێ خست و پەراسوویەک لە پەراسووەکانی لای چەپی قەفەسەی سینگی دەرهێنا، بەبێئەوەی ئادەم هەستی پێ بکات، یان ئازاری لێ پەیدا بێت(234) و حەوای لێ دروستکرد، بۆئەوەی هاودەمیی ئادەم بکات. هەروەکوو لە قورئانیشدا ئاماژە بۆ ئەمە کراوە و ئەڵێت: "هو الذي خلقكم من نفس واحدة وجعل منها زوجها ليسكن اليها"(235). هەر لەم لێکدانەوە خورافییەشەوە ئەو ئەنجامگیرییە کراوە، کە دەڵێت: پیاو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ و ساڵ لە دوای ساڵ جوانتر ئەبێت، چونکە لە قوڕ دروستکراوە، بەڵام ژن بەپێچەوانەوە هەتا بێت ناشیرین ئەبێت، چونکە لە گۆشت دروست کراوە، گۆشتیش هەتا بێت خراپ و بۆگەن ئەبێت(236).

سەرەتا دەبێ ئەوە بزانین، کە ئەفسانە و خورافەی لەم چەشنە، کە لە ئایینی ئیسلام و تەوراتدا هاتووە، لە ئەفسانە و ئەدەبی گەلانی تریشدا بەرچاو ئەکەوێت. لە ئەفسانەی "ئەزیس"دا هاتووە، کە چۆن ئەزوریس لە سەری ئەزیسەوە پەیدابووە(237)، هەروەکوو چۆن حەوا لە پەراسووی ئادەمەوە پەیدا بووە. لەم ئەفسانەیەوە ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێت، کە بیروباوەڕی لەم چەشنە و لێکدانەوەی لەم جۆرە لە هەلومەرجێکدا پەیدا بووە و سەری هەڵداوە، کە مرۆڤ تیایدا سەردەمی کۆمۆنی سەرەتایی بڕیوە و ژن جێگا و ئۆتۆریتەی بەرزی خۆی لەدەست داوە و کۆمەڵ بۆ چینەکان دابەش بووە، ڕەگەزی مێ لە لایەن ڕەگەزی نێر و بە قازانجی چینە دەسەڵاتدارەکان دەچەوسێتەوە. هەربۆیە کاتێک ئایینە بەناو ئاسمانییەکان لە زەمان و زەمینێکی لەو چەشنەدا پەیدا بوونە، پێویستە لێکدانەوەکانیان لە تەک ئەو هەلومەرجە ئابووری_ کۆمەڵایەتییەدا جووت بێتەوە و خزمەت بەو نەزم و نیزامە بکات.



ئەوەی هەتا ئێستا زانرابێت ئەوەیە، تەورات یەکەم کتێبێکە باسی ئادەم و حەوای هێنابێتە گۆڕ(238)، بەو چەشنەی کە دواتر و ئێستاش لە لای ئایینەکانی تری وەک دیان و ئیسلام بڵاوە، کە ئەوانیش هەر لە تەوراتەوە وەریان گرتووە. بێگومان تەمەنی مرۆڤ زۆر کۆنە و بە هیچ جۆرێک لەگەڵ مێژووی پەیدابوونی ئایینە بەناو ئاسمانییەکاندا بەراوورد ناکرێت، کە خورافەی ئادەم و حەوایان هێناوەتە گۆڕ. بە واتایەکی تر: پەیدابوونی ئەم تەفسیرە بۆ پەیدابوونی مرۆڤ، مێژوویەکی نزیکی هەیە و لە مێژووی پێشووتری کۆمەڵی بەشەری بێئاگایە و کۆمەڵ بە وەستاوی و بەو شێوەیە ئەبینێ، کە لەو زەمان و زەمینەدا بە بەرچاوییەوە بووە، نەک لە حاڵەتی بزووتنەوە و گۆڕان و پەرەسەندندا. هەروەکوو گوتمان ئەم لێکدانەوەیە کاڵا بە باڵای ئەو سەردەمە بووە و ئەبێت لێکدانەوەیەک بەدەستەوە بدات، کە سیستەمی پاتریارکی بچەسپێنێ و خەبەرێک لە مێژووی یەکسانی پڕ لە شانازی ژنان نەبێت.

کاتێک ئایینی ئیسلامیش پەیدا بوو، هەمان لێکدانەوەی بۆ پەیدابوونی ژن دایە دەست. لێکدانەوەیەک، کە بۆ خۆی لە سەردەمێکی مێژووییەوە لە زەینی ئینسانەکاندا چەسپیوە، وتنەوەی تووشی زەحمەتییەکت ناکات. چونکە هەلومەرجی دواکەوتوویی و نەزانی و خورافە و دوور لە زانست، چوارچێوەی فکریی مرۆڤی ئەو سەردەمانەی پێکهێنابوو، کە لەگەڵ ژێرخانی ئابووری و بەرژەوەندییە چینایەتییەکاندا هاوشان بوو. هەروەها لێکدانەوەیەکی ئاوەها سووک و ئاسان و بەرجەستە بۆ ئەو سەردەمە، گونجاوی ئەو پرسیارە گرنگەی مرۆڤ بووە، کە هەمیشە بیری لێکردووەتەوە، ئەویش: چۆنیەتی پەیدابوونی مرۆڤە؟

ئەفسانەی ئادەم و حەوا، هەوڵێکە بۆ لێکدانەوە و وەڵامدانەوەی چۆنیەتی پەیدابوونی مرۆڤ بە قازانج و بەرژەوەندی پیاو. لێکدانەوەی لەم چەشنە لە قۆناغی کۆمەڵی سەرەتاییدا نەک هەر نەبووە، بەڵکوو بە هیچ جۆرێکیش نەیدەتوانی پەیدابێت و سەر دەربێنێ. لەم خورافەیەدا پیاو یەکەمجار

دروستکراوە نەک ژن، ئەوەی لێرەدا بە بنەما وەرگیراوە، پیاوە، یان لە ڕاستیدا خوداوەند بە نیاز نەبووە ژن هەر دروستیش بکات، وەلی کاتێک کە سەرنجی داوە، ئادەم بە تەنها ئەسوڕێتەوە و کەسێک نییە لەگەڵیدا دابنیشێ و دەمەتەقێیەکی لەگەڵدا بکات و هاودەمیی بکات، هاتووە لە هەنگاوی دووەمدا حەوای دروستکردووە.

بە گوێرەی ئەو ئەفسانەیە بێت، حەوا لە بەشێکی زۆر بچووکی ئادەم، کە پەراسوویەتی دروست کراوە، ئەمەش نیشانەی بێنرخی و کەمبایەخی حەوا لەچاو ئادەمە، ئەو پەراسووەش پەراسوویەکی چەپی سینگی ئادەم بووە! کە لە ئایینی ئیسلام و گشت ئایینەکانی تریش، چەپ و ڕاست یەکسان نین بە یەک و پلەی ڕاست وەک لە چەپ زیاترە، هەروەکوو چۆن لە زۆر مەسەلەی دیکەدا ئەم لێکدانەوەیە هەیە.

کەواتە، حەوا لە پەراسوویەکی چەپ دروستکراوە، کە نیشانەی بێنرخی و خراپی و شەڕەنگێزییە، ئەمە سەرباری ئەوەی ئەم پەراسووە گێڕیش بووە. ئێستا ئەگەر بپرسین بۆچی خودا بەم شێوەیە حەوای دروستکردووە؟ ئاوەها نزم و بێنرخ خوڵقاندی؟! ئەوە دیارە پیاوانی ئایینی هیچ وەڵامێکیان پێ نییە، ناچار وەک نەریتی کۆنی هەمیشەییان دەڵێن: "الله یعلم!"، بەڵام بۆ کەسێک کە لە ڕوانگەی مێژووییەوە، یان ڕاستتر ماتریالیزمی مێژوویییەوە بڕوانێتە کۆمەڵ، تێئەگات، کە ئادەم و حەوا خودا دروستی نەکردوون، بەڵکوو خودی ئەو مرۆڤەی، کە پێشتر خوداکانی لە مێشکی خۆیدا دروستکرد، ئادەم و حەوایشی هەر وا لە هزری خۆیدا دروستکرد. ئەمەش بۆئەوەی وەڵام بە پێویستییەکانی هەلومەرجی چینایەتی ئەو سەردەمە و نەزمی بابمەزنی بە قازانجی پیاو و بە زیانی ژن بداتەوە.

ئەم ئەفسانەیە لە درێژەی خۆیدا دەچێتە سەر ئەوەی، کە چۆن شەیتان حەوا هەڵئەخەڵەتێنێ و پەیوەندیی جنسی لەگەڵدا ئەکات، بەمەرجێک ئەویش هەمان کار لەگەڵ ئادەمدا بکات و لە خشتەی بەرێت، ئەمە لە کاتێکدا، کە لە لایەن خوداوە ئەم کارەیان لێ قەدەغە کراوە. لێرەدا پرسیاری زۆر و



جۆراوجۆر دێتە پێشەوە، کە دەکرێت هەر لە چوارچێوەی ئەفسانەکەدا بیکەین: حەوا وەک ئەوەی بەشێکی بچووکی پەراسوویەکی ئادەمە، کەچی بەهێزترە لە ئادەم و توانی لە خشتەی بەرێت؟ بۆچی حەوا بە تەنها تاوانبار بێت، لە کاتێکدا هەردووکیان پێکەوە هەمان کاریان ئەنجام داوە؟! ئەگەر بێتاوانی ئادەم لەوەدا بێت، کە دەسپێشکەریی نەکردووە، ئەی بۆچی لێرەدا حەواش بێتاوان نەبێ لە کاتێکدا، کە شەیتان دەسپێشکەریی کردووە؟ کاری جنسی بۆچی بە خراپ و گوناه زانراوە؟ ئەی دەڵێن هەموو کارێک ئیرادەی خودای لەسەرە ... ئەگەر وایە، ئیتر چ شەیتان و چ حەوا گوناهیان چییە، لە کاتێکدا ئیرادەی هێزێکی خارقی لەسەرە و پێشتر دانراوە؟! خودا بۆچی بەو جۆرە ئیرادەی کردووە(239)... هتد.

ئەوەی لێرەدا تێبینی دەکرێت ئەوەیە، هەموو هەوڵێک بۆ ئەوە دراوە، کە بڵێت، پەیوەندی جنسی لە نێوان نێر و مێ کارێکی خراپ و ناشیرین و گوناه و عەیبە، ئەوەی لەم نێوەشدا تاوانبارە حەوایە و بۆیە ئەم کارە جنسییەش بە گوناه ئەزانن، گوایە لە فەرمانی خودا دەرچوونە. ئەوەی هۆکاری ئەم بێفەرمانییە تەنها حەوایە، هەربۆیە خودا هەڕەشە لە حەوا ئەکات و ئەڵێت: لە تۆڵەی ئەو بێفەرمانییەدا ئەبێت وا بکەم، ئەو منداڵەی، کە بە هۆی جووتبوونتانەوە دروست ئەبێت، بە ئێش و ژانەوە لەدایک ببێت. نەک هەر ئەوەندە، بەڵکوو هەر بە هۆی ئەم گوناهەی تۆوە، ئەبێت ئەو ژانە بەسەر هەموو نەوەیەکی دوای خۆتدا بهێنم! بێگومان لەو سەردەمەدا، وایان دەزانی دنیا و کۆمەڵ هەر بەو شێوەیە بووە و هەرواش ئەمێنێتەوە، نەیان ئەزانی ڕۆژگارێک دێت، مرۆڤ ئەگاتە ئاستێک لە پێشکەوتن، کە بتوانێت لە بەرامبەر "حوکمی خودایی!"دا بووەستێتەوە و ژانی منداڵبوون نەهێڵێ!

ئەوەی شایانی باسە فاتیکان دژی منداڵبوونی بێ ئێش و ژانە، چونکە دژی خودا و ئایینە(240)! هەر لێرەشەوەیە، ژنی حەیزدار و زەیستان بە پیس و خراپ سەیر ئەکرێت، بە تایبەتی لە ئایینی جوولەکەدا، چونکە ئەو دیاردانە پەیوەندییان بە کاری جنسییەوە هەیە، کاری جنسیش کارێکی بێزراوە!

هەربۆیە ئەو حۆرییانەی، کە بڕیارە بدرێنە بڕواداران پاک و خاوێن و بێ حەیزن!

هەرچی منداڵبوونەکەیە، بە کارێکی خراپ ناژمێردرێت، چونکە گوناهی ژنەکەی پێ ئەشۆردرێتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لایەنگرانی ئایینی فەلە، منداڵی تازەبوویان دەبەنە کەنیسە و لە ئاوی پیرۆزی هەڵئەکێشن (التعمید)، پێش ئەم کردارە، ئەو منداڵە بە پیس دائەنرێ(241)! بەڵام بەهۆی ئەو لەئاوهەڵکێشانەوە لەو گوناهەی، کە بووەتە هۆی دروستبوونی پاکدەبێتەوە، واتە، پەیوەندی جنسی نێوان دایک و باوک.

هەروەها بەپێی پەیڕەوی ئایینی ئیسلامیش هەر کەسێک، ئەگەر پەیوەندی جنسی لەگەڵ هەر کەسێکدا بە کردەوە یان لە خەودا بکات، پێویستە خۆی بشۆرێت (غوسڵ). ئەمەش نەک لەبەر هۆی پاک و خاوێنی و تەندروستی، بەڵکوو بە هۆی بیروباوەڕی خورافی ئایینییەوە. چونکە لە ڕوانگەی ئاییندا پێویستە ئەو مرۆڤەی کارێکی وەها ناشیرین و خراپ ئەکات، لە بەرامبەر خودای خۆیدا خێرا خۆی پاک بکاتەوە. ئەگەرنا، گوناهی ئەگات و لە لایەن خوداوە تووشی سزا دەبێت. هەروەها ئەو کەسە پێش خۆشۆرین، نابێت بچێتە مزگەوت و شوێنە پیرۆزەکان و دەست لە قورئان بدات ... پیسی و تاوانباری ئەو کەسەش بە جۆرێکە، ئەو زەوییەی ژێر پێی، کە بەسەریدا ئەڕوات، لە تاوا هاوار ئەکات و ئەزیرێنێ!... هتد.

ئەگەر ژن (حەوا) هەر لە سەرەتاوە، لە شەیتانەوە نزیک بووبێ، بەوپێیەی کە بیروباوەڕی ئایینی باسی دەکات، پەیوەندی جنسی لەگەڵدا کردبێت، ئەوا هەر لە هەمان دیتنەوە دەڵێن، ئەگەری ئەوە هەیە، کە ژن ئەو پەیوەندییە دووبارە بکاتەوە، چونکە ئەو، دایکە گەورەی وەها بووە و سروشت و پێکهاتەی بەو جۆرەیە. هەر لەم دیدەوە، لە سەدەی سیانزەهەمی زایینیدا، ملیۆنەها ژن بوونەتە قوربانی کۆنەپەرستی ئایین و کڵێسە و کەشیش و سووتێنراوون، گوایە ئەمانە پەیوەندی جنسییان لەگەڵ شەیتاندا



کردووە(242). هەروەها هێندێک لە ڕاڤەنووسانی ئیسلامیش ئایەتی "وشارکهم في الاموال والاولاد"(243) هەر بەو شێوەیە لێکئەدەنەوە.

هەر لەم ئەفسانەیە و گوناهی یەکەمەوە، ئەو ئەنجامە ئەدرێتە دەست، کە ژن کەسایەتییەکی لاوازی هەیە، ناکامڵ و کەم ئەقڵە، سۆزاوییە و زوو هەڵئەخەڵەتێ، زوو تووشی کاری خراپ و هەڵە ئەبێت، هەربۆیە ژن نیشانەی کاری خراپ و فەسادە، بۆیە پێویستە لە لایەن ڕەگەزی نێرەوە چاودێری و ئاگاداری بکرێت. غافڵ نەکرێت و جڵەو بکرێت، لە نێو ڕەشماڵ، یان چواردیواری ماڵدا نەچێتە دەرەوە، ئەگەر چووە دەرەوەش ئەبێت لەشی خۆی بشارێتەوە. بەم شێوەیە چاکە بەسەر خراپەدا زاڵ ئەبێت. بە پێچەوانەشەوە خراپە بەسەر چاکەدا زاڵ ئەبێت و خوداش لە تۆڵەی ئەمەدا فەلاکەت و هەژاری و قاتوقڕی و باوبۆران و ... هتد بەسەر خەڵکیدا دەبارێنێ.

ئەمانە و هەزارەها خورافە و ئەفسانە و لێکدانەوەی ئایینیی، پاش شکستی مافی دایکی و سەرکەوتنی نەزمی خێزانی پاتریارکی هاتۆتەکایەوە، تاوەکوو خزمەت بەو نەزمە و بە کۆمەڵی چینایەتی ئەو سەردەمە بکات، کە لە لایەکی ترەوە بە هۆی زەبروزەنگ و زیندان و سوپا و دەوڵەتەوە ڕاگیراوە.

کەواتە، هەرچی بیروباوەڕێک، کە نابەرابەری ژن و پیاو نیشان ئەدات و ڕەسمییەت بە ژێردەستەیی ژن ئەدات، لاوازی و بێتوانایی و خراپی و شتی لەم جۆرە ئەداتە پاڵ ژن، زادەی هەلومەرجێکە، کە تیایدا خێزانی پاتریارکی خۆی چەسپاندووە و چینە دژبەیەکەکان هاتونەتە کایەوە.

ئایینی ئیسلام و بزووتنەوەکەی لە هەلومەرجێکی ئاوەهادا هاتۆتەکایەوە، بۆیە ئەوانیش بەشبەحاڵی خۆیان خزمەتی ئەو هەلومەرجە ئابووری و ئەو نەزم و نیزامەیان کردووە. ڕوانگە و لێکدانەوەشیان بەو شێوەیە بوو، کە باسمان کرد. ئەو ڕوانگە و لێکدانەوانەش لە ئایینەکانی پێش خۆی، یان لە بیروباوەڕ و نەریتی خێڵەکی خێڵەکانی جەزیرە وەرگرتووە و هەمان ئەو

چشتانەی چەسپاندووە، مەگەر ئەوەندەی لە ژێر ئیعتیراز و نارەزایەتی بزووتنەوەکاندا، یان بۆ بێئیعتیبارکردنی ئایینەکانی تر، یان بە ئامانجی سیاسی ئاڵوگۆڕ پێ دابێت.
کەواتە، ئەوەی لەم ئایینە و لەم بزووتنەوەیەدا بە تەواوی و بێ دوودڵی بزرە، هەڵگرتنی دروشمی یەکسانیخوازی ژن و پیاوە، لابردنی ستەمە لەسەر ژنان، بە پێچەوانەی هەوڵی نەزۆکی هێندێک لە مەزهەبییەکانی کۆتایی ئەم سەدەیە.
یەکێکی تر لەو مەسەلانەی، کە جێگەی سەرنجە ئەوەیە، هەروەکوو چۆن لە کۆمەڵدا، پیاو خاوەن سەروەت و هۆیەکانی بەرهەمهێنان بووە و هەر لێرەشەوە جێگە و دەسەڵاتی پەیدا کردووە و لە کۆمەڵ و خێزانیشدا خاوەن بڕیار بووە، بە هەمان شێوە ئەم دەسەڵاتە لە ئایینیشدا ڕەنگی داوەتەوە.
بەڵێ! هەر لەو دەمەوە، کە پیاو بووە خاوەن دەسەڵات و شکستی گەورە بە بەر ژن بڕا، ئیدی وردە وردە خوداکان و پەیامبەرەکانیش لە ئاییندا ڕەگەزیان بۆ ڕەگەزی پیاو گۆڕان و پاش ئەوەش ئیدی کاری کاهین (خاخا، کەشیش، مەلا)یی هەر وەکوو کارێکی تایبەت بە ڕەگەزی نێر هێڵرایەوە. ئەگەر بڕوانینە هەر سێ ئایینە بەناو ئاسمانییەکە، بە ئایینی ئیسلامیشەوە، ئەم مەسەلەیەی بە ڕۆشنی تیادا دەرئەکەوێت، چونکە هەروەکوو باسمان کرد، لە ڕوانگەی ئایینی ئیسلامەوە پیاو و ژن وەک یەک نیین، پیاو باشتر و بەرز و باڵاتر و کامڵترە وەک لە ژن، ژن لە پیاو کەمترە، کەم ئەقڵ و نەفام و سۆزاوییە، ترسنۆک و بێهێزە، بێدەسەڵاتە، زەعیفەیە، سەرچاوەی شەڕ و ئاشوب و فەسادە، پیاو دروشمی خێر و ژن دروشمی شەڕ و شەیتانە، پیاو نوێنەری خودایە و ژن نوێنەری شەیتانە لەسەر زەوی...هتد.
کەواتە، لێرەوە و لە ڕوانگەی ئایینەوە، بە وەڵامی ئەو پرسیارە ئەگەینەوە، کە بۆچی خوداکان و پەیامبەرەکان و گشت کارێکی ئایینی، ئەبێ سەر بە ڕەگەزی نێر بن و ئەو حاکم و بەڕێوبەر بێت، ؟ ئەویش چونکە خودا،



خودای چاکەیە نەک خراپە، کاملە، بەهێزە، سەرچاوەی خۆشییە، هەربۆیە کەسێکی وەک محەمەد و کەسانێکی دی، کە لەو هەلومەرجەی پەرەسەندنی کۆمەڵدا ژیاوون، وێنایان بۆ ڕەگەزی خودای خۆیان نێر بووە نەک مێ. بە واتایەکی دی، هەروەکوو چۆن هەلومەرجی ماددی ژیانی کۆمەڵی ئەو سەردەمەی عەرەب، بۆتە هۆی دروستبوون و پەیدابوونی خوداکان و دابڕینی سیفات و ڕەووشتی خێڵەکی بۆ خوداکان، بە هەمان شێوەش ڕەگەزێکیان بۆ خوداکان هەڵبژاردووە، بەلای کۆمەڵێکی خێڵەکی چینایەتی بابمەزندا، ڕەگەزێکی موعتەبەر و بەڕێز و بەدەسەڵاتە واتە، ڕەگەزی نێر. بەو شێوەیە ئایینی ئیسلام لە ئایینیشدا هەر پیاو دەکاتە کاربەدەست و دەسەڵاتدار و فەرهەنگی پیاومەزنی برەو پێ ئەدات.
بێگومان پێچانەوەی ئەم فەرهەنگە بە ئایین و خوداکانەوە بە مانای ئەوەیە، کە ئەمانە کارگەلێکن لە دەستی مرۆڤدا نین و بە زەوییەوە پەیوەست نین، بەڵکوو لە دەستی خودایە و پەیوەستە بە ئاسمانەوە، خودا هەر لە مێژەوە ئەم کارەی بەو شێوەیە بڕیار داوە و بەو شێوەیە ئیرادەی کردووە "وإلى رجلك يكون إشتياقك وهو يسود عليك"(244)، کە دەبێت پیاو بەسەر ژندا زاڵ بێت. ئەمەش مانای ئەوەیە، ئەو بەشەی کۆمەڵ واتە، ژنان، یان هەر کەسێک، کە ئەو ستەمە قبووڵ ناکات و لە بەرامبەر ئەو کارەدا ئەوەستێتەوە یانی، وەستانەوە لە بەرامبەر کاری خودادا، کە ئەمەش کوفر و گوناهە و جێگەی دۆزەخ و ئەشکەنجەی سەختە. ئەگەرچی ناشتوانی هیچ لە بەرامبەر کاری خودادا بکەیت! چونکە خودا خاوەن هێزی ڕەهایە و مرۆڤی بێهێز ناتوانێت لە بەرامبەر ئیرادەی خودای بەهێز و بەدەسەڵاتدا بوەستێتەوە و هیچ لە هیچ بگۆڕێ. بەو شێوەیە ئایین، هەر لێرەوە ئەیەوێت بزووتنەوەی ئیعتیرازی و نارەزایەتی ژنان لە بەرامبەر نابەرابەری و ستەم پرزە لێ ببڕێ و کەرت و پەرتی کات، یان تووشی ڕاڕایی و دوودڵی بکات.
پاش ئەوەی هێندێک لایەنی بنچینەیی ڕوانگەی ئیسلاممان دەربارەی ژن باسکرد، پێویستە ئێستا درێژە بەو باسە بدەین و بزانین بە کوێ ئەگات.

چونکە هێنانەگۆڕ و سەرهەڵدانی ئاوەها ڕوانگە و لێکدانەوەیەک خۆی لە خۆیدا ئامانج نییە، بەڵکوو هۆیەکە بۆ گەییشتن بە مەبەست و ئامانجێک، بۆئەوەیە بە گوێرەی چەندایەتی ئەو نابەرابەری و بێنرخییەی، کە دایئەنێن (کە خۆی ڕەنگدانەوەی جێگەوڕێگەی ژنە لە سەردەمێکی دیاریکراو، لە بواری بەرهەم و هۆیەکانی بەرهەمهێناندا) ئەوەندەش لە باری ماف و حقوقەوە جیاوازییەکە بە قازانجی پیاو، ئاسایی نیشان بدەن، یان داکۆکی لێ بکەن.
لە قورئاندا هاتووە ئەڵێت: "الرجال قوامون على النساء بما فضل الله بعضهم على بعض وبما أنفقـوا من أموالهم"(245)، واتە: پیاوان سەرکار و سەرداری ژنانن، چونکە خودا هێندێکی لە هێندێکی تر گەورەتر کردووە و لەبەرئەوەی پیاوان مارەیی دەدەن(246). "ولهن مثل الذي عليهن بالمعروف وللرجال عليهن درجة والله عزيز حكيم"(247)، واتە: وە ژنان مافیان لە سەر پیاوان هەیە، هەروەها کە پیاوان لەسەر ژنانیان هەیە، بەڵام بۆ پیاوان پلەیەک مافی زیاتر هەیە، وە خودا بە وزە و حەکیمە.
لەم ئایەتانەدا هاتووەتە سەرئەوەی، کە پیاو سالار و خاوەن دەسەڵات و بڕیارە، چونکە جێگەوڕێگەی پیاو لە خاوەنداریدا وای کردووە، کە پیاو بتوانێت ژن بکڕێت و بیکاتە ملکی خۆی، هەربۆیە دەبێت خێزان لە سەر بنچینەی دەسەڵاتداریێتی پیاو دابمەزرێت، نەک بە پێچەوانەوە، یان یەکسان، ئەمەش بە کاری ئاسمان لێکئەدەنەوە نەک زەوی، تاوەکوو دەستت لە پشتەوە ببەستنەوە و پێت بڵێن: مادام ئەم کارە خودا کردوویەتی، دەبێت ورتەت لێوە نەیات! خودا بۆ خۆی هێندێکی بەسەر هێندێکی تر، گەورەتر کردووە، وەک پیاو بەسەر ژنەوە، خۆی ئەو نابەرابەری و نایەکسانییەی هێناوەتە گۆڕ، مەگەر هەر خۆی بزانێت حیکمەتی ئەمە چییە و مرۆڤ ناتوانێت لێی تێ بگات، کاری خوداش جوانە! هەروەها محەمەد لە جێگایەکی تردا دەڵێت: "نسائكم حرث لكم فأتوا حرثكم أنى شئتم"(248)، واتە:



ژنەکانتان کێڵگەی ئێوەن، بە هەر شێوەیەک ئێوە ئارەزووی ئەکەن، ئاوەها بچنە سەر کێڵگەکانتان و بەکاری بهێنن.
کەواتە، ئەگەر پیاو لە خێزاندا، بەهۆی ئەوەی، کە توانای دارایی هەیە و بەو هۆیەشەوە توانای کڕینی ژنی هەبێت، سالار و سەردار بێت، یان بە هۆی ئەوەی، کرێی پێکەوەبوونی داوە (ئەوەی شایانی باسە وشەی "مهر" یان مارەیی لە زمانی عەرەبیدا ڕێک بە مانای کرێ دێت، هەروەکوو لە چەندین شوێنی تری قورئانیشدا(249) بە ئاشکرا وشەی کرێ بە جۆرێک بەکارهاتووە، وەک ئەوەی مافی ژنە و دەبێت پیاو لە کاتی مارەبڕیندا بیدات)، ئیدی ئەو ژنە بۆ پیاو وەکوو کێڵگەیەکی لێ دێت و مافی هەڵسوکەوتکردن پێوەی لە دەستی پیاودا دەبێت، نەک بە پێچەوانەوە یانی، ژنەکە ئەو مافەی هەبێت، یان بە جۆرێک بێت، کە هیچ یەکێکیان نەتوانێت وەک کۆیلە لەگەڵ ئەوەی تریاندا ڕەفتار بکات.
محەمەد لە حەدیسدا ئەڵێت: "أيما إمرأة ماتت وزوجها عنها راض دخلت الجنة"(250)، واتە، هەر ژنێک بمرێت و پیاوەکەی لێی ڕازی بێت، دەچێتە بەهەشتەوە. بەڵام لەم بارەیەوە باسێک لە پیاو ناکرێت، کە ئەگەر ژنەکەی لێی ڕازی بێت یان نا، چ یاسا و چ بەند و بڕیارێک ئەیگرێتەوە؟!
کەواتە ئەرکی سەرشانی ژن ئەوەیە، کە مێردەکەی هەر چۆنێک ئارەزووی کرد! بەو جۆرە ئەو بجووڵێتەوە، نەک بە پێچەوانەوە. چونکە خودا ژنی کردووەتە کێڵگە و بووکەشووشە و کۆیلەی پیاو و نابێت بێفەرمانی خودا بکات. بۆئەوەی ژنەکە باشتر ببەستنەوە، گوتوویانە: ئەگەر هاتوو لە هەمبەر نایەکسانی و ستەم و بێمافی و زۆرداری و لاقەدا خۆت ڕاگرت، ئەوە لەو دنیا پاداشتت بەهەشتە! جا ئەگەر هاتوو، هەر ژنێک ئەو خۆڕاگرییەی لە خۆ نیشان دا، ئەوا دنیای هەتاهەتایی دەست ئەکەوێت، نەک ئەم دنیا هیچە، کە چەند ڕۆژێکە و ئەبڕێتەوە! بەڵام ئەگەر هاتوو ئەو ژنەی بەم بەڵێنانە هەڵنەخەڵەتا و نارەزایەتی خۆی لە بەرامبەر ستەمکێشیدا دەربڕی، ئەوا محەمەد چاری بۆ ئەم کێشەیەش دۆزیوەتەوە و ئەڵێت:

"والتي تخافون نشوزهن فعظوهن واهجروهن في المضاجع واضربوهن فان أطعنكم فلا تبغوا عليهن سبيلا ان الله كان عليا كبيرا"(251)، واتە: ئەو ژنانەی، کە لە قسە و فەرمانتان دەرئەچن، ئامۆژگارییان بکەن و لە گەڵیاندا مەخەون و لێیان بدەن. خۆ ئەگەر ملکەچیتانیان کرد، بەهانەیان پێ مەگرن و بەو شێوەیە ڕەفتاریان لەگەڵدا مەکەن!

کەواتە ئیسلام، ژن بە شێوەیەک ڕائەهێنێت، کە بە گوێرەی فەرمان و ئارەزووی پیاو بکات و نابێت بێگوێیی بکات. چونکە پیاو خاوەن ژنە و ژن موڵکی پیاوە، خاوەن موڵکیش مافی ئەوەی هەیە، چۆن موڵکی خۆی بەکار ئەبات. کەواتە ژن هەروەکوو لە سەرەتاوە باسمانکرد، بۆ هاودەمی و بێتاقەتی ئادەم دروست کراوە، دواتریش دەبێت هەمان کار درێژە پێ بدات و دەبێت بۆ تێرکردنی ئارەزووی پیاو هەوڵ بدات و خۆی وەک پەیکەرێکی بێ هەست و گیان و بێ ئارەزووی سێکسی و بێ ئەقڵ و هۆش و خاوەن ڕوانگە و بڕیار تەماشا بکات و لە ڕیزی باقی ئەو شتومەکانەدا بێت، کە پیاو خاوەندێتی.

ئەوەتا لە قورئاندا ڕوونتر ئەمە باس کراوە و دەڵێت: "زين للناس حب الشهوات من النساء والبنين والقناطير المقنطرة من الذهب والفضة والخيل المسومة والانعام والحرث ذلک متاع الحياة الدنيا.."(252)، واتە: ئارەزووی ژن و منداڵ و زێڕ و زیوی زۆر و ئەسپی ڕاهێنراو و مەڕ و ماڵات و کێڵگە، کە ئەمانە خۆشی ژیانن، لەبەر خاتری پیاو جوان و ڕازێنراونەتەوە.

هەروەکوو پێشتر ڕوانگەی ئیسلاممان لە بەرامبەر ژندا باسکرد و بینیمان چەندە بە سووکی و بە بێنرخی باسی ئەکات، دیارە سەرئەنجامی ئەمەش هەر ئەبێت، پیاو باڵادەست و ژنیش بۆ پڕکردنەوەی پێویستییەکانی ئەو بێت. هەر ئەم ڕوانگەیە وا دەکات، تەنانەت لەو بەهەشتەی، کە ئیسلام باسی ئەکات، ژن نەگاتە پلەی پیاو و بە کەمتر سەیر بکرێت، هەروەها مافیشی کەمتر بێت. لە کاتێکدا بیروباوەڕی خەیاڵی ئەو دنیایە و زیندووبوونەوە و بەهەشت، بۆئەوەیە مرۆڤی هەژار و مەحرومی ئەم دنیایە



وادار بە دنیایەکی تر بکات و بە بەهەشتی پاش مردن دڵخۆشی بکات و پێی بڵێت: دڵگیر مەبە ئەو دنیات باش ئەبێت! وەلێ لە دنیای ئیسلامدا بە ڕەوا نابینرێت، کە تەنانەت بۆ ساتێکیش بێت، دەروونی ژنان ئارام بکرێت و بە وادە و ئومێدی ئەو دنیا، وەک هەر وادەیەکی خەیاڵیی دیکە، خەیاڵیان خۆش بکەن! ئەوەتا محەمەد ڕوو لە پیاوان دەکات و دەڵێت: "وعندهم قاصرات الطرف أتراب"(253)، واتە: بۆ ئەو پیاوە بڕوادار و خواپەرست و بەهەشتییانە، ڕۆژی دوایی لەو بەهەشتەی کە گفتیان پێ دراوە، ژنی وەهایان ئەدرێتی، کە چاولەدەر نین و تایبەت بە خۆیانن. یان دەڵێت: "کذلک وزوجناهم بحور عين"(254)، واتە، ئەوانەی بەهەشتین ژنی جوانی سپی و چاوگەشیان ئەدرێتێ، بەڵێ! لەو دنیاش ژن لە ستەمگەری پیاو و نابەرابەری و چەند ژنە ڕزگاری نابێت!

بەو شێوەیە ئەبینین، کە چۆن ئەم ئایینە ڕوو لە پیاو دەکات و وادەی حۆری و ژنی جوانیان پێ ئەدات و هەوڵی ڕازیکردنی ئارەزوو و شەهوەتیان ئەدات، کە ئەزانێت وادەدان بە ژنی جوان، کاریگەری ئەبێ، بۆیە پێی وایە، پێویستە لەو چشتانەوە دەست پێ بکات، کە ئەتوانێت پیاو ڕابکێشێت و هەڵیبخەڵەتێنی، بە تایبەت بۆ خەڵکی نەدار و زەحمەتکێش، کە ئەبینن دارا و دەوڵەمەندان هەر لەم دنیایەدا و بە بەرچاوی خۆیانەوە ئارەزووی کام ژن بکەن و بە چ ژمارەیەک بیانەوێ، ئەتوانن دەسگیری بخەن. ئەوانیش بە وادەی ئەو حۆرییانە و بیرکردنەوە لە ژیانی دەوڵەمەندان دەکەونە ژێر کاریگەرییەوە. هەروەها پێشیان ئەڵێن: دڵنیا بن لەوەش، کە ئەو ژنانەی ئێمە دەتان دەینێ، بە تەواوی موڵکی خۆتانە و هیچ کەسێک دەست بۆ ئەو موڵکە نابات، چونکە ئێمە بە جۆرێک دروستمان کردوون، کە چاولەدەر نەبن!

ئەگەر لە قورئاندا هەروا بە کورتی ئەم شتانە باسکراوە، بەڵام لە حەدیس و حیکایەتی بەر دیوەخانی محەمەد و خورافاتی دیکەدا، کە هاوڕێ و لایەنگرانی گوێیان لێ بووە، زۆر دوور و درێژتر و بە ژمارە و تەواوی

مواسەفاتەوە، باسی پاداشت و حۆری و لیستی خواردنەکانی بەهەشت ئەکرێت، کە مرۆڤی ئەم سەردەمە سەری لێ سوورڕدەمێنێ! بەو شێوەیە ئەبینین ئەوەی قسەی لەسەر نییە، ژن و ئارەزووی سروشتییەتی وەک مرۆڤێکی ئاسایی.

کاتێک، باسی ژن لە ڕوانگەی ئیسلامەوە ئەکەین، کاتێک ئەڵێن: ژن موڵکی پیاوە، ئەوا مەبەست لەم خاوەندێتییە سەرتاپای ژیان و هەڵسوکەوت و جلوبەرگ و ڕا و ڕوانگە و مەسەلە دەروونی و سێکسییەکانیش ئەگرێتەوە. بەڵێ! ژن کۆیلە و موڵکی پیاوە لە ئیسلامدا، پێویستە بە تەواویی، خۆی لە نامەحرەم بشارێتەوە و خۆی بپۆشێ، ئازاد نییە چ جلوبەرگێک لەبەر ئەکات، ئەبێت بە ئارەزووی باوک و برا، یان مێردەکەی بێت، ژن سەرچاوەی فەساد و خراپەیە، هەروەکوو دایکە حەوای! بۆیە پێویستە پیاو نەهێڵێت ژن لە ماڵ بچێتە دەرەوە، ئەگەر زۆر پێوستیش بوو، ئەوا ئەبێ مۆڵەت لە پیاوەکەی وەربگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەبێت عەبا و لەچک و چارشێو بکات، چونکە ئەرکی سەرشانی پیاوە پارێزگاری لەماڵ و موڵکی خۆی بکات بە هەر ڕێگەیەک، کە پێی باشە. ئەمەش ئەکاتە پارێزگاری لە شەرەفی خۆی، چونکە ژن پێوانەی شەرەفمەندی پیاوە!

کاتێک ژن لە ئیسلامدا بە موڵکی پیاو دابنرێ، مانای ئەوەیە ئەو مافە بە پیاو ئەدات، کەی و بە چ شێوەک ڕێگە بدات ژنەکەی بچێتە دەرەوە، یان نەچێت، بۆئەوەی ژنەکە نەبێتە جێگەسەرنجی پیاوێکی دیکە و بەو هۆیەوە ڕێگەیەک نەدۆزرێتەوە بۆ پێشێلکردنی خاوەندێتی و شەرەفی!

کەواتە، ئەگەر جلوبەرگێک، کە ژن ئارەزووی بکات، یان چوونەدەرەوەیەک، کە ژن پێی خۆش بێت، یان پێویست بێت، ئەگەر پیاوەکە ڕازی نەبێت، نابێ بیکات. کردنەوەی دەرگای زیندان، یان نەکردنەوەی، دیاریکردنی ماوەی چاوپێکەوتن و لەگەڵ کێ، یان نا، بە بڕیاری پیاوە. پیاو پاسەوان و زیندانەوانی ژنە. خۆ ئەگەر پیاو (باوک، برا، مێرد) بەم ئەرکە هەڵنەستێ، ئەوا لە ڕوانگەی ئایینەوە تاوانبارە. بۆیە هەمیشە مەلا و گوتاربێژانی



ئیسلام ڕوو لە پیاوان دەکەن و بە لۆمە و بە ترساندن، بە نێوی ئایین و بە بزواندنی نەریت و دەماری پیاومەزنی خێڵەکی، بۆ تیژکردنەوەیان لە هەمبەر ژنان و ئازادییەکانیاندا، پرۆپاگەندەی پەرتوکاو و داڕزیوی خۆیان ئەکەن. بڕوانە ئەم ئایەتە: "وقل للمؤمنات يغضضن من أبصارهن ويحفظن فروجهن ولايبدين زينتهن إلا ما ظهر منها وليضربن بخمرهن على جيوبهن ولا يبدين زينتهن إلا لبعولتهن)(255) واتە: ئەی پەیامبەر! بە ژنانی بڕوادار بڵێ، با چاوی خۆیان لە تەماشاکردنی ئەو پیاوانەی، کە نامەحرەمن دانەوێنن، هەروەها با لەش و داوێنی خۆیان بپارێزن و جوانی خۆیان دەرنەخەن، مەگەر ئەو شوێنانەی، کە ناتوانرێت بشاردرێنەوە. هەروەها با مل و گەردنیان داپۆشن، مەگەر بۆ مێردیان نەبێت.

ئەگەر ژنێک بە گوێی مێردەکەی نەکرد و بەو جۆرە نەکات، کە خودا بە پەیامبەری گوتووە، کە ئەویش بە هەموو پیاوێک ئەڵێت، ئەوا پێویستە دارکاری بکرێت. بەڵام پیاو، وەک ئەوەی پیاوە، مرۆڤێکی ئازادە، خاوەن خۆیەتی، کاملە، ئاقڵە ... هتد، بۆیە لە هەڵسوکەوت و چوونەدەرەوە و هاتووچۆکردن و پەیوەندیگرتن و لەبەرکردنی جلوبەرگ و پەیوەندی سێکسی لەگەڵ ژمارەیەکی بێسنوور لە ژناندا ئازادە.

پیاو بە پێی دەستوری ئیسلام نەک هەر خاوەنی ژنە، بەڵکوو خاوەنی "بەرهەمی" ژنەکەشە، واتە منداڵەکان. هەربۆیە چۆنیەتی سەرپەرشتی و ڕەفتارکردن لە گەڵیاندا و دیاریکرنی چارەنووسیان ... هتد، بە مافی پیاو دەزانێت. ئەرکی سەرشانی ژنە، پیاوەکەی چۆنی دەوێت، بەو شێوەیە منداڵی بۆ پەروەردە بکات، چونکە پیاو لە کۆمەڵدا خاوەنی دارایی و هۆیەکانی بەرهەمهێنانە، لە خێزانیشدا خاوەن دەسەڵات و خاوەن ژن و بەرهەمەکەیەتی و پێویستە منداڵ بە ڕەچەڵەکی پیاو بناسرێتەوە.

ژن لە ئایینی ئیسلامدا هەر لە سەرەتاوە، بۆ خۆشی پیاو دروستکراوە، بۆی نییە بە هیچ جۆرێک خۆشی و ئارەزووی خۆی نیشان بدات، یان هەوڵی

دابینکردنی ئارەزووی سێکسی خۆی بدات. ئەمە کارێکە تایبەت بە پیاوە و پیاو بڕیاری لەسەر ئەدات، ئەویش بە گوێرەی هەوەس و ئارەزووی خۆی.

لە نەزمی بابمەزنیدا، پیاو بۆی هەیە ئارەزووی سێکسی خۆی بە ڕاشکاوی باس بکات و شانازی پێوە بکات، هەروەکوو محەمەد بە شانازی و زیادەڕەوییەوە باسی توانای سێکسی خۆی ئەکات و ئەڵێت، کە توانای سێکسی چل پیاوی پێ دراوە(256). هەروەکوو خێڵە عەرەبەکانی ئەو سەردەمە ڕوانگەیان لە سەر پیاوەتی و کەڵەمێردی پیاو ئەوە بووە: کەم خۆری زۆرپەڕ بێت. جا لەم نەزمەدا، پیاو نەک هەر بۆی هەیە ئارەزووی سێکسی خۆی دەربخات و شانازی پێوە بکات، بەڵکوو لە تێرکردنی ئەو ئارەزووەشدا ئازادە. بەڵام بۆ ژن بە پێچەوانەوە، نەک هەر بۆی نییە ئارەزووی سێکسی خۆی تێر بکات، بەڵکوو دەرخستنی ئارەزووی سێکسیشی، کارێکی ناشیرینە و شانازییە ئەگەر کەسێکی ساردوسڕ بێت و ئارەزووی سێکسی مردبێت. هەربۆیە هەتاوەکوو ئێستاش ژنان ئارەزووی سێکسی خۆیان ئەشارنەوە و ئارەزووشیان چەند زۆریش بێت، وەکوو کەسێکی سارد خۆیان نیشان ئەدەن!

ئێمە لە بەشی دووەمی ئەم باسەدا، باسی ئەوەمان کرد، کە چۆن لە نەزمی پیاومەزنیدا، پیاوان (بە تایبەتی سەرەکخێڵ و سەرکردە سەربازییەکان و دارا و دەوڵەمەندان) چۆن خێزانی چەندژنە پێکئەهێنن(257). ئەمە دیاردەیەکی گشتییە و کۆمەڵی عەرەب لە پێش پەیدابوونی ئیسلامیش لەو شێوە خێزانە بەدەر نەبووە. تەبەری لە زوحاکەوە دەگێڕێتەوە: پیاو هەبووە خاوەنی دە ژن بووە(258).

کاتێک بزووتنەوەی ئیسلام لەو زەمان و زەمینەدا سەری هەڵدا، ئەو شێوە خێزانە (چەند ژنە)ی بەلاوە سەیر و نامۆ نەبوو. نەک هەر ئەوەندە، بەڵکە ئەویش وەک ڕوانگە و نەریتی باوی ئەو سەردەمە خێڵەکی_ بابمەزنییە، بە کارێکی ئاسایی و سروشتی ئەزانی، سەرباری هەر ناڕەزایەتی و ئیعتیرازێکی ژنان لە بەرامبەریدا. بۆیە هەر لە سەرەتاوە هیچ ڕەخنەیەکی



لەم بارەیەوە نەبووە، بە پێچەوانەوە، دواتر بە یاسای ئیسلام و حوکمی ئیلاهی، ئەمانەی بە فەرمی ناساند. ئەوەتا لە قورئاندا هاتووە ئەڵێت: "فانکحوا ماطاب لکم من النساء مثنی وثلث ورباع"(259). واتە: ئەو ژنانەی کە دڵخوازی خۆتانن دوو دوو، سێ سێ و چوار چوار بیهێنن. دواتر ئەڵێت: "فإن خفتم ألا تعدلوا فواحدة". واتە: ئەگەر ترسان لەوەی، کە لە نێوانیاندا دادوەر نەبن، ئەوا تەنها ژنێک بهێنن! هەروەها دەڵێت: "ولن تستطیعوا أن تعدلوا بین النساء ولو حرصتم فلا تمیلوا کل المیل فتذورها کالمعلقة"(260)، واتە: ناشتوانن ئەو دادوەرییە لە نێوان ژناندا بپارێزن، بەڵام کارێکی وەها مەکەن، کە وازی لێ بهێنن و ئەو ژنە بە هەڵپەسێراوی بمێنێتەوە. واتە: نەئەوەتا هیچ پەیوەندییەکی سێکسی لە گەڵدا بکرێت و نە ئەوەتا بە یەکجاری وازی لێ بهێنرێت، تاوەکوو ئەویش بۆخۆی شوویەکی تر بکات. بەو شێوەیە محەمەد قسەی پێشای خۆی پووچ ئەکاتەوە و دڵنیات ئەکات، کە ناتوانیت لە نێوانیاندا دادوەر بیت. سەرباری ئەوەش لە چەندژنە وازناهێنێ و لەسەر بڕیاری چەندژنە هەر سوورە (هەروەکوو بۆخۆی چەندین ژنی هێناوە)، بەڵام ئەڵێت: جارجارە لایەک لە ژنە گەورەکەش بکەرەوە! یان چارەیەکی تری داناوە، کە ئەڵێت: "فإن خفتم ألا تعدلوا فواحدة أو ما ملکت أیمانکم"(261)، واتە: ئەگەر ترسان لەوەی، لە نێوانیاندا دادوەر نەبن، کەنیزەک پەیدا بکەن! ئالێرەدا ئیدی محەمەد ئەو تۆزە ترسەشی نامێنێ لە (دادوەری) نێوان ژنەکاندا و ئەڵێت، کەنیزەک پەیدا بکەن! چونکە لە ڕوانگەی محەمەد و ئایینی ئیسلامدا، کەنیزەک بە مرۆڤ ناژمێردرێت، بەڵکوو کۆیلەیە، ئازاد نییە، وەکوو مەڕ و بزن کڕین و فرۆشتنی پێوە ئەکرێت. هەربۆیە محەمەد بێدەربەستانە خەڵکی ڕێنوێنی ئەکات و ئەڵێت: کەنیزەک پەیدا بکەن، بەپێی توانای دارایی خۆتان چەنێک دەتوانن، دە، سەد، هەزار ... لەو کەنیزانە بکڕن و هیچ ترسێکیشتان لە دادوەری لە نێوانیاندا نەبێت! بەڵێ ئیسلام، ئەم مرۆڤانە بە مرۆڤ ناژمێرێت، تەنها لەبەرئەوەی لە شەڕی ئیسلام و ئیمپراتۆرەکاندا، بە زۆری سەرەنێزە و

شمشێر دەستگیر کراوون. دوای ئەوەی باوک و برا و مێردیان کۆمەڵکوژ کراوون، یان هەر بە بەرچاوی ئەوانەوە، بە زۆری زۆردارەکی ئەدرێنە موسڵمانانێک، کە ئەو غەزایەیان لە ڕێگەی (خودا)دا کردووە!

ئەو دادوەرییەی محەمەد باسی ئەکات، لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆ کراوە. چونکە محەمەد بۆخۆی بە ڕۆشنی و بە دیاریکراوی ئەو دادوەرییەی ڕوون نەکردووەتەوە، هەربۆیە لێکدانەوە و بۆچوونی جیاواز لەو بارەیەوە پەیدا بووە. بە پێی ئایەتی "3"ی سورەتی "النساء" بێت، مەبەست لەوە، پەیوەندی جنسیشە، چونکە هەروەکوو باسمانکرد، ئەو ئەڵێت: ئەگەر جارجارەش ئاوڕ لە ژنە گەورەکەت بدەیتەوە ... هەروەکوو محەمەدیش باسی کردووە، کە ناتوانرێت ئەم (دادوەری)یە بپارێزرێت. بەڵام هێندێک لە ڕاڤەکاران، ئەم دادوەرییە تەنها بە دادوەری لە پۆشاک و خۆراک و مەسرەف لێکئەدەنەوە، نەک بە دادوەری لە خۆشەویستی و مەسەلە دەرونییەکان(262).

بەڵێ! ئیسلام دوای ئەوەی هەمان پەیوەندی هاوسەری خێڵەکی چینایەتی_ بابمەزنی دەچەسپێنێ، کە بۆ خۆی هەر لە سەرەتا و ئەوەڵی کارەوە، دوورە لە هەر پەیوەندییەکی سروشتی نێوان ژن و پیاو، کە لەسەر بنەمای ئەشق و خۆشەویستی ئەو دوو مرۆڤە و بە ڕەزامەندی هەردوو لا بێت، (بەڵکوو بە پێچەوانەوە، کۆکردنەوەی چوار ژنی ئازاد و سەدان کەنیزەک، لەژێر فەرمانی زۆردارانەی تەنها پیاوێک، یاسا و نەریتێکی پەرتوکاو و دژی ژن و دژی مرۆڤایەتییە)، کە بۆخۆی هەر لە سەرەتا و ئەوەڵی کارەوە لە هەر دادوەرییەک بەدوورە، ئەوجا دێت و دەیەوێت باسی دادوەری بکات! دادوەرییەک لە ڕوانگەی کۆنەپەرستی ئیسلامەوە، دادوەری ئەوەی، جارجارە لایەک لە ژنە گەورەکە بکەیتەوە، یان جلوبەرگیان وەک یەک بۆ بکەیت! بەڵێ! لە ڕوانگەی ئیسلامەوە ئەوە بە نارەوا ناژمێردرێ، کە بە زۆری زۆردارەکی، چەندین ژن بخرێنە ژێر حوکمی ئارەزووی تەنها پیاوێکەوە، کە بۆخۆی کۆیلایەتییەکی بێئەملاوئەولایە، دادوەرییەکەیشی، یەکسانبوونی ئەو کۆیلانە (ژنان)یە لە ڕادەی چەوسانەوەیان. بە واتایەکی



تر، ئەو یەکسانی و دادوەرییەی، کە ئیسلام باسی دەکات، واتە: کاکی موسڵمان! بۆت هەیە چەندین ژن بکەیتە کۆیلەی خۆت، بەڵام لە نێوان ئەو کۆیلانەدا فەرق و جیاوازی مەکە، ئەگەر چی ناشتوانی فەرق و جیاوازی نەکەیت!

دیاریکردنی ژمارەی ڕکابەرەکان بە چوار (کە لە ڕاستیدا بە چوار ڕکابەر قەتیس نەکراوە)یش یان کەمتر، یان زیاتر، هیچ لە واقیعی ئەو تاوان و ئازار و نارەحەتی و دڵەڕاوکێیەی ژنی یەکەم ناگۆڕێ، کە هەستی پێ ئەکات. چونکە هێنانی ژنێک بەسەر ژنی یەکەمدا، بە مانای ناکافیبوونی ئەو ژنە بۆ بەشداریکردن لە ژیانی ژنومێردایەتییە، لەولاشەوە ئازادنەکردنێتی، تاوەکوو ڕکابەری ژنە تازەکەی پێ بکات.

هەروەکوو ئاشکرایە، محەمەد کۆمەڵێ ژنی هێناوە، کە بریتین لە: "خەدیجە، ئایشە، حەفسە، ئومحەبیبە، ئومسەلمە، سۆدە، زەینەبی کچی جەحش، مەیمونە، جوەیرییە، سەفییە، زەینەبی کچی خەزیمە"، هەروەها دووانی تریش، کە وازی لێ هێناون(263). جگە لە چەندین ژن و کەنیزەک، کە خۆیان پێشکەشی محەمەد کردووە، یان لە ئەنجامی غەزاکاندا بۆ خۆی زەوتی کردوون. کە ئەوەش یەکێکە لەو مەسەلانەی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، لە نێوان ڕەخنەگران و لایەنگرانی ئیسلامدا، چەندوچوونی زۆری لەسەر هەیە.

پیاوانی ئایینی ئیسلام، بە شێوەی جۆراوجۆر و بە بڕوبیانووی جۆراوجۆر، بەرگری لە محەمەد ئەکەن و دەیانەوێت ئەو ڕەفتارانە ئاسایی بخەنە بەر چاو. ئێمە نامانەوێت لێرەدا ئەم باسانە بکەینەوە، کە قسە و ڕەخنەی زۆری لەسەر هەیە، مەگەر ئاماژە بۆ هەندێک لایەنی بکەین.

هەروەکوو باسی هەلومەرجی ماددی و شێوەی بیرکردنەوە و ئەقڵییەتی کۆمەڵی کۆنمان بە کۆمەڵی عەرەبیشەوە کرد، کە چۆن لە سایەی نەزمی خێڵەکی چینایەتی_ بابمەزنیدا، پیاو دەسەڵاتدار بووە و بۆی هەبووە کۆمەڵێک ژن لە ژێر حوکمی ئارەزووی خۆیدا ڕاگرێ و ئەوەی بۆی گرنگ

نەبووبێت، ڕا و ڕوانگە و ئارەزووی ژن بووە، دیارە ئەم مافەش لە باری واقیعییەوە، بۆ دارا و دەوڵەمەندان بووە، چونکە بۆ پیاوی نەدار ئەم کارە (فرەژنی) زەحمەتە.

کاتێک، کە محەمەد لە کۆمەڵی ئەو سەردەمەی مەککەدا هاتەکایەوە، بەو ئەقڵیەت و ڕەووشتەوە گەورە بوو، دواتریش جەختی لەسەر هەمان نەریتی باوی ئەو دەمە، وەک هەر سەرەکهۆز و سوپاسالار و دارا و خانەدانێک کردەوە و هەمان کردەوەی چەسپاند. ئەوەی شایانی باسە، بۆ ئەو کاتە و بۆ ئەو سەردەمە، محەمەد لە لایەن کۆمەڵەوە بە شێوەیەکی گشتی، تووشی ڕەخنە و نارەحەتییەک نەبوو، هەروەکوو ئێستا لایەنگرانی محەمەد کەوتوونەتە ژێر ڕەخنە و فشارەوە (دیارە مەبەستمان ئەوە نییە کە ئەویش ڕووبەڕووی نارەزایەتی بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان بە گشتی و ژنەکانی خۆی نەبۆتەوە. ئەگەر بڕوانینە ئەو سەرچاوانەی، کە باسی پەیوەندی نێوخۆی خانەوادەگی محەمەد ئەکات، ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێت، کە چۆن ناخۆشی لەنێوان محەمەد و ژنەکانی و ژنەکان لەنێو خۆیاندا هەبووە و چۆن نارەزایەتی خۆیانیان لە بەرامبەر چەندژنە و ستەمێک، کە بەسەریانەوە بووە دەربڕیوە و هەستیان پێ کردووە). بە پێچەوانەوە، بە هۆی ڕەووشت و نەریتی باوی ئەو کاتەوە، چەندژنە وەک کارێکی ناشیرین و تاوان بەحیساب نەهاتووە، بەڵکوو نیشانەی پیاوەتی و شانازی بووە. بۆیە بۆ ئەو کاتە ئەم کارەی محەمەد لە چاوی باوی کۆمەڵەوە، بە پۆزەتیف ژمێردراوە.

وەلی دیارە کۆمەڵ بەو شێوەیە نامێنێتەوە وەک محەمەد دەیبینی، نەیدەزانی سەردەمێک دێت ئەو پۆزەتیفیە بە نێگەتیف و ئەو شانازییە بە تاوان بۆی دەگەڕێتەوە. نەیدەزانی سەردەمێک دێت، جێنشینانی بۆ دیفاع لەو کردەوانە، لە بەرامبەر بزووتنەوەی یەکسانیخوازیی ژنان و ئازادیخوازیی دنیادا تووشی شەرمەزاری ئەبن. بێگومان لایەنگرانی ئیسلام بۆ پاکانەکردن لەم کارە و هێنانەوەی هەر مەسەلەیەک بە شێواوی، ناتوانن ئەو ڕاستییە



بشارنەوە، کە ئەوەی محەمەد کردوویەتی هەر هەمان ئەو کارەیە، کە مرۆڤێکی خێڵەکی دارا و دەوڵەمەند لە سەردەمی کۆمەڵی ئەو کاتەی جەزیرەدا کردوویەتی. هێندێک جار دڵیان بەوە خۆش ئەکەن، کە محەمەد تا ئەو دەمەی، کە خەدیجە لە ژیاندا ماوە، ژنی دیکەی نەهێناوە، دەیانەوێت بەو شێوەیە پاساوێک، ئەگەر بۆ دەورەیەکیش لە ژیانی ژنومێردایەتی محەمەد بێت بهێننەوە!

بەڵێ! بەپێی ئەو سەرچاوە مێژووییانە بێت، ئەمە ڕاستە. وەلی ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە، بۆچی هەتا خەدیجە لە ژیاندا مابوو، ژنی دیکەی نەهێنا؟ واتە، بۆچی ژنی بەسەر خەدیجەدا نەهینا؟ بەڵام بۆچی لە پاش مردنی ئەو، ڕیزی لێ بەست و لەسەر هەمان شێوە بەردەوام نەبوو؟ لایەنگرانی ئیسلام ئەڵێن، لەبەرئەوەی محەمەد خەدیجەی خۆش ویستووە! ئێمەش لە وەڵامدا ئەڵێین، هەمان ئەو سەرچاوانە، کە باسی ئەم خۆشەویستییەی محەمەد بۆ خەدیجە ئەکەن، باسی خۆشەویستی ئەو بۆ ئایشەش ئەکەن! ئەی بۆچی لەگەڵ ئەوەشدا، چەندین ژنی تری بەسەردا هێنا؟ تۆ بڵێی محەمەد خۆشەویستی بۆ ئایشە نەبووبێت؟ ئەی ئەگەر وایە بۆچی ژیانی خێزانی لە گەڵدا هەر درێژە پێ داوە؟ تۆ بڵێی لەنێو کۆمەڵێک ژندا، یەکێکیانی خۆش نەویستبێ، بۆیە ئەو هەموو ژنەی بەسەر یەکدا هێناوە؟! ئەی ئەگەر وایە، بۆچی ئەو هەموو ژنەی پێکەوە ڕاگرتووە؟! ئەی چۆنە وا ژیانی هاوسەرێتی لەگەڵ کەسێکدا پێکنەئەهێنا، کە خۆشی بوێت...؟! دیارە ئەم وەڵامە بە هیچ جۆرێک خۆی ڕاناگرێت و لە هەموو لایەکەوە تێک ئەشکێ، بەڵام وەڵامی ڕاست و درووست هەر ئەوەیە، هەرچۆن باسمان کرد، خەدیجە ژنێکی دارا و ئەریستۆکراتی قورەیش بووە، ئەم جۆرە ژنانەش بە حوکمی دەسەڵاتی ئابوورییان لە هەندێک کاتدا، مافی هەڵبژاردنی هاوسەر و تەڵاقیان هەبووە. یان لە شووکردنیاندا هێندێک مەرجیان هەبووە، تاوەکوو پیاوان نەتوانن، هەموو چشتێکیان بەسەردا بسەپێنن. هەربۆیە محەمەد نەیئەتوانی ژنێکی تر بەسەر خەدیجەدا بهێنێ، هەروەکوو باسمانکرد، محەمەد تەنانەت بۆ

بەسەربردنی ژیانی هاوسەرییان، چووەتە ئەو خانووەی، کە هی خەدیجە بووە(264)، بەڵام کاتێک، کە خەدیجە مرد، ئیدی محەمەد لەژێر ئەو مەرجانە هاتە دەرەوە و ڕیزی لێ بەست. ئەمەش بە تایبەت لە کاتێکدا بوو، کە لەنێو لایەنگرانیدا وەک سوپاسالار و وەک میرێک دەرکەوت و بە هۆی تالانی و پێنجیەکەوە، دارایی سەربەخۆی خۆی زیادی کرد و پێویست بوو وەک هەر سەرەکخێڵ و میر و شایەک ڕەفتار بکات.

خۆ ئەگەر محەمەد پێویستی بەوە هەبوو (هەروەکوو پێویستیشی پێ بوو)، کە خزمایەتی زۆری هەبێت (وەکوو پیاوانی ئایینی باسی دەکەن)، یان خودان منداڵ و کوڕی زۆر بێت، یان ئارەزووی جنسی خۆی بخاتە کار و هەموو ئەمانە لەسەر حیسابی تاوان و چەوسانەوە لە بەرامبەر ژناندا بێت، ئەوا ئەبوو هەر لە سەرەتای لاوێتییەوە واتە، هەر لەو کاتەوەی، کە خەدیجە لە ژیاندا مابوو، ئەوانەی بکردایە، کە بۆ محەمەد ئەو مەسەلانە لەو سەرەتای کارەیدا بایەخی زیاتری هەبوو، بەڵام هەر لەبەر ئەو هۆیەی، کە باسمانکرد، نەیدەتوانی ئەوانە بکات، ئەمەش دیسانەوە دروستی وەڵامەکەی ئێمە نیشان ئەدات.

کەواتە، محەمەدیش نەک هەر ڕەخنەی لە تاوانی چەندژنە نەگرتووە، بەڵکە بە گوتار و بە کردار، هەمان نەریتی چەسپاندووە، لە کاتێکدا ئەگەر ئەوەی بە کارێکی نادروست بزانیبا، یان بە باشی نەزانیبا، ئەوا بەلایکەمەوە خودی خۆی ئەو کارەی نەدەکرد. جا ئەگەر هاوڕێیان و جێنشینانی دوای محەمەد و دارا و دەوڵەمەندانی ئیسلام ئەم کارەیان کردبێت، ئەوا هەمان نەریتی خێڵەکی و هەمان ڕەوشت و یاسای ئیسلامییان بردووەتە پێشەوە.

بەڵێ! موتەوەکیل 4000 کەنیزەک و ڕەشید 2000 کەنیزەک و موعتەسەم 8000 کەنیزەکیان هەبووە(265)، کە بەپێی قورئان و سوننەتی محەمەد، تاوان، یان کارێکی ناڕاستیان نەکردووە. ئەم دارا و دەوڵەمەند و خەلیفە و پاشایانە، بەپێی حوکمی قورئان و دەستووری ئیسلام، بۆ دامرکاندنەوەی شەهوەتی جنسییان، ئەوەندەهەزار ژنی تایبەت بە خۆیان هەبووە، کە لە



هیچ لەشفرۆشخانەیەکدا ئەو ژمارەیە بەرچاو ناکەوێت، بەڵێ! ئەمە ئاکاری بەرزی ئیسلامە!

بەپێی ئەو ڕوانگە بنەڕەتییەی، کە ئیسلام و گشت ئایینە بەناو ئاسمانییەکان هەیانە، هێندێک لایەنی حقوقی و جێگاوڕێگای ژنمان لە خێزاندا باسکرد. هەر لەسەر هەمان بنەماوە، پێویستە هێندێک لایەنی دیکەی ئەم باسە لێکبدەینەوە.

ئێمە باسی ئەوەمان کرد، کە پیاو لە کۆمەڵی ئەو سەردەمەی ئیسلامدا، خاوەندی ژن بووە، جا ئەگەر ئەو ژنە هێشتا شووی نەکردبێ، ئەوا کۆیلەی باوک و برا بووە. هەر کاتێکیش بە مێرد درا، خاوەندێتی بۆ مێردەکەی ئەگۆڕێت. کەواتە، خاوەن ئەو ژنەی، کە هێشتا شووی نەکردووە، یانی باوک و برا، بۆی هەیە چارەنووسی ژنەکە بە پێی ئارەزوو و ویست و بەرژەوەندی خۆی دیاری بکات، ئەمە یاسای خێڵەکی_ چینایەتی_ کۆیلایەتی و دەرەبەگایەتی بووە. بۆیە کاتێک، کە ئایینی ئیسلامیش لەو هەلومەرجەدا سەری هەڵدا، نەک هەر لە بەرامبەر ئەمەدا نەوەستایەوە، بەڵکوو هەمان نەزمی بە فەرمی ناسی و باشتر چەسپاندی، ئەویش کە دەڵێت: "فانكحوهن بإذن أهلهن"(266)، واتە: جا بە ئیجازەی کەسەکانیان مارەیان بکەن، هەروەکوو باشترین نموونەیەکیش لەم بارەیەوە مارەبڕینی ئایشەی حەوت (یان شەش) ساڵ، بۆ محەمەدی پەنجاودوو ساڵەیە. بێگومان ئەبوبەکری باوکی ئایشە، کە یەکەم جێگری محەمەد و هاوڕێی نزیکی بوو، هەر ئەو بە شووی داوە، ئایشە لەو تەمەنەدا نەک هەر خەبەرێکی لەو کارە نەبووە، بەڵکە مانای شووکردنیشی هەر نەزانیوە، نەک هەر ئەو کاتەی، کە مارەیان بڕیوە، بەڵکوو لەو کاتەشدا، کە محەمەد گواستوویەتییەوە، کە تەمەنی نۆساڵ و محەمەدیش پەنجاوچوار ساڵ بووە! هەروەکوو ئایشە خۆی دەیگێڕێتەوە، نەیزانیوە بۆچی داویانەتە دەستی محەمەد، تەنانەت بووکۆکە و یارییەکانیشی لەگەڵ خۆیدا بردووە(267). سەبارەت لە بەشوودانی ئایشە و چەندینی دیکەش لەو تەمەنە کەمەدا، کە

مێژوو باسی ئەکات، گەلێک ڕەخنە ئاراستەی محەمەد و ئیسلام کراوە، داکۆکیکارانی ئیسلامیش بۆ بەرگری لەو تاوانە، وەڵامی نازانستی و دوور لە واقیع ئەدەنەوە، گوایە بە هۆی گەرمی ناوچەی جەزیرەوە کچ زووتر گەورە ئەبێ و پێ ئەگات! بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە میللەتی عەرەبیش وەک میللەتانی دواکەوتووی ئەو سەردەمە هیچ حیسابێکیان بۆ ژن نەکردووە و ژنان لەوپەڕی چەوسانەوەدا ژیانیان بەسەر بردووە. ئەوەتا بەپێی یاسای ڕۆمانەکان، دوازدە ساڵی تەمەنی شووکردن بووە، لە هیندستان لە هەشت ساڵان کچیان بەشوو داوە(268)، محەمەدیش لەو کۆمەڵگایە و لەو دەمەدا ژیاوە، بۆیە هەمان ئەقڵییەتی هەبووە و هەمان نەریت و ڕەووشتی چەسپاندووە و پەرەپێداوە.

کەواتە، لە دەستووری ئیسلامدا، ژن وەکوو هەر کۆیلەیەکی تر، لە فرۆشتن (شوکردن)یدا، ئەگەر هیچ پرس و ڕایەکیشی پێ نەکرێت، ئەوا نادروست نییە، چونکە ژن مافی دەخاڵەتی لە چارەنووسی خۆیدا نییە، بە پێچەوانەوە، ئەو ژنەی، کە چارەنووسی خۆی بە بێ چەندوچوون ئەخاتە دەستی باوکی، ئەوەی باوکی بڕیاری لەسەر ئەدا، ئەو قسەیەکی تێدا ناکات و ملکەچی فەرمانی باوکی ئەبێ، ئەوا بۆ ئەو ژنە مایەی شانازییە و لە ڕوانگەی ئەو کۆمەڵەدا بە ژنێکی ڕێکوپێک و بە ئوسوڵ دێتە ژماردن، لەبەرئەوەی لە قسەی باوکی دەرنەچووە، چونکە لە سەردەمی پەیدابوونی ئیسلامدا، منداڵ (بە تایبەتی مێیینە) پێویست بووە، کە بە تەواوی ملکەچی فەرمانی باوکی بێت، باوک چی گووت، دەبێ هەر ئەوەبێت (دروست یان نادروست)، کە دیارە ئیسلامیش هەر ئەمەی پەرەپێداوە. بە پێچەوانەشەوە، یانی، بێفەرمانیکردنی باوک و گەورەی خۆت، ئەوا بە بێشەرمی و بە دەمەوەری دەژمێردرێ.

بەڵێ! بەم جۆرە چارەنووسی ژن لە لایەن پیاوەوە دیاری ئەکرێت، خۆشی جگە لە ملکەچبوون، نابێ هیچی تر بکات! وەک ئەوەی ئەم مەسەلەیە هیچ پەیوەندییەکی بە ژیان و چارەنووسی ئەوەوە نەبێت! کاتێکیش، کە ژن



چووە لای مێرد، مافی بەو شێوەیە دەبێت، کە باسمانکرد، هەر ناڕەزایەتییەکیش لە بەرامبەر ئەو شێوە ڕەفتارەدا، بە ئەشکەنجە و کوتەککاری وەڵام ئەدرێتەوە، ئەمە سەرباری ئەوەی لە ڕوانگەی باوی کۆمەڵدا، بێفەرمانیکردنی مێرد، بە بێشەرمی و بێحەیایی ئەژمێردرێت! خۆ ئەگەر مێرد، ژنەکەی ئەشکەنجە کرد و چەند ژنیشی بەسەردا هێنا و هیچ مافێکی بۆ نەهێشتەوە، یان بە کورتییەکەی، بەپێی نەزمی کۆیلایەتی و خێڵەکی و بە پێی یاسا و بڕیاری ئیسلامی دۆزەخی بۆ پێکهێنا، ژن ئەتوانێ واز لە مێردەکەی بهێنێ؟ ئەتوانێ بڕیار لەسەر کۆتاییهێنان بەو ژیانە پڕ لە ئەشکەنجەیە بدات؟ بە واتایەکی تر مافی جیابوونەوە و بەردانی هەیە؟

بێگومان کۆمەڵگای کۆن بە ئایینی ئیسلامیشەوە، ئەگەر بە شێوەیەکی نابەرابەر لە ژن و پیاو بڕوانێت، هەر لە سەرەتای پەیدابوونییەوە ڕاڤەیەکی خورافی و نزم بۆ ژن بکات، بە گەورەترین تاوانبار و سەرچاوەی فەسادی بزانێت و پێی وابێت، کەمئەقڵە و دەبێ لە زینداندا بێت (بۆئەوەی شەڕ بەسەر خێردا زاڵ نەبێت)، هەروەها پیاو وەک مڵکی خۆی ڕەفتاری لە تەکدا بکات و چارەنووسی دیاری بکات، لە هاوسەرگیریدا چۆن ئەیفرۆشێ و کام کڕیار بە باش ئەزانێت بەو کەسەی بدات ... دەبێ چاوەڕوانیی ئەوەی لێ بکرێت، کە مافی جیابوونەوە و تەڵاق بە ژن بدات؟! بێگومان نەخێر!

کاتێک باوک بڕیاری بەشوودانی کچەکەی ئەدات، بە بێ دانانی نرخێک لەسەری وەک هەر کاڵا و هەر ئاژەڵێک، بەیعی نەهاتووە. بۆیە بە پێویستی ئەزانێت نرخێک، یان کرێیەکی لەسەر دابنێت، ئەگەرچی کەمیش بێت.

یەکێک لەو مەسەلانەی، کە بڕواداران شانازی پێوە ئەکەن ئەوەیە، ئەڵێن: ئایینی ئیسلام لانی زۆری کرێی ژنی دیاری کردووە و نابێت لەوە زیاتر وەربگیرێت! ئەوەی پێویستە لێرەدا بیڵێین ئەوەیە، کە ئایینی ئیسلام بڕیاری لەسەر کرێی ژن داوە و بە بێ دیاریکردنی ئەو کرێیە (هەرچەندە کەمیش بێت)، ئەو هاوسەرداریی بەتاڵە. کەواتە مەسەلەی بنچینەیی لێرەدا چۆنیەتی ڕوانینە بۆ ژن، وەک ئەوەی ژن کاڵایەکە کڕین و فرۆتنی لەسەرە؟! یان

نەخێر ...! مرۆڤێکە و هەر چتێک، کە بە شوکردنییەوە پەیوەستە، کاری شەخسی خۆیەتی و تیایدا ئازادە؟ وەڵامی ئەمەش دیارە، کە ئیسلام وەک کاڵایەک دەڕوانێتە ژن.
کەواتە، دانانی هەر نرخێک لە ناوەڕۆکدا، هەر یەک مانا و مەبەستی هەیە، ئەویش بەکاڵادانانی ژن و کڕین و فرۆشتنیەتی. جا ئەگەر کەسانێک لەو چوارچێوەیەدا بێنەوبەردە بکەن، مانای ئەوەیە، چەندوچوون لەسەر چۆنیەتی دانانی نرخی کاڵاکە، بە نرخێکی بەرز یان نزم ئەکەن، نەک لەسەر کاڵابوون، یان نەبوونی. کەواتە، دانانی هەر نرخێک لەسەر ژن، نیشانەی فرۆشتن و تەسلیمکردنێتی بە پیاوێکی تر واتە مێرد، هەربۆیە مێرد مافی گشت چتێکی بەسەر ئەو ژنەوە هەیە، بە مافی جیابوونەوە و تەڵاقیشەوە. وەلێ ژن وەک کۆیلە و کاڵا، کە خودان خۆی نییە و موڵکی پیاوە، بۆی نییە ئەو گرێبەستە هەڵوەشێنێتەوە، کە بە هۆیەوە بووەتە کۆیلەی پیاوەکەی، ئەگەرچی پڕ لە ئەشکەنجە و ناڕەحەتییش بێت!
ئەگەر ئەمە یاسا و ڕەووشتی کۆمەڵی کۆن بوو‌بێت، کە هەتا هەنوکەش لە زۆر جێگای دنیادا هەر درێژەی هەیە، ئەوا ئیسلامیش جەختی لەسەر هەمان یاسا و ڕەووشت کردۆتەوە، نەک هەر ئەوەندە، بەڵکوو ئەرزوحاڵی چینە دارا و دەسەڵاتدارەکانیشی بردۆتە ئاسمان و مۆر و ئیمزای ئیلاهیشی بۆ لێداوون! بڕوانە ئەم سوورەتانە، "البقرة: 226-232، 236-237، 241، الأحزاب: 49، المجادلة: 1-2، الطلاق: 1-2، النساء: 19". لێرەوە بۆمان دەرئەکەویت، کە چۆن ئیسلام لە مافی جیابوونەوە و تەڵاقدا، بە تەنها ڕوو لە پیاو دەکات و ئەوەی لەم مەسەلەیەدا باسی لێ نەکراوە و جێگای بایەخی نییە مافی ژنە، مەگەر وەرگرتنی کرێی لەش (مارەیی).
بێگومان ئەم هەموو بێمافی و ستەم و چەوسانەوەیە، سەرچاوە و زەمینەی ماددی پەیدابوونی لەشفرۆشی و پەیوەندی جنسی لە دەرەوەی خێزان پێکئەهێنێت. ئەمەش دیاردەیەکە هەر لەو کاتەوەی، کە خێزان بە قازانجی



پیاو گۆڕانی بەسەردا هات و سەرەتاکانی نەزمی پیاوەمزنی پەیدابوو، ئەویش هاتەکایەوە.
لەسەردەمی پێش پەیدابوونی ئیسلام، دیاردەی لەشفرۆشی و پەیوەندی جنسی لە دەرەوەی خێزان دیاردەیەکی بڵاو بووە، تەنانەت لە شارەکانی وەکوو مەککە و تاییف، جێگای تایەکار بۆ لەشفرۆشی هەبووە، کە وەک هێما، ئاڵای تایبەتییان هەڵکردووە(269).
کاتێک بزووتنەوەی محەمەدیی لەو هەلومەرجەدا سەری هەڵدا، نەک هەر ڕەخنەی لەو نەریت و ڕەووشت و بیروبۆچوونانە نەگرت و لە بەرامبەریدا نەوەستایەوە، بەڵکوو گشت ئەوانەی چەسپاند و ئاوی (پیرۆز)ی ئیسلامی بەسەردا کرد.
هەروەکوو چۆن لەو کۆمەڵگا چینایەتی_ بابمەزنییانەدا (بە کۆمەڵگای عەرەبی ئەو سەردەمەشەوە)، چینە دارا و دەسەڵاتدارەکان، خۆیان هۆکاری فەساد و گشت دیاردەیەکی دزێوی کۆمەڵ بوون، کەچی یاسا و حوکمی خۆیان لە بەرژەوەندی چینایەتی خۆیانەوە دەرکردووە و چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵیان پێ تاوانبار کردووە. لە قورئاندا هاتووە ئەڵێت: "الزانية والزاني فاجلدوا كل واحد منهما مائة جلدة ... الزاني لاينكح إلا زانية أو مشركة والزانية لاينكحها إلا زان أو مشرك وحرم ذلک على المؤمنين"(270). واتە: سەد دار لە ژن و پیاوی زیناکەر بدەن ... پیاوی زیناکەر تەنیا ژنی زیناکەر و ژنی هاوبەشپەیداکەر ئەتوانێ بۆخۆی مارە بکا، ژنی زیناکەریش تەنیا ئەتوانێ شوو بە پیاوی زیناکەر، یان پیاوی هاوبەشپەیداکەر بکا و ئەم کارە بۆ بڕواداران حەرامە.
ئەم یاسا و بڕیارانە لە دنیای واقیعدا ڕووی لە چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵە، هەرچی دارا و دەوڵەمەندانیشە، بە هۆی دارایی و دەسەڵاتیانەوە هەموو شتێکیان بۆ فەراهەمە و ئەم یاسایانە نایانگرێتەوە.
کاتێک، کە ئیسلام دەسەڵاتی گرتەدەست، شوێنە فەرمییەکانی لەشفرۆشی داخست و نەیهێشتن، هەروەکوو لە قورئاندا هاتووە، ئەڵێت: "ولا تكرهوا

فتياتكم على البغاء وإن أردن تحصنا لتبتغوا عرض الحياة الدنيا"(271)، واتە: وە کەنیزەکانی خۆتان بۆ بەدەستهێنانی ماڵی دنیا ناچار بە زینا و لەشفرۆشی مەکەن، ئەگەر ویستیان بە پاکی بمێننەوە.

بەڵام نە جەڵدە و نە بڕیاری داخستنی ئەو جێگایانە، نەبوونە هۆی لەنێوبردنی لەشفرۆشی، چونکە لەشفرۆشی و ئەو هەلومەرجەی، کە باسمانکرد، لازم ومەلزومی یەکن و هەتا سەرچاوەی واقیعی و ماددی ئەو دیاردانە کوێر نەکرێتەوە، بە بڕیار و توندوتیژی چارەسەر ناکرێن. داخستنی ئەو شوێنانە و جەڵدەلێدان لەو کەسانەی، کە پەیوەندی سێکسی پێکەوە ئەکەن، بە بێ ئەوەی مۆڵەتیان لە پیاوانی ئایینی وەرگرتبێ، بە بێ ئەوەی ساتوسەودای کڕین و فرۆشتنەکە لە نوسینگەی مەلاکان ئەنجام درابێت، وەک هەمان کاری کۆماری ئیسلامییە، کە ئەو شوێنانەی داخستووە، وەلێ ئەو دیاردەیە بە پەنهانی، یان بە ئاشکرا و بە فەرمی، بە ئیزنی دەوڵەت و بە قەرار و بڕیارێک، کە ئاخوندەکان ئیمزای ئەکەن هەر درێژەی هەیە.

ئەم قسانەشمان بە هیچ جۆرێک، بەو مانایە نییە، کە محەمەد یان کەسانێکی وەک خومەینی لە هەوڵی لەنێوبردنی دیاردەی لەشفرۆشی بوونە، بە پێچەوانەوە، بزووتنەوەی ئەمانە بۆ خۆی پارێزەری زەمینەی سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیەن. لە کاتێکدا خۆیان وا نیشان ئەدەن، کە بەربەرەکانێی ئەو دیاردەیە ئەکەن، هیچ واقیعەتێکی نییە، بەڵکوو ئەوان تەنها بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو دیاردەیەدا ئەکەن، کە پەیوەندییەکی سروشتی و ئازادی ئینسانەکانە، کە بە بێ ئاگایی ئەوان بووبێت. ئەوان ئەوەیان بەلاوە گرنگ نییە، ئەو پەیوەندییە سێکسییە، پەیوەندی سروشتی و ئازادی نێوان مرۆڤەکانە و بە ڕەزامەندی هەردوو لا پێکهاتووە، یان نا! هەربۆیە ئەوەی ئەوان کردوویانە و ئەیکەن، لە ڕاستیدا پەرەپێدانی لەشفرۆشی و لاقەکردنە و خۆیان گەورەترین تاوانیان لە بەرامبەر ئەو مەسەلەیەدا کردووە.



بەڵێ! ئەوەی ئیسلام و گشت ئایین و بیروباوەڕێکی کۆنەپەرستانە و دەزگا و دەوڵەتی چینەکانی سەرەوەی کۆمەڵ کردوویانە، پەرەپێدەر و هۆکاری دیاردەی لەشفرۆشی و پەیوەندی سێکسی دەرەوەی خێزانن، چونکە ئەو شێوە خێزانەی ئەمان چەسپاندوویانە، بەپێی قازانج و مەرجی ئابوورییە، نەک مەرجی سروشتی(272)، بۆیە لە ڕاستیدا ئەم جۆرە هاوسەردارییە، هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ لەشفرۆشیدا نییە، مەگەر لەوەدا، کە لەم جۆرەیاندا ژن بە شێوەی پارچە لەشی خۆی نافرۆشێت، هەروەکوو لەوانی تردا هەیە، بەڵکە بە یەکجار و بە یەککەڕەت و هەتاسەر، لەشی خۆی وەکوو کۆیلەیەک ئەفرۆشێت(273).

کەواتە، ئایینی ئیسلامیش بە هەمان شێوەی کۆمەڵگای کۆن، سزای توندی بۆ ئەو کەسانە داناوە، کە بە پێی دەستوری ئیسلام لاقە ناکەن، نەک لەبەرئەوەی ئەم کارە بە کارێکی نامرۆڤانە، یان هەر شتێکی دیکەی لەم چەشنە ئەزانن، بەڵکە بە دەستدرێژی بۆ سەر شەرەف و خاوەندێتی خەڵکی ئەژمێرن و لە ڕاستیدا سزای توندی ئیسلام لێرەوەیە، ئەگەر نا، هێنانی چوار ژنی ئازاد و سەدان ژنی کۆیلە، یان داگیرکردنی ئەو ژنانەی، کە بەزۆری سەرەنێزە، لە مێردیان جیا ئەکرێنەوە و خۆیان و منداڵەکانیان بەسەر قارەمانانی غەزادا دابەش ئەکرێن، فەساد و تاوان و لاقە و گەورەترین تاوان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا نەبێت چییە؟!

لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە دیاردەی پەیوەندی سێکسی لە دەرەوەی خێزان، لە سەردەمی خودی محەمەدیشدا سەرباری هەر زەبروزەنگ و سزایەکی توند لە بەرامبەریدا، بە تەواوی دەرئەکەوێت. لە ئارادابوونی چەندین ئایەت و جەختکردنەوە لەسەری، بۆخۆی بەڵگەی ئەو ڕاستییەیە، هەروەها پەیوەندی سێکسی نێوان ئایشەی ژنی محەمەد لەگەڵ سەفوانی کوڕی مەعتەل، چاکترین نموونەیە، کە هەراوهوریایەکی زۆری لەسەر پەیدابوو، وە هەرچی خەڵک هەبوو پێیان زانی و بەم هۆیەوە محەمەد کەوتە بەر ڕەخنە و گلەیی و گازندەی زۆری موسڵمانەکان و بەو

هۆیەوە زۆر خەمبار بوو. رۆژێکیان محەمەد لە مزگەوت وتارێک ئەدات و ئەڵێت: بۆچی موسڵمانان سەبارەت بە خێزانەکانم ئازارم ئەدەن؟! ئیتر کار ئەگاتە ئەوەی، کە ئایشە ئەتۆرێ و ئەچێتەوە بۆ ماڵی باوکی و بەو هۆیەوە نەخۆش ئەکەوێت و مانگێک لە جێگەدا ئەکەوێت. پاشان محەمەد راوێژ بە هەندێک لە موسڵمانەکان ئەکات، تا بزانێت چۆنچۆنی لە تەک ئەو کێشەیەدا رەوتار بکات؟ لە وەڵامدا عەلی ئەڵێ: ئەی پەیامبەری خودا، بۆ تۆ هەر ژن زۆرە و پەکت لە ژن ناکەوێت، وەلی بنێرە بەدووی بەربەرەی کەنیزەدا و پرسیاری لێ بکە! ئیدی ئەوانیش بەربەرەیان هێنا و عەلی کەوتە ئەشکەنجەکردن و هەرەشەلێدانی (مەسەلەکە پەیوەستە بە ئایشەوە، کەچی ئەم کوتەککاری ئەکرێت! ئا بەو جۆرەش لەگەڵ کەنیزەکانیاندا رەوتاریان کردووە) و پێی گوت: هەرچییەکت لە ئایشە بینیوە بۆ پەیامبەری بگێرەوە! ئەویش لە وەڵامدا گوتی: هیچ خراپەیەکم لێی نەدیوە ... بەڵان کاتێک، کە هەویر ئەشێلم، بە ئایشە ئەڵێم ئاگاداری بکات، کەچی خەوی لێ ئەکەوێت و مەڕ و ماڵات ئەیخوات.

دواتر محەمەد ئەچێتە ماڵی ئەبوبەکر و دەست بە ئامۆژگاریکردنی ئایشە ئەکات و داوای لێ ئەکات، کە ئەگەر کاری لەو جۆرەی کردووە تۆبە بکات (ئەمە لە کاتێکدا، ئەگەر یەکێکی تر وای بکردایە، داوای تۆبەی لێ نەئەکرا، بەڵکوو سەنگەسار "رەجم" ئەکرا)، ئایشەش بۆ داکۆکیکردن لە خۆی ئەڵێت: چووم دەست بە ئاو بگەیەنم، بێئەوەی کە ئاگام لێ بێت، ملوانکەکەم لێ بزر بوو، کاتێک، کە پێم زانی، گەرامەوە بۆ ئەو جێگایە تاوەکوو بیدۆزمەوە، ئەمەش لە کاتێکدا بوو، کە لەشکر خەریکی گەرانەوە بوو (چۆنە وا، لەو کاتەدا کەسی ئاگادار نەکردۆتەوە، کە ئەیزانی لە لەشکر بەجێ ئەمێنێت؟!)، ئیدی لەشکر بەمەی نەزانی و بەجێیان هێشتم، دوایی سەفوانم لێ پەیدابوو، کە بە هۆی هێندێک کاری پێویستی خۆیەوە، لە لەشکر دواکەوتبوو (چۆنە وا رێکەوت، کە سەفوانیش لە لەشکر دوا بکەوێت و کەس لێی ئاگادار نەبێت؟! پاشان پێویستی چی؟!). ئەوەی شایانی باسە



ئایشە کەسێکی گەرم بووە، هەربۆیە لەسەر نۆرەشەوی خۆی، شەڕ و هەرای کردووە. بێگومان کۆکردنەوەی نۆ ژن لەیەککاتدا(274) هەر بەو ئەنجامە ئەگات.

کاتێک، کە محەمەد هەستی بەوە کرد، وردەووردە مەسەلەکە بە قازانجی خۆی ئەشکێتەوە (لە لایەن رای گشتی موسڵمانەکانەوە)، ئایشەش هیچ نادرکێنێ، پاش لێکۆڵینەوە، کەمێک خۆی مت ئەکات و یەکسەر ئەڵێت: ئەوا لە خوداوە سروشم بۆ هات، کەوا ئایشە کاری وای نەکردووە(275) و خودا ئەڵێت، ئەگەر کەسێک بوختانی لەو جۆرەی بۆ کەسێک هەڵبەست و چوارشایەتی نەهێنا، هەشتا جەڵدەی لێ بدەن، "والذين يرمون المحصنات ثم لم يأتوا بأربعة شهداء فاجلدوهم ثمانين جلدة ولا تقبلوا لهم شهادة أبدا وأولئك هم الفاسقون"(276)، واتە، وە کەسانێک، کە تۆمەتی زینا، لە ژنانی داوێنپاک ئەدەن و پاشان چوار شایەت بۆ قسەی خۆیان ناهێنن، هەشتا جەڵدەیان لێ بدەن و ئیدی هەرگیز شایەتییان لێ قبووڵ مەکەن، ئەوانە فاسقن. بەپێی ئەم بڕیارە تازەیە (بە بێ ئەوەی پێشتریش راگەیەنرابێت!)، هەشتا دار لە مەستەح و حەسانی کوڕی سابت و حەمنەی کچی جەحش ئەدەن، کە باسی ئەم رووداوەیان کردبوو(277).

# بەشی چوارەم

## چەند سەرنجێکی ڕەخنەگرانە دەربارەی ناسخ و مەنسوخ لە قورئاندا

## چەند سەرنجێکی ڕەخنەگرانە دەربارەی ناسخ و مەنسوخ لە قورئاندا

یەکەم سەرچاوە و پەرتووکی ئیسلام، یەکەم بەرنامە و پرۆگرامی ئیسلام، کە ڕوانگەی ئەو بزاڤە بەیان ئەکات و ئامانج و سیاسەت و تاکتیک و هەڵوێست و بڕیارەکانی تێدا دەرئەکەوێت و پەیڕەوان و ڕابەرانی ئایینەکەش بە تێکڕای دەنگ دانی پێدا ئەنێن و ئەحکامە جۆراوجۆرەکانیان لێیەوە هەڵدەگۆزن پەرتووکی قورئانە. زۆربەی توێژەرەوە ئیسلامییەکان ئەڵێن: وشەی قورئان لە کرداری "قرأ"، واتە، "خوێندییەوە" هاتووە(1).

ئەم پەرتووکە بەش بەش (ئایەت ئایەت) و بە شێوەی پەخشان، لە ماوەی بیستوسێ ساڵ، یان ڕاستر لە ماوەی بیست ساڵ (چونکە محەمەد بۆ ماوەی دوو ساڵ و نیو_ سێ ساڵ توشی نائومێدی بوو و لەو ماوەیەدا هیچ ئایەتێکی دانەڕشت)، لە لایەن محەمەدی کوڕی عەبدوڵای هاشمی قورەیشییەوە دانراوە و داڕێژراوە، کە لە دوا ئایەتیدا ئەڵێت: "اليوم أكملت لكم دينكم، وأتممت عليكم نعمتي، ورضيت لكم الأسلام دينا"(2).



قورئان (هەروەها فەرمووودەش) بۆ ئەو ڕۆژگارە ڕۆڵی ڕاگەیاندن و دەزگای پڕۆپاگەندەی، لە جۆری ڕۆژنامە و ڕادیۆ ... ئەبینی. دوای داڕشتنی هەر چەند ئایەتێک، محەمەد بە نووسەرەکانی خۆی ئەگوت، کە بیاننووسنەوە. جا لەبەرئەوەی کاغەز و هۆیەکانی چاپکردن لەو سەردەمەدا نەبووە، لە سەر دەفەی شانی وشتر، پێستی ئاسک و لقی دارخورما و تاتەبەردی تەنک و لووس و سپی ئەیان نووسیننەوە. پاشان محەمەد بەنێو لایەنگرانی خۆیی و بەنێو خەڵکی، لە کۆڕ و کۆمەڵەکاندا بڵاوی ئەکردنەوە و لە کاتی نوێژ و نزا و پاڕانەوە و بۆنەکان و لە کاتی قسەکردندا ئەی خوێندنەوە، کە لەو سەردەمەدا شێوەی قسەکردنی مرۆڤی عەرەب هەر بە شێوەی پەخشان و ڕەوانبێژی و لێکچواندن و قسەی نەستەق بووە و تیایدا هونەرمەند و باڵادەست بوونە.

کاتێک، کە محەمەد مرد، ئەم نووسینانە لە ژوورێکی ماڵەکەیدا هەڵدرابووەوە، تا لە جەنگی یەمامە هەفتا (یان هەندێک ئەڵێن حەوسەد) کەس لەوانەی، کە قورئانیان لەبەربوو کوژران(3). بۆیە بەرپرسانی ئیسلام (لەو کاتەدا ئەبوبەکر جێنشینی محەمەد بوو) بیریان لە کۆکردنەوەی قورئان کردەوە. چونکە ئەگەر کار بەو شێوەیە بڕۆیشتایە، زۆربەی قورئان لەنێودەچوو. هەروەها عوسمان جارێکی دی لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی خۆیدا، قورئانی کۆکردەوە، پاشان چوار دانەی لەبەرگرتەوە و بڵاوی کردنەوە(4). دوای ئەمە هەرچی شێوەکانی دیکەی قورئان هەبوو، جگە لەم شێوەیە، بڕیاری لەنێوبردنیان درا، هەربۆیە کۆکرانەوە و سوتێنران(5). وای پێدەچێت ئەو قورئانەی، کە هەنوکە لە بەردەستدایە، هەمان ئەو قورئانە بێت، کە عوسمان کۆی کردەوە و ئیدی لەوە بەدوا دەسکاری نەکرابێت لێی لەناونەچووبێت.

ئەو قورئانەی ئێستاکێ هەیە و لەبەردەستدایە، لە 614 سورەت پێکهاتووە، ئەویش لە (6666) ئایەت پێکهاتووە. بیستودوو دانە لەم سورەتانە، لە شاری مەدینە و دەوروبەری داڕێژراوە، پێیان دەڵێن، سورەتە مەدەنییەکان،

هەرچی سورەتەکانی ترە، لە شاری مەککە و دەوروبەری دارێژراوە و پێیان دەڵێن، سوورەتە مەکییەکان. سوورەتە مەدەنییەکان ئەگەرچی ژمارەیان کەمە، وەلێ ئایەتەکانی زۆر و خۆیان درێژن، هەربۆیە سێیەکی قورئانیان پێکهێناوە. هەرچی سوورەتەکانی دەورەی مەکییە، بە ژمارە زۆرن، وەلێ ئایەتەکانی کەم و خۆیان کورتن. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە، کە توانایی محەمەد لە دارشتنی ئایەتەکاندا هەتا هاتووە زیادی کردووە، لە سوورەتی کورت و کەمئایەتەوە بۆ سوورەتی درێژ و فرەئایەت، ئەمە سەرباری ئەوەی لەو دوو دەورەیەدا، دوو هەلومەرجی جیاواز لە ئارادا بووە، کە هەر یەکەیان ئەوەی پێویست کردووە.
هەروەکوو باسمانکرد، بۆ یەکەمجار ئەبوبەکر دەستی بە کۆکردنەوەی قورئان کرد. لە پەیوەست بەو کارەوە، هەروەکوو ئەگێرنەوە، ئەبوبەکر بریاری داوە و گوتوویەتی: ئەگەر دووکەس شایەتی لەسەر ئەوە بدەن، کە فلانە ئایەتیان لە محەمەدەوە بیستووە و سەر بە فلانە سوورەتە، لێیان وەرئەگیرێ و بەڕاست ئەزانرێ(6). چ ئەم مەسەلەیە و چ ئەو مەسەلەیەی، کە لە ترسی لەناوچوونی ئەو کەسانەی قورئانیان لەبەربووە، هاتوون قورئانیان نووسیوەتەوە، ئەوە دەرئەکەوێ، کە لە سەردەمی خودی محەمەدیشدا، قورئان هەمووی نەنوسراوەتەوە، یان ئەگەر نووسرابێتەوەش هەر هەمووی نەماوەتەوە، ئەگەرنا پێویستی بەوە نەئەکرد، دووکەس شایەتی بدەن، کە فلانە ئایەتیان لە محەمەدەوە بیستووە یان نا، یان ترسی ئەوەیان هەبێت، بە لەناوچوونی ئەو کەسانەی، کە قورئانیان لەبەرە بەشێکی زۆری قورئانیش لەنێو بچێت! ئەگەرنا تەنها ئەوەندە بەس بوو، کە نوسراوەکانی ماڵی محەمەدیان بهێنایە و دووبارە بیان نووسیبایەتەوە و ڕێکیان بخستایە.
هەر لێرەوە بەو ئەنجامگیریە ئەگەین، کە بە هۆی لەنێوچوونی ئەوانەی شەڕی یەمامەوە، بەشێکی قورئان لەنێوچووە، کە ئەمەش پێچەوانەیە لەگەڵ ئەو قسەیەی لە قورئاندا هاتووە و ئەڵێت، ئێمە خۆمان قورئانمان ناردووەتە



خوارەوە و هەر خۆشمان ئەیپارێزین. پیاوانی ئایینی هەتا ئێستاش ئەم بۆچوون و باوەڕە بڵاو ئەکەنەوە و ئەڵێن، قورئان هیچی لێ لەناونەچووە و بە بێ هیچ دەسکارییەک گەییشتووەتە دەستمان، بۆ پشتیوانیکردنی ئەم حوکمەشیان تەنها پەنا بۆ ئەو ئایەتەی قورئان ئەبەن، نەک لێکۆڵینەوەی زانستی و لۆژیکی، یان هەتا مێژوویی. لە کاتێکدا ئەگەر ئەم قسانە دروستیش بن (کەوا نییە)، هیچ لە ناوەڕۆک و ڕوانگە و هەڵوێستەکانی ئیسلام ناگۆڕێت، لێ ئەوەندە هەیە، ئەوان بەم قسانە گەرەکیانە بڵێن، ئەمە موعجیزەی قورئانە و هەر لێرەشەوە بە پیرۆزی ئەگرن، بەڵام پێچەوانەی ئەمانە ئەکاتە، تێکشکاندنی ئەو بانگەشانە و ئەو پیرۆزییەی، کە بە قورئانی ئەبەخشن.
لە نێو پەیڕەوانی ئیسلامدا ڕەوت و باڵی جیاجیا و دژبەیەک هەیە، کە هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلامەوە هەبوونە و هەستیان پێ کراوە، لە ڕاستیدا ڕەگوڕیشەی مادییان بۆ پێش پەیدابوونی ئیسلامیش ئەگەڕێتەوە. ئەم باڵە جیاواز و دژبەیەکانە هەتا هاتووە پەرەیان سەندووە، ئەمەش بە هۆی ئەوەی، کە قورئان و فەرمووده و هەڵوێست و ڕەفتارەکانی تری محەمەد، ناکۆکی زۆر و دژبەیەک و حوکم و لێکدانەوەی موجەڕەد و گشتییان تێدایە، کە ئەمەش بۆخۆی ڕەنگدانەوەی ماهیەتی ئیسلام و بار و دۆخی چینایەتی چینە دژبەیەکەکان و ئاڵوگۆڕ و پەرەسەندنی کۆمەڵە، کە لە دەورەکانی دواتری ئیسلامدا، هەتا هاتووە زیادی کردووە.
ئەوەی شایانی باسە، هەر ڕەوت و هەر باڵێک لەو باڵانە کۆمەڵێک ئایەت و فەرموده و ڕەفتار و هەڵوێستی محەمەدیان، بۆ پشتیوانیکردن لە ڕەوت و ڕێبازی خۆیان ئەهێنایەوە و ئەهێننەوە، بە ڕادەیەک کە هێندێکیان، هێندێکی تریان بە کافر و دوژمنی ئیسلام ئەدەنە قەڵەم، لە کاتێکدا هەر هەموو ئەمانە لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون، کە قورئان پەرتووکی ڕاست و دروست و بێ دەسکاری ئیسلامە و بە یەکەم سەرچاوە و مەرجەعی خۆیانی دەزانن!
بەڵام هەروەکوو گوتمان، لەنێو پەیڕەوانی ئیسلامدا ناکۆکی زۆر و

جۆراوجۆر هەیە، بە جۆرێک، کە سەرباری ڕێکەوتنیان لەسەر بڕوابوون بە قورئان و چاولێکردنی وەکوو یەکەم مەرجەع، کەچی دەیان لێکدانەوە و ڕاڤەی جۆراوجۆریان بۆ ئایەتەکانی کردووە و ڕاوبۆچوونی جیاواز و دژبەیەکیان داوە، ئەگەرچی لە نێو ئەمانەشدا هێندێکی بە زۆربەی ڕا و هێندێکی تریان بە تێکرا ( بالاجماع)ی دەنگ لەسەری ڕێککەوتوون.

یەکێکی تر لەو سەرچاوانەی، کە ئیسلام پشتی پێ ئەبەستێ، فەرموودەیە. لایەنگرانی ئیسلام فەرموودە بە دانراوی محەمەد ئەزانن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پشت بە هەموو فەرموودەیەک نابەستن و هەر ڕەوت و لایەنێک بڕوا بە فەرموودەی ئیمام و حیکایەتخوان و ڕاوی خۆی ئەکات. دیارە هەموو فەرموودەیەکیش وەک یەک چاوی لێ ناکەن و بە گوێرەی ڕاوی و ژمارەی ڕاکان، بە فەرموودەی بەهێز و بێهێز لە قەڵەمی ئەدەن. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئەو فەرموودانەی، کە پێی ئەڵێن فەرموودەی قودسی زۆرتر لەسەری کۆکن و پێیان وایە حوکمی ئەم جۆرە فەرموودانە لە ئاستی حوکمی قورئاندایە. گوایە، ئەم فەرموودانە ئەگەرچی لە لایەن محەمەد خۆیەوە داڕێژراوە، بەڵام بیرۆکە و ناوەڕۆکی فەرموودەکە هی خودایە و هەر خۆی بە شێوەیەک لە شێوکانی ناردنی سروش، ڕەوانەی دڵی محەمەدی کردووە!

پێویست ناکات لەمە زیاتر بچینە سەر ڕا و بۆچوونە زۆر و لێکجوداکان، کە زۆرجار پیاوانی ئایینی بۆخۆشیان لە بەرامبەریدا دەستەوەستان ئەبن، کەچی هەر هەموویان، ئەمانە بۆ خۆیان بە پۆزەتیف باس ئەکەن و هەر کاتێک کەسێک ڕەخنەیەک ئاراستەی ئایینەکەیان بکات، ئەڵێن، ئەمە وانییە! چونکە گوایە، ڕەخنەگر هاتووە ڕای فڵانە ئیمام و سەحابەی هێناوەتەوە، وەلی ئەبێ پشت بە فڵانیان ببەستێ، نەک فڵان! یان ئەڵێن، ئایینی ئیسلام گەلێک قووڵە، ئەو ڕەخنەگرە، تێکڕای بۆچوونەکانی باس نەکردووە... هتد. بە جیا لەوەی، کە وەڵامی داکۆکیکاران بۆ ئەم قسانە چییە و چۆنە، لەم



دۆخەدا چاکترین ڕەخنەیەک، کە هەبێت، گەرە پشت بە قورئان ببەستێت و ڕووی لە قورئان بێت.

ئەوەندەی باسمان کرد، تەنها ڕوونکردنەوەیەکی کورت بوو، بۆئەوەی بچینە سەر ئەو مەسەلەیەی، کە مەلا و ئاخوند و پیاوانی ئایینی ئیسلام وەکوو بەڵگەیەکی بەهێزی خۆیان ئەیهێننەوە و ئەڵێن، ڕەخنەگران لە ئیسلام ئەڵێن، قورئان دانراوی محەمەدە، بەڵام چۆن ئەبێت نووسەرێک دوو جۆرە نووسین و دوو جۆرە بەرهەم و شێوازی نووسینی هەبێت، بە جۆرێک، کە هەر یەکەشیان بە تەواوی لەوەی دیکەیان جیاواز بێت؟ لێرەوە ئەیانەوێت بەو ئەنجامگیرییە بگەن و بڵێن، هەریەکە لە قورئان و فەرموودە دانەرێکی هەیە، ئەویش خودا و پەیامبەری خودا یانی، محەمەدە!

سەرەتا ئەبێ بڵێین، کە ئەمە هێنانەوەی بەڵگە و بیانوویەکی لاواز و نامەنتیقییە، چونکە محەمەد نەک دوو دانراو، یان دوو شێوە نووسینی هەبووە، بەڵکوو تەنها یەک دانراو و یەک شێوە نووسینی هەبووە، کە ئەویش قورئانە. محەمەد هەر خۆشی بە نووسەرانی خۆی گوتووە: "لاتكتبوا عني شيئا سوى القرآن، فمن كتب عني غير القرآن فليمحه"(7)، واتە: لەو قسانەی، کە من دەیکەم، جگە لە قورئان هیچی دی نەنووسنەوە، هەر کەسێک جگە لە قورئان شتێکی دی نووسیوە، با بیسڕێتەوە. بەڵێ! دواتر فەرموودەکانیش کۆکرانەوە و نووسرانەوە، ئەوەی ئێستا لەبەردەستدایە دوو شتە، ئەویش، قورئان و فەرموودەیە.

قورئان و فەرموودە بە شێوەیەکی گشتی جیاوازییان لە نێواندا هەیە. قورئان لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، باسەکانی کورت و گشتین، لە ڕووی شێوەشەوە داڕشتنێکی ڕێکوپێکتر و جوانتر و ڕەوانبێژییەکی زیاتری تێدایە. وەلی هەرچی فەرموودەیە، بابەتەکانی بە زۆری تایبەتە، درێژترە و شێوەی دایەلۆگی وەرگرتووە، لە ڕووی شێوەشەوە، ئەگەر لەگەڵ قورئاندا بەراووردی بکەین، جوانکاری و ڕەوانبێژی کەمتری تێدایە. ئەمە چشتێکی سەیر و سەمەرە نییە بەو شێوەیەی، کە پیاوانی ئایینی گەرەکیانە خەڵکی وا

تێبگەیەنن! چونکە قورئان لە دۆخی تایبەتی و لە کاتی بیرکردنەوە و ئەندێشەدا داڕێژراوە، وەک بەرهەمی هەر نووسەرێکی تر، بەڵام هەرچی فەرموودەیە بریتییە، لە قسە و باس و پرسیار و وەڵامی محەمەد لە حاڵەتی دانیشتنی نێو مزگەوت و لە نێو کۆڕ و کۆمەڵ و لەگەڵ هاوڕێ و هاوسەر و هەر کەسێکی تردا، کە بەردەوام لە بارەی مەسەلەی جۆراوجۆری ئەو سەردەمەدا قسەی کردووە، یان پرسیاری لێ کراوە، ئەویش بە شێوەیەکی ڕۆتینی و شێوە قسەکردنی ئاسایی و بە بێ زۆرلەخۆکردن، یان بە تەکلیفێکی کەمەوە، قسەی کردووە، وەڵامی داوەتەوە و مەسەلەکانی بۆیان ڕۆشن کردووەتەوە. کەواتە، فەرموودە بریتییە، لە هەرچی قسەیەکی ڕۆتینی ژیانی ڕۆژانەی محەمەد، جا هەروەکوو چۆن قسەکردنی ڕۆتینی نووسەرێک لەگەڵ شێوەی داڕشتنی بەرهەمەکانی جیاوازە، ئەویش هەر بە هەمان شێوە بووە. دیارە شێوەی قسەکردنی نووسەرێکیش لەچاو کەسێکی ئاسایی جوانتر و ڕێکوپێکترە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر ناگاتە ئاستی شێوەی نووسینەکانی، کە لە کاتی تایبەتیدا دای ئەڕێژێ. پێویستە جارێکی تریش ئەوە بڵێینەوە، کە خەڵکی عەرەب لەو سەردەمەدا گرنگییەکی زۆریان بە ڕەوانبێژی داوە و شێوەی قسەکردنی ئاساییشیان جۆرە هونەر و سەروایەکی (قافية) تێدا بووە.

لێرەدا پێویستە سەرنجێکیش لەو قسەیەی محەمەد بدەین، کە گوتوویەتی: جگە لە قورئان هیچی تر مەنووسنەوە! ئەمەش چونکە ترسی لە تێکەڵبوونی قورئان و حەدیس هەبووە و ئەمە نیشانەی ئەوەیە، کە بەشێک لەو حەدیسانە جیاوازییان لەگەڵ قورئاندا نەبووە، نەک هەر لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، بەڵکوو لە ڕووی شێوە و داڕشتنیشەوە، ئەمەش وای کردووە، کە بۆ کەسێکی ئاسایی لێکجیاکردنەوەی هەروا کارێکی ئاسان نەبێت، بەڵام دیارە ئەوەی محەمەد پێی گوتووە قورئان، بە تەواوی لێی ڕازی بووە و لە سەری ساغ بووەتەوە، بۆیە خستوویەتییە ڕیزی قورئانەوە.



ئەوەی شایانی باسە، چەندین ئایەتی قورئانیش هەیە، کە بە فەرموودە نەسخ کراوەتەوە، بۆ نموونە، ئایەتی، "واللاتي يأتين الفاحشة من نسائكم فأستشهدوا عليهن أربعة منكم فإن شهدوا فامسكوهن في البيوت حتى يتوفاهن الموت أو يجعل الله لهن سبيلا"(8). ئەم ئایەتە بە فەرموودە نەسخ کراوەتەوە(9)، کە ئەڵێت: "خذوا عني قد جئن الله لهن سبيلا، البكر بالبكر جلد مائه، و تغريب عام، والثيب بالثيب الرجم)(10). کەواتە لێرەدا قسەی محەمەد، قسەی خودای هەڵوەشاندەوە. محەمەد لێرەدا خۆشی ئەوەی نیشان داوە، کە لە ڕووی خاوەندێتییەوە، جیاوازییەک لە نێوان قورئان و حەدیسدا نییە.

ئێمە لە باسەکانی ڕابووردووماندا، کەم و زۆر هاتووینەتە سەر باسی ناسخ و مەنسوخ، بەڵام لەبەر بایەخ و گرنگی ئەم باسە، لە ڕۆشنکردنەوەی زۆر نهێنی ئیسلام و دەرخستنی زۆر ڕاستی، چەند گۆشەیەکی ئەم باسە ئەدەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

مەسەلەی ناسخ و مەنسوخ یەکێکە لەو مەسەلانەی، کە لە لایەن لێکۆڵەرە ئیسلامییەکانەوە بایەخی زۆری پێدراوە و لەم بارەیەوە بە سەدان پەرتووک و نامیلکە و گوتار نووسراونەتەوە و قسە و لێکدانەوە و بۆچوونی زۆر و جۆراوجۆری لەسەر کراوە. وشەی "النسخ" یانی، ئیزالە، سڕینەوە(11)، یان بە مانای هەڵوەشاندنەوە دێت. ئەمەش یانی، هەڵوەشاندنەوەی ئایەتێک، کە پێی دەڵێن، "منسوخ" بە هۆی ئایەتێکی دیکەوە، کە پێی دەڵێن، "ناسخ"، ئەمەش یانی، هەڵوەشانەوەی بڕیارێک بە بڕیارێکی تر.

لێکۆڵەرە ئیسلامییەکان ئەڵێن، بۆیە ناسخ و مەنسوخ لە ئیسلامدا هەیە، تاوەکوو بڕیارەکانی ئیسلام بە شێوەیەکی پلە بە پلە، بە پێی بار و دۆخەکە بچەسپێ، چونکە بڕیاری فەوری و یەکسەر بە قورسی ئەچەسپێ و زەحمەتی دێتە پێش! هەروەکوو لە قورئانیشدا هاتووە ئەڵێت: "كذلك لنثبت به فؤادك"(12)، واتە: بۆئەوەی دڵتی پێ قاییم و دامەزراو بکەین.

بەڵام ئەگەر سەرنج لەو باسانە بدەین، کە پێشتر لە پەیوەند بەم مەسەلەیە کردوومانە و ئەو باسانەی، کە دواتریش ئەیهێنینە گۆڕ، ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێت، کە مەسەلەکە بەو جۆرە نییە، کە باسی ئەکەن، بەڵکوو مەسەلەکە بە هاوسەنگی هێز و زیادبوونی زانیاری و تاقیکردنەوەی محەمەدەوە پەیوەستە. هەروەکوو پێشتریش باسمان کرد کە چۆن 124 ئایەت، بە ئایەتی شیر (سیف) هەڵوەشێنراونەتەوە، کە تێکڕای ئەمانە بە تەرازووی هێزەوە پەیوەست بوونە، نەک بە هیچ شتێکی دیکەوە، هۆی ئەوانی تریش دواتر ئەچینە سەری.

مەسەلەی ناسخ و مەنسوخ هەروەکوو باسمانکرد، جێگەبایەخی لێکۆڵەرە ئیسلامییەکان بووە و ئێستاش هەر وایە و بە بەشێک لە باسەکانی "علوم القرآن"ی دائەنێن و ئەگەر یەکێک لەم بابەتەوە زانیاری نەبێت، پێیان وایە، کە بۆی نییە قورئان ڕاڤە بکات(13).

لێکۆڵەرە ئیسلامییەکان مەسەلەی نەسخ ئەکەنە سێ بەشەوە، یەکەم، ئەو ئایەتانەی، کە خوێندنەوەیان هەڵوەشێنراوەتەوە، بەڵام کارپێکردنیان هەر ماوەتەوە، دووەم، ئەو ئایەتانەی، کە کارپێکردنیان هەڵوەشێنراوەتەوە، بەڵام خوێندنەوەیان هەر ماوەتەوە، سێیەم، ئەو ئایەتانەی، کە خوێندنەوە و کارپێکردنیان هەڵوەشێنراوەتەوە(14).

ئەوەی شایانی باسە، هەڵوەشانەوەی ئایەت و بڕیارەکان لە سەردەمی خودی محەمەدیشدا مەسەلەیەکی جێگەسەرنج بووە و لەم بارەیەوە خەڵکی ڕەخنەیان لە محەمەد گرتووە و گوتوویانە، چۆن دەبێت ئەو بڕیارانەی، کە پێشتر دراون و دەڵێن بڕیار و ئایەتی خوداوەندن، دوواتر هەڵبوەشێنرێنەوە و لێیان پەشیمان بیتەوە؟! چۆن ئەبێت خودا دەرک بەو شتانە نەکات و زانیاری لە بارەیانەوە نەبێت و لە دەسپێکدا چشتێک بڵێت و دواتر چشتێکی تر ... هتد.

محەمەد لە وەڵامی ئەم ڕەخنانەدا ئەڵێت: "ماننسخ من آية أو ننسها نأت بخير منها أو مثلها ألم تعلم أن الله على كل شىء قدير"(15)، واتە، هەر



ئایەتێک لابەرین، یا لە بیری بەرینەوە ئایەتێکی لەو باشتر، یان هەروەک ئەو ئەهێنین، ئایا نازانیت، کە خودا توانایی بەسەر هەموو شتێکدا ئەشکێت! هەروەکوو لێرەوە دەرئەکەوێت، محەمەد وەڵامێکی بێڕێوجێ و نامەنتیقی بە ڕەخنەگرانی خۆی داوەتەوە، چونکە هیچ مانایەکی نییە، خودا ئایەتێک بنێرێت و دواتریش لە بیری بباتەوە، یان لە بیر بچێتەوە، یان ئایەتێکی وەکوو ئەو لە شوێنی دابنێت، نەک باشتریش، ئەی ئیتر بۆچی لە بیری ئەباتەوە؟! هەروەها لەم ئایەتەوە دیسانەوە دەرئەکەوێت، کە چەندین ئایەت لە قورئان لەناوچووە. ئەوەی جێگای سەرنجە، کەم سوورەتی قورئان هەیە، ئایەتی تێدا هەڵنەوەشێنرابێتەوە. ئەگەر سەرنج لە قورئان بدەین ئەوە ئەبینین، کە سوورەتە مەکییەکان بە زۆری ئایەتی مەنسوخ و سورەتە مەدەنییەکان بە زۆری ئایەتی ناسخیان تێدایە(16). دیارە ئەمەش بۆ ئەوە هەڵدەگەڕێتەوە، کە لە دەورەی مەدەنیدا بەرەی ئیسلام بەهێز و محەمەد کامڵتر بووە.

ئەبوعوبەید لە ئایشەوە ئەگێڕێتەوە و ئەڵێت: سوورەتی ئەحزاب، کە لە سەردەمی پەیامبەر ئەخوێندرایەوە، دووسەد ئایەت بووە، کاتێک، کە عوسمان دەستی بە نووسینەوەی قورئان کرد، توانیمان تەنها ئەوەندە بنووسینەوە، کە ئێستا نوسراوەتەوە(17). هەروەها لە ئەبیموسای ئەلئەشعرییەوە هاتووە ئەڵێت: کاتی خۆی سورەتێکمان ئەخوێندەوە، بۆ تین و بۆ درێژی وەک سورەتی "براءة" بوو، بەڵام ئێستا لەبیرم چۆتەوە، تەنها ئەوەی نەبێت، کە ئەڵێت: "لو كان لأبن آدم واديان من مال لا تبغى واديا ثالثا، ولا يملا جوف إبن آدم إلا التراب"(18). هەروەها ئەبوعوبەید ئەڵێت، ئەگێڕنەوە: عەلی ئەبی، کە تەمەنی هەشتا ساڵ بووە، لە قورئانەکەی ئایشەدا ئەم ئایەتەی خوێندۆتەوە: "ان الله وملائكته يصلون على النبي يا أيها الذين آمنوا صلوا عليه وسلموا تسليما، وعلى الذين يصلون الصفوف الأول". ئەمە لە کاتێکدا، کە هێشتا عوسمان قورئانی نەگۆڕیبوو(19)، واتە کاتێک، کە عوسمان قورئانی نووسییەوە، ئەم ئایەتەی نەنووسیوەتەوە. ئەبوعوبەید

ئەڵێت: لە ئیبنولعومەرەوە ئەگێڕنەوە گوتوویەتی: کاتێک، کە یەکێک لە ئێوە ئەڵێت هەموو قورئانم لە لایە، بەچی بەڵگەیەک وا ئەڵێت و چۆن ئەزانێت ئەوە هەموو قورئانە؟! بێگومان قورئان زۆری لێ بزر بووە، بۆیە ڕاستتر ئەوەیە، کە بڵێت: ئەوەندە قورئانەم لە لایە، کە ماوەتەوە(20).

ئەمانە و چەندین نموونەی دیکە، نیشانەی ئەوەن، کە چەندین ئایەت لە قورئاندا بزر بوونە، یان لەبیرچوونەتەوە. ئەگەر لێکۆڵەرە ئیسلامییەکانیش تەنانەت بە بابەتی ناسخ و مەنسوخ گەرەکیانە ئەم کەموکوڕییە گەورەیە لە قورئان دیزە بە دەرخۆنە بکەن، ئەوا قسەیەکی نامەنتیقییان کردووە، چونکە هەروەکوو دەرئەکەوێت، بەشێکی ئەو ئایەتانە لە سەردەمی عوسماندا نەنوسراونەتەوە، یان لە قورئانەکانی تردا هەبوونە و لەوەی عوسماندا نەبووە.

لە عومەری کوڕی خەتابەوە ئەگێڕنەوە، کە وتوویەتی: لەبەر قسەی خەڵکی نەبوایە، کە پێیان ئەووتم عومەر زیادەی خستووەتە سەر قورئان، ئایەتی "الرجم"م ئەنوسییەوە، سوێند بە خودا بێت، لە سەردەمی محەمەددا ئەم ئایەتەمان ئەخوێندەوە، کە ئەڵێت: "الشیخ والشیخة إذا زینا فارجموهما البتة نکالا من الله والله عزیز حکیم"(21). لێکۆڵەرە ئیسلامییەکان ئەڵێن، ئەم ئایەتە خوێندنەوەکەی هەڵوەشێنراوەتەوە، لێ حوکمەکەی هەر ماوە! لێرەدا جێی خۆیەتی ئەو پرسیارە بکەین، کە مادام حوکمەکەی ماوە، بۆچی خوێندنەوەکەی هەڵوەشێنراوەتەوە؟!

بە پێچەوانەی ئەمانەوە، چەندین ئایەت لە قورئاندا ماونەتەوە، بەڵام بەبێئەوەی حوکمیان مابێتەوە، هەروەکوو ئەو ئایەتانەی، کە بە ئایەتی شیر هەڵوەشێنراونەتەوە، هەروەها ئەو ئایەتانەی باسی گۆڕینی ڕووگە و ڕۆژووی یەکەمجار ... هتد ئەکەن.

یەکێک لەو ئایەتانەی، کە حوکمەکەی هەڵوەشێنراوەتەوە، بەڵام خودی ئایەتەکە لە قورئاندا هەرماوە ئەم ئایەتەیە: "انما حرم علیکم المیتة والدم ولحم الخنزیر"(22). ئەوەی شایانی باسە ئەم ئایەتە (قسەی خودا) بە



فەرمووده هەڵوەشێنراوەتەوە، کە ئەڵێت: "أحلت لنا میتتان ودمان: السمک والجراد، والکبد والطحال"(23). لە سەرەتادا بەپێی ئەو ئایەتە، گۆشتی گشت مردارەوەبوویەک و گشت خوێنێک حەرام کراوە، لێ دواتر محەمەد پەشیمان ئەبێتەوە و ئەڵێت: دوو جۆرە مردارەوەبوو و دوو جۆرە خوێن خواردنیان حەڵاڵە، کە ئەویش: ماسی و کوللە، جگەر و سپڵە.

لێرەدا جێی خۆیەتی چەند پرسیارێک بکەین: بۆچی لە سەرەتادا خواردنی ماسی و کوللەی مردارەوەبوو، جگەر و سپڵ، تابۆ و حەرام بووە؟! ئایا ئەمە هیچ پەیوەندییەکی بەو هەلومەرجەوە هەیە؟! یان هیچ پەیوەندییەکی بە قۆناغبەندییەوە هەیە، کە لە پێشدا حەرام و دوایی حەڵاڵ بکرێت؟! یان تۆ بڵێی نهێنییەکی زانستی و پزیشکی تێدا نەبێت، کە هێشتا مرۆڤ پێی نەگەیشتبێ؟! ئەی ئەگەر وایە بۆ لە سەرەتادا حەرام بووە؟! بێگومان هیچ یەکێک لەمانە ڕاست نین و پیاوانی ئایینیش وەڵامێکیان لەم بارەوە پێ نییە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەم ڕوانگە و ئەم نەخواردن و قەدەغەبوونەی گشت خوێن و گۆشتی مردارەوەبوویەک لە نێو ڕەوتی حەنەفییەکاندا بڵاوبووە، بۆیە محەمەدیش وەکوو یەکێکی سەر بەو ڕەوتە، هەمان بڕیاری دەرکرد، بەڵام دوایی بە هەر هۆیەک بووبێت، بڕیاری خۆی ئیلغا و حەرامی حەنەفییەکان حەڵاڵ ئەکاتەوە. پێویستە لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین، کە بۆچی محەمەد خواردنی گۆشتی بەرازی حەرام کردووە؟

سەرەتا ئەبێ ئەوە بڵێین، کە خواردنی گۆشتی بەراز لە پێش محەمەد و ئیسلامیشەوە، لە لایەن ڕەوتی حەنەفییەوە بە خراپ باسکراوە و بە حەرام دانراوە، کە دوور نییە ئەم هەڵوێستە لەو ڕوانگەیەوە نەهاتبێت، کە مرۆڤی کۆن پێیان وابووە هێزی ئەو شتەی مرۆڤ ئەیخوات ئەچێتە لەشییەوە(24)، بۆیە ئەبێ گۆشتی بەراز نەخۆن، چونکە ئاژەڵێکی ترسنۆکە و لە ئاکامدا مرۆڤ ترسنۆک ئەکات.

کاتێک، کە محەمەد و ئیسلام پەیدابوون، هەمان ئەقڵیەتیان درێژە پێدا، کە حەنەفییەکان کردوویانە، ئەمەش بێگومان نەک لەبەر هۆی زانستی و

پزیشکی، کە گوایە گۆشتی بەراز تەندروست نییە و کرمی تێدایە! بەڵکوو بە هۆی خورافییەوە. ئەوەی ئەم ڕاستییەش ئەسەلمێنێ ئەوەیە، کە هەتاوەکوو هەنووکەش ئەم تێڕوانینە لەنێو پەیڕەوانی ئیسلامدا هەرماوەتەوە، نەک هەر لە نێو خەڵکیدا، بەڵکوو لە نێو ڕابەرانی ئیسلامیشدا، هەروەکوو چۆن موفتی بۆسنە، شێخ مستەفا پرۆپاگەندەی بۆ کردووە، کە نابێت موسڵمانەکانی ئەو وڵاتە گۆشتی بەراز بخۆن، چونکە ئەبێتە هۆی لاوازکردنی توانایی سوپای بۆسنە!(25)

یەکێکی تر لەو مەسەلانەی، کە چەندین ئایەتی ناسخ و مەنسوخی لەسەرە و چەندین جار بڕیاری پێشووی هەڵوەشاندۆتەوە، مەسەلەی خواردنەوەی مەوادی ئەلکۆل (کحول)ییە، کە پیاوانی ئایینی ئیسلام زۆر بە سەختی گرتوویانە و یەکێکە لە گرنگترین ئەو مەسەلانەی، کە کردوویانە بە پێوانە بۆ مرۆڤ و بە زانیاری و زانستی پزیشکی ئەبەستنەوە و ... هتد. یەکەم ئایەت لەو بارەیەوە ئەڵێت: "ویسئلونک عن الخمر والمیسر قل فیهما إثم کبیر"(26) دووەم: "لا تقربوا الصلاة وأنتم سکاری حتی تعلموا ماتقولون"(27)، سێیەم: "إنما الخمر والمیسر والأنصاب والأزلام رجس من عمل الشیطان فاجتنبوه"(28). لێکۆڵەرە ئیسلامییەکان ئەڵێن: ئەم حوکمە بۆیە بە سێ جار هاتووە و هەر جارە حوکمی پێشوو ڕەت کراوەتەوە، بۆئەوەی دیاردەی خواردنەوە بەرە بەرە لە نێوبەرێت، نەک یەکسەر و لە پڕێکا! بەڵام ناڕاستی ئەم قسانە لە زۆر ڕووەوە ئاشکرایە، یەکەم: لە هیچ شوێنێکدا محەمەد بە دیاریکراوی ئاماژە بۆ ئەو هۆیە ناکات، کە گوایە، ئامانجی ئەو ئایەتانە بەو شێوەیە، بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردەیە بە تەدریجە، بەڵکوو هۆی تری باس کردووە کە دواتر باسی ئەکەین. دووەم: هەروەکوو ئاشکرایە حوکمی دوایی ئەم ئایەتانە بریتین لە حەرامکردنی یەکجاریی خواردنەوە، واتە: ئەگەر ئەو نەخشە بەرەبەرەیییەی وەک بانگەشەی بۆ ئەکەن ڕاستیش بێت، ئەوە بەشێکی زۆر کەم لە خەڵکی دنیای ئەو سەردەمە ئەگرێتەوە. بە مانایەکی تر: ئەم نەخشەیە بەکارنەهێنراوە بۆ ئەو کاتەی، کە



ئیسلام فراوان ئەبیتەوە (بە ڕادەیەک کە زۆرێک لە وڵاتەکانی دەوروپشتی خۆیان داگیرئەکەن)، بەڵکە لە دوای داڕشتنی ئەو ئایەتەوە، لەگەڵ هەر خەڵکێکی دیکە، بە حوکمی یەکسەر و کوتوپڕ مامەڵەکراوە، واتە، یەکسەر قەدەغە کراوە، کە بە پێی قسەکانی خۆیان بێت، حوکمی یەکسەر و کوتوپڕ قورس و زەحمەتە! سێیەم: خواردنەوە یەکێکە لەو شتانەی، کە لە پێش محەمەد و لە لایەن بەشێک لە خەڵکەوە بە تایبەت لە لایەن کەسانی سەر بە ڕەوتی حەنەفییەوە، بە کارێکی باش نەزانراوە، کە دیارە محەمەد پێی وا نەبووە ئەو هەڵوێستەی حەنەفییەکان بە فەرمانی خودا و بە سروش قەدەغە کرابێت، بەڵام وا پێ دەچێت، ئەمە تێڕوانینێکی گشتی نەبووبێت لە ناو حەنەفییەکاندا، هەروەکوو دەرئەکەوێ، لە سەرەتادا محەمەد ئەو هەڵوێستەی نەبووە و دواتر قسەی زیاتری لەسەر ئەکەین. چوارەم: ئەگەر بڕوانینە ئەو سەرچاوە ئیسلامییانەی، کە باسی هۆی داڕشتنی هەر ئایەتێک ئەکات، یانی بە گوفتاری خۆیان: هۆی هاتنەخوارەوە و نازڵبوونی (أسباب النزول)، ئەبینی هەر یەکە لەو ئایەتانە لە ئەنجامی ڕووداوێکەوە حوکمی بۆ دەرچووە، کە ئەگەر بهاتبایە ئەو ڕووداوە ڕووی نەدایە، ئەو حوکمەش بەو شێوەیە نەئەبوو، ئەمەش یانی محەمەد بۆخۆی وای دانەناوە، کە بە قۆناغبەندی و لە ماوەیەکی زەمەنیدا بەرەنگاری ئەو دیاردەیە ببێتەوە. پێنجەم: لێکۆڵەرە ئیسلامییەکانی ئەمڕۆ هاتوهووی ئەوە ئەکەن، کە گوایە قەدەغەکردنی خواردنەوەی مەوادی ئەلکۆلی لە ئیسلامدا، بۆ ئەوە بووە، کە زیانی تەندروستی زۆری بۆ لەشی مرۆڤ هەیە، هەروەکوو زانست دەری خستووە، بەڵام ئەمانە گشت قسەی دوور لە ڕاستین و بە هیچ جۆرێک ئەم حوکمانە لەوێوە سەرچاوەیان نەگرتووە. خۆئەگەر بێت و بگەڕێینەوە بۆ قورئان و ئایەتەکانی پێشووتر، تەنانەت ئەبینین باسی بڕێک باشی خواردنەوەش ئەکات، یان هەر بە چاکیشی ئەداتە قەڵەم. ئەوەتا کاتێک محەمەد ئەڵێت، خواردنەوەی سەرخۆشکەر شتێکی خراپە، یان گوناهی گەورەی تێدایە، یەکسەر ئەڵێت: قازانجیشی بۆ خەڵک تێدایە (ومنافع

للناس)، بەڵام گوناهەکەی گەورەترە وەک لە قازانجی (واثمهما اکبر من نفعهما)(29).

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە: ئەگەر خواردنەوە ئەوەندە شتێکی خراپە و تەندروستی مرۆڤ تێکئەدات و ...هتد هۆی چییە محەمەد بەو شێوەیە وەسفی ئەکات؟! خۆ هیچ کەسێک زۆری لێی نەکردووە ئەو کارە بکات؟ ئەگەر وا دابنێین حوکمی قەدەغەکردنی بۆ خەڵک زەحمەت بێت و ئەبێ بەرەبەرە ئەو کارە بکات، ئەی خۆ وەسفنەکردنی بەلای خەڵکەوە هیچ زەحمەتی تێدا نییە؟! تۆ بڵێی محەمەد ئەو کاتە زیانە تەندروستییەکانی نەدۆزیبێتەوە؟! کەواتە ئەمانە گشت بانگەشەیەکی ناڕاستن و بە هیچ جۆرێک لەبەر هۆی تەندروستی بڕیاری لەسەر نەدراوە، هەروەکوو لە خودی ئایەتەکەشدا دەرئەکەوێت، کە ئەڵێت: "حتی تعلموا ما تقولون"، واتە: بۆئەوەی بزانن چی ئەڵێن. ئەمەش بۆئەوەیە، کاتێک لە بەرامبەر خوداکەتدا بۆ نوێژکردن وەستاویت، ئەبێ هۆشت لەسەرخۆ بێت و بزانیت چی ئەڵێیت! هەروەکوو لە ئایەتی سێهەمدا دەرئەکەوێت و ئەڵێت: "رجس من عمل الشیطان فاجتنبوه"، واتە: ئەوە کارێکی پیسە و لە کردەوەی شەیتانە، لێی دوور بکەونەوە. وا دیارە، ئالێرەشدا هۆی قەدەغەکردنی خواردنەوە، بە لێکدانەوەیەکی خورافییەوە بەسترابێتەوە و بە کاری شەیتانیان دانابێت، چونکە جارێکیان کۆمەڵێک موسڵمان، لە پاش خواردن و خواردنەوەیەکی زۆر ئەبێتە شەڕ و لێکدانیان(30)، هۆی ئەم شەڕەش بە کاری شەیتان زانراوە، هەرەکوو هەتا ئێستاش ئەو خورافەیە هەر درێژەی هەیە و پەیڕەوانی ئیسلام لە کاتی نزا و پاڕانەوەدا ئەڵێن: خودایە بمانپارێزی لە شەڕی شەیتان، لە فیتنەی ئاخر زەمان!

کەواتە، مەسەلەکە بە هیچ جۆرێک بەوەوە پەیوەست نییە، کە ئەلکۆل زەرەر و زیانی (ئەبێ ئەو ڕاستییەش بڵێین، کە خواردنەوەی هەموو ڕۆژەی شەرابی سور بە ڕادەی یەک دوو پێکێک، شتێکی تەندرووستە و زانست پشتیوانی لێ دەکات) بۆ لەشی مرۆڤ هەیە، هەروەکوو ئایەتەکان بۆخۆیان



لەو بارەیەوە ئاشکران (صریح)، بەڵام مەلا و لێکۆڵەرە ئیسلامییەکان ئەو مەسەلەیە بە ئەنقەست ئەگۆڕن و گەرەکیانە بەرگی زانست و هاوچەرخ بکەنە بەر ئیسلام، ئەگەربێت و یەکێکی تر باسێکی لەو جۆرە لە قورئاندا بشێوێنێ، بە کافر و مولحید، یان تێنەگەییشتوو لە ئایینی ئیسلام ئەدەنە قەڵەم!

ئێستا لێرەدا جێی خۆیەتی ئەو پرسیارە بکەین، ئەگەر وامان دانا، ئەوەی ئەوان ئەیڵێن ڕاستە و مەسەلەکە بە مەبەستی قۆناخبەندی بووە، ئەی ئێستا و لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، لە بەرامبەر ئەو دیاردەیە ئەبێ هەڵوێستیان چی بێت، ئەگەر لە کۆمەڵێکدا دیاردەیەکی بەو جۆرە بڵاو و لە ئارادا بێت؟ ئایا هەر ئەبێت ڕێگە و ڕێبازی محەمەد بگرنەبەر و ئەوانیش قۆناخبەندی بکەن؟! یان نەخێر قۆناخبەندی ئیتر دروست نییە (ئەگەرچی ڕووبەڕووی هەمان دۆخیش ببینەوە)، چونکە ئایەتەکانی پێشوو هەڵوەشێنراونەتەوە و نابێت کاریان پێ بکرێ، ئەوەی کاری پێ ئەکرێ تەنها دوا ئایەتە، ئەویش دوورکەوتنەوەی یەکجارییە لە خواردنەوە؟!

لە کۆتایی ئەم بەشەدا وا چاکە قسەیەکی عەبدوڵای کوڕی مەسعود بهێنینەوە، کە ئەڵێت: جارێکیان لە لای پەیامبەر بووم، ئایەتێکی بۆم خوێندەوە، منیش لەبەرمکرد و نووسیمەوە، شەو بۆ خەوتن بۆ ماڵەوە گەڕامەوە، نووسینەکەم لەگەڵ خۆمدا نەبردەوە و بەجێم هێشت، پاشان کە گەڕامەوە و نووسینەکەم سەیرکردەوە، بینیم ئەوەی، کە پێشتر نوسیبووم کوێر کراوەتەوە، منیش پرسیارم لە پەیامبەر کرد، کە بۆچی ئەوەی نووسیومە سڕاوەتەوە؟ لە وەڵامدا گووتی: ئەی کوڕی مەسعود هەر دوێنێ ئەوە لابرا(31).

لێکۆڵەرە ئیسلامییەکان ئەم ئایەتە ئەخەنە ڕیزی ئەو ئایەتانەی، کە خوێندنەوە و حوکمیان ئیلغا کراونەتەوە، بە بێئەوەی پرسیار بکەن، کە ئایا ئەمە لەگەڵ تەرازووی ژیرییەکەیاندا دێتەوە یان نا؟!(32)، ئایا هەڵوەشانەوەی ئەم ئایەتە هیچ بیانوو و پاساوێکی هەیە؟ ئەمە لە کاتێکدا

هێشتا ئایەتەکە ڕانەگەیەنراوە و بڵاونەکراوەتەوە، کەس نایزانێ و کار بە حوکمەکەی نەکراوە، ئەگەر ئایەتەکانی دیکە بە هۆی ئاڵوگۆڕی هەلومەرج و پێشهاتی ڕووداوەکان ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە، بە جۆرێک کە پێشتر لە پێشبینی محەمەددا نەبووە، بەڵام ئەم ئایەتەیان بۆ؟ ئایا هیچ پینەوپەڕۆیەک بۆ ئەم مەسەلەیە ئەکرێ؟ یان ئەوەتا هیچ بواری تەک و جم نەماوەتەوە بە غەیری ئەوەی بڵێین: بەڵێ! محەمەد هەر بۆخۆی ئەو ئایەتەی داڕشتووە و هەرخۆشی بۆ شەو لێی پەژیوان بووەتەوە و بە دڵی نەبووە، بۆیە پێش ئەوەی ڕای بگەیەنێ و بڵاوی بکاتەوە کوێری ئەکاتەوە.

بەو شێوەیە ئەبینین، کە چۆن مەسەلەی ناسخ و مەنسوخیش ئەوەندەی تر لێکدانەوەکانمان ئەچەسپێنێ و حوکمەکانمان ئەسەلمێنێ، کە پێشتر لە ڕوانگەی ماتریالیزمی مێژووییەوە دامانە دەست. بەو شێوەیە بۆمان دەرئەکەوێت، کە چۆن محەمەدیش وەک هەر میر و سەردار و شایەک، وەک هەر حاکم و کاربەدەستێک، بەپێی قازانج و بەرژەوەندی خۆی و بە گوێرەی هێز و توانای خۆی، بڕیار و یاساکانی ئەگۆڕێت و بە گوێرەی پێشهاتی ڕوداوەکان و زیادبوونی تاقیکردنەوە و زانیاری، فتوای تازە ئەدات و فتوای کۆنی هەڵئەوەشێنێتەوە. ئەمانە گشت، هیچ بوارێک بۆ داکۆکیکەرانی ئیسلام ناهێڵنەوە، کە ئەیانەوێت بەرگێکی ئیلاهی بکەنە بەر ناسخ و مەنسوخ و لە پراتیکی مرۆڤ سەبارەت بە یاسا و بڕیارەکانی دووری بخەنەوە.

ئەمانە گشت ئەو بانگەشانەش بەتاڵ ئەکەنەوە، گوایە قورئان بە تەواوی و بێ دەسکاری ماوەتەوە، یان خودا خۆی ئەیپارێزێ (إنا نحن نزلنا الذكر وإنا له لحافظون)(33)، تاوەکوو بەم قسانە پیرۆزییەک بە قورئان ببەخشن و بەرگی ئیلاهی بە بەردا بکەن.

# بەشی پێنجەم

## ئیسلام زانستە یان جەهل و خورافە؟!

## ئیسلام زانستە یان جەهل و خورافە؟!

لەو سەردەمەوە، کە مرۆڤ پەیدا بووە، هەمیشە و بەردەوام بیری کردووەتەوە و هەوڵی ناسینی خۆیی و دیاردەکانی کۆمەڵ و سروشتی داوە. دەوروبەر و کەشوهەوا و چۆنیەتی بەرهەمهێنان مۆری خۆیان لە هەر کۆمەڵە مرۆڤێک داوە و چوارچێوەی فکری و مەعریفی، دەستنیشان کردووە. هەربۆیە کۆمەڵی مرۆڤایەتی بە زنجیرەیەک لە گۆڕان و پەرەسەندندا تێپەڕیوە، کە ئەڵقەی یەکەمی لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکانەوە دەستی پێ کردووە هەتا ئەگاتە ڕۆژگاری ئەمڕۆ.

مرۆڤ لە هەر بوارێکدا دەستەویەخە بووبێت و پێداویستییەکانی کار و ژیانی بەرۆکی پێ گرتبێت، لەو بوارەدا ناسین و زانیاری و داهێنانی زیاتر پەرەی سەندووە، هەربۆیە ئەمە بووەتە هۆی جیاوازی لە نێوان هەر کۆمەڵە مرۆڤ و هەر میللەتێک لە شوێنە جیاجیاکاندا. زانیاری و ناسینی مرۆڤ لە سەرەتادا دواکەوتوو، وێناگەری و ئەندێشەگەری و پاشان هەستەوەری و دواتر زانستی بووە پێبەپێی پەرەسەندنی.

میللەتی عەرەب لە جەزیرەی عەرەبیدا وەک هەر کۆمەڵێکی دیکەی سەر زەوی بە هەمان حاڵ و بە هەمان پرۆسەدا تێپەڕیوە. وەلی بە حوکمی هەمان هەلومەرجی ماددی، کە باسمان کرد، ئەگەر بەراووردێک لە نێوان



عەرەب و میللەتانی دەوروپشتی لە: میسر، یۆنان، بابل، ئاشوور، فارس و ... دا بکەین، ئەبینین میللەتی عەرەب لە بوارە جیاجیاکانی زانیاری و زانستدا، لە چاو ئەو میللەتانە زۆر دوواکەوتوو بووە و لەو نێوانەدا، زیاتر بایەخی بە زانیاری فەلەک و ئەستێرەناسی و پزیشکی داوە، کە ڕەنگدانەوەی پێداویستی ناچاریی خێڵە عەرەبەکان بووە، لێ لەو بوارەشدا لەچاو میللەتەکانی دەوروپشتی خۆیدا، زۆر دواکەوتوو بووە(1).

مرۆڤی عەرەب بە حوکمی ژیانی خێڵەکی و کۆچەری خۆی، سەرنجی ئاسمان و مانگ و خۆر و ئەستێرەکانی داوە، پێی وابووە جووڵەی ئەوانە بە ژیانی خۆیەوە پەیوەستە، لێکدانەوەی زۆری بۆ کردوون، هەروەکوو لە باسەکانی پێشووماندا قسەمان لەسەری کرد. هەروەها زانیاری پزیشکی وەکوو زانیارییەکی ناچاری، کە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە ژیان و مان و نەمانی مرۆڤەوە، لە هەر کۆمەڵێکدا کەم و زۆر هەبووە.

کاتێک، کە بزووتنەوەی ئیسلام سەری هەڵدا و لە ئەنجامدا هێرشی بۆ سەر وڵاتانی دەوروپشتی کرد، میللەتی عەرەب زۆر چشت لەو میللەتانەوە فێربوو. کاتێک، کە ئیسلام وڵاتی شامیان داگیر کرد، شارەزاییەکی سەرەتایی دەربارەی زانستی پزیشکی نەبێت، شتێکی ئەوتۆیان نەدەزانی، ئامراز و ئالاتی پزیشکی مەگەر زۆر بە کەمی نەبێت، نەیان بووە(2)، هەربۆیە لێرەوە شارەزاییەکی زۆریان دەسگیر بوو، هەروەکوو لە هەمان وڵاتدا شارەزاییان دەربارەی فەلسەفە پەیدا کرد(3)، کە دیسانەوە لەم بارەیەوە شارەزاییەکی ئەوتۆیان نەبووە. ئەمە سەرباری ئەوەی لە زۆر بواری ژیانی شارستانی وەکوو بیناسازی، ئاوەدانکردنەوە و کشتوکاڵدا گەلێک سوودیان لەو میللەتانە وەرگرتووە.

کەواتە، میللەتی عەرەب تا ئەو دەمەی، کە هێشتا ئیسلام لە جەزیرەی عەرەبی نەچووبووە دەرەوە، یانی لە سەردەمی محەمەددا، شارەزایی زۆر کەم و سەرەتاییان دەربارەی لقە جۆراوجۆرەکانی زانست هەبووە، کە پێشکەوتووترینیان زانیاری ئەستێرەناسی و پزیشکی بووە، ئەوەش بەهۆی

تاقیکردنەوەی خۆبەخۆیی خۆیان و کارلێکردن لەگەڵ میللەتانی دەوروبەریاندا فێری بوونە. هەربۆیە ئەگەر چاوێک بە قورئان (کە بۆ خۆی ئاوێنەی سەردەمەکەی خۆیەتی)دا بگێڕین و سەرنجێک لەو باس و مەسەلانە بدەین، کە لە پەیوەست بە زانستەوە تیایدا هاتوون، ئەو دواکەوتووییەی، کە باسمان کرد بە ئاشکرا ڕەنگئەداتەوە و ئەگەر لەگەڵ زانیاری و زانستی میللەتانی دەوروپشتیشیاندا بەراوردی بکەین، ئەوا ئەو ڕاستییەمان بۆ دەسەلمێنێ، کە لێی دواین، دواتریش قسەی لەسەر ئەکەین و نموونەی بۆ دەهێنینەوە.

زانست و زانیاری هەتاوەکوو ڕۆژگاری سەدەکانی نێوەڕاست، بە حوکمی ئەوەی لەژێر چەتری ئایین و لێکدانەوەی ئایدیالیستیدا بوو، بواری پێشکەوتن و پەرەسەندنی لێ بەربەست بووبوو. ئایین وەک ئایدۆلۆژیای چینە دەسەڵاتدار و خانەدان و فیئۆداڵەکان، پاکانەی بۆ چەوسانەوە و کۆنەپەرستی ئەم نەزمە ئەکرد. زانیاری و زانستیش بۆی نەبوو لە سنوری لێکدانەوەی خەیاڵی و ناواقیعی ئایین دەربچێت، کە دیارە کێشەکە لە ڕیشەی خۆیدا دەچێتەوە سەر ناکۆکی هەمیشەیی و بەردەوامی نێوان دوو ڕوانگە و دوو لێکدانەوەی فەلسەفی، یانی ماتریالیزم و ئایدیالیزم، کە بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی و بەپێی سەردەم، ئەو ناکۆکییە بە لایەکدا قورس و بە لایەکی دیکەدا سووک بووە. بەڵام ئەو کۆسپ و ڕێگرییانە ناتوانن بزووتنەوەی پێشکەوتنی کۆمەڵ بە یەکجاری و تاسەر خەفە و مت بکەن. هەربۆیە ئەم بزووتنەوەیە لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا توند بووەوە و لە سەدەی شانزەهەمی زایینیدا و لە نێو میللەتانی ئەوروپاوە، زانیارییە سروشتییەکان تەکانێکی گەورە و پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی.

کۆپەرنیکۆس (1473-1543) یەکەمین کەسە، کە تیۆری کۆمەڵەی ڕۆژی دانا و ئاشکرای کرد، کە زەویش ئەستێرەیەکە وەک هەر کامێک لە ئەستێرە گەڕۆکەکانی دیکەی سەر بە کۆمەڵەی خۆر. کۆپەرنیکۆس گووتی، زەوی



نەوەستاوە، بەڵکوو بە دەوری خۆیدا ئەخولێتەوە، هەروەها گووتی، ئەوە خۆر نییە، کە لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا دەبزوێ، بەڵکوو بە پێچەوانەوە ئەوە زەوییە، کە جگە لە خولانەوەی بە دەوری خۆی، بە دەوری خۆریشدا ئەخولێتەوە ... هتد. ئەم تیۆرییەش بە تەواوی لەگەڵ ئەو بیروڕا و بۆچوونانەی، کە ئایینەکان باسیان دەکرد پێچەوانە بوو.

بیروباوەڕی ئایینی، زەوی لە ئەستێرەکانی تر جیا ئەکاتەوە و تایبەتمەندی و پیرۆزییەکی پێ دەبەخشێت، پێی وایە، کە خودا بە تایەکاری دروستی کردووە، پیرۆزی ئەکات و بە نێوەندی گەردوونی ئەزانێ، پێی وایە، زەوی ئەستێرە نییە و ئەستێرە ئەو تەنە بچووکە درەوشاوانەیە، کە بە ئاسمانەوە هەڵواسراوە، پێی وایە، مانگ و خۆر دوو نیشانەی خودان و بە فەرمانی ئەو، لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا دێن و دەچن ... هتد. ئەم دەستکەوتە زانستییە و چەندین دەسکەوتی تری لقە جۆراوجۆرەکانی زانستی سروشت یەک لە دوای یەک بیروباوەڕی کۆن و داڕزیو و خورافی و ئەفسانەیی و ئایدیالیستی بەر ڕەخنە دا و دنیای هەژان و بیرکردنەوەی مرۆڤی ڕاتەکاند.

ئەوەی دەبێت لێرەدا قامکی بۆ درێژ کەین ئەوەیە، بۆ تێگەییشتن لە مێژووی پەرەسەندنی زانستی سروشتی، نابێت پەنا بۆ کاری داهێنەرانەی زاناکانی ئێرە و ئەوێ ببەین، یان مەسەلەکە بۆ تایبەتمەندیی ژیری بگەڕێنینەوە، هەروەکوو مێژوونووسە بۆرژوازییەکان وایان کردووە و وای نیشان ئەدەن، بەڵکە پێویستە لە پەرەسەندنی بەرهەم و هێزە بەرهەمهێنەرەکان و پێویستییەکانی پراتیکی کۆمەڵایەتی و ژیانی ماددی کۆمەڵەوە دەستپێبکەین.

هەروەکوو ئەنگلس لە کتێبی "دیالێکتیکی سروشت"دا باسی دەکات: لەدایکبوونی زانست و پەرەسەندنی، هەر لە سەرەتای خۆیەوە، بە بەرهەمهێنانەوە پەیوەستە. هەروەها ئەڵێت: هەتا ئێستاش وا لێکئەدرێتەوە، کە زانست چاکەی بەسەر بەرهەمهێنانەوە هەیە، بەڵام زانست یەکجار زۆر قەرزاری بەرهەمە، چونکە گەشەی هێزە بەرهەمهێنەرەکان و پێویستییەکانی بەرهەم، لە هەر پلەیەکدا و لە هەر ئاستێکی مێژووی

مرۆڤایەتیدا، ئەرک و فرمان لە سەرشانی زانست دائەنێ، کە چی بکات و لە چ بوارێکدا درێژە بە کارەکانی خۆی بدات.

کەواتە، ئەم بزووتنەوە زانستییە، زادەی ئەو هەلومەرجە ماددییەیە لەو سەردەمەدا، کە سیستەمی دەرەبەگی بووبووە ڕێگر لە بەردەم گەشەی هێزە بەرهەمهێنەرەکان و پەرەسەندنی چینی شۆڕشگێڕی تازەپێگەییشتوو، یانی چینی بۆرژوازی، بۆیە فیۆداڵەکان و پیاوانی ئایینی بە گشت شێوەیەک بەربەرەکانێی پەرەسەندنی زانستیان ئەکرد، کە بە زیانی خۆیان و بە قازانجی چینی بۆرژوازی تەواو ئەبوو. هەربۆیە کەوتنە گرتن و ئەشکەنجەکردن و سووتاندن و ئیعدامکردنی زانا و پیتۆڵ و ڕابەران و کەسانی لایەنگری پێشکەوتن.

برۆنۆ پاش ئەوەی هەشت ساڵی ڕەبەق لە زیندانەکانی دادگای پشکنین، لەژێر زەبری ئازار و ئەشکەنجەدا نالاندی، لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی 1600ی زایینی، لە گۆڕەپانێکی شاری ڕۆمادا، بە پێشچاوی خەڵکەوە ئاگری تێ بەردرا. برۆنۆ بە ئازایانە و بە گاڵتەپێکردنەوە بە نوێنەرانی خودای گووت: وابزانم ئێوە زۆر لە من زیاتر لەو بڕیارە دەترسن(4). بەڵێ! (نوێنەرانی خودا) ئەیانزانی، کە ئەو ڕێیە ڕووی لە نەمانی خودا و بەرژەوەندییەکانیانە، برۆنۆش ئەیزانی ئەو ڕێیە هەر بەجێی خۆی ئەگات.

دۆلییە، کە زمانەوانێکی فەرەنسی بوو، بە هۆی چاپخانە تایبەتییەکەی خۆیەوە، بیروباوەڕی هیومانیستی بڵاو ئەکردەوە، لە مانگی ئابی 1546دا، لە مەیدانێکی شاری پاریس سوتێنرا(5) و گیانی بە قوربانی ئایین و خودا بوو!

لە ساڵی 1633ی زاینی لە هۆڵی سزادان، دادپرسە ئایینییەکان دەستیان بە سزادانی گالیلۆی پیرەمێرد کرد، بە تاوانی ئەوەی، وتوویەتی زەوی خڕە و بە دەوری ڕۆژدا ئەسوڕێتەوە(6)، سەرئەنجام ناچاریان کرد، کە پەژیوان بێتەوە و بڵێ: زەوی وەستاوە، ناجوڵێ و ناوەندی گەردونیشە.



بەو شێوەیە دادگای پشکنین، کە لە لایەن پیاوانی کۆنەپەرستی ئایینییەوە دامەزرابوو، هەڕەشەی لە هەر زانا و لێکۆڵەرێک دەکرد، کە بە پێچەوانەی بیروباوەڕی ئایینییەوە، دەسکەوتێکی زانستی بەدەست ئەهێنێ. باسکردنی خڕێتی زەوی بە تەنها، تاوانێک بوو، بۆ ئەوە بەس بوو، کە لە جەرگەی شاردا بتکەن بە قەقنەس!

بەڵام ئەم بزووتنەوەیە بەرەوپێش دەچێت و هێزی بزوێنەری خۆی هەیە و تەکانی پێ ئەدات، بزووتنەوەی ڕوو لە پێش، سەرباری هەر کەند و کۆسپێک، سەرئەنجام بەسەر دنیای کۆن و کۆنەپەرستیدا زاڵ ئەبێت. هێزە بەرهەمهێنەرەکان پەیوەندی بەرهەمهێنانی هاوتای خۆیان بەدەست دەهێنن، زانیاری و زانستیش وەک هێزێک، وەک پەیکەرەیەکی ڕاوەستا و خۆ دەنوێنێ، کە کۆنەپەرستان ناچار دەکات ئارایشتی بکەن. جوانترین بەڵگەی ئەم ڕاستییەش پەیکەرە لووت بەرز و شکۆدارەکەی دۆلییەیە، کە لە ساڵی 1889ی زایینیدا و هەر لەو شوێنەی، کە تیایدا سووتێنرا، بە ئاهەنگێکی قەشەنگ پەردەی لەسەر لابرا. ئا بەو جۆرە شانۆ تراژیدیاییەکەی ساڵی 1546 لە پێش 313 ساڵ، بووە گۆڕەپانێکی ڕازاوەی پاریس و بە بێدەنگی جوانترین چیرۆک و ڕازاوەترین پەند و داستان بۆ نەوە لە دوای نەوەی مرۆڤایەتی دەگێڕێتەوە(7) و گەورەترین گۆپاڵیشی بەسەر کەشیش و ئایین و کۆنەپەرستیدا کێشا. ئیدی زانست ئەو کۆت و بەندەی شکاند و خۆی لە ژێر مۆتەکەی ئاییندا هێنایە دەر و سەربەخۆیی و جیایی خۆی لە ئایین ڕاگەیاند، کار هەر لەو ئاستەدا نەمایەوە، بەڵکە ئەم بزووتنەوەیە بە جۆرێک فشاری بۆ ئایین هێنا، کە پیاوانی ئایینیی ناچار بکات، کە چاوێک بە بڕیاری خوداکاندا بخشێننەوە و ئاڵوگۆڕ و ڕیفۆرمێک لە ئاییندا دەست پێ بکەن. ئیدی ئایین و ئەو بڕیارە ئاسمانییانە ناچار بوون، کە کڕنۆش بۆ هێزی تازە و زانست بەرن و پاش شەڕێکی خوێناوی و ململانێیەکی توندوتیژ، ناچار بوون، کە خۆیان لەگەڵ ڕەوتی مێژوودا ڕێکبخەن، تاوەکوو ڕۆحێک وەبەر جەستەی خوداکانیان بخەنەوە.

زانستی سەدەی هەڤدە و هەژدە بە شێوەیکی گشتیی، زانستێکی میکانیکی و میتافیزیکی بوو. ئەم شێوە ماتریالیستە ئەگەرچی چوارچێوەیەکی تەسکی هەبوو، وەلی لەگەڵ ئەوەشدا گۆران و کاریگەری گەورەی بەدەستهێنا و شیرازەی ئایینی هێنایە لەرزین و لە هەر بوارێکدا، کە دەسکەوتێکی بەدەستئەهێنا، خودای لەو مەیدانەدا دەرئەپەڕاند و پاشەکشەی پێ ئەکرد.
کاتێک لاپلاس پەرتووکەکەی خۆی (سیستەمی گەردوون) بۆ ناپلیۆن بە دیاری نارد، ناپلیۆن پرسیاری لێ کرد و گووتی: لەو سیستەمەدا خودا چ جێگایەکی هەیە؟ لاپلاس لە وەڵامدا گووتی: خودا لە سیستەمەکەمدا گریمانە (فرضية)یە و پێویستیم پێی نییە(8).
هەروەها یاساکانی کیپلەر لە مەڕ جووڵەی تەنە گەڕۆکەکان بە دەوری خۆر و یاساکانی کێشکردنی گشتی و جووڵەی میکانیکی نیوتن، دەستی خودای لە جووڵە و سوڕانەوەی ئەستێرەکان و زەوی بە دەوری خۆردا هەڵگرت و سەنگەری پێ گواستەوە.
هەربۆیە سەیر نییە، ئەگەر نیتشە لە سەدەی ڕابوردوودا ڕای بگەیەنێ و بڵێت: "خودا مرد"(9). بەڵام هەروەکوو باسمان کرد ماتریالیزمی میتافیزیکی چوارچێوەیەکی تەسک و بە کەموکوڕی و بە کەمایەسی بوو، هەربۆیە پاش ئەوەی زانست لە تاریکستانی سەدەکانی نێوەڕاست دەرباز بوو، هێرشێکی توندوتیژی بۆ سەر ئایین کرد، جارێکی دیکە بەهۆی لاوازی ئەو بناغەیەوە، کەوتەوە نێو داوی ئایینەوە. هەربۆیە ئەنگلس لە "دیالێکتیکی سروشت"دا ئەڵێت: ئەم ماوەیە کۆپەرنیک بە نوسینەوەی پەیامی دوورکەوتنەوە و دابڕان لە لاهوت دەستی پێ کرد، بەڵام نیوتن، بە تیۆری پاڵی سەرەتایی (الدفعة الأولية) بە هۆی خوداوە، کۆتایی پێ هێنا.
ئیدی وردەووردە تیۆرەکانی میکانیکیی میتافیزیکی بووە هاوپەیمانی ئایدیالیزم و ئیدی بۆرژوازیش، کە هێزی بزاڤی کارگەری ترس و بیمی بۆ پێکهێنابوو، پاشەکشەی لە هەڵوێستەکانی خۆی کرد و لە زانستدا بووە دوژمنی سەرسەختی ماتریالیزم و پشتیوانی میکانیکییەت و میتافیزیکیەت و



ڕەوتە ئایدیالیستەکان، کە دیارە بەرژەوەندیی دواڕۆژی خۆی لەوێدا ئەبینییەوە.
ئیتر وردەووردە و جارێکی تر، ئایین تینوتاوی تێکەوتەوە، خوداکان گیانی خۆیان تەکاند و ڕاست بوونەوە، چونکە ئەم جارەیان بۆرژوازی پێویستی پێی هەیە و ئەبێت کۆمەک بە هەستانەوەی بکات. ئایین و خوداکانیش لە هەمبەر ئەم چاکەیەی بۆرژوازی، کە لە گیانەڵای مردن ڕزگاریانی کرد، بڕیاریان دا ئیتر لەمەودوا خزمەتکار و زوڕناژەنی سەرمایە بن.
ئەم شەڕ و ململانێ و پێکدادانە، ئەگەرچی سەرەتاکەی لە ئەورووپاوە دەستی پێ کرد و هەر لەوێش ڕۆڵی سەرەکی گێڕا، وەلێ دواتر هەر بەوێوە نەوەستا و بەوێوە قەتیس نەمایەوە، بەڵکە سەرتاسەری دنیای، بە هەمان ناوەڕۆک، بەڵام بە شێوازی جیاواز گرتەوە.
دوای ئەوەی سەرمایەداری لە ئەورووپا ڕیشەی خۆی قایم کرد، قۆناغەکانی پەرەسەندنی خۆی یەک لە دوای یەک تەی ئەکرد، لەگەڵ خۆیدا کاریگەری خۆی بە گشت دنیادا بڵاوکردەوە. هەروەکوو لێنین ئەڵێ: ناردنەدەرەوەی سەرمایە، کار لە پەرەسەندنی سەرمایەداریی ئەو وڵاتەی، کە سەرمایەکەی تێ دەڕژێت ئەکات(10)، ناردنەدەرەوەی سەرمایەش تایبەتمەندییەکی سەرمایەداریی سەردەمی مۆنۆپۆڵ و ئیمپریالیستی بوو، وە هەتا دەهات بازاڕەکانی جیهان، لە لایەن یەکێتی مۆنۆپۆڵەکانەوە داگیر و دابەش ئەکرا و تۆڕی سەرمایەی پوڵی (الرآسمال المالي) گشت وڵاتانی دنیای گرتەوە(11).
بەو شێوەیە سەرمایەداری بووە نەزمێکی جیهانی و پاشماوەی نەزمی کۆنی بە ڕیفۆرمە ئابوورییەکانی پاک کردەوە، دنیای تازەی لێکگرێ دا، پەرت و بڵاوی و دابڕاوی دنیای کۆنی تێپەڕاند.
دنیای تازە دنیای ئەمڕۆ، یەکێک لە سیما و تایبەتمەندییەکانی، زانیاری و زانست و پیشەسازی و تەکنەلۆژیایە. لە دنیای ئەمڕۆدا زانست بووەتە هێزێکی دیار و ڕاوەستاو و ڕۆژانە کۆمەڵی بەشەری دەسکەوتی تازە و تازەتر بەدەستئەهێنێ و گشت مرۆڤێکی سەر زەوی لێ ئاگادار ئەبێتەوە.

بۆیە هیچ چین و پارت و ڕەوتێک لە دنیادا نییە، بە دواکەوتووتریشیانەوە، کە هەڵوێستی خۆی لە بەرامبەر زانیاری و زانستدا دەرنەخات و تەکلیفی خۆی ساغ نەکاتەوە و خۆی جارێکی تر پێناسە نەکاتەوە.

کاتێک، کە بیروباوەڕی ئازادیخوازی و یەکسانیخوازیی شۆڕشی فەرەنسا و وڵاتانی تر و دەسکەوتە زانستییەکان بۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵات پەڕییەوە و وردەووردە کاریگەری خۆی دائەنا، ئایینەکانی باوی ئەو وڵاتانە بە ئایینی ئیسلامیشەوە، بە هەموو شێوەیەک و لێبڕاوانە، کەوتنە دژایەتیکردن و بەرپێگرتن و برەودان بە بیروباوەڕی خورافی و کۆنەپەرستیی ئایینی خۆیان، تەنانەت پیاوانی ئایینی ئیسلام پرۆپاگەندەیان بۆ ئەوە ئەکرد، کە کەس منداڵی خۆی نەخاتە بەر خوێندن، چونکە بە قەولی خۆیان، ئەوەی خوێندکار لە خوێندنگاکاندا ئەیانخوێنێ، دەرسی شەیتانییە! چونکە منداڵ هەر لە پلەی سەرەتایی خوێندنیدا، زۆر بە سادەیی ئەو زانستانە ئەخوێنێ، کە لەگەڵ ئایینی ئیسلامدا پێچەوانەیە، وەکوو باران و هەور و با، زەوی و مانگ و ئەستێرە، نەخۆشی و ... هتد.

بەڵام بە هەمان ئەو پرۆسەیەی، کە ئەورووپای تەی کرد، یانی پاش ئەوەی زانست بوونی خۆی چەسپاند و وەک دیاردەیەکی کۆمەڵی هاوچەرخ خۆی نواند، ئیتر هەندێک مەلا و پیاوی ئایینی و دەمسپی ئیسلام پاشەکشەیان کرد و بە ناچاری هەوڵی خۆگونجاندنیان لەگەڵ زانستدا دا و کەوتنە ناکۆکی لە نێوان خۆیاندا، بەڵام دواتر زۆربەی هەرە زۆریان تەسلیم بە زانست بوون و کەوتنە وتنەوەی قسەی مەلا میسرییەکان، کە لەو بوارەدا پێش شوێنەکانی تر کەوتبوون. ئیتر ئەم پیاوە ئایینییانە هاتنە سەر ئەوەی، کە چۆن ئایینەکەیان لە مەرگ ڕزگار بکەن و کارێکی وا بکەن، لە ڕەوتی مێژووی پێشکەوتن ئاهێکی بە بەردا بکەنەوە. بۆیە کون و کەلەبەری قورئان ئەگەڕان، بۆئەوەی بتوانن هەندێک ئایەت جیابکەنەوە، تاوەکوو بە زۆری زۆردارەکی زانستی بەسەردا ببڕن، لە کاتێکدا بە خوێی چێشتیش بەیەک ناگەنەوە.



مەلا و داکۆکیکارانی ئیسلام کەوتنە پاکانەکردن بۆ خۆیان و بۆ ڕابردووی خۆیان (هەروەکوو پێشووتر باسمانکرد، کە چ هەڵوێستێکیان لە بەرامبەر زانستدا هەبووە)، ڕەخنەیان لە ئایینی مەسیحی ئەگرت، کە ڕەفتاریان لە بەرامبەر زانا و بیریارانی ئەورووپادا چۆن بووە و چییان بەسەردا هێناوون، بۆئەوەی وا نیشان بدەن، کە ئەو مێژووە، مێژووی ئایین بە گشتی نییە، بەڵکوو مێژووی مەسیحییەتە بە تەنها. کەچی لەولاشەوە زانایەک، کە لە بواری فەلسەفی و لە چوارچێوەی ئایینی مەسیحی و ئایدیالیزمدا گیری خواردبێت (ئەگەرچی لە باری پراتیکەوە ماتریالیستی ئەبێت)، ئەگەر دەسکەوتێکی زانستی بەدەستهێنابێت، بە شانازییەوە باسی ئەکەن و ئەڵێن: فڵانە زانا و پرۆفیسۆر، کە فڵانە شتی دۆزیوەتەوە و کەشف کردووە، بڕوای بە خودا هەیە! ئەمانە پاشان کەوتنە گەڕان بە دوای دۆزینەوەی ئەو ڕەوت و ڕێبازە ئایدیالیستی و میتافیزیکییانەی کە لەنێو زانایانی بۆرژوازی، لە ئەورووپا سەریان هەڵدا، کە لە بەرامبەر زانست و ڕەوتی ماتریالیزمی دیالێکتیکی و چینی کرێکاردا وەستاونەتەوە، بۆ بەرگری لە ئایدیالیزم و بەرژەوەندی چینایەتییان، بۆئەوەی لێرەدا دووبارەی بکەنەوە و دەهۆڵی بۆ لێ بدەن و بڵێن: ئەو دەسکەوتە زانستییانە شکستی خواردووە و تیۆری مارکسیزمیش نازانستییە! بەڵێ! ئەم پیاوە ئایینییانە سەرقاپی خۆیان ئەدۆزنەوە و لە سەرچاوەی کۆنەپەرستترین ڕەوتەوە ئاو بۆ ئاشی خۆیان هەڵئەگۆزن، کەچی لەولاشەوە دەست ئەکەنە هاتوهەرای: ئەورووپای بێئەخلاق و بەرەڵا و فاسید، کۆمەڵی ئیسلامی بەئەخلاق و بە شەرەف! بەو شێوەیە و بە بێ ئەوەی هیچ حیسابێک بۆ ئەو هەموو پێشکەوتنەی کۆمەڵی ئەورووپا بکەن، لە بوارە جیاجیاکانی بەرهەم و زانست و تەکنەلۆژیا و سەرەتاکانی مافی مرۆڤ و دەسکەوتە فەردی و مەدەنییەکان و دەسکەوتەکان لە بواری ئازادی (کە سەرباری ڕێگری چینی بۆرژوازی و نەزمەکەی، سەرباری هەر دیاردەیەکی نامرۆڤانەی لەدایکبووی ئەو سیستەمە سەرمایەدارییە)، کاریگەری بەسەر گشت دنیاوە هەیە و بە

بەشێک لە پێشکەوتنی گشت مرۆڤایەتی ئەژمێردرێ و گشت دنیا قەرزداری ئەو دەسکەوتانەن، کە ئەوان بەدەستیان هێناوە، یان سەپاندوویانە بەسەر بۆرژوازی وڵاتەکانیاندا.

لە لایەکی دیکەوە، کاتێک، کە باس دێتە سەر زانست و پێشکەوتن، بە شانازییەوە باسی سەردەمی عەباسییەکان ئەکەن، کە چۆن بۆ سەردەمی خۆی، لە ئەوروپا پێشکەوتووتر بووە، کەچی کە باس دێتە سەر لایەنی ئابووری و چەوساندنەوە و ژیانی کۆمەڵایەتی و فەسادێک کە لە سەردەمی عەباسییەکاندا هەبووە، خۆیان بەخاوەنی ناکەن و ئەڵێن ئێمە بە تەنها قورئان و حەدیس و سەردەمی محەمەد، یان هێندێک لە خەلیفەکان دەکەینە سەنگ و پێوانە بۆ ئایینی ئیسلام!

بەو شێوەیە نازانن چۆن وەڵامی زانست و دەسکەوتەکانی بدەنەوە، چۆن خۆیان لە بەرامبەریدا پێناسە بکەنەوە و بە چ شێوەیەک ئەم دوو شتە دژ بە یەکە واتە، ئایین و زانست ئاوێتەی یەکدی بکەن. مەلا و نوێنەرانی ئیسلام بۆ سازاندنی ئایەتەکانی قورئان، هێندێک ئایەتیان جیا کردووەتەوە، گوایە لەگەڵ دەستکەوتەکانی زانستی سەدەی بیستەمدا جووت دێنەوە. هەندێکیان ئەڵێن، لە قورئاندا زیاتر لە 750 ئایەت دەربارەی زانستە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵ و سروشت هەیە(12). هەروەها ئەڵێن، 61 ئایەت لە قورئاندا دەربارەی زانستی ماتماتیک و 64 ئایەت دەربارەی فیزیا و 5 ئایەت دەربارەی گەردیلەزانی و 62 ئایەت دەربارەی تیۆری نسبی و 20 ئایەت دەربارەی کەشناسی و 20 ئایەت دەربارەی جیۆلۆجی و (13) و ... هتد هەیە.

ئەم پسپۆرانە لە زانستی سەدەی بیستەم! بە هێنانەوەی تەنها وشەیەکی وەک هەور، بروسکە، ئاسمان ... کافییە بۆئەوەی لە توێی زانستی فیزیا، یان گەردووناسیدا ڕیزیان بکەن! یان بە هێنانەوەی وشەی "دوکەڵ" لە ئایەتێکدا، ئەو ئایەتە بخەنە ڕیزی زانستی تەقینەوەی هەستەیی و هێنانەوەی وشەی "هاوار"، ئەو ئایەتە بخەنە ڕیزی زانستی لەرینەوەی



دەنگ و هێنانەوەی وشەی "گەرد" ئەو ئایەتە بخەنە ڕیزی زانستی گەردیلەزانی(14) و ... هتد، کە ئەگەر بەو پێودانگە زمانی هەر میللەتێک لێکبدەیتەوە، کە مێژووی هەر وشەیەکی ئەگەڕێتەوە بۆ چەندین سەدە پێش ئێستا و هەندێکی ئەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی پەیدابوونی زمان، ئەوا هیچ میللەتێک نامێنێتەوە باسی لە تازەترین زانستی کۆتایی سەدەی بیستەم نەکردبێ، بە کۆمپیوتەر و ڕۆبۆتیشەوە! کە لەو نێوەدا زمانی یۆنانی لە پێش هەموویانەوە ئەبێت، هەروەها بەو سەنگوپێوانەیەی ئەوان بێت، ئەوا دانە بە دانەی وشەکانیان، گەرە فەرموودەی ئیلاهی بێت!

ئێمە لە باسەکانی ڕابردووماندا دەربارەی ئیسلام لە بواری ئابووری، خاوەندێتی، چینەکان و زۆر لایەنی دیکەی کۆمەڵایەتی و سیاسی دواین و بینیمان، کە تا چ ئەندازەیەک دواکەوتووە و چەندە دژی مرۆڤایەتییە. ئێستا لە دنیای هاوچەرخ، لە دنیای زانست و زانیاریدا، با چاوێک بەو "ئایەتە زانستی" یانەدا بگێڕین، کە بە نموونە، مەلا و داکۆکیکارانی ئیسلام باسی دەکەن و دەیهێننەوە، بۆئەوەی لێرەشدا نیشانی بدەین، کە ئایینی ئیسلام وەک گشت ئایینێکی تر و وەک هەر لایەنێکی تری ئابووری_ کۆمەڵایەتی_ سیاسی، دواکەوتووە و ڕەنگدانەوەی هەلومەرجی دواکەوتووی سەردەمی خۆیەتی. لە قورئاندا هاتووە ئەڵێت: "ثم استوی الی السماء وهی دخان"(15)، واتە: ئاسمان دوکەڵ بوو، کاتێک، کە خودا ویستی دروستی بکات. لێکۆڵەرە "مۆدێرنەکان"ی ئیسلام ئەڵێن، ئەم ئایەتە لەگەڵ زانستی ئێستادا جووت دێتەوە، چونکە زانستیش هەروای گوتووە، کە گەردوون لە سەرەتادا تۆپەڵێک دوکەڵ و گاز بووە، ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە و خەست بووەتەوە ... هتد. بەڵام با بزانین لێکۆڵەرە دێرینەکانی ئیسلام لەم بارەیەوە چی ئەڵێن (کە دیارە چەند کۆنتر بن ئەوەندە قسەکانیان لەگەڵ ڕاستی ئیسلامدا جووت دێتەوە، بە جۆرێک، کە موسڵمانێکی نەخوێندەواری ئەو سەردەمە، کە وتەکانی محەمەدی بۆ گرنگ بووبێت، چەند ئەوەندەی ئیمامی موفەسیرەکان یانی تەبەری، شارەزایی لە قورئان و لە ئیسلامدا

هەبووە، چونکە قورئان بە زمانی خۆی وتراوە و خۆی لە ناو ڕووداوەکاندا ژیاوە و هەر ئایەتێک کە محەمەد بە هەر بۆنە و بە هەر هۆیەکەوە دایبنابێت، ئەو ئەیزانێ و ئەگەری تێدا نییە): ئەگێڕنەوە، کاتێک خودا ویستی زەوی و مانگ و خۆر و ئەستێرە و ئاسمانەکان دروست بکات، لە سەرەتادا گەوهەرێکی سەوزی دروستکرد (بۆچی؟! چۆن؟! لەچییەوە؟!)، پاشان تەماشای کرد، هەر بە تەماشکردن، گەوهەرەکە کوڵا، لە ئەنجامدا هەڵم و دوکەڵ و توێژاڵێک پەیدا بوو، لەو توێژاڵەوە زەوی و لەو هەڵمەش ئاسمان دروست بوو(16). جا لێرەدا ئایەتی ناوبرا و مەبەستی لەم هەڵم و دووکەڵەیە، نەک ئەو دوکەڵەی، کە تیۆری تەقینەوەی مەزن باسی دەکات.

ئەم خورافەیە بەپێی لێکدانەوە کۆنەکان، لە درێژەی خۆیدا بە خورافەی گا و ماسی دەگات، هەروەکوو لە قورئان لە سورەتی "القلم" ئاماژەی بۆ کراوە (ن. والقلم)، پیتی "ن" لێرەدا مەبەستی لەو ماسییەیە، کە لەو ئەفسانەیەدا ناوی هاتووە، کە چەندین سەدە مەلا و ڕابەرانی ئیسلام مێشکی خەڵکیان پێ دەئاخنی، تەنانەت هەتا ئێستاش لە نێو هێندێک لە گەورەساڵاندا هێشتا هەر کاریگەری خۆی ماوەتەوە. دیارە ئەم جۆرە خورافە و حیکایەتانە بە چەندین ڕیوایەت و لە دەمی چەندین لە یارانی محەمەدەوە ئەگێڕدرێتەوە، وەلی ڕابەرانی "مۆدێرنی" ئیسلام گەرەکیانە ئەم مێژووە کوێر بکەنەوە.

تیۆری تەقینەوەی مەزن کاتێک، کە باسی پەیدابوونی بوونەوەر بە هۆی تەقینەوە و پەیدابوونی گازات و چڕبوونەوەی ئەکات، مەبەستی پەیدابوونی ئەو هەموو هەسارە و ئەستێرە و گالاکسییانەیە، کە گەردوونیان پێکهێناوە، نەک ئاسمان بەو تێگەییشتنە خەیاڵییەی قورئان، کە دواتر باسی ئەکەین، کە چۆن جیاوازی زۆریان لە نێواندا هەیە.

هەروەها ئەڵێن: "أولم یر الذین کفروا ان السماوات والأرض کانتا رتقا ففتقناهما"(17)، واتە: ئایا بێبڕوایان نارِوانن، کە ئاسمانەکان و زەوی پێشتر پێکەوە لکابوون و لە دووایيدا لێکمان کردنەوە. لێکۆڵەرە ئیسلامییەکان



ئەڵێن، ئەم ئایەتەش دیسانەوە ئاماژە بۆ تیۆری "یەکبوونی گەردوون" ئەکات، کە دواتر بە هۆی تەقینەوەوە لێکجیاکراونەتەوە! تەبەری لە مەڕ ئەم ئایەتەوە ئەڵێت: سەبارەت بە لێکدانەوەی ئەم ئایەتە، بۆچوونی جیاواز هەیە، هەندێک ئەڵێن، زەوی و ئاسمان پێکەوە لکابوون و خودا لێکیانی کردەوە، پاشان ئاسمانی بە حەوت چین توێ توێ کردەوە و دایمەزراند، هەروەکوو بە هەمان شێوە زەویشی بە حەوت چین توێ توێ کردووە و دامەزراندووە! هەندێکی تریان ئەڵێن، خودا حەوت ئاسمانی دروستکردووە، پاشان ئەم حەوتە، کە پێکەوە لکابوون، لێکیانی کردەوە، هەروەها خودا حەوت زەوی دروستکردووە، پاشان ئەم حەوتە، کە پێکەوە لکابوون، لێکیانی کردەوە، هەروەکوو لە قورئاندا هاتووە ئەڵێت: "الله الذي خلق سبع سماوات ومن الأرض مثلهن". ئالێرەدا محەمەد ڕوو لە هاوبەشپەیداکەران ئەکات و باسی توانایی خودای خۆی ئەکات، کە چۆن لە بەرامبەردا، بت و سەنەمەکانی ئەوان ناتوانن ئەو تواناییە لە خۆیان پیشان بدەن! "ومن الأرض مثلهن" واتە: هەروەکوو چۆن حەوت ئاسمانی دروستکردووە، بە هەمان شێوە، حەوت زەویشی دروستکردووە، یان زەوی کردووە بە حەوت چینەوە. باسی حەوت چینەکەی ئاسمانیش ئەکەن و ئەڵێن: ئاسمانی یەکەم، بریتییە لە شەپۆلێکی کوێر (موج مکفوف)، دووەم، بەرد، سێیەم، ئاسن، چوارەم، مس، پێنجەم، زیو، شەشەم، ئاڵتون، حەوتەم، یاقوت، هەروەها لە سەرووی ئاسمانی حەوتەمدا عەرشە(18)! ئەو حەوت ئاسمان و حەوت زەوییەی، کە قورئان باسی ئەکات، بەو لێکدانەوە خەیاڵییە هاتووە (هەروەکوو لە باسەکەماندا هاتووە، مرۆڤی عەرەب بڕوای بەو حەوت چینە خەیاڵییەی ئاسمان هەبووە، لە پێش سەردەمی محەمەدەوە! ئەگەر لە حاڵەتێکدا پیاوانی ئایینیی ئیسلام هەر نکۆڵی لەوە ئەکەن، کە ئەوەی لە قورئاندا هاتووە بەو مەبەستە زانستییەی ئەمڕۆ نەهاتووە، ئەوا ئەبێ بڵێن، دەی چاکە، گریمان وایە! بەڵام بەو پێودانگە بێت، ئەو دەسکەوتە زانستییە، دەسکەوتی خێڵە عەرەبە بتپەرستەکانە!)(19) و بە هیچ جۆرێک

زانست باسی لە حەوت چینی ئاسمان و زەوی نەکردووە، چجای بگات بەوەی، کە پەیوەندی بە تیۆری تۆپەڵە گاز و تەقینەوەی مەزنەوە هەبێت! ئەوەی شایانی باسە، خەو و خەیاڵ و ئەفسانەی لەم جۆرە لە ئەفسانەی گەلاندا بە زۆری بەرچاو ئەکەوێت(20).

لە مێژووی تەبەری و تەفسیری تەبەری و نووسراوەکانی تری ئیسلامدا هاتووە، کە گوایە خودا لە کاتی خۆیدا، لە ڕۆژی یەکشەممە و دووشەممەدا زەوی دروستکردووە، ڕۆژی سێشەممە چیاکان و لە ڕۆژی چوارشەممەدا دار و ئاو و شتی تری زەوی دروستکردووە (ئەی گوایە چیا و دار و ئاو بەشێکی زەوی نین، ئەگەر زەوی وەک ئەستێرەیەک چاو لێ بکەین؟! پاشان بەم پێودانگە بێت، زەوی لەو کاتەوەی، کە خودا دروستی کردووە، هەروەک ئێستا بووە و هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتووە، کە دیارە ئەمەش چەندە پێچەوانەی زانستە!)، واتە، ئەمانەی بە چوار ڕۆژ دروستکردووە. هەروەکوو لە قورئاندا باسی هاتووە ئەڵێت، "قل أئنكم لتكفرون بالذي خلق الأرض في يومين وتجعلون له أندادا ذلك رب العالمين، وجعل فيها رواسي من فوقها وبارك فيها وقدر فيها أقواتها في أربعة أيام"(21)، واتە: بلێ، ئایا بە ڕاستی، بەو کەسەی کە زەوی لە دوو ڕۆژدا (یەکشەم و دووشەم) دروستکردووە کافر دەبن و هاوبەشی بۆ پەیدا دەکەن، هەر ئەوە خاوەنی گشت جیهان و لە زەویدا کێوی چەسپێنەری (تاوەکوو زەوی نەجولێتەوە و لەنگەر بگرێت) داناوە، بەرەکەتی خستە سەر زەوی و لە ماوەی چوار ڕۆژدا (جگە لەو دوو ڕۆژەی پێشوو، سێشەم و چوارشەمیش) بژێوی هەمووی دابەشکرد.

هەروەها خودا، لە ڕۆژی پێنجشەممەدا، ئاسمان و لە ڕۆژی هەینیدا، ئەستێرە و خۆر و مانگ و پەری دروستکرد، لە دواییدا، کە سێ سەعاتی بە دەستەوە مابوو، لە سەعاتی سێهەمدا ئادەمی دروستکرد ... هتد. ئەمانەش هەمووی ئەکاتە شەش ڕۆژ، هەروەکوو لە قورئاندا ئەڵێت، "ان ربكم الله الذي خلق السماوات والأرض في سته أيام"(22)، واتە، بە ڕاستی



پەروەردگاری ئێوە، ئەو خودایە، کە ئاسمانەکان و زەوی لە شەش ڕۆژدا دروستکرد.

کەواتە: ئەو دوو ڕۆژەی، کە ئەمێنێتەوە بۆ دروستکردنی ئاسمان و خۆر و مانگ و ئەستێرە و هەسارەکانی تری تەرخان کردووە. هەروەکوو لە قورئاندا هاتووە ئەڵێت، "فقضاهن سبع سماوات في يومين"(23)، واتە، جا حەوت ئاسمانی لە دوو ڕۆژ (واتە: پێنجشەم و هەینی)دا بەدیهێنا.

ئایا ئەم قۆناخبەندییە، بە هیچ جۆرێک لەگەڵ تیۆری تەقینەوەی مەزندا دێتەوە، کە هەر جارەی یەکێکیان دروستکراوە بە دروستکردن و دانە دانە؟! ئا لێرەوە ئیتر بۆچوونی خەیاڵی و دوور لە زانستیی محەمەد و خەڵکی ئەو سەردەمە دەرئەکەوێت، کە پێیان وابووە، دروستکردنی زەوی، وەک ئەوەی گەورە دێتە پێشچاو و ناوەندی گەردوونە، پێویستی بە چوار ڕۆژ (هەندێک لە ڕاڤەکاران ئەڵێن، ڕۆژ و کاتی خودایی لە ڕۆژ و کاتی مرۆڤ جودایە! بۆچی؟! ئەی لە ڕوانگەی ئەوانەوە، قورئان بۆ خەڵکی سەر زەوی نییە؟! دەی ئەگەر وایە، ئەی ڕۆژ و کاتی خودایی بەرانبەر بە چەندی سەر زەوییە؟) کارکردن هەیە، بەڵام بۆ دروستکردنی ئاسمان تەنها یەک ڕۆژ، بۆ دروستکردنی خۆر و مانگ و ئەستێرەکان و بلیۆنەها گالاکسی، تەنها یەک ڕۆژ بەسە! ئەمەش چونکە ئەوان وایان زانیوە، لەم گەردوونەدا تەنها یەک خۆر و یەک مانگ هەیە، نەیان زانیوە چەندین خۆر و مانگی دیکە هەیە! وایان زانیوە، کە ئەستێرە و تەنە ئاسمانییەکان قەبارەیان هەر ئەوەندەیە، کە لە چاوی مرۆڤەوە دەرئەکەوێت! نەیان زانیوە ئەمە تەنها، بەشێکی یەک گالاکسییەکە، یانی ڕێگای کاکێشان، کە ژمارەیەکی بێسنوور لەو گالاکسییە، لە گەردوندا هەیە، کە ئەگەر لەگەڵ زەویدا بەراووردی بکەیت، (کە خودا چوار ڕۆژ پێوەی خەریک بووە!) دەبێ هەر حیسابی بۆ نەکەیت! ئەمە سەرباری ئەوەی، کە مێژووی پەیدابوونیان دروست پێچەوانەی زانستە، بۆ نموونە، بەپێی ئەم ئەفسانەیە بێت، زەوی لە پێش خۆرەوە دروستکراوە، لە

کاتێکدا زانست پێچەوانەی ئەمە باس دەکات و پێی وایە، کە زەوی بەشێک بووە لە خۆر ... هتد.
ئایا مەلاکانی ئیسلام دەتوانن تەنها یەک ئایەتێکمان بۆ بهێننەوە، کە باسی ئەوە بکات، جگە لەم خۆر و مانگە، خۆر و مانگی دیکەش لە گەردووندا هەن، هەروەکوو زانست باسی دەکات؟ یان باسی ئەوە بکات، کە قەبارەی زەوی لەچاو تەنەکانی دیکەی گەردوون ئەوەندە بچووکە، کە هەر حیسابی بۆ نەکرێ (بۆ نموونە: قەبارەی موشتەری 1300 جار لە قەبارەی زەوی گەورەترە)؟ یان باسی ئەوە بکات، خۆر و مانگ قەبارەیان لێک جیاوازە و وەک بە چاو دەرئەکەوێت، لەیەک ئاستدان، وەلی چەندە لەیەک دوورن؟ یان مانگ بە دەوری خۆردا ئەسوڕێتەوە ... هتد.
لە قورئاندا ئەڵێت: "ثم استوى الى السماء فسواهن سبع سماوات"(24)، واتە: لە پاشان ویستی ئاسمان دروست بکات، ئینجا بە حەوت ئاسمان ڕێکی خست. گوایە مەبەستی لەم حەوت ئاسمانە، حەوت ئەستێرەیە لە ئەستێرە گەڕۆکەکانی سەر بە کۆمەڵەی خۆر _عەتارد، زوهرە، گۆی زەوی، مەریخ (بەهرام)، موشتەری، زوحەل، ئورانوس، نیپتۆن، پلۆتۆ_ کە بە دەوری خۆردا ئەسوڕێنەوە واتە: عەتارد، مەریخ، موشتەری، زوحەل، ئورانوس، نیپتۆن، پلۆتۆ.
هەروەکوو پێشتر باسمانکرد، مەبەست لەو حەوت ئاسمانە، حەوت ئاسمانی خەیاڵی و خورافییە، نەک حەوت ئەستێرەی گەڕۆک! بەڵام با قسەیەکی زیاتر لەسەر ئەم مەسەلەیە بکەین: ئێمە ئەپرسین، ئەگەر مەبەستی ئەم ئایەتە لە حەوت چینەکەی ئاسمان، ئەو حەوت ئەستێرە گەڕۆکەیە، ئەی مەبەستی لە حەوت چینەکەی زەوی کامەیە؟ بۆچی گوێی خۆیان لەوە کەڕ ئەکەن و بۆ ئەوەش شتێک نادۆزنەوە؟ لە کاتێکدا زانست ئەڵێت، گۆی زەوی لە چوار چین پێکهاتووە، یەکەمیان، توێکڵی دەرەوەی زەوییە و پێکهاتووە لە بەردی ئاسایی، دووەمیان، توێژاڵێکی ئەستورە بە ئەستووری 1000کلم، سێهەم، توێژاڵێکی بەردینی ترە لە ناوەوە، چوارەمیان، کرۆکی زەوییە، کە



تیرەکەی 3000کلم ئەبێت و تێکەڵەیەکە لە مادەی هەمەچەشن، کە پلەی گەرمی تێدا بەرزە ... هتد. ئەی ئەگەر مەبەست لەو حەوت چینەی ئاسمان، حەوت ئەستێرەکەیە! کەواتە ئەبێت، محەمەد لە شەوڕەوی (میعراج) و بەرزبوونەوە (ئیسرا)ەکەیدا، کە بە سواری بوراق (ئاژەڵێکی ئەفسانەییە، سەروکەللەی لە شێوەی مرۆڤ و لەشی لە شێوەی ئەسپێکی باڵدارە!) بۆ قودس و پاشان بۆلای خودا چووە (کە لە قورئانیشدا باسی ئەو شەوڕەوییە کراوە و دەڵێت: "سبحان الذي أسرى بعبده ليلا من المسجد الحرام إلى المسجد الأقصا"(25)، واتە: پاکە ئەوەی، کە بەندەی خۆی لە شەوێکدا، لە مەسجیدولحەرامەوە بۆ مەسجیدولئەقسا برد)، بەو حەوت ئەستێرەیەدا گوزەری کردووە، بۆ سەر مەریخ و موشتەری چووە. وا دیارە ئەو پەیامبەرانەی، لە هەر ئاسمانێکدا بینیونی(26)، لە سەر مەریخ و موشتەری بوونە! هەروەکوو ڕاڤەنووسانی وەک تەبەری باسی ئەکەن: عەرشی خودا لە سەرووی ئاسمانی حەوتەمدایە! وا دیارە عەرش لە سەر حەوتەم ئەستێرەیە! هەروەها ئەڵێت، بەهەشت لە خوار عەرشی خودایە! وا دیارە ئەویش لە نێوان ئەستێرەی حەوتەم و عەرشی خودادایە!
لە قورئاندا هاتووە: "وانشقت السماء فهي يومئذ واهية، والملك على ارجائها ويحمل عرش ربك فوقهم يومئذ ثمانية"(27)، واتە: وە ئاسمان لەت ئەبێ، جا لەو ڕۆژەدا ئاسمان سستە و لەو ڕۆژەدا هەشت فریشتە لەو فریشتانەی، کە لە دەوری ئاسمانن، عەرشی پەروەردگارت بە بان سەریانەوە هەڵدەگرن. کەواتە: ئاسمانەکان پڕن لە پەری و بەهۆی شەقبوونی ئاسمانەوە، پەری هەر حەوت چینەکەی ئاسمان دێن ڕیز ئەبەستن، ڕیز لە دوای ڕیز (بڕوانە: تەفسیری تەبەری). بەم پێیە بێت، مەریخ و موشتەری و ... پڕە لەو پەرییانە؟! ئەی ئەگەر وایە شەقبوونی مەریخ و موشتەری لە دیدی ئیسلامەوە چۆن لێکئەدرێتەوە؟
لە قورئاندا ئەڵێت: "ألم تروا كيف خلق الله سبع سماوات طباقا، وجعل القمر فيهن نورا"(28)، واتە: ئایا نازانن، کە چۆن خودا حەوت ئاسمانی قات

لە سەر قات دروستکردووە و لەنێوانیاندا مانگی کردووەتە هۆی ڕوناکی. بە پێی ئەم ئایەتە بێت، ئەو ئاسمانانە چین لەسەر چین دروست کراوون! جا ئەگەر مەبەستی لەو ئاسمانانە حەوت ئەستێرەی گەڕۆک بێت، کەی ئەمە لەگەڵ زانستدا دێتەوە، کە ئەڵێت: هەر یەکە لەو ئەستێرانە بە خولگەیەک و بەپێی یاسای کێشکردن و دوورکەوتنەوە (التجاذب والتنافر)، بە دەوری خۆردا ئەسوڕێنەوە. هەروەها ئەڵێت: "وجعل القمر فیهن نورا" واتە: مانگ لەنێوان ئەو حەوت ئاسمانەدا کراوەتە ڕوناکی. واتە: هەر ئەو مانگە چۆن ڕوناکی بە زەوی ئەبەخشێ، بەو شێوەیەش ڕوناکی بە حەوت چینەکەی ئاسمان ئەبەخشێ! بەڵام هەروەکوو زانست ئاشکرای کردووە، ئەو مانگەی لە ئێمەوە دیارە، بە تەنها مانگی زەوییە و بە دەوری زەویدا ئەسوڕێتەوە و گەلێکیش لە پلانێتەکانی ترەوە دوورە. هەندێک لەو پلانێتانە هەر مانگیان نییە، وەکوو پلۆتۆ، یان هەندێکی تریان چەندین مانگی هەیە، وەکوو، موشتەری، کە شانزە مانگ و زوحەل هەژدە مانگی هەیە.

ئەگەر مەبەستی ئەو ئایەتە، حەوت ئەستێرە گەڕۆکەکە بێت، واتە ئەو ئایەتە: "أولم یر الذین کفروا ان السماوات والأرض کانتا رتقا ففتقناهما"، کە باسی پێکەوەنووسان و لێکجیاکردنەوەی ئاسمان و زەوی ئەکات، مەبەستی لە پێکەوەنووسانی ئەو حەوت ئەستێرەیە و زەوییە! کە زانست بە هیچ جۆرێک ئەمە ناڵێت و باسی هەموو ئەمانە و چەندینی تر، کە پێکەوە بوونە (نەک بە زەوییەوە) ئەکات. ئەی ئەگەر وایە بۆچی لەو گەردوونە گەورەیەدا تەنها ئەو حەوت ئەستێرەیە باس ئەکات؟! هەروەها کاتێک، کە لە قورئاندا ئەڵێت: "فقضاهن سبع سماوات في یومین" واتە: ئەبێ خودا ئەو حەوت چینەی ئاسمانی بە دوو ڕۆژ دروستکردبێت. ئەی ئەگەر مەبەستی لەو حەوت چینە، حەوت ئەستێرەکە بێت. کەواتە، بۆ بلیۆن گالاکسی کاتێکی زۆر کەمی تەرخان کردووە، چونکە لەو شەش ڕۆژەدا، دوو ڕۆژی بە حەوت ئەستێرە و چوار ڕۆژی بە زەوی و ئەوەی لە زەویدایە خەریک بووە، تۆ بڵێی ئەمەش موعجیزەیەکی تر نەبێت؟! لە هەمان ئایەتدا دەڵێت:



"فقضاهن سبع سماوات في یومین وأوحی في کل سماء أمرها وزینا السماء الدنیا بمصابیح وحفظا ذلک تقدیر العزیز العلیم"(29). لەم ئایەتەدا ئەبینین، کە باسی حەوت ئاسمانەکە بە جیا کراوە. دوای ئەوەش باسی ئەوە ئەکرێت، کە چۆن ئاسمانی دنیا بە ئەستێرە ڕازێنراوەتەوە، بێگومان بە حەوت ئەستێرەکەشەوە. واتە، لە ڕوانگەی قورئانەوە، ئەستێرەکان ئاسمان نین، بەڵکوو ئاسمانیان پێ ڕازێنراونەتەوە!

کەواتە ئەم لێکدانەوانە، هەرگیز لەگەڵ زانستدا نایەنەوە و هەر خودی ئایەتەکانی تری قورئان، درۆودەلەسە و ناڕاستگۆیی ئەم ڕاڤەکارانە لە لێکدانەوەکانیاندا بە ئاشکرا دەرئەخات. ئەمانە گشت ئەوە ئەگەیەنن، کە ئەم مەلا و موفەسیر و ڕابەرانەی ئیسلام لەگەڵ ئایینەکەی خۆیاندا ڕاستگۆ نین، ئەگەر بێت و مەسەلەکە بە ئایینەوە گرێ بدەینەوە.

لە قورئاندا هاتووە ئەڵێت: "إنا زینا السماء الدنیا بزینة الکواکب"(30)، واتە، بەڕاستی ئێمە ئاسمانی دنیا (ئاسمانی خواروو، یانی ئەو ئاسمانەی، کە نزیکی زەوییە)مان بە ئەستێرەکان ڕازاندووەتەوە. یان ئەڵێت: "ولقد زینا السماء الدنیا بمصابیح"(31)، واتە، وە بەڕاستی ئاسمانی دنیامان بە چرا (ئەستێرەکان) ڕازاندووەتەوە. لێرەدا دەرئەکەوێت، کە ئەوەی بە چاو دیارە و پێی ئەڵێن ئاسمانی شین، لە قورئاندا بە ئاسمانی دنیا ناوی براوە، واتە، ئەمە یەکێکە لەو حەوت ئاسمانەی، کە باسیان کردووە، نەک ئەستێرەی گەڕۆک. هەروەها ئەڵێت ئاسمانی دنیامان بە ئەستێرە ڕازندووەتەوە، واتە، بەو هەموو ئەستێرەیەی، کە شەوانە بە چاو ئەیبینین. کەواتە ئالێرەشدا، ئاسمان لەگەڵ ئەستێرە جودایە.

بەپێی لێکدانەوەی ئەو سەردەمە، ئاسمان وەکوو گومەزێک بەسەر زەوییەوە بێت، لێکدراوەتەوە، هەروەکوو چۆن بابلییەکان هەمان وێنایان هەبووە(32). ئەوەتا لە قورئاندا ئەڵێت: "والسقف المرفوع"(33)، واتە، وە سوێند بەم بنمیچە بەرز کراوەیە (ئاسمان). یان دەڵێت: "أفلم ینظروا الی

السماء فوقهم كيف بنيناها"(34)، واتە، ئایا ناڕواننە (وە بیر بکەنەوە) ئەو ئاسمانە، کە چۆن دروستمان کردووە.
هەروەکوو زانست باسی ئەکات، ئاسمانی شین لە ڕاستیدا، نە چەترە و نە گومەز، بەڵکوو گازاتێکە بە هۆی تێپەڕبوونی تیشکی ڕۆژ بەنێو گەردیلەکانیدا، تیشکەکە بۆ حەوت ڕەنگەکەی شەبەنگ شیتەڵ ئەبێتەوە و هەریەکە لەو تیشکانە بە گۆشەیەک ئەشکێتەوە، هەرچی ڕەنگە شینەکەیە بە گۆشەیەک ئەشکێتەوە، کە لە چاوی ئێمەوە بەو شێوەیە دەرئەکەوێت، بەڵام ڕەنگەکانی دیکە بە گۆشەی جیاجیای وەها ئەشکێنەوە، کە لە چاوی ئێمەوە دیار نابن، هەربۆیە لە چاوی ئێمەوە ئاسمان شین خۆی دەنوێنێ، وەک چەتر و گومەزی بێ کونوکەلەبەر و بێ کۆڵەکە دەرئەکەوێت. هەروەکوو لە قورئانیشدا ئەو وێنا نازانستییە باس ئەکرێت و ئەڵێت: "أفلم ينظروا الى السماء فوقهم كيف بنيناها وزيناها وما لها من فروج"(35)، واتە: ئایا ناڕواننە ئاسمانی ژوور سەریان، کە چۆن دروستمان کردووە و ڕازاندومانەتەوە و هیچ کون و کەلەبەرێکی تێدا نییە! هەروەها ئەڵێت: "وانشقت السماء فهي يومئذ واهية"(36)، واتە، وە ئاسمان لەت ئەبێت، جا لەو ڕۆژەدا (مەبەستی لە ڕۆژی ئاخیرەتە) ئاسمان بێهێزە. بەم لێکدانەوەیەی، کە لە قورئاندا هاتووە: ئاسمان گومەز و چەترێکی یەکپارچەیە! یان ئەڵێت، "ففتحنا أبواب السماء بماء منهمر"(37)، واتە، کاتێک نوح هاواری بۆمان هێنا، دەرگای ئاسمانمان بە ئاوی بەخوڕ کردەوە. لێرەشدا دیسانەوە پێی وایە، کە ئاسمان یەک پارچەیە و هیچ کون و کەلەبەرێکی تێدا نییە، مەگەر خودا خۆی دەرگایەکی لێ بکاتەوە!
لە قورئاندا هاتووە ئەڵێت: "ولقد زينا السماء الدنيا بمصابيح وجعلناها رجوما للشياطين"(38)، یان ئەڵێت، "إنا زينا السماء الدنيا بزينة الكواكب، وحفظا في كل شيطان مارد"، ئەم ئایەتانەدا هۆی دروستکردنی ئەستێرەکان لێکئەداتەوە، کە تیایدا ئەڵێت، خودا ئاسمانی دنیای بۆیە بە ئەستێرە ڕازاندووەتەوە، بۆئەوەی شەیتانی پێ ڕەجم بکات و بیان ترسێنێ و



دووریان بخاتەوە! ئێمە لە کاتی خۆیدا قسەمان لەسەر ئەم جۆرە ئەفسانەیە کردووە، بۆیە ناچینەوە سەری، وەلی لێرەدا ئەو پرسیارە ئەکەین، ئایا ڕابەرانی ئیسلام ئەتوانن، ئەم مەسەلەیەمان بە زانست بۆ ڕۆشن بکەنەوە؟!
لە قورئاندا هاتووە ئەڵێت: "ويمسك السماء أن تقع على الأرض إلا بإذنه"(39)، واتە، ئەو ئاسمانە بە فەرمانی خودا ڕاگیراوە و ناکەوێتە سەر زەوی. کە دیارە ئەمەش وێنایەکی دوور لە زانستە، چونکە هەروەکوو باسمانکرد ئەو ئاسمانە شینە، چەتر نییە و گازاتێکە، گومەزی مزگەوت و دەواری خێڵە کۆچەرییەکان نییە، تاوەکوو پێویستی بە کۆڵەکە و گرتن هەبێت. هەروەکوو لە قورئانیشدا باسی ئەمە کراوە و ئەڵێت، "خلق السماوات بغير عمد ترونها"(40)، یان ئەڵێت، "رفع السماوات بغير عمد ترونها"(41)، کە چۆن ئاسمانەکانی بە بێ کۆڵەکە دروستکردووە، یان بەرزکردووەتەوە وەک دەیبینین! ئا لێرەدا مەبەستی حەوت چینەکەی ئاسمانە، چونکە لە ڕوانگەی ئایینەوە، ئەو حەوت چینە خەیاڵییە یەک لە سەر یەکە، وەکوو کۆشکێکی حەوت قاتە، نەک مەبەستی حەوت ئەستێرە، یان مەبەستی لەمە هێزی کێشکردنی نێوان تەنەکانی گەردون بێت. ئەی ئەگەر ئەوە ڕاستە، کە ئەمە باسی هێزی کێشکردنی نێوان هەر دوو تەنێکی گەردوون ئەکات، بۆچی باسی (حەوت ئەستێرەکە!) ئەکات و باسی هێزی کێشکردنی نێوان زەوی و مانگ و خۆر و بلیۆنەها تەنی گەردون ناکات؟!
ئیبنعیباد لە عەلی کوڕی ئەبوتالیب ئەگێڕێتەوە، کە محەمەد گوتوویەتی، مەبەست لە "الخنس" پێنج ئەستێرە گەڕۆکەکەیە (موشتەری، زوحەل، عەتارد، بەهرام، زوهرە)، کە ئەمانە لە گەردووندا، لەگەڵ ڕۆژ و مانگ دەرئەکەون و ئەجوولێن، بەڵام باقی ئەستێرەکانی تر، وەکوو قەندیل بە بنمیچی مزگەوتەوە، بە ئاسماندا هەڵواسراوون(42). ئیتر کامەیە هێزی کێشکردن، کە زانست باسی ئەکات؟! کامەیە حەوت ئەستێرەی گەڕۆک؟!
لە قورئاندا ئەڵێت: "والسماء بنيناها بأيد وإنا لموسعون"(43)، واتە، ئاسمانمان دروستکردووە دروستکردنێکی بەهێز، بە ڕاستی فراوانکەر و

پەرەپێدەری ئەویشین. بەڵام ڕاڤەنووسە تازەکانی ئیسلام ئەڵێن، ئەم ئایەتە ئاماژە بە تیۆری فراوانبوونەوەی گەردوون ئەکات. کەچی تەبەری بەو شێوەیە لێکی ئەداتەوە، کە باسمانکرد. هەروەها ئەمە لەگەڵ لێکدانەوە تازەکانی خۆشیاندا ناکۆکە، چونکە ئەگەر ئاسمان وەکوو ئەوان لێکی ئەدەنەوە بریتی بێ، لە یەکێک لەو حەوت ئەستێرەیە، یان هەر هەمووشیان بێت، دیسانەوە لەگەڵ ئەو تیۆرە نایەتەوە، کە باسی گەردوون و بلیۆنەها هەسارە ئەکات و لەو حەوت ئەستێرەیە قەتیسی ناکاتەوە. ئەمە سەرباری ئەوەی ڕوانگەی قورئان بۆ هەر (دروست کراوێک)، ڕوانگەیەکی میتافیزیکی و جێگیرە، یەک کەڕەت دروستکراوە، هەروا بووە و هەرواش دەمێنێتەوە، واتە، لە گۆڕان و پەرەسەندندا نایبینێتەوە.

لە قورئاندا ئەڵێت: "والشمس تجری لمستقر لها"(44)، واتە: وە خۆریش بەرەو بنکەی خۆی دەڕوات. ئەڵێن، گوایە ئەم ئایەتە ئاماژە بەوە ئەکات، کە خۆریش جوڵەی هەیە و بە دەوری خۆیدا ئەسوڕێتەوە. بەڵام با بزانین تەبەری لەم بارەیەوە چی ئەڵێت: واتە خۆر وەکوو پاپۆڕ چۆن بە ناو ئاودا ئەڕوات، ئەویش ئەڕوات و لە ڕەوتدایە، تا دەگاتە شوێنی خۆی. ئەمەش دیارە مەبەستی لەو جوڵەیەیە، کە لە چاوی ئێمەدا دەرئەکەوێت، کە لە ڕۆژهەڵاتەوە ئەچێت بۆ ڕۆژئاوا، کە بۆ هەموو کەس ئاشکرایە جووڵەکە بە پێچەوانەوەیە.

لە ئەبیزەڕولغەفارییەوە دەگێڕنەوە، دەڵێت: لە مزگەوت لە تەنیشتی پەیامبەرەوە دانیشتبووم، لەو کاتەدا خۆر ئاوابوو، وتی: ئەی ئەبازەڕ، ئایا ئەزانی خۆر بۆ کوێ ئەڕوات؟ گوتم، خودا و پەیامبەری خودا ئەیزانن! گوتی، ئەڕوات بۆ لای خودا و سوژدە ئەبات، پاشان ئیزن لە خودا وەرئەگرێت، کە بگەڕێتەوە، ئەویش ئیزنی ئەدات، ئەو شوێنەی، کە لێی دەوەستێت، یانی بنکەکەی (لمستقر لها) لە ژێر عەرشی خودایە و پاشان هەڵدێتەوە(45).



لە مێژووی تەبەریدا هاتووە ئەڵێت، خودا دەریایەکی لە خوار ئاسمانەوە دروستکردووە، لە هەوادا ڕاوەستاوە و هیچی لێ نابارێ، خۆر و مانگ بە ناویدا بە هۆی ڕەوڕەوەیەکەوە دێن و دەچن، کە پەرییەکان ڕای دەکێشن. محەمەد ئەڵێ، ئەگەر خۆر بترازێ و دەرچێت، ئەوا هەموو چتێک لە سەر زەوی ئەسوتێنێ، تەنانەت بەردەکانیش(46). ئەمە وێنای محەمەد و ئیسلامە، نەک زانستی سەدەی بیست.

لە قورئاندا هاتووە ئەڵێت: "وترى الجبال تحسبها جامدة وهى تمر مر السحاب صنع الله الذي أتقن كل شىء إنه خبير بما تفعلون"(47)، واتە، تۆ کێوەکان ئەبینی و وا ئەزانیت ناجووڵێن و لە شوێن خۆیان وەستاوون، کەچی وەک هەور ئەڕۆن.

لێکۆڵەرە (مۆدێرنەکان) ئەڵێن ئەم ئایەتە ئاماژە بە سوڕانی زەوی بە دەوری خۆردا ئەکات. تەبەری لە باسی ئەم ئایەتەدا ئەڵێت: مەبەستی ئەم ئایەتە ڕۆژی قیامەتە، لەو ڕۆژەدا چیاکان کۆئەکرێنەوە و وەک هەور ئەڕۆن، وەلی لە چاوی مرۆڤدا دەرناکەون، هەروەکوو چۆن پاپۆڕێک لە دەریایەکدا بڕوات، وەلی بۆ ئەو کەسەی، کە تێی ئەڕوانێت، وەستاو دێتە پێش چاو. لە تەفسیری جەلالەینیش بە هەمان شێوە ڕاڤە کراوە.

کەواتە، مەبەستی ئەم ئایەتە تەنها وەسفکردنی ڕۆژی قیامەتە، هەروەکوو ئەگەر سەرنجی ئایەتی پێشووتر بدەین، کە ئەڵێت: "ويوم ينفخ في الصور ففزع من في السماوات ومن في الأرض إلا من شاء الله وكل أتوه داخرين"(48)، کە باسی ئەفسانەی ڕۆژی قیامەت و خورافەی لێدانی ئەو شەیپورە ئەکات، کە حەزرەتی ئیسرافیل لێی ئەدات! بە تەواوی ئەوەمان بۆ ڕوون ئەبێتەوە. کەواتە هەر خودی قورئانە باسی ڕۆژێکی تایبەتی ئەکات (ڕۆژی قیامەت)، نەک ئەوەی، کە مۆدێرنەکانی ئیسلام گەرەکیانە، بە نرخی ئەمڕۆ بە خەڵکی سەدەی بیستەمی بفرۆشن. ئەم ڕاستییە، هەر کۆلکە مەلا و هەر مەلایەکی ورد و درشتی ئیسلام زۆر بە چاکی ئەیزانێ، وەلی هەموویان چاوی خۆیان لە ڕاستیدا ئەنووقێنن، بۆئەوەی ڕێسەکەیان لێ

نەبێتەوە بە خوری. بەڵێ! ئەم کەسانە، ئەمانەتی فکری قورئان و خوداکەشیان ناپارێزن، کەچی لەولاوە هێرش ئەکەنە سەر ئەو کەسانەی، کە ڕاستی ئەو ئایەتانە باس ئەکەن و بە تاوانبار ناویان دەبەن و فتوای کوشتنیان بۆ دەرئەکەن. یان بە ڕەخنەگران لە ئیسلام ئەڵێن، لە جیاتی ئەوەی ئیسرائیلیات ئەهێننەوە، بۆچی نایەن لە قورئانەوە ڕەخنەی خۆتان بگرن! ئەم کەسانە گەرەکیانە ڕاستی ئاییینەکەیان بشارنەوە و هەموو فرتوفێڵێک بۆ گونجاندنی ئاییینەکەیان بەکار بهێنن.

خۆ ئەگەر چاوێک بە قورئاندا بخشێنین ئەبینین، کە چەندین ئایەتی دیکە باسی ئەوە ئەکات، کە چۆن چیاکان وەکوو مێخ لەسەر زەوی داکوتراوون، بۆئەوەی زەوی نەجووڵێتەوە و لەنگەر بگرێت. بڕوانە ئەم ئایەتانە: "والأرض مددناها وألقينا فيها رواسي"(49)، واتە زەویمان ڕاخستووە و چیاکانمان خستۆتە سەر، کە چەسپێنەرن. هەروەها ئەڵێت: "أمن جعل الأرض قرارا وجعل خلالها أنهارا وجعل لها رواسي"(50)، هەروەها ئەڵێت: "والى الجبال كيف نصبت"(51)، واتە، چیاکان چۆن وەکوو مێخ لە سەر زەوی داکوتراوون. ئەمە سەرباری ئەوەی، پەیدابوونی چیاکان بەو شێوەیەی، کە قورئان باسی ئەکات، زۆر پێچەوانەی زانستی جیۆلۆجییە. چونکە ئەو چیایانە دانەنراوون، دانەکوتراوون، بەڵکوو لە هەلومەرجی جیاوازی چینەکانی زەوی و دنیادا ئەو شوێنانەی زەوی بەرز بوونەتەوە و هەر یەکەشیان تەمەنی جیاوازی خۆی هەیە و لە نێو پرۆسەی پەیدابوون و نەماندان. بەڵام لە ڕوانگەی قورئانەوە، ئەمانە یەکجار دروستکراون و یەک جاریش لەناوئەبرێن، کە ئەمە بۆخۆی دیدێکی میتافیزیکییە و لە گەڵ هەموو دەسکەوتە زانستییەکاندا پێچەوانەیە، بە جۆرێک، کە قابیلی بەراوورد نییە.

لە قورئاندا هاتووە ئەڵێت: "والأرض بعد ذلک دحاها"(52)، واتە، لە پاشان زەوی ڕاخست. بەڵام ئەڵێن گوایە مەبەستی ئەم ئایەتە باسکردنە لە شێوەهێلکەیی زەوی، گوایە وشەی "دحا" بە مانای هێلکە هاتووە! لە فەرهەنگی "المنجد"دا هاتووە ئەڵێت، وشەی "دحا" یانی "ڕاخستن". "دحا الله



الأرض": خودا زەوی ڕاخست. "الدحية": مێیینەی مەیمونە. "الادحية": هێلکەی وشترمرخە لە قومدا. وای پێ دەچێت، کە ئەو ڕاڤەنووسانە ئەو لێکدانەوەیەی ئەخیریان بە فرسەت زانیبێت، چاوی خۆشیان لەوە دەنوقێنن، کە ئەگەر بەو مانایەش بێت، ئەوا تەنها بە مانای هێلکەی وشترمرخ هاتووە، ئەویش کاتێک، کە لە قومدا بێت!

ئێستا پرسیار ئەوەیە، بۆچی زەوی بە هێلکەی وشترمرخ بکات بە تەنها و بە هێلکەی هیچ پەلەوەرێکی تر نەکات؟! وا گریمان زەوی بە هێلکەی وشترمرخیشی کرد، وەلی بۆچی بەو هێلکەیە بکات لە دۆخێکدا، کە لە نێو قومدا بێت؟!

تەبەری ئەڵێت: وشەی "دحوا" لە زمانی عەرەبیدا بە مانای "ڕاخستن" دێت. هەروەها لە کتێبی "اللسان"دا بە هەمان مانا هاتووە. لە تەفسیری خاڵیشدا، هەر بە مانای ڕاخستن هاتووە.

ئەگەر سەرنج لە قورئانیش بدەین، ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێت، کە چۆن بە هیچ جۆرێک تێڕوانینی لەو چەشنەی تێدا بەرچاو ناکەوێت، بەڵکوو بە پێچەوانەوە ئەو ڕایەی ئێمە ئەچەسپێنێ. لە قورئاندا هاتووە ئەڵێت: "جعل لكم الأرض بساطا"(53)، یان "والأرض مددناها"(54)، یان: "والى الأرض كيف سطحت"(55)، هەموویان باسی ئەوە ئەکەن، کە خودا بە چ جۆرێک زەوی وەکوو ڕایەخ ڕاخستووە، یان چۆن تەختی کردووە.

بەو شێوەیە ئەبینین، کە قورئان چەند بە ڕۆشنی باسی ئەو مەسەلەیە ئەکات، کەچی پیاوانی ئاییینی چۆن لێکی ئەدەنەوە، ئەگەر بۆ مەسەلەیەکی تر بوایە چەندین ئایەت و فەرموودە و ڕیوایەتیان بە نموونە و وەک پاڵپشت ئەهێنایەوە، وەلی لەم جێگایانەدا، کە بە هەزار ئەملا و ئەولا هەتا ئایەتێکیان دۆزیوەتەوە، تا بە زۆر بەرگێکی تری لەبەر بکەن، دیارە چاوی خۆیانی لێ ئەنوقێنن و هەوڵ ئەدەن ڕێسەکەیان لێ نەبێتەوە خوری.

لە قورئاندا هاتووە ئەڵێت: "یامعشر الجن والأنس ان استطعتم ان تنفذوا من أقطار السماوات والأرض فانفذوا لا تنفذون إلا بسلطان"(56)، واتە، ئەی

کۆمەڵی پەری و ئادەمی، ئەگەر ئەتوانن لە کەناری ئاسمانەکان و زەوی دەرچن، دەی دەرچن، ناتوانن دەرچن مەگەر بە هێز و دەسەڵاتی خودا. گوایە ئەم ئایەتە ئاماژە بۆ، دەرچوون لە هێزی کێشکردنی زەوی و چوونە سەر ئەستێرە و گەشتی ئاسمانی ئەکات! گوایە وشەی "سلطان" بە مانای هێز و دەسەڵاتی زانیاری و داراییە!

ئێمە پێشتر باسی ئەوەمان کرد، کە مەبەست لە ئاسمان ئەستێرە گەڕۆکەکان نییە، بەڵکوو مەبەست لە حەوت ئاسمانی خەیاڵییە، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی ترەوە ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە، بۆچی لەم ئایەتەدا ڕوو لە پەری و مرۆڤ ئەکرێت؟ ئایا پەری زانیاری و زانستی هەیە، هەروەکوو مرۆڤ هەیەتی؟ ئایا پەری دارایی هەیە؟ ئایا پەری پیشەسازی و تەکنەلۆژیای هەیە؟! تاوەکوو بەم هۆیەوە بچنە گەشتی سەر ئەستێرەکان؟! یان نەخێر، پەری لە ئەفسانەی ئاییندا ئەم تواناییانەی نییە، بەڵکە باڵی هەیە و دەتوانێت بەو هۆیەوە بێت و بچێت(57).

کەواتە بە هیچ جۆرێک ئەو مەبەستەی ئەوان داویانەتە پاڵ ئەم ئایەتە دروست نییە. ڕاستییەکەشی ئەوەیە، کە بە پێی تێڕوانینی قورئان، ئاسمانەکان بە جۆرێک دروستکراوون، کە کون و کەلەبەریان تێدا نییە، چەند قاتن و زۆر لە یەکەوە دوورن، بۆیە نە پەری و نە مرۆڤ توانای ئەوەیان نییە، پیایدا گوزەر بکەن، مەگەر بە ئیزنی خودا و توانستی ئەو نەبێت. هەروەها ئەگەر بڕوانینە تێکڕای سورەتەکە، ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێت، کە خودا لێرەدا ڕووی لە بێباوەڕانە و توانایی خۆی لە بەرامبەریاندا دەردەخات و بە بێ ئەو، هیچ کەسێک ناتوانێ بەو کارە هەستێ، هەروەکوو چۆن محەمەد لە شەوی میعراجدا بە ویست و ئیزنی خودا، توانی بۆ ئاسمانەکان بچێت و پیایاندا گوزەر بکات!

هەروەکوو لە شوێنێکی تری قورئاندا هاتووە ئەڵێت: "ان الذین کذبوا بآیاتنا واستکبروا عنها لا تفتح لهم أبواب السماء ولایدخلون الجنة"(58)، واتە، ئەوانەی ئایەتەکانی ئێمەیان بەدرۆخستەوە، بڕوایان پێ نەکردن و لەخۆبایی



بوون، دەرگای ئاسمانیان لێ ناکرێتەوە و ناچنە بەهەشتەوە. لەم ئایەتەشەوە دەرئەکەوێت، کە چۆن ئاسمان دەرگای هەیە و دەرگاکەش دیارە هەر بە ئیرادەی خۆدا، لە هەر کەسێک، کە بیەوێت ئەکرێتەوە و دائەخرێ، کەواتە لێرەشدا هەر باس باسی ئاسمان و بێتوانایی مرۆڤە، باسی کردنەوەی دەرگاکانی ئاسمانە بە ویستی خودا، نەک بە هێز و دەسەڵاتی زانیاری و دارایی.

بەڵێ! دیارە پیاوانی ئایینی لە بیریان چووەتەوە، کاتێک باسی چوونە سەر مانگ و ئەستێرە کرا، چۆن تووشی هیستریا بوون و ئەمەیان بە کوفر و بە دەخاڵەت لە کاری خودا ئەزانی! کەچی دواتر کەوتنە گەڕان بە دوای پەیداکردنی زانیاری دەربارەی ئەستێرەکان و لەگەڵ ئایەتەکاندا نووسییانەوە، بۆئەوەی بڵێن بەڵێ! مەلا شارەزای زانستی فیزیا و فەلەکی سەدەی بیستەمە و لە خوێندنەوەی کتێبە زەردەکانی حوجرە هاتۆتە دەر!

ئیتر هەلومەرج گۆڕا! ئەو زانستەی پێشوو، کە مرۆڤیان پێ بە کافر دەدایە قەڵەم، هەر خۆیان هاتن لە تەنیشت ئایەتەکانی قورئان دایان نا، تاوەکوو فەرمودەی خودای پێ بسەلێنن، یانی سەلماندنی لێکدانەوەی خودای گەورە و مەزن و خاوەن توانایی ڕەها و بێ کەموکوڕی، بە لێکدانەوەی مرۆڤی بێتوانا و کەمزانیاری و پڕ لە خەوشی دروستکراوی خۆی!

لە قورئاندا هاتووە ئەڵێت: "وجعل القمر فیهن نورا وجعل الشمس سراجا"(59)، واتە، لە ناو ئاسمانەکاندا مانگی کردووەتە ڕوناککەرەوە و خۆری کردووەتە چرا! گوایە مەبەستی ئەم ئایەتە ئەوەیە، کە مانگ ڕوناکی نییە و ڕوناکییەکەی لە خۆرەوەیە، وەلی هەرچی خۆرە ڕوناکی خۆیەتی، ئەمەش لەگەڵ زانستدا جووت دێتەوە!

سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین، کە لێکدانەوەی خودی ئایەتەکە ئەو قسانە بە درۆ ئەخاتەوە و بە هیچ جۆرێک ئاماژەی بۆ ئەو مەسەلەیە نەکردووە، ئەو لێکدانەوەیەش لێکدانەوەیەکی زاتی و کوێرانە و ستەمکارانەیە. ئەوەی لە ئایەتەکەدا دەرئەکەوێت هەر ئەوەیە، کە مانگ، هەروەکوو چۆن لەچاودا

دەرئەکەوێ، ڕوناکی هەیە، خۆریش ڕوناکییەکەی لە مانگ زۆرترە و هەروەکوو لەچاودا دەرئەکەوێ ئەدرەوشێتەوە.

ئەڵێن، لە سەرەتادا خودا لە ڕوناکی عەرشەکەی خۆی دوو خۆری دروستکرد، وەلی دوایی ڕوناکی یەکێکیانی کوژاندەوە (ئەی سەرەتای کار بۆ وای نەکرد؟!)، جا ئەوەیان، کە ڕوناکییەکەی کوژاندەوە مانگە، ئەوەی دیکەشیان خۆرە. ئەگەر وای نەکردایە، ئەو کاتە کرێکار نەی ئەزانی تاکەی کار بکات، ڕۆژووان نەیدەزانی تاکەی ڕۆژو بگرێ، ژنان نەیان دەزانی چۆن عادە ئەبن(60)... هتد. هەروەکوو لە قورئانیشدا هاتووە ئەڵێت: "وجعلنا الليل والنهار آيتين فمحونا آية الليل وجعلنا آية النهار مبصرة"(61)، واتە، شەو و ڕۆژمان کردە دوو نیشانە، جا ڕوناکی نیشانەی شەومان بە تاریکی کوژانەوە و نیشانەی ڕۆژمان ڕوناک کردەوە. تەبەری لە پەرتووکەکەیدا ئەڵێت: "لە سەرەتادا مانگ وەکوو خۆر تیشکی هاویشتووە و درەخشان بووە، وەلی دوایی ڕوناکییەکەی کوژێنراوەتەوە/ فمحونا آيە الليل"(62).

کەواتە، لە ڕوانگەی قورئان و محەمەدەوە، مانگیش وەکوو خۆر ڕوناکی هەیە، کاتێک، کە خودا دروستیانی کرد، وەکوو یەک دروستیانی کرد، بەڵام بۆئەوەی مرۆڤ بتوانێت کاتی خۆی ڕێکبخات، هێندێک لە ڕوناکی یەکێکیانی کەم کردەوە و بوو بە مانگ، چونکە ئەو کاتە مرۆڤی عەرەب نە سەعات و نە ڕۆژژمێری هەبووە، هەروەها محەمەد وای زانیوە دنیا هەر جەزیرە و ئەو چەند وڵاتەی دەوروپشتییەتی، نەی زانیوە وڵاتانێک هەن بە چەند مانگ خۆر نابینن. هەروەها بەپێی ئەم ئایەتە بێت، مانگ و خۆر لەیەککاتدا دروستکراوون، ئەمە لە کاتێکدا وەک زانست باسی دەکات، تەمەنی مانگ لە چاو تەمەنی خۆر کەمە و پێشتریش بەشێک بووە لە زەوی.

لە قورئاندا هاتووە ئەڵێت: "رب المشارق ورب المغارب"(63)، واتە، خودای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواکان. ئەڵێن گوایە ئەم ئایەتە ئاماژە بۆ سووڕانەوەی خۆر بە دەوری خۆیدا ئەکات، کە پێشتر وایان دەزانی خۆر جێگیرە و جووڵەی نییە. تەبەری ئەڵێت: لەبەرئەوەی بە درێژایی ساڵ، هەموو ڕۆژ و



هەموو شەوێک، خۆر و مانگ لە شوێنی جیاوازەوە هەڵدێن و ئاوا ئەبن، بۆیە گوتراوە ڕۆژهەڵاتەکان، ڕۆژئاواکان. هەروەها کاتێک ئەڵێت: "رب المشرقين ورب المغربين" واتە، خودای هەردوو ڕۆژهەڵات و هەردوو ڕۆژئاوا، مەبەستی درێژترین و کورتترین کاتی زستان و هاوینە، کە مانگ و خۆر تیایدا هەڵدێن و ئاوا ئەبن(64). هەروەکوو لە چاوی مرۆڤی ناوچەی جەزیرەوە وا دەرئەکەوێت. بەڵام دیارە لە وڵاتانێکی دیکەی وەکوو وڵاتانی ئەسکەندەناڤی، هەڵاتنی مانگ و خۆر بەو جۆرە نییە و محەمەدیش لەو کارە بێئاگا بووە. ئێستا ئەو پرسیارە ڕووبەڕووی ڕاڤەکارانی ئیسلام ئەکەینەوە، ئەگەر مەبەستی ئەو ئایەتە بەو جۆرەیە، کە ئەوان لێکی ئەدەنەوە، ئەی ئایەتی دووەم، یان ئەو ئایەتانەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بە تاک، نەک بە کۆ باس ئەکات چۆن لێک ئەدەنەوە؟!

لە قورئاندا هاتووە ئەڵێت: "ولقد خلقنا الانسان من سلالة من طين، ثم جعلناه نطفة في قرار مكين، ثم خلقنا النطفة علقة فخلقنا العلقة مضغة فخلقنا المضغة عظاماً فكسونا العظام لحما ثم انشرناه خلقا آخر فتبارك الله أحسن الخالقين"(65)، واتە، وە بەڕاستی مرۆڤ (ئادەم)مان لە قوڕ بەدی هێنا، پاشان ئەومان کردە دڵۆپە ئاوێک (مەنی، نوتفە) لە ئارامگەیەکی قایمدا (ئێستا بە هەزاران مرۆڤیش هەن، کە نەک لە مناڵدانی ژن، بەڵکە لە تیوبدا دەپیتێنرێن واتە، منداڵانی تیوبن) واتە، مناڵدانی ژن، پاشان ئەو ئاوەمان کردە پارچە خوێنێکی مەییو، پاشان ئەویشمان کردە موزغە (گۆشتێک، کە بجاورێت)، ئەویشمان کردە ئێسک، ئێسکەکەمان بە گۆشت داپۆشی، پاشان ئەومان کردە مەخلوقی تازە (بەوەی ڕۆحمان بە بەردا کرد)، جا گەورەیە خودایەک، کە باشترینی بەدیهێنەرانە.

لێرەدا قورئان باسی ئەو قۆناغانە ئەکات، کە کۆرپەلە لە سکی دایکی پیایدا تێپەڕێت. گوایە ئەم شێوەیە، لەگەڵ زانستی کۆرپەلەزانیدا جووت دێتەوە، کە لە سەرەتادا خودا ئاوی پیاوی دروستکردووە، پاشان لەوە خوێنپارە و پاشان پارچە گۆشت و پاشان ئێسک و دواتر گۆشتی بەسەر ئێسکەکەدا

داوه. واته، له هەر قۆناغێک لەو قۆناغانەدا، خودا دەخاڵەتی کردووه و پێوەی خەریک بووه. ئەمه له کاتێکدا زانست باسی پەرەسەندنی ئەو هێلکه پیتێنراوه ئەکات، به شێوەیەکی خۆیی و ئۆرگانیک، به جۆرێک که هیچ جێگایەکی بۆ خودا نەهێشتۆتەوه.. ئەمه سەرباری ئەوەی قورئان وێنایەکی نازانستی لەسەر ئێسک و گۆشت ئەداته دەست، که پێی وایه، دوای ئەوەی کۆرپەله له لایەن خوداوه، له قۆناغێکدا ئەکرێته ئێسک، ئەوجا گۆشت ئەدرێ بەسەریدا! هەروەکوو چۆن جلوبەرگ ئەدرێت بەسەر گۆشتدا، که ئەمەش پێچەوانەی زانسته و پەرەسەندنیان به پێچەوانەوەیه.
هەروەها بەپێی ئەو وێنایەی، که قورئان ئەیداته دەست، تۆوی پیاو بریتییه، له مادەیەکی مردوو، ئەوەتا له قورئاندا هاتووه ئەڵێت: "یخرج الحی من المیت ویخرج المیت من الحی ویحی الأرض بعد موتها وکذلک تخرجون"(66). لێرەدا ئەم ئایەته ڕووی لەو کەسانەیه، که بڕوایان به ڕۆژی زیندووبوونەوه نییه و پێیان ئەڵێت، خودا زیندوو له مردوو (واته: مرۆڤ له تۆوی پیاو و پەلەوەر له هێلکه) هەروەها مردوو (تۆوی پیاو و هێلکه) له زیندوو دەرئەکا و زەوی له پاش مردن زیندوو ئەکاتەوه، ئێوەش بەو شێوەیه له گۆڕ دەرئەهێنێ.
هەروەکوو وێنایەک ئەو ئایەتەی پێشوو ئەیداته دەستمان، خودا پاش ئەوەی کۆرپەله بەو قۆناغانەدا تێ ئەپەڕێنێ، هەتا ئەگاته ئەوەی، که ئێسک به گۆشت دابپۆشێت، ئەوجا ڕۆحی بەبەردا ئەکات (ثم أنشأناه خلقا آخر)، واته، پێش ئەوه کۆرپەله شتێکی بێگیان بووه (بڕوانه: تەفسیری تەبەری، تەفسیری جەلالەین)!
ئەوەی ڕوون و ئاشکرایه ئەوەیه، که تۆوی پیاو (هەروەها هێلکەی ژن، که هیچ باسێکی لێوه نەکراوه، چونکه پێیان وابووه پەیدابوونی کۆرپەله تەنها به هۆی تۆوی پیاوەیه و له ڕاستیدا ئاگایەکیان له بوون و نەبوونی هێلکه نەبووه) زیندەوەره و پێکهاتوویەکی مردوو نییه. ئەمه جگه لەوەی وایان زانیوه تۆوی پیاو بریتییه، لەو ئاوەی، که له ئەندامی نێرینەوه فیچقه ئەکات



و دەبینرێ! که ئەمەش دیسانەوه لێکدانەوەیەکی نازانستییه، چونکه ئەو ئاوه تەنها هۆیەکه بۆ گواستنەوەی تۆوەکه و هیچی تر، هەرچی خودی تۆوەکەیه له نێو ئەو ئاوەدایه.
له قورئاندا هاتووه ئەڵێت: "ویسألونک عن الروح قل الروح من أمر ربي وما أوتیتم من العلم إلا قلیلا"(67)، واته، پرسیاری گیانت لێ ئەکەن (مەبەستی جوولەکەکانه)! تۆش پێیان بڵێ: گیان شتێکه، که تەنها پەروەردگارم زانیاری له بارەیەوه هەیه و کاری ئەوه، زانیارییەکی کەم نەبێت به ئێوه نەدراوه. لێرەدا محەمەد دیاردەی مردنی به جیابوونەوەی گیان له جەسته لێکداوەتەوه، هەروەکوو ئەمه بۆچوونی گشتی خەڵکیش بووه. هەروەها پێیان وابووه، که گیان شتێکی نادیاره.
ئێمه له باسەکانی ڕابوردووماندا، دەربارەی دیاردەی مردن و لێکدانەوه جۆراوجۆرەکانی میللەتانی کۆن قسەمان کرد، بۆیه لێرەدا ناچینەوه سەری.
کاتێک، که محەمەد ڕووبەڕووی پرسیاری "دیاردەی مردن چییه؟" بووەتەوه، نەیتوانیوه زانیارییەکی ئەوتۆ به دەستەوه بدات، که مەسەلەکه ڕۆشن ببێتەوه، بۆیه هەر ئەوەندەی گوتووه، مردن به هۆی جیابونەوەی گیان له جەسته ڕوودەدات! بەڵام خودی گیان چییه؟ ئەوه نەی زانیوه و وتوویەتی ئەمه کاری خودایه، نەک مرۆڤ، ئێمه لەچاو زانیاری زۆروزەوەندی خودا نەزانین!
ئەوەی شایانی باسه، چ ئەو سەردەمه و چ ئێستاش، داکۆکیکەرانی ئیسلام به شانازییەوه باسی ئەوه ئەکەن، که زانیاری هەتا ئێستا نەیتوانیوه گیان بدۆزێتەوه و بزانێ چییه، له داهاتووشدا ناتوانێ بیدۆزێتەوه و بیناسێ، چونکه ئەمه کاری خودایه!
بەو شێوەیه ئەبینین، سەرباری ئەوەی پیاوانی ئایینی هەوڵی گونجاندنی زانست و ئایین ئەدەن، بەڵام له ناخەوه ڕق و تووڕەیی خۆیان هەر کڵپەی هەیه و هەر هەوڵێکی زانست، ئەگەر له بوارێکدا شکست بخوات، یان کورت بهێنێ، ئەیکەنه هەرا و زەقی ئەکەنەوه، بۆئەوەی بڵێن زانیاری مرۆڤ

ئاوەهایە، هەڵە و کەموکوڕی تێدایە، توانایی سنووردارە و ناتوانێ پەی بە هەموو شتێک بەرێت، زانیاری و توانایی خودا وەها و وەهایە ...
هەمیشە خاڵی بەهێزی ئایین لە خاڵی بێهێزی زانستەوەیە، هەتا مرۆڤ نەیئەزانی پەلەوەر چۆن ئەفڕێ و پاپۆڕ چۆن بە دەریادا ئەڕوات و نقوم نابێت، باران چۆن ئەبارێ و ... ئەمانەیان ئەکردە خاڵی بەهێزی خۆیان و خوداکانیان، بەڵام پاش ئەوەی لەم مەیدانەدا پاشەکشە ئەکەن، ئەوجا دێنە سەر چەندین مەسەلەی دیکە، کە زانست خەریکی دۆزینەوەیانە. کاتێکیش، کە مرۆڤایەتی توانی زانیارییەک بەدەستبهێنێ و لە بوارێکدا سەرکەوتنێک دەسگیر بخات، ئەوسا پیاوانی ئایینی دەست بە دۆزە دۆزە ئەکەن، تاوەکوو بە زۆرملێ، ملی ئایەتێک بگرن و بڵێن، ئەمەیە گەورەیی خودا، ئەگەرنا محەمەدێکی نەخوێندەواری بەر لە 1400 ساڵ، چۆن ئەمەی زانی، کە تازە بە تازە زاناکانی سەدەی بیستەم پێی گەییشتوون، بەڵێ، قورئان هیچ شتێکی نەهێشتووەتەوە، کە باسی نەکردبێ!
دیارە ئەوە درووستە، کە زانست هەتا هەنوکە نەیتوانیوە، گیان بدۆزێتەوە و لەمە بەدواش هەر ناتوانێ بیدۆزێتەوە، چونکە گیان، هەر لە بنەڕەتەوە بوونی نییە، شتێکیش، کە بوونی نەبێت، دیارە ماقوڵ نییە، کە بدۆزرێتەوە.
بێگومان هەموو کەسێک پاش بیستنی ئەم قسەیە، ئەو پرسیارە بە مێشکیدا دێت: بەڵێ! ئەگەر لێکدانەوەی گیان بەرسڤێکی خەیاڵی و خورافی مرۆڤی کۆنە و زانستی نییە، ئەی وەڵامی زانستی بۆ دیاردەی مردن چییە؟ لەم بارەیەوە زانست ئەڵێت، خانەکانی لەشی مرۆڤ بەردەوام لە دۆخی مردن و دروستبووندان، واتە، هەمیشە بەشێک لە خانەکانی لەشی مرۆڤ ئەمرن و لە جێی ئەوان، خانەی نوێ دروست ئەبنەوە، ئەمەش بەردەوامی بە ژیان ئەدات، بەڵام هەر کاتێک ئەم پرۆسەیە تووشی ناڕێکی بێت، ئەو مرۆڤە دووچاری مردن ئەبێت و دیاردەی مردن ڕووئەدات. ئەمەش یانی، هەر کاتێک ژمارەی خانە مردووەکان لەچاو خانە تازە دروستبووەکان زیاتر بوون، دیاردەی مردن ڕووئەدات. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە مانای ئەوە



نییە، بە ڕوودانی دیاردەی مردن ئیتر سەرتاپای خانەکانی لەش ئەمرن، ئەوەی ئەم ڕاستییەش ئەسەلمێنێ، بریتییە لەوەی: لە پاش مردن بە چەند ڕۆژێک نینۆک و مووی لەشی مردوو درێژ ئەبێت، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە، ئەو خانانەی، کە نینۆک و موو دروست ئەکەن، هێشتا نەمردوون. یان زەردەواڵە لە پاش مردنی (یان لە پاش جیابوونەوەی چزوو لە زەردەواڵە)، چزووەکەی هەر کاری خۆی ئەکات و پێوەئەدا. وڵ. دیورانت لە کتێبی "قصة الفلسفه"دا ئەڵێت، مێرووڵەی ئوسترالی ئەگەر ببێتە دوو کەرتەوە، سەر و کلکی بۆ ماوەی نیو سەعاتێک لە نێوان خۆیاندا ئەکەونە شەڕەوە، پاشان دەمرن. تۆ بڵێی ڕۆحیش لەم دۆخەدا دووکەرت بێت؟!
چەندین ساڵە زانستی پزیشکی بەوە گەییشتووە، کە ئەندامی لەشی تازە مردووان دەربهێنن و بۆ کەسانی تر سوودی لێ وەرگرن، ئەی ئەگەر ڕۆح بەو لێکدانەوەیە بێت، کە ئایین باسی ئەکات، چۆنە ئەوبەشەی لەش هەر زیندووە و کاری خۆی ئەکات؟ ئەی پاش ئەوەی بۆ لەشی یەکێکی تر دانرا، بە کام ڕۆح کار دەکات، بە ڕۆحە کۆنەکە، یان بە ڕۆحی کەسی دوهەم؟!
ئەمانە گشت دژایەتی لەگەڵ ئەو لێکدانەوەیە هەیە، کە بۆ گیان ئەکرێت. چونکە بە پێی ئەو لێکدانەوەیە بێت، کاتێک، کە گیان لە لایەن بەرپرسی گیانکێشانەوە (ئیزرائیل) دەرئەهێنرێ، ئیدی ئەوەی ئەمێنێتەوە لاشەیەکی سارد و سڕ و بێگیانە، بە گشت خانە و ئەندامەکانییەوە!
ئەوەی شایانی باسە، سەرباری ئەوەی لە ڕوانگەی ئیسلامەوە، مرۆڤ ناتوانێت گیان بدۆزێتەوە و بیناسێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک لە داکۆکیکەرانی ئیسلام ویستویانە دەست لە کاری خوداکەیان وەردەن! ئەوەتا ئەڵێن، لێکۆڵینەوەی زانستی، لە گرتنی وێنەی گیان لە کاتی جیابوونەوەی لە جەستە، سەرکەوتنی بەدەستهێنا، ئەمەش بە هۆی تیشکی نەدیدە و بەکارهێنانی پلێتی تایبەتی هەستیارەوە(68).
ئەوەی شایانی باسە زۆرجار داکۆکیکەرانی ئیسلام و ئایینەکانی تریش پڕۆپاگەندە و درۆی زۆر گەورە بە نێوی زانیاری و زانستەوە ئەکەن و

درێژە بە بڵاوکردنەوەی ئەفسانەی ئایینی ئەدەن، کە ئەمەش نیشانەی داماوی و زەلیلییانە.

لە قورئاندا هاتووە ئەڵێت: "ان الله عنده علم الساعة وينزل الغيث ويعلم ما في الأرحام وماتدري نفس ماذا تكسب غدا وما تدري نفس باي أرض تموت ان الله عليم خبير"(69) واتە، بەڕاستی زانینی کاتی هاتنی ڕۆژی هەستانەوە لە لای خودایە و هەر ئەو باران ئەبارێنێ، لە کاتێکدا، کە خۆی ئەیزانێ. دەزانێ چی لە منداڵدانی دایکدایە (کوڕە، یان کچ، ئەم سێ شتە جگە لە خودا کەسی تر نایزانێ!). هیچ کەسێک نازانێ، کە بۆ سبەی چی بەدەستئەهێنێ و هیچ کەسێک نازانێ لە چ جێگایەک ئەمرێ، بە ڕاستی خودا عەلیم و زانا و ئاگایە. (بڕوانە: تەفسیری جەلالەین).

تەبەری ئەڵێت: پیاوێک پرسیاری لە محەمەد کرد و وتی، ژنەکەم دووگیانە، پێم بڵێ چی ئەبێت؟ ناوچەکەمان وشکە، پێم بڵێ کەی باران ئەبارێت؟ بێگومان ئەزانم کەی لەدایک بوومە، وەلی پێم بڵێ کەی ئەمرم، لە پاش ئەمە ئەو ئایەتە هاتووەتە خوارەوە. هەروەها ئەڵێت، کلیلی غەیب پێنج چشتە، جگە لە خودا کەسی دیکە نایزانێ. لە تەفسیری جەلالەیندا هاتووە ئەڵێت، بوخاری حەدیسێک لە ئیبنعومەر ئەگێڕێتەوە، کە ئەڵێت، کلیلی غەیب پێنج شتە، خودا ئەزانێ ڕۆژی قیامەت کەیە و... هەتا کۆتایی.

کەواتە بەپێی ئەو ئایەتانە و بەپێی هۆی داڕشتنی بێت: ڕۆژی قیامەت، باران بارین، نێر و مێی کۆرپەلەی سکی دایک، سبەی چی بەدەست ئەهێنێ و لە چ شوێنێکدا ئەمریت، ئەمانە ئەو شتە غەیبییانەن، کە جگە لە خودا کەسی دیکە نایزانێ! ئایا سادەترین مرۆڤی ئەم چەرخە بڕوا بەم قسانە ئەکات؟! مرۆڤی ئەم سەردەمە، نەک هەر ئەتوانێ بزانێ چ کاتێک باران ئەبارێ، بەڵکوو ئەتوانێ، بارانیش ببارێنێ (بە بێ ئاگاداری حەزرەتی میکائیل!). ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە: ڕۆژانە، کە دەنگوباسی ئاووهەوا لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بڵاوئەکرێنەوە، ئەڵێن، سبەی ڕۆژ ئاووهەوا بەو شێوەیە ئەبێت، بە ویستی خودا (بمشيئة الله)! کە دیارە ئەمە بۆخۆی لەگەڵ



یەکدی ناکۆکە. هەروەها لە ئێستادا سادەترین مرۆڤ ئاگای لەوەیە، کە چۆن بەهۆی ئامێری پزیشکییەوە، مرۆڤ دەتوانێت، لە چەند ڕۆژی یەکەمی پیتاندنی هێلکە لە سکی دایکدا، ڕەگەزی کۆرپەلە بزانێت، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە، هێندێک لە پزیشک و پسپۆران ئەنجامی فەحسی سۆنەرت لێ ئەشارنەوە، چونکە پێیان وایە ئەمە لە نهێنییەکانی خودایە و زانینی لە لایەن مرۆڤەوە گوناهە! لە کاتێکدا خۆیان بە چاوی خۆیان ئەیبینن و ئەیزانن (هەروەکوو چۆن خودا ئەیزانێ). ئایا ئەمە جوتهاتنەوەی ئایین و زانستە؟!

لە قورئاندا هاتووە ئەڵێت: "ومايعزب عن ربك من مثقال ذرة في الأرض ولا في السماء ولا أصغر من ذلك ولا أكبر إلا في كتاب مبين"(70)، واتە، وە هیچ شتێک لە زەوی و لە ئاسمان بە ئەندازەی بێچووە مێروولەیەک نە بچووکتر و نە گەورەتر لەویش، لە پەروەردگارت ون نابێت، مەگەر ئەوانە هەموو لە کتێبی لەوحولمەحفوزدا هەیە و نووسراوە. ئەڵێن، گوایە ئەم ئایەتەش لەو ئایەتانەیە، کە دەربارەی زانستە و ئاماژەی بۆ ئەتۆم و پرۆتۆن و نیوترۆن کردووە(71)! چونکە وشەی "ذرة"ی تێدا بەکارهاتووە، هەروەها ئەڵێ، لەو بچووکتر و گەورەتریش. بەڵام تەبەری ئەڵێت: "ذرة" یەکە مێیەی "ذر"ەیە، "ذر"یش بە مانای بەچکە مێروولە دێت.

لەنێو کوردەواریدا بەو وردیلانەی لە کڵاوڕۆژنەیەکەوە دەرئەکەوون ئەووترێت "گەرد"، تۆ بڵێی کورد ئەتۆمی لە پێش زاناکانی سەدەی بیستەمەوە نەدۆزیبێتەوە؟!

بەو شێوەیە ئەبینین، پیاوانی ئایینی لە ژێر گوشاری زانستدا، چ کاریکاتۆرییەکی ئایینی پێشکەش ئەکەن، ئەویش بە گۆڕینی مانای ئەو ئایەتانەی، کە خۆیان زۆر چاک ئەزانن، کە خاوەنەکەی بە هیچ جۆرێک بەو مانا و مەبەستە داینەڕشتووە و گەلێکیش دوورە لەوەی، کە ئەمان ئەیدەنە پاڵی. خۆ ئەگەر بێت و محەمەد زیندووبێتەوە؛ بە هیچ جۆرێک ئەو لێکدانەوانەی لەگەڵ قورئاندا بۆ جووت ناکرێت! بە ڕاستی ڕاڤەنووسانی

ئیسلام شانیان داوەتە بەر کارێکی ئێجگار سەخت! ئەویش گونجاندنی دنیایەک لە خورافە لەگەڵ زانست، کە بۆخۆی دوو شتی ناکۆک و دژ بەیەکن و پێکەوە دانوویان ناکولێ، چونکە هەر شوێنێک زانستی لێ ون بێت، خورافە لەوێیە. خورافە، ئاڵتەرناتیڤی خەیاڵیی زانستە و هەر کاتێک زانست هاتە مەیدان خورافە هەڵدێ. وەلی بەرژەوەندی چینی دەسەڵاتدار ئەو پرۆسەی هەڵاتنەی بۆ دوا ئەخات.

لە کۆتاییدا ئەڵێین، ئەو مەسەلانەی، کە ئاماژەمان پێ دان، زۆربەیان بە زانستی پزیشکی و فەلەکەوە پەیوەست بوون، بۆئەوەی لە خاڵی بەهێزی ئەوانەوە ڕەخنەی خۆمان ئاراستە بکەین، چونکە هەروەکوو گوتمان، میللەتی عەرەب لە سەردەمی سەرهەڵدانی ئیسلامدا مەگەر لەو دوو بوارەدا بایەخێکیان بە زانیاری دابێت، کە دیارە لەچاو زانیاری میللەتانی دەوروبەردا زۆر لە دوا بووە، بە جۆرێک، کە وەڵامدانەوەیان پێویستی بەوە نەکرد، کە هێندە لە زانیاری و زانست و دەستکەوتەکانی قووڵ بینەوە، کە بۆ وەڵامدانەوەی ڕەوتەکانی دیکەی بۆرژوازی پێویست ئەکات. لە ڕاستیدا ئەو مەسەلانە بە جۆرێکن، کە تەنانەت بۆ ڕۆژگاری خۆشی زۆر لە دوابوونە، بۆیە بۆ ئەم مەسەلانە، پیاوانی ئایینی ئەوەندەیان بەسە، کە دەورێکی ئەو کتێبە زانستییانە بکەنەوە، کە لە پلەکانی سەرەتایی و ناوەندیدا ئەخوێنرێن.

1996 .05 .21

## پەراوێزەکان

## بەشی یەکەم

(1) أ. گەربۆفسکی، نهێنی کۆنترین مێژوو، وەرگێڕانی: جەلال تەقی، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی، 1980، ل(89-90).

(2) انجلس، دور العمل في تحول القرد الى الانسان.

(3) انجلس، أصل العائلة والملكية الخاصة والدولة، دار التقدم، موسكو، ص24.

(4) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل210.

(5) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل4.

(6) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل25.

(7) ول، ديورانت، قصة الحضارة، الجزء الاول من المجلد الاول، ط3، ترجمة الدكتور زكى نجيب محمود، القاهرة، 1965، ص100.

(8) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل109.

(9) ادولف ارمان، ديانة مصر القديمة، ترجمة عبد المنعم ابوبكر ومحەمەد أنور شكرى، ص239.

(10) ول، ديورانت، قصة الحضارة، الجزء الاول من المجلد الاول، ص100.



(11) الدكتور تقي الدباغ، الفكر الديني القديم، الطبعة الاولى، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، 1992، ص18.

(12) د. نبيلة ابراهيم، الاسطورة، الموسوعة الصغيرة (54)، منشورات وزارة الثقافة والاعلام، دار الحرية للطباعة، بغداد، 1979، ص39.

(13) تقي الدباغ، الفكر الديني القديم، ص(188-189).

(14) الاستاذ عبدالجبار الصابئي، العراق في القرن السابع عشر، بغداد، 1944، ص108.

(15) تقي الدباغ، الفكر الديني القديم، ص19.

(16) د. عبد المحسن صالح، الانسان الحائر بين العلم والخرافة، سلسلة عالم المعرفة(15)، كويت، ص83.

(17) محمد عبدالله القريشي، القرآن، ملك: 5.

(18) انجلس، أصل العائلة، ص4.

(19) د. كمال السامرائي، الامراض النسوية في التأريخ القديم واخبارها في العراق الحديث، الموسوعة الصغيرة (91)، ص4.

(20) قرآن، مؤمنون: 13.

(21) العهد القديم، سفر التكوين، الاصحاح الثالث: 16.

(22) كمال السامرائي، الامراض النسوية في التأريخ، ص6.

(23) د. فاضل عبدالواحد، من الواح سومر الى التوراة، بغداد، 1989، ص249.

(24) طه باقر، مقدمة في تأريخ الحضارات، ج1، بغداد، 1955، ص236. فاضل عبدالواحد، من الواح سومر، ص249.

(25) السيد عبدالرزاق الحسيني، الصابئون في حاضرهم وماضيهم، ط3، صيدا، 1963، ص45.

(26) العهد القديم، سفر التكوين، الاصحاح الثاني.

(27) قرآن، سجدة: 7.

(28) قرآن، رحمن: 14.

(29) قرآن، اعراف: 189.

(30) طه باقر، مقدمهة في تأريخ الحضارات، ج1، ص236.

(31) تقي الدباغ، الفكر الديني القديم، ص73.

(32) العهد القديم، سورة التكوين، الاصحاح الاولى والثانية.

(33) قرآن، يونس: 3.

(34) قرآن، ق: 38.

(35) د. محمد عبد اللطيف مطلب، صورة الكون، الموسوعة الصغيرة (35)، ص17.

(36) قرآن، أنبياء: 32.

(37) قرآن، حج: 65.

(38) نبيلة إبراهيم، الاسطورة، ص28.

(39) قرآن، غاشية: 20.

(40) نبيلة إبراهيم، الاسطورة، ص35.

(41) قرآن، حشر: 21.

(42) أ. گەربۆفسكی، نهێنی كۆنترین مێژوو، ل(26-28).

(43) تقي الدباغ، الفكر الديني القديم، ص21.

(44) قرآن، ملک: 5.

(45) قرآن، حج: 16.

(46) أ. گەربۆفسكی، نهێنی كۆنترین مێژوو، ل(52-53).

(47) ول، ديورانت، قصة الحضارة، ج1، م1، ص105.

(48) ول، ديورانت، قصة الحضارة، ج1، م1، ص104.

(49) تقي الدباغ، الفكر الديني القديم، ص62.

(50) تقي الدباغ، الفكر الديني القديم، ص25.

(51) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل26.

(52) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل26.

(53) العهد القديم، التكوين، الاصحاح الاول.



(54) قرآن، إخلاص: 3.

(55) مەلا عەبدولكەریمی مودەریس، سەرچاوەی ئايين، دار المثنى للطباعة والنشر، بغداد، 1982، ل13.

(56) قرآن، يونس: 3.

(57) قرآن، هود: 7.

(58) تقي الدباغ، الفكر الديني القديم، ص(16-21).

(59) تقي الدباغ، الفكر الديني القديم، ص188.

(60) ول، ديورانت، قصة الحضارة، ج1، م1، ص113.

(61) تقي الدباغ، الفكر الديني القديم، ص107.

(62) ول، ديورانت، قصة الحضارة، ج1، م1، ص(113-114).

(63) طه باقر، مقدمة في تأريخ الحضارات، ج1، ص266.

(64) مونتيه، الحياة اليومية في مصر في عهد الرعامسة، ترجمة عزيز مرقس، 1965، ص377.

(65) تقي الدباغ، الفكر الديني القديم، ص78.

(66) ول، ديورانت، قصة الحضارة، ج1، م1، ص(98-99).

## بەشی دووەم

(1) ول، ديورانت، قصة الحضارة، ج1، م4، ص(6-7).

(2) صلاح الدين حافظ، صراع القوى العظمى حول القرن الافريقي، عالم المعرفة (49)، كويت، 1982، ص15.

(3) انجلس، أصل العائلة، ص(66-67).

(4) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل4.

(5) ابو يوسف، الخراج، دار المعرفة، بيروت، 1979، ص(70-71). البلاذري، فتوح البلدان، تحقيق رضوان محمد رضوان، دار الكتب العلمية، بيروت، 1978، ص68.

(6) أحمد عباس صالح، اليمين واليسار في الأسلام، ط2، بيروت، 1973، ص19.

(7) مونتجمري وات، محمد في مكة.

(8) إبن حوقل، صورة الارض، منشورات مكتبة الحياة، بيروت، بلا تأريخ، ص37.

(9) أحمد عباس صالح، اليمين واليسار، ص19.

(10) الطبري، تأريخ الامم والملوك، ج2، مطبعة الاستقامة، القاهرة، 1939. عبد السلام هارون، تهذيب سيرة ابن هشام، ط5، دار البحوث العلمية، كويت، 1977.

(11) بندلي جوزي، من تأريخ الحركات الفكرية في الأسلام، دار الروائع، بيروت، ص(19-20).

(12) قرآن، ابراهيم: 37.

(13) إبن هشام، السيرة النبوية، تحقيق: مصطفى السقا و زميلاه، مطبعة البابي الحلبي، ط، القاهرة، 1955، ص57. إبن حبيب، المنمق في اخبار قريش، تحقيق: خورشيد أحمد فاروق، ط1، هند، 1964، ص73.

(14) قرآن، فيل.

(15) عبد الرؤوف المصري، معجم القرآن، ط2، مطبعة الحجازي، قاهرة.

(16) طه حسين، مرآة الأسلام، درا المعارف، مصر، ص(32-33).

(17) سعيد الافغاني، أسواق العرب في الجاهلية والأسلام، ط3، دار الفكر، بيروت، 1974.

(18) على مير فيترۆس، ئیسلام ناسی، وەرگێڕ: سیامەک بابەک، ل7، ئەمیش لەم سەرچاوانەوە وەری گرتووە: پەتروسفسکی، ئیسلام در ایران، ل17. تأریخ عرب، ب1، ل131. تأریخ طبري، ب3، ل936.

(19) د. جواد علي، تأريخ العرب في الأسلام، السيرة النبوية، مطبعة الزعيم، بغداد، 1961، ص62. عبدالعزيز پارەزانی، ژیانی پێغمبەری مەزن محەمەد، ب(1-2)، ل288.



(20) قرآن، قريش.

(21) الطبري، تأريخ الرسل والملوك، ج2، مطبعة دار المعارف، القاهرة، 1966، ص25.

(22) الثعالبي، ثمار القلوب في المضاف والمنسوب، القاهرة، 1908، ص(89-90).

(23) بندلي جوزي، من تأريخ الحركات، ص24.

(24) الثعالبي، ثمار القلوب، القاهرة، 1965، ص60.

(25) أحمد عباس صالح، اليمين واليسار، ص26.

(26) جواد علي، السيرة النبوية، ص62.

(27) إبن هشام، السيرة النبوية، ق1، ص188. المسعودي، مروج الذهب ومعادن الجوهر، ط2، دار الاندلس، بيروت، 1973، إبن حبيب، المصر، المكتب التجاري، بيروت، ص162.

(28) قرآن، بقرة: 16.

(29) قرآن، مطففون: 1.

(30) قرآن، بقرة: 282.

(31) انجلس، أصل العائلة، ص147.

(32) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل220.

(33) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل147.

(34) بندلي جوزي، تأريخ الحركات الفكرية، ص25.

(35) سعيد الافغاني، أسواق العرب.

(36) البلاذري، فتوح البلدان، ص68.

(37) أحمد عباس صالح، اليمين واليسار، ص(31-32).

(38) الاصفهاني، الاغاني، ج18، دار صعب، بيروت، ص213.

(39) نجمان ياسين، تطور الاوضاع الاقتصادية في عصر الرسالة والراشدين، بيت الموصل، 1988، ص72.

(40) انجلس، أصل العائلة، ص(4-5).

(41) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(135-136).
(42) إبن هشام، السيرة النبوية، ق1، ص(218-220).
(43) إبن قتيبة، المعارف، تحقيق: ثروت عكاشة، دار الكتب، القاهرة،1960، ص32. السمهودي، وفاء الوفا باخبار دار المصطفى، ج2، مطبعة الآداب والمؤيد، القاهرة، 1326ه، ص280.
(44) المسعودي، مروج الذهب، ج2، ص299.
(45) هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.
(46) د. محمد فاضل قەفتان، ڕژێمە ئابوورییەکان و کۆمەڵگای تەکنەلۆژی نوێ، ب1، سلێمانی، 1985، ل(60-61).
(47) انجلس، أصل العائلة، ص155.
(48) ماركس، رأس المال.
(49) بندلي جوزي، تأريخ الحركات الفكرية، ص29.
(50) قرآن، دهر:8، بلد: 12.
(51) ماركس، ملخص كتاب لويس ه. مورغان (المجتمع القديم).
(52) الاصفهاني، الاغاني، ج13، ص15.
(53) الجاحظ، رسائل الجاحظ، ج2، تحقيق: عبد السلام محمد هارون، مكتبة الخانجي، القاهرة، 1964، ص178.
(54) انجلس، أصل العائلة، ص71. ئەنگڵس کاتێک دێتە سەرباسی (لویس هێنری مۆرگان) لە پەیوەند بەو دۆزینەوە نوێیەی کە لەسەر تیرە سەرەتاییەکان بە دەستی هێناوە ئەڵێت: ئەم دۆزینەوە نوێیە دەربارەی تیرە سەرەتاییەکان؛ کە لەسەر بنچینەی مافی دایکی بنیات نراوە، بەو جۆرەی، کە ئەمە قۆناغێک بووە لە پێش قۆناغی تیرەیی گەلانی شارستانی، کە لەسەر بنچینەی مافی باوکی بنیات نراوە، بۆ مێژووی سەرەتایی مرۆڤ بە ڕادەی تیۆری داروین سەبارەت بە نەشونما و پەرەسەندن لە بایۆلۆژی و تیۆری مارکس سەبارەت بە زێدەبایی لە ئابووری سیاسیدا گرنگی هەیە. (بڕوانە هەمان سەرچاوە، ل20).



(55) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل78.
(56) د. خليل أحمد خليل، المرأة العربية وقضايا التغير، ط2، دار الطليعة، بيروت، 1982، ص(27-28).
(57) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل28.
(58) انجلس، أصل العائلة، ص76.
(59) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل77.
(60) قرآن، اسراء: 31.
(61) خليل أحمد خليل، مضمون الاسطورة في الفكر العربي، ط1، دار الطليعة، بيروت، 1973، ص25.
(62) طه حسين، مرآة الأسلام، ص29.
(63) انجلس، أصل العائلة، ص13.
(64) خليل أحمد خليل، المرأة العربية، ص42.
(65) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل41.
(66) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل40 و لاپەڕەکانی دوواتر.
(67) د. حمدان عبدالمجيد الكبيسي، أسواق العرب التجارية، ط1، وزارة الثقافة والأعلام، بغداد، 1989ص6.
(68) انجلس، أصل العائلة، ص227. هەروەها بڕوانە: لينين، الدولة، الدولة والثورة، دار التقدم.
(69) انجلس، أصل العائلة، ص217.
(70) أحمد عباس صالح، اليمين واليسار، ص28 و لاپەڕەکانی دواتر.
(71) إبن هشام، السيرة النبوية، ج3، تحقيق: محمد محى الدين عبدالحميد، ص863. پارەزانی، ژیانی پێغەمبەر، ل436.
(72) عبدالعزيز الدوري، مقدمة في التأريخ الاقتصادي العربي، دار الطليعة، ط2، بيروت، 1978، ص9.
(73) أحمد عباس صالح، اليمين واليسار، ص(20-21).

(74) الزبير بن بكار، جمهرة نسب قريش واخبارها، تحقيق: محمود محمد شاكر، مكتبة دار العروبة، القاهرة، 1381ه، ص(425 - 428). هبة الله أبو البقاء، المناقب المزيدية في أخبار الملوك الأسدية، مخطوطة في المجمع العلمي العراقي عن نسخة المتحف البريطاني، رقم تسلسل 1484، ص14.

(75) الطبري، تأريخ الرسل والملوك، تحقيق: محمد أبو الفضل ابراهيم، ج2، دار المعارف، القاهرة، 1962، ص55. الثعالبي، تأريخ غرر السير المعروف بكتاب غرر أخبار ملوك الفرس وسيرهم، مكتبة الأسدي، طهران، 1963، ص514.

(76) علي بن أبي طالب، نهج البلاغة، شرح محمد عبدة، ج2، دار المعرفة للطباعة والنشر، بيروت، ص530.

(77) الأصفهاني، الأغاني، ج20، ص(24 - 25). بۆ زانیاری زیاتر بڕوانه چیرۆک و هۆنراوەی (لقیط کوڕی معمر).

(78) خليل أحمد خليل، مضمون الأسطورة، ص17.

(79) ول، ديورانت، ج2، م4، ئەمیش له پەرتووکی عبدالطیف(1162-1232) که شارەزایەکی ئیسلامییه و له نووسراوەکانی بارهبریوس(1226-1286)ەوه وەری گرتووه.

(80) أ. گەربۆفسکی، نهێنی کۆنترین مێژوو، ل(154-155).

(81) د. جواد علي، المفصل في تأريخ العرب قبل الأسلام، ط2، دار العلم للملايين، بيروت، 1978، 19/6.

(82) د.محمد عبدالمعيدخان، الأساطير العربية قبل الأسلام، القاهرة، 1937، ص14.

(83) جواد علي، المفصل في تأريخ، 28/6.

(84) جواد علي، المفصل في تأريخ، 102/6. د. مصطفى عبداللطيف جياووك، الحياة والموت في الشعر الجاهلي، منشورات وزارة الأعلام، دار الحرية للطباعة، بغداد، 1977، ص84.

(85) قرآن، لقمان: 25، زخرف: 9، زمر: 38، زخرف: 87.



(86) الواحدي، أسباب النزول، الباب الحلبي، مصر، 1959، ص551. البلاذري، أنساب الاشراف، تحقيق: د. محمد حميدالله، دار المعارف، مصر، 1959، 140/1.

(87) قرآن، لقمان: 20.

(88) بلاذري، أنساب الاشراف، 143/1.

(89) جواد علي، المفصل في تأريخ، 6/(121-122)، (153-162).

(90) قرآن، يونس: 31، عنكبوت: 63.

(91) خليل أحمد خليل، مضمون الاسطورة، ص42.

(92) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل41.

(93) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل40.

(94) سيرة إبن هشام، 232/1-233. الجاحظ، الحيوان ، ج4، ص466.

(95) جواد علي، المفصل في تأريخ، 785/6.

(96) كتاب التيجان، ص91.

(97) تاج العروس، 6، 64.

(98) الآلوسى، بلوغ الأرب، 313/2. جواد علي، المفصل في تأريخ، 138/6-139.

(99) السهيلي، الروض الأنف، المجالية، مصر، 1929، 96/1. إبن قتيبة، المعاني الكبير، تحقيق: دائرة المعارف العثمانية، هند، 1949، 3/ 1029. النويري، نهاية الأرب، دار الكتب، مصر، 1930، 3/ 117. الشهرستاني، الملل والنحل، 2/ 244. إبن حبيب، المحبر، دار المعارف العثمانية، هند، 1361، ص 323. شرح ديوان كعب بن زهير، الدار القومية، 1965، ص188.

(100) جواد علي، المفصل في تأريخ، 5/ 291.

(101) إبن الحبيب، المحبر، ص322.

(102) قرآن، واقعة: 47، جانية: 24، يس: 78، مطففين: 10، إنفطار: 9، صافات: 21، مؤمنون: 81، نمل: 67، نحل: 22.

(103) طبري، جامع البيان، أحمد محمد شاكر، دار المعارف، مصر، 1960، 108/7، 151/9.
(104) جواد علي، المفصل في تأريخ، 123/6. تقي الدباغ، الفكر الديني، ص16.
(105) جواد علي، المفصل في تأريخ، 131/6-133.
(106) هەمان سەرچاوەی پێشوو، 785/6.
(107) وشەی شێت لە زمانی عەرەبیدا، لە وشەی (مجنون)ەوە هاتووە، کە بە مانای جنۆکە دێت، چونکە پێیان وابووە جنۆکە هۆی شێتییە. کتێبی: تاج العروس، 164/9.
(108) طبري، 439/2. الرازي، تفسير الرازي/ (17-18)، ص9. روح المعاني، 282/30. إبن ماجة، سنن إبن ماجة، 1173/2.
(109) جواد علي، المفصل في تأريخ، 740/6.
(110) الثعالبي، ثمار القلوب، ص642. مصطفى جياوک، الحياة والموت، ص81.
(111) الدكتور صالح أحمد العلي، محاضرات في تأريخ العرب، ج1، ط6، بغداد، 1960، ص168.
(112) جواد علي، المفصل في تأريخ 6/ (46-47).
(113) قزويني، عجائب المخلوقات.
(114) الدميري، حياة الحيوان.
(115) أزروقي، أخبار مكة، ص(69-71).
(116) خليل أحمد خليل، مضمون الاسطورة، ص94.
(117) قرآن، مائدة: 60.
(118) إبن كثير، تفسير ابن كثير، 4/ 253. طبري، 2/ 526. أزروقي، أخبار مكة، ص71.
(119) هەمان سەرچاوەی پێشوو.
(120) قرآن، نجم: (19-22).



(121) قرآن، زخرف: 19، نحل: 57.
(122) بڕوانە ئەم باسە، ل95.
(123) قرآن، فصلت: 37، نمل: 24.
(124) خليل أحمد خليل، مضمون الاسطورة، ص76.
(125) جواد علي، المفصل في تأريخ، 50/6.
(126) قرآن، انعام: 100، يس: 60.
(127) جواد علي، المفصل في تأريخ، 511/6. بلاذري، فتوح البلدان، ص(42، 47، 67، 71، 90، 91). طبري، تأريخ، 9/3، 15، 16. إبن الأثير، تأريخ، 147/2، 152.
(128) جواد علي، المفصل في تأريخ، 543/6.
(129) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل549.
(130) إبن هشام، سيرة، 231/1، إبن سعد، طبقات، ج1، ق1، ص106.
(131) إبن حزم، جمهرة أنساب العرب، تحقيق: عبدالسلام هارون، دار المعارف، مصر، 1962، ص491.
(132) لويس شيخو، النصرانية وآدابها، الكاثوليكية، لبنان، 1912، 114/1.
(133) تأريخ مكة، 110/1-113.
(134) فتوح البلدان، ص{(90-91)، 88، 89}. إبن الأثير تأريخ، 155/2، 2/ 157.
(135) بلاشير، تأريخ الأدب العربي، ترجمة: د. ابراهيم كيلاني، دمشق، 1956، ص62. أحمد أمين، فجر الأسلام، ص25.
(136) جواد علي، المفصل في تأريخ، 693/6.
(137) غرائب اللغة، ص269.
(138) قرآن، نحل: 51.
(139) الواحدي، أسباب نزول، ص79.
(140) قرآن، مائدة: 69.
(141) عبد الجبار الصابئي، العراق في القرن السابع عشر، ص103.

(142) عبد الرزاق الحسيني، الصابئون في حاضرهم وماضيهم، ص70.

(143) إبن هشام، سيرة، 244/1. إبن الأثير، أسد الغابة، تصوير ايران عن طبعة الهند، 1913، 236/2. إبن سلام الجمحي، طبقات فحول الشعراء، تحقيق: أحمد محمد شاكر، المعارف، مصر، 1952، ص66. البداية والنهاية، 237/2. إبن خلدون، ق1، م2، ص707. المسعودي، مروج، 70/1.

(144) قرآن، حج: 12.

(145) قرآن، بقرة: 173.

(146) تاج العروس، 616/1.

(147) جواد علي، المفصل في تأريخ، 6/ 457.

(148) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل508. المقدسي، البدء والتأريخ، 1/ 24. ديوان أمية، ص(18، 58، 50).

(149) جواد علي، المفصل في تأريخ، 458/6.

(150) إبن هشام، سيرة، 242/1. إبن حبيب، المحبر، ص(171، 175، 237). السهيلي، الروض الأنف، 145/1.

(151) اليعقوبي، 298/1. إبن كثير، البداية، 238/2.

(152) طبري، 2/ 300. إبن سعد، الطبقات، 1/ 194. إبن حجر العسقلاني، شرح صحيح البخاري، 1/ 66.

(153) إبن هشام، سيرة، ج1، ص(242-244). إبن حبيب، المحبر، ص(171-172). إبن سعد، طبقات، ج3، ق1، ص276.

(154) طبري، تفسير، 3/ (245-246).

(155) إبن الكلبي، الأصنام، ێ99. إبن هشام، سيرة، ج1، ص(87-94). البكری، ص69، 620. ياقوت، 3/ 93.

(156) إبن سعد، طبقات، ج10، ص(12، 16). تقي الدباغ، الفكر الديني، ص146.

(157) خليل أحمد خليل، مضمون الاسطورة، ص(68، 69). بۆ ئاگاداری زیاتر بڕوانە کتێبی: الثعلبي، قصص الأنبياء، ل75 و دواتر.



(158) جواد علي، المفصل في تأريخ، 6/ 347.

(159) صالح أحمد العلي، محاضرات في تأريخ العرب، 1/ 210.

(160) قرآن، حج: 28.

(161) أزرقي، أخبار مكة.

(162) تقي الدباغ، الفكر الديني، ص150.

(163) قرآن، قريش: 3.

(164) قرآن، آل عمران: 97.

## بەشی سێیەم

(1) جواد علي، السيرة، ص58.

(2) ول، ديورانت، قصة الحضارة، ج2، م4، ص24.

(3) إبن هشام، سيرة، 166/2. طبري، تفسير، 324/1.

(4) هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

(5) جواد علي، المفصل في تأريخ، 83/6. قرآن، هود: 53، 60، 62، 89. أعراف: 77، 93، 65. شعراء: 124، 142.

(6) الآلوسي، بلوغ الأرب، 278/2.

(7) إبن منظور، اللسان، 149/12 (عنق). تاج العروس، 410/1، عنق. السهيلي الروض الأنف، 9/1.

(8) السهيلي، الروض الأنف، 9/1.

(9) جاحظ، الحيوان، 89/4.

(10) جواد علي، المفصل في تأريخ، 88/1.

(11) السيرة، الروض الأنف، 187/1.

(12) السهيلي، الروض الأنف، 340/2.

(13) جواد علي، المفصل في تأريخ، 97/6.

(14) طبري، تأريخ، 283/3.

(15) إمتاع الأسماع، 508/1. اليعقوبي، 120/1. سيرة إبن هشام، 60/2.

(16) بروكلمان، تأريخ الأدب العربي، 113/1. إبن قتيبة، عيون الأخبار، 374/6. الجاحظ، 7/ 321. الجاحظ، البيان والتبين، تحقيق: عبدالسلام هارون، مصر، 1948، 1/ 291.

(17) الأصفهاني، الأغاني، 123/4.

(18) إبن كثير، البداية والنهاية، 224/2. مروج، 57/1. الطبرسي، 63/7. طبري، تفسير، طبعة البابي، 121/9. إبن كثير، تفسير إبن كثير، 264/2. شرح الشهاب علي البيضاوي، 236/4.

(19) صحيح البخاري. پارەزانی. ژيانی پێغەمبەر، ل(74-83).

(20) المسعودي، مروج، 57/1 ومابعدها. إبن خلدون، 177/1 ومابعدها. مسعودي، التنبيه والاشراف، 359.

(21) الأغاني، 123/4 وما بعدها.

(22) إبن هشام، سيرة، 11/1. إبن حزم، جمهرة الأنساب، ص257. الأصفهاني الأغاني، ص(16،69). الحيوان، 320/2. البغدادي، خزانة الأدب، 919/1.

(23) الأصفهاني، الأغاني، 112/3. البغدادي، خزانة الأدب، 39/2. إبن هشام، سيرة، 40/1.

(24) قرآن، آل عمران: 19.

(25) إبن منظور، اللسان، 125/4. طبري، 172/2. قصة الحضارة، ج2، م4، ص21.

(26) إبن منظور، اللسان، 125/4. تاج العروس، 339/2. إبن سعد، طبقات، 1/1، ص111.

(27) جواد علي، سيرة، ص78. إبن هشام، سيرة، 248/1. السيرة الحلبية، 248/1.

(28) مسعودي، التنبيه والاشراف، طبعة الضاوي، ص117.



(29) بلاذري، أنساب الاشراف، 90/1، 92، 447، 539، 569، 577. أنساب الأنساب، ص90. بندلي جوزي، من تأريخ الحركات، ص31.

(30) السهيلي، الروض الأنف، 70/2. انساب الاشراف، 191/1.

(31) إبن قتيبة، المعارف، ص65. إبن سعد، 1،62/1. طبري، 172/2. إبن كثير، 259/2.

(32) الحلبية، 70/1. إبن سعد ، 100/1 وما بعدها

(33) طبري، 20606/3-207. مسعودي، مروج، 190/2.

(34) طبري، تفسير، 23/1

(35) إبن سعد، ج1، ق1، ص71

(36) قرآن، ضحى: 6

(37) طبري، تأريخ، 195/2. يعقوبي، تأريخ، 10/2. مسعودي، تأريخ، 293/2

(38) طبري، تأريخ، 1123/1 ومابعدها. إبن الأثير، تأريخ، 27/2 ومابعدها. إبن هشام، سيرة، 191/1 ومابعدها. إبن سعد، طبقات،189/1.

(39) يعقوبي، 11/2. طبري، تأريخ، 201/2. إبن سعد، طبقات، ج1، ق1، ص81. مسعودي، مروج، 275/2.

(40) الحلبية، 161/1.

(41) إبن هشام، سيرة، 697/6 ومابعدها. الحلبية، 658/6، 767/7. المقدسي، البدء والتأريخ، 667/4 ومابعدها. إبن سعد، طبقات، 669/6 ومابعدها. طبري، 696/6.

(42) الحلبية، 167/1. إبن الأثير، اسد الغابة، 435/5.

(43) إبن هشام، سيرة، 1/ 198، حاشية رقم3، طبعة القاهرة، 1936.

(44) جواد علي، السيرة، ص116.

(45) قرآن، ضحى: 8.

(46) قرآن، أحقاف: 15.

(47) بڕوانە ئەم باسە، ل101.

(48) جواد علي، السيرة، ص70. بلاذري، فتوح البلدان، طبع اوروبا، ص473.
(49) بلاذري، فتوح البلدان، ص471.
(50) أحمد أمين، فجر الأسلام، ص141.
(51) إبن سعد، ج1، ق1، ص55. إبن كثير، البداية والنهاية، 230/2.
(52) إبن هشام، السيرة، ق1، ص422.
(53) إبن سعد، م4، ص53 ومابعدها.
(54) قرآن، نحل: 103.
(55) البنتاكي، تأريخ البنتاكي، ص93.
(56) طبري، تأريخ، 1125/3. إبن الأثير، الكامل في التأريخ، 138/2. إبن هشام، سيرة، 3/(782-783). ئەم باسە لە پەرتووکی ژیانی پەیامبەر، پارەزانی، ل(396-397) دا هاتووە، بەڵام ئەو بەشەی کە خوێندەواربوونی محەمەدی تێدا دەرئەکەوێت نەنووسراوە، بۆئەوەی سەرنجی خوێنەر بۆ ئەو مەسەلەیە نەچێت و ئەو ڕاستییە بشارێتەوە.
(57) أحمد أمين، فجر الأسلام، ص174.
(58) إبن الأثير، الكامل في التأريخ، 31/2.
(59) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل32، محمد طاهر الكردي المكي، تأريخ القرآن، مصر، 1953، ص36.
(60) صالح أحمد العلي، محاضرات في تأريخ، 282/1.
(61) قرآن، أعلى: 6.
(62) قرآن، أعراف: 157.
(63) قرآن، جمعة: 2.
(64) شێخ محەمەدی خاڵ، تەفسیری خاڵ، ج3، ل101.
(65) طه حسين، مرآة الأسلام، ص8.
(66) جواد علي، المفصل في تأريخ، 567/6.
(67) قرآن، يس: 6.



(68) قرآن، زخرف: 21.
(69) قرآن، شورى: 52.
(70) قرآن، جن: 23.
(71) ول، ديورانت، قصة الحضارة، ج2، م4، ص33. صالح أحمد العلي، محاضرات في تأريخ، 287/1.
(72) قرآن، بقرة: 112.
(73) قرآن، آل عمران: 20.
(74) قرآن، إخلاص.
(75) قرآن، علق: 2.
(76) قرآن، تين: 4.
(77) قرآن، نبأ: 6.
(78) قرآن، نبأ: 7.
(79) قرآن، نازعات: 31.
(80) قرآن، نازعات: 33.
(81) قرآن، عبس: 24.
(82) قرآن، غاشية: 17.
(83) قرآن، ملك: 19.
(84) قرآن، دخان: 54.
(85) قرآن، غاشية: 10.
(86) قرآن، بينة: 8.
(87) قرآن، إنسان: 4.
(88) قرآن، غاشية: 4.
(89) قرآن، غاشية: 5.
(90) قرآن، غاشية: 6.
(91) قرآن، جن: 23.
(92) قرآن، أنبياء: 5.

(93) بڕوانە ئەم باسە، 169.
(94) بڕوانە ئەم باسە، ل185.
(95) قرآن، تین: 4.
(96) قرآن، ملک: 16.
(97) قرآن، ملک: 21.
(98) قرآن، ملک: 30.
(99) قرآن، قلم: 19.
(100) قرآن، حاقة: 5.
(101) پارەزانی، ژیانی پێغەمبەر، ل(132-133).
(102) شێخ محەمەدی خاڵ، تەفسیری خاڵ، چ3، سلێمانی، 1986، 129/30.
(103) إبن الأثیر، الکامل في التأریخ، 32/2. پارەزانی، ژیانی پێغەمبەر، ل133. شێخ محەمەدی خاڵ، تەفسیری خاڵ، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، 1986، 213/29.
(104) پارەزانی، ژیانی پێغەمبەر، 133.
(105) قرآن، ضحی: 1.
(106) طبري، تفسیر، ط2، حلبي، قاهرة، 1954، 17/ 186. النحاس، الناسخ والمنسوخ، مطبعة السعادة، قاهرة، 1323ه، ص190. الواحدي، أسباب نزول، ص232.
(107) قرآن، نجم: 3.
(108) قرآن، یونس: 15.
(109) قرآن، حج: 52.
(110) سەبارەت بەهۆی داڕشتنی ئەم ئایەتە بڕوانە: طبري، تفسیر، 226/2. إبن سعد، طبقات، ج1، ق2، ێ137.
(111) قرآن، إسراء: 73.
(112) هبة الله إبن سلامة، الناسخ والمنسوخ، ص148.



(113) قرآن، اعلی: 6.
(114) قرآن، نجم: 21.
(115) جواد علي، المفصل في تأریخ، 431/6. صالح أحمد العلي، محاضرات في تأریخ، 200/1.
(116) ابن سعد، طبقات، ج1، ق1، ص(136-138).
(117) قرآن، أنعام: 161.
(118) قرآن، نحل: 123.
(119) الرازي، تفسیر الرازي، البهیة، مصر، 1937، 105/3. إبن الأثیر، اسد الغابة، 274/1. بلاذري، انساب الاشراف، 121/1، 133.
(120) بڕوانە ئەم باسە، ل149.
(121) قرآن، آل عمران: 67.
(122) قرآن، حج: 78.
(123) قرآن، یونس: 109.
(124) قرآن، یونس: 55.
(125) قرآن، ق: 39.
(126) قرآن، معارج: 5.
(127) قرآن، نحل: 125.
(128) قرآن، عنکبوت: 46.
(129) قرآن، یونس: 108.
(130) قرآن، هود: 12.
(131) قرآن، رعد: 40.
(132) قرآن، کافرون: 6.
(133) إبن خرداذبة، المسالک والممالک، إصدار مکتبة المثنی، ببغداد عن طبعة أوفسیت بریل، لدن 1889م، ص128.
(134) قرآن، عنکبوت: 46.
(135) قرآن، آل عمران: 85.

(136) الواقدي، المغازي، تحقيق: د. مارسدن جونس، مؤسسة الأعلمي للمطبوعات، بيروت، 197/1. المقدسي، البدء والتأريخ، مكتبة المثنى عن طبعة باريز، بغداد، 1916 م، 94/6.
(137) السمهودي، وفاء الوفا، 125/1.
(138) بەداخەوە ئەم پەراوێزم لە نێوچووە، دوو ساڵ بەر لە ئێستا، کاتێک کە ئەم کتێبە چاپی کۆمپیوتەری کرا، ئەم پەراوێزە لە بیر کراوە و چاپ نەکراوە، ڕەشنووسی کتێبەکەش لە نێو چووە، تا بۆی بگەڕێینەوە.
(139) پارەزانی، ژیانی پێغەمبەر، ل(315-316). ول، ديورانت، قصة الحضارة، ج2، م4، ص(35-36).
(140) قرآن، توبة: 29.
(141) قرآن، بقرة: 256.
(142) قرآن، انفال:60.
(143) قرآن، انفال: 65.
(144) قرآن، انفال: 39.
(145) د. عەلی شەریعەتی، سیمای موحەممەد، وەرگێڕ: صديق بۆرەكەيى، ل25.
(146) إبن الأثير، الكامل في التأريخ، دار صادر، بيروت 65_ 1966، 127/2. إبن هشام، السيرة، 240/1.
(147) هبة الله، إبن سلامة، الناسخ والمنسوخ، ص123.
(148) قرآن، توبة: 12. طه حسين، مرآة الأسلام، ص124.
(149) قرآن، معارج: 23.
(150) قرآن، نمل: 3.
(151) إبن سلام، الأموال، تحقيق: محمد حامد الفقي، دار الكتب المصرية، قاهرة، 1353ه، ص354. أبو يوسف، الخراج، دار المعرفة، بيروت، 1979، ص80.
(152) قرآن، منافقون: 10.



(153) قرآن، بلد: 12.
(154) قرآن، فجر: 18.
(155) قرآن، ماعون: 1.
(156) قرآن، قلم: 24.
(157) قرآن، سبأ: 36.
(158) قرآن، فاطر: 13.
(159) قرآن، بقرة: 247.
(160) قرآن، آل عمران: 26.
(161) أ. ى. ونستك، المعجم المفهرس لألفاظ الحديث النبوي، أتبع نشرة، ى، بروخمان، ليدن، 1967، ص256.
(162) قرآن، الحديد: 7.
(163) قرآن، تغابن: 15.
(164) أبو يوسف، الخراج، ص(22-23).
(165) قرآن، بقرة: 16.
(166) قرآن، مائدة: 38.
(167) الماءردي، الأحكام السلطانية والولايات الدينية، دار الكتب العلمية، بيروت، 1978، ص61.
(168) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(28-29).
(169) قرآن، كهف: 46.
(170) قرآن، آل عمران: 14.
(171) طبري، تأريخ، 5/6. إبن حزم، الأنساب، ص161.
(172) خليفه بن خياط، تأريخ خليفة بن خياط، تحقيق: أكرم ضياء القمري، مطبعة دار الآداب، ط1، النجف، 1967، 22/1. إبن هشام، السيرة، 605/1. طبري، تأريخ، 2/2.
(173) خليفه بن خياط، تأريخ، 22/1. إبن هشام، السيرة، 603/1.
(174) قرآن، أنفال: 41.

(175) الماوردي، الأحكام السلطانية، ص126.
(176) قرآن، حشر: 7.
(177) د. علي إبراهيم حسن، التأريخ الأسلامى العام، ص493.
(178) انجلس، أصل العائلة، ص78. بڕوانە ئەم باسە، ل97.
(179) نجمان ياسين، تطور الأوضاع الأقتصادية، ص60.
(180) صحيح المسلم، ج/4، ص145. إبن هشام، سيرة، ج/4، ص1061. عبدالعزيز پارەزانی، ژيانی پێغەمبەری مەزن، ل(413-414).
(181) ول، ديورانت، قصة الحضارة، ج/2، مجلد4، ص39.
(182) قرآن، نساء: 24.
(183) أبو يوسف، الخراج، ص18. المسعودي، التنبيه والاشراف، تحقيق: عبدالله اسماعيل الصاوي، المكتبة العصرية، بغداد، 1938، ص205.
(184) الماءردي، الأحكام السلطانيهة ، ص164.
(185) إبن هشام، السيرة، 492/2، 496. هەمان سەرچاوە، 3/942-943.
(186) الأصفهاني، الأغاني، 96/13. الواقدي، المغازي، 957/3.
(187) إبن حنبل، كتاب الزهد، دار الكتب العلمية، بيروت، 1978، ص7. إبن النجار، أخبار مدينة الرسول (المعروف باسم الدرة الثمينة في أخبار المدينة، تحقيق: صالح محمد جمال، ط1، مكة، 1966، ص(71-72).
(188) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص272.
(189) إبن حبيب، المحبر، تحقيق: د. إيلزه ليختن شتيتر، المكتب التجاري، بيروت، ص474.
(190) قرآن، قصص: 57.
(191) إبن الأثير، الكامل في تأريخ، 166/2.
(192) طه حسين، مرآة الأسلام، ص117.
(193) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل117.
(194) حمدان عبد المجيد الكبيسي، اسواق العرب التجارية، ص31.



(195) إبن حبيب، المحبر، ص165. زبير بن بكار، نسب قريش، ص(173-174).
(196) الجاحظ، البخلاء، دار المعارف، القاهرة، 1958، ص193. إبن قتيبة الدينوري، المعارف، المطبعة الأسلامية، القاهرة، 1934، ص249.
(197) إبن سعد، كتاب الطبقات الكبير، تصحيح: ادوارد سخو، ليدن، 1321ه 1347ه، 93/3.
(198) ول، ديورانت، قصة الحضارة، ج2، م4، ص77.
1دينار= 56گم زێڕ=4.725 دۆلار(بەگوێرەی نرخی زێر لە وڵاتە يەكگرتووەكانی ئەمريكا، ساڵی 1947. 1درهەم= 43گم زيو= 0.8 دۆلار. (هەمان سەرچاوە، ل111).
(199) المسعودي، مروج الذهب، 333/2. إبن سعد، طبقات، ج3، ق1، ص(96-97).
(200) إبن سعد، طبقات، 96/3-97.
(201) إبن سعد، طبقات، ج3، ق1، ص157. المسعودي، مروج الذهب، 333/2.
(202) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل158.
(203) الذهبي، دول الأسلام، تحقيق: فهيم محەمەد شلتوت وزميله، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، 1974، ص35.
(204) إبن سعد، طبقات، ج3، ق1، ص53.
(205) إبن عبدالبر، الأستيعاب في معرفة الأصحاب، مكتبة نهضة مصر، القاهرة، 399/1.
(206) ول، ديورانت، قصة الحضارة، ج2، م4، ص115. طه حسين، مرآة الأسلام، ص294. بندلي جوزي، من تأريخ الحركات الفكرية في الأسلام، ص159.
(207) قرآن، انسان: 8_9.
(208) قرآن، بلد: (12_14).

(209) رواه مسلم وأبو داؤد.

(210) قرآن، نور: 33.

(211) ابن هشام، السيرة، 218/1_220. ابن الأثير، الكامل في تأريخ، 212/2. الدكتور كمال اليازجي، معالم الفكر العربي في العصر الوسيط، بيروت، 1960، ص18.

(212) قرآن، مجادلة: 3.

(213) خاڵ، تەفسیری خاڵ، چاپخانەی زانکۆی صلاح الدین، 1981، چ1، 28/(3-6).

(214) قرآن، مائدة: 89.

(215) مەلا عبدالكريمی مدرس، شەریعەتی ئیسلام بە پێی پەیڕەوی ئیمامی شافیعی، چاپخانەی شفیق، بغداد، 1968، 260/1.

(216) قرآن، نساء: 92.

(217) قرآن، أنفال: 67.

(218) صالح أحمد العلي، محاضرات في تأريخ، 136/1.

(219) الشيباني، شرح كتاب السير الكبير، تحقيق: صلاح الدين المنجد، معهد المخطوطات بجامعة الدول العربية، القاهرة، 71-1972، 341/1.

(220) ابن الأثير، الكامل في التأريخ، 311/2. ابن قتيبة، المعارف، ص(144-149).

(221) الشيباني، شرح كتاب السير الكبير، 341/1.

(222) قرآن، نساء: 92.

(223) ابن الأثير، الكامل في التأريخ، 138/2.

(224) أبو يوسف، الخراج، ص147.

(225) الدينوري، الأخبار الطوال، تحقيق: عبدالمنعم عامر، وزارة الثقافة والارشاد القومي، ط1، القاهرة، 1960، ص129. بۆ شارەزایی زیاتر بڕوانە: ابن الأثير، الكامل في التأريخ، 258/2-264، دەربارەی تاڵانی مەدائین و جەلەولا.



(226) البلاذري، فتوح البلدان، ص421. خليفة بن خياط، تأريخ، 173/1. قدامة بن جعفر، الخراج وصناعة الكتابة، شرح وتعليق: د. محمد حسين الزبيدي، وزارة الثقافة والاعلام، بغداد، 1981، ص414.

(227) ابن عبد الحكم، فتوح مصر وأخبارها، طبعة ليدن، 1920، ص92.

(228) الدميري، حياة الحيوان الكبرى، مطبعة مصر، 1309ه، ص49. الذهبي، دول الأسلام، 24/1.

(229) السمهودي، وفاء الوفا، 280/2.

(230) ابن سعد، طبقات، ق1، ج3، ص(72-73). البلاذري، فتوح البلدان، 2/ 26.

(231) جواد علي، المفصل في تأريخ، 258/5.

(232) صالح أحمد العلي، محاضرات في تأريخ، 145/1_146.

(233) انجلس، أصل العائلة، ص11.

(234) الثعلبي، قصص الأنبياء، ص25.

(235) قرآن، أعراف:189.

(236) الثعلبي، قصص الأنبياء، ص25.

(237) أزيس وأزوريس، ترجمها عن اليونانية: حسن صبحي البكري، الألف كتاب (235)، دار القلم، االقاهرة، ص93.

(238) د. نوال السعداوي، الرجل والجنس، القاهرة، 1975، ص14.

(239) بۆ وروژاندنی پرسیاری دیکەی لەم چەشنە و لێکۆڵینەوە لە ناکۆکییەکانی ئەفسانەی ئادەم و حەوا و شەیتان، بڕوانە پەرتووکی:

_ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

_ صادق جلال العظم، نقد الفكر الديني. نوال السعداوي ، الرجل والجنس، ص41.

(240) نوال السعداوي ، الرجل والجنس، ص41.

(241) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل5.

(242) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل(19-20).

(243) قرآن، إسراء: 64. الثعالبي، فقه اللغة وسر العربية، ص118.
(244) توراة، التكوين، إصحاح3، الآية: 4.
(245) قرآن، نساء: 34.
(246) له هەندێک شوێن سوودمان له پەرتووکی: ئادەمیزاد له کۆمەڵی کوردەواریدا، عبدالخالق معروف، وەرگرتووە، که ئەویش پشتی به تەفسیری (البیضاوي) بەستووە.
(247) قرآن، بقرة: 228.
(248) قرآن، بقرة: 223 .
(249) قرآن، نساء:24، مائدة: 5.
(250) أبو حامد الغزالي، علوم الدين، دار الشعب، القاهرة، 1970، ص746.
(251) قرآن، نساء: 34.
(252) قرآن، آل عمران: 14.
(253) قرآن، ص: 53.
(254) قرآن، دخان: 55.
(255) قرآن، نور: 31.
(256) ابن سعد، طبقات، دار التحرير، قاهرة، 1970، 139/8.
(257) بڕوانه ئەم باسه، ل97.
(258) طبري، تفسير، 157/4.
(259) قرآن، نساء:3.
(260) قرآن، نساء:129.
(261) قرآن، نساء:3.
(262) القرطبي، تفسير، 20/5-22 السيوطي، تفسير الجلالين، 27/1.
(263) إبن هشام، سيرة، ج4، ص1058.
(264) بڕوانه ئەم باسه، ل179.
(265) خليل احمد خليل، المرأة العربية وقضايا التغير، ص70.



(266) قرآن، نساء: 25.
(267) صحيح مسلم.
(268) د. کمال مەزهەر ئەحمەد، ئافرەت له مێژوودا، ل19.
(269) إبن حبيب، المحبر، ص 340. طبري، تفسير، 55/18-57.
(270) قرآن، نور: 2 .
(271) قرآن، نور: 33.
(272) انجلس، أصل العائلة، ص(81-82).
(273) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل90.
(274) صحيح مسلم، ج4. قرآن، نور: 4.
(275) هەمان سەرچاوەی پێشوو.
(276) قرآن، نور: 4.
(277) إبن الأثير، الكامل في التأريخ، ص 132 ومابعدها. إبن هشام، سيرة، 764/3- 773.

## بەشی چوارەم

(1) السيوطي، الأتقان، 146/1-147. إبن سعد، طبقات، 198/1. طبري، تفسير، 42/1.
(2) قرآن، مائدة: 3.
(3) دائرة المعارف القرن العشرين، 667/7. عبد القادر المغربي، الاخلاق والواجبات، مقدمة.
(4) الغزالي، نظرات في القرآن، ص(43-44).
(5) غانم قدوري حمد، دروس في علوم القرآن، مطبعة دار الرسالة، بغداد، 1984-1985، ص68.
(6) إبن حجر، فتح الباري، 14/9. العيني، عمدة القارئ، 17/20. السيوطي، الأتقان، 166/1، 168. إبن أبي داود، كتاب المصاحف، ص6.

(7) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل4. الخطيب البغدادي، تقييد العلم، ص29. إبن هشام، سيرة، ج1، مقدمة، ص6.
(8) قرآن، نساء: 15.
(9) قتادة، الناسخ والمنسوخ في كتاب الله تعالى، تحقيق: د. حاتم الضامن، مجلة المورد، مجلد9، عدد4، سنة 1984، ص493. نحاس، الناسخ والمنسوخ، ص97. طبري، تفسير، 4/ 293. الطبرسي، تفسير، 3/ 20.
(10) إبن ماجة، سنن، تحقيق: محمد فؤاد عبدالباقي، دار أحياء الكتب العربية، قاهرة، 1952، 2/ 852.
(11) إبن منظور، لسان العرب، طبعة بولاق، مادة (نسخ).
(12) قرآن، فرقان: 32.
(13) الزركشي، البرهان، البرهان في علوم القرآن، تحقيق: محمد أبو الفضل إبراهيم، حلبي، قاهرة، 1957، 2/ 29. السيوطي، الأتقان، 59/3. الحارث المحاسبي، فهم القرآن، ص327. نحاس، الناسخ والمنسوخ، ص(4-5).
(14) نحاس، الناسخ والمنسوخ، ص8. إبن خزيمة، الموجز في الناسخ والمنسوخ، ص261. كمال الدين عبدالرحمن العتائقي، الناسخ والمنسوخ، تحقيق: عبدالهادي الفضلي، النجف،1970، ص22. الزركشي، البرهان، 35/2.
(15) قرآن، بقرة: 106.
(16) هبة الله إبن سلامة، الناسخ والمنسوخ، ص75.
(17) السيوطي، الاتقان، 25/1.
(18) هەمان سەرچاوەی پێشوو، 25/2.
(19) هەمان سەرچاوەی پێشوو، 25/1.
(20) هەمان سەرچاوەی پێشوو، 25/2.
(21) ابن خزيمة، الموجز في الناسخ والمنسوخ، ص261.
(22) قرآن، بقرة: 173.
(23) الأمام حنبل، مسند، طبرية، قاهرة، 1306ه، 97/2.



(24) بڕوانە ئەم باسە، ل72.
(25) مجلة التربية الأسلامية، العدد7، سنة 33، بغداد، 1966، ص58.
(26) قرآن، بقرة: 219.
(27) قرآن، نساء: 43.
(28) قرآن، مائدة: 90.
(29) هەمان ئایەتی پێشوو.
(30) طبري، تفسير، 363/2. نحاس، الناسخ والمنسوخ، ص40.
(31) ابن خزيمة، الموجز في الناسخ والمنسوخ، ص261. هبة الله ابن سلامة، الناسخ والمنسوخ، البابي الحلبي، قاهرة، 1961، ص5.
(32) ئاماژەیە بۆ پەرتووکەکانی محەمەد مەلا صالح شارەزووری:
- ڕێکەوت لە تەرازووی ژیریدا.
- سروشت لە تەرازووی ژیریدا.
(33) قرآن، حجر: 9.

## بەشی پێنجەم

(1) طه حسين، مرآة الأسلام، ص5. ول، ديورانت، قصة الحضارة، ج2، م4، ص14.
(2) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل189.
(3) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل197.
(4) د. كمال مەزهەر ئەحمەد، ڕێنێسانس، فوئاد مجيد ميسرى كردوويە بە كوردی، چاپخانەی (الحوادث)، بەغدا، 1984، ل87.
(5) کەمال مەزهەر، ڕێنێسانس، ل87.
(6) أ. گەربۆفسکی، نهێنی کۆنترین مێژوو، ل115.
(7) کمال مەزهەر، ڕێنێسانس، ل(87-88)
(8) صادق جلال العظم، نقد الفكر الديني، ص27.

(9) هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.
(10) لينين، الامبريالية أعلى مراحل الرأسمالية، مختارات، موسكو، 86/2.
(11) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل89.
(12) محەمەد مەلا صالح شارەزووری، ئایا قورئان دانراوی (محەمەد)ە؟ سلێمانی، 1976، ل38.
(13) يوسف مروة، العلوم الطبيعية في القرآن، بيروت، 1968.
(14) صادق جلال العظم، نقد الفكر الديني.
(15) قرآن، فصلت: 11.
(16) ثعلبي، قصص الأنبياء، ص(3-4).
(17) قرآن، أنبياء:30.
(18) بۆ ئەم باسە و باسەکانی دوواتریش بڕوانە: تأريخ الطبري، تفسير الطبري، قصص الأنبياء... هتد.
(19) بڕوانە ئەم باسە، ل120.
(20) بڕوانە بەشی یەکەمی ئەم باسە، ل50.
(21) قرآن، فصلت: 10،9.
(22) قرآن، أعراف: 54.
(23) قرآن، فصلت: 12.
(24) قرآن، بقرة: 29.
(25) قرآن، إسراء: 1.
(26) إبن هشام، سيرة، ج2، ص(268-270).
(27) قرآن، حاقة: 16، 17.
(28) قرآن، نوح: 15، 16.
(29) قرآن، فصلت: 12.
(30) قرآن، صافات: 6.
(31) قرآن، ملک: 5.
(32) بڕوانە ئەم باسە، ل50.



(33) قرآن، طور: 5.
(34) قرآن، ق: 6.
(35) قرآن، ق: 6.
(36) قرآن، حاقة: 16.
(37) قرآن، قمر: 11.
(38) قرآن، ملک: 5.
(39) قرآن، حج: 65.
(40) قرآن، لقمان: 10.
(41) قرآن، رعد: 2.
(42) طبري، تأريخ، 67/1-68. الثعلبي، قصص الأنبياء، ص17.
(43) قرآن، ذاريات: 47.
(44) قرآن، يس: 38.
(45) الثعلبي، قصص الأنبياء، ص(18-19).
(46) طبري، تأريخ، 67/1. ثعلبي، قصص الأنبياء، ص16.
(47) قرآن، نمل: 88.
(48) قرآن، نمل: 87.
(49) قرآن، حجر: 19.
(50) قرآن، نمل: 61.
(51) قرآن، غاشية: 19.
(52) قرآن، نازعات: 30.
(53) قرآن، نوح: 19.
(54) قرآن، ق: 7.
(55) قرآن، غاشية: 20.
(56) قرآن، رحمان: 33.
(57) مەلا عبدالكريمی مدرس، سەرچاوەی ئایین، ل12.
(58) قرآن، أعراف: 40.

(59) قرآن نوح: 16.
(60) ثعلبي، قصص الأنبياء، ص16.
(61) قرآن، إسراء: 12.
(62) طبري، تأريخ، 1/76-77.
(63) قرآن، معارج: 40.
(64) طبري، تأريخ، 1/66-67.
(65) قرآن، مؤمنون: 12_14.
(66) قرآن، روم: 19.
(67) قرآن، إسراء: 85.
(68) وتاریک بە ناوی: (چەرخی فەزا یان چەرخی گیان)، عبد السلام داود، جريدة الأخبار المصرية، 1963/6/28، بڵاوبۆتەوە، کە ئێمە لە پەرتووکی: شبهات الملحدين والاجابه عنها، محمد جواد مغنيه، ط2، بيروت، 1979، ل96، وەرمان گرتووە.
(69) قرآن، لقمان: 34.
(70) قرآن، یونس: 61.
(71) دەربارەی قسەی مەلا و نووسەر و پیاوانی ئایینی ئیسلام لە پەیوەست بە مەسەلەی ئیسلام و زانستدا، بڕوانە ئەم سەرچاوانەی خوارەوە:
سيد قطب، في ضلال القرآن. حنفي أحمد، التفسير العلمي للآيات الكونية. محمد عبده، المنار. خاڵ، تەفسیری خاڵ، ج1. عبدالعزیز پارەزانی، ژیانی پێغەمبەری مەزن ، ب2. محەمەد مەلا صالح شارەزوری، ئایا قورئان دانراوی (محەمەد)ە؟ محەمەد شارەزوری، ڕێکەوت لە تەرازووی ژیریدا. محەمەد شارەزووری، سروشت لە تەرازووی ژیریدا. علی باپیر وەتمان، پوختەیەک دەربارەی ئیسلام. حسن محەمەد أمين پێنجوێنی، ئێستا دڵنیام... هتد.

# سەرچاوەکان

1. ا. ي. ونستک:
_ المعجم المفهرس للالفاظ الحديث النبوي، أتبع نشرة، ي. بروخمان، ليدن، 1967.
2. ا، گەربۆفسكی:
_ نهێنی كۆنترین مێژوو، وەرگێڕ: جلال تقی، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی، 1980.
3. إبن الاثير:
_ اسد الغابة، تصوير إيران عن طبعة الهند، 1913.
_ الكامل في التأريخ، دار صادر، بيروت، 65-1966.
_ الكامل في التأريخ، مطبعة الأستقامة قاهرة.
_ الكامل في التأريخ، المنبرية بمصر، 1348.
4. أحمد أمين:
_ فجر الأسلام.
5. أزرقي:
_ أخبار مكة.
6. أزيس وأوزوريس، ترجمها عن اليونانية: حسن صبحي البكري، الألف كتاب(235)، دار القلم، القاهرة.
7. أحمد الشنتاوي:
_ بوودا، وەرگێڕ: شاكر فەتاح، چاپخانەی (حوادث)، بغداد، 1985.
8. أحمد صالح العلي:
_ محاضرات في تأريخ العرب، ج1، ط6، بغداد،1960.
9. أحمد عباس صالح:
_ اليمين واليسار في الأسلام، ط2، بيروت، 1973.



10. الأصفهاني:
_ الأغاني، ج18، دار صعب، بيروت.
11. انجلس (فريدريک):
– أصل العائلة والملكية الخاصة والدولة، دار التقدم، موسكو.
– تحول القرد الى الأنسان، دار التقدم، موسكو.
12. بروكلمان:
_ تأريخ الأدب العربي.
13. البلاذري:
_ فتوح البلدان، طبع أوروبا.
– فتوح البلدان، تحقيق: رضوان محمد رضوان، دار الكتب العلمية، بيروت، 1978.
_ أنساب الأشراف، تحقيق: د. محمد حميد عبدالله، دار المعارف، مصر، 1959.
14. بلاشير:
_ تأريخ الأدب العربي، ترجمة: د. إبراهيم الكيلاني، دمشق، 1956.
15. البنتاكي، تأريخ البنتاكي.
16. بندلي جوزي:
_ من تأريخ الحركات الفكرية في الأسلام، دار الروائع، بيروت.
17. تفسير الجلالين بهامش القرآن الكريم، دار الهجرة، دمشق، 1987.
18. تقي الدباغ:
_ الفكر الديني القديم، ط1، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، 1992.
19. الثعالبي:
_ ثمار القلوب في المضاف والمنسوب، القاهرة، 1908.
_ ثمار القلوب، القاهرة، 1965.
_ تأريخ غرر السير المعروف بكتاب غرر أخبار الملوك الفرس وسيرهم، مكتبه الأسدي، طهران، 1963.

20. الثعلبي:

_ قصص الأنبياء، بيروت، لبنان.

21. الجاحظ:

_ البيان والتبيين، تحقيق: عبدالسلام محمد هارون، مصر، 1948.

_ البخلاء، دار المعارف، القاهرة، 1958.

_ رسائل الجاحظ، ج2، تحقيق: عبدالسلام محمد هارون، مكتبة الخانجي، القاهرة، 1964.

– الحيوان

22. جواد علي:

_ تأريخ العرب في الأسلام، السيرة النبوية، مطبعة الزعيم، بغداد، 1961.

_ المفصل في تأريخ العرب قبل الأسلام، ط2، دار العلم للملايين، بيروت، 1978.

23. جورج بوليتزر:

_ أصول الفلسفة الماركسية.

24. أبو حامد الغزالي:

_ علوم الدين، دار الشعب، القاهرة،1970.

_ نظرات في القرآن.

25. إبن حبيب:

_ المنمق في أخبار قريش، تحقيق: خورشيد أحمد فاروق، ط1، هند، 1964.

_ المحبر، دار العارف العثمانية، هند، 1361.

_ المحبر، تحقيق: ليختن شتيتر، المكتب التجاري، بيروت.

26. حنفي أحمد، التفسير العلمي للآيات الكونية.

27. حسن محەمەد أمين پێنجوێنی:

_ ئێستا دڵنیام.

28. إبن حزم:





_ جمهرة أنساب العرب، تحقيق: عبدالسلام هارون، دار المعارف، مصر، 1962.

29. إبن حجر العسقلاني:

_ فتح الباري.

30. حمدان عبد المجيد الكبيسي:

_ أسواق العرب التجارية، ط1، وزارة الثقافة والأعلام، بغداد، 1989.

31. حەمیدی تەقوایی:

_ چەند سەرنجێک دەربارەی مەزهەب.

32. إبن حنبل:

_ كتاب الزهد، دار الكتب العلمية، بيروت، 1978.

33. إبن حوقل:

_ صورة الأرض، منشورات مكتبة الحياة، بيروت، (ب.ت).

34. إبن خرداذبة:

_ المسالک والممالک، إصدار مكتبة المثنى ببغداد عن طبعة أوفسيت بريل، ليدن، 1889م.

35. إبن خزيمة:

_ الموجز في الناسخ والمنسوخ.

36. خليفه بن خياط:

_ تأريخ خليفة بن خياط، تحقيق: أكرم ضياء القمري، طبعة دار الآداب، ط1، النجف، 1967.

37. خليل أحمد خليل:

_ مضمون الأسطورة في الفكر العربي، ط1، دار الطليعة، بيروت، 3791.

_ المرأة العربية وقضايا التغيير، دار الطليعة، بيروت.

38. الخطيب البغدادي:

_ تقييد العلم.

39. خوسرەو جاف:

ـ دائرة المعارف يا كەشكۆڵی زانياری و هونەر، له بڵاوكراوەكانی ئەميندارێتی ڕۆشنبيری و لاوان، چاپخانەی ڕۆشنبيری و لاوان، 1989.
40. دائرة المعارف القرن العشرين.
41. إبن أبي داود:
ـ كتاب المصاحف.
42. الدميري:
ـ حياة الحيوان الطبري، مطبعة مصر، 1309ه.
43. دولف ارمان:
ـ ديانه مصر القديمة، ترجمة: عبدالمنعم أبوبكر ومحمد أنور شكري.
44. الدينوري:
ـ الأخبار الطوال، تحقيق: عبدالمنعم عامر، وزارة الثقافة والأرشاد القومي، ط1، القاهرة،1960.
45. ديوان أمية.
46. الذهبي:
ـ دول الأسلام، تحقيق: فهيم محمد شلتوت وزميله، الهيئة المصرية العامة لكتاب، القاهرة، 1974.
47. الرازي:
ـ تفسير الرازي، البهية، مصر، 1937.
48. الزبير بن بكار:
ـ جمهرة نسب قريش وأخبارها، تحقيق: محمود محمد شاكر، مكتبة دار العروبة، القاهرة، 1381ه.
49. الزركشي:
ـ البرهان في علوم القرآن، تحقيق: محمد أبو الفضل إبراهيم، حلبي، قاهرة، 1957.
50. إبن سعد:
ـ كتاب الطبقات الكبير، تصحيح: أدوارد سخو، ليدن، 1321ه 1347ه.



ـ طبقات، دار التحرير، قاهرة،1970.
ـ طبقات بيروت، 1957.
51. سعيد الأفغاني:
ـ أسواق العرب في الجاهلية والأسلام، ط3، دار الفكر، بيروت، 1974.
52. سعيد نورسي:
ـ پەيامی بيماران، وەرگێڕ: فاروق رسول يحيى، چ1، چاپخانەی نەوەرەس، سلێمانی، 1984.
53. السكري:
ـ شرح ديوان كعب بن زهير، (مێور عن طبعة دار الكتب) الدار القومية، 1965.
54. إبن سلام الجمحي:
ـ طبقات فحول الشعراء، تحقيق: أحمد محمد شاكر، المعارف، مصر، 1952.
55. السمهودي:
ـ وفاء الوفا بأخبار دار المصطفى، ج2، مطبعة الآداب والمؤيد، القاهرة، 1326ه.
56. السهيلي:
ـ الروض الأنف، الجمالية، مصر، 1929.
57. سيد قطب:
ـ في ظلال القرآن.
58. السيوطي:
ـ الأتقان.
59. شرح ديوان كعب بن زهير، الدار القومية، 1965.
60. الشهرستاني:
ـ الملل والنحل.
61. الشوكاني:

_ نيل الأوكار، ط3، الحلبي، مصر.
62. الشيباني:
_ شرح كتاب السير الكبير، تحقيق: صلاح الدين المنجد، معهد المخطوطات بجامعة الدول العربية، القاهرة،72-1973.
63. صادق جلال العظم:
_ نقد الفكر الديني، ط2، دار الطليعة، بيروت، 1930.
64. صلاح الدين حافظ:
_ صراع القوى حول القرن الأفريقي، عالم المعرفة (49)، كويت، 1982.
65. طبري:
_ تأريخ الأمم والملوك، ج2، مطبعة الأستقامة، القاهرة، 1939.
_ تأريخ الرسل والملوك، ج2، مطبعة دار المعارف، القاهرة، 1966.
_ تأريخ الرسل والملوك، تحقيق: محمد أبو الفضل إبراهيم، ج2، دار المعارف، القاهرة، 1962.
_ جامع البيان، أحمد محمد شاكر، دار المعارف، مصر، 1960.
_ جامع البيان، ط2، حلبي، مصر، 1954.
_ تأريخ الرسل والملوك، تحقيق: محمد أبو الفضل إبراهيم، ج1-3، دار المعارف، مصر، 1960.
66. طه باقر:
_ مقدمة في تأريخ الحضارات، ج1، بغداد، 1955.
67. طه حسين:
_ مرآة الأسلام، دار المعارف، مصر، 1959.
68. إبن عبدالبر:
_ الأستيعاب في معرفة الأصحاب، مكتبة نهضة مصر، القاهرة.
69. عبد الجبار الصابئي:
_ العراق في القرن السابع عشر، بغداد، 1944.
70. إبن عبدالحكم:



_ فتوح مصر وأخبارها، طبعة ليدن، 1920.
71. عبدالخالق عبدالله:
_ العالم المعاصر والصراعات الدولية، عالم المعرفة (133)، كويت، 1989.
72. عبدالخالق معروف:
_ ئادەمیزاد لە کۆمەڵی کوردەواریدا.
73. عبد الرزاق الحسيني:
_ الصابئون في حاضرهم وماضيهم، گ3، مطبعة العرفان، صيدا_ لبنان، 1382ه- 1963م.
74. عبدالرؤوف المصري:
_ معجم القرآن، ط2، مطبعة الحجازي، قاهرة.
75. عبدالسلام هارون:
_ تهذيب سيرة بن هشام، ط5، دار البحوث العلمية، كويت، 1977.
76. عبدالعزيز پارەزانی:
_ ژیانی پێغەمبەری مەزن محەمەد (د.خ)، بەرگی یەکەم و دووەم، 2596 کوردی-1363ه.
77. عبد العزيز الدوري:
_ مقدمة في التأريخ الأقتصادي العربي، ط2، دار الطليعة، بيروت، 1978.
78. عبدالكريم مدرس (مەلا):
_ شەریعەتی ئیسلام بە پێی پەیڕەوی ئیمامی شافعی، چاپخانەی (شفيق)، بغداد، 1968.
_ سەرچاوەی ئایین، دار المثنى للطباعة والنشر، بغداد، 1982.
79. عبد المحسن صالح:
_ الأنسان الحائر بين العلم والخرافة، عالم المعرفة (15)، كويت.
80. أبوعبيد القاسم إبن سلام:

_ الأموال، تحقيق: محمد حامد الفقي، دار الكتب المصرية، قاهرة، 1353ه.
81. علي إبراهيم حسن:
_ التأريخ الأسلامي العام، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة، 1972.
82. على باپير وەتمان:
_ پوختەيەک دەربارەی ئيسلام.
83. علي بن أبي طالب:
_ نهج البلاغة، شرح محمد عبده، ج2، دار المعرفة للطباعة والنشر، بيروت.
84. عەلى شەريعەتى:
_ سيمای موحەمەد، وەرگێڕ: صديق بۆرەکەيی.
85. على مير فيتروس:
_ ئيسلام ناسی، وەرگێڕ: سيامەک بابەک.
86. العيني:
_ عمدة القارىء.
87. غانم قدوري حمد:
_ دروس في علوم القرآن، مطبعة دار الرسالة، بغداد، 1984-1985.
88. فاضل عبدالواحد:
_ من ألواح سومر الى التوراة، بغداد، 1989.
89. فؤاد مرسي:
_ الرأسمالية تجدد نفسها، عالم المعرفة (147)، كويت، 1990.
90. قتادة:
_ الناسخ والمنسوخ في كتاب الله التعالى، تحقيق: د. حاتم الضامن، مجلة المورد، مجلد 9، عدد4، سنة 1984.
91. إبن قتيبة:
_ المعارف، المطبعة الأسلامية، القاهرة، 1934.



_ المعارف، تحقيق: ثروت عكاشة، دار الكتب، القاهرة، 1960.
_ المعاني الكبير، تحقيق: دائرة المعارف العثمانية، هند، 1949.
92. قدامة بن جعفر:
_ الخراج وصناعة الكتابة، شرح وتعليق: د. محمد حسين الزبيدي، وزارة الثقافة والأعلام، بغداد، 1981.
93. القرآن الكريم، با ترجمەی کردی، چ2، چاپخانەی اسوه، قم.
94. القرطبي:
_ تفسير.
95. قزويني:
_ عجائب المخلوقات.
96. الكتاب المقدس/ أي كتب العهد القديم والعهد الجديد، ط5، 1995.
97. إبن كثير:
_ البداية والنهاية.
98. إبن الكلبي:
_ الأصنام.
99. كمال الدين عبدالرحمان العتائقي:
_ الناسخ والمنسوخ، تحقيق: عبدالهادي الفضلي، النجف،1970.
100. كمال السامرائي:
_ الأمراض النسوية في التأريخ القديم وأخبارها في العراق الحديث، الموسوعة الصغيرة، (91)، منشورات دار الجاحظ للنشر، نيسان 1981.
101. كمال مەزهەر ئەحمەد:
_ ڕێنێنسانس، وەرگێر: فوئاد مجيد ميسری، چاپخانەی (الحوادث)، بەغدا، 1984.
_ ئافرەت لەمێژوودا، چاپخانەی (الحوادث)، بغداد، 1981.
102. كمال اليازجي:
_ معالم الفكر العربي في العصر الوسيط، بيروت ،1960.

103. لويس الشيخو:
_ النصرانية وآدابها، الكاثوليكية، لبنان، 1912.
104. فلاديمير إيليتش لينين:
_ الأمبريالية أعلى مراحل الرأسمالية، مختارات 2، دار التقدم، موسكو.
_ الدولة والثورة، دار التقدم، موسكو.
_ الدولة، دار التقدم، موسكو.
105. إبن ماجه:
_ سنن إبن ماجه، تحقيق: محمد فؤاد عبدالباقي، دار أحياء الكتب العربية، قاهرة، 1952.
106. ماركس(كارل):
_ رأس المال.
_ ملخص كتاب لويس ه. مورغان(المجتمع القديم).
107. الماءردي:
_ الأحكام السلطانية والولايات الدينية، دار الكتب العلمية، بيروت، 1978.
108. مجلة التربية الأسلامية، بغداد.
109. محمد جواد مغنية:
_ شبهات الملحدين والأجابة عنها، ط2، بيروت، 1979.
110. محەمەدی خاڵ(شێخ):
_ تەفسیری خاڵ، ج30، چ3، سلێمانی، 1986.
_ تەفسیری خاڵ، ج29، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، 1986.
_ تەفسیری خاڵ، ج28، چ1، چاپخانەی زانکۆی صلاح الدین،1981.
111. محمد طاهر الكردي المكي:
_ تأريخ القرآن وغرائب رسمه وحكمه، مصر، 1953.
112. محمد عبده:
_ المنار.
113. محمد عبداللطيف مطلب:



_ صورة الكون، الموسوعة الصغيرة (35)، منشورات وزارة الثقافة والأعلام، دار الحرية والطباعة، 1979.
114. محمد عبدالله الهاشمي القريشي(پەیامبەری ئیسلام):
_ قرآن، تشرفت بطبعه وزارة الأوقاف والشؤون الدينية في الجمهورية العراقية، بتوجيه المهيب الركن صدام حسين رئيس الجمهورية، 1401ه-1981م.
115. محمد فاضل قەفتان:
_ رژێمە ئابوورییەکان و کۆمەڵگای تەکنەلۆژی نوێ، ب1، لە بڵاوکراوەکانی چاپخانەی ئۆفسێتی سەرکەوتن، سلێمانی، 1985.
116. محمد عبدالمعيد خان:
_ الأساطير العربية قبل الأسلام، القاهرة، 1937.
117. محەمەد مەلا صالح شارەزوری:
_ ئایا قورئان دانراوی (محەمەد)ە؟ چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی، 1976.
_ رێکەوت لە تەرازووی ژیریدا.
_ سروشت لە تەرازووی ژیریدا.
118. المسعودي:
_ مروج الذهب ومعادن الجوهر، ط2، دار الأندلس، بيروت، 1973.
_ التنبيه والاشراف، تحقيق: عبدالله اسماعيل الضاوي، المكتبة العصرية، بغداد، 1938.
119. مسلم:
_ صحيح مسلم، تحقيق: محمد فؤاد عبدالباقي، دار أحياء التراث العربي، بيروت.
120. مصطفى عبداللطيف جياوك:
_ الحياة والموت في شعر الجاهلي، منشورات وزارة الأعلام، دار الحرية للطباعة، بغداد، 1977.

121. المقدسي:
ـ البدء والتأريخ، مكتبة المثنى عن طبعة باريز، بغداد، 1916.
122. المنجد في اللغة والأعلام، دار المشرق، بيروت.
123. منصور حكمت:
ـ بسوى سوسياليسم، دوره دوم، حزب كمونيست ايران.
ـ نقد سوسياليستى تجربه شوروى (بولتن شوروى).
ـ يک دنياى بهتر.
ـ مصافهاى كمونيسم امروز.
ـ ماركسيسم و جهان امروز.
ـ اوضاع بين المللى و موقعت كمونيسم.
124. إبن منظور:
ـ لسان العرب، طبعة بولاق.
125. مونتجمرى وات:
ـ محمد في مكة.
126. مونتيه:
ـ الحياة اليومية في مصر في عهد الرعامسة، ترجمة: عزيز مرقس، 1965.
127. نبيلة ابراهيم:
ـ الاسطورة، الموسوعة الصغيرة (54)، منشورات وزارة الثقافة والاعلام، دار الحرية للطباعة، بغداد، 1979.
128. إبن النجار:
ـ أخبار مدينة الرسول (المعروف باسم الدرة الثمينة في أخبار المدينة)، تحقيق: صالح محمد جمال، ط1، مكة، 1966.
129. نجمان ياسين:
ـ تطور الأوضاع الاقتصادية في عصر الرسالة والراشدين، بيت الموصل، 1988.



130. النحاس:
ـ الناسخ والمنسوخ، مطبعة السعادة، قاهرة، 1323ه.
131. نوال السعداوي:
ـ الرجل والجنس، القاهرة، 1975.
132. النويري:
ـ نهاية الأرب، دار الكتب، مصر،1930.
133. هبة الله إبن سلامة:
ـ الناسخ والمنسوخ، البابي الحلبي، قاهرة، 1961.
ـ الناسخ والمنسوخ، دراسة وتحقيق: د. موسا بناي علوان العلبلي، ط1، دار العربية للموضوعات، بيروت، 1989.
134. هبة الله أبو البقاء:
ـ المناقب المزيدية في أخبار الملوك الأسدية، مخطوطة في المجمع العراقي عن نسخة المتحف البريطاني، رقم تسلسل 1484.
135. إبن هشام:
ـ السيرة النبوية، تحقيق: مصطفى السقا وزميلاه، ط2، مطبعة البابي الحلبي، 1955.
ـ السيرة النبوية، تحقيق: محمد محي الدين عبدالحميد، ج2.
136. الواحدي:
ـ أسباب النزول، الباب الحلبي، مصر، 1959.
137. الواقدي:
ـ المغازي، تحقيق: د. مارسدن جونس، مؤسسة الأعلمى للمطبوعات، بيروت.
138. ول، ديورانت:
ـ قصة الحضارة، الجزء الأول من المجلد الأول، ترجمة: الدكتور زكي نجيب محمود، ط3، القاهرة، 1965.
ـ قصة الحضارة، الجزء الثاني من المجلد الرابع، ترجمة محمد بدران.

139. أبو يوسف:
_ الخراج، دار المعرفة، بيروت، 1979.
140. يوسف مروة:
_ العلوم الطبيعية في القرآن، بيروت، 1968

# پێڕست


پێشەکیی چاپی سێیەم ........................................................ 5
پێشەکیی چاپی دووەم ....................................................... 9
پێشەکیی چاپی یەکەم ....................................................... 11
وتەیەک ........................................................................ 25
**بەشی یەکەم:** ................................................................ 31
بنچینەی سەر هەڵدانی بیروباوەڕی ئایینیی لە کۆنەوە:
1_ هەلومەرجی ئابووری لە کۆمەڵە سەرەتاییەکاندا ............... 33
2_ مرۆڤی کۆن و دیاردەکانی سروشت و کۆمەڵ ................ 37
3_ پەیدابوونی خوداکان و شێوەکانی پەرستن ........................ 63
**بەشی دووەم:** ................................................................ 81
هەلومەرجی ماددی_ فکری سەرهەڵدانی ئیسلام:
1_ هەلومەرجی ئابووری_ سیاسی_ کۆمەڵایەتی شاری مەککە و دەورووپشتی، پێش پەیدابوونی ئیسلام.................................... 83
2_ هەلومەرجی فکری شاری مەککە و دەورووپشتی، پێش پەیدابوونی ئیسلام ................................................................ 118
**بەشی سێیەم:** ................................................................ 167
پەیدابوونی ئایینی ئیسلام و هەڵوێست و سیاسەتی لە بەرامبەر کێشەکانی ئەو سەردەمە:
1_ پەیدابوونی ئایینی ئیسلام: ........................................ 169
ا_ بزووتنەوەی حەنەفییەکان و دەرکەوتنی محەمەد ............... 169
ب_ دەربارەی ئاگایی و خوێندەواری محەمەد ...................... 185
ج_ محەمەد و بانگەشەی پەیامبەرایەتی ............................. 196
د_ دەربارەی بێئومێدی محەمەد ......................................... 204





ە_ بۆچی محەمەد خۆی بە لایەنگری ئایینی ئیبراهیم دائەنا؟ ....... 212
2_ ئایینی ئیسلام و هەڵوێست و سیاسەتی لە بەرامبەر کێشەکانی ئەو سەردەمە:
ا_ سیاسەتی ئیسلام لە بەرامبەر نەیارانی ............................ 215
ب_ هەڵوێست و سیاسەتی ئیسلام لە بەرامبەر ناکۆکی چینایەتی و مەسەلەی خاوەندێتی ........................................................ 224
ج_ ڕوانین و ڕەفتاری ئیسلام لە بەرامبەر کۆیلە و کۆیلەداری ... 241
د_ ڕوانین و ڕەفتاری ئیسلام لە بەرامبەر مەسەلەی ژنان ........ 251
**بەشی چوارەم:** ...........................................................285
چەند سەرنجێکی ڕەخنەگرانە دەربارەی ناسخ و مەنسوخ لە قورئاندا ........................................................................... 287
**بەشی پێنجەم:** ............................................................. 305
ئیسلام زانستە یان جەهل و خورافە؟! ................................... 307
پەراوێزەکان ...................................................................... 345
سەرچاوەکان ..................................................................... 379



سوپاسی زۆرم بۆ هاوڕێیانی ئازیز مەریوان هەڵەبجەیی و زەردەشت و گشت ئەو هاوڕێ و دۆستانەی تر، کە بۆ چاپی سێیەمی ئەم پەڕاوە کۆمەکیان کردم و ماندوو بوون.